# کوردستان لەناو دڵماندا

## دڵمان لەناو دەستماندا

وتاری ڕۆژنامەوانی

بەدران ئەحمەد حەبیب

# کوردستان لەناو دڵماندا

## دڵمان لەناو دەستماندا

وتاری ڕۆژنامەوانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەدران ئەحمەد حەبیب
کوردستان لەناو دڵماندا .. دڵمان لەناو دەستماندا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٩٠ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیتکاری: کارزان کانەبی

شکاندنی کۆت و بەندی بیری باو
یەکەمین ئاماژەیە لەم وتارەیلەدا
دێتە دیتن
ئاماژەی دووەم
هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە زوانی نووسینی ناوچەیی و
هەنگاونان بەرەو زوانی پێوانەیی

## مەلا و گەمەی دنیایی

مـاوەی چەنـد حـەوتوویّکـە برێـک لە مـەلایـەلی هـەولێـر جـارێکی تر گـەڕیان لە دەزگـای ئاراس ئالاندووەتەوە. پرسـەکە پرسـی ئاین بوایە مـافی خـۆیان بوو، ئاین باوەڕی خـەڵکە و دەبێ ڕێزی لێ بێتـە گرتن، ئەوانیش کاریان ئەوەیە ڕێی ئاین پێشانی خەڵک بدەن. بەڵام پرسەکە پرسی ئاین نییە.

لە کۆواری (وێران) کە لە دەزگای ئاراس دەرچووە شـیـعرێک بڵاو بووەتەوە ناوی هـەندێک لە پێـغـەمـبـەرەیلی تێدا هـاتووە وەک هـێـمـای شـیـعری نەک وەک پێـغـەمـبـەر، هـەروەها چـیـرۆکێک هـەندێک دیمەنیی ئیـرۆسـیی تێـدایە. بەر لە بڵاوبوونەوەیان، من چیرۆک و شیعرەکەم نەبینیبوو، ڕۆژانە چەندان بڵاوکراوە و کتێب لەلای ئێمـە دەردەچن بێگومان فریای خوێندنەوەی هـەموویان ناکەوم. بەڵام ئـەگـەر ئەم شـیـعـر و چـیـرۆکـەم بشـبـیـنیـیـایە نەمـدەتوانی ڕێگەی بڵاوبـوونەوەیـان لێ بگرم. ئـەدەب نایـەتە سـانسـۆر کـردن، کـەسـیش لـە سانسۆرکردنی ئەدەبدا شانازیی پێ نەبڕاوە. دەقـەیل نەمری ئەدەبی دنیـا لەو جـۆرانەن کـە لە سـەردەمی خـۆیاندا، دەسـەڵات چ ئاینی چ سـیـاسـی یان کۆمـەڵایەتی پێی سـەغڵەت بوونە و سـەری خـاوەنەیلیـان کـوتیـوەتەوە، راویان ناون و ریسـوایان کردوون، هەندێکیشـیـان فـەوتاندوون. بـەڵام خـاوەن دەق لە مێژوودا چووەتە ناو تۆماری شانازی و سـەرکوتکاریش زبڵگە بەناوبانگەکەی مێژوو.

جگە لەمـە، دەقی ئەدەبی لێکدانەوەی جـۆرەوجـۆر هـەڵدەگرێ. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بوونەتـە پسـپـۆڕی لەم سـەردەمـەدا، کـەس نـاتوانێ بڕیاری بنەبڕیان لەبارەوە بدا. شـیـعـرەکـەی وێران جـیـاوازیی ڕێکاری کۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیریی جڤاکی ئێمـە و جڤاکی ئەوروپا پێشـان دەدا نەک سـووکایەتی بە ئاین و پێغەمبـەران. ئەو هـاووڵاتییـە کوردەی کە هـەڵگری ناوی پێـغـەمـبـەرێکە (ئادەم، مـووسـا، ئیـبـراهیم، تا دوایی) دایک و بـاوک بۆیە ئەو نـاوەیـان لێ نـاوە تـا لـە دواڕۆژدا ببـێ بەهـەڵگری ڕەوشـت و خـــووی وان

پێغەمبەران، بەڵام ئەو بەخۆی و بەکولتوورێکی دواکەوتووەوە سەر هەڵدەگرێ و دەچێ بۆ ئەوروپا، لەوێ کاری کرێت ئەنجام دەدا. شاعیر دەیەوێ جیاوازیی نێوان کولتووری ئێمە کە خۆمان بەهەڵگری پەیامی پێغەمبەرەیل دەزانین لەگەڵ کولتووری هاوچاخی دنیادا بەراورد بکات. یەکێک ناوی پێغەمبەرێکی زل و زەلامی هەڵگرتووە بەڵام لە سۆنگەی تلیاک فرۆشییەوە دێتە گرتن. ئەمە بۆ شاعیر و نووسەرێک بابەتی سەرسامییە. مەلایەک لەمە تێ نەگا کێشەی خۆیەتی.

باسی سێکس دەکەن لەو کورتەچیرۆکەی کۆوارەکەدا، گوایە ڕەوشتی جڤاک تێک دەدا و مێشکی لاوان دەخاتە مەترسییەوە. جارێک بەر لە هەموو شت ئەوی لە ئەدەبدا هەیە سێکس نییە و ئیرۆتیکایە، لە کۆنیشەوە ئیرۆتیکا بەشێکی گرینگ بووە لە ئەدەب. دنیای عەرەب شانازی بە "هەزار و یەک شەو"ەوە دەکا کە مۆنجەی دێ لە ئیرۆتیکا. شاعیرانی کۆنی کوردیش کە بناخەی ڕۆشنبیرییان ئاین بووە، چەندان بەرهەمیان لە بواری ئیرۆتیکادا هەیە و کورد بەڕێزەوە ئاماژەیان بۆ دەکا. شیعرە ئیرۆسییەکەی نالی بۆ مەستوورە ئەگەر ڕەوشتی خەڵکی تێک بدایە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس نەیدەخستە دیوانەکەی نالییەوە و واش شیی نەدەکردەوە کە پڕ بێ لە پەسن و پێدا هەڵگوتن. کەسیش بۆ سێکس پێویستی بە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان نییە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەیان و سەتان نۆینی تەلەڤزیۆنی هەن بە ئامێرێکی چەند دۆلاری دەستی هەموو کەس دەکەون لەم وڵاتەدا. ئاخۆ کەس مەلایەکی بینیوە لەمە بخوێنێ؟ بۆچی مەلای کوردستان، کە هەزار و یەک کێشەی سیاسی و جۆراوجۆر بەرۆکی جڤاکی کوردیی گرتووە، خۆی نەبان دەکات بەڵام دێ سەکۆی مزگەوت و بڵندوێژ دەخاتە کار بۆ ئەوەی بڵێ ئاراس سووکایەتی بە ئاین دەکا.

ئێمە سووکایەتی بەئاین ناکەین، ئاین بیروباوەڕی خەڵکە و دەبێ ڕێزی لێ بێتە گرتن. من بۆ خۆم هەڵگری بیروباوەڕی سەردەمییانەم، بەڵام نەک لەگەڵ ئاینەیل ئاسمانی و پێغەمبەرەیلی واندا بگرە لەگەڵ گاپەرستی و دێو و درنج

پەرسـتـیـشـدا کـێشـەم نییـە و بە چەوتی توخنی هیچ ئاینێک ناکـەوم. لە پایەتەختی کوردستـان و لەم سـەردەمـە پێشکەوتووەدا یەکێک بڵێ ئەوەی لە ئاراس کار دەکا پەنجەی هەڵوەرێ، ئەمە تەنیا نابەرپرسیارەتیی ئەو پێشان نادا کـە بەناوی ئاینەوە دەرفـەتی بۆ هەڵکەوتووە بدوێ و ئەم تووک و نزا و چەواشەکارییە بکا، بگرە بێ خەمیی تەواوی جڤاکیش پێشان دەدا لە ئاست ئەوانەی ئەم سەکۆ هەستیارە بەکار دەهێنن بۆ ئامانجی گوماناوی. ئەگەر ئەمە گەمەیەکی دنیایی و لەپێناو ئامانجی ناڕەوادا نییە بۆچی روو لە دادگە ناکەن کە یاسا بە تەواوی ئاین دەپارێزێ.

دەزگای ئاراس تاکە دەزگایەکی بەناوبانگە کە کتێبی ئاینی بڵاو دەکاتەوە، لە هەموو بوارێکیشدا کتێب بڵاو دەکاتەوە. رۆشنبیری لەو سەردەمەدا یەک رەنگی نییە، پاوانیش نییە بۆ هیچ جۆرە بیروباوەڕێک. خەڵک ئازادن لە دەربڕینی بۆچوون و هەست و بیرکردنەوەی خۆیاندا. یاسا بنەڕەتییەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە و دەستوور و جاڕنامەی سەرتاسەریی مافی مرۆڤ و یاساگەلی هەموو دنیای هاوسەردەمیش دانیان بەئازادیی دەربڕیندا ناوە و دەیپارێزن. ئەگەر یەکێک پێی وابێ بە پاڵەپەستۆ و بانگەشە و چاووڕاو دەتوانێ زمانی خەڵک ببڕێ، ئەوا بە دڵنیایی ئەو کەسە مرۆڤی ئەم سەردەمە نییە و لە خەوندا دەژی.

ئاوێنە ژ :٢٢٠، نیسان ٢٠، ٢٠١٠

## وەڵامێک بۆ راگەیاندنەکەی یەکگرتووی ئیسلامی

کێشە لەگەڵ وتاری ئیسلامیی توندڕۆدا لەوەدایە ئەو بە زمانێکی مرۆڤییانە نادوێ، زمانەکەی زمانی دڕندەیە نەک مرۆڤ. زمانی مرۆڤ دەبێ بەلای هندکەوە نیانییەکی تێدا بێ تا مرۆڤ لە ئاستیدا نەتۆقێ و هەڵنەیە. هەمووشیان لەم نەریتەدا وەک یەکن، لە مەلا و کۆلکە مەلایەکی دەسوەشێنەوە تا دەگا بە حزبێکی خۆ بە سەلامەت رەپێشکەر. من نیازم نەبوو لە وتارەکەی پێشووم لەبارەی کێشەکەی کۆواری "وێران"ەوە زیاتر شتێک بنووسم. بەڵام

راگەیاندنە ئاگراوییەکەی یەکگرتووی ئیسلامی ناچاری کردم جارێکی تر بگەڕێمەوە سەری. خۆزیاش ئەو راگەیاندنە بە دەستی هەرزە و نەفام نەهاتایەتە نووسین و ناوەڕۆکێکی هزریی تێدا بوایە تا مرۆڤ بیتوانیایە دانوستاندنێکی لەگەڵدا بکا. چی دەکەی؟ کوردی کڵۆڵ لەوەش بێبەشە بزاوەیل ئیسلامیی ئەو لە هی ئۆمەت بچن.

"کۆواری وێران کەتنێکی کردووە"، با بڵێین ئەمە وایە، بەڵام ئەو کۆوارە نەئەوەندە ناسراو و ناودارە ئەو تەنگژە گەورەیە بهێنێ و نەتیرێژەکەشی ئەوەندە بەرزە کاری کردبێتە سەر هزری جڤاک. پرسەکە ئەوەندە گەورە نییە ئەو گەلەکۆمەکییە بەرهەڵدایە بخوازێ. بەپێچەوانەوە، ئەوان بەم کارەیان بوونە سۆنگەی ئەوەی کۆوارەکە ناو دەربکا و خەڵک پرسیاری بکەن. ئامانجی شاراوەی ئەوان ئەوەیە تەنگژەیەکی وا بنێنەوە، ترس و تۆقین بێنێتە کایە، بە حسێبی خۆیان تەناهی و هێوری لە دەسەڵات دەشێوێنن. ئەمەش نەریتیانە و چەندان ساڵە بۆیان چووەتە سەر. بەردەوام هونەرمەند و رۆشنبیر دەتۆقێنن و کەس بەدەنگ نایە، تەنانەت ئەو بنووسەی ماتریالیزمی دیالەکتیک و مێژوویشی کردووە بە کوردی، ئەمرۆ لە ترسانە داوا دەکا یاسای کوردستان باشتر لەوەی هەیە ئاین بپارێزێ.

بەڵام من لێیان ناترسم، لە ژیاندا لە مرۆڤی لێهاتی و ژێر ترساوم و شەرمم کردووە نەک لە دەبەنگ و داماو. بۆ ئەمەش پشتم بە کەس نەبەستووە. داواش دەکەم کەس لەسەرم نەکاتەوە. شەڕی هێزگەلی تاریکپەروەر بەلای منەوە بەشانازی دێتە ژمار و حەز ناکەم کەس لەگەڵ منیدا بەش بکا.

پرسی ئەم خۆ بەئیسلامزانانە پوخت و ئاشکرایە، لە دوو هەڵبژاردنە گشتییەکەی پێشوودا بۆڕیان خوارد. حزبەیل نەتەوەییی کوردستان بردیانەوە و سەرکەوتنی مەزنیان بە دەست هێنا بە تایبەتی پارتی. ئەمە شێت و شووری کردوون. لە پاش ئەو دوو هەڵبژاردنەوە هەست دەکەن تووشارن بەدەردی مردن و پووکانەوە. بۆیان دەرکەوت ئەو خەیاڵەی لەسەری خەوتبوون پووچ بوو. لە هەڵبژاردنەکەیساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئەمرۆ نەک پێشکەوتنیان نەبووە،

بگره بەرەو دواوەش گەڕاونەتەوە.

دۆڕان ناخۆشە بێگومان. پووچ دەرچوونی بەرنامە، مرۆڤ پەرێشان و ریسوا دەکا، ڕاستە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ مرۆڤێکی هەست بەبەرپرسیاریکەر بێ، سوود لە دۆڕان وەردەگرێ و بەخۆیدا دەچێتەوە. ئەوان لە جیاتیی ئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە، خۆیان تووشی هیستیریا کردووە. براینە: کەوتن شەرم نییە هەڵنەستانەوە شەرمە. وا بڕوا زیاتریش دەتەپێن.

نموونەیەک دەهێنمەوە لە وتاری ئەم بزاوە ئیسلامییانە کە شایەنی گاڵتە پێکردن و بەزەیی پێداهاتنەوەشە. لە ڕۆژەیلی بانگەشەی هەڵبژاردندا گوێم لە ڕادیۆی کۆمەڵ بوو دەیگوت ئەگەر دەنگمان پێ بدەن ئەوا لەسەر پردی سیرات شەفاعەتتان بۆ دەکەین لەلای خوا و پێغەمبەردا. لەم سەتەی بیست و یەکەمەدا گریانت بۆ یەکێک دێ وا بیر بکاتەوە، یان پێی وا بێ خەڵک باوەڕ بەم فڕوفیشاڵە دەکەن. ئەوەی ئێستاش بەبۆنەی شیعرەکەی وێرانەوە دەیکەن داماوییەکە لە جۆری ئەوەکەی پردی سیرات، گەوجانەتریشە. ئاخۆ تا ئێستا کەس بەهۆی شیعرێکەوە گەیشتووە بەکورسیی دەسەڵات؟ ئەمە تەنیا لەخۆ و لە خەڵک شێواندنە. بێگومان ناتوانن لە خەڵک بشێوێنن، ئەوان بەردەوام لە خۆیان دەشێوێنن. لەبەرئەوەی، ئەوەی بەتەمای پەرینەوەی بێ سەرئێشە بێ لە پردی سیراتدا، دەزانێ دەبێ بە کردەوەی خۆی پێی بگات نەک بەدەنگدان بەبزووتنەوەگەلی ئیسلامی. خەڵکی ئەم وڵات و ئەم سەردەمە ئەوەندە لە مێشکدا رووت و رەجاڵ نین نەزانن ئەم هەڵبژاردن و دەنگدانە کاری ئەم دنیایەیە نەک ئەو دنیا. ئەوەی بیەوێ بگا بە کورسیی دەسەڵات دەبێ بەرنامەی بۆ ئەم دنیایە هەبێ، کەس نازانێ لەو دنیادا چی روو دەدا و کێ لەوێ بۆ کێ دەپارێتەوە.

با بێمەوە سەر ڕاگەیاندنە ئاگراوییەکەی یەکگرتووی ئیسلامی کە تەنیا یەک شت تیایدا هەڵوەستەی پێ کردم، ئەویش ئەو پەرۆشی و خەمباری پێشاندانەیە بۆ ئاینی مەسیحییەت و یەهوودییەت. ئەرێ خێرە؟ ئەوە چەندان ساڵە لەم شاری مووسڵەی تەنیشتمان رۆژانە پەیرەوکارەیلی ئاینی مەسیحی

دێنە قەلاچۆکردن و نەمانزانیوە ئێوە بزە لە لێوتان کەوتبێ، وا ئەمڕۆ بوون بە خەمخۆر و سووتاویان. لە هەموو ئاینەیلدا مرۆڤ ڕێز لێگیراوترین بوونەوەرە، تەنانەت ئاینەیل، خۆیان بۆ ڕێز لێگرتن و پارێزگاری لە سەروەریی مرۆڤ و جڤاکی مرۆڤایەتی هاتوون. بەڵام وتاری فریودەری ئێوە ئەم دوو شتە بەجیا دەبینێ. بە هەمان ئەو وتارەی پەیڕەوکارەیل مەسیح دێنە کوشتن، شیوەنیش بۆ پیرۆزیی مەسیح و ئاینەکەی دێتە کردن. گەلۆ ئەمە چ مەهزەلە و سەرلێشێواوییەکە.

ئەو عیسایەی ئێوە خۆتان وا پێشان دەدەن بۆی نەماون و دەڵێن سووکایەتیی پێ هاتووەتە کردن، لە جڤاکی پەیڕەوکارەیل خۆیدا لە ئەوروپا، کردوویانە بەتابلۆ و وێنەی کاریکاتۆری، کەسیشی بۆ سەر نەبڕاوە. ئەوان پێغەمبەرەکەی خۆیان خۆش دەوێ، بە دڵۆڤان و پەپوولەی سەر گوڵانی دەبینن نەک بە دڕندەی دڵتۆقێن.

باسی ئەوە ناکەم تا چەند لە گریان و شیوەنتان بۆ پێغەمبەر و پیرۆزییەلی یەهوودییەت، ڕاستی نەوێژ و چەواشەکارن. بۆتان بچێتە سەر لە چرکەساتێکدا هەرچی جوولەکەی سەر دنیا هەیە قڕی دەکەن.

ڕۆشنبیرانی سەر بەم ڕەوتەی یەکگرتووی ئیسلامی، گەلێ جار بە ئێمە دەڵێن نابێ ئێوە بەیەک چاو سەیری بزاوەیل ئیسلامی بکەن. "لەبەرئەوەی" وەک دەڵێن، "ئێمە ڕەنگ و تۆنی جیاجیامان هەیە، باڵی دەسوەشێن و باڵی مام سەلامەتۆکەمان هەیە". خۆشبەختانە، لە کاتی تەنگژەیلدا چەوتی و بەرەواژیی ئەم بۆچوونەیلە هەمووی دەردەکەوێ. بەیاننامە ئاگراوییەکەی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەمانە بە موو لەیەک جیا نین. ئەگەر ئەمانە قوتابخانەی جیاوازن و لەناویاندا نەرمڕۆ و گەرمڕۆ هەیە، چۆن وا لە ئێوارەیەکدا بیست بیستیان بە گەلە، لەم لایەنیانەوە دەچێتە پاڵ ئەو لایەنیان و هیچ شتێکیش ناشێوێ لە بەرنامەی کار و لە ئاخاوتنی سەرزاردا. بێگومان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەلای لایەنگرەیل خۆشیاندا ئەو خەیاڵە دەپووکێتەوە کە پێی وابوو ئەگەر جارێک نەرمڕۆیەکەیان

دەرفـەتێکی دەسـەڵاتی بۆ هەڵکەوت لەوانەیە لە ئاست رۆشنبـیـراندا، یان بەگـشـتی لەگـەڵ ژیان و هەڵسـوکـەوتی سـەردەمـیـیـانەدا ئەوەندە هۆڤ و نامرۆڤییانە نەبێ.

ئەم ساتە کە لە نووسینی ئەم وتارە بوومەوە بەیتە شیعرێکی مەحوی لە هەست و خەیاڵم نێزیک بووەوە، وا دەینووسمەوە، هیوادارم باش لێی حاڵی بن:

کەی لە کن ئەحمەق دەبێ حاجەتی دانا رەوا

قەت دەکرێ چەرمەکەر یا بە عەبا یا کەوا؟

وارگەی کوردستان نێت، نیسان ٢١، ٢٠١٠

## وەڵام بۆ جاهیلێکی تری یەکگرتوو

وتارەکەی سەرنووسیاری رۆژنامەی یەکگرتوو شتێکی تێدا نەبوو وەڵامی بدەمەوە. راستیش نییە پێی بڵێم وتار لەبەرئەوەی وشە و رستەیلی خۆمی بەرەواژ کردبووەوە. من زوو زانیم ئەمانە هیچیان نییە بیخەنە سەر خوانی وتووێژ، ئەگەر هەڕەشەی کوشتن و تۆقاندنی دەروونی بێ، کۆڕیان گەرمە. بێ بە ئاخاوتن و وتووێژ، هەواریان چۆڵە.

لەو وتارەدا "کە وتارەکەی خۆمە و هەڵی گێڕاوەتەوە" لە وشەیەک و رستەیەک پێوە شتێکی تر هی خۆی نەبوون. منیش لێرەدا تەنیا لەو وشە و رستەیە دەدوێم. گفتوگۆشم لەبارەی ئەو وشە و رستەیەوە نەدەکرد ئەگەر زۆر دووبارە نەبوونایە و پێویستیان بە وەڵامێکی یەکلاکەر نەکردایە. راستی بڵێم جاری یەکەمیشە بینیم وتار بەو جۆرە بێتە نووسین، وشە و رستەیلی یەکێک بکەی بەهی خۆت و پێت وابێ وەڵامت داوەتەوە. هەرچەندیشە بەلامەوە جاهیل و گوناح بوو، پێم خۆش نەبوو ئازاری بدەم بەڵام دەزانم جەهل دەردێکی گەورەیە و ئەرکی من و کەسەیلی وەک منە ڕووبەڕووی ببنەوە. جەهل رێ خۆش دەکا بۆ مەترسیی زۆر لە خۆی گەورەتر وەک لە خوارەوە دێمە سەری.

وشـەکـەی دەمەوێ لێی بدوێم ئەوەیە پێم دەڵێ کۆنە شـیوعی. بەر لە هـەمـوو شت: بۆچی کـۆن؟ ئاخـۆ بـیـروباوەڕ کـۆن و تازەی هـەیە؟ یاخـۆ شـیـوعـیـبـوون بەعـسـیـبـوونە شـەرم و پـەشـێـمـانـیی بووێ. یاخـۆ جـارێک بـیـسـتـوویەتی لەو رابردووەی خـۆم لار بوویم و شـاردبێتمـەوە، بیسـتـوویەتی شـەرمم پێی بووبێ؟ من دەزانم ئەو دەیەوێ بەم قسەیە ڕاپۆرتم لـێ بدا بە پارتی، ئەمەش زۆر کۆنە و دەیان جـار لە وارگە ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامـەیلدا هـاتووەتە دووبارەکـردنەوە. هەمـوو جـاریش بۆ ڕاپۆرتنووسـی بـووە لە من، نەک رک و کینەی ئەو کەسـەیلە لە شـیـوعـیـیـەت. یەکێک رکی لـە شـتێک ببێتـەوە بەلای کـەمـەوە دەبێ شـتـەکـە بناسـێ. ئەوانەی شـیـوعـیـبـوون بـە لەکـەی شـەرم بـۆ من دەژمـێـرن، دڵنیـام نامیلکەیەکیشیان لەبارەی شیوعییەتەوە نەخـوێندووەتەوە. وەک گوتم پرسـەکە، پـرسـی ڕاپـۆرت لێـدانـە و بـۆ مـنـیش ئـەمـە هـەلێکە و دەمـەوێ هـەمـوو ئـەو ڕاپۆرتـنووسـەیلە یەکـخـەم بکەم لـەوبارەیەوە. دەبـێ لە بیـریش نەچـێ کـەوا ڕاپۆرتنووس هەردەم درۆ دەکا.

چەندان جـار کـە چوومـەتە بارەگایەکی پارتی، کـادیرانی پارتی و هـەندێک جـاریش بەرپرسـانی گەورەی پـارتی پێـیـان گـوتووم "شـیـوعی بەخـێـرهـاتی". بێگومـان بە زەردەخـەنە و خـۆشـەویسـتییـەوە گوتوویانە. منیش بە شـانازی و خـۆشـحـاڵـیـیـەوە وەڵامـیـانم داوەتەوە. لەبەرئـەوەی زانیـومـە ئەوان رقـیـان لە شیوعییەت نییە چ کۆن بێ و چ نوێ. ئەم ڕاپۆرتنووسـەیلە نەپارتی دەناسن و نەئاگـاشـیـان لـە مـێـژووی پارتی هـەیە، بۆیە ڕاپۆرتەیلیـان کـاری نەکـردووە. دەبوایە ڕاپۆرت لەبارەی شتێکی منەوە بدەن کە لەلای پارتی کاریان بۆ بکا.

لەناو پارتیدا هێمایەک هەیە ئەویش مستەفا بارزانییە. بارزانی دامەزرێنی پارتییە، سەرکردەی سیاسیی پارتی و سـەرکردەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەشی بووە تـا لە ژیاندا بـوو. دوای کـۆچکردنیـشی بووە بـە هێـمـا. ئـەوجـا بـەبرای ڕاپۆرتنووس بڵێم: بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ کە هەمـوو لایەکی لێ هاتە گرتن، چوو بۆ سـۆڤیـەت واتە بـۆ لای شـیـوعـیـیـەل و بۆ کـانگەی شـیـوعـیـیـەت. پاش گـەڕانەوەشـی وەک دۆست و هـەڤـاڵـیـان مـایەوە. بە درێژاییی شـۆڕشـی

ئەیلوولیش، شیوعییەل عێراق چەندجار لێیان قەومابێ، بارزانی پشت و پەنایان بووە.

ڕەنگە ئەمە یەکێک لەو هۆیەلە بێ کە شیوعییەل پاش ئەوەی حزبی شیوعییان بەجێ هێشتووە، چوونەتە پاڵ پارتی. پاڵدەرێکی تریش ئەوە بووە کە بەپارتیبوون چوونە پاڵ بەرنامەیەکی سیاسییە نەک بەرنامەیەکی هزری. پارتی بەرنامەی هزر بەسەر ئەندامانیدا ناسەپێنێ، ئەمەش هۆیەکی گەورەی مانەوەی پارتییە بە هێز و گوڕی خۆیەوە. تۆیەک بە تەما بی جێ بەحزبێک لەق بکەی و نەتناسیبێ دەبێ چیت پێ بێتە گوتن؟

با شتێکی تریشت پێ بڵێم، کە بۆ ڕاپۆرتی داهاتووت زۆرت بەکەڵک دێ. ئەو وێنەیەی بارزانی کە من لە ماڵی خۆمدا هەڵم واسیوە وێنەیەکی سەردەمی کۆماری مەهابادە بە جلوبەرگی جەنەراڵییەوە. بۆیەش ئەو وێنەیەم هەڵبژاردووە چونکە بارزانی لە هەرەتی گەنجیدایە و ڕووی وەک ڕۆژ تیشک دەداتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی بڵێی لەبەرئەوەیە: ئەو پلەی جەنەراڵییە شیوعییەل سۆڤیەت پێیان دابوو.

ئەمە وەڵامی وشەکە بوو. ئینجا وەڵامی رستەکە.

بنووس دەڵێ لە باڵەفڕگەی هەولێردا ئیسرائیلییەل بە پاسپۆرتی ئیسرائیلی دێنە ژوورەوە. ڕاستت دەوێ من هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە تا پشتڕاستی بکەمەوە یان پشتخوار، بەڵام ئەوە دەزانم کەوا ئەم تۆمەتە دەیان جار لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە بەدرۆ خستنەوە. با بڵێین وایە و تۆمەتەکەت ڕاستە، بەڵام پرسیار: " تۆ چۆنت زانی؟ ئەم زانیارییەت لە کوێوە دەست کەوت؟" باڵەفڕگەی ناودەوڵەتیی هەولێر بنکەیەکە لە ژێر بەهێزترین دەسەڵاتی تەناهیدایە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن تەواو جێبڕوای دەزگا پێوەندیدارەیل هەرێمی کوردستانن. ناشێ بڵێی دەزگای خەفیەکاریی حزبە "زەبەلاحەکەی" یەککگرتوو ئەمەی زانیوە.

وەک گوتم من وەڵامی ئەو تۆمەتە نادەمەوە کە ئیسرائیلی بە پاسپۆرتی

ئیسـرائیلی له باڵەفـڕگەی ناودەوڵەتیی هەولێـرەوە دەگەنە کوردسـتـان. ئەمـە تۆمەتێکی گەورەیە و بێگومان تۆ سەرنووسیاری ڕۆژنامەیەکی مۆڵەت پێدراوی حـزبێکی سیاسیی وەک یەکگرتووی ئیسـلامی بی، دەبێ وەڵامت هەبێ ئەگینا تۆمەتێکی وا، بەڵگەی نەبێ ناشێ بەسەلامەتی تێ پەڕێ.

دیسان نەڵێی پیاوی دەسەڵاتە و هەڕەشـەم لێ دەکا. من پیاوی کەس نەبووم و نیم، هـیواداریشم ئەم وڵاتە ئەوەندە بێ کـێشـە و هێـمن بێ کـەس لە گـوڵ کاڵتری پێ نەیەتە گوتن. بەڵام وەک کەسێک کە بەم وڵاتەی خۆمەوە ماندووم، پێت دەڵێم: ئەمە ڕاپۆرتدانە بۆ ئەلقاعیدە، ڕاپۆرتدانە بۆ وڵاتەیل دەوروبەر کە لە پارێزدان بۆ ئەوەی بەڵگەیەکیان لە دژی کوردستان دەست کەوێ.

دەبوو تۆزێک ویژدانتـان هەبێ لە ئاست ئەم خـەڵکەدا. گەلێکە و بە ئەرک و ماندووبـوونی بێ وێنەی خۆی بەم کەمە ئازادییە گەییوە. ئێـوە بۆ هەوڵ دەدەن لێی بشـێـوێنن؟ ئیسـرائیلی چی دەکـەن لە کـوردسـتـان؟ ئەگـەر هـەیە، تۆی سەرنووسیاری ڕۆژنامـەیەکی ڕۆژانە بۆچی وێنەی یەکێکیان، یان ناونیشـانی شوێنێکیان بڵاو ناکەیەوە. تۆیەک بتوانی تۆمەتەکە بدەی، دەبێ بەڵگەشت پێ پـەیدا ببێ. نەتبێ من دادگـــە نیم ســـزات بدەم، دەزگـــای تـەناهـیش نیم لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکەم. ببوایەم بێگومان دەمکرد، بەڵام وەک کوردێک پێت دەڵێم: جاهـیل، جاهیل نەبیت ڕقت لە وڵاتەکەی خۆت نابێ و نابی بە ڕاپۆرت لێدەری.

وارگەی کوردستان نێت، نیسان ٢٤، ٢٠١٠

## تا کار لە کار نەترازاوە

ئەوەی دەست بە شـەڕێک دەکا وا دەزانێ چۆن دەسـپێک بە دەسـتی ئەو بووە، کۆتـایەکەشی بە دەسـتی ئەو دەبێ. پاشان بۆی دەردەکەوێ بەهەڵەدا چووبوو. شـەڕ دوای دەست پێبـوونی، زۆربەی جار و لەبەر زۆر هۆی پێشبینی نەکراو، جڵەوەکەی لە دەستی شەڕ هەڵایسێن دەردەچێ. شـەڕی مەلا و ئیسلامییەلیش

لە بەرامبەر دەزگای ئاراسدا جۆرێک بوو لەو شەڕەیلەی کە ئاگرخۆشکەر دوای کەمێک لە دەسپێک، جڵەوەکەی ون کرد. وا دەیبینین ئێستە کەوتووەتە هاوار و گازی. لەلایەکەوە گلەیی دەکا دەڵێ ئەو شەڕی نەویستووە و بەسەریدا سەپاوە، بەتایبەتی ئەوانەی یەکگرتوو وا دەڵێن، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکەن ئەو زمانەی لە ئاستیاندا بەکار هاتووە، زمانێکی رەق بووە.

لێرەدا، وەڵامی ئەم دوو خاڵە و چەند قسەڵۆکێکی تری ئێرە و ئەوێش دەدەمەوە کە هەر هەمووی بە نیازی ئەوە هاتوونەتە گوتن، شێوەی دەزگای ئاراس لە بەرچاوی خەڵکدا لەق بکەن و ئەوەی کە چەندان ساڵە پێشکێشمان کردووە بەگەلی خۆمان، هەڵاوگێڕی بکەنەوە.

سەرەتا با بزانین شەڕ کێ نایەوە و چۆن دەستی پێ کرد؟

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو: من لە دەرەوەی کوردستان بووم کۆواری (وێران) بڵاو بووەوە. ئەو ساتەی لە ٢ نیساندا گەڕامەوە مەلایەل حەوتوویێک بوو دەستیان بە وتاری هاندەرانە کردبوو. ویستم فریا بکەوم و چارەسەرێک بدۆزمەوە. سڵاو و رێزم بۆ دوکتۆر بەشیر حەداد نارد، کە ئەو یەکێک بوو لە شەڕ هەڵایسێنەیل و داوای یارمەتیم لێی کرد. بە پێچەوانەوە و نازانم بە چ هاندەرێک، دوای ئەو داوایەی من ئەو وتارەیلی خۆی توندتر کرد. مەلا بەشیر لەسەر لیستی پارتیدا ئەندامە لە پەرلەمانی کوردستان. هاوشانی ئەو، کۆمەڵێک مەلای تر لە مزگەوتەیل هەولێر دەستیان بە گەرمکردنی دۆخەکە کرد. زۆربەی ئەمانەی دوایی سەر بەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامین.

بە نیازی هێورکردنەوەی کژی گشتی، وتارێکم نووسی، ویستم شیعرەکەی وێران شی بکەمەوە و بڵێم مەبەستی سووکایەتی بە پێغەمبەرانی لە پشتەوە نییە. گوتم جڤاکی ئێمە جڤاکێکی دووڕووە، لەوکاتەی ناوی پێغەمبەر لە کوڕی خۆی دەنێ، فێری کاری چەوت و چەوێڵی واشی دەکا بەرەواژی هەموو خوویێکی ئەو پێغەمبەرەیە کە بە ناوی ئەوەوەی کردووە. وەک دەبینین لە واشنتۆنەوە تا بەغدا و هەولێر، پێغەمبەرناو خۆی دەقێنێتەوە. ئەمە بابەتە بۆ

ریسـواکـردنـی کـولتـووری دووڕوویی کـە داونـەریتـێکی جـڤـاکی و ئاینیی چەواشـەی لە پشـتـەوەیە. جڤاکی ئێمـە لە یەک کاتدا بەرهـەمـهێن و کوشـتـەی دەسـتی ئـەم کـولتـووری دووڕووەیە، کـە پیـاوانی بەناوئـاینی دای دەپۆشن و ناهێڵن تاکەیلی جڤاک هەستی پێ بکەن، رێگەش نادەن رۆشنبیرەیلی بێن بیر لە چارەسەری بکەنەوە.

لەبـەرئەوەی زۆربەی ئەو مـەلایەلەی وتاری هاندەرانەیان لە مـزگـەوتەیلەوە دەدا، سەر بە یەکگرتوو و کۆمەڵ بوون. ئەندامێکی م.س یەکگرتوومان بینی و بە درێژی لە پرسـەکە دواین. داوامـان لێی کرد یەکگرتـوو یارمـەتیمـان بدا لە هێـورکردنەوەی مـەلایەل خۆیان، بەڵێنیشـمـان لێی وەرگـرت. بە پێچـەوانەی چاوەڕوانیمان، پاش چەند ساتێک، بەیانێکی ئاگرین لە یەکگرتووەوە دەرچوو. دیمانەی کادیرێکی کۆمەڵیشمـان کرد و راسپاردەیەکی زارەکیمان بەوپەڕی رێزەوە بۆ مـیـری کـۆمـەڵ نـارد. ئەوانیش بـە هەمـان شـێـوە بـەبەیانێک بۆنی خـوێنی لـێ دەهات، وەڵامی داوایەکـەی ئێـمـەیان دایەوە. بـەکـورتی، بۆمـان دەرکەوت هەموویان لە گۆنگەر دەگەڕێن و پێیان وایە هەنگوینیان لە کلۆراییی داردا دۆزیوەتەوە. بە ڕاستی شەرمە مرۆڤ لە هیچ هەلومەرجێکدا بە ڕادەیەک لە خۆی بایی ببێ کە دەستی تەبایی و چارەسەر لە بەرامبەرەکەیەوە بە لاواز ببینێ و بە پاشی بداتەوە. من لە تێڕادیتی و ناسیارەتییەوە دەسپێشکەریم کرد، مرۆڤێکی بەرپرسیاریشم لە ژیانی کەسانیی خۆم و لە ئەرکی گشتیی سەرشانمدا. بەدوای ئەوەدا ناگەڕێم دەوروبەرم بە پرسی لابەلاوە مژوول بکەم. بە تایبـەتیش لەو پێچە دیرۆکییەدا کە کوردستان سەت و یەک کێشەی هەیە. هەر بەم هزر و هەستەشەوە لە بەرامبەرەکەم دەڕوانم. لەبەرئەمە بە هیچ جۆر لەو باوەڕەدا نەبووم وەڵامدانەوەی مەلایەل و یەکگرتوو و کۆمـەڵی ئیسـلامی ئەوەندە نابەرپرسانە بێ و هەلیان لێ ببێ بە دەرفەت.

بە کـورتی و پوخـتی، ئەوان ئێـمـەیان ڕاکـێـشـایە ناو گـۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە. داوای مـن، بە هەڵوێستی لاوازی تێ گـەیشتن نەک هەستی بەرپرسیارەتی. کوردیش دەڵێ: شەڕ دەرگەی ماڵی لێت گرت دەبێ بیکەی.

بەڵام بۆچی بە ڕەقی وەڵامم دانەوە؟ هەردوو راگەیاندنە رەسمییەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵ بریتین لە دوو راگەیاندنی تەکفیری و بەکافر لەقەڵەمدان، وەک فەتوای کوشتن و حەڵاڵکردنی خوێن هاتوونەتە نووسین. ئەویش لە جڤاکێکدا کە کەسەیل بەلەنگاز و شپرزە و لێقەومی، وەک سوپایەکی مشەی خۆبەختکار، لەبەر ئاماژەی مەلا و ئەم بزاوەیل ئیسلامییەدا وەستاون. وایان دەبەنە مەژییەوە کە بە کوشتنی رۆشنبیرەیل، بەهەشتی پڕ لە شیر و هەنگوین و پەریچاوانیان بۆ دەڕازێتەوە.

هەردوو راگەیاندنەکە چەندان راستییان بەرەواژ پێشان داوە. بۆ نموونە دەڵێن: "سووکایەتی بەخوا کراوە"، "سووکایەتی بە ئیسلام کراوە". ئەمەش تەواو پێچەوانەی راستییە. ئەگەر بڵێین شیعرەکەی وێران دەستی بۆ پێغەمبەرەیلیش درێژ کردبێ، بەڵام بۆ پێغەمبەری ئیسلامی درێژ نەکردووە. خواش ناوی نەهاتووە لە شیعرەکەدا. ئیتر کێ بێ لە ئاست ئەم چەواشەکارییەدا بێدەنگ بێ. وێڕای ئەمە، هەردوو راگەیاندنەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵ نەک تەنیا هەموو نەریتێکی ئاخاوتن و گفتوگۆی شارییانەیان بەزاندووە، بگرە تاکە وشەیەکی شیرەت و ڕێنوێنیی ئاینیشیان تێدا نایەتە دیتن. دیارە ئەمانە کولتووری شیرەت و ئامۆژگاری و زمانی نیانییان بە تەواوەتی وەلاوە ناوە و کولتووری شمشێر و سەر لێکردنەوەیان کردووەتە پیشە. دەتوانم بڵێم بچووکترین پێوەندیم لە نێوان ئاین لە لایەک و ناوەڕۆکی ئەم راگەیاندنانە و ئاخاوتنی مەلایەلیشیان لە لایەکی ترەوە بەرچاو نەکەوت. ئیتر چۆن دەبێ لە بەرامبەر ئەم هەموو رک و کینە و ژەهری مارەدا یەکێک چاوەڕوان بێ گوڵ و گوڵزاری بۆ بێتە پێشکێشکردن.

خۆ من وەڵامی ڕەخنەم نەداوەتەوە تا دایەلۆگ بکەم، وەڵامی فەتوای خوێن حەڵاڵکردن و ملپەڕاندنم داوەتەوە. تەنانەت وەڵامی زۆربەی قسەیلی ئەوانیشم نەدایەوە، بۆ نموونە مەلایەکی سەر بەکۆمەڵ دەڵێ دەبێ دەزگای ئاراس لغاو بکرێ. سەرەتا ویستم وەڵامی ئەم دەمشڕە بدەمەوە کە وشەی لغاو بۆ مرۆڤ بەکار دەهێنێ. وەچەی نوێ نازانن لغاو چییە و نازانن وشەیەکی چەند کرێت

و نەشیاوە. لغاو پارچە ئاسنێکە دەخرێتە نێوان هەردوو شەویلاگەی گوێدرێژ و هێستـرەوە بۆ ئەوەی دەنگی لێوە نەیە یان نەتوانێ ئالیک بخوا. مەلای نامبارەک هەم ئێمەی بەولاخ داناوە و هەم خۆیشی بەخاوەن ولاخ. ویستم وەلامی ئەم بێ نەریتییەی مەلای کۆمەڵ بدەمەوە بەلام کاربەدەستێک لە وەزارەتی ئەوقافەوە گوتی وازی لێ بێنە، پیاوێکی بێ ئاوڕووە و تا ئێستە سێ جار بە تۆمەتی تیرۆر گرتیگەی بینیوە.

وشەی لغاو شایەن و هێژای هیچ مرۆڤێک نییە چ جای دەزگایەکی ڕۆشنبیریی وەک ئاراس کە هەزاران خزمەتی ڕۆشنبیریی پێشکێش بە گەلەکەی کردووە، ئەویش لەلایەنی کەسێکەوە کە هیچ بەرهەمێکی نییە بۆ جڤاک. مشەخۆرێکە، لە نان و بژێوی هەژارەیل تێر دەبێ.

جگە لەمانە هەمووی، چەندان چەواشەکاری و نەبووکاریی تریشیان دایە پاڵمان، بۆ نموونە: یەکێک لەوانەی کۆمەڵی ئیسلامی لە (ئاوێنە)دا وتارێکی نووسیوە بۆ لە خشتەبردنی خەڵک، دەڵێ دەزگای ئاراس لە جیاتیی ئەوەی کتێبەکەی جەمال رەشید کۆ بکاتەوە، چاپی دووەمی لێ کردووە. کابرا نێزیکی میری کۆمەڵ نەبوایە بەدرۆم نەدەخستەوە. بەلام بۆ ئەوەی میر وا تێ نەگا ڕاستیوێژ یان ڕۆشنبیرێکی لەپاڵدایە، وەلامی دەدەمەوە.

کتێبی "سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا" بە عەرەبی، سێ بەرگە، بەرگی یەکەم و دووەم لە ساڵی ۲۰۰۳ لە دەزگای ئاراس دەرچوون. پاشاش کە بەرگی سێیەممان لە ۲۰۰۵ بۆ هات، دوو بەرگەکەی پێشوومان لەگەڵیدا چاپ کردەوە لەبەرئەوەی لە کتێبخانەکاندا نەمابوون. واتە ئەو بەرگەی باسی پێغەمبەری تێدا هاتووە بەرگی سێیەمە و یەک جار چاپ بووە. دوای دەرچوونیشی، بە بڕیارێکی نووسەنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتووەتە کۆکردنەوە و بە ساتێک دوای بڕیارەکە لە کتێبخانەیل هاتووەتە کشاندنەوە.

ئەو "موسڵمانە" چەواشەکارە دوو ڕاستیی هەڵگێڕاوەتەوە، یەک: کتێبەکە دوو چاپی نییە، دوو: لە بازاڕیش هاتووەتە کشاندنەوە. بەلام بەلای ئەمانەوە

گرینگ ئەوەیە جەماوەریان زۆر بێ، جا با لەسەر بناخەی چەواشەکاری و نەبووکاریش بێ، گرینگ ئەوەیە خەڵکی کوردستان بکەن بەگژ دەسەڵاتە خۆماڵییەکەیدا و نەهێڵن کورد ببێ بەشتێک. چەندان کتێب لە باژێڕەیلی کوردستان دەست دەکەون، داودەزگایەلی لبنانی و میسری و عێراقی و مەغریبی چاپیان کردوون، لەبارەی هەمان ئەو ناوەڕۆکەی چەندان ساڵە بەرۆکی ئاراس و دوکتۆر جەمال رەشیدیان لەسەری گرتووە، دەیان هێندەی تێدایە. بەڵام ئەمانە تەنیا پەڵپ بە کورد دەگرن.

ناحەزییەکی تری "مەلای لغاوەکە" بە کورد، ئەوەیە ناوی دەزگای "سەردەم"یشی هێناوە و داوای کردووە ئەویش بێتە لغاو کردن. پێوەندیی دەزگای سەردەم بەو پرسەوە نییە کە شەڕی لەسەر هەڵایساوە، ئەوە نەبێ دەزگایەکە ماوەی دوازدە ساڵە بێوچان خزمەتی رۆشنبیریی کوردی دەکا. مەلایە و چاوی بە کورد هەڵنایە، لە هەموو شتێکی داخدار و کوڵدارە.

شتێکی تری ئەم رەوتە ئایینییە توندڕۆیانە، کە لەوپەڕیانەوە تا ئەوپەڕیان کۆپی و لەبەرگیراوەی یەکترن، ئەوەیە مەلایەلیان کردووە بە ماشە و پەنگرکێشی دەستیان لەپێناو بەجێ گەیاندنی کارنامەیەکی گوماناویدا. ئەم مەلایەلەش کە بەهۆی دابڕانیان لە کولتووری سەردەمەوە، هەستی خۆبەکەمزانییان لەلا دروست بووە و تووشی گرێی دەروونی هاتوون، خۆیان بە هەرزانی داوەتە دەستی ئەم کارنامە نانیشتمانی و گوماناوییەوە. دۆخەکەشیان گەیاندووەتە رادە و رێکارێکی مەترسیدار. کاتی هاتووە دەسەڵاتی هەرێم چاوێک بەم مەترسییەدا بگێڕێتەوە تا کار لە کار نەترازاوە.

دەبێ لەمەولا ئەو بنەوێیە مامەڵەی پێ بێتە کردن کەوا پیشەی مەلا ئەوەیە پێشنوێژی بکا نەک بە ناوی ئاینەوە بدوێ و وتار بدا. ئەو کەسەی بە ناوی ئاینەوە دەدوێ یان بە کولتووری ئایینییەوە رێنوێنیی جڤاک دەکا، دەبێ وێڕای شارەزاییی تەواو لە ئاینەکە خۆی، رادەیەکی کەمی لە هۆشیاری و زانستی سەردەمییانەش هەبێ تا رێگەی ئەم کارەی پێ بێتە دان. ئەمانەی خۆمان جگە لەوەی لە خوتی ئاینەکەدا رەجاڵ و بێ بزگوڕن، فریان بەرۆشنبیریی ئەم

سەردەمەشەوە نییە.

ئەو مەلایانەی لە یەک کاتدا و بەیەکەوە، وتار و ڕێنوێنی دەدەن بە خەڵک، ژمارەیان زۆرە. بە وەزارەتی ئەوقاف بەریان لێ ناگیرێ و کارەکەش بووە بە فرەدەستی، هەندێکیان پێوەندیی وەشارتوویان هەیە. ئەجێندای جیاجیا لە پرسی وتارداندا کەوتووەتە کار. بەشێکیان بۆنی مەترسیی گەورەیان لێ دێ. وەک لەم ڕۆژانەدا کاربەدەستێکی ئەوقاف نووسیبووی مەلایەل دەیانەوێ دەسەڵاتی هەرێم سەرقاڵ بکەن بە پرسی لابەلاوە و نەهێڵن لە پرسەیل چارەنووسیی کوردستاندا ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێ.

هەرێمی کوردستان ئەو هێندەی وتاری ڕۆژی هەینیی بۆ چییە؟ داودەزگایەلی ڕاگەیاندن بەردەوام زۆر شیرەت و ڕێنوێنیی ئاینی پێشکێش دەکەن. بەرنامەی مەلا لە زۆربەی کەناڵی تیڤییەکاندا هەیە کە بەبۆچوونی من جێی وتاری هەینییان دەگرێتەوە. وتاری ئاینی بۆ سەردەمانێک دەگەڕێتەوە کە هۆیەلی ڕاگەیاندن نەبوون. تەنانەت هەموو گوندێک وتاردەری خۆی دەویست. ئەمڕۆ سەردەم گۆڕاوە و تیڤی لە هەموو ماڵێکدایە. ڕادیۆ لە هەموو ماڵ و سەر لووتکەی شاخ و ڕەشماڵی ماڵە ڕەوەند و لەناو تەکسیشدا هەیە.

ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەلی ئیسلام، دەبینین وتاری ڕۆژی هەینی لەلایەن مەلاوە، شتێکی تازەیە و لە سەردەمی پێغەمبەردا نەبووە. پێغەمبەر خۆی وتاری ڕۆژی هەینیی داوە. لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیشدا نەبووە. ئەمانە جێگرەوەی پێغەمبەر بوون و خۆیان وتاریان داوە. لە سەردەمی ئەمەوییەلیشدا ئەمیرولموئمنین خۆی لە مەڵبەندی خیلافەتدا وتاریی هەینیی داوە. بەڵام ئاخۆ وتاری مەلا چۆن پەیدا بووە؟

چیرۆکەکە ئەمەیە: لە سەردەمی ئەمەویدا هەندێک لە خەلیفەیل، مولحید و خوانەناس بوون، مەیخۆرەوەی لەڕادەبەدەر و بەردەوام سەرخۆش بوون. تەنانەت بەسەرخۆشیش وتاریان داوە. دەیان سەرچاوە باسی ئەمەیان کردووە، مەلا و کتێبەیل قوتابخانە لە ئێمەیان شاردووەتەوە. یەکێک لەم

خەلیفەیلە کە ناوی وەلیدی کوڕی یەزید بووە، هێندە خوانەناس و بێباک و لەخۆبایی بووە، ڕۆژێکیان کەنیلە (جاریە)یەکی جوانی هەبووە، ناچاری کردووە جلوبەرگی خەلیفە بپۆشێ و بچێ لە مزگەوت لە بەردەمی هەموو گەورەپیاوەیل وڵاتدا لە جیاتیی ئەو "خەلیفە"، وتاری هەینی پێشکێش بکا. دوای ئەم ڕووداوە بیر لەوە هاتووەتە کردنەوە یەکێکی شارەزا و لێهاتی و دەمڕاست وتاری هەینی بدا.

گوتمان یەکێکی شارەزا و لێهاتی و دەمڕاست و دەمپاک و پەرێزپاک و خواناس و لەخواترس و نیشتمانپەروەر، بێگومان هێمن و هەڵگری چەندەیل خوو و نەریتی جوانی تر وەک هۆشیاری لە زانستەیلی سەردەم و مافی مرۆڤیشدا، ئینجا ئەو کەسە ڕێی دەبێ بە ناوی خوا و ئاینی خوا و بەرژەوەندییەل وڵاتەوە بدوێ. وەک چۆن ئێستا ئەم نەریتە لە وڵاتی ئێراندا باوە. نەک خەڵک لغاوکەری دەمشڕی پاشەڵپیسی لە سەت سەرچاوە ئاوخۆرەوەی وا، کە بە قسەی پڕوپووچ و ئەفسانەی کۆنی بەرئاگردان، حەفسەت هەشتسەت کەس بهێنیتە هۆڕەی گریان و باوکەڕۆ و مێشکیان پڕ بکا لە کای کۆن و کینە دژی هونەر و ڕۆشنبیری و نیشتمانپەروەری. بێگومان، دەبێ یەکێک نەبێ ماڵی خوا بکا بە بارەگای کۆمەڵ و یەککگرتوو، یان ئەجێندای گوماناوی بە ناوی خواوە بەسەر خەڵکیدا ساغ بکاتەوە.

وا بێتە کردن باشترە پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ. خەمساردیی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرامبەر ئەم پیاوە بەناو ئاینییانەدا، پاشەڕۆژی وڵات و ئەوەی بە ڕەنجی خۆمان بەدی هاتووە، دەخاتە بەردەمی نەهەنگەوە. تاقیکردنەوەی بەرپرسەیلی جەزائیر و فەڵەستین لەبەرچاون، چۆن بێباکی و بێ خەمییان بە ناوی ئەوەی گوایە ئاین ئاینی خوایە و لە سۆنگەی ڕێ پێدانیان بەم ڕەوتە ئیسلامییە بناوانڕۆ و لامل و لاڕێگر و زەینکوێرانەوە، چیی بەسەر هێنان و چەندی قوربانی پێ بژاردن.

وارگەی کوردستان نێت، نیسان ۳۰، ۲۰۱۰

## ناچین بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک

لەبەر چەند هۆیەک من ناچم بۆ کۆبوونەوەکەی سبەینێ:

یەکەم: دوو بەیاننامەی دوو حزبی ئیسلامی هەیە لە ئارادا. بەیاننامەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی دوو راگەیاندنی تەکفیرین لە ئاستی من وەک بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس و دکتۆر فەرهاد پیربالی سەرنووسیاری کۆواری (وێران) و زانا خەلیلی شاعیر.

دووەم: سەت وتاری هەینیی مەلایەلی هەولێر هەیە لە ئارادا، بە وتاریی هەینیی پێشی دوو رۆژیشەوە. شەش حەوتووە وتاری ئەم مەلایانە لە دژی ئێمە نەپساوەتەوە. لەناو شارێکی گەورەی وەکو هەولێردا ئێمەیان بە سووکایەتی پێکەری تەواوی پێغەمبەرەیل لە قەڵەم داوە.

ئەم هەڵمەتە بەرنامەرێژەی بە ئەنجامیان دا، واتە راگەیاندنی دوو حزبە ئیسلامییەکە و دەیان وتار کە بۆ درێو پشاندانی ڕووی ئێمە لە وێبسایتەیلدا هاتنە بڵاوکردنەوە، لە پاڵ "وەک گوتم" دەیان وتاری مزگەوتەیل لە هەولێر، دیمەنی ئێمەیان بە تەواوی لەناو خەڵکی کوردستاندا بەناهەق لێڵ و ناشیرین کردووە. ئێستە ئێمە وەک لە ئاین هەڵگەڕاوە و کافر ناومان دێ و دەچین بۆ هەر شوێنێک باس هەر ئەم باسەیە.

ئەوان بەم کارەیان هیچ دەرفەتێکی یەکتر بینین و بیرگۆڕینەوە و ئاخاوتنیان نەهێشتەوە. بەڵام دوای ئەوەی، هەڵمەتە بەرفرەوانەکە و بانگەشە بەرنامەدارە گوماناوییەکە و بانگەوازە درێوەکەی مەلا و حزبەیل ئیسلامی بۆ لێڵکردنی دیمەنی رۆشنبیرەیل کورد بە گشتی و بەتایبەتی ئەو سێیەی ناوم هێنان، بەرەوڕووی بەرتەکدانەوەی توندی رۆشنبیران بووەوە و شەڕ هەڵایسێن خۆیان لە سۆنگەی کارەکەی خۆیانەوە ریسوابوون، ئێستا هاتوون دەیانەوێ دانیشین و بیریان لەگەڵدا بگۆڕینەوە.

سێیەم: وێڕای هەموو ئەو کارە کرێتانەشیان، من دژ و ناحەزی قسەکردن و لەیەکتر گەیشتن نیم، بەڵام ناچم بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک کە باسی

سنووردارکردنی ئازادیی دەربڕینی تێدا بێتە کردن. ئەوان دەیانەوێ لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەوەی بە بەرنامەی توندتیژی بۆیان نەهاتە دی، بەمەیان بیهێننە دی.

چوارەم: من لەگەڵ کەسێکدا دانانیشم خۆی بەخاوەنی ئاین دابنێ و منیش بە هەڵگەڕاوە لێی. من موسڵمانم وەک ئەو. باوەڕم نییە ئەو موسڵمانێکی وەک من پاکیش بێ. کەچی هاتووە خۆی کردووە بەخاوەنی ئاینەکە و داوای تۆبەم لێ دەکا. چۆن بتوانم بیر لەگەڵ کەسێکی وادا بگۆڕمەوە یان هەر سڵاویشی لێ بکەم.

پێنجەم: دەیان ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئێمەیان هەڵداوەتێ و بانگەوازیان دەرکردووە، ناشێ بەبێ ئەوان هیچ دانیشتنێک بێتە ئەنجامدان. کێشەکە بووە بە کێشەی گشتیی ڕۆشنبیرانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

شەشەم: لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاین لە پەرلەمانی کوردستان لێژنەیەکی بێلایەن نییە لەم کێشەیەدا. دکتۆر بەشیر حەداد خۆی دەست پێکەری هەڵمەتەکەیە و هەر خۆیشی دانیشتنەکەی بەیانیی ڕێک خستووە و بەڕێوەی دەبا. بۆچی سەرۆکی پەرلەمان خۆی ئەم کارە ڕێک ناخا؟ خۆی نا، نوێنەرێکی. ئاخۆ کێشە لەوە گەورەتر هەیە کە لە بڵندوێژی مزگەوتەوە گەورەترین دەزگایەل ڕۆشنبیریی ئەم وڵاتە و ڕۆشنبیرەیلی ببنە ئامانج بۆ سووک و ریسوا و تەکفیر کردن؟ ئەو کاتە من سازم لەگەڵ ئەم مەلایەلەدا وتوویژ بکەم، کە لایەنێکی دەست تێکەڵ نەکەر، بە کارەکە هەڵستێ. دوو حزبی ئیسلامی لە پشتەوەی ئەم کێشەیەن، چەندان مەلای گومان لێکراوی لە جڤاک دابڕاو وتاریان داوە، ئەمانە هەموویان لەگەڵ ڕێبەری کۆبوونەوەکەی سبەینێدا بەیەکەوەن و لەیەک سەنگەردان.

دەبوایە لایەنێکی ڕۆشنبیری یان سیاسیی جیا، بەدوای ئەم کارەوە بوایە، بۆ نموونە ئەندامانی لیستی (گۆڕان) لە پەرلەمانی کوردستان. یان هەر نەبێ لێژنەی ڕۆشنبیری لە پەرلەمان، یان هەر لایەنێک خاوەنی ڕاستوێژی بێ لەم کێشەیەدا.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، من ناچم بۆ کۆبوونەوەکەی سبەینێ ١٠ی ئایار، کە لێژنەی ئەوقاف و ئاین لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا بەشیر ئەنجامی دەدا لە ئۆتێل چوارچرا لە هەولێر. سەرۆکی لێژنەکە شەرکەرە نەک ناوبژیکەر. ئەم کۆبوونەوەیەش بۆ غوسل دەرکردن و دەسشوشتنە لەو تاوانەی کردیان لە ئاست رۆشنبیریی بوێری کوردیدا. من ناچم و ئەوانەی خاوەنی ئەم دۆزەشن ناچن. هەروەها ناشچین بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک کە تیایدا داوامان لێ بێتە کردن باسی ئاین نەکەین. ئاین ئاینی خۆمانە و بەشێکە لە ژیانمان و باسی دەکەین.

وارگەی کوردستان نێت، ئایار ٩، ٢٠١٠

**مامەڵە بە خوێنی وشەوە**

هاتنە کوشتنی مرۆڤێک رووداوێکی دڵتەزێنە. ئەگەر قوتابییەکی زانستگە بێ رووداوەکە دڵتەزێنترە. ئەو مرۆڤە سەبارەت بە وتارنووسینەوە هاتبێتە کوشتن، رووداوێکی مەترسیدارە. دەسەڵاتی سیاسی کارەکەی بە ئەنجام دابێ، یان لەژێر لووتی ئەودا هاتبێتە ئەنجامدان، زایەڵەی زەنگوڵێکی بە مەترسییە و دەبێ لەسەری بوەستین، نەشهێڵین جارێکی تر دووبارە ببێتەوە.

ئەوەی هەموو لایەکی ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە داودەزگای پێوەندیدار تا ئێستە هیچ شتێکیان لەبارەی کوشتنی سەردەشت عوسمانەوە رانەگەیاندووە. لێژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەم وڵاتەی ئێمەدا پێشینەی پڕ شانازییان کەمە و زۆربەی جار هیچیان لێ شین نابێ. وا ئەمڕۆ ١٠ رۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا رادەبوورێ و دەسکەوتنی هیچ سەرەداوێک لەبارەی ئەو کارە تیرۆرییەوە، لەلایەن داودەزگایەلی تەناهییەوە نەهاتووەتە راگەیاندن.

هاتنە کوشتنی سەردەشت پێشی بیست ساڵ بوایە کەس پەکی لەسەر نەدەکەوت، سەردەم سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەدام بوو. پێشی دە ساڵیش رووی بدایە تێگەیشتنی فرە ئاڵۆز نەبوو لەبەرئەوەی لە شەڕی ناوەخۆدا زۆر

لە لاوەیل هاتنە کوشتن یان بێ سەروشوێن رۆیشتن، خوێنیشیان ئاوەئاو چوو. پرسەکە ئەوەیە سەردەم بووە بە سەردەمی دیموکراسی، ئازادیی دەربرین بووەتە تەوژمێک بەری لێ نایەتە گرتن.

کوردستان وا پێی ناوەتە سەردەمی دیموکراسییەوە، هێزی ئۆپۆزسیۆن و بەرهەڵستی پەیدا بووە لە وڵاتەکەماندا. ئەمە مایەی دڵخۆشییە و نیشانەی ئەوەیە جڤاکی ئێمەش کەوتووەتە سەر شارێی ژیانی خۆی، هەرچەندیشە کە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی کاڵ و هەرزەیە. دەیەوێ هەموو شت بە رووکاری بەرژەوەندیی خۆیدا ببا تەنانەت ئەگەر سوور بزانێ ئەوەی دەیکا چەوت و چەواشەیە و هیچی لێ نایەتە بەرهەم. دەبوو وا نەبێ. لەبەرئەوەی ئەگەر سبەی لێژنەی لێکۆڵینەوە، شتێکی جیا لەوەی ئۆپۆزسیۆن دەیڵێ، لە کوشتنی سەردەشت عوسماندا خستە روو، دەبێ ئەودەمە ئەو ئۆپۆزسیۆنە چ وەڵامێکی هەبێ بیداتەوە بە خەڵکێک کە دوێنێ سەری لێ شێواندبوون. بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئەوەندە بازرگانیکەرە بە هەموو دۆخێکەوە، گوێی لەوە نییە کە رای گشتی لە کوردستان چیی تر سەری بەپووش نەگیراوە.

ئەوەی بارەکەی بەلای ئۆپۆزسیۆندا لار کردووە، هەبوونی (ئەرتەشێک)ە لە رۆشنبیر و رۆژنامەوانەیلی چەقەنەلێدەر. زۆربەی ئەمانەش سەر بەئۆپۆزسیۆنە کاڵ و هەرزەکە خۆین و بە فیتی ئەو هەرگاڤ بیەوێ دەکەونە ژەنین. بۆ نموونە لەم رووداوەی کوشتنی سەردەشتدا، سەرەتا ویستیان بە ئاراستەی کەسێکی تریدا ببەن گوایە دۆرانی یەکێتی لە هەولێر لە هەڵبژاردنەیلی پێشوودا ئەو کەسە لێی بەرپرسیارە، پاشان بایان دایەوە سەر پارتی.

ئاشکرایە، هێشتا هیچ شتێک لە نهێنیگەلی پشت ئەم رووداوە روون نییە بۆمان. ئەگەر ئەم کارە لە پەنای پارتییەوە هاتبێتە ئەنجامدان، بێگومان بە کەس نایەتە شاردنەوە. پارتی نیوەی دەسەڵات پێک دەهێنێ نەک هەمووی. نیوەکەی تر بۆی داناپۆشێ ئەگەر پارتی کاری وای کردبێ. ئەوەتا هێشتا هیچ روون نەبووەتەوە، نیوەکەی تر کەوتووەتە پێشی خۆپێشاندەرەیل.

پێش دەرچوونی راگەیاندنێکی ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا لەبارەی

بەئەنجـامـدەرانی ئەو کـردەوە تیـرۆریسـتـیـیـە لەلایەن داودەزگـای تەنـاهـیـ کـوردسـتـانـەوە، مـرۆڤ ناتوانێ پەنجـە بۆ هیچ کـەس و لایەنێک درێژ بکا با گـومـانیـشـی هـەبێ لێـیـان. دەبێ چاوەڕوان بین تـا زوو یان درەنگ بۆمـان روون دەبێتـەوە. بەڵام ئەمـە واتای ئەوە نیـیـە پاڵەپەسـتۆ نەخـەینە سـەر داودەزگـای تـەنـاهـی تـا زیـاتـر پـەلـە بـکـەن لـە دۆزینـەوەی کـــریـار و بـکـەری کـــــردەوە تیـرۆرییـەکەدا. دەشلوێ بۆمـان، بە مـەزەندە و خـەیاڵـی خـۆمـان بیـر بکـەینەوە ئاخۆ کێ بێ بەرژەوەندیی هـەبێ لەم جـۆرە کردەوەیلە لە هـەرێمی کوردسـتاندا، بە تایبەتی لە شاری هەولێری پایەتەخت:

یەکـەم: لـە دیرۆکی بزاوی سـیـاسـیـی کـوردیدا، ئەوە پارتـی نیـیـە خـاوەن و هەڵگری کـولتـووری تیـرۆر و توندتیـژی بێ. تـەنانـەت لە کـاتی ملمـلانەی ناوەخـۆشـدا لە هـەشـتـایێل و لە شـەڕی نـاوەخـۆی ٩٤یش بەدواوە پـارتی تیـرۆریست یان بەکـارهـێنی توندتیـژی نەبوو. خـاوەنی ئەم کـولتـوورە پڕ لە شـانازییـە "واتە کـولتـووری ناتوندتیـژی" لە بزاوی رزگـاریخـوازیی کـوردیدا، مـسـتـەفـا بـارزانی خـۆی بووە. سـەرۆک مـەسـعـوود بارزانیش دوای ئەو، درێژەدەری هەمان کولتوورە، ئەمڕۆش دۆزێکی گەورەی نەتەوەییی لەبەردەمدایە کە خـەیاڵ و هزری ئەوەیان گرتووە. دووەم: پارتی تا ئەوپەڕی سنوور، شانازی بە هـێـمـنی و تەنـاهیی نـاوچەیلـی ژێر دەسـتـی خـۆیەوە دەکـا و لە هیـچ شت دەسکورتی و کـەمـتـەرخـەمـی ناکـا بۆ پـاراسـتنی ئەو تەناهـیـیـە. لەبەرئەوە، بێگومان پـارتی نییە بەرژەوەندیی هـەبێ لە شێواندنی باری تەناهیی هەولێردا. بخـوێنی بەڕێز لێم ببـوورێ زۆر نـاوی پارتی دەهێنم، دەبـوو باسـی حکوومـەتی هەرێم بکەین لەوبارەیەوە لەبەرئەوەی ئـەو، دابینکـەری هێـمـنی و تەناهـیـیـە لە هەولێر لە پایزی ١٩٩٦ەوە، بەڵام وتاری ئەو راگەیاندنە چەقەنەلێدەرە ناچارت دەکا ناوی پارتی بهێنی. ئەو بە مەبەست و بۆ ئەوەی بڵێ حکوومەتی هەرێم لە ئارادا نیـیـە، پارتـی بە دەسـەڵات دادەنێ. پارتی دەسـەڵات نیـیـە، حکوومـەتی هەرێم دەسەڵاتـە، خۆ ئەگەر بێو پارتیش بە دەسـەڵات دابنێن ئەوا بێدەنگی و تەناهیی هـەولێر بەلای پارتییـەوە شـتێکە بە هیـچ شـتی تر نایەتـە گۆڕینەوە و

بەراوردکردن. سێیەم: بێدەنگیی پارتی لە سەرەتای رووداوی کوشتنی سەردەشتەوە نابێ بە واتەی ئەوە بێتە وەرگرتن کەوا خۆی کریاری کارەکەیە. نەخێر وا نییە و ئەمە بە هیچ شێوەیەک نابێ بەبەڵگە. پارتی حزبێکی توندوتۆڵە و ناوەندایەتی تێیدا بەهێزە. لە رووداوێکی وا هەستیاردا داودەزگای راگەیاندنی پارتی بێدەنگ دەبن تا روونکردنەوەیەکی یەکلاییکەر لە ناوەندەوە دەردەچێ. نابێ پارتی لەگەڵ گەرەلاوژەی لایەنی تردا بێتە بەراوردکردن.

دەبێ بزانین کەوا ئەوانەی ئەم گەرەلاوژەیان لەبارەی کوشتنی سەردەشتەوە لە راگەیاندندا هێناوەتە کایە، لە رووی رەوشتییەوە زیاتر نین لە بکوژەکانی. ئەمانە مامەڵە بە خوێنی وشەوە دەکەن، تا ئێستە وتار بەناوی سەردەشتەوە دەنووسن و دەیانەوێ زۆرترین سوودی لێ وەرگرن. سوودی لێ وەربگرن و بازرگانیی پێوە بکەن. بێگومان ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەدوای ئەوەدا ناگەرێ پەردە لەرووی شتدا هەڵبماڵێ. ئەم ئۆپۆزسیۆنە بابیی ئەوەندە لە چارەنووسی خۆی بێباک و وێرا نییە تا هەنگاوی وا نەترسانە بنێ. کار بێتە سەر پەردە هەڵماڵین و پەرِ هەڵدانەوە، خۆی دەزانێ چیی لێ دەقەومێ. ئەو دەیەوێ پەردە دابداتەوە نەک هەڵی بداتەوە. پەردە دابداتەوە بەسەر تاوانی لەداردانی لاوەیل شۆرشگێری کوردستانی رۆهەلات، کە دەبوو لافاوی خۆپێشاندانی قوتابییەل و لاوەیلی هەولێر و سلێمانی لەپێناوی ئەواندا بوایە. من زۆر لەوە دەترسم ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە بناوانەوە ئۆپۆزسیۆن نەبێ. (حووسی)یەک بێ لە کوردستان و بۆ تەنگەتاوکردنی دەسەلاتی نیشتمانی لەدایک بووبێ و بەناویان هێنابێ نەک لەپێناو پەرەپێدانی بزاوی دیموکراسیدا.

بە نەختی و پوختی بڵێم: تیرۆرکردنی سەردەشت کردەوەیەکی کرێتە و کێی لەداواوە بێ، دەبێ ئاشکرا ببێ و سزای مێژوو بچێژێ. بەڵام ئەم بازرگانیکردنە پێوەی، کرێتترە "بەداخەوە" لە کوشتنەکەی. ئۆپۆزسیۆن بەم کرێتییەی خۆی و راگەیاندنە چەقەنەڵێدەرەکەی، هیچ ناکا تەنیا ئەوە نەبێ خوێنی سەردەشت ون دەکا. هەی بە نەفرەتی وشەی بوێر و ئازا بێ.

وارگەی کوردستان نێت، ئایار ١٤، ٢٠١٠

## ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەشی کەتنێکی تری ماوە پاش ئەوەی لە پرسی سەردەشتدا قەوماندی

دیمانەی ڕۆژنامەی ڕووبەر، سازدانی: ئاودێر نەسرەدین

دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و تۆمەتبارکردنی پارتی، پەشێوی و ئاڵۆزی لە نێوان پارتی و گۆڕاندا دروست دەبێت، بەدران ئەحمەد حەبیب نووسەر و بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس لەم دیمانەیەی ڕووبەردا لەبارەی ئەو پرسەوە، پێی وایە کێ هەیە رازی بێ بێ خەتا یان بێ بەڵگە بێتە تۆمەتبارکردن، پارتی نەبێ هەر کەسی تر بێ بەرگەی شتی وا ناگرێ و بەرپەرچدانەوەی دەبێ.

* لە سەردەمی دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕیندا هاتنە سەر جادە و ئەو جۆرە مانگرتنەی لە چەند رۆژی رابردوودا کرا، تا چەند دەچێتە قاڵبی تێکدانی دۆخی ئارامییەوە وەک ئەوەی راگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا باسی دەکەن، لە کاتێکدا هیچ رووداوێکی دڵتەزێنی لێ نەکەوتووەتەوە؟

– تۆ بۆچی وای لێک دەدەیەوە کەوا کێشە هەیە لەگەڵ مانگرتن و خۆپێشانداندا؟ ئەم جۆرە چالاکییێلە بەشێکن لە ماف و ئازادیی خەڵک، بەپێی یاساش هاتوونەتە پاراستن. کەس مافی ئەوەی نەما جارێکی تر بەمانگرتن و خۆپێشاندان بڵێ "گێرەشێوێنی". باوەڕ ناکەم پارتیش وای گوتبێ، واشی گوتبێ نابێ مەبەستی لە کردەوەکە خۆی بێ، مەبەستی ئەو، شێوازی بەئەنجامدانی چالاکییەکە و ئەو ئاراستەیەیە کە وەری گرت. ئاخۆ سەرچاوەی ئەو خەیاڵە چییە کە حزبی کوردی دیکتاتۆرییە و دژی ماف و ئازادییەلی خەڵکە یان پیشەی ئەوەیە ببڕێ و بکوژێ وەک کە بەشێک لە میدیای کوردی دەیەوێ وا وێنەی بکێشێ. چما دیموکراسیی کوردستان بەشێک نییە لە خەباتی گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی پارتیێل سیاسیی خۆی، بە تایبەتی پارتی؟

پوختەی پرسەکە ئەمەیە: لاوێک هاتووەتە کوشتن و ئەمە ئێمەی نیگەران کردووە. ناشزانین سەبارەت بە چییەوە هاتووەتە کوشتن، ئاخۆ سەبارەت بەپرسی نووسین و ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕینەوە هاتووەتە کوشتن یاخۆ شتێکی تر. هێشتا ئەنجامی لێکۆڵینەوە یان سەرەداوێک لەدەستدا نییە. ڕاستە شێوازی تیرۆرکردنی ئەو لاوە لە ٤ ئایارەوە کوردستانی شڵەژاندووە و زۆریش پەلەمانە بزانین ئاخۆ دەستی کێ لە پشتی ئەم تاوانەوەیە.

وەک دەبینین هێشتا لێکۆڵینەوە هیچی نەگوتووە. لەم دۆخەدا، پاڵەپەستۆکردن ڕەوایە بەڵام ناشێ چاوەڕان بین پۆلیس و ئاسایش تەقە بە تاریکییەوە بنێن و بیخەنە ئەستۆی لایەنێکەوە بێ ئەوەی بەڵگەی پێ سەلمێنیان لە بەردەستدا هەبێ؟ نابێ مرۆڤ پەلە بکا هەرچەندە زۆریش نیگەران بێ. ئەو جەماوەرەی ڕژاوەتە سەر جادە و داوای سزادان و لێپێچینەوە لە تاوانبارەیل دەکا، مافی خۆیەتی سەتی سەت، بگرە دەبێ بە هەموو هێزیشەوە پشتیوانیی ئەو جەماوەرە بکەین، کەس نییە پەژارەی هەبێ لەمە. کەسیش بەم رابوون و هەڵستانەی خەڵکی نەگوتووە گێرەشێوێنی، بەپێچەوانەوە ئەمە ئەوپەڕی بەرپرسیارەتی و ژیریی لاوەیلی کوردستانە و شانازییان پێوە دەکەین. بەڵام شتێک هەڵەیە لە پرۆسێسەکەدا ئەویش ئەوەیە تۆ ناتوانی بێ لێکۆڵینەوە لایەنێک یان کەسێک تۆمەتبار بکەی. خۆپێشاندانەکە جێی گومان نییە، تۆمەتبارکردنی بێ بەڵگە جێی گومانە. ئەمە نیگەرانییەکی ترە و کەمتر نییە لە نیگەرانیمان لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. کێ هەیە ڕازی بێ بێ خەتا یان بێ بەڵگە بێتە تۆمەتبارکردن؟ پارتی نەبێ هەر کەسی تر بێ بەرگەی شتی وا ناگرێ و بەرتەکدانەوەی دەبێ.

* هەر جارێک هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە نەغمەی حزبەکان نەخوێن پێیان دەوترێ گێرەشێوێن و دەستی دەرەوە، ئەم ئیشکالە تەنیا لە پارتیدا نییە، بگرە لە سەرجەم حزبە کوردییەکاندا هەیە، ئەم جۆرە تێڕوانینەی حزب لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئەمە مانای

بچووککردنەوەی کۆمەڵگە نییە لە حزبدا؟

ـ دیموکراسی وەک کاڵایەک لە دەرەوەڕا هاتووە بۆ وڵاتی ئێمە. هیچ پێشینە و کولتوور و ئەزموونێک لەلای ئێمەدا نییە لە بواری مەشقی دیموکراسیدا. بێگومان لەمەودوا و سەتان جاری تریش لەسەر مەشقی دیموکراسی دەبێتەوە کێشەمان و بەرۆکی یەکتر دەگرینەوە. ئەمە سەرەتایە و هێشتا نووکە، نابێ چیکڵدانەمان ئەوەندە تەنگ بێ ئەگەر کرۆکی پرسەکە بەلامانەوە پرسی دیموکراسی بێ. بەڵام وەک دەردەکەوێ پرسەکە هێندە پرسی دیموکراسی نییە هێندەی کارنامەی تری تێکەڵ بووە. وەک لە ڕوودا دیارە زیاتر هەڵپەی گەیشتنە بە کورسی. ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان داوای کورسیی دەسەڵات دەکا، ئەمە مافی خۆیەتی و لێی مبارەک بێ ئەگەر پێی گەیشت، بەڵام مامەڵەی دیموکراسی ئەوەیە بە خەباتی ئاشتییانە بگەی بەو مەبەستە نەک بە گەنگەشە و چاوڕاو و پەلاماری ناخافڵەکیی بێ واتا.

من لەگەڵ ئەو قسەیەی تۆدا نیم کە دەڵێی ئەوەی لە کوردستان بە ئاوازی حزب نەخوێنێ بەلای حزبەوە گێرەشێوێن و دەستی دەرەوەیە. هیچ وا نییە. دەسەڵاتی کوردستان دەسەڵاتێکی دیموکراسییە. بۆ ئەم سەرەتایەی ئێمە زۆر باشە و لێشمان زیادەیە. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوو هەڵبژاردنی گشتی هاتوونەتە کردن، وەک دەبینین دەسەڵاتی نەریتیی کوردی کە دوو حزبە سەرەکییەکەیە، زۆر کورسییان دۆڕاندووە. پێشی نارەحەت نەبوون و بە سنگی فرەوانەوە وەریان گرت. کێشە لە کوردستان لەوەدا نییە بڵێی دەسەڵات چیکڵدانەی تەنگە و بە هەڵسوکەوتی دیموکراسییانە دەتەقێ یان دەتۆقێ، دەق پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. چیکڵدانە تەنگ و پشووکورت و تەنگەتیلکە و لەخۆبایی ئەوەیە کە ناوی لە خۆی ناوە ئۆپۆزیسیۆن. خۆی بە لاس و پەلاسدا بردووە بۆ کورسیی دەسەڵات، وەختە سویی ببێتەوە. با دڵنیاش بێ، ئەو بەم شێوازە کار بکا نەک ناگا بەو کورسییە، بگرە ئەوەی بە دەستیشی هێناوە دای دەنێتەوە. ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ڕاستیویێژیی خۆیدا بەلای جەماوەرەوە، بەشی کەتنێکی تری ماوە پاش ئەوەی ئەمجارە لە پرسی سەردەشتدا قەوماندی.

* تۆمــەتبــارکــردنی پارتی تا چەند ڕەوایە لە کــاتێکدا بکوژانی سەردەشت هێشتا نەهاتوونەتە دۆزینەوە؟

– ڕۆژانە کـاری توندتیـژی و تیـرۆر و ڕەشــەکـوژی لە دنیـادا ڕوو دەدەن. زۆرجــار بکەر لـە ســەرەتادا نادیارە، بڕێک کــاتی دەوێ تـا دێتــە وەدۆزین. ئەمــەریکا بەو زلهـێـزییـەی خـۆی و سی ئای ئەی و سـەت و یەک هـۆیەلیـەوە، زۆرجــار ســالان پێـوە دەبێ تـاوەکـو بکەری کـردەوەیەک دەدۆزێتـەوە. مـن لە خۆمـەوە ناتوانم بڵێم بکوژی سـەردەشت کێیـە یان کێ نیـیـە، کەسـیش ئەمـە نازانێ مـەگەر ئەو کەسـە خـۆی دەسـتی هـەبووبێ لە کردەوەکەدا. نهێنیی ئەم ڕووداوە بۆ داودەزگای پۆلیس و تەناهی و دادوەری دێتە هێلان تا دەیدۆزنەوە.

بـەڵام مـن وەک خــــەیـاڵ دەکـــــەم و بـۆی دەچـم کـــاری وا نـابێ لە پـارتی بوەشـێـتـەوە. پارتی چۆن دۆخی هەولێر دەشـڵـەقـێنێ؟ پارتی هێندە پەرۆشی پاراستنی هەولێرە، هێندە پەرۆشی هیچ شـتێکی تر نییە، لەو حزبانەش نییە شـەق لە دەسکەوتی خـۆی هەڵبدا. خـووی پارتی ئەوەیە کە وەک بیلبیلەی چاو دەسکـەوت دەپارێزێ. هـەروەها لـەو حــزبانـەش نیــیــە بـە قــســەی دوو لاو و ڕۆژنامـەنووس بکەوێتـە پەلەقاژە و ڕاست و چەپی خـۆی لێ تێکەڵ ببێ. ئەگەر هەموو ئەو وتارەیلەی دەدرێتە پاڵ سەردەشت، بە ڕاستیش ئەو نووسیبنی، کە دڵنیـاش بـە وا نییـە، بەشـی ئـەوە ناکـەن پارتی لووتی لـێ لار بکاتەوە. وەک من تێی دەگەم پارتی وەک حزبێکی ڕەسەن لە مێژووی بزاوی کوردیدا زیتەڵەیی و دەمـەهـەراشـیی ئەمڕۆی لاوەیلی کوردسـتـان و وریاییـیـان، بە دەسکەوتی خـۆی دەزانێ نـەک فـیـتی دەرەکی و دەسـتی گێـرەتێکدەر. لەبەر هـەندێ مـنیش دەڵێم پەنجـە و تلییـەکی گومـاناوی هـەیە لە پشت تۆمـەتبـارکـردنی پارتییـەوە. ئەم تۆمەتبارکردنە وا بەم دەمودەستی و وا بەم بەڵگەییـە سەرنج و خەیاڵ بۆ ئەوە رادەکـێشن کـە پیـلانێک هەبێ لە ئارادا، ئەو پیـلانە بەلای کـەمـەوە دوو خـاڵ دەگرێتە خۆ: یەکیان کوشـتنی سـەردەشت و دوویان تۆمەتبارکردنی لایەنێک کـە پێشـتـر هـاتووەتە دیاریکردن، واتە پـارتی. هـەر دەڵێی چیـرۆکـێکە و دەبێ بێتە تەواوکردن بە پێی نەخشە.

* لە وتارێکدا لەسەر کوشتنی سەردەشت ئاماژە بەمامەڵەکردن بە خوێنی وشەوە دەکەی، مەبەستت لەمە چییە؟

– کێشەکە ماخۆلیایە. ڕۆشنبیر نابێ ماخۆلیای هەبێ. ماخۆلیا نەخۆشییە. بەداخەوە لە کوردستان لەشکرێک لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس هەیە کاریان ئەوەیە بەفیکە کار دەکەن. وەک تیپی ساز و ژەنین سازن بۆ هەر ئاماژکەیەکی لە سەرەوە بۆیان بێ. ئەمە گۆمی ئەزموونی دیموکراسیی کوردستانی خراپ شێلوو کردووە. بەشێک لەمانە لەپێناو دەسکەوت و سەرقەڵەمانە وا دەکەن. بەشێکی تر حەزیان لە خۆنواندنە. ئەمانە هەرچەندە "بەلای منەوە" نەخۆشیشن، وەلێ مافی خۆیانە بگەن بە شتێک کە لەلایان بووە بە خولیا، یان پێیان وایە بەم چەقەنەلێدانە دەبن بە ئەستێرەی گەشی ئاسمان و دەردەکەون، پیرۆزیان بێ، کەس ئەم حەز و خولیایەیلە ڕەت ناکاتەوە هەرچەندە بە دڵیشی نەبێ و بە نەخۆشیشی بزانێ. ڕەخنەکە تەنیا ئەوەیە ئەم مافەیلە نابێ لەسەر حسێبی خەڵکی تر بێ یان بە چاوبەستنەوەی جەماوەر و دووروویی لە ئاست ئەم و ئەودا بێنە دی. تۆ سەرنج بدە ئەم هەڵلایە چیی لێ دێ لە کۆتاییدا، ئەگەر چۆن دەڵێم وا دەرنەچوو وەرەوە بەرۆکم بگرە. ئەم "ئەرتەش"ە لە ڕۆشنبیرانی چەقەنەلێدەر کە بوونەتە هۆی گرژبوونی باری سیاسیی نێوان لایەنەیل ناکۆکی سەر گۆڕەپانی کوردستان، دوای بەیەکگەیشتنی ئەو لایەنەیلە و ڕێککەوتنیان، ئەمان خۆیان دەپووکێنەوە و پایدۆزی لێ دەکەن. ڕەنگە خوێنی سەردەشتیش لەم نێوانەدا ببی بە بەردی بن گۆم. ڕاستیت پێ بڵێم ئەو لەشکرەی ناوم هێنا بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری لە کوردستان ببێ بە کالایەکی ئەنبارەپۆی کەس نەکڕ. ئەگەر ئەمە بازرگانی نەبێ بە خوێنی سەردەشتەوە، ئەدی چییە؟ بازرگانییە بە ڕۆشنبیریشەوە، بەخوێنی وشەشەوە.

* میدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە قسەکانیاندا بەرەی ئۆپۆزسیۆن تۆمەتبار دەکەن، ئەمە هەمان نەغمە نییە کە ئۆپۆزسیۆن کاری لەسەر کردووە لە ماوەی ڕابردوودا؟

– من دەمڕاستی پارتی نیم، تا لە جیاتیی ئەو وەڵام بدەمەوە، بەڵام وەک چاودێرێک دەڵێم دۆخەکە هەر ئەوەی لێ دەگونجا کە پارتی کردی. ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بێ واتایانە و بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیان لەلا بێ دۆخەکەیان شێواند و پارتییان ئاراداوی کرد و لە خۆڕایی ریسوایان کرد. ئەمانە لە چاوگەی کولتووری خۆیانەوە لە بەرامبەرەکەیان دەڕوانن. لایەنی بەکارهێنی توندتیژی، بەلایەوە بەرامبەرەکەشی وەک خۆیەتی. مایەی خۆشحاڵی و هەروەها شانازیشە کە گرینگترین باڵی بزاوی سیاسیی کوردی لە رابردووی خۆیدا بێ بەش بووە لە کولتووری رق و توندتیژی. ئەمەش بنەوێیەکی باشە بۆ داهاتووی دیموکراسی لە کوردستان، مەبەستم لەو لایەنە پارتییە.

* بەشێک لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە بەیاننامەکەی پارتی بۆنی شەڕی ناوخۆی لێ دێت، پێت وا نییە پێویستە پارتی بە دوای بکوژانەوە بێ لە جێی ئەوەی بەیاننامەیەک دەربکا؟

– یەکەم شت، کاری پارتی نییە بەدوای بکوژدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە، ئەمە کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. دووەم میدیای کوردی، واتە ئەو میدیایەی خۆی بەبێلایەن پێشان دەدا، تا سەرۆکی حکوومەت لە پارتی بوو، یەخەی حکوومەتی گرتبوو، ئێستاش هاتووە پارتی بە دەسەڵات دادەنێ کە سەرۆکی حکوومەت لە حزبێکی ترە. بێگومان بۆ پارتی زۆر باشە، کە تۆ هەموو دەسەڵاتێکی ئەم وڵاتە لەودا ببینی، بەڵام ئاخۆ ئەمە ڕاستە؟ من چاوەڕوانی پۆلیس و ئاسایشی حکوومەتی هەرێمم لەم پرسەدا، لەگەڵ ڕێزی بێ سنووریشم بۆ ڕێکخستنەیلی پارتی و لێوەشاوەییان کە بێگومان پاڵپشتی لە حکوومەت دەکەن.

ئەم داودەزگایانە بەڵێنیان داوە بێوچان بە دوای دۆزینەوەی کریارانی ئەم کارە تیرۆرییەوە بن، کە هەموو خەڵکی کوردستانی تاساندووە. باوەڕیش ناکەم دەرفەتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوەخۆ لەکایەدا مابێ وەک ناحەزانی

کوردستــان دەیخــوازن و کاری بۆ دەکــەن. نابێ ئێــمــە بیــر لە ســیناریۆی رادیکالانە بکەینـەوە، دەبێ پێــمــان وابێ داودەزگــای پۆلیس و ئـاســایش و ئاژانسی پاراستن و هەموو لایەنێکی بەرپرسیار، کار بۆ ئەوە دەکەن بکوژەیل و تیرۆرستەیل بدۆزنەوە، بە مەش هەموو لا بێ خەم دەکەن و ناهێڵن خەونی دەرەکی لە کوردستان بێتە دی.

ڕووبەر ژ: ١٥، ئایار ٨، ٢٠١٠

## با راشکاوانەتر بدوێین

هەقـیـقـەتی مـرۆڤ لـە تەنگژەدا دەردەکـەوێ. ئەمـە پرەنسـیپ و بنەوێیــەکی گـشـتـیـیـە. مـرۆڤ چ بە تاک و چ بە کـۆمـەڵ کـاتێک بەرەوڕووی تەنگژەیەک دەبنەوە، بێ ئەوەی زەینیان لـەسەر بێ، دەکەونە بەر تاقیکردنەوەیەکی گران. رووداوی هاتنە کوشتنی گـەنجێک لە هەولێـر هەمـوو لایەکی لـە ئەزمـوون دا. ئۆپۆزسیۆن و میدیایەکەی، دەسەڵات و میدیایەکەی، سـەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومـەتی هەرێم و پەرلەمـان و رۆشـنبیرەیلی وڵات. چۆن مـامـەڵەمـان کـرد؟ ئەمــە بوو تـاقـیـکردنەوەکـە. هەرچەنـدە دوو جـاری تـر لەمــەوپێش بە نـووسین بۆچوونی خـۆم دەربڕیوە بـەڵام دوو سێ قسـەم مـابـوو. حـاجی قـادر نیم بڵـێم "قسەم زۆر مابوو نوکی خامە لێرە شکا"، دەرفەتم هەیە و دەینووسم.

ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

ئۆپۆزسیۆن بەردەوام دەیەوێ بچووکترین کەموکورتیی دەسـەڵات بقۆزێتـەوە، ئەمە مافی خۆیەتی. مافی خۆیەتی کەموکورتییەلی دەسەڵات بقۆزێتەوە تا لە رێیانەوە پاڵەپەستۆی بۆ ببا و جێی پێ لەق بکا و هەڵی قەنێ. کێشە لەمەدا نییە. کێشـە لە شـێوازی پاڵەپەسـتۆکردنەکەدایە. دوو جۆر پێوەندی هەیە لە نێـوان ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵاتدا، یان ئەوەیە ناکۆکـیـیەکی دژبەرانەیە، وەک ئەوەی جاران ئۆپۆزسیۆنی کوردی و عێراقی لە بەرامبەر رێژیمی سەدامدا هەیانبـوو، بێ بەزەییـیانە ئێسکی یەکتریان دەشکاند. یانیش پێوەندییـەکە

ناکۆکییەکی تەواوکارانەیە وەک ئەوەی لە سەردەمی دیموکراسیدا بە یەکترەوەیان دەبەستێ. سەردەمی دیموکراسی تەنیا ئەوە نییە ئازادییەیلی وەربگری و بەکاریان بێنی و پێیان بەختەوەر ببی، ئەوەشە کە بەرپرسیارەتیی پاراستنیان هەڵگری. لە رووداوی هاتنە کوشتنی سەردەشت عوسماندا ئۆپۆزسیۆن زۆری لە سنووری رێ پێدراوی خۆی تێ پەڕاند. ئەوەی ئەوان گەیاندیانە میدیای ئەوروپا و ئەمەریکا و وڵاتەیلی هاوسێ، هیچی تێدا نەهێشتبووەوە. تەنیا ئەوەی لێ دەفامرایەوە کە دەیانەوێ کورد بە گشتی و ئەزموونە سیاسییەکەی بەتایبەتی ریسوا بکەن، وێرای ئەمە ختووکەدانی دەسەڵاتیش بوو بۆ ئەوەی شمشێر هەڵکێشێ و مل بپەڕێنێ هەر بۆ ئەوەی ئەوان بڵێن فەرموون ئەوەتا دەسەڵاتی کوردی نادیموکراسییە. ئەمەش ئەوپەڕی نابەرپرسیارەتییە. با سەرنج لە دنیای گەورە بدەین، دەبینین دیموکراسی دۆخێکی زیندووە لە ژیانی گەلاندا، ئەوانەی سوودی لێ وەردەگرن: ئۆپۆزسیۆن، میدیای ئازاد، رێکخراوەیلی جڤاکی شارنشینی و هەر کەسێکی تر، دەبێ پەرۆشی پاراستنیشی بن. دیموکراسییەکی دەڵەمەی وەک ئەوەی لەمەڕ خۆمان، کەمێک زیاتر لە رادەی خۆی بیگوشی، دەبێ بە دەسەڵاتێکی گوێ بە هیچ نەدەری خۆپارێز رەنگە دیکتاتۆریش. لەوبەریشەوە ئۆپۆزسیۆنێکی ناحاڵی و بێ رەگ و بنەوای وەک ئەوەی لەمەڕ خۆمان، کەمێک چاوی لێ سوور کەیەوە دەخزێتە باوەشی دوژمنەوە کە لە هەرچوار لاوە بۆی کراوەتەوە.

لە دۆخێکی وا ناپوختدا ئەرکی سەرشانی میدیای ئازاد "ئەگەر هەبێ" و ئۆپۆزسیۆن "ئەگەر هەبێ"، ئەوەیە دەست بەو پەڕاوێز و داوێنە دیموکراسییەوە بگرن کە هەیە و بەری نەدەن و پەرەی پێ بدەن. نازانم کێیە پێی وایە ئەم دیموکراسییەی کوردستان نەمرە هەر لەبەرئەوەی ئەمەریکا لێرەیە؟ ئەدی ئەوە نییە سێ مانگە هەڵبژاردنێکی دیوەدەر و روون لە عێراقدا هاتووەتە ئەنجامدان و رۆژانە بە بەرچاوی دەسەڵاتی ئەمەریکاوە دێتە تاساندن و ئەویش نقەی لێوە نایە. بە کورتی دیموکراسییە دەڵەمەکەی کوردستان نابێ

گەمەی نابەرپرسانەی لەگەڵدا بێتە کردن ئەگینا دواجار دەبێتە پرسەکەی کە دەڵێ "علي وعلى أعدائي". واتە: ئەویشی پێ ببەزێنی و خۆشتی پێ بەفەتارەت بدەی.

ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەرقدا چووە

بۆچی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و ئەوەی بە خۆی دەڵێ میدیای ئازاد، وا بەم رادەیە دەسەڵاتی کوردستان بە دوژمنی باوەکوشتە دەزانێ؟ وەک گوتمان پرسەکە دژایەتییەکی ئاسایی و نەریتی نییە وەک ئەوەی لە نێوان هەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی و بەرهەڵستەکەیدا هەیە تا ئێمەش بە ئاسایی وەری بگرین، بێگومان بەرماوەی ناحەزییەل کۆنیش نییە تا لێی تێ بگەین، واتە بەرماوەی ناحەزیی ساڵەیلی شێست یان هەشتایەل یان شەڕی ناوەخۆی نەوەتەیل نییە. ئەمانە هیچیان نییە، ئەمانە زۆر کۆن بوون رەنگە کوێریش بووبنەوە. بە بۆچوونی من ئەم دۆخی بیرکردنەوە و هەڵوێست گرتنەی ئۆپۆزسیۆن و رۆشنبیرەیلی بەناو سەربەخۆ، لە هەڵقولیوی ئاوەزکەی خێڵەکایەتی و کشتە دەماری ناوچەیی (تعصب إقليمي) بەولاوە هیچ شتی تر نییە.

ئێوارەی ٢٦ی مانگی رابردوو لە کردنەوەی نووسینگەی پێوەندییەل بازرگانی و پیشەسازیی ئەڵمانیا لە هەولێر، لەوێ بووم، وەزیری بازرگانیی ئەڵمان باسی هۆیەلی هاندانی لایەنی ئەڵمانی دەکرد لە کردنەوەی ئەم نووسینگەیەدا. دەیگوت ئێمە هاتووین لەبەرئەوەی هەولێر هێمن و تەناهە، شەقامەیلی پانن، دار و دەوەنیان لەمبەر و لەوبەر چاندوون، دەیگوت ئەم وڵاتە پاشەرۆژی هەیە بۆیە هاتووین. ئەڵمانێک دەسمایە و پارەی لێ وەگەڕ خستووە پاشەرۆژی وا دەبینێ. کوردێکیش ژەهری کینە و بەرچاوتەنگیی لێ وەگەڕ خستووە حەز دەکا ناوی بنێ شاری تۆقاندن و تیرۆر. باشە ئەم ترۆیی و تەنگەتیلەکەییە چییە لە ئاست ئەو خەونەیدا دەڵێ هەولێر ببێ بەدوبەی، بوونی هەولێر بە بنکەیەکی گەورەی بازرگانی بێگومان دەیکا بە پانک و

هەواری دیموکراسیش. هاتنی دەسمایەی بیانی بۆ وڵاتەکەمان، هەلی پێشوەچوونی بزاوی دیموکراسی فرەوانتر دەکا. لەبەرئەوەی دەسمایە داونەریتی سەردەمییانەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بۆ من وەک کوردێک، ئەوە خەونێکی دیموکراسیخوازانەیە هەولێر ببێ بەدوبەی. ئۆپۆزسیۆنێک، میدیایەک لە خەمی دیموکراسیدا بێ، دەبێ وا بیر بکاتەوە و خەون ببینێ نەک گاڵتەی پێ بێ و رقی لێ هەڵگرێ. ئەوەی لە کوردستاندا هەیە چ ئۆپۆزسیۆن چ میدیا لەبەرئەوەی ئاوەزکەیەکی خێڵەکایەتی و ناوچەیی لە پشتەوە هەیە ناتوانێ دیمەنەکە بەباری دروستی و روونیدا ببینێ، ئەو رقی لە هەولێرە و تەواو. بۆ؟ لەبەرئەوەی مێشکی خێڵەکییە.

میدیای دەرەوەی یاسا

ئەوە میدیای دیموکراسی نییە کە لە کوردستاندا هەیە. بنەوای دیموکراسی ئەوەیە بەرامبەرەکەشت بە مافدار ببینی وەک چۆن خۆت بە مافدار دەزانی. پیشەییبوون راستگۆییە. پیشەییبوون هەوڵە بۆ هەبوونی یاسا، رێزگرتنە لە یاسا. میدیای بەناو ئازاد لە کوردستان لەبەرئەوەی پیشەیی نییە بووەتە کۆیلەی ئاوەزێکی ترسەنۆک و تەنگەبەر، پیشەیی نییە لەبەرئەوە دەیەوێ خۆی لە سەرەوەی یاسا و لێپێچینەوەدا ببینێ. ئەم ئاوەزە خێڵەکییانەیە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بنەواگەلی سەردەمییانە و کولتووری مرۆڤی ئازاددا یەک ناگرێتەوە. چۆن جاران بەگ و فیۆداڵێک کە مافەیلی ئەوانی تری پێخوست دەکرد، یاسا و بنەوایەک نەبوو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکا، یان مەلایەک ئەمڕۆ لە بەرزەوێژی مزگەوتەوە راست و چەپ دادەپاچێ و لەکەدار دەکا و ناو دەزڕێنێ، ئەویش خۆی لەسەرەوەی نەریت و یاساوە دەبینێ. لەم رۆژانەدا مەلایەل یاسایەکیان داوە بە پەرلەمان داوا دەکەن پاس (حصانة)یان هەبێ. بۆ داوا نەکەن؟ چییان کەمترە لە رۆژنامەوان؟ تۆمەتێکی گەورەیە بە یەکێک بڵێی لە ئاین وەرگەڕاو، مەلا دەیڵێ و بەرزەکی بانانیش بۆی دەردەچێ. دەیەوێ لەمەودوا برگەی یاساییشی لە پشتەوە بێ نەبادا پۆلیس بێتە ئاراوە. ئەویش وەک رۆژنامەوان بێبارە و بێ زاخ. لەو تۆمەتە گەورەتر نییە بە یەکێک بڵێی

فـايلدار و يارمـەتيدەری ڕێژيمی سـەدام. بڵاوكـراوەی كـوردی هـەيە كـردی و بۆشی چووە سـەر و كـابرای فـايل خـراوەپاڵ، گـوللەيەكی بەسـەری خۆيەوە نا. بڵاوكــراوەكــەش وەک مــەلای بـانەمــان، بـەرزەكی بـانان بـۆی دەرچوو، بـۆ؟ لەبەرئەوەی لەسـەرەوەی ياسايە. ئەو ئاوەزەی لـە پشت ئەو بڕگەيەيە لە ياسـای ڕۆژنامـەنووسـەيل كـە دەڵێ نابێ ڕۆژنامـەوان بكـەوێتـە گـرتيگەوە، ئـاوەزێكی ترسـەنۆک و بێ زاتە. بێگومان هـەر مافێک بێ لێپێچينەوە بێ لەسـەر بناخـەی ترسـەنۆكيیە. ئازايی ئەوەيـە لە بەرامبـەر مەترسيدا بێتـە نواندن. بوێر ئەوەيە مل لە چەقۆ بسوێ. ڕۆژنامەوانی كورد جنێو بە ئەرد و ئاسمان دەدا، كە ناوی پۆليس و گرتيگەش بێنە گوێی، هـەناوی دەپسـێ. لێپێچينەوە لـە ڕۆژنامەوان و گرتنی، بەهيچ شێوەيەک واتەی ئەوە نادا كە ڕێ لە ئازاديی دەربڕين هـاتووەتە گرتن، ئەمـە درۆ و فـشـەيـەكە هـەنـدێک كەس كـردوويانە بـە بەند و باو. ئازاديی دەربڕين بـە ياسـا هـاتووەتە پاراسـتن، مـافی بـەرامبـەريش بە هـەمـان شـێوە. كـەس مــافی نيـيـە لـەسـەر ئاوڕوو و ناوبـانگ و مـافی خـەڵكی تر، خـۆی بكا بەپيــاوی ناو پيـاوان. ئەگـەر پـەرلەمـانی كـوردسـتــان ئەو بڕگـەيە لـە ياسـای ڕۆژنامەنووسـەيل چاک نەكاتەوە، دەبێ هـەمـان ماف بدا بە مەلا و شێخ و ئاغا و بازرگـان و مـامـۆسـتـای زانسگە و هـەر كـەسـێكی تر كـە خـۆی بە مـاقـووڵ دەزانێ.

ئەوەی لە پرسـی تيرۆركـردنی سـەردەشـتدا بە سـەرۆكی هـەرێم و هـەندێک ناوی ناو پـارتيـيــان كـرد، ياسـا هـەبوايە رزگـاريـان نەدەبوو. دەبێ بشــزانين هـەمــان نەبوونی ياسـا كـە ئۆپۆزسـيـۆن و مـيـديای بەناو ئازاد لە سـايەيدا حـەسـاونـەتەوە، ئەگـەر بێـو هـەڕەشــە و شــووڵ هـەڵكێـشــان بێنە گـۆڕێ، دەسەڵاتيش لە سايەيدا دەحەسێتەوە.

تۆمەتی بێ بنەوا و وەڵامدانەوەی

تۆمــەت دانەپاڵی بـێ بەڵگە و بنەوا، دوو لايـەنی هـەيە. لايـەنـە ئاشكرايەكــەی ئەوەيە تۆمـەتدەر دەيەوێ كـەسـێک يان لايەنێک ريسـوا و بەدناو بكا و تۆڵەی

شتێکی لێ بکاتەوە، جا یان تۆڵەی بردنەوەیە لە هەڵبژاردنەیلی عێراق یانیش تۆڵەی پێشکەوتنی هەولێرە. ئەمەیان لە پرسی سەردەشتدا زۆر بەڕوونی وەدەر کەوت. تۆمەتدەر بۆی چووە سەر و تێشیدا سەرکەوت. لەم رۆژانەدا دوو هاوەڵی لبنانیم کە هیچ پێوەندییان بە ڕۆژنامەوانییەوە نییە، بە درێژی و وردایەتییەوە باسی پرسی کوشتنی سەردەشتیان بۆم گێڕایەوە کتومت وەک ئەوەی لێرە گۆڕان بڵاوی دەکردەوە بگرە خراتریش. گوتیان ئەم پرسە بووە بە وێردی سەر زاری هەموو لبنانییەک. چەند هاوەڵێکی کەنەدایی و بەریتانیایی و ئەڵمانیاییش هەمان بابەتیان وەک ئەوەی ئەوان گێڕایەوە بۆم. کەواتە ئەوان لەو پلانەی دایان نابوو بۆ ریسوا و بەدناوکردن، سەر کەوتن. ئەمە لایەنی یەکەم، بەڵام لایەنی دووەم ئەوەیە ئەوان تەنیا پارتی بە بەرپرسیار و دەسەڵاتی کوردستان دەزانن، ئەمە لە سایکۆلۆجیەتیاندا وا پێوارانە و وەشارتییانە چەسپیوە، بەبێ ئاگایی خۆیان دەری دەبڕن. بەڵام ئەمە بۆ پارتی قازانج و بەرژەوەندە و نابێ پێی قەڵس ببێ. بە بەرپرسیار دانانی کەسێک یان لایەنێک با لە لایەکەوە بۆ تۆمەت لێبارکردنیشی بێ، لە لایەکی ترەوە بۆ چاوەڕوانی لێکردنیەتی.

پارتی بێ چەند و چوون هێزی یەکەمە لە کوردستان، بۆیە بێگومان بەرپرسیاریشە لە پاراستنی یاسا و دۆخی گشتی. پارتی لەم لایەنەوە سوودی وەرگرتووە و دەبێ هەلەکە لە کیس خۆی نەدا. لاوێک هاتووەتە کوشتن، دەشڵێن بە هۆی دەربڕینی بۆچوونەوە هاتووە کوشتن، دۆزینەوەی بکوژ و ئاشکرابوونی وردایەتیی رووداوەکە، بۆ داودەزگای لێوەشاوەی تەناهیی هەولێر هەلێکی زێڕینە بۆ پێشاندانی بەرپرسیارەتیی راستەقینە. من لەگەڵ ئەوەدا نیم لاپەڕەی کۆن بێتە هەڵدانەوە وەک کە راگەیاندنی پارتی کردی، ئەمە هیچ سوودی نییە و تەنیاش کات بەفیڕۆ دەدا، من لەگەڵ لاپەڕی نوێدام. لاپەڕەی نوێ ئەوەیە: کاروباری بەڕێوەبردن دیوەدەرتر و روونتر بێ و بیرۆکراسی کەم ببێتەوە، دیموکراسی بەرهەڵداتر بێ و میدیای ئازاد بێتە دامەزراندن. لە پاڵ هەمووشیاندا یاسا و لێپێچینەوە تۆکمەتر بن.

میدیایەک هەیە لە کوردستان خۆی ناوی لە خۆی ناوە میدیای ئازاد و بێلایەن و پیشەیی، کەس ناوی وای لێ نەناوە، ئەو خۆی ئەم خەیاڵە دەکا، درۆش دەکا هیچ یەکێک لەم سیفەتەیلەی تێدا نییە، هیچ بنەوایەکی راستوێژیی نییە و کەسیش بڕوای پێ ناکا. لە هیچ شتێکیشدا بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتی نەکردووە تا بۆی بێتە ژمـاردن. ئەم میدیایە رەنگە بێتە خوێندنەوە بەڵام خوێندنەوە تاکە مەرج نییە بۆ بڕوا پێکردن. وەک چۆن هەموو کەس حەز دەکا گوێ لە درۆزن و فشەکەر بگرێ تا بزانێ چیی تازەی پێیە هەرچەندە دەشزانی هەمووی ڤڕ و خەیاڵە. ئەم میدیایە لەگەڵ توێژێک لە رۆشنبیر و بنووسەیلدا یەکیان گرتووە، وەک نەینۆکی سەرتاش کە لە بەر و دوادا هاتوونەتە هەڵواسین، بەردەوام وێنەی یەکتر دەدەنەوە. وێنەی ئۆپۆزسیۆنەکەی دواوەشیان دەدەنەوە کە بە فیتووی ئەو دەجووڵێنەوە.

هەردوو لایان یان راستتر بڵێم هەرسێ لایان نوقم و شەلاڵی ئاوەزکە و بیری ناوچەیی و خێلایەتین. بە هیچ کلۆجێ نەیانتوانیوە نەتەوایەتییانە بیر بکەنەوە یان هەڵوێستی نەتەوەیی لە خۆیاندا بنوێنن. بەردەوام مژوولی هەڵایساندنەوەی ئاگری دووبەرەکیی ناوچەیین. ئەمانە لە قەڵەمی شەڕی ناوەخۆ خراترن، چا نەبوو شەڕی ناوەخۆ ململانەیەکی سیاسییانە بوو، ئەمانە ململانەیەکی ناوچەییانە دەکەن.

هەندێک جار سەیری دیمانە تەلەڤزیۆنەیلیان دەکەم یان زۆر لە خۆم دەکەم وتارێکی یەکێکیان دەخوێنمەوە، حەیف، دەبینم چەند نابەرپرسیارانە بیر دەکەنەوە.

هەرچەندە دڵنیام زۆربەی خەڵک بڕوایان پێ ناکەن بەڵام وەک دەبینین هزرگە و خەیاڵدانی خەڵکیان وێران کردووە. بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی رایەکی گشتیی نابەرپرسیار لە هەرێمدا. رایەک کە بڕوای بە هیچ نییە. گۆڕەپانیش والایە بۆیان. لە بەرامبەریاندا میدیای دەسەلات زۆر سست و

دەستەپاچە و کەساسە. ئەمەیە زیاتر کە مایەی دڵەڕاوکە و مەترسییە لە ئاست پاشەڕۆژی دیموکراسی لە کوردستاندا. میدیا بە هەردوو تەرەفەکەیەوە چ ئۆپۆزسیۆن و چ دەسەڵات لە خەمی ئەوەدا نین رایەکی گشتیی هۆشیار و بەهێز پەیدا ببێ لەم وڵاتەدا. بە نەختی و پوختی دەتوانم بڵێم رۆشنبیری کورد لەم ئەزموونە سیاسییەدا نێگەتیڤە.

کورد لەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرییەدا چیی هەیە بەولاوە لە: سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و داودەزگایەکی حکوومەتیی دەڵەمە و نەوەکام. سووکایەتیکردن پێیان و ڕەشکردنیان لەبەرچاوی خەڵکی کوردستاندا، سوود بەکێ دەگەینێ؟ لێکەمکردنەوەیان و نیشانەی پرسیار خستنەسەر راستوێژییان لە پرسی دیموکراسی لە پێش چاوی رای گشتیی بیانیدا، چی دەگەینێ؟ ئاخۆ ئەمە هەوڵدان نییە بۆ گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر؟ ئۆپۆزسیۆنێک کە دیارە خەون و خەیاڵی لە پارە و ململانەیەکی تەسک بۆ گەیشتن بە خەزێنە، بەولاوە بە هیچی ترەوە بەند نییە، رۆشنبیر و رۆژنامەوانێک کە بە ئاشکرا و بە نوێژی نیوەڕۆ بەشدارە لە گەندەڵیدا، مووچەی حەرامی بندیوارانە وەردەگرێ و شەرمیش ناکا لەوەی قسە بکا و جنێو دابەش بکا، واش دەزانێ کەس نایناسێ، چۆن پێیان نەگوترێ نێگەتیڤ و نەزان و نابەرپرسیار.

خەبات ژ: ٣٤٩١، حوزەیران ٧، ٢٠١٠

## کەشتیگەلی ئازادی

ئیسرائیل دەوڵەتێکە بەردەوام لە دۆخێکی هیسترییاییدا ژیان بەسەر دەبا. هەر ئەم هیستریایەشە پاڵی پێوە دەنێ رۆژ لە دوای رۆژ ملهوڕتر ببێ و ملهوڕانەتر بجووڵێتەوە. ئەگەر هیستریا نەبێ، دەبێ چی بێ پاڵدەری ئەوەی وا هەڵسوکەوت بکا لە ئاست کەشتیگەلی ئازادیدا؟ مرۆگەلێکی ئاشتیپەروەر لە سەرتاسەری گۆی زەوییەوە هاتوون بۆ هێنانی باربوو و هاوکاریی مرۆڤییانە بۆ دانیشتوانی غەزە. راستە ئەم هاتنەیان ناو لێ ناوە شکاندنی

گەمارۆ کە زاراوەیەکی راچەنێنە (ئیستفزازییە)، با بڵێین وایە و بەڕاستی بۆ شکاندنی گەمارۆی ئابووری و سیاسیی سەر ئەو دەڤەرە هاتوون، ئاخۆ ئەمە بۆچی خراپە یان بۆچی ئەو گومانی وایە بەزیانی وی تەواو دەبێ؟ ئەمە بیرکردنەوەیەکی چەوتە، کە لە هۆشی پیاوەیلی دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەخولێتەوە.

لە دەڤەری غەزەدا دانیشتوانێک هەیە، مافی خۆیانە مرۆڤییانە رابوێرن، ناشێ نکووری لەمە بێتە کردن. راستە بزاوی حەماس هەمو شتێکی لەو دەڤەرەدا لەوتاندووە و تەواوی دانیشتوانەکەی لە سیاسەتی خۆی وەرداوە. بەڵام فەتحیش لەو دەڤەرەدا چالاکە کە هانی توندتیژی نادا. بێ لەمە، بەردەوامبوونی گەمارۆ بەسەر غەزەوە دانیشتوانەکەی زیاتر پاڵ دەدا تا لایەنگری لە حەماس بکەن. بەپێچەوانەشەوە، خاوکردنەوەی گەمارۆ لە هەر لایەنێکەوە بێ، دانیشتوانەکە تێکەڵ دەکاتەوە بەجڤاکی مرۆڤایەتی و لە ئیسلامی لاڕێگریان بە دوور دەخاتەوە. بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل ناتوانێ هێورانە بیر بکاتەوە، زیاتر لە ٦٠ ساڵە ئەم دەوڵەتە بە ژیگەی خۆی نامۆیە. گەلانی عەرەب بەگشتی نفرەی دەکەن، تەنانەت ئەو وڵاتەیلەش کە رێککەوتنی ئاشتییان مۆر کردووە لەگەڵیدا وەک میسر، گەلەیلیان ئەوپەڕی ناحەزی لە دژی ئەم دراوسێیە حەشار دەدەن. بەلای هزری نەتەوەییانەی عەرەبەوە قوتبوونەوەی دەوڵەتێک بۆ جوو لە کەلەکەی ئەواندا، بە نیشانەی بەزینی دواجارەکیی عەرەب لە مێژوو دێتە لێکدانەوە. ئەم بیرکردنەوەیە دۆخێکی هیستریانەی لە جۆری ئەوەکەی ئیسرائیل، بگرە خراتریش لەلای نەتەوەرۆیەل عەرەبدا خوڵقاندووە. بۆ ئەوان، ئەمە تەنیا دۆڕانی هەندێک زەوی نییە، بگرە دۆڕانێکە لە بواری ژیاریشدا. ئەوان نایانەوێ دان بە دۆڕانی ژیاریی عەرەبدا بنێن، هەرچەندە ئەم دان پێدا نەهێنانە بە بۆچوونی من گەلێک خراترە لە دۆڕاندنەکە خۆی. شۆڕشی پیشەسازیی ئەوروپا و نوێباوەتی "مۆدێرنیزم"ی ئەوروپایی و ئەو پێشکەوتنەیلەی لە هەموو بوارەیلی ژیاندا، لە سایەی ئەو دوو کەڵەمبازە مێژووییەوە هاتنە کایە، تای تەرازووی

عەرەبیان بەجارێک لە ململانەی ژیاریدا، سووک کرد. گلۆبالیزمی ئەمەریکا و شۆڕشی تەکنیکیش بەیەکجاری هەلی ئەوەیان لە کیسی عەرەب دا جارێکی تر کێبەرکێیان پێ بکرێتەوە لەگەڵ ڕۆئاوادا. ئەم دۆخەش هەر عەرەب ناگرێتەوە، بگرە تەواوی گەلەیل ئیسلام دەگرێتەوە.

ئەو دۆخەی ناومان نا هیستریایی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، دەرفەتی داوە زۆر لایەنی تریش ببن بەبەش لەو ململانێیەدا. لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، وڵاتەیل یەکگرتووی ئەمەریکا بە سوودی ئیسرائیل و بە زیانی عەرەب لە هاوکێشەکەدایە، دەتوانین بڵێین هەروەها بەشی زۆری وڵاتەیل بەهێزی ئەورووپاش هەمان ڕۆڵیان بینیوە. بە درێژای چەندان ساڵی ڕابردوو، ئێرانیش هاتووەتە سەر هێڵ و ئێستاش وا تورکیا بە گەرمی تێکەڵ بووە، کە بەبۆچوونی من ئەمانەش هەر بە زیانی عەرەب تەواو دەبن. هاتنی ئێران و تورکیا بۆ ناو هاوکێشەی ململانێیەکە شتێک بۆ بەرژەوەندیی عەرەب ناگۆڕێ، لەبەرئەوەی پرسەکە پرسی گەلەکۆیی و ژمارە نییە، عەرەب پێشتر پەکیان لەسەر ژمارە و کاری گەلەکۆیی نەکەوتبوو، پرسەکە پرسی دۆڕانێکە لە واری ئابووری و داونەریتی کۆمەڵایەتی و بەهای کولتووریدا، کە دەبێ نەتەوەڕۆیەل عەرەب تێی بگەن. بەبۆچوونی من، لەناو توێژی ڕۆشنبیرانی عەرەبدا تەنیا سەرکردایەتیی ڕێکخراوی فەتح لەم پرسە گەیشتوون و دەیانەوێ شتێک بۆ خۆیان لەم دۆڕانە مێژووییە ڕزگار بکەن، بەڵام لەناو کەف و کوڵی هیستریای دنیای عەرەبی و پاشان ئیسلامیدا، کێ دەڵێ فریای هیچ دەکەون.

کورد لەم نێوانەدا چین؟

کورد لەمێژە بەهەستی زگماکی خۆیان لە هاوکێشە لاسەنگەکەی نێوان عەرەب و ڕۆئاوا گەیشتوون. حەزیشیان بە سەرکەوتنی دوژمنی دوژمن کردووە، کە دوژمنەکەی ئەوان ڕژێمی عێراق بووە. بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە دواجار لە رووی ژیارەتییەوە خۆشیان بەشێک دەبن لە دۆڕانەکە. گەلی فەڵەستین و گەلی کوردستان لە دوو دۆستی لە یەک زیز دەچن. هەردوویان لە ژێگەیەکدا ژیان بەسەر دەبەن هەڤاڵ و پشتیوانی ڕاستەقینەیان

تێدا دەست نەکەوتووە. هەر لایەک دۆستیان بووبێ، بۆ نیازێک، داڵدە و یارمەتیی داون. بۆیە ئەوان واتە فەڵەستینییەکان لە پەرێشانیی بێ دۆستیدا، ماوەیەک سەدامێکی رادیکاڵیان خۆش دەویست، کوردیش لە پەرێشانیی بێ دۆستیدا بەهیوای سەرکەوتنی دوژمنی دوژمن بوون. ئەودەمەی قوتابیی زانکۆ بووم لە مووسڵ لە نێوان ٨٠ تا ١٩٨٥دا هەر کات قوتابییەکی فەڵەستینیم بناسیایە حەزم دەکرد لێی نێزیک ببمەوە و بیلاوێنمەوە، دەتاسام کە هەستم دەکرد لە کورد دڕدۆنگە. ئەو کاتە لە بزاوێکی چەپڕۆدا چالاک بووم، بۆ من پشتیوانی لە دۆزی فەڵەستین بەشێک بوو لە ئەرک یان راستتر بڵێم بەشێک بوو لە چوارچێوەیەکی سیاسی و هزری. تەنانەت بزووتنەوەی سیاسیی کوردیش بە گشتی بەشێک بووە لە بزاوی چەپڕۆیی. دۆزی فەڵەستین بەردەوام دۆزێکی پشتیوانی لێکراو بوو لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە.

باوەڕ ناکەم بەلای بزووتنەوەی سیاسیی کوردەوە دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ سەردەمێک لە لیستی دۆستدا هاتبێتە ژماردن، ئەمە راستییەکە خڵتەی تێدا نییە. ئەگەر جارێکیش لە سەردەمێکی زوودا، وەک تاکتیک جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵدا هاتبێتە بەستن، هیچ لەو راستییەی سەرەوە ناگۆڕێ. بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەر چاوی لە بنەبانی عەرەبی بووە بۆ دۆستایەتی و پشتەوانی و یارمەتی. لێرە دەتوانم بە هەموو کوڵەوە بڵێم لە پرسی پێوەندیی کورد لەگەڵ ئیسرائیلدا کە بەردەوام راگەیاندنی عەرەبی بێ بەڵگە دووپاتەی لەسەر دەکاتەوە، هیچ گومانێک لە بێبەریبوونی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەم پرسەدا نابێ هەبێ.

کێشە لەم پرسە لەگەڵ لاوانی کورد و ئەم وەچە تازەیەدایە، کە دەڵێن ئێمە لە گەلەیل عەرەب خێرمان نەدیووە، بگرە بێ هیواش بووین لێیان. ئەمە بێگومان رەنگدانەوەی سیاسەتی چەوتی رێژیمێکی دیکتاتۆرییە کە ٣٥ ساڵ بێ رەحمانە ستەمی لە کورد کرد. لە هەشتایەل سەتەی پێشوودا، لە ژێر دروشمی سوورەتێک لە قورئان (سوورەتی ئەنفال) دەیان هەزار کورد لە عێراق هاتنە بێ سەروشوێن کردن، ئێستاش بەردەوام لە گۆڕستانەیل

کۆمـەڵیـدا شـوێنـەواریان دێتـە وەدۆزین. وڵاتێک هـاتە کـوێرکـردنـەوە، دەنگی ئازادیخـوازانـەی گەلێک لە گـەروویدا هـاتـە تاسـاندن، بەڵام نووزەی دەنگێکی هـاوسـۆزی لـە عـەرەبی براوە نەهاتـە بیـستن. سـەمـەرەی مـێـژووە، کـە وڵاتی جـەزائیری یـەک ملیۆن شـەهید، دوای تەنیـا دە سـاڵ لـە سـەربەخـۆیی، بەشـێک بوو لە پیـلانێک دژی بزووتنەوەی رزگـاریخـوازی گەلێکی هـاوشـێوەی خـۆی کە کورد بوو.

زۆرجـار دیمەنەیل رواڵەتی سـەر لە مـرۆڤ و تەنانەت لە مـرۆڤی هۆشـیـاریش تێک دەدەن. ئەوە گەلەیل عـەرەب نەبوون کە کردەوەی تـۆوبڕینەوەی کوردیان لە ١٩٨٨دا لە ژێر ناوی سـوورەتی ئەنفـالدا ئەنجـام دا، ئەوە گـەلـی جـەزائیـریش نەبوو کە لە سـاڵی ١٩٧٥دا مێوانداریی لـە گەورەترین پیلانی مێژوویی لە دژی گەلێکی بۆ مافی خۆ راپەڕیو کرد، ئەوە رێژیمەیل ستەمکاری عەرەبن کە هۆش و ئاوەزیـان لە سـەری گـەلانی عـەرەبدا تـاراندووە و ناهـێـڵن راست و چەپی خۆیان لەیەک جیا بکەنەوە.

لەم رۆژانـەدا، بە بۆنـەی سـەردانی سـەرۆکی هەرێمی کـوردسـتـانـەوە بۆ تورکیا، سەرۆکی ناوەندێکی عارەبی بۆ لێکۆڵینەوە، لە ختوخۆڕایی و بێ بەڵگە تۆمەتی هـەبوونی چەنـدان کەسی ئیسرائیلیی لە کوردستـان لە ژێر سـەرپۆشی رێکخـراوەیلی بیـانیدا دایە پاڵ سـەرکـردایەتیی کـورد. لە بەرامبـەر فیـشـاڵی دەبەنگێکی وادا، کە بەهـەموو جـەختێکەوە خـزمـەتی ئیسرائیل دەکا و گـەلی کورد لە پشـتـیـوانیی عـەرەبی فـەڵەسـتین بە دوور دەخـاتەوە، مـرۆڤی کورد بێ هیـوا دەبێ. ئەم تـۆمـەتـە بێ بنەوایە جگە لە هەسـتێکی ناخـۆشـحـاڵی لەلای هـاووڵاتی کورد، هیچ شتێک دروست ناکا. ئەمـە کە بەناو رۆشنبیری عـەرەبە، لە جـیـاتیی دۆست، ناحـەز بۆ گـەلەکـەی خـۆی زۆر دەکـا. ئەمـە دەردێکی لەمێژینەی نەتەوەرۆیانی عەرەبە، حەز دەکەن سـەرتاسەری دنیا لە پشتیوانیی دۆزگـەلی عـەرەبیـدا دانەمـێنێ و دوا نەکـەوێ، بەڵام خـۆیان سـاز نین بە تاکـە وشـەیەکـیش پشـتـیـوانی لە دۆزێکی رەوای گـەلەیلی چەوسـاوە بکەن لە هـەر کوێیەکی دنیادا بێ. لە دۆخی کوردیدا وەک دەبینین دژایەتیشی دەکەن.

ئەم جـــۆرە ئاخـــاوتنە نابەرپرســـانەیەی هـەندێک لە بەناو رۆشـنبـــیـــر و راگەیەنکارەیل عەرەب، رەنگدانەوەی خراپیان هەبووە بەسەر هزرکەی لاوانی کوردەوە. لاوی کورد پێت دەڵێ: "فەرموو من چاوەڕوانی چی بم لە کەسێکی هەڵگری هزرێکی دژیو لە بەرامبەر خەباتی گەلە بێبەشەکەمدا". ئاخاوتنی نابەرپرسانە، بێگومان کاردانەوەی نابەرپرسانە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بۆ نموونە ئەو ئاخاوتنەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێی دا، نموونەیەکە لە سەتان ئاخـــاوتنی رۆشـنبـیـــر و راگـەیـەنکارەیلی عـــەرەب کـە بەردەوام لـە نۆینـەیل تەلەڤزیۆنیی عەرەبیدا دێتە بیستن. هێرش و چەپاوی ئیسرائیلی بۆ سەر غەزە لە کـانوونی یەکـەمی ٢٠٠٨ەوە تا چەند مـانگێک، نەبوو بـە مـایەی بزواندنی هەست و سۆزی شـەقامی کـوردی. هەرچەندە دیمەنی کارەیلی هۆڤـیـانەی ئیسرائیل و کوتینەوەی کوێرانەی دانیشتوانی غەزە، هەستی بێ هەستیشی بە ئاگا دەهێنا، بەڵام شەقامی کوردی لە ئاستیدا بێباک بوو. ئەو رۆژانە، لە قوتابخانەیەکی شاری هەولێر، دەبێ بە دەمەقاڵە و چەپەڵۆک وەشاندنی نێوان قوتابییەیل رواڵ، دیارە هەندێکیان لایەنگری لە غەزە و ئەوانی تر لایەنگری لە ئیسرائیل دەکەن، دووریش نییە بە خەیاڵی خۆیان هەندێکیان حەمساوی و ئەوانی تر فـــەتحـــاوی بووبن. بێگومـــان ئاخـــاوتنی ئەو رۆشنبـــیـــر و راگەیەنکارەیلەی عەرەبە کە بووەتە مایەی ئەوەی لاوەیلی کوردستان ئەو کارە هۆڤـیـانەی ئیسـرائیل لەگەڵ ئەوەکـانی رێژیمی سەدامدا بەراورد بکەن، بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە رووی دا.

من لەو جـۆرانەم حـەز بـە پێـوەندیـی عـەرەب و کـورد دەکـەم. پێم وایە نیـو دۆست لە ئوردن یان میسر یان فەڵەستین بۆ کورد چاترە لە سەت دۆست لە ئەورووپا. ئێمە لە ژێگەی جوگرافیاییی خۆمان جیا نابینەوە. جگە لەمە، ئێمە بەشێکین لە مێژووی عەرەب و کولتووری عەرەبی. هاوەڵێکی عەرەبم جارێکیان پێی گـوتم "انت كـردي عـروبي". دەق وایە، مـن کـوردێکی عـــەرەبپـــەروەرم. زۆرجاریش بۆ پاکانەی هێرشی کوێرانەی رۆشنبیر و راگەیەنکارەیلی عەرەب و تۆمەتبارکردنی کورد بە پێوەندییەکی خەیاڵییانە لەگەڵ ئیسرائیلدا، دەڵێم:

"رۆشنبیرەیلی عەرەب و گەلەیلی عەرەب بە گشتی، بە سەرنجێکی بنەوێیانەوە لە کورد و بزاوە سیاسییەکەی دەڕوانن، پێیان وایە ئەم بزاوە دوا قەڵایە بێتە گرتن. وا دەزانن بەرزبوونەوەی ئاڵای ئیسرائیل لە وڵاتێکی عەرەبیدا ئەگەر بەقووتیش بچێ، ئەوە بەقووت ناچێ کورد لەم ململانێ ژیارییەدا کۆڵ بدا" و بێگومان ناشبێ کۆڵ بدا.

ڕەنگە یەکێک لێم بپرسێ بۆچی داوای ئەوە لە کورد دەکەی، پشتیوانی لە فەڵەستینییەل و هەروەها تێکڕای دۆزگەلی عەرەبی بکا لە ئاست رۆئاوا لە کاتێکدا هەر خۆم بە دۆڕاویان دادەنێم، ئەوەیە ئێمە ناتوانین بەشێک بین لە براوە لەم ململانێیەدا. ئێمە بە کولتوور و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەڵکەوتەی ئابووریمانەوە بەشێکین لە لایەنی دۆڕاو. ئێمە دواجار بەشێکین لە بەهاگەلی عەرەب و ئیسلام لە هاوکێشەکەدا، ئەم پاشکەوتووییە درێژخایەنە تا سەردەمانێکی زۆری داهاتووش، هەر بەیەکەوەمان کۆ دەکاتەوە. بێگومان رۆژانێکیش هەبوو، بەیەکەوە بەشێک بووین لە سەرکەوتنێکی مێژوویی لەبیرنەکراو: سەلاحەدینی ئەیووبی لە پشتەوشارکردنەوەی هەڵمەتگەلی چڵێپاداران "صلیبیون" بۆ سەر ناوچەکە و بەرزبوونەوەی ئاڵای ئاین و وڵاتپارێزی بە دەستی کوردێک.

سەرۆک مەسعوود بارزانی لە بیرەوەرییەل خۆی لەبارەی نسکۆی شۆڕشی کوردستانەوە لە ١٩٧٥ لە دوای رێککەوتنی سەدام و شای ئێران بە مێوانداری و دەست تێکەڵیی سەرۆکایەتیی سیاسیی جەزائیر، باسی ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن (هانی ئەلحەسەن)ی نوێنەری فەڵەستینییەل لە تاران، تاکە خاوەن پەرۆشی بووە بۆ کورد و چۆن لەوەی پێی کرابێ کورتیی نەکردووە لە بەتەنگەوە هاتن. ئێمە دەبێ لەگەڵ فەڵەستینییەل و لەگەڵ تەواوی گەلەیل عەرەبدا، هانی ئەلحەسەنەیل و مەسعوود بارزانییەیل کۆمان بکەنەوە، نەک هەواری بوومەدیەنەیل و سەدام حوسێنەیل. ئەوانەی یەکەم نوێنەری گەلەیل، بەردەوامیش بەسەر پشتی گەشتیگەلی خۆشەویستی و ئازادییەوەن.

ڕووبەر ژ: ١٨، حوزەیران ٨، ٢٠١٠

## هەیە و دەیگرم

ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمان هەیە بە ناوی یۆرگن هۆپە. تەمەنی دەبێ ئێستا لە سەرووی ٧٢ ساڵەوە بێ. کوردی خۆش دەوێ و بایەخ بە دۆزی کوردی دەدا. زۆریش کاری کردووە بەم ڕێگەیەدا. ساڵی ٢٠٠٥ بە شاندێک لەگەڵ ئەبوبەکر سایدام و بەکر شوانیدا هاتن بۆ کوردستان. سەردانی زۆر ڕۆژنامەیان کرد، سەندیکاش لەگەڵدا. پەرێشانییەکەی بە چاوی خۆی دیت و بیری کردەوە چۆن یارمەتیی ڕاگەیاندنی کوردی بدا. ئێوارەیەکیان دانیشتبووین، لەناو بیرگۆڕینەوەدا ناوی ئاژانسی دەنگوباس تێ پەڕی. لێرە کابرام بەگیر هێنا و گوتم دەتوانی ڕاپۆرتێکم بۆ ئامادە بکەی تا بزانین ئاژانسی دەنگوباس چۆن دێتە دامەزراندن.

ئەمە چیرۆکێکی دوور و درێژە و دەرفەتی گێڕانەوەی هەمووی نییە لەم هەلەدا. بە کورتی، هۆپە چوو و لە ٢٠٠٧دا هاتەوە، بەڵام نەک ڕاپۆرت و بیرۆکە، بگرە پلانێکی تەواوی هێنایەوە بۆ دانانی ئاژانسێکی هەواڵەکیی کوردی. چەندان داودەزگای ڕاگەیاندنی ئەڵمانیاییشی هێنابووە سەر هێڵ بۆ ئالیکاری. ئەمە پوختەی پرسەکەیە و کەسیش نەمردووە تا درۆی لە دواوە بێتە کردن. ساڵی دواتر واتە لە ٢٠٠٨ ئێمە پاش مەشق و ڕاهێنانی پێویست لە ئەڵمانیا، بە کردەوە دەسوەکار بووین.

بەڵام بەلا بەرۆک بەرنادا. یەکێکمان لێ پەیدا بووە ناوناوە دەڵێ ئەم ئاژانسە هی منە و ئێوە کردووتانە بە هی خۆتان. لەبەرئەوەی قسەکە زیاتر لە وڕێنەی سێبەرۆدار دەچێ، هیچ جار ئەزیەتم نەکێشاوە بە وەلامدانەوەی. لەم ڕۆژانەدا یەکێک لەو هاوەڵانەی کار بەیەکەوە دەکەین، گوتی کۆوارێکمان ناردووە تا لە ڕۆژنامەکەی کە ئەو یەکە سەرنووسیاریەتی بخرێتە ڕوو و بخوێنەیل هەواڵی دەرچوونی بزانن. سەرنووسیاری تاین بە هەڵگری کۆوارەکەدا هەڵشاخاوە و دەری کردووە لەبەرئەوەی "ئێمە ئاژانسێکی دەنگوباسمان لەو دزیوە"، ئیتر ئەو چۆن هەواڵی دەرچوونی کۆوارمان بۆ بلاو

دەکاتەوە. ئەم هەڵسوکەوتە لە لاقرتی و تیزێک پێوە زیاتر هەڵناگرێ. نەخێر، پاش دوو سێ ڕۆژ دەبینم ئەمجارە لە شوێنێکی تردا دەڵێ: "پرۆژەی ئاژانسی دەنگوباس هی من بوو، خۆ دەرزیی ناو کادانێ نییە بزر بێ." ئەی خوا چی بکەین؟ هەموو شت تەواو دەبێ بەڵا تەواو نابێ.

گوتم با وەڵامێکی دەمکوتکەری بدەمەوە تا جارێکی تر خەیاڵی وا نەکاتەوە بەری ڕەنجی خەڵک بەهیی خۆی بزانێ. "هەیە و دەیگرێ"ش هەر قسەی ئەوە. بۆیە لەمەوە دەست پێ دەکەم تا بخوێنەوەی بەڕێز بە دەست تێگەشتنی ناونیشانەکەی سەرەوە دۆش دانەمێنێ. چیرۆکەکە ئەمەیە: جارێکیان ئۆتۆمۆبێلێکی تازەی کڕیبوو، چەند هاوەڵێک لەگەڵ خۆیدا دەبا تا گەشت و گەڕیانێک بە ئۆتۆمۆبێلی تازە بکەن. لە ڕێگەدا و بەدەم هاژوانی خێراوە کتوپڕ و بێ هیچ هۆ، ستۆپێکی توند دەگرێ و هەموویان بەپێشدا دەدا. ئەوەندە نامێنێ ملیان بشکێنێ. هاوەڵان سەریان دەسوڕمێ، باشە چی بوو؟ بۆ ئەم ستۆپە ناکاوەت گرت؟ دەڵێ: "هەیە و دەیگرم". واتە ستۆپم هەیە و دەیگرم. ئەوەتا ئێستاش بە هەمان گوتەن و ژیری "هەیە و دەیگرێ". قسەیە و دەیکا جا پێویست بێ یان نا. وا بێ یان نا.

بەڵێ ڕاستە. بێگومان "دەرزیی ناو کادانێ نییە بزر بێ". ئەمانەی خوارێ ژمارەیەکن لەناوی ئاژانسە بە ناوودەگەکانی دنیا با بزانین کەی هاتوونەتە دامەزراندن:

١- ئاژانسی فرانس پرێس AFP. لە ١٨٣٥ لە پاریس هاتووەتە دامەزران و کۆنترین ئاژانسی هەواڵییە لە مێژوودا.

٢- ئەسۆشیێتد پرێس AP لە ١٨٤٨ لە نێویۆرک هاتووەتە دامەزران.

٣- ڕۆیتەرز لە ١٨٥١ هاتووەتە دامەزران.

٤- داو جۆنز لە ١٨٨٢ لە لەندەن هاتووەتە دامەزران.

٥- ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی ئەڵمانیا dpa لە ١٩٤٩ لە هامبۆرگ هاتووەتە دامەزران. ئەمە بەبۆچوونی من دوا ئاژانسی بە ناوودەنگی دنیایە و لە

دامەزرانی Aknewsی لەمەڕ ئێمەشدا زۆریان ئالیکاری کرد.

هیوادارم ئەم لیستەیە بەس بێ بۆی، تا واز بێنێ لەو خەیاڵە نەخۆشەی گوایە ئەو خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی ئاژانسە. نکووری نایەتە کردن کەوا لە کلکی مشکەوە تا کلیکی ماوس، بێ ئەژمار مەژی و هزر بەشدارییان کردووە لە شارستانەتیی مرۆڤدا، بەڵام کەس ناتوانێ مۆرە لە شتێک بدا بڵێ هی منە. مەگەر ئاوەز و هزری ئەوەندەی کلکی گوێدرێژێک درێژ بێ.

بە بۆنەی کلکی گوێدرێژەوە چیرۆکێکم دێتەوە بیر، پێوەندیی بە پرسەکەوە هەیە دەیگێڕمەوە. ساڵی ١٩٥٦ سەرۆکی یەکەتیی سۆڤیەت جۆزیف ستالین ماڵئاوایی کرد. ستالین دیکتاتۆر بوو، وەک هەر دیکتاتۆرێکی تریش پەنجەی دەگەیشتە هەموو شتێک با چەند وردیش بوایە. دەستی لە شیعر و چیرۆک و هونەری شێوەکاریش وەردەدا و دەبوایە هەموو شتێک بەپێودانی بیری ئەو بێ. کە مرد نیکیتا خرۆشۆڤ ویستی بارەکە ڕاست کاتەوە بەڵام خراتری کرد. جاران لە سەردەمی ستالیندا دەبوایە هونەرمەند بۆ نموونە وێنەی جوتیارێک بکێشێ بەسەر تراکتۆرەوە کە بە زەرکەنییەوە سواڵەیەک گیای دووراوەی بەرز کردبێتەوە. دەبوو هونەر نیشاندەری بەختەوەریی مرۆڤی سۆڤیەتی بێ، بەڵام خرۆشۆڤ گوتی لەمڕۆوە هونەر ئازادە و هونەرمەندەیل چۆن تابلۆ دەکێشن با بیکێشن. پاش پێنج ساڵ، واتە لە ١٩٦١ بە خۆی یەکەمین پێشانگەی بۆ هونەری شێوەکاریی لە مۆسکۆ کردەوە. چی ببینێ؟ هەر پەڵەی ڕەنگە بەملا و بەولادا ڕۆیشتووە، هەر دیمەنی سەیر و سەمەرەیە و ڕەنگی بەسەردا ڕژاوە. هیچی لێ حاڵی نەبوو. دەڵێن خرۆشۆڤ زەردەکەنییەکی گاڵتەجاڕانەی هاتێ گوتی: "ئەم تابلۆیانە دەستی مرۆڤ نەیڕەنگاندوون". تاوێک بێدەنگ بوو، پاشان "کلکی کەر ڕەنگاندوونی." قسەکەی تەواو کرد. مەبەستی ئەوەبوو بڵێ ئەگەر دەستی مرۆڤ بیانیکێشایە واتەیەکیان دەبوو.

کە ئاژانسەکەی خۆمان دامەزراند، کەللەپووتێک لە وەزارەت پەیدابوو ڕێگەی مۆڵەتەکەی نەدەدا. ئەویش بەپێی هەمان پرەنسیپی هەیە و دەیگرم

کـاری دەکـرد. دەیگوت ناوی "ئـاژانسی دەنگوباسـی کـوردسـتـان" مـۆرکـەی وەزارەتی ڕۆشنبـیـرییـە. ئێـمـەش ناچار بووین ناوەکـەی خـۆمـان کـرد بە: "ئاژانسی کوردستـان بۆ دەنگوباس". جیاوازییان چییە؟ وشـەیەک هـاتە پاش و پێش کردن. ئەمەش هەر بۆ خاتری ئاوەزی کلکی گوێدرێژ.

ڕاسـتیـتـان دەوێ من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم ناوی ئاژانسـەکـەمـان ئەوەبێ کە بوو. دەمــویسـت ناوی بنێـم ئاراس پرێس، یورگن هـۆپـە و دکـتــۆر ئۆلریش پیـتـزۆڵد کـە پرۆفـیسـۆرە لە زانکۆی دۆرتمۆنـد، ئەوان هـەردووکیـان کـە تلیی زێڕینیـان هـەبوو لە دامـەزراندنی ئاکانیوزدا، ناوی کوردستـانیـان سـەپاند. تا ڕۆژی یـەکــەمــیـش کـــە هـەواڵـمـــان بـڵاو کـــردەوە، من هـەر Aknewsم وا دەخـوێندەوە: Aras Kurdish News Agency واتە ئاژانسی ئـاراسی کـوردی بۆ دەنگوباس. دەمگوت با وشەی کوردستان بۆ ئاشقەیلی کوردستان بێ.

بخـوێنەوەی بەڕێز بمبـوورێ کـە ناوی کـەسم نـەهێنا لەم گوتارەدا. جـا ناوی بۆ چییـە؟ خۆ دەرزی ناو کـادانێ نییـە بزر بێ. ئەو فـاشیـلانە بە هـەزارانن کـە لەسـەر کـەوڵی ئەم وڵاتە دەژین و بەری ڕەنجی ئـەم و ئەو لرف دەدەن. ئەوانە لە کلکەوە بۆ کلیک، هیـچ داهێنانێکیـان نـەبووە. داهێنانیـان هـەبوایـە، یان هـەر بۆرە هزرێکیـشـیـان هـەبوایـە، لەو کـارانـەیاندا بەدەری دەدایەوە کـە ڕۆژانـە دەیانبینین. ئەمانە لە چاخی سیاچەمانەدا دەژین.

ڕووداو ژ: ١١٦، حوزەیران ٧، ٢٠١٠

## کورد سفر لە گەمەکاندا

کۆمـاری ئیـسلامی هـاوسـێیـەکی خراپە، بەردەوام زوڵمت لێ دەکا و دەیەوێ لە هـەمـان کاتدا زەلیلیـشت بکا. لەم ڕۆژانەدا لە هـەولێـر کۆنسـڵگەی کۆمـار یادی کۆچی ئیمام خومـەینیی کردەوە، بە پاڵەپەسـتۆ و هـاندان، هـەوڵی دا زۆرترین ژمارە لە کـاربەدەستەیلی حکوومـەتی هـەرێم و ڕۆشنبیرەیلی کـورد لە یادەکەدا کــۆ بکـاتەوە، دەق لـە هـەمــان ســات و هـەمــان چرکــەدا، بـۆردمــانی نـاوچـە

سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئێرانەوە خەستتر بوونەوە. بۆ؟ تاوەکو یادی ئیمام بکەینەوە و ملی خۆشمان لار کەینەوە. من لێرەدا مەبەستم باس و ئاخاوتن لەبارەی ئیمام خومەینییەوە نییە. ئیمام خومەینی بۆچوونی من لەبارەیەوە هەرچییەک بێ، لەوە ناگۆڕێ کە رێبەرایەتیی یەکێک لە شۆڕشەیل گەورەی مێژووی کرد واتە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا. ئەو شۆڕشەی سەرەتایەکی تازەی لە مێژووی سیاسی و کولتووریی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا کردەوە، دیاریش نییە کۆتایەکەی بە چی دەبێ. ئەمانە با بمێنن بۆ دواتر لێیان دەدوێین، بەڵام دەسپێک دەمەوێ لە سیاسەتی لەخۆباییبووانەی کۆماری ئیسلامی بدوێم کە نەک لە بەرامبەری کورد بگرە لە بەرامبەری هەموو دەوروبەردا بەکاری دەهێنێ.

کولتووری گشتی لەم ناوچەیەی ئێمەدا ئەوەیە هەرکێ هێزی هەبوو دەبێ لە خۆی بایی بێ و هیچ سنوورێک نەناسێ، لەبەرئەوەی بەلایەوە هێز نەمرە، هێز رێی دەدا هەموو شت بکا و لە هیچ نەسڵەمێتەوە، دەق وەک سەدام حوسێن کە تا دوا چرکە لە کونی جرجدا نەهاتە گرتن، لووتی نەشکا و بەکۆتا نەهات. ئێرانیش ئەوەتا دەست لە هەموو شت وەردەدا، ئەمەش بە مافی زۆر رەوای خۆی دەزانێ، لەبەرئەوەی وەک شاعیرە کوردەکە دەڵێ "خەڵکی بە موور دەزانێ، خۆی حەزرەتی سلێمان". لە لبناندا دەوڵەت نەماوە لەبەرئەوەی حزبوڵا بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەت گەورەترە. لە یەمەن هێوری نەماوە لەبەرئەوەی، ئێران حووسیی راست کردووەتەوە، کێشەی فەڵەستینییەل چووە بە ناخی زەویدا لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی بووە بەلایەن لە کێشەکەدا. لە عێراق لیستی ئەلعێراقییە لە هەڵبژاردندا بردوویەتییەوە و بە گوێرەی یاسا دەبێ ئەو لیستە یەکەمجار داوای لێ بێتە کردن حکوومەت پێکەوە بنێ، بەڵام لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی رازی نییە، نەپەرلەمان دەتوانێ کۆ ببێتەوە و نەحکوومەت دەشێ بێتە دامەزران، ئەم دۆخەش هەر وا بەردەوام دەبێ تا کارەکە بەو جۆرەی لێ دێ کە ئێران پێی رازی بێ. ئەم بەکەیفی خۆ بەڕاست و چەپدا هاتن و چوونەی کۆماری

ئیسلامی لە ناوچەکەدا و نەبوونی هێزێکی بەرتەکدەرەوە و پشتەوشارکەرەوە لە بەرامبەریدا، تورکیای تازە ئیسلامیشی هان داوە بۆ لەیستنی رۆڵێکی هاوشێوە. "شەندە لە گەندە کەمتر نییە"، ئێران وا خەریکە دەبێ بە وڵاتێکی خاوەن چەکی نیوکلیاری، تورکیاش دەستی پێ کرد ببێ بە خاوەنی ئەم چەکە. ئەمەش بێگومان دەسپێکی ئاڵۆزبوونێکی گەورەیە لە دۆخەیلی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خۆی لە بنەڕەتەوە لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە.

بەڵام ئەوەی ڕوو دەدا، بەبۆچوونی من، هەمووی گەمەی وڵاتەیل یەکگرتووی ئەمەریکایە، ئەمەریکا سیاسەتی خۆی ئاشکرا نەکردووە لەبارەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوەی پێشانی دەدا تەنیا تاکتیکە، تاکتیکیش وەک دێتە زانین، دوو رووی نەرێنیی زۆر خراپی هەیە، یەکیان ئەوەیە تاکتیک لە گەمەیەکی کاتی و رۆژانە بەولاوە هیچ تر نییە، تاکتیک بە پێچەوانەی سیاسەتەوەیە کە سیاسەت دەبێ بنەوای تێدا هەبێ و ماوەیەکی زۆریش بخایەنێ. سروشتی دووەمی تاکتیک ئەوەیە، کە زووزوو دێتە گۆڕین، لەبەر ئەم هۆی زووگۆڕییەش، لە خاوەن تەکتیک بەولاوە، کەسی تر ناتوانێ هیچی لەسەر بنیات بنێ. لە ئەفغانستان وابوو، کوا هێوری و دیموکراسییەتەکەی کە بەڵێن بوو؟ لە فەڵەستین وابوو، کوا دەوڵەتی فەڵەستینی و چارەسەری کێشەیلی؟ عێراقیش لە هەموویان خراتر. ئەمەریکا هەرچەند سوپاسیشی بێتە کردن بۆ رووخاندنی رێژیمی سەدام، کە ئەگەر ئەو نەبوایە مومکین نەبوو گەلەیلی عێراق بتوانن بیرووخێنن، بەڵام ئەوەش هەیە کە ئەو رۆژەی ئەمەریکا عێراق بەجێ دەهێڵێ کێشەیلی عێراق زلترن لەو رۆژەی پێی نایە ناوی.

شتێکی وەشاردی و نەبەدیم نەگوتووە ئەگەر بڵێم ئەمەریکا دوو ئامانجی هەیە لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم دووەش بترازێ کار بۆ هیچ ئامانجی تر ناکا تەنانەت ئەگەر شتی زۆر بچووکیش بن. یەکەمیان بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەلەیل ناوچەکە دووەمیان پاراستنی دەوڵەتی جوولەکەیە. پرسی دابینکردنی تەناهی یان بەدیهێنانی دیموکراسی، گوایە ئەمەریکا بۆ گەلەیلی

ئەم ناوچەیەیان دەهێنێ، وەک کە لە سەرەتای گرتنی عێراقەوە بە تەمای بووین، لەو جۆرە خەیالانەن کە تەنیا دڵ خۆش دەکەن نەک هەڵکەوتی ڕووداو بن، تەنیا دەنگیان هەیە نەک ڕەنگ. هەڵکشانی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەڕێ پێدانی ئەمەریکا خۆیەتی، ئەمەریکا ڕێگە نەدا ئێران ناتوانێ ئەم هەموو ڕۆڵە لە عێراقدا بگێڕێ و کەس پێی نەڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە. هاتنی تورکیاش بەم گەرم و گوڕییە بۆ ناو ململانێیەلی ناوچەکە و گەورەکردنەوەی تەنگژەیل، هەر بەبانگهێشتن و ڕێنوێنیی ئەمەریکایە. هەموو ئەم ڕێ پێدان و ڕێنوێنی و بانگهێشتنانەش، لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی دوو ئامانجەکەن کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دان.

یەکێک بەردەوام سەیری نۆینگەلی تەلەڤزیۆنی عەرەبی بکا، یان ئاگای لە میدیای نووسەنیی عەرەبی بێ، بۆی دەردەکەوێ هاتنی تورکیا بۆ پاڵ ڕیزی عەرەبی، بووە بە مایەی دڵخۆشی بۆ فرەوانترین بنکەی جەماوەریی بزاوەیل ئیسلامیی رادیکاڵی عەرەب، دڵخۆشییەکەیان زیاترە لەوەی پێشتر بۆ گەورەبوونی ڕۆڵی ئێران هەیانبوو و دەریان دەبڕی. بەلای ئەوانەوە ئێران لە دواجاردا، پاڵپشتێکە مەترسیی بۆیان زیاترە لە دڵنیایی. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئێران شیعەیە و زۆریش بە گەرمییەوە بۆ لایەنگرەیلی ئەم مەزەبە کار دەکا لە هەرکوێیەک بن. وێڕای ئەمە، مەترسیش هەیە لە چەکە نیوکلیارییەکەی ئێران. ئەم چەکە دواجار هەر بە زیانی عەرەب تەواو دەبێ. چەکی نیوکلیاری بۆ بەکارهێنان نییە و لە مێژوودا لە یەک بەکارهێنان زیاتری بە خۆیەوە نەدیوە ئەویش لە شەڕەی گەورەی دووەمدا و بۆ تێکشکاندنی هێزی ژاپۆنی مەترسیدار بۆ سەر ئەمەریکا، لە هێرۆشیما و ناکازاکیی بەناوبانگ لە ١٩٤٥ واتە تەنیا ئەمەریکا خۆی بەکاری هێناوە.

ئەوەی لە دنیای خۆماندا دێتە دیتن ئەوەیە، کە چەکی ناوکەیی زیاتر بۆ دەسەلات ڕەواندن و خۆپێشاندان و خۆسەپاندنە بەسەر هاوسێیاندا نەک بۆ بەکارهێنان. جا با ئێران ئەم چەکەشی هەبێ، چۆن دەوێرێ لە ئاست

ئیسرائیلدا بەکاری بێنێ؟ ئەمەریکا و ئیسرائیل خۆیان خودانی یەکەمی ئەم چەکــەن لە دنیــادا و بەبڕی یەکــجــار زۆریش. هەر کێ زاتی ئەوە بکا ئەم چەکـەیان لـە دژ بەکـار بهـێنێ، بـە تـرووکـەی چاو لەسـەر زەویدا دەیسـڕنەوە. کەواتە ئەم چەکەی ئێران لە زەلیلی و ژێردەستـەیی و پڵـیشـانەوە بەولاوە، بۆ عەرەب هـیچی تری بـەدوادا نایە. ئەم چەکـە دەبێ بە مـایەی هـاوسـەنگـبوونی هێـزگـەلی تازە لە ناوچەکـەدا کە ئیسـرائیل و ئێـران و تورکیـان، عـەرەبیش بێگومان بەرەو داوێن و پەڕاوێز شۆڕ دەبنەوە.

تاکتیک و مامەڵەیل ڕۆژانەیی ئەمـەریکا لە ناوچەکـەدا، کـە سـیاسـەتی گشتیی ئەمەریکای لە پشتەوە تێدا هاتووەتە وەخوێندن، ئەوە بەدەردەخـەن کە ناوچەی ڕۆهـەڵاتی ناوین بەرەو دابـەشکردنێکی تازەی هێـزگـەلی سـیاسی و کـولتـووری دەڕوا و جـۆری ململانێـیـەلیش دێنە گـۆڕین. لەم دابەشکردنە تازەیەدا چیی تر ململانەی عەرەب و ئیسرائیل تاکە ململانەی دیاری ناوچەکە نابێ. ململانێیەل دەگۆڕێن بۆ ململانەی تر و جیاواز. رواڵەتی ئەو سەردەمە تازە هـاتووەش لـە زۆر نموونـەدا دێنە بەرچاو، وەک: ڕووداوەیلی عــێــراق لە شەڕی تایفەییی نێوان شیعە و سونە، ڕاپەڕینی حووسییـەیل شیعەی یەمەن، لاملیی شیعەیل باشووری لبنان، ئەمانە نموونەی ئەو داهاتووەن کە سیاسەتی ئێران و ئەمەریکا، ناوچەکەی بۆ دەبەن. بەپێی ئەم رامـان و خوێندنەوەیە، لە مـاوەی سـاڵەیل داهـاتوودا، فـایلی ململانەی سـونە و شـیـعـە، وردە وردە قـەرەباڵغتر دەبێ و دەبێ بە گەورەترین فـایل لە نێـوان فـایلگەلی کێشـەیلی ڕۆهەڵاتی ناویندا. فـایلی ململانەی عـەرەب و ئیسرائیل وردە وردە بچووکتر دەبێتـەوە و دەکـەوێتە ژێرەوەش. کێش ناڵێ هـەڵکشـانی بێ لەمپـەری ئێرانی شیـعـەمـەزەب، لە رووی فیـزگەورەیی و پڕچەکی و پەلهاوێژییەوە، سـەرجەم هێزگەلی تر کە برێتین لە تورک و عەرەب و جوو پاڵ نادا، تا لە یەک بەرەدا لە بەرامـبـەر ئێـراندا کـۆ ببنەوە. بەمـەش ناوچەکە بەرەو بـێ واتاترین گـرژی و ناقۆڵاترین ململانە دەبەن، کە ململانە و دەستەوبەرۆکبوونی شیعە و سونەیە.

لەوە دەچێ، "کوردە بەدۆ مردە"ی لەمەڕ خۆمان ئەمجارەش هێزێک نەبێتەوە

لە هاوکێشەیلدا و هەر لە پەڕاوێز و داوێندا ناڵەی بێ. کورد لە رووی چەکدارییەوە، پاش بیست ساڵ لە سەربەخۆیی، هەرچەندە سەربەخۆییەکە نیوەچڵیش بووبێ، نەیتوانیوە تا ئێستا هێزێکی هەبێ بچووکترین بەرتەکی سوپای "پاسداران" یان جەندرمەی تورکیای پێ بداتەوە. هەشیبێ ناوێری پێشانیان بدا، جا جیاوازییان چییە لە هەردوو باردا، هەتبێ یان نەتبێ؟ وەک دەبینین چەندان ساڵە ناوچەیل سنووریی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوونەتە مایەی دڵەڕاوکە، بەردەوام لە بەرامبەر ئەو دەسدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی و تورکیادا، هەروەها لە ئاست دەستەپاچەیی خۆمان، هەست بەزەلیلی و شەرم و بەخۆدا شکانەوە دەکەین، دەشچین بۆ یادی کۆچی ئیمام فرمێسک بەردەدەینەوە. بەداخەوە دیسانەوە و لەم هەلە مێژووییە رسکاوەدا، زۆرمان کات بەفیرۆ دا، لە هیچە، بیست ساڵە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەرۆکی یەکتر دەگرین، بەڵام سفرین لە گۆڕەپانی ململانە و گەمەیلدا، لەبەرئەوەی ئاوەزکەمان خێڵەکییە، خۆخۆرین و بەیەکتر دەوێرین، لە بەرامبەر بێگانەشدا یان بێ خەمین یان دەستەپاچە و تێگیراوین. با خۆمان بەراورد بەکەین لەگەڵ تورکمانەیلی کەرکووک، کە کەمینەیەکی زۆر کەمن، بێ ئەوەی کورد هیچی بەسەریان هێنابێ، دنیایان پڕ کردووە لە هاوار و بانگی ئەوەی کەوا کورد زوڵمیان لێ دەکا. بەڵام لە بۆردمانەیلی کۆماری ئیسلامیدا نێزیکەی ٤٠٠ ماڵبات بەخاووخێزانەوە ئاوارەن، جگە لە زیانی مایەکی لە کشتوکاڵ و رەز و باخ و پەز و وڵسات، لە هەمووشیان خراتر، پێشێلکردنی سەروەری. کورد بۆ خۆشی بایەخی بۆ ئەم دۆخەی خۆی نییە. بۆ؟ لەبەرئەوەی سفرە لە گەمەیلدا.

وارگەی ئاکانیوز، حوزەیران ٩، ٢٠١٠

## منیش دەسخۆشی لە سەرنووسیاری هەواڵ دەکەم

نرخی مرۆڤ لە وێنەکەیدا نییە، نرخی مرۆڤ لەو بیروباوەڕ و کردەوەیلەدا خۆی حەشار داوە کە دەکەونە پشت وێنەکەیەوە. بەڵام لەبەرئەوەی وێنەی هەر کەسێک نوێنەری ئەو کەسەیە و مرۆڤ لە رێی وێنەکەیەوە دێتە ناسینەوە،

دەبێ وێنەش ڕێزی خۆی لێ بێتە گرتن. تەنانەت هەندێک جار وێنە شوێنی مرۆڤ خۆشی دەگرێتەوە، بۆ نموونە وێنەی پێغەمبەرەیل یان سەرکردەیل سیاسی و کۆمەڵایەتی یانیش وێنەی ئەو کەسەیلەی بەلامانەوە ئازیزن. لە کاتی وادا، کە مامەڵەیەکی چەوت لەگەڵ وێنەیەکدا دێتەکردن، ئەو کەسەمان کە وێنەکەی بەلاوە ئازیز یان پیرۆزە، لە ناخەوە دەهەژێ و هەستی بریندار دەبێ. لێرەدا بەپێ داگرییەوە دەڵێم: بێ ڕێزی بەرامبەر وێنەی سەرکردەیەکی وەک بارزانی، کە هەموو ژیانی خۆی لەپێناوی بەها و واتاگەلێکی مرۆڤییانەدا بەخت کرد و بوو بە هێما بۆ گەلێک کە هیچ هێمایەکی تری نییە، کارێکە شیاوی تێپەڕین بە ئاسانی و چاوپۆشین نییە. بەڵام بازرگانیکردن بەم پرسەوە، یان قۆستنەوەی بۆ نیازی تایبەت، زۆر کرێتترە لە بێ ڕێزییەکە خۆی.

ئەوەی لە کەرکووک و لە دەزگای شەفەقدا ڕووی دا، دەبوایە هەڵوەستە و لێپێچینەوەی لە ئاستدا بێتەکردن. لەمەدا هیچ لارییەک نییە و کەسیش نییە لە خۆمان سوورتر بێ بۆ ئەمە. هەرچەندیشە کە وا ئەوەی ڕووی دا هەڵەیەک بووە لە ئەنجامی پشتگوێخستن و بێ خەمی، نەک لە ئەنجامی دەستی مەبەست و نیازدار. نەشدەبوایە وا بێتە گەورەکردنەوە لەبەرئەوەی بارزانی بۆ ئێمە کولتوورە نەک تەنیا وێنە و پەیکەرێک، کولتوورێکە بووە بە بەشێک لە بنەوای ژیان و بیرکردنەوەمان و تاهەتایە دەمێنێ. ڕۆژنامەی "هەواڵ" وەک ئەوەی نهێنیی ناپاکییەکی گەورەی بۆ کورد ئاشکرا کردبێ، ئاوها ڕاپۆرتی لە کارمەندەیلی دەزگای شەفەق و ئاکانیوز دا و بەگرتی دان و کردنی بە مایەی ناوزڕاندن و سووکایەتی.

ئەو ڕاپۆرتەی هەواڵ لە کارێکی سیخوڕی بترازێ شتێکی تر نییە. لەبەرئەوەی بارزانی هەر هەمان ئەو بارزانییەیە کە پێشی دوو ساڵ، زیاتر لە بیست وێنەیان لە ژوورەیلی پەرلەمانی کوردستاندا هێنایە خوارەوە، بە سەردێری گەورەش لە ڕۆژنامەکاندا نووسییان: ئێمە دان بەم وێنەدا نانێین و لە ژێری دانانیشین. بۆچی ئەو کاتە بارزانی بۆ هەواڵ هێمای نەتەوایەتی

نەبوو؟ راستیتان دەوێ، من وەڵامی ئەو بڵاوکراوەم نەدەدایەوە ئەگەر ئەو راپۆرتەی ئەوان لەلایەن هەندێک کەس و داودەزگاوە، بەو شێوە گەرم و گوڕەی بینیمان، نەهاتایە پێشوازیکردن.

ئەگەر هەواڵ بڵاوکراوەیەکی متمانەدار و راستیوێژ بوایە، راپۆرتەکەیان و هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بەپەیکەری بارزانی جێی رێز و پێزانین دەبوو، بەڵام کێ هەیە هەواڵی نەناسیبێ و نەزانێ بە چ بەرنامەیەک کار دەکا. لە سەرەتای دەرچوونیەوە لە ٢٠٠٣ ئەم بڵاوکراوەیە لە توانج و ناوزڕاندن و سووکایەتی بە سەرۆک و هێمایەلی گەلی کوردستان بەولاوە خەریکی هیچی تر نەبووە. باک و سڵەمینەوەشی نەبووە لەوەی هەر شتێک بڵاو بکاتەوە چەندیش ئەو شتە پێچەوانە بێ لەگەڵ راستی و بەرژەوەندیی گشتیدا. ئەوساش تەنیا دەزگای شەفەق بوو لە دەمی هەواڵ بداتەوە و سنووری بۆ دابنێ و بەرگری لەو هێمایەلە بکا کە بەلای کوردەوە جێی رێزن. یەک نموونە بۆ ئەم راستییە دەهێنمەوە، لە ژمارەی ٦١ی مێژووی ١٤ی تەمووزی ٢٠٠٤ی بڵاوکراوەی "باسەرە"دا کە دەزگای شەفەق لە کەرکووک دەری دەکرد، ئاگادارکردنەوەیەک بەسەردێری "هەواڵ دەمت داخە" بڵاو بووەتەوە و ئەمەی خوارێ یەک رستەیە لەو ئاگادارکردنەوەیە: "داوا لە هەواڵ و هاوسەنگەرەکانی دەکەین و پێیان دەڵێین دەمتان داخەن و پەلامارمان مەدەن و هێڵە سوورەکان مەبەزێنن ئەگینا چارەسەرتان دەکەین". هێڵە سوورەکان لەو ئاگادارکردنەوەیەدا، مەبەست لێی سەرۆک بارزانی بوو. سوبحانەڵڵا ئەمڕۆ سەرنووسیاری هەواڵ بووە بە گوڵی مەجلیس و دەزگای شەفەق بووە بە بیانی و گومان لێکراو.

ئەو سەرنووسیارە لەناو هەڤاڵەیلی خۆیدا وەک راپۆرتنووس و ئازاردەری رۆشنبیرەیل و رۆژنامەنووسەیل هاتووەتە ناسین و چەندان جار سکاڵای قوربانییەکانیمان بیستووە. وا دیارە دایناوە لەمەودوا ئەملاش بێبەش نەکا لە خزمەتگوزارییەل خۆی. ساڵێک و نیو بەر لە ئێستا هاتە لام. زۆر پەرێشان حاڵ و شڕ بوو. گوتی "هەڕەشەی کوشتنم لەسەرە لەلایەن دەزگا نهێنییەکانی پارتییەوە، تکایە فریام کەوە و بمگەینە بە شوێنێک تا پاکانەی خۆم بکەم".

هێـورم کردەوە و تێم گـەیاند کەوا بەهـەڵەدا چووە، گوتم "تۆ پارتـی ناناسـی و زانیـارییـەلت هـەڵەن، پارتـی هـەرەشـەی بۆ سـەر ژیـانی کەس نییـە"، وا دیار بوو دڵنیـا نـەدەبوو و هـەڵچوونـەکەی دانـەدەمرکایەوە، گـوتی "بۆ پێـوەندییەکم لەگـەڵ ئەم دەزگـایەلەدا بۆ دروست ناکـەی؟" لەمـەشـدا هـەر ویسـتم هێـوری بکەمـەوە و گوتم رۆژنامـەوان لەپێناوی بێـلایەنی لە پیشـەکەیدا، دەبێ سـەربەخۆیی خـۆی بپـارێزێ. نـازانم تا چەند بەم قسـانـەم هێـور بووەوە، بەڵام هـەرچۆنـێک بێ تێم گەیاند کـەوا من کەسێکی شـیاو نـیم بۆ دروسـتکردنی ئەم جۆرە پێـوەندییـانـە. گوتم من لە کارەکەی خۆم بەولاوە، شتێکی تر نازانم.

وەک دەبینین لەسـەر دەسـتی ئەم جۆرە کەسـەیلە، رۆژنامـەوانی لە کوردسـتان بووە بە بەشـێک لە کـاری راپۆرتنووسـین بـۆ دەزگـایەل نـهێنـی و چاڵ هـەڵکەندن بۆ مـــرۆڤـی ئازاد و ئاوڕوودار. ئـەمـــە راســتــیــیـــەکـــە وەک رۆژی رووناک بەئـاســمــانـەوە دەدرەوشــێــتــەوە و بـەکــەســیـش نایەتە شــاردنـەوە. بەڵام سـەرنووسیـاری هـەواڵ ڤۆنـاغێکی تازەی داهێنا لەم کـارە "جوانە"دا و لەمـەودوا بۆ دوو لا کار دەکا. منیش دەسخۆشـی و پیرۆزبایی لێ دەکەم.

ڕووبەر ژ: ٢١، حوزەیران ٢٩، ٢٠١٠

## دیموکراسی بۆ گەلێکی بێ ناسنامە

کورد گـەلێکی بێ ناسنـامـەیە. ناسنـامـە چییـە؟ ناسنـامـە دەوڵـەتە کە کورد لە مـێژووی کـۆن و نوێدا نـەیبـوووە. ناسـنـامـە خاکـە، کـە خاکی کوردی بـە درێژای مـێـژوو بەشـێک بووە لە خـاکی وڵاتەیل تر و تا ئـەمـڕۆش. ناسـنـامـە زمـانـە کـە زمـان کـوردی زمـانی نووسـین نەبـووە بگرە برێتی بووە لە کـۆمـەڵێک دیالـەکتی لەیەک دابڕاو و بێ پێوەندی. ئـەلفبێی بژاردەمـان نەبووە بۆ نووسینی کـوردی، کورد بە زۆر ئـەلفبێ نـووسـیویانە و تا ئـەمـڕۆش. تەنانـەت لـە یەک ئـەلفـبێشـدا ڕێنووسێکی یەکگرتوو نەبووە و کورد نەیانتوانیـوە لەسـەر بچووکترین پرس لە ڕێنووسدا ڕێک بکەون. هـەستێکی گشتیی نەتەوەیی نەبووە کۆمان بکاتەوە یان

کولتووریکمان نەبووە هەموومان کۆک بین لەسەری و چەند و چۆنی لەبارەوە نەکەین. وێڕای ئەمانەش هەمووی، کوردستان ئابوورییەکی خراپ بەڕێوەی دەبا و ئاستی بژێوی دانیشتوانەکەی زۆر لە ژێرەوەیە. لە دەرەوەی وڵاتدا کە دەستی زۆردار و داگیرکەری ناگاتێ و ناحەزێک نییە تا ئۆباڵی کێشەگەلی خۆمانی بخەینە ئەستۆوە، باشترین نموونەمان بەدەستەوەیە لەبارەی نانەتەوەبوونی کوردەوە، جڤاکی کوردی لە دەرەوەشدا یەکگرتوو نییە. کوردی دەرەوە بە گوێرەی بەشەیلی کوردستان جیان، هیچ شتێک کۆیان ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە جاربەجار گومان و نامۆیی، پێوەندییە لە نێوانیاندا. تەنانەت کوردی یەک بەشیش بە گوێرەی لایەنگرییان بۆ حزب یان دیالەکت یان مەزەب یان ئاین هەڵسوکەت دەکەن و ماڵیان جیایە. بە کورتی هیچ ئاماژە یان دەستاوێژێک نییە بۆ بەنەتەوەبوونی کورد لە هیچ شوێنێکدا.

بێگومان بیانییەک ئەم قسانەی سەرەوەی بنووسیایە دەتانگوت ناحەز و خوێنەخۆرە تا ببێ بەبیانوو بۆتان و لەم دۆخە شەرمهێنە دەربچن، بەڵام من لە خۆتانم. کەسێکی ڕەشبین و بێ ورەش نیم تا پاساوێکتان دەس کەوێ، من بە درێژای ژیانی خۆم بۆ چرکەیەکیش لە خەباتی گەلەکەم دانەبڕاوم تا ئەمڕۆش. دەبێ یەکێک راستیتان پێ بڵێ جا یان بەخۆ دێنەوە یان هەروا دەمێننەوە. زۆری لەسەر نەڕۆین، بە نەختی و پوختی وەک گوتم، کورد بێ ناسنامەی نەتەوەییە. نەتەوەش بێ نەتەوەیەکی فێدار و مەنگۆلە. ئەم خەڵکە بەم دۆخەی ئێستایەوە چی قوربانیی تر هەیە بیدا، یان دنیا پڕ بکا لە گلی و گازی، هیچ بە هیچ ناکا و بە هیچ ناگا. ئەو بەرگەی لەبەر خەباتی کوردیدایە بەرگێکی کۆنە، ئەو زمانەی "ئەم خەباتە" پێی دەدوێ کەس لەم سەردەمە تێی ناگا. با روونتری کەمەوە: بەرگە کۆنەکە مەبەستم لە حزبی کوردییە، حزبی کوردی کە زیاتر لە خێڵ دەچێ، ئامێرێکی کۆنە بۆ خەباتێکی سەردەمییانە و بۆی ناشێ، لە نێوان ساڵی ٦١ و ئەمڕۆدا دنیا هێندەی هەزاران ساڵی مێژوو، هاتووەتە گۆڕان. دنیا بووە بە گوندێکی بچووک کە کولتووری خێڵ تێیدا نامۆیە و ناتوانێ بە باشی تێیدا هەناسە بدا. مەبەستم لە زمانیش ئەو

زەمــانەیـە کـە لە سـیـاسـەتی کـوردیدا پێی دەدوێن وەک: مـافی نەتـەوەیی و سەربەخـۆیی و ئالاّ و سوپا و ئەم جۆرە پرسـانە کە بۆ دنیـای سەردەم لە بەیت و بالۆرە یان قەوانی کۆن دەچن. دنیای سـەردەم وەک دەبینین بە ئاراستەیەکی پێچـەوانەدا دەڕوا. ئەم دنیا نوێیە بیر لە هەڵگرتنی سنوور و یەکخستنی دراو و سـوپا دەکـاتـەوە، لەسـەر بنەمـایەلی هاوبەش و بـەهاگـەلی ناوکـۆدا بـناخـە دادەنێ، نەک بنەمایەلی جیا و بەهایەلی جیا.

بەلاّم ئەمـە کـۆتـای مـێـژوو نیـیـە. ژیان بەبـەریەوە هەیە کـورد تیـایدا ببێ بە خـاوەنی خـۆی و زەوییـەکـەی، ئەزموونێکی گـەشـیش پێشکێش بـکا. ئێمـە نابێ بێ هیـوا بین، ژیان تـەنیـا دوو رەنگی رەش و سـپی نیـیـە، لەم نێـوانەدا ڕەنگ زۆرن. تەنیاش هەبـوون و نەبوون نییە، لەم نێوانەدا دۆخی تر زۆرن. ژیانی ئەم سەردەمە تازەیە، هەلی داوە بە هەر کۆمەڵە مـرۆڤێک ئەگەر بێو بیانەوێ ببن بە خاوەنی ناسنامەی سەربەخـۆ. ژیان هەلی داهێنانی زۆر تێدایە بە تایبەتی لەم سـەردەمـەدا وەک گوتم، کە لە سـایەی شـۆڕشـی تەکنیکەوە دنیـا هـاتووەتە ناو لەپی یەک دەست. ئەزمـوونی گـەلانی پێشکـەوتوو بە چرکە دێنـە گواسـتنەوە بۆ گـەلانی پاشـکەوتوو لەمـانەش ئەزمـوونی دیموکراسی. هـەر لەم دنیـا تازەیەدا، دەسـمـایەی ئـابووری بە چرکـە سـنوور دەبڕێ و لە کـوێی بیـەوێ لـەوێ دەگیرسـێتەوە و بووژانەوە دێنێتـە کایە. وڵاتی ئێمەش کە وڵاتێکی بە بڕشتە و سـامـانی زۆرە، دەبێ بـە مـوگناتیس بۆ بەکـێشکردنی دەسـمـایەی بیـانی، بە تایبەتی دەسـمایەی وڵاتەیلی پێشکەوتوو بە خۆی و بە کولتووری مـۆدێرنیەوە، بەلاّم ئەگەربێو ئێمە خۆمان بزانین چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

وەک گوتمـان کورد ناسنامـەی کۆنی نیـیـە تا وەک گـەلەیل تر، لە سـایەیدا هـاتبێـتـە پاراسـتن، باگـەڕ و باهۆز لە هەر لایەکەوە هەڵبکەن بە ئاسـانی هەڵی دەکـەنن، بۆیە ئەم خـەڵکە ناچارە دەبێ بە دوای ناسنـامـەی تازەدا بگەڕێ تا بتـوانێ پێگەی خـۆی لەم سـەرزەوییـەدا خـورت و بەهێز بکا، ئەو ناسنامـەیەش جگە لە دیموکـراسی هیچ شـتی تر نیـیـە. دیموکراسی ئەو چەترە زلـەیە کە لە سایەیدا هەموو شـتێکی سەردەمییانە فراژی دەبێ و دەگەشـێتەوە، بۆ نموونە:

بێزاندن (نبذ)ی توندتیژی، ئازادیی دەربڕین، مافەیلی تاک، مافی گرووپەیلی ئەتنیکی و ئاینی و مەزەبیی جیا، ئازادیی ژن و مافەیلی منداڵ و هتد. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە دنیای دەرەوە چاوی تێمان بڕیوە تا بزانێ ئێمە لە دیموکراسیدا چ ئەزموونێک پێشکێش دەکەین و لەو سەردێرانەی ژماردمن چی بەچی دەکەین. دیموکراسی دوا هەلە لە مێژوودا بۆ کورد بڕەخسێ تا لە داوێنیدا خۆی بنوێنێ، ئەمە دوا وێستگەیە شەمەندەفەری مێژوو بووەستێ و هەلێکی تازە بداتەوە بەو مرۆیەلەی کوردیان پێ دێتە گوتن.

نارەحەتیی من لێرەدا لەپای ئەوەیە، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا لە زۆر هەنگاو و هەڵوێستی هێزگەل و بەرپرسەیلی کوردیدا بۆنی پەشیمانبوونەوە لە دیموکراسی و هەست بە هەنگاوی بەرەودوا لە کودستان دێتە کردن، نموونە زۆر و بەرچاوە پێویست بە هێنانەوەیان ناکا. زۆر لە ڕۆژنامەوان و چاودێرەیلی بیانیش کە لە کوردستانن، یان هاتوچۆی دەکەن، پەییان بەم ڕاستییە بردووە. هۆی هاندەری ئەم پەشیمانبوونەوە و بەرەودوا گەڕانەوەیەش لە پرسی دیموکراسی ئاشکرا و روونە، بێگومان دەسەڵاتێک بە تەقەی تفەنگ هاتبێ نایەوێ بە دەنگدانی هاووڵاتییەل کورسییەکەی لە دەست بچێ با دروشمەکەشی سەت ساڵە دیموکراسی بووبێ. دیموکراسی گەمەی کورسییە بەر لەهەر شتی تر. بە تایبەتیش دوای ئەوەی هەمووڵا بۆی دەرکەوت، ئەمەریکا بۆ چاندنی تۆوی دیموکراسی نەهاتووە بۆ عێراق و ڕەنگە پێشی خۆش نەبێ دیموکراسی لەم ناوچەیەدا بڕوێ. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەم پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوەدوایەش، تەریبە لەگەڵ هەمان شت لە ناوچەیلی تری عێراقدا کە هێزەیلی عێراقی لە سەردەمی بەرهەڵستیشدا وەک کورد، پەرۆشی دیموکراسی نەبوون. ئەوان خەباتیان بۆ کورسی دەکرد نەک دروستکردنی گەلێکی بەهێز و خاوەن ویست، تەنیا کوردەکە بوو دۆزی خۆی لە هاتنەکایەی دیموکراسیدا دەدۆزییەوە.

بزووتنەوەی کورد کە بەردەوام مایەی هەڕەشە بووە بۆ سەر سیستەمی سیاسی لە بەغدا، تەنیا لەبەرئەوە نەبووە کە دەیەوێ ناوچەیەک لە عێراق

دابڕێ و جیای بکاتەوە وەک کە دەسەڵاتی عێراق بەردەوام ناتۆرەی جیابوونەوەخوازی داوەتە پاڵی، مەترسییەکە ئەوە بووە کە بزاوی کوردی گەڕێنەک و داینەمۆی دیموکراسی بووە لە عێراق و هێزێکی پێشکەوتنخواز بووە لە ئاست سەرجەم هێزە کۆنەخواز و پاشوەڕۆیەکانی جڤاکی عێراقی و کوردیشدا. لەبەرئەمە خاوبوونەوەی هەنگاوی دیموکراسی لە کوردستان باشترین هەل دەدا بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت لە بەغدا. وەک گوتم ناشبێ هەبوونی ئەمەریکا بەدەستەبەر و گەرەنتیی دیموکراسی بزانین. ئێمە دەبێ دیواری ژوورەیلی کارکردن و حەسانەوە و نووستنیشمان یەک دروشمی تێدا هاتبێتە هەڵواسین ئەویش: "بێ چێکردنی جڤاکێکی پتەو و متمانەبەخۆ لە کوردستان، ئەم ئەزموونەی کوردستان نایەتە پاراستن لە بەرامبەر باگەڕ و باهۆزی لەهەرلاوە هاتوو". نابێ حەز و شێتگیریی من و تۆ بۆ کورسیی دەسەڵات، پرسی دیموکراسیمان لەبیر بباتەوە یان هەنگاومان پێ خاو بکاتەوە. کورد هەرچی بێ لە هەرێمی کوردستاندا، ناتوانێ بەرملی یەک مانگی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و سوپایەکی بەهێز بگرێ لە بەغدا، کە لەم رۆژانەدا ئەو سوپایە سەرگەرمی خۆ بنیاتنانەوە و تانک کڕین و جبەخانە دانانە بۆ قۆناغی پاش کشانەوەی هێزگەلی ئەمەریکا. بە کورتی نەبوونی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ناسنامەیەکی سەردەمییانە لە کوردستان، دۆزی سیاسیی کورد بە ئاسانی دەباتەوە بۆ خاڵەکەی سەرەتا.

ڕووداو ژ: ١٢٠، تەمووز ٥، ٢٠١٠

## بەرپرسیارەتی لەم ناوچە پیرۆزەدا

کوتینەوەی بەردەوامی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای ئێران و تورکیاوە، زیانەکەی تەنێ ئەوە نییە دەیان گوند لەو دوو سنوورەدا هاتوونەتە چۆڵبوون و دانیشتوانەکانیان ئاوارە و ڕەهەندەن. زیانەکەشی تەنێ وێرانبوونی ئابووریی ئەو ناوچانە نییە، بێگومان تەنێش بەوە ناوەستێ کە باری دەروونیی جڤاکی کوردەواری لە هەرێم و دەرەوەیدا

بشێوێنێ و وای لێ بکا هەست بە بچووکی و دەستەوەستانیی خۆی بکا لە بەرامبەر ئەو کەڵەگاییی ئەو دوو وڵاتە بێ پسانەوە لە دانیشتوانی بێوانی ئەم هەرێمەی دەکەن. بگرە ئەم کوتینەوەیە رەنگدانەوەی نەرێنیی هەیە بۆ سەر سەرجەم باری سیاسی و ئابووریی کوردستانیش.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە درێژای ساڵانی رابردوو باری تەناهیی جێگیری هەرێمیان بە مایەی شانازی بۆ ئەزموونی کوردی لێک داوەتەوە. هەر وایشە، لە سایەی تەناهیدا کۆمەڵگەی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە زیاتر خەملیوە و گەشەی کردووە، کە ئەمە ئامانجی سەرەکیمانە. بێگومان ئامانجی سەرەکیی ئەو تۆپهاوێژی و کوتینەوانەش لێدان و هەڵتەکاندنی ئەم ئامانجە سەرەکییەی ئێمەیە. حەوتووی رابردوو، یەکێک لە دیپلۆماسییەکانی ئەوروپایی کە لە کوردستان کار دەکا نەیشاردەوە کەوا ئەم کوتینەوە سنوورییانە، کاردانەوەی نەرێنییان هەیە بۆ سەر دەسمایەگێڕانی وڵاتەکەی ئەو. خاوەن دەسمایە لە بردنی دەسمایە و پرۆژەگەلی خۆی بۆ ناوچەی شەڕ و پێکدادان سڵ دەکاتەوە. گوتی بەردەوام مژوولی ئەوەین دەسمایەگێڕانی خۆمان هێور بکەینەوە بەوەی بۆردمانەکان لە ناوچەی دیاریکراوی سنوورین.

چاودێرەیلی بیانی پێیان وایە بە نێزیکبوونەوەی رۆیشتنی هێزگەلی ئەمەریکا لە عێراق بەر لە کۆتای ساڵی داهاتوو، بارودۆخی سیاسی و تەناهیی عێراق زیاتر بەرەو قڵیشانەوە دەچێ. ئەو تۆپهاوێژییانەی ئێران و تورکیا کە بێگومان ساڵی داهاتووش هەر بەردەوام دەبن، لەگەڵ ئەو مەترسییانەی لە قووڵاییی عێراقەوە بۆ هەرێم دێن، بارودۆخەکە بەجارێ ئاڵۆز و شێلوو دەکەن. هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی بەدەستەوە نییە لە ئاست مەترسییەلی لە عێراقەوە هاتوو، بەڵام لە ئاست ئەو نائارامییەی کە سنوورگەلی ئێمەی لەگەڵ ئێران و تورکیادا گرتووەتەوە، تا رادەیەکی زۆر خۆی خاوەنی چارەسەرە.

هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا نییە تا وا بێ

ڕەحمانە بۆردمانی بکەن. ئەو کێشەیە پارتی کرێکارانی کوردستان و حزبە دەسکردەکانی ئەو، بەرەوڕووی هەرێمیان کردووەتەوە. نایانە شاردنەوە کە پەکەکە وەک حزبێکی کوردی، کێشە و کینەی هەیە لەگەڵ حزبەیلی هەرێمی کوردستاندا و تا سەر ئێسکان ناحەزییان دەکا، بگرە ئەو حزبە بەردەوامیش بەشێک بووە لە کارنامەیەکی هەرێمی دژ بە ئەزموونی خۆماڵیی کوردی. زیانەیلی پەکەکە و چەکدارەیلی ئەو لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ سوودەیلیدا نایەنە بەراوردکردن لەبەرئەوەی یەکجار زۆرترن. مەترسیی پارتی کرێکاران بۆ سەر ئەم ئەزموونە بە هیچ جۆرێک لە مەترسیی تورکیا و ئێران کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ. ئەوان خۆیانن کە تورکیا و ئێران بەکێش دەکەن بۆ ئەم کوتینەوە و بۆردمانانە، هیچ دووریش نییە بەڕێککەوتنی ژێربەژێریی ئەوان بێ لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا.

وەک نەریت لە سەرتاسەری دنیادا، هەر هێزێکی چەکدار یان تەنانەت ناچەکداریش، لە دۆخێکی وەک ئەوەی پەکەکەدا کە پەنا بۆ زەویی وڵاتێکی تر دەبا، دەکەوێتە ژێر چاودێری و ڕێنوێنیی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتەوە، ناتوانێ بە موو لە فەرمانیان لابدا ئەگینا داڵدەی نادەن و دەیکەنە دەرەوە. پەکەکەی ئێمە لەبەرئەوەی کوردە و لە خۆمانە، مافی ئەوەی هەیە چی زەبری پێیەتی لە پشتی ئەزموونەکەی خۆمانی بووەشێنێ و ئێمەش لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێین. شکاندنی ئاگربەستیان لەگەڵ سوپای تورکیادا بە ئاماژەی عەبدوڵا ئۆجەلان لەو ڕۆژەیلەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق سەردانی تورکیای دەکرد و کوشتنی یازدە سەربازی تورکیا، لە کردەوەیەکی نابەرپرسانە لە ئاست پێوەندییەل دیپلۆماسیی هەرێم بەولاوەدا چیی تر نەبوو. بەبۆچوونی من ئەو بیانووە بەس بوو بۆ فەرمانڕەوایەلی هەر وڵاتێکی تر لە جیاتیی فەرمانڕەوایەلی هەرێمی کوردستان بوونایە، دەرسێکی وایان بدەن لەبیریان نەچێتەوە.

ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی هاتووە دەسکەوتێکی خۆڕسک نییە تا بە خەیاڵی شاعیرانەمان بڵێین بۆ هەموو نەتەوەی کورد وەک یەک وایە و

هەرکێی بیەوێ دەتوانێ بیکا بە گۆڕەپانی پلان و هەڵسوکەوتەیلی خۆی. ئەمە بەری ماڵکاولی و تەمەنی بەفیڕۆچووی لاوەیلمان لە کێوەیل و خەونی بە درەنگەوە بەدیهاتووی زیاتر لە نیو سەتەی گەلی کوردستانی عێراقە. پاراستنیشی هەر لە ئەستۆی خۆماندایە و نابێ بێباک بین لە ئاست ئەوانەی ژیان لەم ناوچە پیرۆزەدا دەشێوێنن. نابێ چاوپۆشی بکەین لە ئاست یەکێک پێلەقەی لێ بدا یان تەنانەت ببێ بە مایەی شکانەوەی دار و دەوەنێکیشی. ئەمە ئەو بەرپرسیارەتییەیە ئەگەر دەسەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ لێی خافڵ ببێ، سبەی زۆر درەنگ دەبێ بۆ بەفریاهاتنەوەی. مێژووی گەلەیل، بیری رەخنەگرانەی مێژوونووسەیل دەینووسێتەوە نەک هەستی دلۆڤانانەی شاعیران.

وارگەی ئاکانیوز، تەمووز ٥، ٢٠١٠

## عێراق: رێککەوتن لەودیو مەحاڵەوە

سەرۆک وەزیرەیلی پێشووتری عێراق، ئەیاد عەللاوی، لە رووی سیاسییەوە کەسایەتییەکی ئاڵۆزە. بە مەزەب شیعەیە بەڵام لایەنگری ئێران نییە. شیعەیە و سەرۆکایەتیی گەورەترین کۆبوونەوەی سونە دەکات کە لیستی ئەلعێراقییەیە. لە هەمووی ئاڵۆزتر شیعەیە و لە رابردوودا بەعسی بووە. مەترسیی ئەوە لە عەللاوی دێتە کردن کەوا ئەگەر دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، ببێ بە پردێک بۆ گەڕانەوەی حزبی بەعسی لەجێ چوو. گەڕانەوەی بەعسیش واتە گەڕانەوەی سونە بۆ سەر کورسیی فەرمانڕەوایی لە عێراق کە هەشتا ساڵ یەکلایەنە بە دەستیانەوە بوو.

شیعەیلی عێراق کە زۆرینەی دانیشتووەیلی وڵات پێک دەهێنن (لە سەتا شێست زیاتر) بە مافی خۆیانی دەزانن دەسەڵاتی وڵات لەمەولا بەدەستی ئەوانەوە بێ. سەرۆک وەزیرەیلی ماوە بەسەرچوو نووری مالیکی کە بەهێزترین نوێنەری شیعەیە لە عێراق، ئامادە نییە مل بۆ سەرکەوتنی

عەللاوی و لیستەکەی بدا کە بەپێی دەستوور مافی خۆیانە داوایان لێ بێتە کردن بۆ پێکەوەنانی حکوومەتی تازە.

لێرەوە، لە ماوەی شەش مانگ زیاتری رابردووەوە کە هەڵبژاردن لە عێراقدا هاتووەتە کردن، دڵەڕاوکەی عێراقییەل سات بە سات گەورەتر بووە. ئاخۆ وڵاتەکەیان بە راستی لە ژانی لەدایکبوونی سەردەمێکی دیموکراسیدایە وەک خەونیان پێوە دەبینی، یاخۆ لە ژانی زاینی دیکتاتۆرێکی تازە وەک دێتە بەدیکردن. رێک نەکەوتنی سەرکردەیل و پاشکۆییان بۆ هێزەیلی دەرەکی، تای تەرازوو زیاتر بەلای شیمانەی دووەمدا دەلەنگێنێ.

ئەیاد عەللاوی پێش دوو رۆژ بێ هیوایی خۆی پێشان دا لەوەی ئەمەریکاییەل پشتیوانیی بکەن بۆ بردنەوەی ململانێیەکە. گوتی ئەوان "واتە ئەمەریکاییەل" دەیانەوێ لەم پرسەدا لەگەڵ ئێرانییەلدا رێک بکەون. لەو "رێککەوتنەدا" بێگومان ئێرانییەل لە پشتیوانیی هێزگەلی شیعە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە عێراق کۆڵ نادەن لەبەرامبەر فەراهەمکردنی عێراقێکی هێمن و تەنا (مستقر) بۆ ئەمەریکاییەل لە کاتی بەجێهێشتنیان کە پێش دوو حەوتوو دەستیان پێ کرد و لە بەکۆتاهاتنی ۲۰۱۱دا تەواوی دەکەن. رێککەوتنی ئەمەریکایی و ئێرانییەلیش لەسەر پێکەوەنانی حکوومەتی تازە لە عێراق، ئیسپاتی ئەوە دەکا کەوا نەک تەنیا دیموکراسی، بگرە بەرنامەی دیموکراسی بەتەباییش (الديمقراطية التوافقية) نەیتوانی بێتە کایەی جێبەجێبوون یاخۆ سەرکردەیل عێراقی لەسەر کەمترین بەرنامە کۆ بکاتەوە. جەنەراڵ ریمۆند ئۆدیرنۆی سەرکردەی هێزگەلی ئەمەریکا لەم دەمودەستەدا کە هێزەیلی ئەو دەستیان بەکشانەوە کردووە، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نیویۆرک تایمزدا دەڵێ: "دیموکراسی لە عێراق کاتی زۆری دەوێ".

بەشداریی لایەنی کوردی لە گەمەی نێوان هێزگەلی عێراقی لە رمانی رێژیمی سەدامەوە لە ۲۰۰۳ تا ئەمڕۆ، زیاتر سۆز بەسەریدا زاڵ بووە نەک بیر. لە ساڵەیلی زووەوە و تا ئێستەش کورد زیاتر لە شیعەوە نێزیک بوونە وەک لە سونە، بەپێچەوانەوەش سەرکردەیل شیعە کە تا پێش ۹ی نیسانی

٢٠٠٣ لە گرتیگە و چەوسانەوە و پارێزی بەرگریدا، لەگەڵ کورددا بەیەکەوە بوون، لە یەکەمین وێستگەی دوای ئازادیدا کوردیان لەبیر چووەوە. هەردوو کابینەی ئیبراهیم جەعفەری و نووری مالیکی هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سەرکردەگەلی سونە لە بەرامبەر داخوازەیلی کوردستاندا پێشان نەدا. مادەی ١٤٠ کە برِبڕەی پشتی داخوازییەلی کوردە، لەو ماوە دوورودرێژەدا هیچی لێ نەهاتە جێبەجێکردن، ئەمە جگە لە چەندان کێشەی وەک کۆنتراکتەیلی نەوت، هەروەها چەک و ژمارەی هێزی پێشمەرگە کە ئەمانە بە هەڵواسراوی لە نێوان هەولێر و بەغدادا چەندان ساڵە ماونەتەوە. بێگومان ئەمەش باجی زاڵبوونی سۆز بەسەر بیرکردنەوەدا و نەبوونی بەرنامەیەکی ژیرانە بوو لە لایەنی کوردییەوە.

لە سیاسەتی "لە رەگەوە هەڵکەندنی بەعسدا"، کە زیاتر بەرنامەیەکی ئێرانییە بۆ لاوازکردنی سونەی عەرەب لە عێراق، کورد لایەنگرییان لەم سیاسەتە کرد. لەولاوەش، لە دەربازکردنی پیاوکوژەیلی رێژیمی سەدامدا کە زۆربەیان لە دۆزی کوردیدا تاوانبار بوون، کورد یارمەتیی سونەیلیان دا، وەک نموونە رزگارکردنی فەریق روکن وەفیق سامەرائی بۆ دەرەوەی عێراق کە لە سەردەمی کردەوەگەلی قڕکردنی بە کۆمەڵی گوندنشینەیلی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ی ناسراو بە "کردەوەگەلی ئەنفال"، ئەم سامەرائییە بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری بوو. هەروەها بەنهێنی بەرەڵڵاکردنی باڵەفڕوان "تاریق رەمەزان عەزاوی"ی تاوانبار بە تێسرەواندنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، کە لە گرتیگەیەکی سلێمانیدا دەسبەسەر بوو. ئەم گەمەیە دەق پێچەوانەکەی راست بوو. دەبوایە کورد خۆی وەک سونە مەزەب لەگەڵ ئەوەدا نەبێ کە عەرەبی سونە لە عێراقدا بە هیچ بیانوو و پاساوێک و بۆ بەرژەوەندیی ئێران بێتە لاوازکردن. نەشدەبوو چاوپۆشی لە تاوانبارەیل بکرێ بە تایبەتیش لە دۆزی ئەنفال و هەڵەبجەدا. ئەمە پرسێکی رەوشتی بوو هەر نەبێ بۆ شۆڕشگێڕەیلی دوێنێ کە گەلێکی بێوانیان (بێوان: بێ دفاع) هێنابووە گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رێژیمێکی هاردا.

ئاخۆ ئەگەر سەرکردەیلی کورد لەو بەڵێنانە پاشگەز ببنەوە کە دەبوو تاوانبارەیل بە دادگەی رەوا بگەیەن، دەبێ چی بۆ کورد بێتە داواکردن لە سەرکردەیەکی شیعەی عەرەبی بەرهەڵستکاری عێراقیی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێ کە بە کورسیی دەسەڵات دەگا؟

گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی بە یەکلایەنی لە عێراق، لەلایەن حزبەیلی شیعەوە، بێگومان دۆزی کورد ئاڵۆزتر دەکا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی رێژیمی سەدامدا. ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا کە هیچ سەرپێچییان لێ نایەتەکردن: یەکەم شیعە زۆرینەن لە عێراق (سێ ئەوەندەی عەرەبی سونەن کە پێشتر حوکمی عێراقیان دەکرد)، دووەم لەلایەن وڵاتێکی هار و لاساری وەک ئێرانەوە پشتیوانیی سیاسی و مەزهەبییان لێ دێتە کردن و ئەم وڵاتە درێژترین سنووری لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە.

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا بێ رەحمانەیە، بەردەوام گوندەیل سنووریی ئەم هەرێمە دەکوتێتەوە و ئازاری گوندییەل دەدا. لە زۆر رووداوی تەناهیش لە کوردستاندا پەنجەی تۆمەت بۆ ئێرانییەل دێتە درێژکردن. بۆ نموونە لە رووداوی سووتانی ئوتێل سۆما لە سلێمانی "١٦ تەمووزی رابردوو" کە لە ناو ٢٩ قوربانیدا ١٤یان پسپۆڕی بیانی بوون، لەمەدا گومان بۆ ئێران دەچوو هەرچەندە دەسەڵاتی هەرێم سەرپێچیی لەمە کرد.

بە بۆچوونی من کە بۆچوونێکی کەسانییە، نەدەبوایە لایەنی کوردی بیرەبیر (تردد) پێشان بدا لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لیستی ئەلعێراقییەدا. راستە هەبوونی بیرکردنەوەی شۆڤینییانە لە ئاست داخوازەیلی کوردستان لەلای هەندێک ئەندامەیلی ئەو لیستەدا "لیستی حەدبای مووسڵ"، وەک کۆڵدان و پاشەکشە لە بنەوایەل بنەڕەتیی داخوازیگەلی کوردی دێنە لێکدانەوە، بەڵام وتووێژ لەبارەی پرسەیل ناکۆکی لەسەر "لە دۆخی هاوپەیمانیدا" باشتر دەچنە پێش وەک "لەباری ناحەزیدا". ناشێ لە عێراقی داهاتوودا کە بەرەو ئەوە دەڕوا حزبگەلی شیعە " وەک پێ دەچێ یەک لایەنە" وڵات بەڕێوە ببەن، کورد

لەگەڵ سونەشدا لالووت بێ کە هەموو کێشەیلی لەگەڵ ئەودایە و هەموو سنوورێکیشی هەر لەگەڵ ئەودایە.

بۆ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمانەی دواییدا، واتە لەگەڵ سونەی عەرەب، ئەمڕۆ باشترە لە بەیانی، لەبەرئەوەی بە هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی بەهێزی شیعە بە پاڵپشتیی ئێران، کورد و سونەی عەرەب بیانەوێ و نەیانەوێ دەچنە یەک دۆخی بەرگرییەوە. بێگومان ناشبێ چاوەڕوانی لە ئەمەریکا بێتە کردن بۆ بەرگری لە دیموکراسی، دەرکەوت کەوا بەلای ئەمەریکاییەلەوە تەناهی "بەرێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا" لەپێشترە لە دیموکراسی، تەناهییەک کە سەربازەلیان بەدوور بخاتەوە لە کوشتن لە سەرزەوینێک کە رێککەوتن لە نێوان سەرکردەیلیدا لە پشت مەحاڵەوەیە.

وارگەی ئاکانیوز، ئاب ٢٥، ٢٠١٠

## نێچیرڤان بارزانی

## دەوڵەتێک بۆ کورد، کوردێک بۆ دەوڵەت

هاونیشتمانییەل کوردی خۆم لێم قەبووڵ ناکەن کە دەڵێم کورد مێژووی نییە. هاوەڵەیل بیانیشم بە نامۆیی سەیرم دەکەن ئەگەر وا بڵێم. بەڵام من بە بەڵگە بۆچوونەیل خۆم پشتڕاست دەکەمەوە. کورد مێژوویان نییە لەبەرئەوەی مێژوو واتە شارستانەتی، شارستانەتیش رێکخستنێک دروستی دەکات ناوی دەوڵەتە. کورد لە رابردوودا دەوڵەتیان نەبووە، دوا دەوڵەتی کوردی ٧٠٠ ساڵ پێش زاین هاتووەتە دامەزران و دەوری سەتە و نیوێک تەمەنی کردووە. هەر ئەوە دەزانین کە ناوی میدیا بووە، ئەگینا رەنگدانەوەیەک یان شوێنەوارێکی ئەو دەوڵەتە لە یادکی (یادک: ذاکرة) کوردی یان لەسەر ئاخی کوردستاندا نەماوە. ئەوە نەبێ کورد هەموو ساڵ لە رۆژی ٢١ ئاداردا بە ئاگر هەڵکردن یادی دەکەنەوە.

بێگومان لەسەر خاکی کوردستاندا مێژوو هەبووە بەڵام مێژووی

داگیرکەرەیلی بووە نەک مێژووی ڕۆڵەیلی خۆی. لەوەش بەولاوەتر داگیرکەر تەنیا وا ناکا تۆ مێژووت نەبێ بگرە واش دەکا تۆ بە ئاراستەیەکی پێچەوانە لە مێژوو، ملی ڕێ بگریتە بەر. بۆ نموونە ناچارت دەکا لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریدا پردی سەر زێیەلی وڵاتەکەی خۆت بڕووخێنی. نموونەیەکی تر، هەموو ڕاپەڕینەل کورد لە سەتەی بیستەمدا بە تێسرەواندنی بنکەی پۆلیس دەستیان پێ کردووە. کەسێک کورد نەبێ ناتوانێ لەم پرسە تێ بگا، پۆلیسی وڵاتەیل داگیرکەری کوردستان بەشێک بووە لە ئامێری سەرکوتینەوە و داپڵۆسینی کورد نەک ئامێرێک بۆ سەپاندنی یاسا لەپێناو ژیانێکی شاریبیانەدا.

ڕۆشنبیری ناوداری کورد، مەسعوود محەمەد ساڵی ٢٠٠٠ دەیگوت ئێمەی کورد ماوەی ٢٧٠٠ ساڵە لە دەرەوەی مێژووین. ئەو لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەبارەی دەست پێکردنی ئەم دەسەڵاتە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەوە، بۆ من و چەند هاوەڵێکم دەدوا، واتە ئەو دەسەڵاتەی لە ١٩٩١دا بە ڕاپەڕینێکی جەماوەرییانە دەستی پێ کرد و ساڵی دواتر هەڵبژاردنێکی گشتی و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە. ئەم دۆخە کوردییە لەگەڵ ڕمانی ڕێژیمی سەدام لەلایەن هێزگەلی ئەمەریکاوە بوو بە بارێکی داسەپاو (امر واقع) و سەرکردەیل عەرەبی عێراق ددانیان پێدا نا "هەڵبەت بەنادڵی" و لە دەستووری عێراقیشدا چەسپی. ئیتر کورد کەوتنە ناو مێژووەوە. لە جیاتیی ئەوەی بنکەی پۆلیس بگرن، لەمەولا کەوتنە دامەزراندنی، لە جیاتیی ئەوەی پرد تێک بدەن کەوتنە دروستکردنی. یان لەبری نامۆیی لە گەلەیل دراوسێ، کەوتنە دروستکردنی پێوەندی و رایەڵی دۆستایەتی لەگەڵیاندا.

لە ماوەی هەژدە ساڵی خۆبەڕێوەبردنی کوردیدا، نێچیرڤان بارزانی ماوەی ١٣ ساڵ سەرۆکی حکوومەت بوو. ئەم ماوە درێژە بەسە بۆ گەڵاڵەکردنی پێناسەیەکی تەواو بە کەسایەتیی سیاسیی ئەو. بێگومان هەڵە و کەموکورتی لە کارگێڕیی وەزارەتەیلی ئەودا هەبوو، ژیان لە بزووتنەوەدا بێ کەموکورتیش

هەر دەبێ. تا ئەو لەسەر کورسییەکەی بوو، من زۆرم رەخنە لە کاری وەزارەتەیلی ئەو گرت تا رادەی نارەحەتکردنیشی، بەڵام ئێستە کە نێزیکەی دە مانگ بەسەر بەجێهێشتنی ئەو بۆ پۆستەکەی تێ دەپەڕێ، کاتی ئەوە هاتووە هەڵسەنگاندنێکی گشتیمان هەبێ بۆ کارەیل گرینگی خۆی و حکوومەتەکەی و رەنگدانەوەی ئەو کارەیلە لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا.

بە وردبوونەوە لە ئەزموونی ئەو ماوەیە دەردەکەوێ، بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، تا ئێستا نێچیرڤان بارزانی باشترین کەسی هەڵکەوتووە لەناو سەرکردەیل کوردیدا، کەسێک کە بتوانێ هەنگاو بە رێگەی بەدیهێنانی خەونە مێژووییەکەی ئەم مرۆگەلە دەستەوەستانەدا بنێ. گرژییەلی نێوان هەردوو دوو حزبی سەر کورسی، لە ماوەی دەسەڵاتی ئەودا تا ئەوپەڕی رادە خاو بوونەوە. حزبەیلی پەراوێز بووژانەوەیان بەخۆوە دی و رێزیان لێ هاتە گرتن. ئازادیی دەربڕین و کاری رۆژنامەوانی زۆر چوونە پێش. کەمینەیلی تورکمان و فەلە هەستیان بەبوونی خۆیان کرد. بەرپرسیارانە گوێی لە لاوەیل و رۆشنبیرەیل گرت و بەبێ رەچاوکردنی جیاوازیی بیرکردنەوەیان زۆر لە خواستەیلی بۆ بەدی هێنان. لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەیەوە بەرگریی لە مافەیل ئافرەت کرد و زۆرترین یاسای بۆ دەرکردن، بۆ نموونە بۆ رێگرتن لە کوشتنی ژن لەسەر پرسی ناموس یان رێگرتن لە فرەژنی. بە کورتی رێزگرتن لە ویستی مرۆڤ، بەلای ئەوەوە بڕبڕەی پشتی بەرنامەی حکوومەتەکەی بوو. بۆ زۆر کەس، نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی بزاڤی دیموکراسی لە کوردستان دێتە ناسین. ئاشکرایە کەوا لە سەردەمی ئێستای دنیادا، خوڵقاندنی گەلێکی بە ورە و ئیرادە، باشترین بنەوایە بۆ دروستکردنی وڵاتێکی پارێزراو لە ناحەزەیلی، واتە بۆ رێگرتن لەوانەی بیر لە داگیرکردنەوەی دەکەنەوە. ئەمەش وەک گوتم پوختەی بیرکردنەوەی ئەوە.

بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستانی عێراق داهاتێکی کەمی هەبوو کە برێتی بوو لە باجی گومرگی، بەڵام پرۆژەگەلێک بۆ خزمەتگوزاری هاتنە ئەنجامدان کە مایەی گەڕانەوەی متمانەی خەڵک بوو بە پاشەڕۆژیان لە دوای

تێک بەربوونی چەکدارانەی دوو حزبە سەرەکییەکە لە نێوان ١٩٩٤ ـ ١٩٩٨دا. لە دوای کەوتنی رێژیمی سەدامیشەوە هەرێم بووژانەوەیەکی سەرتاسەریی بە خۆیەوە دی. بۆ نموونە ئێستە وزەی کارەبا تا رادەیەکی زۆر فەراهەم بووە، لە سایەی ئەو پرۆژەیلەی کە لە سەردەمی کابینەکەی ئەودا هاتنە دەست پێکردن خەریکە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە بەشی پێویستکردن نێزیک دەبێتەوە. بەر لە چەند رۆژێک، نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی "توانیمان لەو ماوەیەدا ئاگردووی پێویست بۆ بەرێوەچوونی وێستگەیلی کارەبا لە ناوەخۆی کوردستاندا دابین بکەین". ئەمە بیرکردنەوەیەکی ستراتیجییە کە ئاوەزی کوردی زۆر جار تیایدا کۆڵ و دەسکورتە. بێگومان فریا نەکەوت نەوتی سپی بۆ بەکاربردنی ناوەخۆ دابین بکا. وەک بینیمان پێش چەند رۆژێک بەغدا تەنیا بۆ پاڵەپەستۆ و نارەحەتکردن، ناردنی نەوتی سپیی بۆ هەرێمی کوردستان وەستاند.

نموونەیەکی تر: هەولێر لە پێش زاینەوە کێشەی ئاوی هەبووە، پاشایەکی ئاشووری بەناوی سەنحاریب ٦٨٢ ـ ٧٠٤ پ.ز کە هەولێری لەبن دەست بووە ویستوویەتی بە نۆین (قناة)ێک لە بەستۆرەوە "چەمێکە لە ژووروی هەولێر بە ١٠ کیلۆمەتر" ئاو بۆ شارەکە بکێشێ بەڵام پرۆژەکەی تەواو نەکردووە و بەسەریدا مردووە، هەولێری ئێمەش بێ ئاو ماوەتەوە. چارەسەری کێشەی ئاو لە هەولێر ئەفسانەیەک بوو بۆ خۆی. ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی کوردستان وەک: رێگەوبان، باڵەخانەی پێویست بۆ قوتابخانە، بۆ بنکەی تەندروستی، بۆ نەخۆشخانە و زانستگە، ئاوەڕۆ و شەقام، ژیانیان لە هەرێمی کوردستاندا گەشاندەوە. خێرایی پەرەسەندنی ئاوەدانکردنەوە لەو ماوەیەدا بۆ هەموو کەس جێگەی سەرسامی بووە. هەرێم لە ماوەی ساڵەیلی رابردوو و تا ئێستەش لە تەقینەوەیەکی ئاوەدانکاریدا دەژی. کەرتی تایبەت کەوتە جموجۆڵێکی سەرنجبزوێن کە بەڵگەی باوەڕی دەسمایەدارانی ناوەخۆ بوو بە جێگیریی کوردستان، هەروەها بوونەوەی دەرگە بۆ هاتنی دەسمایەگێڕی بیانی، نیشانەی دروستبوونی متمانە بوو بە پاشەڕۆژی هەرێمەکە. هەموو

ئەمانە لە سایەی تەبایی ناوخۆ و گەرموگوڕیی بەڕێوەبردنی حکوومەتەوە هاتنە دی، ئەوەش وەک ئامانجەم دا بەرنامەی ئەو پیاوە دەوڵەتییە بوو کە بۆ چوونەوە ناو مێژوو، کورد دەورانێکە چاوەڕوانی بوون.

زۆر شتی تر دەشێ ئاماژەیان بۆ بێتە کردن: وەک بەکاربردنی دیپلۆماسییەتێکی نەرمونیان و دیوەدەر "شفاف" لەگەڵ وڵاتەیلی هاوسێ و ڕەواندنەوەی ترس و سامیان لە دێوەزمەی دەوڵەتی کوردی، وەک بینیمان لە سایەی ئەو سیاسەتە نەرمەوە، وڵاتەیلی دەوروپشت لە سەروویانەوە تورکیا، وردە وردە کەوتە قەبووڵکردنی هزرۆکەی دەوڵەتی کوردی و تەنانەت پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵیدا گۆڕییەوە. کردنی کوردستان بە بەشێکی بزێو لە دنیای دەرەوە بە کردنەوەی باڵەفڕگەی پێشکەوتوو، هەروەها بردنی کوردستان بۆ سەر نەخشەی بەرهەمهێنانی وزە لە دنیا لە ڕێگەی بەستنی کۆنتراکتەیلی نەوتەوە، کە ئەمەیان بە تەواوی کوردی نێزیک خستەوە لە خەیاڵە دێرینەکەی "دەوڵەت". لە کەس شاراوە نییە کەوا گەلێکی بەهێز لە بواری ئیرادەی سیاسی و گەشاوە لە بنەوایەل ئابووریدا، گەلێکە لەسەر شاڕێی مێژوودا ملی بەردەوامییەتیی گرتووە، گەلێکی ئاوەها نەک تەنیا ڕێی بۆ سەربەخۆیی لێ نایەتە گرتن، بگرە بەخێرهاتنیشی لێ دێتە کردن تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کە تا دوێنێ لێی دڕدۆنگ و بەگومان بوون.

دەرچوونی نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، دڵەڕاوکەی لەلای زۆر لە هاووڵاتییەلی کوردستاندا پەیدا کرد، ئاخۆ ئەو بەرنامانەی ئەو دەستی پێ کردن، بە هەمان جۆش و بە هەمان رووکاردا بەردەوام دەبن یان دەکەونە پاشەکشە. ئاخۆ کورد بە ڕاستی کەوتوونەتە سەر ڕاستەڕێی مێژوو یان جارێکی تریش لێی دەچنە دەرەوە، لەبەرئەوەی کورد فێرە هەنگاوەیلی خۆی پێچەوانە بکاتەوە. مارتن ڤان براوێنسن کوردناسێکی هۆڵەندییە، لە ئاخاوتنێکیدا کە لە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی سەرکردەی ئەفسانەیی کورد مستەفا بارزانیدا داویەتی، دەڵێ لە سەردەمی خەباتی بارزانیدا "واتە لە بزووتنەوەی نێوان ١٩٤٣ تا ١٩٧٩" کورد لە عەشیرەتەوە

بوون به نەتەوە، بەڵام دوای نەمانی خۆی، جارێکی تر بوونەوە بە عەشیرەت. مەترسییەکەی ئەمجارەش لەوەدایە، ئەو بەرنامەیەی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی ئەوە دەڕۆیشتە رێوە کە میللەتێک بێنێتە کایە حکوومەت بەهی خۆی بزانێ نەک حزبی عەشائیری، هەروەها هەرێمی کوردستان بەرەو یەکەتی ببا نەک گەڕانەوە بۆ پچڕپچڕی، دواجار ئەم بەرنامەیە نووچ بدا و بەرەوپاش تەقڵە لێ بدا. ئەمە تارماییی مەترسییەکە بە شاراوەیی لە هزری هاووڵاتییەلی کوردستاندا تەشەنە دەکا و دڵەڕاوکەیەکە بەچپە لێی دەدوێن، "بێگومان" بۆ یەکێک بیەوێ هەستی پێ بکا یان گوێی لێ بگرێ.

ڕووداو ژ: ١٢٨، ئاب ٣٠، ٢٠١٠

## وڵاتێک بەردەوام لەسەر لەپی دێودا

عێراق وڵاتێکە بەردەوام لەسەر لەپی دێودا. هەر وا بووە و هەر واش دەمێنێ. عێراقییەل فێرن شەڕ بکەن بۆ غەیرە. سەرکردەیەک لە عێراق نەبوو بیر لە وڵات و هاووڵاتییەلی خۆی بکاتەوە. خەونیان بەردەوام گەورەترە لە سنووری وڵاتەکەی خۆیان بەڵام بچووکترە لەوەی دەبوو ببێ. سەرکۆماری پێشووتری عێراق، سەدام حوسێن لە پایزی ١٩٨٠ جاڕی شەڕێکی گەورەی دا لە دژی ئێران. ئەم شەڕە لە رووالەتدا لەسەر ئاخ و ئاوی نێوان دوو وڵاتەکە بوو، بەڵام لە کرۆکدا شەڕی وڵاتەیلی عەرەبی سونە مەزەب بوو کە سەدام بە نوێنەرایەتیی ئەوان دەیکرد لەبەرامبەر ئیسلامی شیعە مەزەبدا کە پێش ساڵ و نیوێک واتە لە دەسپێکی ١٩٧٩دا هاتبووە سەر کورسیی دەسەڵات لە ئێران. ئەو شەڕە کە هەشت ساڵی تەواو درێژەی کێشا "بەلای عێراقییەلەوە" بێ واتاترین شەڕ بوو لە مێژووی دنیادا. پاش تێپەڕینی ٣٠ ساڵ بەسەر دەسپێکی ئەو رووداوە، ئێستە سەرکردەیل شیعەی عێراق دەیانەوێ مێژووەکە دووبارە بکەنەوە "بەڵام بەپێچەوانەوە".

کشانەوەی هێزەیلی ئەمەریکا لە عێراق، دەرگە والا دەکا بۆ زۆر شیمانە کە هەمووی شێتانەیە، لە هەمووی لەپێشتر شەڕی ناوەخۆیە لە نێوانی شیعە و سونەدا، کە شەڕێکی وەک گوتم بریکارانەیە بۆ غەیرە، هەلومەرجی ناوەخۆیی و هەرێمیی تەواو بۆ ئەو شەڕە سازاوە و ئەمەریکاش گۆڕەپانەکەی بۆ بەرداوە. زۆرجار کە باسی ئەم شیمانەیە دێتە کردن، کوردی خۆشباوەڕ پێیان وا دەبێ کەوا هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆی نێوان عێراقییەل، عێراق بەرەو جیابوونەوە دەبا، پێیان وایە وڵاتەکە دەبێ بە سێ پارچەی شیعە و سونە و کوردەوە. "نەیخۆی تاڵە" وەک لاقرتیکەرەیل دەیڵێن، لە روودانی شەڕی ناوەخۆی نێوان عێراقییەلدا، کورد ناتوانێ بەشداری بکا. لە هەردوو شاری کەرکووک و مووسڵ کە جێی ناکۆکین، کورد ناتوانێ یەک هەنگاو بچێتە پێشەوە. لە کەرکووک لە ترسی خۆ تێ وەردانی تورکیا و لە مووسڵ لە ترسی دەس تێ وەردانی وڵاتەیل عەرەب. مایەی تیز و تەشەرە کە ئەو دوو شارە عێراقییە زیاتر لە بەشی وڵاتەیلی هەرێمی دەچن نەک لە بەشی عێراقییەل خۆیان. ئەم دوو شارە هێڵی سوورن هەر نەبێ بۆ کوردی ئێمە. لەبەرئەمە شەڕی چاوەنۆڕکراوی ناوەخۆ لە عێراق بەو سیناریۆیە نابێ، کە خۆشباوەڕەیل وێنەکەی لە خەیاڵدا دەکێشن. ئەو شەڕە شەڕی نێوان لایەنگرەیلی ئێران و ناحەزەیلی دەبێ. وەک دەشبینین لە عێراق تەنیا سەرکردە شیعەکانی عەرەب لایەنگری ئێران نین، بگرە هێزگەلی کوردیش هەرچەندی سونەن، نیوەیان سەر بە ئێرانن جا چ نائیسلامی بن چ ئیسلامی.

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی وادەی شەڕەکەدا، کە نیشانەیلی بەرەبەرە دەردەکەون، دۆستەیلی ئێران وا زیاتر دەکەونە خۆ گرتنەوە و بنەبڕکردنی ناکۆکییەلی نێوانی خۆیان. دەستەی مالیکی و دەستەی حەکیم کە تا دوێنێ لەیەکتر لووتەلا بوون، وا خەریکی دەست پێداهێنانەوەی دوا گەڵاڵەی رێککەوتن بۆ دانانی حکوومەتی تازە، کە ئەم حکوومەتە هومێدی سونەی عەرەب بە یەکجاری بە کۆتا دەکا لە گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات یان هەر نەبێ هاوسەنگییەک لەگەڵ شیعەدا. لە کوردستانیشدا هەردوو باڵەکەی یەکێتی،

یەکێتیی دایک و بزووتنەوەی گۆڕان کە هەردووکیان بە دۆستی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە ناسین و پێوەندیی زۆر ئاشکرایان هەیە لەگەڵ کۆماردا، کەوتوونەتە سەرەتاتکە لەگەڵ یەکتردا و لەگینە لە ماوەیەکی نێزیکدا ئاشت ببنەوە.

شەڕ لەم سەردەمەدا پێویستی بە پاساوێکی وا هەیە شەڕکەر بتوانێ پاشان بەرگریی لێ بکا. سەرکردەیل شیعەی عێراق زۆریی ژمارەی شیعە و زۆرتریی کورسییەلی خۆیان لە پەرلەمانی عێراق بە بیانووێکی رەوا دەبینن بۆ باڵادەستییان بەسەر سونەدا، یان بەپاشدانەوەیان لە هەموو بڕیارێکی سیاسیی گرینگ لەبارەی ئێستە و داهاتووی وڵاتەوە، ئەمەش بانگهێشتنکردنی ئەوانە بۆ هەڵگەڕانەوە و پەنابردن بۆ توندتیژی کە پێش دوو حەوتوو، واتە لە ٢٦ ئاب پرۆڤەیەکیان لەسەری کرد و دوازدە گەورە شاری عێراقیان لەوپەڕی باکورەوە تا ئەوپەڕی باشوور لە رۆژێکدا کرد بە گۆماوی خوێن. پازدە کردەوەی تەقاندنەوە زیاتر لە ٢٥٠ قوربانیی لێ کەوتەوە. نێزیکبوونەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتیش کە "بێگومان" بەر لە هەموو شت لەپێناوی دەست پێکردنەوەی ململانەیە لەگەڵ ناحەزی دێرینیان پارتی و بنەماڵەی بارزانی، داخوازێکە ئێران لە ئاسمان بۆی دەگەڕێ. یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان، پاڵیان دەدا بۆ یەکگرتنەوە لە هەموو شتێکدا، لە هەمووی لەپێشەوەتر یەکگرتنەوە لە پەرلەمان کە ژمارەی کورسییەلیان ئەو کاتە دەکاتە ٥٤ لەبەرامبەر ٢٩ کورسیی پارتیدا. ئیسلامییەلیش لەولاوە دەبن بە مەزە و بەهاراتی دۆخەکە لەبەرئەوەی بێ چەند و چۆن کورسییەلیان بۆ رەوتی سەر بە ئێران حسێبە. ئەم بۆچوونەیلەی من لەسەر خۆم ماڵن و خۆم لێیان بەرپرسم، تکایە کەس پاڵەپەستۆ نەباتە سەر هیچ لایەنێک، با گومانی نەبێ لەوەی کە ئەوەی ئەو مەبەستیەتی، بەم بۆچوونانەی من سەغڵەت دەبێ نەک خۆشحاڵ. ببوورن ئەزموونم زۆرە لەمبارەیەوە بۆیە پاکانە دەکەم.

بەردەوام پارتی لە خەوی شیریندا دێتە گرتن و پاشانیش تۆمەتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٦ یەکێتی بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانە

لەگەڵ پارتیدا، "لە ئێرانەوە" هێرشی هێنایە سەر و لە خافڵەکیدا تێی سرەواند. پارتیش لە وەڵامدا یارمەتیی لە عێراق وەرگرت. لە ناوەڕۆکدا جیاوازییەک لە نێوانی سوپای پاسدارانی ئێران و سوپای کۆماریی عێراقدا نییە کە یارمەتیی دوو لایەنەکەیان دا، وەنەبێ سوپای پاسداران مایەی خێروخۆشی بووبێ بۆ کوردی ئێران و ئەوەکەی تر بۆ کوردی عێراق وا نەبووبێ. سوپای کۆماری بۆ کوردی عێراق چەنگ بەخوێنێکی لەبیر نەکراو بوو، سوپای پاسدارانیش لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٩٦دا، بەتانک و تۆپەوە گەیشتبووە کۆیە بۆ تێسرەواندنی کوردی ئێران. لە رووی لۆجیک و یاساوە "کاردانەوە" هێندەی "کار" بەرپرسیارەتی پەیدا ناکا تەنانەت ئەگەر کاردانەوە خراپتریش بێ لە کار لە رووی توندتیژییەوە، بەڵام وەک بینیمان بۆ رووداوەکەی ئەو ساڵە وا نەبوو، خاوەن کار بەرزەکی بانان چووەتە دەرەوە و خاوەن کاردانەوەش پەڵەی ٣١ی ئابی پێوە لکاوە.

لەبەرئەوە دەبێ لەبیرمان نەچێتەوە کە مێژوو مەرج نییە ئەو شتە بێ کە رووی داوە، مێژوو زۆرجار ئەوەیە کە دێتە باسکردن و گێڕانەوە. بە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتی، جارێکی تر پارتی دەکەوێتە بەردەم تەنگژەیەکی گەورەی وەک ئەوەکەی ساڵی ٩٦ەوە، یان قەبووڵکردنی دۆڕاندنێک کە زۆری لەسەر دەکەوێ و باجێکە بێ بەهانە لێی دێتە وەرگرتن، یانیش رەتکردنەوەیەتی، کە دیسان بۆی دەکاتەوە بە پەڵەی مێژوو. ئەو کاتە دەبینین چۆن دەم هەراشەیل لە "زۆرینەی پەرلەمانی" دەدوێن و دەبن بەباوک و برای دیموکراسی. لێرە زیاتر لە دەرکەوت و بەرکەوتی ئەم سیناریۆ رەشبینانەیە نادوێم، تەنیا ئەوەم لێی مەبەستە کە شەڕی ناوەخۆ لە عێراق، کورد تیایدا لایەن نابێ لەبەرامبەری عەرەب، کوردی بێچارە بە دەردی خۆیەوە دەتلێتەوە و شەڕ بۆ غەیرە دەکا لە پلانێکی گەورەتردا، بەڵام وەک گوتم بۆ ئامانجێک کە زۆر بچووکتر لەوەی دەبوو ببێ.

ئەو بۆچوونەی من لەبارەی کودەتایەکی تری یەکێتی لە بەرامبەری پارتیدا تەنیا بەرهەمی خەیاڵی رووت نییە. زۆر بەڵگەی بۆ هەیە، بۆ نموونە: یەکێتی

دۆستی ئێرانە و پارتی نا. دیاریشە لە پرسی ئێراندا، دۆست چییە و نادۆست چییە. دووەم لە سلێمانی ئامێرێکی زەبەلاحی راگەیاندن هەیە کە بەئاشکرا لە پەنای دروشمی میدیای ئەهلی و و رۆژنامەوانیی سەربەخۆوە کار بۆ ئەوە دەکا پارتی وەک دێوەزمە پێشانی خەڵکی کوردستان بدا و رۆژانە داگرتنێکی جەماوەری (داگرتن: تعبئة) دەکا بۆ گەڕێکی تری ململانە و شەڕی ناوەخۆ. ئەو راگەیاندنە وەک تای تەورداس ئامادەیە بۆ هەر فیکەیەکی کۆماری ئیسلامی تاوەکو تۆمەتێکی تازە بخاتە ئەستۆی پارتییەوە. لە هەموو ئەو بەڵگانەش ئاشکراتر بڵاوکردنەوەی چەندان بەرگ کتێب لە ئێران وەک "بیرەوەریی جەلال تاڵەبانی" کە ئامانج لێی سووک و ریسواکردنی مێژووی پارتی و هێماکانیەتی و کردنیەتی بە نیشانەیەکی ئاسان بۆ ئەو شەڕەی وا بەڕێوەیە. ئەم کتێبە هەرچەندە بوو بە مایەی نارەحەتکردنی پارتی، بەڵام نارەحەتییەکی کاتی بوو، تاڵەبانی بە چەند قسەیەکی خۆش تێی پەڕاند.

کاری رۆژنامەنووس ئەوەیە پەنجە بکاتە سەر مەترسی نەک چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە وەک زۆرجار لێی دێتە خواستن. بەڵام ئەگەر یەکێک لەم پرسەدا چارەسەرێک لە من بخوازێ، ئەوەیە دەڵێم دەبێ هاوولاتییەلی عێراق: شیعە و سونەی عەرەب و شیعە و سونەی کورد و تورکمان و فەلە، یان هەر شتێکی تر کە هەیە، وەک هاوولاتی تەماشای یەکتر بکەن و نەبن بە بەشێک لە کارنامەی ئەو سەرکردەیلەی کە خەونەیلیان خەونی عێراقییەل نییە. خەونی عێراقییەل بنیاتنانەوەی عێراقێکە یەکسان بێ بۆ هەموو لا.

رووداو ژ: ١٢٩، ئەیلوول ٦، ٢٠١٠

## سونەی عێراقی، یاریکەرێکی فاشیل

سەرکردەیل سونەی عەرەبی عێراق خراپترین یاریکەری سەر گۆڕەپانی وڵاتن. لەو رۆژەوەی گەمەی دیموکراسی لەم وڵاتە لە ژێر چاوەدێریی ئەمەریکاییەلدا دەستی پێ کردووە، لەچاو سەرکردەیل کورد و شیعە، سونە یاریکەری نەزانن. بێگومان یاریکەرێک بە چەوتی یاری بکا، زیاتر زیان بە خۆی

دەگەیەنێ نەک بە بەرامبەرەکەی. بنەوای چەوتیی یاریکردنی ئەم سەرکردانەی سونەش ئەوەیە نایانەوێ دان بەو گۆڕانەدا بنێن کە لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ەوە لە عێراقدا رووی داوە. نایانەوێ دان بەوەدا بنێن کەوا ئیتر لەم وڵاتەدا هاوبەشی دووەم و سێیەم و چوارەم هەیە و بە هەموویان زیاتر لە سەتا ٨٠ی دانیشتوانی گشتی پێک دێنن.

ئەمە نیوەی چەوتیی ئەو سەرکردەیلەیە، بەڵام نیوەی دووەم بریتییە لە کەرەستە و ئەسبابی سیاسیی بەردەستیان. ئەوان یان بەعسین یان قاعیدە. کە هەردووکیان هەڵگری بۆچوون و خاوەنی رابردووی بێزراو و نەفرەت لێکراون سەرەڕای رێ پێ نەدراوییان لەم وڵاتە لە رووی یاسایی و سیاسییەوە. ئەم نەزانییەی ئەوان لە یاریکردنی حەوت ساڵ زیاتری رابردوو، هێندەی ٣٥ ساڵەکەی فەرمانڕەواییی حزبی بەعس، زیانی لە متمانە و بڕوا پێکراویی سەرکردەیل سونەی عەرەبی عێراق داوە چ لە قووڵاییی کورد و شیعەی ناوەخۆی عێراق و چ لە درێژەی هەرێمایەتیدا.

راستە وەک بنەوا دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان حزبی بەعس و رێژیمی عێراق کە لە نێوان ١٩٦٨ و ٢٠٠٣دا فەرمانڕەوای وڵات بوو. سەرکردەیلی ئەو رێژیمە سەبارەت بەو ئەو تاوانەیلە زلەی لە ئاست گەلی عێراقدا کردیان چوونە بەردەمی دادگە و سزای شیاوی خۆیان وەرگرت. بەڵام بەعس شتێکی تر بوو، بەعس وەک هزر، جگە لە حزبەیل چەپی وڵاتەیلی عەرەبی، خاوەنی فرەوانترین بەرنامەی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە نەیتوانی جێبەجێی بکا بە هۆی گەیشتنی دەمارگیراوەیلی نەتەوەییەوە، بە سەرکردایەتیی ئەو حزبە. تەنانەت دواجار دامەزرێنەیلی بەعس خۆشیان بوون بە قوربانیی دەستی ئەو سەرکردە دەمارگیراوانە. بەڵام هەڵسەنگاندنی مێژوویی لەسەر کردەوە دێتە کردن نەک لەسەر بیروباوەڕ، لەسەر مێژوو دێتە کردن نەک لەسەر ئەوەی لە نامیلکەیلدا هاتووەتە نووسین. حزبی بەعس وەک هزر هەرچییەک بووبێ، ئەمڕۆ وەک مێژوو لە بیرەوەریی عێراقییەلدا مۆتەکەیە. بۆیە شانازیکردن بەبەعس یان بە سەرۆکی رێژیمی پێشوو سەدام

حوسێنەوە، تەنیا زیانی تێدایە بۆ ئەوانەی ئەم لافە لێ دەدەن.

بێگومان لە بەعس خراپتریش هەیە کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەیە. لە دوای کەوتنی ڕێژیمی بەعسەوە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕۆژانە کاری تیرۆر لە عێراق دەکا. لە بەرامبەریشدا، چ حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و چ حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانستی مرۆییی زەوەند و بودجەی تێروتەسەلیان تەرخان کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە و دەیانەوێ لە ڕەگەوە هەڵی کەنن. بەڵام لەو ناوچەیەی سێگۆشەی سونەی پێ دێتە گوتن، ئەو ڕێکخراوە "دەشێ بڵێین" نیوچە ئازاد و تەواویش کارایە. ئەلقاعیدە ناوچەی ناوبراوی کردووە بە سەرشار (منطلق)ی هێرشبردنە سەر ناوچەیلی تری عێراق. ڕاستە لە ناوچەی سێگۆشەی سونەشدا کاری تیرۆر ئەنجام دەدا، بەڵام جۆری کارەیلی جیاوازە لەگەڵ ناوچەیلی تر. لە ناوچەیل سونیدا دژی داودەزگای دەوڵەتی و لە ناوچەی شیعە و کوردیشدا دژی هەموو شت.

بێگومان کەسێک نییە بتوانێ نکووڵی لە پێوەندیی نێوان سەرکردەیل سونی لەلایەک و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەلایەکی تردا بکا، وەک دەبینین لەگەڵ هەر گرژییەکدا کە دەکەوێتە نێوان ئەو سەرکردەیلە و حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا، ئەلقاعیدە خونواندن (استعراض)ێک لە سەرتاسەری عێراقدا دەکا بەکارەیل تیرۆریی بێ بەزەییی خۆیەوە، بەردەوامیش هەڕەشە دەکا بۆ زیاتر. بە کورتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە تەنیا وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست کارا نییە لە عێراق بگرە بووە بە بەشێک لە پرۆسێسی سیاسیش لە ڕێگەی شلە و پەیتەکردن لە کارەیل تیرۆریی خۆیدا بە گوێری پێویستیی سیاسەتی سەرکردەیل سونی.

لە بەرامبەری ئەم نەزانییە لە گەمەکردنی سەرکردەیل سونیی عێراق لەم چاخە تازەیەدا، کە سەرەڕای هەموو کەموکورتییەلیشی، ناشێ چاخی دیموکراسیی پێ نەیەتە گوتن، دەبینین شیعە و کورد باش یاری دەکەن. شیعە

و کورد ئامانجەیلیان ئاشکراتر و کەرەستەیلیان هاوسەردەمییانەترە لە ململانێدا. دەسکەوتیشیان هەیە و بەردەوامیش دەچنە پێشەوە. هەرچەندە نەزانیی هاوبەشەکەیان لە یارییەکەدا زیانی زۆریان لی دەدا، بەڵام دواجار هەر ئەوان براوەن.

بەپوختی، تێ نەگەیشتنی سەرکردەیل سونی لەو گەمەیەی ئێستا لە عێراقدا دەگەڕێ، نەک هەر زیانی بە بەشداریی سونە گەیاندووە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە عێراقدا کە بەشێکی سەرەکین لە پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە، بگرە دەرگاشی زیاتر واز کردووە لەبەردەم ئەو هەڕەشەیەی لە ڕۆهەڵاتی وڵاتەوە "لە ئێرانەوە" دێ، کە هەڕەشەیەکە وەک دەبینین و هەستی پێ دەکەین، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێتە دۆخێکی بەرچاو و بارێکی سەپاو. بۆیە بەبۆچوونی کەسانیی من، خۆدانە پاڵ بەعسێک کە تەواو رووخاوە و ئیتر نایەتەوە، یان خۆدانە پاڵ ڕێکخراوێکی تیرۆریست کە لە سەرتاسەری دنیادا دوژمنایەتیی دێتە کردن و لە دڕندەییدا لە وێنەی نییە، نەزانییەکە تەنیا مایەپووچی و دۆڕان شایانیەتی. ئەمە جگە لەو بەرپرسیارەتییە مێژووییەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان لەوەی دەبن بەبیانوو بۆ زیاتر هاتنە پێشەوەی ئێران، ئێران هەموو شت دەکا بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی بەعس. سەرکردەیل عەرەبی سونەش بە ئاسانی ئەم بیانووە دەدەنە دەست.

وارگەی ئاکانیوز، ئەیلوول ٧، ٢٠١٠

## میلیشیای بیرکردنەوە

نابێ پێوەندی لە نێوان دوو لایەنی گەورەی کوردیدا لە شێوەی دیوارێکی وابێ کە لەسەر بناخەیەکی فشەڵ و سستەک هاتبێتە دامەزران و بەردەوام مەترسیی ئەوەی لێ بێتە کردن برمێ یان لار بێتەوە. دوو لایەنی سیاسی کە پێوەندیی نێوانیان ئەوەندە تۆکمە و پتەو بێ موویان بە نێوانەوە نەچێ وەک لە ساڵانی پێشوودا بینیمان، ئەوەندە ئاسان نییە بە بۆچوونێک ئەو پێوەندییە

هەڵوەشێتەوە و ببێتەوە بە تەقە. ئەم قسەیە تەنیا پارتی و یەکێتیش ناگرێتەوە کە هاوپەیمانێکن رێککەوتنێکی وا بە یەکەوەیان گرێ دەدا ناوی "رێککەوتنی ستراتیجییە" و بە گوێرەی ناوەکەی بێ دەبێ گەورەتر بێ لەوەی بە سووکە پاڵێک بکەوێتە لەرزە. هەموو لایەنەیل سیاسیی تری کوردستانیش کە لە هەمان سەرچاوە مۆڵەتیان وەرگرتووە و بە هەمان یاسا کار دەکەن، دەبێ پێوەندییان لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان هاتبێتە دامەزران، واتە پتەو بن لە ئاست هەموو پاڵ پێوەنەرێکی دەرەکی کە بیەوێ بیانهەژێنێ.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، زۆربەی جار کە هاووڵاتیی کورد دەیەوێ لەبارەی شتێکەوە بۆچوونێک دەربڕێ دەڵێ "بەداخەوە" ئینجا دەست بەئاخاوتن دەکات. لەبەرئەوەی هێندە کاڵی و کرچی لە مێشکیدا پەنگیان داوەتەوە ناتوانێ بە وشەیەکی ئەرێنی دەست پێ بکات و تەنیا ئەمەی بۆ دێتە دۆزینەوە. دەبێ منیش هەر بەو دەربڕینە بەناوبانگە دەست پێ بکەم. بەداخەوە ئەو وتارەی من لە رووداو "وڵاتێک لەسەر لەپی دێودا" لە جیاتیی ئەوەی وەک بۆچوونێک کەسانی بێتە وەرگرتن، خستیانە قاڵبێکی ناقۆڵای واوە مرۆڤ شەرم بکا لەوەی وەڵامیش بداتەوە، بۆ نموونە کە پێم دەڵێن "تەپڵی شەڕ دەکوتێ".

لەبەر ئەمە من وەڵامی هیچ یەکێک لەو قسانە نادەمەوە کە چ بەنووسین و چ بە ئاخاوتنی ئاسایی کەوتنەوە بەرچاو و گوێم. با وەڵامەکە بمێنێ بۆ داهاتوو، راستی و ناڕاستیی هەر بۆچوونێکی ئەمڕۆ بەیانی دەکەوێتەوە روو. من لەم دەرفەتەدا دەمەوێ پرسی جیاوازیی بیروباوەڕ بهێنمەوە یادیان، ئاخۆ ئەوانەی ئەوەندە لە ئاخاوتن و وتارداندا پەرۆشی دیموکراسین و کاوێژی دەکەنەوە، کامیان لە کاتی بیستنی بۆچوونێکی جیاوازدا دان بە خۆیدا دەگرێ و جڵەوی هاوسەنگیی لە دەست دەرناچێ و کێشی لاسەنگ نابێ. یان تۆمەت نابەشێتەوە و "تەخوین"ی خاوەن بۆچوونە جیاوازەکە ناکا.

جیاوازیی بیربۆچوون بەلای مرۆڤی سەربەخۆوە وەک پیرۆزیی ئاین وایە بەلای مرۆڤی بڕوادارەوە. لە دیموکراسیدا، لە یەک هۆڵی کۆبوونەوە و لەبارەی

یەک پرسی تایبەتدا جا پرسەکە چەند گەورە بێ چەند بچووک، ئەگەر سەت کەس بن رەنگە سەت بۆچوونی جیاوازیان هەبێ کە بێگومان لەم بۆچوونانە تەنیا یەکێکیان راستە و ئەوانی تر دوورن لە راستییەوە، رەنگە ئەو یەکەش راست نەبێ. کەسیش نایەتە تەخوینکردن بە هۆی جیاوازیی بۆچوونەکەیەوە. تیۆریی پیلانگێڕی تیۆریی مرۆڤی ترسنۆک و متمانە بەخۆ لاوازە.

مرۆڤی باوەڕ بەخۆ ناتوانێ لەبیرکردنەوەدا لە بەرگیراوەی خەڵکی تر بێ، کە دەبێ رۆشنبیر لە ریزی باوەڕبەخۆیان بێنە ژماردن. بۆ رۆشنبیر، حزب چوارچێوەی خەباتی سیاسییە نەک چوارچێوەی بیرکردنەوە. زۆر سەیرە کۆمەڵێک کەس لەوانەی رۆشنبیریان پێ دێتە گوتن لە کاتی پێویستدا وەکو یەک بیر بکەنەوە، جا ئەمە جیاوازیی چییە لەو کوڕانەی خێڵی کوردی کە لە کاتی پێویستدا چەک بۆ ئاغا هەڵدەگرن با ئامانجەکەی ئاغا زۆر کرێت و ناڕەواش بێ. بەلای منەوە ئەو کەسە رۆشنبیرە کە بەشێک نییە لە میلیشیای قەڵەم. بۆیەش بە پێویستم نەزانی وەڵامی ئەو میلیشیایە بدەمەوە کە بە وتارەکەی منیان لە "رووداو" رۆژی ئەیلوول ٦ گوت: هەوڵی نازانم کێ و کێیە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوەخۆ. یان داوا دەکەن حزبێک بێت و ئەم نووسینەی منیان بۆ شی بکاتەوە ئاخۆ مەبەست چییە لێی. دیسانەوە بەداخەوە، هەرچەندی کە جارێک لە سیاسیی کورد بێ هیوا ببم سەتان جار لە رۆشنبیرەکەی بێ هیوا دەبم. رۆشنبیری کورد نازانێ جیاوازی، واتە چی؟

دێمەوە ئەو سەرەتایەی کە نووسینەکەم پێ دەست پێ کرد. بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی شەڕ لە نێوانی هیچ دوو لایەنێکی کوردی روو نەدا چارەسەر ئەوەیە گەلێکی پتەوی خاوەن ویست و داخوازی لە کوردستان بێتە کایە، بێگومان ئەمەش تەنیا و تەنیا لە رێی بیرکردنەوەی ئازادانەی تاکەیلەوە دێتە دی، بە تایبەت ئەوانەی دەنووسن. بە پێچەوانەوەش، شەڕ و تەقوتۆق و گرژی و هەموو شتێکی کرێت، میلیشیای بیرکردنەوەی یەکجۆر، هۆیەکەی دەبێ، کە ئێستا دۆخ وایە.

کۆواری والاپرێس ژ: ٢٩، تشرین یەک ١٤، ٢٠١٠

## گۆڕان و یەکێتی هەر دەڵێی سێویکن و کراون بە دوو لەتەوە

دیمانە: ڕۆژنامەی دەستوور، سازدانی: بورهان قادر

بەدران ئەحـــمـــەد حـــەبیب بەڕێوەبەری دەزگـــەی ئاراس و نووســـەر و ڕۆژنامـــەنووسی نێـــزێک لە ســـەرکـــردایەتیی پارتی، لە چاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئەو هێشتا بڕوای بەوە نییە گۆڕان پارتێکی جیاواز بێت لە یەکێتی، پێشی وایە بە تێپەڕبوونی کات یەک دەگرنەوە.

حەبیب دەڵێت کە یەکێتی و گۆڕان دۆستـایەتیی زیاد لە پێویستیان لەگەڵ ئێـراندا هەیە، پێی سـەیرە کـە پێـوەندی بە وڵاتانی دەرەوە نابێـتـە جـێگەی سەغڵەتی بۆ هێزە عێراقییەکان.

* مـاوەیـەک بەر لە ئێسـتـا وتارێکت نووسی، هەرچەند ئامـاژەت بەوە دابوو کە تەنیا رای خۆتە، بەڵام وەک رای ناڕاستەوخۆی پارتی هاتە وەرگـرتن، پرسـیـار ئەوەیە بۆچی گـومـان دەکـەن ئاسـاییـبـوونەوەی پێوەندیی گۆڕان و یەکێتی لەسەر حسێبی پارتی دەبێت، مەگەر ئەم دوانەی دواییان ڕێککەوتنی ستراتیجییان نییە؟

– وەک خۆشـتـان دەڵێن مـن ئاماژەم داوە کـە ئەو وتارە بیربۆچوونی خـۆمـە، بەڵام ئەگەر وەک رای ناڕاستەوخۆی پارتی هاتبێتە وەرگرتن، ئەمـە کێشـەی ئەوانەیە کە وایان وەرگرتووە. دیارە ئەم جۆرە کـەسـەیلە نایانەوێ لە دەرەوەی بیرکردنەوە و بەرنامەی حزبی کوردیدا هیچ جۆرە بیربۆچوونێکی تر هەبێ لەم وڵاتەدا. من کـتێبێکم هەیە بەناوی "بەهـەشـتی رازاوە لە کـەلاوە"، هـەمـوو ئەو وتارەیلەی تێدا هاتووەتە کۆکردنەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسـیومن، بڕۆن یەک رستەی تێدا بدۆزنەوە کە من وەک پارتییەک قسـەم کردبێ یان بیرم کـردبێـتـەوە. من ئەگـەر پارتیش بم، ڕێگەپێـدراو نیم بەناوی پارتـیـیـەوە قسـە بکەم. پـارتی کـەناڵی رەسـمـی و کـەسـەیلی رەسـمـیی خـۆی هەیە بـەناویەوە دەدوێن. بە ڕاستی خـەیاڵێکی نەخۆشانەی هەیە ئەو مرۆڤەی لە قسـەی هەموو

کەس بە گومان بێ و وا دابنێ پلانێک لە گۆڕێدا هەیە دژی. با بێمە سەر کەرتی دووەمی پرسیارەکەتان، ئاشتبوونەوەی ئەو دوو لایەنە لەسەر حسێبی پارتییە یان نا؟ ئەمەش هەر کێشەی من نییە، وەک خۆشتان دەڵێن ڕێککەوتنی ستراتیجی هەیە لە نێوانیاندا. بەڵام من ئەم بۆچوونەم لە زاری کادیری پێشکەوتووی ئەو دوو لایەنەوە "گۆڕان و یەکێتی" پێ گەیشتووەتەوە کە دەڵێن ئەم کێشەیەی نێوان گۆڕان و یەکێتی خافڵی کردووین لە ناحەزی دێرینەمان کە پارتییە. قسەیەکی کردوومە لە زاری خۆیانەوە بە من گەیشتووە. قسەکەش نهێنی نییە ئێوەش بێگومان بیستووتانە.

* لە وتارەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە نێزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەر داخوازی یان بەرژەوەندیی ئێرانە، دەتوانی ئەوە زیاتر روون بکەیتەوە؟ ئاخۆ دەبێت ئەوان هەر ناکۆک بن؟

– ئەمەش هەر لێکدانەوەی خۆمە بۆ ئەو ریزبەندییەی ئێستە لە عێراقدا هاتووەتە کایە. ئەم پرسە مێژووی دێرینیشی هەیە و نایەتە شاردنەوە. بەڵام من تێ ناگەم بۆچی قەڵس دەبن ئەگەر یەکێک خوێندنەوەیەکی راستی هەبێ بۆ بارودۆخی وڵاتەکەی خۆی. ئاخۆ تێگەیشتن لە دۆخی کوردستان و هەستکردن بە مەترسییەلی سەری، ئەرک نییە بەسەر شانمانەوە؟ لە راگەیاندنی کوردستاندا بانێکە و دوو هەوا. شت هەیە دێتە زلکردن لەپێناوی سیاسەتێکدا، شتیش هەیە دەیخەنە ژێر لێوەوە لەپێناوی بەرژەوەندییەکی تردا. ئێوە لەم وتارەی مندا دەسبژێری هەندێک شتتان کردووە و توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن، بۆ نموونە لە هەر پرسێک کە ناوی کۆماری ئیسلامیی تێدا هاتبێ، بەڵام لە شتی تردا خۆتان نەبان دەکەن. لەبیرتانە چارەسەری رووداوەکەی ئوتێل سۆما لە راگەیاندنی کوردستاندا، چەند کاریکاتێری بوو؟ وشە بە وشە و رستە بەرستەم لەبارەی ئەو رووداوەوە زەین دا، جدییەت نەبوو لە چارەسەری راگەیاندنەکەیدا. بەڵام بۆ لێکدانەوەی وتارەکەی من فایلێک هاتە کردنەوە.

* بۆچی ئەوان بە پیاوی ئێران تۆمەتبار دەکەیت، ئاخۆ بەڵگەت هەیە؟ بە ڕای تۆ ئاخۆ لە حاڵەتی نزیکبوونەوەی ئەو دوو هێزە و ڕێککەوتنیاندا، "ململانێ لەگەڵ ناحەزە دێرینەکەیان"دا دەکەنەوە لەسەر خواستی ئێران؟

– من لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکم کردووە بۆ بارودۆخی ئێستەی کوردستان و مافی خۆشمە بیر لە مەترسییەلی سەر وڵاتەکەم بکەمەوە، بگرە ئەرکی سەر شانیشمە خەڵک ئاگەدار بکەمەوە لەو مەترسییەیلە. کەسیشم تۆمەتبار نەکردووە. بە پێچەوانەوە زۆر شتیشم بە نیوەچڵی نووسیوە و بەجێم هێشتووە بۆ ژیریی بخوێنەوە. خۆتان دەبینن ئێران وڵاتێکە سەرتاسەری ڕۆهەڵاتی ناوینی کردووە بە گۆڕەپانی گەمەیلی خۆی، جگە لە عێراق سەیری لبنان و فەڵەستین و یەمەن و بەحرێن بکەن. هەمووی گۆڕەپانی گەمەی ئێرانە. ئەوەی نەشبووە بە گۆڕەپان بەڕێوەیە ببێ، کوردستانی خۆشمان لەگەڵدا. ئەمە بیرکردنەوەی منە و ئێوە بڵێن وا نییە. یاخوا وا نەبێ و من هەڵەبم. ڕاگەیاندنی هەموو دنیا ئەم باسانەی بەسەر زارەوەیە بەڵام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ناوهێنانی ئێران بووە بە بڤە. واتان کردووە کوردی عێراق زیاتر لە کوردی ئێران لە کۆماری ئیسلامی بسڵەمێنەوە.

* لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو بەڵگانە چین کەوا دەکەن ئەوان پیاوی ئێرانن و لەسەر خواستی ئێران یەک دەگرنەوە دژ بە پارتی؟ هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕۆژنامەکەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لاپەڕەیەکمان هەبووە لەسەر ئێران، باسی زۆر دەس تێ وەردانی ئێرانمان لە عێراق و هەرێمدا کردووە، ڕۆژنامە و کۆوارەکانی تریش ئەگەر بەبەردەوامی نەبێت ناوبەناو ئەمانەیان خستووەتە ڕوو؟

– من باسی ریزبەندیی سیاسیم لە عێراقی تازەدا کردووە و بەبۆچوونی من "وەک لە وتارەکەی وڵاتێک لەسەر لەپی دێودا" نووسیومە: دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانەی لە تەوەرەی کۆماری ئیسلامیدان و ئەوانەش کە لە

دەرەوەی ئەو تەوەرەیەن. ئەوەی من باسم کردووە نەنهێنییە و نەزانیارییی داودەزگایەل تایبەت، چ شەرمیشی تێدا نییە ئەگەر باس لە پێوەندیی سیاسیی ئەم و ئەو بکرێ ئەگەر ئەو پێوەندییەلە رەوابن. باڵندەیەک هەیە پێی دەڵێن نەعامە، بەکوردی وشترملی پێ دەگوترێ لەبەرئەوەی وەک وشتر ملی درێژە، کە هەست بکا خەڵک پێی حەساون سەری دەخاتە ژێر خۆڵەوە وا دەزانێ نایەتە دیتن. پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا وەک شەرم نەماوە لە عێراقی تازەدا تا کەس سەری خۆی بباتە ژێر خۆڵەوە. ئێمە بەداخەوە سەردەمێک بەسەر دەبەین لەم وڵاتەدا کە پێوەندی بە هێزگەلی دەرەکییەوە سەغڵەتی بۆ هیچ لایەنێک دروست ناکا. ئەمەش ناوەڕۆکی وتارەکەی من بوو.

* پرسیارێک لێرە دێتە پێش کە پارتی و نووسەرانی پارتی بەردەوام لە رێککەوتن و دۆستایەتیی لایەنەکانی تر بەگومانن و بە موئامەرەی لە قەڵەم دەدەن دژ بە پارتی؟ هەروەها هەمووان تۆمەتبار دەکەن بە بەکرێگیراو و پیاوی دەرەوە، ئاخۆ پێوەندییەکانی پارتیش وەک پێوەندیی ئەوانی تر نییە و لە هەمان خانەدا نییە؟

– من نامەوێ بەرگری لە پارتی بکەم یان بە ناوی پارتییەوە بدوێم، چونکە وەک گوتم رێ پێدراو نیم بۆ ئەم جۆرە ئاخاوتنە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێوە زۆر حەز دەکەن وەڵامێکی پارتییانەتان بدەمەوە، با وابێ و دڵتان ناشکێنم. ئەو قسەی ئێوە کە دەڵێن پارتی و نووسەرەیلی پارتی لە رێککەوتن و دۆستایەتیی نێوان لایەنەیل بەگومانن و بە پلانی لە قەڵەم دەدەن، بۆچوونێکە فرێ بەسەر راستییەوە نییە و نیشانەی ئەوەیە پارتیتان نەناسیوە. با من پێناسەیەکی راست و دروستی پارتیتان بۆ بکەم: پارتی حزبێکی زۆر متمانەبەخۆ و لەخۆڕازییە. ئەوەندە باوەڕی بەخۆی پتەوە ئەگەربێو رۆژێک لە رۆژان هەموو لایەنەیل ببن بە دۆستی گیانی بە گیانیی یەکتر، "یاخواش وا بکەن و ببن بەم دۆستە گیانی بەگیانییە"، پارتی هەر مووشی نابزوێ و مێشی میوان نابێ. پارتی هەستێکی هەیە پێی وایە ئەو خۆی وەک بەعەرەبی دەڵێن "وحده لاشريك

له". ئەمەش واتەی ئەوە نییە حسێب بۆ لایەنگەلی تر ناکا و ڕەچاوی بەرژەوەندییان ناکا، نەخێر بەپێچەوانەوە. پارتی هەرچەند لەخۆشی بایی ببێ لە خەڵکی تر دیموکراسیترە لە مامەڵەدا و ڕێز لە بچووکترین لایەن دەگرێ. لەخۆباییبوونی پارتی لەخۆباییبوونێکە لەبەرامبەر ناحەزەیلی کوردستانە و لەو هەستەوە دێ کە ئەرکێکی مێژوویی بەسەر شانەوەیە و کۆڵی لێ ناداتەوە زەوی. ئەم پێناسەیەی من پێناسەی سەرکردایەتی و سەرۆکی پارتی نییە تکایە با ئەمەش گەورە نەکرێتەوە و نەبێ بەکەرەستەی ڕاپۆرت لێدان و فایل کردنەوە. من پێناسەی ڕۆحی پارتی و پارتییەل دەکەم کە بەگشتی بەو شێوەیەن من گوتم.

* دەڵێیت "بەیەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتی، جارێکی تر پارتی دەکەوێتە بەردەم تەنگژەیەکی گەورەی وەک ئەوەکەی ساڵی ٩٦، یان قەبووڵکردنی دۆڕاندنێک کە زۆری لەسەر دەکەوێ و باجێکە بێ پاساو لێی دێتە وەرگرتن، یانیش ڕەتکردنەوەیەتی، کە دیسان بۆی دەکاتەوە بە پەڵەی مێژوو". بەڕای تۆ پارتی کام ئەلتەرناتیڤ هەڵدەبژێرێت ئەگەر حاڵەتی وا ڕووی دا؟

– من نازانم پارتی لە تەنگانەدا چی دەکا، بەڵام دەزانم هەنگاوێک نانێ لەسەر حسێبی بەرژەوەندییەلی گەلی کوردستان بێ. پارتی حزبێکە لە تەنگژەشدا تەرازووی بیرکردنەوەی لار نابێ و کۆمیدییانە هەڵسوکەوت ناکا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پشوودرێژی و زۆر بەسەر هاتن لە ڕابردووی خۆیدا.

* ئاخۆ مەترسیی شەڕی ناوەخۆ و هێنانی هێزی بێگانە، بۆ نموونە ئێران و تورکیا بۆ سەر یەکتری هەیە؟ ئاخۆ بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیش نەبێت، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ڕێگر نابن لە کاری لەم شێوەیەدا؟

– من باوەڕ ناکەم ململانەی ناوەخۆ لە عێراق بگات بەو ڕادەیەی سوپا و

لەشکری بێگانە بێتە ناوەوە. لە ئاسۆدا شتێکی وا نایەتە خوێندنەوە و منیش وا بزانم شتی وام نەگوتووە لە وتارە ئاماژە پێدراوەکەدا. وەک بینیمان، ئەوە چەند ساڵ بوو شەڕی تایفەیی لە عێراق لەگەڕدا بوو، چ سوپای وڵاتەیلیش نەهاتبوون ببن بە لایەنی شەڕ، تەنانەت ئەمەریکاش کە دواجار سوپای خۆی لە عێراق کێشایەوە ململانەکە هەر نەوەستا تا بڵێی هۆی ئەو ململانەیە بوونی سوپای ئەمەریکا بووبێ لە عێراق. ڕەنگە ئەو ململانەیە هەروەک خۆی خوێناوییانە بەردەوام بێ تا ماوەیەکی درێژی تر. واتە دەس تێ وەردان مەرج نییە بە سوپای ڕاستەوخۆ بێت، هەر وەک لە دۆخی بەرچاوماندا ئەوە دەیبینین. وڵاتەیلی دەرەکی پلانیان لە عێراقدا هەیە نەک سوپا. بۆ پرسی بەرژەوەندیی ئابووریش کە وڵاتەیلی تر لە عێراق هەیانە و تۆ پێت وایە دەبێ بە ڕێگر و کۆسپ لە دەس تێ وەردان و خۆ تێکەڵکردنیان لە ململانەی نێوان هێزەیلی کوردی یان عێراقیدا، من پێم وایە دەق پێچەوانەکەی ئەوە ڕاستە. لەبەرئەوەی هەموو شەڕێک دواجار لەپێناوی بەرژەوەندیی ئابووریدایە.

* بۆچی هەردەم پارتی وەک قوربانی پێشان دەدەن، لە کاتێکدا ئەگەر لە یەکێتیی زیاتری بەرنەکەوێت کەمتری نییە لەو ماڵوێرانییانەی بەسەر کوردا هاتوون بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە؟

– من ئاگام لێ نییە لە نووسینێکی مندا پارتی وەک قوربانی هاتبێتە پێشاندان. پارتی لایەنێکی سیاسیی کارایە لە کوردستان و لە عێراق، هەزار و یەک سەر و سەودای سیاسیی هەیە و ڕۆڵی خۆی بە شیاوی و بە ئاشکرایی دەبینێ، بۆچی کراوەتە قوربانی و کێ کردوویەتی بە قوربانی؟ من بۆ پارتی ناپاڕێمەوە و ناشڵێم قوربانییە، ئەگەر قوربانیش بێ دەبێ گلەییی لێ بێتە کردن نەک بەرگری و پاڕانەوە.

* زۆربەی میدیاکانی سلێمانی تۆمەتبار دەکەیت بەوەی کە خەڵک هان دەدەن بۆ شەڕی ناوەخۆ، ئاخۆ ڕەخنەگرتن هاندانە، یان بە هۆی ترسی شەڕی ناوەخۆوە دەبێت ڕەخنە نەگرین؟ دەتوانی ئەوە زیاتر

روون بکەیتەوە، چونکە وەکو بوقی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وێنەیان دەکەیت بە ناڕاستەوخۆ؟

– من میدیای سلێمانیم تاوانبار نەکردووە بەهاندانی شەڕ. من شت تێکەڵ ناکەم، میدیایەک هەیە ناوی لەخۆی ناوە ئازاد و ئەهلی و سەربەخۆ، بەڵام ئەگەر چاک لێی ورد ببیەوە دەبینی ئەم میدیای "سەربەخۆیە" لە میدیای حزبی کۆیلەترە. میدیای حزبی ئەگەر کۆیلەی حزبیش بێ هەر جێی ڕێزە لەبەرئەوەی حزبی کوردی دواجار هەر کوردییە و بەرژەوەندییەلی دیارە. من باسی ئەوانەم کردووە کە پلان و کارنامەی وڵاتەیل لە کوردستان جێبەجێ دەکەن. وەک دەبینین چەندان پرسی مەترسیدار یان گرینگ لە کوردستان دەقەومێن کەچی ئەم میدیایە خۆی لێیان نەبان دەکا، تەنانەت دەشیەوێ دایان بپۆشێ. بەڵام ئەگەر شتێکی بچووکی دەست کەوێ بە مانگەیل و بە ساڵەیل دەیکات بە بنێشتە خۆشکە و دنیای پێ دێنێتە لەرزە. کاکە خۆ ئەمە یاریی منداڵەیل نییە، خەڵکی تریش دەبینن و تێ دەگەن تۆ چی دەکەی. ئێستا وای لێ هاتووە مرۆڤ کاغەزی سپی بخوێنێتەوە. بۆ پێت وایە بەرامبەرەکەت گێلە و نازانێ میدیای ئەهلی و میدیای ئاراستەکراو لەیەک جیا بکاتەوە؟ شانازیکردن بەفرۆفێڵ کارێکی ناشایان و دزێوە. ئەو "میدیا ئەهلی"یەی لەمەڕ کوردستان لەو تەجالە دەچێ "لە سلێمانی دەڵێن جەجاڵ" کە دەڵێن لەکاتی سەرهەڵدانی مەهدیدا پەیدا دەبێ و خەڵک دوای خۆی دەخا و ئیتر دەبێ بە ڕۆژی ڕابوونەوە.

* لە بنەڕەتەوە ئێوە بڕواتان وایە شتێک نییە ناوی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ بێت لە ئێستا، یان پێتان وایە تووشی کار و کاردانە و هاتوون لەگەڵ دەسەڵاتدا؟ بەبڕوای ئێوە چارەسەر چییە لەم دۆخەدا؟

– میدیای ئەهلی دوو بنەوای پێویستە بۆ ئەوەی ئەهلیی پێی بێتە گوتن، یەکەم: سەرچاوەی پارەپێدانی دیار بێ، واتە دیار بێ ئەو لایەنەی کە دەیژیێنێ کێیە و بۆچی دەیژیێنێ، ئاخۆ خێرەومەندێکە و پارەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، یاخۆ "بزنس" دەکا، دووەم دەبێ میدیای ئەهلی سیاسەتی سەربەخۆ لە کاری ڕاگەیاندندا بگرێتە بەر و لەپێناو گەیاندنی زانیاری بەجەماوەردا کار

بکا. کە ئەم دووە نەبوون، ناشێ بەو میدیایە ئەهلی و سەربەخۆ و بێلایەن بێتە گوتن. ئەمانەش هەردووکیان لە کوردستانی خۆماندا لە کایەدا نین. من یەکێک لە گەورەترین داودەزگایەلی رۆشنبیری و راگەیاندن لە کوردستان بەڕێوە دەبەم و چەندان ساڵە ویستوومە "بزنس" بکەم واتە پارەم دەست کەوێ تا بتوانم دەزگاکەی پێ بژێنم، تا ئەمرۆ یەک هەنگاویشم پێ هەڵنەهاتووە. پێش ماوەیەک نرخی کتێبمان تۆزێک بەرز کردەوە تا داهاتێکمان دەست کەوێ و کەلێنێکمان بۆ پڕ کاتەوە، بڵاوکراوەیەک لەو ئەهلییانەی تۆ باسیان دەکەی خراپترین راپۆرتی لەبارەی ئەو پلانەمان بڵاو کردەوە. ئەمەش بەلای منەوە بەڵگە بوو کە ئەمانە لە خەیاڵی بزنسدا ناژین و تێی ناگەن و "ئەهلی" نین. دەبوایە خۆشحاڵ بن بەو هەنگاوەی ئێمە.

* بۆچی یەکێتی و گۆڕان هێشتا بەدوو باڵی یەک حزب دەزانیت، هێشتاش پێت وایە ئەوان دەبنەوە بە یەک حزب، ئەوە چۆن ڕوون دەکەیتەوە؟

– ئەوە شتێک نییە من داهێنانم تێیدا کردبێ، بگرە راستییەکی بەرهەستە و بەرچاویشە. دوو حزب ئەوەیە کە دوو ئایدیۆلۆجیان هەبێ یان دوو بیرکردنەوەی جیایان هەبێ یان دوو بەرنامەی دوور لەیەکیان هەبێ. لە دۆخی گۆڕان و یەکێتیدا ئەمە لە کایەدا نییە، هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە. کاتی خۆی پاش ١٩٧٥ چەندان حزب لە پارتی بوونەوە و پاشان دوای چەندان ساڵ هاتنەوە پاڵی. راستە درەنگ هاتنەوە پاڵی، هۆی درەنگییەکەش ئەوەبوو پێشکەوتن و گۆڕان ئەو کاتە لە کوردستاندا سست و هێور بوو، بەڵام کە راپەڕین رووی دا و گۆڕانکاری و پێشکەوتن هاتنە کایەوە، ئەوانیش دەسبەجێ گەڕانەوە ریزی پارتییەکەی خۆیان. ئەو حزبەیلەی لە پارتی جیا بووبوونەوە نەیانتوانی بەرنامەی جیا دروست بکەن یان رەنگێک وەربگرن لە پارتی جیا بێ بۆیە نەیانتوانی سەربەخۆیانە بەردەوام بن. مێژووشیان هەر یەک مێژوو بوو بۆیە دواجار بوونەوە بە پارتی و هیچ دەنگیشی لێوە نەهات. زۆر جار لە کاتی تەنگژەدا، چ تەنگژەی مێژوویی بێ وەک ئەوەکەی ١٩٧٥ی

پارتی، چ سیاسی بێ وەک ئەوەکەی کە گۆڕان و یەکێتی تێی کەوتن، کەفوکوڵ بەسەر بیرکردنەوەی گوتەنیدا زاڵ دەبێ، پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵ و ساردبوونەوە و هێوربوونەوە، دەس لەملانە روو دەداتەوە و لە جارانیش باشتر دەبنەوە برا.

* هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە یان ئاماژەیەکی ڕوون هەیە لەو بارەیەوە، جگە لەو خوێندنەوەیەی کردت؟ بۆ مەسەلەی ئایدۆلۆجیاش خۆ زۆرینەی حزبەکانی وڵاتی ئێمە لە دەوری یەک بازنە دەخولێنەوە و تێکەڵیش نابن؟

– حزبەیلی کوردستان ئەگەر ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەشیان وەک یەک بێ، لە شتی تردا جیان کە هێندەی ئەمانە کارایە بگرە کاراتریشە، ئەو جیاییەش رابردوو و مێژووە. لە جڤاکی خێڵەکییانەی ئێمەدا مێژوو هەندێک جار بۆ خۆی بووە بە جۆرێک لە چوارچێوەی دنیابینی. حزب لەم ناوچەیەی ئێمەدا ئەوەندەی لە خەون و خەیاڵەیلی رابردوودا قەتیس بووە، دە یەکی ئەوە بە خەون و خەیاڵی داهاتوودا ناڕوانێ. ژیان لە رابردوودا و گرێکوێرەیلی ئەو ڕابردووە زۆر گەورەترن لە گرێکوێرەیلی ئایدیۆلۆجیا. ئەمەشە هۆی ئەوەی کە نابنەوە بە یەک.

* دیارە پێت وا نییە گۆڕان ئۆپۆزسیۆن بن؟ ئەدای بزووتنەوە و فراکسیۆنی گۆڕان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا چۆن دەبینی؟

– ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی گەلەوە دێتە دەرێ، ئۆپۆزسیۆن کوڕی شەقام و دەرهاوێشتەی کۆمەڵەیلی خەڵکە. ئۆپۆزسیۆن دەربڕی بێزارییەل کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئۆپۆزسیۆن دروشمی مەحروومییەتە. ئۆپۆزسیۆن داوای نان و ئازادییە. ئۆپۆزسیۆن دەنگی نێرانەی کۆمەڵەیلێکی بەشخوراوە. تکایە پێم بڵێ ئەم دۆخەیلە کامیان لە پرسی بزووتنەوەی گۆڕاندا بەڕاست دەشکێنەوە؟ ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ ناوت خدر بێ و بچی لە دادگە ناوی خۆت بکەی بە سلێمان و پاشان داوا بکەی خەڵک بە سلێمان بانگت بکەن. با بانگیشت

بکەن بە سلێمـان بەڵام تۆ هەر کاخـدری جارانی بە کەوڵ و کوڵکی خـۆتەوە. ئەمـە چاوبەسـتـەکێـیـە لە خـەڵک و شـوێنگـۆڕییـە لە یاریکردندا. مـن لە هـەمـوو کەس زیاتر حـەز دەکـەم کـوردسـتـان ئۆپۆزسـیـۆنێکی کارای وای تێدا بێ کە رۆژانە دەسـەڵات لە کونجێک بپەسـتێ و داوای زیاتر نان و ئازادیی لێ بکا بۆ گەلێکی کلۆڵ. هەر دەشبێ ئەمـە لە کوردستاندا بێتە دی، نەیتە دی رەنجمان بێوەر بووە و ئەو بەهەشـتەی خەونمان پێوە دەبینی، چاومان پێی ناکەوێ.

* لە کـۆتاییـشـدا دەمـانەوێت رای بەڕێزت بـزانین سـەبارەت بەو داوا یاسـاییـیـانـەی پارتی دیموکراتی کوردسـتـان لەسـەر چەند رۆژنامـە و کـۆوارێک تۆمـاری کـردوون، بۆ ئەوەش پەنـای بردووەتە بـەر یاسـای شـارسـتـانی لە کـاتێکدا لە کوردسـتـان یاسـای رۆژنامـەوانـی هـەیە، مـەسعـوود بارزانی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتـان خۆی واژۆی لەسـەر کردووە، هۆکاری ئەمە چییە؟

– لە هـەموو وڵات و لە هـەموو سـەردەم و لە هـەموو دۆخێکدا دەبێ ناوبڕەیەک هـەبێ کـە سنوور لـە نێـوانی خـەڵکدا دابنێ. چۆن دەبێ یەکـێک هـەمـوو ئازادییـەکی هـەبێ و یەکێکی تر نەیبێ؟ ئەمـە زاڵم و مـەزڵووم دروست دەکـا. باشـترین ناوبڕە یان ناوبژیکەر لە جڤاکی هاوسـەردەمدا یاسـایە. باشـە با من پرسـیـارێکت لێ بکەم، تۆ زوڵمم لێ بکەی، مـن نەتوانم ئازارت بدەم تا وازم لێ بێنی، نەشتوانم چاوت لێ سوور کەمەوە تا بترسیت لەوەی دووبارەی بکەیەوە، کە نەتوانینی ئەم دوو شـتـە هـەردووکیـان مـایەی خـوشـحـاڵییـە لە بارودۆخی ئەمڕۆی کـوردسـتـاندا، بەڵام ئەگـەر نەتوانم داواشـت لەسـەر تۆمـار بکەم ئەدی چی بکەم؟ تکایـە رێگەیەک پێشـانی خـەڵک بدەن. ئەمـەش هـەر شـوێنگۆڕییـە لە نێـوانی زۆردار و بێ زۆردا کـە دەیانەوێ بیکەن. تۆ دەسـەڵات بە جـەللاد تێ دەگەی و خۆت بە قـوربانی، ئاخۆ چارەسـەرەکە ئەوەیە ئەمجـارەیان تۆ ببی بە جـەللاد و ئەو ببێ بە قـوربانی. رێگە بدەن با یاسـا ئاوەڕۆی خـۆی بگرێتـە بەر، ئەم گەلەکۆمەکییەتان بۆ چییە؟ ئاخۆ لە دادگەش بەگومانن؟ لێ گەڕێن ئەگەر دادگـە بێـلایەنـانە بڕیاری دا ئەوە هـەق دەچێ بۆ لای خـاوەن هـەق و هـەمـوو

لامـان خـۆشـحـاڵ دەبین، چەوتیش بڕیـاری دا ئەودەمـە دەمێنێ مرۆڤی ئازاد و دادگەی کـوردسـتـان بکەونە بەرامبـەری یەک و یەکلای بکەنەوە. بێگومان دەبێ بە یاسـای ئەم وڵاتە کار بێتە کردن و بێگومانیش دەبێ یاسایەکە ناکۆک نەبێ لەگەڵ هیچ یاسایەکی تری وڵاتەکەماندا. بە ڕاستی مایەی شـەرمە ڕۆژنامەوان لە دادگە دەترسـێ. من لێرەوە گومـانـی لێ دەکـەم کـە لە ئەوەڵەوە بـەرگـریی لە ڕاستی کردبێ. پیاو ڕاست بێ دەڕواتە ڕێی شێر وەک کورد دەڵێ.

* مـەبـەسـت ئەوە نییـە داوا تـۆمـار نەکرێت لەسـەر ڕۆژنامـەوانان، بگرە مـەبـەسـت لەوەیە بۆ یاسـای ڕێکخـسـتـنی کـاری ڕۆژنامـەوانی کـە پەرلەمـانی کـوردسـتـان دەری کـردووە و سـەرۆکی هـەرێمـیش ئیـمـزای لەسـەر کردووە، پەراوێز دەخرێت؟

– یاسـای ڕۆژنامـەنووسـیی کوردی لە ئـەزمـوون و تاقـیکردنەوەیـەکی قـووڵی ڕۆژنامـەوانی لە کـوردسـتـانەوە نەهاتووە. من وا دەزانم ئەو یاسـایە کەلەبەری زۆر تێـدا هـەیە. ڕەنگە بۆ زۆر شت پێـویسـت بەوە بێ بۆ یاسـایەکی تری کـوردسـتـانی یان عـێراقی بچینەوە کـە تێروتەسـەلتر بابەتە داواکراوەکـە بگرێتـەوە. گـرینگ ئەوەیە تۆ لە یاسـای کـارپێکراوی ئەم وڵاتـەی خـۆمـان دەرنەچی. هـەرچییـەک بێ، مـن پێم وایە پەنابردن بۆ یاسـا و بۆ دادگە کارێکی ژیرانەیە و مـەردانەشـە، ئەوەش کە پەلەقاژەیەتی لە ئاست دادگە و یاسـادا، گومانی لە هـەقبوونی خۆی هـەیە.

بەلاڤۆکی دەستوور ژ: ٥٣، تشرین یەک ١٣، ٢٠١٠

## کەرکووک بۆ کوردستان ١

کەرکووک بە شەڕ یان بەکارهێنانی توندتیژی نایەتەوە پاڵ کوردستـان، ئەگەر ئەم شـێـوازە سـەری بگرتایە، گـەورەترین بزووتنەوەی چەکـداریی کـورد لە ١٩٦١ەوە تا ١٩٧٥ بە سـەرکـردایەتیی سـەرکـردەی ناودار مـسـتـەفـا بارزانی، پرسی کـەرکووکی بۆ بەرژەوەندی کورد یەکـلا دەکردەوە. گرێکوێرەی نێوان

کورد و عێراق له ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا کەرکووک و چەند شار و شارۆکەیەکی تره، وەک خانەقین و شنگار. نەکورد سازه به موو دەستیان لێ هەڵگرێ و نەبەرامبەرەکەش تا ئەمڕۆ حازر بووه بایی مووێک کۆڵیان لێ بدا. مایەی شادییه، سەرکردایەتیی کورد دەمێکه گەیشتووەته ئەو باوەڕەی کەوا شەڕ یەکلاییکەرەوه نییه له هیچ کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ عێراقدا. گەیشتووەته ئەو باوەڕەی کەوا تاکه رێگه برێتییه له وتووێژ و حاڵیبوون له یەکتر. لەم بوارەدا ژیرییەکی لەبیرنەکراوی سەرکردایەتیی کورد له کاتی رزگارکردنی عێراق له رژێمی سەدام لەلایەن هێزەیلی ئەمەریکا و هاوپەیمانانیەوه له ٢٠٠٣دا دەرکەوت، ئەوەبوو کورد هێزی پێشمەرگەی خۆی پاڵ نەدا بۆ ناو شاری کەرکووک نەبادا کوشتاری نێوان کورد و عەرەب یان کورد و تورکمانی لێ بکەوێتەوه. ئەمەش دەسپێکی دەسخاوێنیی لایەنی کوردی بوو لەو پێکدادانه ناوەخۆیانەی دواتر له نێوان لایەنەیلی پێکهێنی جڤاکی عێراقیدا هاتنه کایەوه و خوێنێکی زۆریان لەبەر رۆیشت. کورد له رێی ئەم نامەیەوه رایان گەیاند کەوا بزاوەکەیان لەم قۆناغه تازەیەدا، به ئاوەزێکی جیا له ئاوەزی قۆناغەیلی پێشوودا هەڵسوکەوت دەکا.

بەبۆچوونی من، زۆر نابا کورد لەم پشت بەستنه بێ چەندوچۆنەیان به "وتووێژ یان هەوڵدان بۆ حاڵیکردنی بەرامبەر"، دەگەنه باوەڕێکی کۆتایی و جیاواز لەوەی ئێستەیان، ئەویش مەحاڵبوونی چارەسەرەکەیه به تەنیایی و بێ هاوکاریی شێوازەیلی تر، واته مەحاڵبوونی چارەسەری وتووێژ و یاسایی به تەنیابالی لەپێناو براندنەوەی ناکۆکی لەگەڵ عێراقدا. وەک دەبینین ماوەی شەش ساڵه حکوومەتی تازەی عێراق که کورد به چڕی تێیدا بەشداره، نەیتوانیوه له پرسی مادەی ١٤٠دا که تایبەته بەگێڕانەوەی ئەو ناوچانه بۆ سەر هەرێمی کوردی، یەک هەنگاو چییه بۆ پێشەوەی بهاوێ. نابێ لەبیر بچێتەوه که دیموکراسیش له دواجاردا جۆرێکه له شەڕ، جیاوازییەکەی تەنیا ئەوەیه که چەک تێیدا بێدەنگه. بەڵام وەک نەریتێکی گشتی، ئەگەر لایەنێک ئاماده نەبێ به شەڕ مل کەچ بکا بۆ داخوازەیلت، ئەوا بێگومان به ئاشتیش

نایکا. ئەمەیە ئەو مەترسییەی لەم وتارەدا لێی دەدوێم.

بۆ نموونە: لە گەورەترین و فرەوانترین شەڕ لە ئاداری ١٩٧٤ەوە تا ئاداری ١٩٧٥ کورد توانییان پرزە لە لەشکری عێراق ببڕن. دوای بڕانەوەی شەڕەکەش بە قازانجی عێراق، سەدام حوسێن لە ئاخاوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا دانی بەوەدا نا کە توانست و بڕستی لەشکرەکەی لەبەرامبەر شۆڕشی کوردیدا گەیشتبووە کۆتایی. هەر ئەمەش بوو پاڵی نا دەست لە زەوی و ئاوی عێراق هەڵگرێ بۆ ئێرانی ناحەزی مێژوویی خۆی، تا لەبەرامبەردا ئێرانیش هەرەوەزیی لەگەڵدا بکا و بەهەردوو لا گەلەکۆمە لە شۆڕشە کوردییە خۆماڵییەکەی عێراق بکەن و پشتی بدەن بەزەویدا، لەمەشدا بردیانەوە. دوای نێزیکەی پازدە ساڵ، سەدام حوسێن لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرەیلی کورد، لە سەرەتای نەوەتەیلدا، گوتی کاتی خۆی حکوومەتی عێراق بەر لە دەس پێکردنەوەی شەڕ لە ١٩٧٤دا ئامادە بوو مل بۆ داخوازییەلی کورد بدا، "واتە کەرکووکی پێ بداتەوە" ئەگەر پاڵەپەستۆی ولاتەیلی عەرەب ڕێگر نەبوایە. درکاندنی ئەم نهێنییە ئەوە دەگەێنێ کە ڕێژیمی عێراق ئەوێ دەمێ، حاڵی بووە" بە گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ کوردستان". سەرۆک وەزیرەیلی ئێستای عێراقیش، نووری مالیکی کتومت وەک ماکانەکەی سەدام حوسێن، پێش چەند ڕۆژ ئۆباڵی جێبەجێ نەبوونی مادەی ١٤٠ی گەڕاندەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی کۆماری لە عێراق. واتە هەمان دەستی دەستییەکەی لە چیرۆکە کوردییە فۆلکلۆرییە بەناوبانگەکەی کە دەڵی "شیر دا بۆ داپیر دا".

بۆیە بەلای منەوە، ئەو تاکە چارەسەرەی کە ئێستە گرتوویانەتە بەر، واتە چارەسەری وتووێژ و حاڵیکردنی بەرامبەر، یاخۆ ریفراندۆم و سەرژمێری گشتی، کە ئەوپەڕی شێوازی دیموکراسین بۆ یەکلاکردنەوەی ململانەیل، چارەسەری نیوەچڵ و کەموکورتن. بێگومان هەموو ئەمانە هەنگاوی پێویستن بۆ گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچەیلی تر، هەروەها بێگومان ڕاستیشە کەرکووک بەشێکە و دانابڕێ لە خاکی کوردستان، هەروەها شێوازی دیموکراسیش لەم پێناوەدا هیچ جێگرەوەیەکی نییە و کورد نابێ هیچ ڕۆژێک

پاشـەکشـەی لێ بکا. بەڵام کۆبوونەوەی ئەم هۆکارەیلە بە تەنیـا بەس نین بۆ پرسـی وەرگرتنەوەی کـەرکوک کـە چەندی ئەم پرسـە درەنگتر بکەوێ ئاڵۆزتر دەبێ و کـورد زیاتر تێیـدا ئاسێ دەبێ. وەک گـوتـەن، ئەگـەر هـەمـوو هۆیەک لە بەرژەوەندیی لایـەنی بەشـخـوراودا بێ، هـۆکـاری رابردنی کـات لـە بەرژەوەندیی ئەودا نییە.

لایەنـی کــوردی لەم گــرەوە مــێــژوویــیــەدا، دەبێ بـێ درێغـی پشـت بە گەشـەپێدانی بنەوایەلی ئـابووری و پتـەوکـردنی ژیانی دیموکراسـیی جـڤاکی کـوردسـتـان ببـەسـتێ شـان بەشـانی ملـمـلانەی سـیـاسـی لـەگـەڵ بەغـدادا. کـوردسـتـانێکی پێـشکـەوتوو لەم بـوارەیلەدا، تـەرازووی ملمــلانە بە لایـەنی کوردیدا تەواو گرانتر دەکا. کەرکـوک تەنیـا ٨٥ کیلۆمـەتر دوورە لە هـەولێری پایـەتەخـتـی هـەرێمی کـوردسـتـان بەڵام زیاتر لە ٣٠٠ کـیلۆمــەتر دوورە لە بەغـداوە. هـەولێـرێکی تێـر و تـەژی لە بنـەوایەلی ئـابووری و رازاوە لە ژیانی دیموکراسی و میدیای سـەربەخۆ و مـافی کـەمینـەیل و لێبـووردوویی ئاینیدا، کـەرکووک بەخـشکـەیی دەهێنێتـەوە پاڵی. کورد لە رووخـانی رژێمەوە، حـەوت سـاڵە کـار دەکـەن بۆ بووژاندنەوەی هـەرێمـەکـەیان. ناوچەیلی کـوردی، رۆژانە بەرەو خۆشبژێوی و تـەناهـی و تەبایی و حەسانەوە هـەنگاو دەنێن و لەم رووەوە نایەنە بەراوردکردن لەگەڵ هیچ ناوچەیەکی عێراقدا. دەشبێ لەمەولا پرۆژەیلی ئاوەدانکردنەوە لە هـەولێـر و سلێـمـانی زیاتر بکـەونە ئەو ناوچـەیلـەی بە دیوی کەرکووکەوەن تاکو پێ بەپێ شارەکە بێتە دزینەوە لە عێراق.

خـۆدانەپاڵ لە دنیـای هـاوسـەردەمـدا، بۆ ناوەندەیل دەوڵەمـەنـدی ئابووری و کولتـووری و پڕ لە دیموکراسـییـە، نەک شـتێکی تر. دەبێ تورکمـان و عـەرەبی کـەرکووک بە خـۆشـیی خـۆیان کـوردسـتـان هـەڵبـژێرن نەک بە زۆری ریفراندۆم بێنەوە پاڵی. دەبێ خـۆشـی و بەخـتـەوەری لـە کـوردسـتـان ببێ بە مـوگناتیس و بەکێشکـەری کەرکووکییەل گشـتیان، بە هـەموو جیاوازییەلی ئاینی و مەزەبی و نەتەوەییانەوە.

بێگـومـان مـن لایەنگری لـە گـەشـانەوەی ژیانـی ئابووری و خـۆشـبـژێوی و

دیموکراسی لە سەرتاسەری عێراقدا دەکەم بێ جیاوازی، بەر لەوەی وەک کوردێک لایەنگری لە دۆز و داوای ناوچەی کوردی بکەم. سووربوونیشم لەسەر گەڕانەوەی کەرکووک بۆ کوردستان لەو سەرشار (منطلق)ەوە دێ کە کەرکووک پرسێکی جومگەییە لە نێوان پەڕینەوەی وڵاتەکەمان "عێراق" بەرەو قۆناغی دیموکراسی، یاخۆ مانەوە و خولانەوە لە قاوغی کوێرەوەری و دواکەوتندا.

بزاو ژ: ١، تشرین یەک ٢٠، ٢٠١٠

## کتێب جڤاک مێ دەکا

ئەودەمەی بۆ یەکەمین جار کتێبێکم خوێندەوە تەمەنم بچووک بوو. تازە لە پۆلی دووەمی سەرەتایی دەرچووبووم بۆ پۆلی سێیەم. پشووی هاوین بوو، کتێبەکەش کتێبی گەوران بوو. ئەودەمە بابەت بۆ منداڵەیل بە زمانی کوردی کەم دەهاتە نووسین. ئەو کتێبەش کە راستی بڵێم کتێب نەبوو بە واتەی کتێب، کۆوارێک بوو چیرۆکێکی ئەفسانەیی تێدا بوو، رێبازکەی ژیانی داهاتووی منی وێنە کێشا و منی کرد بە هۆگر و هاودەمی کتێب بە درێژای ژیانی داهاتووم. هەر کەس لە تاقیکردنەوەی خۆیەوە لە ژیان دەڕوانی، بە پێی تاقیکردنەوەی من، کتێب چارەنووس دەگۆڕێ.

لە تەمەنێکی هەراشتردا، زێتر بووم بە هۆگری کتێب. رۆژانە وەک شێت و ماخۆلیا بەدوای کتێبدا هەڵوەدابووم. هەر منیش وا نەبووم، زۆر لە رواڵ و مێرمنداڵەیلی ئەودەمە "وەچەی حەفتایەل" وێڵی کتێب بوون. کتێبی وا هەبوو لەبەرئەوەی دانەی کەم بوو، دەیان کەس دەیانخوێندەوە تا لەناو دەستاندا دەڕزایەوە. کتێب بە گشتی کەم بوو بە تایبەتی بە زمانی کوردی. ساڵانە تەنیا چەند کتێبێک دەردەچوون، رەنگە مانگی کتێبێک دەربچوایە شایەنی خوێندنەوە بێ. لەبەرئەمە کتێبخانەی گشتیی شار یەکێک بوو لەو ناوەندەیلەی لە پشووی نیوە ساڵ و پشووی هاوینەدا، مۆنجەی دەهات لە شەیدایەلی کتێب.

ئێستە هەموو شتێک پێچەوانە و بەرەواژە. لە جیاتیی رووناکیی کز و چرا قوتیلکەی نەوت، ماڵەیل بە کارەبا چراخانن. بێگومان گەورەتر و هەراوتریشن لە زنج و کونجەیل بچووکی ئەودەمەی من باسی دەکەم. هەروەها لە جیاتیی خواستنەوەی کتێب بەهۆی نەبوونی توانستی کڕینەوە، قوتابییەلی زانستگە ئێستە بە هەزارانیان، هەلی کاریان بۆ لواوە و داهاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. لە هەمووشی گرینگتر لێشاوی کتێبی کوردییە لە هەموو بوار و بابەتێکدا. بەڵام قوتابی و لاوەیل بە زۆری هەڵوەدای کتێب نین، لەم ساڵەیلەی دواییدا سەتان دەرچووی زانستگەم بینیوە، لە ژیاندا کتێبێکیان دەست نەداوەتێ.

هۆی ئەمە هەرچییەک بێ، دەبێ چارەسەری بۆ بێتە وەدۆزین. رزگاری و ئازادی تەنیا بۆ ئەوە نەبوون مرۆڤی کورد باش بخوا و جوان بپۆشێ، یان ئۆتۆمۆبێلی باش لێ خوڕێ و کۆشک و تەلاری بەرز بنیات بنێ. ئەو داهاتووەی ئێمە دەمانەوێ لەم وڵاتەدا بیڕەنگێنین، بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەی دەوێ هەر نەبێ لە بژارەی جڤاکەوە. ئەگەر بڵێی پرسی نەخوێندنەوەی کتێب پێوەندیی بە ئینتەرنێتەوە هەیە، بە هیچ جۆر پاڵپشتیت لێ ناکەم. ئێمەدا هێشتا خوێندنەوەی دیجیتاڵ نەبووە بەباو، لە کاتێکدا کە لە وڵاتەیلی وەک ئەمەریکا و ئەوروپا خوێندنەوەی کتێبی ئاسایی، هێشتا لە هەرەتی جارانیدایە، لەپاڵیشدا برەوسەندنی خوێندنەوەی دیجیتاڵ. ئەگەر بڵێی جاران خوێندنەوە بەشێک بوو لە خەباتی نەتەوایەتی و سیاسی یان بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی ستەمکار و ئێستە پێویست پێی نەماوە، لەمەشدا هەر پاڵپشتیت ناکەم لەبەرئەوەی وەچەی نوێ زیاتر دەم لە سیاسەت وەردەدا و ناقایلترە لە وەچەی ئەودەم.

بەبۆچوونی من نەئینتەرنێتە و نەسیاسەت، هۆیەکە دابڕانی قوتابخانەیە لە کتێب. ئەمەش بۆ بێخەمیی داودەزگای پەروەردە دەگەڕێتەوە. جاران لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە مامۆستا هانی قوتابییەلی دەدا بۆ موتاڵای کتێبی دەرەکی لەپێناو پەیداکردنی هەشیارییەکی زیاتر بۆ قوتابی لەوەی کە

پرۆگرامی رەسمی دابینی دەکرد. ساڵی ١٩٧٥ کە بۆ یەکەمین جار زانیم قوتابخانەکەمان "دواناوەندیی ئازادی لە هەولێر" کتێبخانەیەکی شیاوی هەیە و ئێمە دەتوانین کتێبی لێ بخوازینەوە، گەشامەوە. ئێستە پاش ٣٥ ساڵ هەمان قوتابخانە کتێبخانەی نییە. هەموو شتێک پێچەوانە و بەرەواژ بووەتەوە، ئەودەمە دەوروبەر چ قوتابخانە و چ جڤاک زیاتر لە ئێستە هانی منداڵ و رواڵەیلیان دەدا بۆ خوێندنەوە. خوێندنەوەی کتێب بەلایانەوە بەشێک بوو لە پەروەردەی شارستانییانەی هاوسەردەم بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی لێوەشاوەتر. لە ژیانی خۆمدا تەنیا یەک کەسم دەکەوێتەوە بیر کە هانی نەدابم بۆ خوێندنەوە ئەویش لە روانگەی بیرکردنەوەی خێڵەکییانەوەی بوو. مامێکم پێی وابوو بە خوێندنەوەی کتێب مێ دەبم، بێگومان ئەوەشی بە شیاوی من نەدەزانی. راستیشی بۆچووبوو، نەخوێندنەوە پیاو نێرتر دەکا.

لە هەرێمی کوردستان ٦٧٣ قوتابخانەی ئامادەیی هەیە کە بەپێی رێنوێنییەل دەبێ کتێبخانەیان هەبێ. زیاتر لە ١٠٤ کۆلێج و پەیمانگە هەیە کە ئەوانیش دەبێ بەپێی رێنوێنییەل کتێبخانەیان هەبێ، نێزیکەی ٧٠ کتێبخانەی گشتی لە شار و شارۆکەیلدا هەیە کە دەبێ هەموو کتێبێک دابین بکەن بۆ بخوێنەوەیلی کتێب. ئەمە هەمووی بەسەر یەکەوە دەکاتە نێزیکەی ٨٤٧ کتێبخانە. وێڕای سەتان کتێبخانەی بنکەیل حزبی و ناوەندەیلی لاو و رۆشنبیرەیل، بەلام نموونەی باشترین کتێبم لەلایە کە دوو ساڵە دەرچووە و ٥٠٠ دانەی لێ نەرۆییوە. کۆتای حەفتایەل و سەرەتای هەشتایەل، زۆر کتێبی کوردی بیست هەزار دانەیان لێ دەهاتە فرۆشتنەوە لە چەند حەوتوویێکدا. ئەمرۆ باشترین کتێب هەزار دانەی لێ دەروا ئەویش بە ساڵێک یان زیاتر.

لە بازێڕی کەساسی کتێبدا تەنیا پەروەردە بەرپرس نییە هەرچەندە بەرپرسی یەکەم ئەوە. زۆر بەرپرسی تریش هەن، لە هەمووی بەپێشەوە داودەزگایەلی راگەیاندنە کە بانگەشە و شاباش بۆ هیچ کتێبێکی کوردی ناکەن. کلیپێکی قۆڕی گۆرانیی کوردی و لەنجەولاری کیژۆڵەیەک لە حەوتوویێکدا رەنگە هەزار جار بێتەوە پێشکێشکردن لە تیڤیی کوردی، بەلام

چەند چرکەیەک بۆ هەواڵی دەرچوونی کتێبێک نایەتە تەرخانکردن با ئەو کتێبە شاکاری رۆشنبیریی کوردیش بێ. هیچ مایەی خۆشحاڵی نییە لەم قۆناغەدا، پرۆگرامێکی تێروتەسەل لە ئارادا نەبێ بۆ مێکردنی جڤاکی کوردی، کە هەنگاو برین لە ژیانی هاوسەردەمدا، مێکردنی ئەم جڤاکە خێڵەکییە زۆر بەپێویست دەخوازێ. بەپێچەوانەوە و ئەم هەمـوو دووپاتەکردنەوە بێ واتایە لەسەر لارولەنجەی کیژۆڵان لە تەلەڤزیۆنی کوردیدا، نێرایەتیی جڤاک قووڵتر دەکاتەوە.

ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا لە بواری پەسنی خۆیدا نرخی خۆی و شاکارەکەی زۆر بەرز رادەگرێ، دەشڵێ "نرخی من و کالاکەم هیچ کەمتر نییە لە رۆشنبیرەیلی گەلەیلی تر و کالایەل ئەدەبیی ئەوان. جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە ئەوان شا و پادشا و میری وایان هەیە بۆیان دەبن بەکڕیاری بەرهەمەیلیان و رێزیان لێ دەنێن"، دەڵێ "بەلام منێکی بەلەنگاز چی بکەم، میرێکی کورد هەیە لەوناوە "میرزای" ناوە، نازانی کتێب و متێب چییە". منیش هەرچەند جارێکی بیر لە زەلیلیی کتێبی کوردی دەکەمەوە ئەو بەگە نەخوێندەوارە میرزا ناوەی سەتەی ١٧یەمینی شاری بایەزیدم دێتەوە بیر، کتومت وەک میدیای کوردستان و داودەزگای ئەمڕۆی پێوەندیدار بە کتێبی کوردییەوە، ئاگایان لە هەموو شت هەبێ لە کتێبیان نییە. ئەمساڵ لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوودا ١١١ کتێب لە دەزگای ئاراس هاتوونەتە چاپکردن بەلام بەهۆی نەبوونی کۆمپانیایەکی بلاوکار زۆربەی زۆریان نەگەیشتن بە دەستی خەڵک. لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانیدا بە درێژای ساڵ ماندووی ئەوەبووین هۆڵێکمان دەست کەوێ بۆ پێشانگە، ساڵ بەرەو تەواوبوون رۆیشت هۆڵمان دەست نەکەوت.

بزاو ژ: ٢، تشرین یەک ٢٤، ٢٠١٠

## کەرکووک بۆ کوردستان ۲

بۆ یەکلاکردنەوەی ململانەی خۆیان لەگەڵ بەغدادا، کوردی عێراق لە زووەوە پەکیان لەسەر یاسا نەکەوتووە. دەستووری دوای شۆڕشی ۱۹٥۸ دانی بەوەدا نابوو کە عێراق وڵاتێکی هاوبەشە لە نێوانی عەرەب و کورددا. وەک ئاشکرایە هاوبەشیش یەکسانییە لە بڕیاردان و لە چنینەوەی بەرهەم. بەڵام ئەگەر کورد لە عێراق یەکسان بوونایە لەگەڵ عەرەب، ئەو چەرمەسەرییانەیان نەدەبینی کە دەوڵەتی عێراق لە دوای ئەو مێژووەوە بەسەری هێنان. بێگومان پێش ئەو مێژووەش یاسا هەبووە بە قازانجی کورد لە عێراق، بۆ نموونە سەرژمێریی گشتیی ۱۹٥۷ کە ئەمڕۆ چارەنووسی کەرکووک دەدا بە کوردستان ئەگەر پرسەکە زۆریی ڕێژەی کورد بێ لە شارەکەدا. دوای تێپەڕینی زیاتر لە نیو سەتە بەسەر سەرژمێریی گشتی و دەستووری وڵات لە ۱۹٥۷ و ۱۹٥۹دا، دەبوایە روون بێ بۆ کورد کە پشت بەستنیان بە مادەی ۱٤۰ی دەستووری تازە، یان ئەنجامی سەرژمێریی گشتیی داهاتوو، لەپێناو یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک، هیچ شتێک لە پرسەکە ناگۆڕێ ئەگەر بەرامبەرەکە "کە سەرکردایەتیی عەرەبی عێراقە" باوەڕی بە بنەوای گۆڕان نەهێنابێ لە ئاوەز و بیرکردنەوەی عێراقی تازەدا. وەک دەشبینین هەزار و یەک بەڵگە و دەستاوێژ هەیە بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە و دەق وەک جارانی خۆیەتی.

لایەنی کوردی چ سەرکردایەتیی سیاسی بێ چ ڕاگەیاندنی کوردستان یان ڕێکخراوەیلی شارستانی، لایەنێکی دەم چەفت و تۆمەت لەخۆ پاس نەکەرە. هێشتا دەیان هەزار لەو عەرەبەیلەی کە جاران سەدام بۆ گۆڕینی مۆرکی کەرکووک لە ناوەڕاست و باشوورەوە هێنابوونی، ئەمڕۆ لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە هەرچەندە ۷ ساڵە سەدام و ڕێژیمەکەی لە دەسەڵات نەماون و یاسا دەرچووە بۆ چوونەوەی ئەم عەرەبە هاوردانە. هەروەها هێشتا دەیان هەزار کورد لەوانەی ڕێژیمی سەدام لە کەرکووک وەدەری نابوون، نەگەڕاونەتەوە

شارەکەی خۆیان، کەچی ڕۆژانە لە ڕاگەیاندندا گوێمان لە ئاخاوتنی هەندێک لە نوێنەرەیلی عەرەب و تورکمان دەبێ، داد و بێدادیانە لە شێواندنی مۆرکی شارەکە بە دەستی کوردەوە.

بێگومان کوردێکی زۆر گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی لە کەرکووک بێ ئەوەی یارمەتییەکی شایان و بەرچاوی وەرگرتبێ دوای دەیان ساڵ ئاوارەیی و تەرەبوون لە ژیانی ئابووریی خۆی، زۆریش ماون نەگەڕاونەتەوە لەبەرئەوەی هاندەرێک یان پاڵدەرێک نەبووە ناچاریان بکا بۆ گەڕانەوە. ئەوەی گەڕاوەتەوە رەنگە بە ژمارە زۆر بێ بەڵام لە رووی جۆرییەوە لاواز و کەمکێشە. تەنیا هەژار و رەشوڕووت گەڕاونەتەوە، کە ئەمانە دەیان ساڵ لە هەولێر و سلێمانی ژیان و نەیانتوانی رەگی ئابوورییان لەم شارەیلەدا داکوتن، تا دواجار لە ناچارییا گەڕانەوە زێدەکەی خۆیان، هەژانێکی بچووک لە دۆخی شارەکەدا جارێکی تر ئەمانە ئاوارە دەکاتەوە. کوردی گوتەنی "باییلێ بایەکی بەسە".

بژاردە و پوختەی شاری کەرکووک کە برێتییە لە بورجوازی و دەسمایەدارەیلی ئەوێ، فەرمانبەرەیل گەورە بیرۆکراسی، رۆشنبیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسەیلی، مامۆستایەلی زانسگە و دادوەر و ئەندازیارەیلی، ئەمانە سەرپاکیان هێشتا لە هەولێر و سلێمانین وێڕای چەندێکی زۆریان لە دەرەوەی کوردستاندا، کە هەر هەموویان سیاسەتی رێژیمی سەدام لە شارەکە وەدەری ناون. ئەم بژاردەیە مەیلی گەڕانەوەی بۆ کەرکووک زۆر کەمە. تەنانەت ئەوانەیان کە پلەی بەرزیشیان لەم ساڵانەی دواییدا لەناو شارەکەدا وەرگرتووە رۆژانە لە سلێمانی و هەولێرەوە دەچن بۆ کەرکووک و شەوان دێنەوە. پشتبەستنی کورد بەزۆری و بۆری لە بەرنامەی یەکلاکردنەوەی کەرکووک بو پاڵ کوردستان و پشتگوێخستنی جۆری، کارێکی مەترسیدارە و ئەنجامەکەشی ئۆباڵدارە.

ئێستا ناوەندی شارستانییانەی شاری کەرکووک بەدەستی کوردەوە نییە. نەکۆمپانیای نەوت، نەکەرتی بانک و بازرگانی و پیشەسازی، نەداودەزگای میری، نەپەروەردە و خوێندن، نەدادگە و نەهیچ کەرتێکی شاری و

سەردەمییانە. ئەمانە هیچیان بەدەستی کوردەوە نین و لە هەندێکیاندا تاکێکی کوردیش نییە. مەگەر داودەزگای تەناهی و ئاسایش نەبێ کە ئەمانەش رۆڵیان بەدۆخی توندتیژی بەستراوەتەوە، بە سەپانی تەناهی و جێگیری، دەبێ بچنەوە بنکە و بارەگایەلی خۆیان ئەگەر نەڵێین دەبێ بچنەوە ماڵەوە.

سیاسەتی کوردی لە وەرگرتنەوەی کەرکوکدا سیاسەتێکی نێرانەیە بەڵام ژیرانە نییە. دەبێ ئێمە بزانین کەوا ژمارەی رەشورووت هەرچەندی زۆریش بێ پارسەنگێکی گران نییە لە دالەنگاندنی تای تەرازوودا. ئاوەزی کوردیی کەرکووکی نەگەڕێتەوە شارەکە، چارەنووسی ئەم شارە بۆ کورد زیاتر لە شیمانەی دۆڕاندایە. ئەنجامی ئەم سیاسەتە کوردییەش ئەوەیە کە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، کورد نەیانتوانیوە داودەزگایەکی شارستانیی رێکوپێک، بۆ نموونە: داودەزگایەلی تەندروستی، فێرکردن، رێکخراوەیلی جڤاکی شارستانی، بنکەی گەشتەوەری و بازرگانی، تەنانەت یاریگەیەک بۆ منداڵان لە شارەکەدا بکاتەوە. تەنیا پشتبەستن بە ژمارەی زۆری رەشەخەڵکی بێ نوا و بێ داڵدەی بێ رەگوریشەی لادێیی کە بە بایەک هەڵدەکەنێن، گرەوێکە لە ئێستاوە ئەنجامەکەی دیارە. کەرکووک دەدۆڕێ و سمێڵی "نەخوێندەواری" دۆڕاندوویەتی.

نەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ پاڵ کوردستان چەندی درەنگ دەکەوێ، ئەوەندەش لەگەڵ خۆیدا پرسی گۆڕانەیل ئابووری و جڤاکی لەو شارە و تەنانەت لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا سست و سارد دەکاتەوە. لەم پرسەشدا هەر تەنیا دەسەڵات لە بەغدا بەرپرسیار نییە لە سۆنگەی گرتنبەری سیاسەتی لاملی کە لێی هەدا نادا و ماندوو نابێ، بگرە لایەنی کوردیش لە ئاستی خۆیەوە بەرپرسیارە لە سۆنگەی نەگرتنەبەری سیاسەتی نەرمونیان و ژیرانە. چ پاساوێک هەیە لەلای دەسەڵاتی کوردی یان تەنانەت لەلای پوختە و پاڵاوتەی کەرکوکییەل، کە ماڵ و ژیان و چارەنووس نابەنەوە شارەکەی خۆیان لەوکاتەی کە ئەوان زۆریان قوربانی بۆی داوە و چنینەوەی بەرهەمەیل نێزیک بووەتەوە؟ کێش دەڵێ ئەو مەترسییەی هەندێک لە نوێنەرەیلی تورکمان

و عەرەب لە ئاست کورددا هەیانە لە بنەڕەتدا جیاوازیی کولتووری نییە لە نێوان شاری و ناشاریدا، نەک جیاوازیی نەتەوەیی وەک لە رواڵەتدا خۆی دەنوێنی. من بە هەستێکی زگماکییانەی خۆم وەک عێراقییەک، وای بۆ دەچم کەوا گەڕانەوەی پوختە و بژاردە سەردەمییەکەی کەرکووک بۆ شارەکە، لایەنەیلی بەرامبەر، واتە نوێنەرەیلی تورکمان و عەرەب تا رادەیەکی زۆر سارد دەکاتەوە لەو کەفوکوڵەی ئێستایان و وایان لێ دەکا هەست بە دڵنیاییەکی زیاتر بکەن لە پرسی بەیەکەوە گونجان و رۆنانی ژیانێکی شارییانە بۆ داهاتووی گشت لا. لەملاشەوە بۆ کورد، چارەنووسی شارەکە یەکلا دەبێ کە گرێکوێرەی نیو سەتەی رابردووی هەموو عێراقییەل و بنەڕەتی گشت نەهامەتییەل بووە.

بزاو ژ: ٤، تشرین یەک ٣١، ٢٠١٠

## ئیسلام ریسوامان دەکا

رووداوە تیرۆریستییەکەی کڵێسای "سەیدە نەجات" لە بەغدا کە رێکخراوی ئەلقاعیدە بەرپرسیارەتیی خۆی لێ راگەیاند، رووداوێکە جگە لە ریسواکردنی ئیسلام هیچ ئامانجێکی تر ناپێکێ. کەمینەی کریستیان لە عێراق کەمینەیەکی کارا نین لە سیاسەت و ئابووریی وڵاتدا تا رۆڵیان بەهۆی ئەم کردەوەیەوە لاواز ببێ، کەمینەیەکی بێ وەی و لاشەڕیشن هیچیان نەکردووە تۆڵەیان لێ بێتە وەرگرتنەوە و بەرپرسیاریش نین لە هیچ رووداوێکی نەرێنی لە مێژووی کۆن و نوێی ئەم وڵاتەدا. ناشتوانن هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێ لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژییەلەی دەکرێتە سەریان تا ئەمە ببێ بە هاندەر بۆ راکێشانیان بۆ گەمە و پلانێک کە لایەنێکی دەرەکی یان ناوەکی بیەوێ پەلکێشیان بکا بۆی. لەبەرئەمە ئەلقاعیدە و ئەوانەی لە دوایەوەن پرسی تیرۆریان بەم رووداوە بردە قۆناغیکی تازەترەوە کە تەنیا ریسوایی و سووکی و شەرمەزاری تێیدا، وەک ئەنجام بۆ ئێمەی "بمانەوێ و نەمانەوێ" موسڵمان دەمێنێتەوە.

پێش چەندان ساڵ ئەوەندەم بەلاوە گرینگ نەبوو ئاخۆ ئیسلام چییە یان ئیسلامییەل چی دەکەن و خەریکی چین. لە هیچ بەرنامەیەکی ژیانی مندا ئیسلام وەک ئاین تێکەڵ نییە هەرچەندە وەک کولتوورێکی تایبەت ڕێزی لێ دەنێم و کێشەم نییە لەگەڵیدا. بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە بۆم دەرکەوتووە کەوا دەبێ ئێمەی ڕۆشنبیرەیل بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر ئێمەمانان لەم ئاینەی خۆمان و کولتووری جڤاکەیلی خۆمان بە خاوەن دەرنەچین و بەرگریی لێ نەکەین، ئەوا ئەم ڕەوت و بزاوە سەرەڕۆ و نابەرپرسیارانە و ئەم مرۆڤە کەللەپووتەیلە سەرمان بە فەتارەتێکی گەورەتر دەگەینن.

لەم دە ساڵەی دواییدا، سەرهەڵدانەوەی ئیسلام بەم ڕادیکالییەتەی ئێستەی خۆیەوە، لە سەرتاسەری دنیای ئیسلامدا زیاتر بۆ دووڕوویی ئەو دەستە و چینەیلە دەگەڕێتەوە کە لە وڵاتەیلی ئیسلامی و عەرەبیدا دەسەڵات بەڕێوە دەبەن و مەرایی بۆ ئایندارەیل دەکەن و هەلیان پێ دەدەن، لە کاتێدا ئەمانە خۆیان "مەبەستم دەسەڵاتدارەیلە" فریان بەسەر ئاینەکەوە نییە. ئەم سەرهەڵدانەوە ئاینییە، هەروەها بۆ ترسنۆکی و جووتەوەری (ازدواجیة)ی داودەزگای ڕاگەیاندن و تێکڕای ڕۆشنبیرەیلی جڤاکەیلی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە بەردەوام مێچکەمێچکەیی بۆ پیاوەیلی ئاین دەکەن بێ ئەوەی خۆیان باوەڕیان بە بیری ئاینی هەبێ. ڕۆژێک لە ڕۆژەیلیش خۆیان ناخەنە بەردەم پرسیارێکی ڕەوشتییەوە کەوا ئاخۆ ئەم دووڕوویی و گەمە بێ ڕەوشتی و خۆ لە هەڵوێست دزینەوەیەی ئەوان، لەگەڵ کاری ڕۆشنبیریدا "کە مەرجە کارێکی ڕەوشت بەرزانە بێ"، چی کۆیان دەکاتەوە؟

وەک دێتە زانین، کولتوور لەسەرەوە دادەبەزی بۆ ژێرەوە. کولتوور و داونەریتی هەر جڤاکێک ڕەنگدانەوەی کولتووری دەسەڵاتدارەیلی ئەو وڵاتەیە. جڤاک کولتوورێکی جیا لە کولتووری دەسەڵات بەدی ناهێنێ، بەدیشی بهێنێ کارا نابێ. لە بەلاڤۆکی دەنگوباسدا دیمەنی زانستگەی یەمەنم بینی. کچەیلی زانستگە کە تەمەنیان لە دەوری بیست ساڵیدایە، تەنیا کونی چاوەیلیان بەدەرەوەیە و سەرتاپێ ڕەشیان پۆشیوە. لە کاتێکدا لەو وڵاتە هەموو هۆیەلی

گەیاندنی سەردەمییانە وەک تیڤیی سەتەلایت و ئینتەرنێت بەردەستی هەموو کەسن، ئەوە سیستەمی وڵاتە کە لەلایەکەوە دەیەوێ جڤاک لەوپەڕی دواکەوتوویدا بهێڵێتەوە بەو مەبەستەی تا هەتایە فەرمانڕەوای بێ و سواری ملی ببێ، لەلایەکی تریشەوە خۆپێشاندان بە دەرەوە، بە وێنەیەکی هاوسەردەمییانە و کردنەوەی وڵات بۆ هۆیەلی تەکنیکیی پێشکەوتووی سەردەم کە دیمەنی ژیانی سەرنجڕاکێش و دڵبزوێن بڵاو دەکەنەوە. لەم نێوانەدا تەنیا کولتووری کینە و تۆڵەکردنەوە ڕەگ دادەکوتێ و گەشە دەکا. وەک خووی گشتی، مرۆڤ دەستی نەگا بەشتێک پێی هەراسان دەبێ و رکی لێ هەڵدەگرێ. سەرتاسەر جڤاکی ئیسلام لە سایەی ئەم دووڕوویییەوە بووە بە شوێنکەی گەرادانانی بیری تیرۆر و رک و توندتیژی، کە بەپلەی یەکەم "وەک لەپێشەوە گوتم" دەسەڵاتی رۆشنبیری و نۆینگەلی راگەیاندن لێی بەرپرسیارن.

سەدام حوسێن کە رێژیمێکی سێکیولاری بەڕێوە دەبرد بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ، لە ساڵانی دواییی دەسەڵاتیدا هەڵمەتێکی باوەڕدایەتیی دەست پێ کرد "الحملة الايمانية" وەک دوا شێواز بۆ کەرکردنی جڤاکی عێراق. ئەوانەی دوای ئەویش هاتن، کە ئەمەریکا بە خەیاڵی خۆی بۆ دانانی سیستەمی دیموکراسی و یەکسانی هێنابوونی، پەلی رێکخراوی قاعیدەیان بۆ ناوەخۆی عێراق بەکێش کرد. لە ئەنجامی ئەمەدا شار هەیە لە عێراق، رەنگە زۆربەی شارەیلی عێراق جگە لە شارەیل کوردی وا بن، لە سەرتاسەری باژێڕدا تاکە ئافرەتێک نایەتە دیتن سەرپۆش لەسەر و رەشپۆش نەبێ. ئازادیی ئافرەت میناک و نموونەیە بۆ کراوەییی جڤاک بۆیە وەک نموونە دەیهێنمەوە. هەموو دەنگی عێراقییەل بۆ حزبەیل ئیسلامیی شیعەی سەر بە ئێران و حزبەیل سونییەی دۆستی ئەلقاعیدەیە لە هەڵبژاردنەیل گشتیدا. گەلۆ دەبێ لە جڤاکێکی وادا چ کولتوورێکی لێبووردوویی بڕوێ؟ و چ داهاتوویێک چاوەڕێی ئێمە بکا کە بە خەیاڵی دیموکراسی و پاشەڕۆژی گەشەوە وەنەوز و وێژینگ دەمانباتەوە. تۆ بڵێی لەم عێراقە بەرینەدا پێش سێ رۆژ، بۆ کارەساتی کریستیانەیل کێ نارەحەت بووبێ و فرمێسکێکی پێشکێش کردبێ. تەنیا پێم وایە لە هەرێمی

کوردستاندا هاوسۆزییەک هەبوو، لەوی تر خەیاڵم بۆ هیچ ناڕوا.

ئەمە دۆخێکی گشتییە لەم وڵاتەی ئێمەدا تەبای سەرجەم دنیای عەرەب و ئیسلام. تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیشدا سەرلەقاندنی دەسەڵات و مەراییی رۆشنبیرەیل و مێچکەمێچکەییی نۆینگەلی راگەیاندن لە ئاست پیاوەیلی ئاین و حزبەیل ئیسلامیدا نایەتە وەشاردن، کە هەردووکیان "واتە مەلا و حزبی ئیسلامی" لە ڕەگدا هەمان شتن. ئەمان جیاواز نین لە کولتوور و بیرکردنەوەیاندا، کە بێگومان ئەو کولتوور و بیرکردنەوەیە هی پێش هەزار و پێنسەت ساڵە و ئەمڕۆ کراوەتەوە زەوییەکی بە پیت بۆ چاندنەوەی بیری دینەوەری و کینەوەری. ئێمە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم سەردەمە بین و توخمێکی بزێویش بین لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، دەبێ سەرەتا خۆمان ڕێز لە خۆمان بگرین پێش ئەوەی داوا لە غەیرە بکەین ڕێزمان لێ بگرێ، سەرەتا دەبێ رۆڵی ئەم کەللەپووتەیلە لە ڕێنوێنیکردنی جڤاک بۆ ژیانی سەردەم، بە کۆتا بهێنین. ئەوەی من دەیڵێم دژایەتیی ئاین نییە، باشترین ڕێز بۆ ئاینی ئیسلام بەلای منەوە ئەوەیە ئەم حزب و پیاوەیلە ئاینییە یان نەمێنن یان سەرکوتینەوەی تەواویان بۆ بێتە کردن. بە پێچەوانەوەش، دەرفەت پێدانیان، دەبێتە هەل تا زیاتر ریسوامان بکەن و سەرمان بە فەتارەتی یەکجاری بگەیەن. ناچارییە، دەبێ ناوبانگی ئیسلام بێتە پاراستن، لەبەرئەوەی ئێمە "بمانەوێ و نەماوێ" ئیسلامین ئەگەر هەر سیستەمێکی دوور لە بیری ئاینیش دابمەزرێنین و بەهەر روو و رواڵەتێکیش خۆمان پێشکێش بکەین.

بزاو ژ: ٥، تشرین دوو ٣، ٢٠١٠

## کوردستان ناوبانگی دەشێوێ

هەرچەندە چواردەورمان بە ڕێ بۆ خۆشکەرەیل و پشتیوانی لێکەرەیلی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکەی ئەلقاعیدە هاتووەتە تەنین و چنین بەڵام ئەم ڕێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دەست و بەری واڵا نییە و کۆسپی زۆری لە ڕێدایە. شاعیر گوتەنی تا ئێستە "دەست و پای سست و سەقەتە" لە

ئاستیدا و ناتوانێ زەفەری پێ ببا. ئەم بێ دەستییەی ئەلقاعیدە، هەر تەنیا بۆ کارامەیی داودەزگایەل تەناهیی کوردستان ناگەڕێتەوە، کە بێگومان زۆر کارامە و چەلەنگن لە بواری رووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا و لەلای خەڵکی کوردستاندا لە دڵەوە جێی پێزانین و سوپاسن، ئەم بێ دەستی و سستییەی ئەو رێکخراوە سەرکێشە ناودەوڵەتییە لە کوردستان بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە زەویی بەپیت لە جڤاکی کوردیدا بۆ شینبوونی بیری لاملیی ئاینی و توندڕۆیی ساز نەبووە و نەلواوە.

ئەمە تا ئێرە باشە، بەڵام تاسەر پاراستنی دۆخەکە ئاسان نییە بە تایبەتیش کە هەوڵی بێ وچان هەیە بۆ گۆڕینی. رۆژانە ئاخاوتن و هەڵسوکەوتی زۆران دەبیستین و دەبینین کە لە بیری ئەلقاعیدەوە ئاو دەخۆنەوە. هەندێک لە رێکخراوەیل ئیسلامی و مەلایەلیش لەگەڵیاندا دەیانەوێ هەژاریی جڤاکی کوردستان لە بیری دەمارگیراویی ئاینی، بە گەورەکردنەوەی شتی بچووک پڕ بکەنەوە و سازی بدەن، نەبادا کورد وەک گەلێکی موسڵمان "لەم شانازییە"ی حەز و خولیا بۆ خوێنرێژی، لە گەلەیلی تری موسڵمان بەجێ بمێنێ. زۆرجاریش ئەمانە کە دەبینن کەموکورتی لە کوردستاندا نییە تا هەرای لەسەر بنێنەوە، پەنا بۆ هەڵبەستنی رووداو دەبەن. بۆ نموونە ئەو گێچەڵەی ماوەیەکە بە قوتابخانەیەکی سەرەتاییی دەکەن گوایە ئینجیلی تێدا هاتووەتە دیتن یان خوێندنەوە.

"نەهلە جەرجیس"م بینی، خاتوونێکی تەمەن ٣٧ ساڵ، بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیایە لە هەولێر، ماوەی سێ حەوتوو زیاترە لە دڵەڕاوکە و ترسدا ژیان بەسەر دەبا لەبەرئەوەی ئیتیحادی مەلایەل چەندان راگەیاندنی دەرکردووە دەڵێ لە قوتابخانەکەیدا دەرسی ئاینی مەسیحی هەیە، یان دەڵێن ئینجیل بە منداڵان دەڵێنەوە. هەرچەندە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە تایبەتە دەڵێ: "ئێمە وانەی ئاینمان نییە لە پرۆگرامدا تا ئینجیلی تێدا بخوێنین، ئەوەی دەیخوێنین مێژووی ئاینگەلی دنیایە بە ئاینی ئیسلامیشەوە". وەک رۆژی نیوەڕۆ دیارە ئەو چیرۆکەی ئینجیل خوێندن کە بانگەوازی مەلایەل باسی دەکا

چیرۆکێکی دروستکراوی بێ بناخەیە، نیاز لێی پڕکردنەوەی مێشکی خەڵکە بە ڕک و کینە لە ئاست کەمینەی داماوی کریستیاندا. بەڵێ، لەو قوتابخانەیەدا ئینجیل نایەتە خوێندن وەک چۆن لە قوتابخانەی تریشدا قورئان نایەتە خوێندن. ئینجیل و قورئان لە کڵێسە و مزگەوت و لە ماڵدا، خەڵک دەیانخوێنن. خاتوونی بەڕێوەبەر کە بە ئاین فەلەیە لەوە دەترسێ تیرۆریستەیل ئەم بانگەوازەی ئیتیحادی مەلایەل بقۆزنەوە و لە پەناوە زەبرێکی لێ بدەن. لەبەرئەوەی "وەک ئاشکرایە" بەیان دەرکردن بانگەوازە بۆ خوێن حەڵاڵکردن. ئەو مەلایەلە ئەگەر خەمخۆری ئاین بوونایە و کێشەیەکیش هەبوایە لەو قوتابخانەیەدا، لە ڕێیەکی ترەوە بۆ چارەسەری دەچوون نەک ڕێی لەهەرادان و خەڵک لێهاندان یان ترساندن و تۆقاندنی بەڕێوەبەر و مامۆستایەلی. ئەم هەوڵە، بێ چەند و چۆن ڕێخۆشکەرییە بۆ ئەلقاعیدە تا فریای کوردستان بکەوێ و ڕزگاری بکا لەو "شەرمەزارییە"ی تەناهی و سەلامەتی کە تێیدا دەژی. پرسیارێکی تر: باشە بۆچی ڕک و کینە لە ئینجیل. ئەدی ئەویش ئاینی خوا نییە و لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە؟ ئەدی ئاینی ئیسلام و بە دەقی قورئانی، دانی پێدا نەهێناون؟ "ان الذین آمنوا والذین هادوا والصابئون والنصاری من آمن بالله والیوم الآخر وعمل صالحا فلا خوف علیهم ولا هم یحزنون".

ڕۆژی ٣١ تشرین یەک، ئەو ڕۆژەی لە کڵێسەی "سیدة النجاة"دا لە بەغدا، تیرۆریستەیلی ئەلقاعیدە منداڵیان بەبەر چاوی دایکیەوە کوشت بێ ئەوەی هیچ بیانوویێکیان بە دەستەوە هەبێ بۆ ئەو بێ ویژدانییە جگە لە ڕک و کینەی کوێرانە و جەهلی ڕەگ داکوتاوی هەزار ساڵەیان، هەمان ڕۆژ لە هەولێری خۆمان، ئیتیحادی مەلایەل بۆ دووەم جار بانگەوازی هاندەرانەی دژی دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیا بڵاو کردەوە، کە قوتابی و مامۆستایەلی ئەو قوتابخانەیە نیوە بەنیوە موسڵمان و فەلەن. بە خوازی خۆشیان هاتوونەتە ئەو قوتابخانەیە و کەسیان سکاڵای لە بەرنامەیلی نەبووە تا ئەودەمەی کە بانگەوازەکەی مەلایەل ژیانی پڕ کردن لە ترس و دڵەڕاوکێ.

ترس لە مەلا، ترسێکی بە ڕاستییە و دەبێ کاربەدەستەیلی جڤاکی

کوردستان بە هەندی وەربگرن. ئەمانە کە دەبینن پێشکەوتنی زانست بە جێی هێشتوون، لە ناخەوە داخ دەخۆن، کە دەبینن ژیانی جڤاک بەرەو پێش مل دەنێ، ئەوان ترس لە دڵیاندا شاخ و باڵ دەکا نەبادا سبەی ڕۆژ، کەس گوێ لە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان نەگرێ و لە سۆنگەی ئەمەشەوە، نانیان بێتە بڕین. لەبەرئەمە دەیانەوێ ئەو بەتاڵاییەی دەروونی خۆیان و ترسیان لە پێشکەوتنی ژیان، بە هاتەهات و غەڵبەغەڵبێک پڕ بکەنەوە. بێگومان کەس لاریی نییە لەوەی غەڵبەغەڵب بکەن، مرۆڤ لە شتێک تۆقیبێ دەنگی هەر لێ هەڵدەستێ، با بیکەن و بە زیادیشەوە بیکەن، بەڵام دەست بۆ گەمەی مەترسیدار و هەڕەشەدار نەبەن. وەک سەرنج دەدەین مەلایەل لە حزبەیل ئیسلامی بێ پەرژینترن لە وتار و لە ئاخاوتنەیلی خۆیاندا، سڵ لە هیچ بانگەواز و ئاخاوتنێک ناکەنەوە تەنانەت ئەگەر بشبێ بە مایەی ترس و تۆقینی هاووڵاتییەلی دەستەوەستان، یان ڕێ خۆش بکا بۆ کێشانی دەستی تیرۆریستەیل. ئەم گوێ بەهیچ نەدان و بێ پەرژینییە لە وتار و لە هەڵسوکەوتدا، وڵات دەخاتە بەردەمی مەترسییەوە، یان هەر نەبێ ریسوای دەکا و ناوبانگە باشەکەی لێ دەسێنێتەوە.

وەک دەبینین هەرێمی کوردستانی ئێمە بە حاڵ لەسەر پێی خۆیدا وەستاوە، بێ ژمار هەڕەشەی لە چواردەورە، تاکە ئەرێنییەکی هەیبێ و بە پێوەی هێشتبێتەوە ئەو تەناهییە ناوەخۆییە کە ژیان و ئاوەدانی و گەشەی ئابووری و هەموو شتێکی تری لێوە رسکاوە. بێگومان بە بزواندنی هەستی ئاینیی هەست لاوازەیل و چڕین لەسەر ئەو ژێیە باریکە هەستەوەرەی ئاین، دەرگە بۆ هەموو ڕووداوێکی ناخۆشی لەناکاو دێتە وەکردن. کوردستان هەرێمێکی فرە ئاین و فرە مەزهەب و فرە نەتەوەیە، بە تایبەتی شاری هەولێر کە زەمەندی جیاوازییەیل جوان و بەیەکەوە گونجاوە، بەڵام ئەگەر ئەو دەم و لەوچە نابەرپرسیارەیلە نەیەنە گرتن، ناوبانگی کوردستان دەشێوێ، بێگومان ژیانیشی دەشێوێ.

بزاو ژ: ٦، تشرین دوو ٧، ٢٠١٠

## تکایە شتێک بخوێننەوە

مێژووی دنیا پڕە لە ناو و بەسەرهاتی دەسەڵاتدار و دیکتاتۆرەیلی ملهوڕ و دڕندە. بۆ نموونە هێنانەوە پێویست ناکا دوور بڕۆی، تۆ کە عێراقی بیت بەسە ئاماژە بە سەدام حوسێن بکەی لە مێژووی نوێدا. ئەگەر عەرەب بیت عومەر بەشیر بەسە بە نموونەی بێوەی و بێوان کوشتن لە وڵاتەکەی خۆیدا. ئەگەر بتەوێ باسی مێژووی کۆن بکەی، رابردووی عەرەب و ئیسلام دیکتاتۆر و زاڵمی وەک حەجاجی یوسفی سەقەفیی هەیە کە قەڵای لە کەللەسەری عەرەب و موسڵمانەیل هەڵچنیوە. تۆ کە بەڕێچکە "مەزەب" شیعە یان سونە بی، دەبێ بزانی بەغدا چوار جار لە نێوان شا سمایل و سوڵتان سلێمان و نادر شا و سوڵتان مرادی چوارەمدا دەستاودەستی کردووە و چوار جار کردوویانە بە گۆمی خوێن بۆ موسڵمانەیل خۆیان. کۆلکە بنووسەیلی ئیسلامی و مەلایەلی کوردستان کاتێک رووبەڕووی رۆشنبیرەیل دەبنەوە، لە نموونەی دیکتاتۆریدا تەنیا ستالینیان بەسەر زمانەوەیە، کە بێگومان وەک پەڵەیەک بە تەوێڵی نەک تەنیا چەپایەتی بگرە وەک شەرمەزارییەک بۆ دەسەڵاداریەتیی سێکیولار و عەلمانییەت دەیهێننەوە.

دەوڵەت و شارستانییەل کە دەڕووخێن رووخانیان بە هۆی نەگۆڕان و لەخۆدا قەتیسمانی بیر و هزرەوە نییە تەنانەت ئەگەر هزرەکە کێشە و کەموکورتیشی هەبێ، بگرە رووخانیان بە هۆی وەستانی سیستەمی بەڕێوەبردنە لە بەدەمەوچوونی داخوازییەلی سەردەمەیلیان. دەوڵەتی عەباسی کە پێنج سەتە حوکمی کرد، سیستەمەکەی دواجار گەندەڵ بوو و لە پێشکەوتن وەستا، نەیتوانی بەردەوام بێ لە گۆڕین تا رووخا. عەرەب و ئیسلام تا ئێستە و تا هەتایەش شانازی بە داهێنانی بیر و ژیاری سەردەمی عەباسییەوە دەکەن و بە نەمری دادەنێن لەپاڵ شارستانیەتی یۆنان و رۆمان لە هزر و رامان و فەلسەفەدا. ئەگەر رمانی دەوڵەتەیل بەڵگە بێ بۆ بەکۆتاهاتنی بیر، دەبوایە دوای نەمانی عەباسی وەک دوای نەمانی سۆڤیەت

بیری ئیسلامی لەناوبچوایە. ئەو رۆشنبیرە بیرکولەیلەی لە ریزی بزووتنەوەیل ئیسلامیدان تۆزکاڵێک ئاگایان لە سەروبەری دنیا هەبێ دەبێ رەخنە لە شێوازی کارکردنی رێکخراوەیلی خۆیان بگرن و هەڵیان وەشێننەوە کە هەمان ئەو سیستەمەیە لە سۆڤیەت هەڵوەشاوەتەوە.

کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی وەک نموونە، هەردووکیان دوو حزبی شێوە لینینین لە کارکردندا. پەیکەرێکی هەرەمییانە لەسەرەوە تا خوارەوە. پاڵێوک و ئەندام و شانە و خانە و پەیرەو و پرۆگرام و کۆبوونەوە و ئابوونە و کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی و میم سین و ناوەندایەتیی دیموکراسی و هەموو شتێکی ئەم حزبەیلە پێش سەت ساڵ لەلایەن لینینەوە هاتە داهێنان و پێش بیست ساڵیش بێکەڵکییەکەی دەرکەوت و چووە بەر دلۆڤانیی مێژووەوە. ناوەندایەتیی دیموکراسی کە ناوێکی جوانە بۆ شێوازی کاری دیکتاتۆرییانە، نەک تەنێ لە حزب بگرە لە تەواوی کارکردنی دەوڵەتی سۆڤیەت و وڵاتەیل سۆسیالیستی تردا هاتە پەیرەوکردن. بەوپێیە، دەتتوانی بیربۆچوونی خۆت بڵێی، دەتتوانی رەخنە بگری "بێگومان لە کۆبوونەوەی نهێنی و بنوەییدا" بەڵام دواجار فەرمان فەرمانی سەرەوە بوو، ئەمەش واتە دیکتاتۆرییەتێک بە نوێژی نیوەرۆ. ئەمە ئەو شێوازە بوو کە لە وڵاتەیلی سۆسیالیزمدا هەرەسی هێنا بەڵام هێشتا لە کوردستاندا دێتە پەیرەوکردن لەلایەن هەموو حزبەیل ئیسلامی و دیموکرات و چەپەوە. بەردەوامیش کۆلکە مەلا و بنووسەیل ئیسلامی لە هەرەسی بیری چەپایەتی دەدوێن و کردوویانە بە پەڵەی شەرمی بیری غەیرە ئاینی. ئەمەیە ئەنجامی نەخوێندنەوە و بێئاگایی لە دنیا.

بەبۆچوونی من دەبێ ئیسلامییەل زۆر باسی مارکس و بیری مارکسایەتی نەکەن بە چەوتی. لە رووی لۆجیکەوە ئەم بیرە زۆر نێزیکە لە بیری ئاینی، مارکسایەتی کتومت وەک ئاین مژدەی بەهەشت بە پەیرەوکارەیلی خۆی دەدا. هەموو فەیلەسووفەیل بە درێژای مێژوو رووی ئاخاوتنیان لە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانە، دەیانەوێ قایلیان بکەن بەوەی هەست و بەزەییان بۆ میللەتی شڕ و پەرێشان ببزوێ. فەیلەسووفەیل بە پێچەوانەی پێغەمبەرەیل رووی

ئاخاوتنیان لە ڕەشوڕووت و هەژاران نییە و داوایان لێ ناکەن بجەمێن و بجوولێن بۆ گۆڕین. لەناو فەیلەسووفەیلدا تەنیا مارکس شوێنپێی پێغەمبەرەیلی هەڵگرتووە و داوایان لێ دەکا یەک بگرن و بڕژێنە دەرەوە بۆ گۆڕینکاری، مژدەشیان پێ دەدا بە بەهەشتی شیر و هەنگوین لە داهاتوودا، جیاییەکە تەنیا ئەوەیە هی ئەمیان لەم دنیایە و هی ئەوان لەو دنیا. من زۆر لەو باوەڕەدام مارکس ویستوویەتی لاسای ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی بکاتەوە بەڵام بە شێوازێکی دنیایی. ئەم لاساییکردنەوەیەش جۆرێکە لە باوەڕهێنانی ئەو بە فەلسەفەی ئاین کە فەلسەفەی وەرگرتنەوەی مزە و پاداشتە لەو دنیا لە دوای خەبات و ماندووەتی لەم دنیادا.

من داوا ناکەم کەس باوەڕ بە مارکسایەتی بهێنێ، وەک چۆن داواش ناکەم کەس بەدوای بیری ئاینی بکەوێ، تەنیا ئەوە دەخەمە بەردەستی بخوێنەوەوە کە بیری لێ دەکەمەوە، بیرکردنەوەشم لەپێناوی خێر و خۆشیی خەڵکە، ئەم بەراوردەی نێوان نامەی پێغەمبەرەیلی ئاسمانی بۆ مرۆڤایەتی و نامەی مارکسیشم بۆیە کرد تا ئەو کۆلکە بنووس و رۆشنبیرەیلە تۆزێک سڵ بکەنەوە لە هەوڵی بێ پشوویان لە دەبەنگکردنی جڤاکدا. پاشەڕۆژی گەشاوە بە مێشکی دەبەنگانەوە نایەتە دی. لە جیاتیی ئەوەی پەند لە ئەزموونی گەلەیل وەربگرین، بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەین. ئەوەی کە مرۆڤانە نییە و بووشە بە مایەی رووخانی سۆڤیەت هێشتا لە کوردستان لەگەڕدایە و لەلایەن خوتی حزبەیل ئیسلامییەوە کاری پێ دێتە کردن، ئەوەشی کە مرۆڤانە و نەمرە گاڵتەی پێ دەکەن.

دێمەوە سەر ستالین کە لە سەرەتای وتارەکەدا بە نموونە هێنامەوە و ئیسلامییەل وا دەزانن باسی خزمێکی من دەکەن کاتێ لەسەرم دەنووسن. لە مێژووی ئەزموونی سۆسیالیزم لە سەتەی بیستەمدا، ستالین دیکتاتۆرێکی ناقۆڵا بوو. بەس ئەویش دیکتاتۆر نەبوو، چاوسیسکۆ و کیم ئیل سۆنک و ماوتسیتۆنگ و کاسترۆش دیکتاتۆر بوون کە گەلەیلی خۆیان بۆ دەیان ساڵ لە زوڵم و زۆر هەڵکێشا. گیڤاراش بهاتایەتە سەر دەسەڵات دیکتاتۆرێکی لێ

دەردەچوو لەبەرئەوەی سیستەم و شێوازی کارکردنیان "کە لینینی بوو" سیستەمێکی چەوت و نامرۆڤانە بوو و هەر دیکتاتۆری لێ پەیا دەبوو، ئەو سیستەمە بۆ مرۆڤی سەردەمی هۆشیاری و خوێندەواری، سیستەمێکی گونجا نەبوو. بەڵام مێژووی دیکتاتۆرانیش زۆر تیشکی گەشی تێدا هەیە، بێگومان سەرتاسەر تاریک و نووتەک نییە. سەدام حوسێن هیچ ئەرێنییەکی نەبێ ئەوەی هەبوو نەیهێشت کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی بیست ساڵ، بەردێک لە عێراق ببزێوێ. ستالیش پشتی گەورەترین هێزی نامرۆڤانەی دا بەزەویدا کە ئەڵمانیای نازی بوو. هیتلەر لە شەڕی دووەمدا سەر بکەوتایە مێژووی مرۆڤایەتی رووکارێکی مەترسیداری وەردەگرت، پێش هەموو شت دڵنیام لەوەی ئیسلام نەدەما. بۆیە داوا لەو کۆلکە "زانا"یانە دەکەم تکایە شتێک بخوێننەوە پێش ئەوەی ئەوەندە قسە بکەن.

بزاو ژ: ٧، تشرین دوو ١٠، ٢٠١٠

## وێنەیەکی عێراقی داهاتوو

کورد رۆڵی خۆیان لە عێراقی تازەدا بە باشی دەبینن، بە متمانەشەوە لەم رۆڵ بینینەی خۆیان دەڕوانن و بەرگریی لێ دەکەن. بەڵام هەندێک جار لە راگەیاندنی عەرەبیدا، هەروەها لە راگەیاندنی عێراقیشدا، گوێمان لە هەندێک دەنگ دەبێ "بێگومان ئەو دەنگەیلە زۆربەیان نەفامانەن" گلەیی و قسەی بریندارکەر ئاراستەی لایەنی کوردی دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بە بێباکی یان خۆدزینەوە لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشاندا. هەندێک کەسی ئامانجدار زیاتریش دەڕۆن و باس لە پێوەندییەل گوماناویی دەسەڵاتی کوردی دەکەن. ئەمانە هەمووی قسەی کرچ و بەتاڵن، لە رۆژی تاقیکردنەوەدا وەک بڵقی سەرئاو دەپووچێنەوە و کەسیش لێیان بە خاوەن نابێ. پێش چەند رۆژێک پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەشمان بە چاوی خۆمان بینی. راستت دەوێ، مێژووی بزاوی رزگاریخوازی کوردستان لە بواری نیشتمانپەروەری لە ئاست عێراقدا، هیچ رۆژێک پێویستی بە بەڵگە نەبووە. لە مستەفا بارزانییەوە تا مەسعوود

بارزانی، ئەم کـــوردە بە مـــوو لە بەرژەوەندییـــەل باڵای وڵات لای نەداوە هەرچەندیش کەوتبێتە ژێر پاڵەپەستۆی ناوەکی و دەرەکییەوە.

ئەمەی دواجاریش بەڵگەیەکی بێ پێچوپەنایە، لایەنەیل سیاسیی عێراق لە ماوەی هەشت مانگی رابردووی دوای هەڵبژاردنەیل گشتیی ئادارەوە، بۆ یەک ساتیش دەستیان لە بەرژەوەندیی تەسکی تایفەیی و حزبی و پێوەندییەیل گومانـاوی و دەرەکیی خۆیان هەڵنەگرت. هەر یەک بە ئاراستەی خۆیدا کێشای. نەبوونی ویستێکی نیشتمانییانە بۆ بڕیاردانی پێکەوەنانی حکوومەتی تازە، لەو ماوەیەدا کێشەیەکی ناقۆڵا بوو، گەیشتە رادەی بێ هیوایی لە شەقامی عێراقیدا و چەندان جار زمانی ئاخاوتن لە نێوان عێراقییەلدا بووەوە بە زمانی تەقاندنەوە و کاری تیرۆریستییانەی دڕندانە. تا دواجار دەست پێشخەرییەکەی سەرۆک مەسعوود بارزانی هات و هەست و ویستی نیشتمانییانەی ژیاندەوە و عێراقییەلی لە ژێر چەتری وڵاتی خۆیاندا کۆ کردەوە. گرێیەل کەمێک هاتنە کردنەوە و هیوا و متمانە لە دڵی شەقامدا بووژایەوە. دەمێکە گەلی عێراق چاوەڕوانی ئەم رۆڵە سەرمەشقەی لایەنی کوردی بوو بە تایبەتی لە مەسعوود بارزانییەوە. مەسعوود بارزانی بەلای عێراقییەلەوە، سەرکردەیەکە لە نیشتمانپەروەری و راستوێژی و راستەڕۆییدا "الإستقامة"، کەس شان لە شانی نادا.

ئەمە رۆڵی بێگەردی کورد لە ئاست وڵاتی گەورەیان کە عێراقە، بەرچاو و شەرەفمەندانە نیشان دەدا. دەمێنێتەوە رۆڵی لایەنەیلی تر و لەیستنی داهاتوویان بۆ رزگاربوون لەم تەنگژە مەترسیدارەی لەدوای کەوتنی رژێمی سەدامەوە لە ٢٠٠٣ وڵات تێی ئاڵاوە. رۆڵی ئەمانەیە کە دەبێ گومانی لێ بێتە کردن نەک رۆڵی کورد. با بزانین چۆن؟ ئەم لایەنەیلە، وەک دەبینین تا ئەوپەڕی رادە بە یەکتر نامۆ و ناحەزن، هەرچەندە تازە چەند رۆژێکە رێککەوتن هاتووەتە ئەنجامدان، ئەوان لە مینای تیڤییەلەوە وەک شەڕکەری فیلمی هەرزەکارەیل شیر و تیر لە یەک دەسون. ئەم دۆخە هیچ متمانەدەر نییە بۆ مانگەیل و ساڵەیلی داهاتووی وڵات. دەتوانین لە ئێستەوە سەراسۆی

بارودۆخێکی کرێت بکەین و بە چاوی خەیاڵ بۆ خۆمانی بخوێنینەوە.

راستــە لە دۆخی ناسکدا چارەســەریش فـرە نـاسک دەبێ، هەر بـایی ئەوە دەکــا رێ لە تەقــینـەوەی زیاتر بگرێ و دەرفــەتێک بدا بە بیــرکــردنەوە و بەخۆداچوونەوەی لایـەنەیل، ئەگەر نیازیان بێ. توجـاران دۆخی ناسک رێ نادا چارەسـەری بنەبڕ بـۆ کێشـەیلی ئاڵۆز بێتـە دانان، لەمـەشدا چ گلەیی لەسـەر کەس نییە، بەڵام چارەسـەری کاتی "وەک ئەم رێککەوتنەی ئێستـە" رێ خـۆش دەکاتەوە بۆ دوو جۆرە شیمانەی جیاواز، یەک: شیمانەی باش ئەگەر نیازی باشە هـەبێ لە خەیاڵ و بیردا، دوو: شیمانەی خراپ ئـەگەر بیر و خـەیاڵ وەک خۆیان بمێننەوە و بەرەو باشە نەگۆڕێن. ئەو شیمانەیەی زۆرتر دێتە بەرچاوی خـەیاڵی چاودێری ئەم رۆژانەی عێراقـەوە، لە جۆری دووەمیـانە "کە بەداخـەوە" نەگۆڕانی بیر و هزری لایەنەیل سیاسیی گەمەکەر، سەپاندوویەتی.

بـەر لە هـەمــوو شت، داهێنانی دەســەڵاتێکی تازە لە عــێــراق بە نـاوی "ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسـەتەیلی باڵا"وە، سـڕکـەرێکە بۆ ئەو ئێش و ئازارەی ســاڵانێکە گـینگڵ بـە جـەســتــەی وڵاتەکــە دەدەن، هاوســەنگکردنی تەرازووی دەســەڵاتە لەنێـوان سـەرکردەیلی شـیـعـە و سـونـەی ملمـلانێکەردا. بێگومـان هاوسـەنگی باشـە و هیچ لارییـەکی لێ نییـە ئەگـەر بە باشی بێتـە بەکارهێنان، خـۆی کێشـە ئەوەیە ئەگـەر لایەنەیل هاوسـەنگ نەبن. بەڵام دوور نییە هاوسەنگی و وەکیەکی لە نێوان چەند دەسەڵاتێکدا، ببێتەوە بە کۆسپ لە رێی پێشکەوتن و بەرەوپێشـچوونی کـاربـار بە تایبـەتی لە بـەرەوپێشـوونی پرۆسێسی دیموکراسی کە تاکە کلاورۆژنەی هیوای عێراقییەلە. رێژیمەیلی دیموکراسی سێ دەسەڵات بەڕێوەیان دەبا نەک چوار، ئەوانیش: یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەرین، ئەمـەی تازەی لەمـەڕ خۆمان "ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ســیــاســەتەیلی باڵا" بێگومـــان بەشــێـک لە دەســەڵاتـی هەر یـەک لەو دەسـەڵاتەیلەی سـەرەوەی بۆ دێتـە دزینەوە بە تـایبـەتی دەسـەڵاتی راپەڕاندن "سـەرۆکـایەتیی وەزیرەیل"، ئەمـەش بمانـەێ یان نا، نانەوەی تەنگژەیەکی تر و دەرچوون لە بوودڕێک "تۆنێلێک" و چوونەوە ناو بوودڕێکی ترە. نووری مـالیکی

له ئێستەوە ناقابلیی خۆی پێشان دەدا لەوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرەیل بێتە کەمکردنەوە. ئەمەش دەسپێکە بۆ ململانەی ئەو لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە تازەیەدا. مەترسییەکی تر گەڕانەوەی بەعسییەلە بۆ دەسەڵات، ئەم بەعسییەلە بەو دەروونە ئاڵۆزەی دوای کەوتنیان بۆیان پەیدا بووە، ناتوانن ئەرێنی و گونجاو بن. سەرۆک وەزیرەیل مالیکی کە سەرۆکی گەورەترین بارستەی پەرلەمانییە، تا رادەی تۆقین لە گەڕانەوەی بەعسییەل هەترەشی چووە. لەبەر ئەم هۆیەلە، ئەوەی لە دیمەنی سیاسیی عێراقی داهاتوودا دێتە وەخوێندن ئەوەیە کە عێراق لە سووڕانەوەی پێچەبەدەورە (حلقة مفرغة) رزگاری نابێ، ئەمەش رەنگە تا ساڵەیلێکی دوور و درێژی تر بەردەوام بێ و ببێ بە مایەی پەکخستنی ژیانی دیموکراسی و جێبەجێکردنی دەستوور، یان هەر نەبێ خاوکردنەوەیان لە جێبەجێبووندا.

لەو دیمەنەی تەماوییەی عێراقی ساڵەیلی داهاتوودا، تەنیا رووێک دڵخۆشکەرە ئەویش بەشداریی لایەنی سونەیە لە دەسەڵاتی سیاسی کە ساڵەیلێکە ئەم لایەنە وەک: "بەرگری" و بەکارهێنی توندتیژی ئەسپی خۆی تاو داوە، دیارە گۆڕانی ئەو دیمەنە هیوای ئەوەمان پێ دەدا چاوەڕوان بین تیرۆر و توندتیژی کەم ببنەوە و کامووسەک "کابوس"ی تەقاندنەوەیلی بەغدا و شارەیلی تر، چیی تر خەیاڵی هاووڵاتییەیلی بێوەی نەهەژێنن. بەڵام هیچ هیوایەک لە ئاسۆدا نابین کە بڵێ پرۆسێسی سیاسی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ. ئەوانەی چەندان ساڵە لە دەرەوەی دەسەڵاتن، لەبەرئەوەی پێ ناچێ ئاوەزکەیان گۆڕابێ، جاران کە پێچکەی دەسەڵاتەکەیان گرتبوو لەوەی هەنگاو بۆ پێشەوە بنێ، ئەمجارەیان بێگومان دەست لە بینەقاقای دەنێن بۆ خنکاندنی. ئەمەش گرەوی تازەی عێراقییەلە کە نەهێڵن مەلۆتکەی دیموکراسی لە لانکەدا بخنکێ.

بزاو ژ: ٨، تشرین دوو ١٤، ٢٠١٠

## روونكردنەوەیەک لە بەدران حەبیبەوە

لەناو هەمــوو ئەو وتارەیلەی لە دژی من هاتوونەتە نووسین، یەک رســتــە و تەنانەت یەک وشەشم نەدۆزییەوە شایەنی وەڵامدانەوە بێ. تەنیا یەک قسەیان کە داوام لێ دەکا "ئەگەر من ئازام ناموسڵمانبوونی خۆم رابگەیەنم".

من موسڵمـانم، بۆچی ناموسڵمانبوونی خۆم رابگەیەنم؟ بە پێچەوانەوە، ناموسڵمـانبوون و لە ئاین وەرگەڕانی ئەو کەسە رادەگەینم کە داوای وا نابەرپرسانە و گێرەشێوێنانە لە خەڵک دەکا. دیارە ئەم کەرە دەیەوێ لەم رێگەیەوە نان پەیدا بکا و باشتر بلەوەڕێ.

سەتان جار وتاری جنێواویم لەسەر هاتووەتە نووسین. لە قسەی ئەم مەلایە بێ ئەدەبانەترم نەبیست. من لەلایەنی خۆمەوە داوا لە دەسەڵاتی دژە تیرۆری دنیایی دەکەم ئەم دێوەزمەیە راپێچەکی گرتیگەی گوانتەنامۆ بدەن لەبەرئەوەی بەدوای فەرتەنە و ئاژاوەدا دەگەڕێ لە وڵاتی موسڵمانانددا.

وارگەی کوردستان نێت، تشرین دوو ١٣، ٢٠١٠

## مارف خەزنەدار

وەک نەریت و باو، زۆربەی خەڵک خۆیان لە کاری بە مەترسی و دووبەختەکی نادەن. خەڵک لەبەرئەوەی بە دوای سەرکەوتنی مسۆگەردا دەگەڕێن دەیانەوێ رێگەیەک بگرنە بەر پێش خۆیان هاتبێتە کوتانەوە و تاقیکردنەوە. دەتوانین لە بواری رۆشنبیریدا نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە، ئەوانەی لە ژیان و شیعری نالییان کۆڵیوەتەوە و کتێبیان لەبارەیەوە داناوە لە خوێندەوارییەکەی نالییەوە نێزیک بوون، لە ژیگەی ئەویشەوە دوور نەبوون. عەلائەدین سەجادی "مەلا"، مــەلا عـەبدولکەریمی مـودەریس و رۆڵەیلی ئەو: فـاتیح و مـحــەمـەد "مــەلا و پەروەردەی مــەلایەتی"، تەنانەت مەسعوود محەمەدیش "تا رادەیەکی زۆر پەروەردەی خوێندنی مەلایەتی". لەم بوارەدا تەنیا مارف خەزنەدارە لە دوورە رێگە و لە دەرەوەی ژیگە و وارگەی نالییەوە هاتووە و بروای وایە پێی دەوێرێ.

نامـۆیی نەکـردن لە نـەناس و گـرتنەبەری ڕێـی نەکـراوە و ڕچەی نەشکاو، لە چاونەترسی و وێراییییەوە دێ. ئـەمەش پێناسـەی ئەو پیـاوەیە کـە ئەمڕۆ یادی دەکەینەوە.

لە هـەولێری چلـەیلی سـەتەی پێشـوودا، کولتوور و زمـانی کوردی بەدەوروبەر نامۆ و بیـانی بوون. ڕاسـتـە هـەولێر شـاری کوردەیلە بەڵام لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بە دەستی دەسەڵاتی عوسمانییەوە بووە، ئەم شـارە لە سـەردەمی میـرنشینەیل کوردیدا بۆی نەشیابوو زمـان و کولتووری کوردیی تێدا چـەکەرە بکا. لە سییـەیلدا حـوسێن حـوزنی یەکەم ڕێچکەی تێدا کردەوە، بەڵام حـوزنی لە دەرەوەی هـەولێـرەوە هـاتبـوو و پەروەردەی ژێگەیەکی تر بوو. تەنیـا مـارف خەزنەدارە کە منداڵی شارەکەیە و کوڕی کولتـوورەکەیە، یاخـی دەبێ و دەیەوێ تەلیسمی نووسـین بە کوردی بشکێنێ. یەکەمین گڕوگاڵی خۆی لە ساڵی چل و حەوت لە کۆواری گەلاوێژدا بڵاو کردەوە، ئەمـە ڕچەی یەکەمی بوو، پاشـی ئەوە ڕچەیـەکی تری شکاند و کـتـێـبـێکی بە زمـانی عــەرەبی بە ناوی "أغـاني کـوردسـتـان"ەوە بڵاو کـردەوە. شکاندنـی ڕێچکەی هـەرە گـەورەش رووکـردنە رووسـیــا و تەواوکــردنی خــوێندنی بەرز بوو لـەبارەی ئەدەبی کـوردییـەوە. جیـاییـیەکی تری مارف خـەزنەدار کە دەبێ ئاماژەی بۆ بێتە دان، ئـەوەیە خۆی بە داونەریت شـارییـە، پێـچـەوانەی زۆربەی بنـووس و ئەدیب و شـاعیـرەیلی سـەردەمی خـۆی و ڕەنگە زۆری پاش خـۆشی کـە لادێـین. شـاریـەتیش لە بیرکردنەوە و هـەڵسوکەوت و نووسـینەیلی ئەودا بـەدەری داوەتەوە، بۆ نموونە چیرۆکەیلی ئەلەمان کوردی.

پێش بیـست و دوو سـاڵ مـارف خـەزنەدارم ڕووبەڕوو نـاسی، بە درێژای ئەو ماوەیە پێوەندیمان گەرم و گوڕییـەکەی خۆی لە دەست نـەدا. پیاوێکی بە بنەوا و بە پرەنسیپ بوو، دەمدەمی یان هـەر ڕۆژ لـەسەر تەبیـاتێک نەبوو وەک زۆر لە ڕۆشنبیـرەیلی وەچەی خـۆی کە پاراسـتنی پێوەندی لەگەڵیـاندا وەک ڕاگرتنی دەسنوێژ وایە. مرۆڤـێکی سـەنگین و باوەڕبەخـۆ بوو، جیـاواز لە گەلەی خـەڵک بیری دەکردەوە و جیـاواز لەوان ڕەفتـاری دەکرد. خۆبەگەورەزان بوو لە ئاست

ئەوانەی لە پلە و پایەی بەرزدان، سـادە و خـاکی بوو لە ئاست دۆست و هاوەڵەیلی خۆی و خـەڵکی رەشـۆکی و رەمـەکی. سـاتێکم لە بیـرە هیچ جـار دیمەنەکەیم لە بیر ناچێتەوە، گەرمەی شەڕی ناوەخۆ بوو، بەسەر ماڵەکەی منیان دادا و لەسەر دیوارەوە هەڵاتم. بێگومان بیانگرتایەم دەیانکوشتم. ماڵی دکتۆر مارف بوو بە داڵدەم بۆ ماوەی دوو رۆژ، لە ژێرزەوینی ماڵەکەیاندا شەو و رۆژم بەسەر دەبرد. بە دەستی خۆی هەندێک پێداویستیی بۆ دەهێنام کە دەبوو بە مایەی شەرم و شکانەوەم لە ئاستیدا. پیاوی گەورە لە تەنگانەدا دەردەکەوێ، لەو رۆژانەدا جوامێریی دکتۆر مارف و پیاوێکی ترم لەبیر ناچێتەوە، کە چەند پەرۆش و رێزگر بوون بۆم.

کورد دەڵێ "بەردی گران نابزوێ". ئەو رۆژەی هەولێر لە ٣١ ئاداری ١٩٩١ رێژیمی بەعس پەلاماری دایەوە، تێکڕای خەڵک بەریان بە دەشتەوە نا و روویان لە چارەنووسی ون کرد. رۆژێک بوو هەموو گەل وەک یەک بیریان دەکردەوە و بە هەمان شێوە دەترسان. کەس باوەڕی بەوە نەبوو ئەگەربێو بکەوێتە دەستی بەعس فەلاکەتێکی بەسەر نایە. مارف خەزنەدار لە جێی خۆی نەبزوا. کە چوونە سەری رەنگ بوو بیانکوشتایە، کێ دەیناسی و کێ بەزەی پێدا دەهاتەوە؟ رەنگە شەرمیان لە پیرییەکەی کردبێ یان لە کتێبخانەکەی، دەستیان بۆی درێژ نەکرد. دووریش نییە لە جێی ئەو کەسەی لە دەرگەی دان، یەکێکی تر بوایە دەسبەجێ راپێچەکی بدایە بۆ گرتیگە یان کوشتیگە. ئەمانە هیچیان بێگومان بەلای خەزنەدارەوە واتەیان نەبوو و هی ئەوە نەبوون لێیان سڵ بکاتەوە یان بیترسێنن. تەنیا یەک شت واتەی هەبوو لەلای ئەو کە نابێ بڕوا و نیشتمان و ماڵ و کتێبخانەکەی بەجێ بهێڵێ. ئەگەر ئەوان نەمان با ئەویش نەمێنێ. بێگومان راستیان گوتووە "بەردی گران نابزوێ".

نموونەیەکی قەبووڵکردنی جیاوازی، کە لە دکتۆر مارفدا بینیم شایەنی ئەوەیە باسی بکەم. شەش ساڵ لە کۆڕی زانیاری کوردستان بە یەکەوە ئەندامی کارا بووین. ساڵێکیان لەسەر راسپاردەی کۆڕ دەبوایە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی عەلی حەریرییەوە بنووسم. لەو لێکۆڵینەوەیەدا

سەرتاسەر بۆچوونەیلی دکتۆر مارفم هەڵوەشاندبووەوە کە پێشتر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی عەلی حەریرییەوە نووسیبوونی. نەمویست راستەوخۆ وتارەکە بدەم بەدەستی دکتۆر خۆی بۆ ئەوەی ئازاد بێ ئەگەر رەتی بکاتەوە، ئەو سەرنووسیاری کۆواری کۆڕ بوو. پاشان زانیمەوە بە بزەیەکەوە پەسندی کردبوو بۆ بڵاوکردنەوە.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

دکتۆر مارف دواکۆچی خۆی کرد و رۆیشت، بێگومان ئەمجارە ماڵ و کتێبخانە و وڵاتەکەشی بەجێ هێشت. هەموو کەسیش ئەم رێیەی لەبەردایە، جیایی ئەوەیە کێ بەتاڵایی بە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ و دەوروبەر هەست بە واڵاییی شوێنەکەی دەکەن. کەمن ئەوانەی بە مردنیان دێیەک یان شارێک یان ناوچەیەک چۆڵ دەبێ. ئەمەیان دکتۆر مارفە.

ماوەی چەند ساڵێک دەبێ بەهۆی پرکاریمەوە نەمدەتوانی زوو زوو سەری لێ بدەم، پێش چەند مانگێک چووم بۆ لای. لە نەخۆشیشدا نەمبینی، تەنیا گوڵێکم بۆی نارد. بەڵام بە هەواڵی دواکۆچەکەی و بەجێهێشتنی ئەو بۆ هەولێر، هەستم بە چۆڵییەک کرد لە شارەکەدا. ئەو رۆژەی بۆ یەکەمین جار لە ١٩٨٩دا ناسیم، پێی گوتم تۆ قوتابیی منی، بە درێژاییی هەموو ئەو ساڵەیلە شانازیم بەو نازناوەوە کرد، ئەمرۆش کە ئەم وشەیلەم بۆ یادی ئەو نووسی وا دەزانم بەو نازناوە، دکتۆر مارف گەورەترین خەڵاتی کردووم. بەڕاستی مامۆستا بوو.

بزاو ژ: ٩، تشرین دوو ٢١، ٢٠١٠

## کەرکووک بۆ کوردستان ٣

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی تەناه و جێگیرە. دەشێ بڵێین تاکە ناوچەیەکە لە رووی جێگری و تەناهییەوە لە سەرتاسەری عێراقدا بێ کێشە و بێ

سـەرئێشـەیە. ئەم دۆخـەش هەڵبـەت لـە سـایەی کـارابوونی کـارگـێـڕییـەکی لێوەشـاوەی خۆماڵییەوە دابینە، ئەویش حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە. وەک دەبینین چەندان سـاڵە ئەم ناوچـەیە بووە بە دەڤـەرێکی گونجاوی گەشـەکردنی ئابووری و بوارەیلی تری ژیانی جڤاکی کوردی. بە کورتی ناوچەیەکە بووە بە گەشـاوەترین و خـۆشـبـژێوترین ناوچە لە سـەرتـاسـەری عێراقدا. عێراقییـەل خـەونی بە ژیان لە هـەرێمی کـوردسـتـان یان هەر نـەبێ بە سـەردانیکردنیـەوە دەبیـنن. ئاشکرایـە کـە ناوچەیەکی جـێگیـر و خـۆشـبـژێو دەبێـتـە مـایەی بەکـێـشـکردنی خــەڵکی نـاوچەیلی تر، بـە تایبــەتی بۆ ئەو نـاوچەیلەی کــە خەڵکەیلیان لە دۆخی ناجێگیریدا ژیان بەسەر دەبەن.

بژاردەی عـێـراقی لە سـاڵی ٢٠٠٣وە کـە رێژیمی سـەدام رمـاوە لە وڵات رادەکەن و بە دوای نواگەی ئارامدا وێڵن. ناوچەی نێزیکە دەسـتیـان هـەرێمی کوردسـتانە، کە دەیانەوێ رووی تێ بکەن و تێیدا بحەوێنەوە، بەڵام بە ئاسانی دەسـتـیـان پێی نـەگـەیشـتـووە یان هـەر مـەحـاڵ بووە پێی بگا. زۆرجـار لە بەرپرسـەیلی حکوومـەتی هـەرێمم پرسـیـوە ئـاخـۆ سـۆنگەی ئەو توندایەتی و سنوور هەڵچنینە چییـە بـە رووی ئەو خـەڵکە لێـقـەومـاو و ئاوگـەلەیەی لە عێراقەوە دەیانەوێ روو لە کوردسـتان بکەن، هیچ جار وەڵامێکی تێروتەسـەلم وەرنەگرتووەتەوە بڕوای پێ بکەم. مـەترسی لـە هەبوونی تیرۆریسـت و خـەڵکی دەسـچـێن لەنـاو ئەم راکـردووانەدا، وەک هـەندێک لەو بـەرپرسـەیلە دەیڵـێن، مەترسییـەکی بڕواهێن و پێ سـەلێن نییە کە ببێ بە سۆنگەی دەرگە داخستن بەمشـێوەیە بە روویاندا. ئەمـانە جگە لەوەی عێراقین و مافێکی رەوای خۆیانە لە کـاتی تەنگانەدا روو لە ناوچـەیلی تری وڵاتەکـەیان بکەن، لە هەمـان کـاتدا خەڵکێکن سوودیان بۆ ناوچە رووتێکراوەکە هەیە. زۆربەیان بژاردەی جڤاکن و لە رووی ئابوورییەوە خـەڵکێکی پشت بەخۆبەستوون. لەناویاندا دەسمایەدار و ئەندازیار و پزیشک و دادوەر و مامۆستـای زانستگە و رۆشنبیرێکی زۆر هـەیە کە بێگومـان دەبن بە مـایـەی دەوڵەمـەندکردنی هـەرێمی کوردسـتـان. راسـتیت دەوێ جڤاکی کوردی پێویسـتییـەکی زۆریشی پێیـان هـەیە. لەناو ئەوانەدا کە

گەیشتوونەتە هەرێم دەیان لەو جۆرانە هەیە کە ئاماژەم پێ دان و بوونەتە بەشێکی کارای جڤاکی کوردستان. ڕێگەکە نەختێک ئاوەڵاتر بوایە دە هێندەی تریان دەهاتن بۆ هەرێم بە تایبەتی بۆ شاری هەولێر کە وەک سروشتێکی خۆی شارێکی سینگ و باوەش کراوەیە بۆ ئەوانەی ڕووی تێ دەکەن.

هۆی ناجێگیریی عێراقیش لە کایەدا نەبوایە، هەرێمی کوردستان هەر ڕووگەی خەڵکی ناوچەیلی تری عێراق بوو ئەویش بە هۆی سروشتی گەشتەوەریی ناوچەکەوە. کەرتی گەشتەوەری بۆ ئابووریی کوردستان کەرتێک نییە بێتە پشتگوێ خستن یان بایەخەکەی نەیەتە زانین. پێش دوو ساڵ جارێکیان لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا چووین بۆ سەردانی شاری دهۆک، کاتی هاوین بوو، ئوتێلی ژیان کە یەکێکە لە گرینگترین ئوتێلەیل گەشتەوەریی کوردستان، ئەو ڕۆژانەی ئێمە لەوێ بووین جگە لە ئێمە میوانی تری نەبوو. لەودیو پنتەیلی پشکنینی پێشمەرگەشەوە دەیان و سەدانماڵە عەرەبی مووسڵی و بەغدایی خەونیان بە دهۆکەوە دەبینی. ئەمە بەشێکە لەو سیاسەتە چەوتەی کە کاردانەوەی هەبووە بۆ سەر هەموو شتێکی کوردستان، لە پێشەوەیاندا پرسی کەرکووک.

دروستکردنی دیوار لەگەڵ عێراق و عێراقییەلدا کارێکی ئاقڵانە و گوتەنییانە نییە، سوودیشی نییە بۆ هیچ بەرنامەیەکی سیاسی یان تەناهی ئەگەر ئەمە بیانووی ڕاستی بێ. وەک دەبینین هەرێمی کوردستان بەرنامەی خۆ جیاکردنەوەی نییە لە عێراق، تەنانەت ئەگەر بڵێین هەشیبێ، ئەم هەرێمە لە داهاتووی خۆیدا بێ تێکەڵاوییەکی خۆش و یەک ماڵی لەگەڵ عێراقییەلدا سەرکەوتنێکی باشی بۆ دەستەبەر نابێ. هەرچەندی بیر دەکەمەوە هیچ پاساوێک نادۆزمەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی عەرەبی ناوچەیلی تری عێراق و نیشتەجێبوونیان لە کوردستاندا. تەنگژەی خانوو بۆ نیشتەجێبوون، دەشێ بە هۆی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بەپەلەوە فریای بکەون و لە ماوەی یەک ساڵدا بێتە چارەسەر. ئەزموونی کوردستان بە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی لە نەتەوەیلی دەوراوپشت سەرکەوتنی بۆ لە چارەدا نایەتە نووسین. شاری

هەولێـر کە پایەتەخـتی هەرێمـەکەیە بەوە پتـەو و قـایم دەبێ بە ڕووی خـەونی داگیرکەرەوەدا، کە ببێ بە شارێکی چەند ملیۆنیی تێکەڵاو لە فرەجۆریی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی. شارێکی وا، دەبێ بە قەڵای دیموکراسیی کوردی.

پێـشی چوار سـاڵ ئەو کـاتەی بەغـدا دەسـتی پێ کـردبوو لە گـۆمـاوە خوێنینـەکانی خۆیدا دەگەوزا و عێراقییـەل ڕوویان لـە کوردسـتان دەکرد تا کەوڵی خۆیـان ڕزگار بکەن، گەلێک جار لە ڕۆژنامـەیل کوردیدا دەمخـوێندەوە، ئەو هـەرزە و دەمـڕووتە نابەرپرسـەیلەی مـیـدیای کـوردی دەیانگوت "ڕێ لە هاتنیان بگرن، وا جارێکی تریش کوردستان هاتەوە بەعەرەبکردن". ڕەنگە ئەو هۆیەی پاڵی بە دەزگایەل تەناهیشـەوە نابێ بۆ ڕێگەگری لە هاتنی عـەرەبی لە دۆزەخ هەڵاتووی بـەغدا و شـوێنـەیلی تری عـێـراق، هەر ئەم بیـرە کـرچوکـاڵە منداڵکارانەیەی مـیـدیای کـوردی بـووبێ. بەڵام دەبێ بزانین عـێـراقـی ئەمـڕۆ عێـراقێکی تازەیە. عێـراقی سـەدام حوسـێن نەمـا کە کوردسـتـانی تێدا لە مەترسیدا بوو. ئەوەتا لە کۆشکی کۆماریی عێراقدا پێشمەرگەی چیای قەندیل لەسـەر کورسـی دانیشـتووە و لاف و گـەزافی خۆی لێ دەدا. ئەوەتاش ئاڵای کوردستان لەوپەڕی باشووردا هاتووەتە هەڵدان.

نموونەیەک بۆ هەڵگرتنی دیوار لەگەڵ عێراقییەلدا، ئەو ڕۆڵە بوو کـە لایەنی کوردی گێڕای لە چارەسـەرکردنی تەنگژەی سیاسیی ئەم دواییەی عێراقدا. عێراقییەل چاوەڕوانـی ئەم براگەورەییە بوون لەلایەنی کوردییەوە بە تایبـەتی لە سـەرۆکی هـەرێم مـەسعوود بارزانییەوە. هەڵدانی هەزار ئاڵای کوردسـتان لە شارێکی وەک بەسرا بۆ چەند ڕۆژێک، نیشانەی ئەو خەونەی عێراقییەل بوو بە هەرێمی کوردی و سـەرکردایەتیی کوردی. بە دڵنیایی ئەو هەنگاوەیلە نەک هەر دەبن بە مایەی کردنەوەی لاپەڕەی نوێ لە ژیانی عێراقی تازە و هاوبەشایەتیی ڕاسـتـەقـینەی نێـوان کـورد و عـارەب و لایـەنەیلی تری وەک تورکـمـان و کریستیـان، بگرە ڕێش خۆش دەکەن بۆ گەڕانەوەی زووتری کەرکووک بۆ پاڵ هەرێمی کوردستـان. ئەویش گەڕانەوەیەک بە دڵخوازی عێراقییەل هەموویان خۆیان، نەک بە زۆرەملێی کوردی و ناڕەحەتیی ئەوان.

پێشی چەند ساڵێک لەگەڵ شاندێکی رۆشنبیرەیلی عێراقیدا چووین بۆ سەردانی مەزاری مستەفا بارزانی. یەکێک لەو رۆشنبیرەیلە گوتی ئەم پیاوە "لە ئاماژەیدا بۆ بارزانی" تەنیا هێمای کورد نییە بگرە هێمای هەموو عێراقییەلە. گوتم راستە. گوتی ئەمجارە بێمەوە چوار شتڵی خورما لەگەڵ خۆمدا دەهێنمەوە بۆ سەر ئەم مەزارە. گوتم نا خورما لە شوێنی سارددا ناڕوێ، بەڵام باشترە پەیکەرێک بۆ بارزانی لەوپەڕی باشوور لەناو بیستانی خورمایەلدا دروست بکەی. هەموو گوتیان راستە. ئیتر بە هیوای ئەو پەیکەرەی بارزانی لە بەسرا یان لە هەر شوێنێکی تری عێراق، وە بەهیوای ئالایەکی دڵکەرەوەی عێراقیش کە لەسەر لوتکەیلی کوردستاندا با بیشەکێنێتەوە.

بزاو ژ: ١٠، تشرین دوو ٢٤، ٢٠١٠

## چۆن دەوڵەت دروست بکەین؟

کورد گەلێکی تەوەزەلی کارنەکەرە. ئەمە هەڵبەستە و نەبووکاری "بوختان" نییە من بە گەلی خۆمی بکەم. من کوردم و کوردیشم خۆش دەوێ بەڵام برۆ سەرتاسەری دنیا بگەڕێ و بپرسە، دەبینی کورد بە دەستەپاچەیی و کارنەکەری ناویان رۆییوە لەناو گەلەیلدا. واز لە کوردستان بێنە کە دیارە رۆژەیل و شەوەیل چەند بەدەست کارنەکەریی خۆمانەوە چەوساوەین و دەبینی چۆن رووتەی کورد چاوەڕوانی کارەکەری ئەندەنووسی و فلیپینی و تایلەندییە نانی بۆ دابنێ و ماڵی بۆ خاوێن کاتەوە. لە دەرەوەشدا هەمان شتە، ئاوارەی سەرجەم وڵاتەیلی دنیای سێیەم لە ئەورووپا وەک مێرووله دەخولێنەوە و کار دەکەن، تەنیا کوردە پاڵی لێ داوەتەوە و ناڕازیشە لە حاڵی خۆی.

بەڵام ئەم خووەی کارنەکردن وەنەبێ خووێکی تازە بێ لەلای کورد و بە هۆی داهاتی نەوتەوە لەم ساڵەیلەی دواییدا سەری هەڵدابێ تا دیسان بەرۆکی ئەم و ئەوی پێ بگرینەوە و خۆمانی پێ رزگار بکەین لە بەرپرسیارەتی. نەخێر ئەم

گەلە لەوەتەی هەیە گەلێکی کارنەکەرە و رەگێکی قووڵی هەیە لە بێ خەمی و پاڵدانەوەدا. لە کۆنێکی زۆر کۆنەوە، ژیانی لادێیی و پەزداری، شۆوبڕین و کێلان و چاندن لە ولاتێک کە زەویی بەراو و کاری ئاودێریی تێدا نەبووە و هەموو شت تەنیا پشت بە ئاوی باران دەبەستێ، مرۆی لە گیانلەبەرێکی بزێوی زیتەڵەوە گۆڕیوە بۆ بابایەکی دزێوی مردەڵەی پشت بەئاسمان بەستوو.

کارنەکەری وەک چۆن لە بواری ئابووریدا رەنگدانەوەی نایەتی "سلبی"ی دەبێ و هەژاری و برسییەتی دەکا بەبەش بۆ مرۆیەلی کارنەکەر، لە بواری سیاسەتیشدا پەرپووت و داماوی دەکا بە دەست هاوسێی بێ بەزەیی و داگیرکەرەوە. لە مێژووی ئەم ناوچەیەی ئێمەدا هەردوو گەلی کورد و جوولەکە زۆر لەیەک دەچن. هەردووکیان سەتان ساڵ پێش زاین سەروەریی خۆیان لە دەست دا، ئەوەی جوولەکە خراتریش بوو لەوەی کورد لەبەرئەوەی وێڕای دۆڕاندنی سەروەری، زەویشیان لە دەست دا و بە سەرتاسەری دنیادا بلاو بوونەوە. بەلام دواجار سەیر کە، لە سایەی خۆماندووکردنەوە ئەوان بوون بە چ بەلایەک و چۆن گەڕانەوە ناو مێژوو، کوردیش بە تەنبەڵی و بێباکیی خۆیەوە بوو بە چ لات و لەوارێک. جارێکیان قسەی مێژوونووسێکی ئەرمەنیم لە شوێنێکدا خوێندەوە نووسیبووی گەلی ئەرمەن لەژێر پاڵەپەستۆی مێژوودا بووە ئەڵماس. ئەڵماس کانزایەکە لەژێر پاڵەپەستۆی زۆردا دەڕسکێ و دروست دەبێ. حەزم دەکرد پاڵەپەستۆی مێژوو، کوردیش وەک ئەرمەن و جوولەکە بکا بە ئەڵماس و نەیکا بە لباد.

جاران کورد لە ژێردەستەییدا جوان بوو، دوای ئازادبوون جوانییەکەی لە دەست دا. بیانییەکم نەبینیوە لەم ساڵەیلەی دواییدا سەرسام بووبێ بە لێهاتوویی کورد لە شتێکدا. پێش ماوەیەک رۆشنبیرێکی عەرەبی لبنانیم بینی، بانگهێشتن کرابوو بۆ بۆنەیەکی رۆشنبیریی کوردی، بۆنەیەکی کرچ و کاڵی مایەی بێز و شەرم وەک هەموو بۆنەیل رۆشنبیریی تری هەرێمی کوردستان، ئەو رۆشنبیرە لە رووی پەرۆشیی خۆیەوە بۆ کێشەی کوردی، لێپێچینەوەیەکی بە ڕاستیی لەگەڵدا کردم "ئاوەها دەوڵەت دروست دەکەن؟"

گوتی. نموونەیەکی تر لە تەنبەڵی و مووچەی مفت و خۆڕایی کە گەلی کوردی بۆ دووەم جار تەنبەڵ کردووە: شوانەوێڵەی گوندێکی هاوسێی گوندەکەی ئێمە دەسدرێژییان کردبووە سەر ماڵە جووتیارەیلی گوندەکەی خۆمان. داودەزگای پۆلیس نەیتوانی لێ‌پێچینەوە لەگەڵ ئەو شوانەیلەدا بکەن لەبەرئەوەی پێشمەرگە بوون. وەک رۆشنبیرێک کە لە دەسەڵاتەوە نێزیکم نەمدەزانی چۆن وەڵامی گوندنشینەیلەکە بدەمەوە. "ئاوەها دەوڵەت دروست دەکەن؟" گوتیان.

کارنەکەری و زەمتەیی تەنیا رەوشت و خووێکی کوردی نییە، بگرە رەوشت و خووێکی عێراقیشە. عێراقییەل وەک چۆن کە خۆیان کار ناکەن، رقیان لە یەکێکیشە کار بکا. ساڵی ١٩٤٨ کە جوولەکە کۆچیان کرد بەرەو زەویی ژوانگەیان "أرض المیعاد"، عێراقییەل تالان و برۆیان کردن. ئەمە رق نەبوو لە خۆیان و ئاینەکەیان، لەبەرئەوەی ئەوان هەزاران ساڵ بوو بێ کێشە دەژیان لەم وڵاتەدا، تالانیان کردن وەک تۆڵە لە کارداری و خەمخۆرییان بۆ پیشە. رقیان لە دەسمایەکەیان بوو نەک لە خۆیان. سەدام حوسێن ساڵی ١٩٨٠ هەمان شتی بەسەر کوردەیل فەیلیدا هێنایەوە. رووتی کردنەوە لە هەموو سامانێک و فڕێی دانە سەر سنوور. ئەم دوو رووداوە شاری بەغدا و سەرجەم شارەیلی عێراقی لە شاریەتیدا زۆر گەڕاندەوە پاش.

فەیلی تاکە گرووپێکی کوردن لە بزنسدا شارەزا و لێهاتوون کتومت وەک جوولەکە، فەیلی گرووپێکی شاریشن. سەدام حوسێنیش وەک کولتووری خۆی: لادێییەکی رێز لە کار نەگرتووی خۆبەزلزان. لە فەرمانڕەوایی ئەودا دەیان هەزار ماڵە کوردی فەیلی لە عێراق هاتنە وەدەرنان، ئەمانە دوای رمانی رێژیمیش لە ساڵی ٢٠٠٣ نەگەڕانەوە بۆ وڵات، لەبەرئەوەی هاندەرێک نەبوو بیانگێڕێتەوە. سەردانی هەر وڵاتێکم کردبێ کوردی فەیلیم بینیوە خاوەنی بزنسن چ بزنسی گەورە و چ بچووک. هەرچەندە رێژیمی عێراق رووت و رەجاڵیشی کردن بەڵام ئەوان لە سفرەوە تێ هەڵچوونەوە و جارێکی تر بوونەوە بە دەسمایەدار. ئەم فەیلییەلە کۆمەڵەیەکی دەست هەڵنەگرتووشن لە نیشتمانپەروەری سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی کوردی و هەروەها

حکوومـەتی عـێـراقـیش پشـتگوێیـان خـستن لەوەی زیانـەکـانیـان بۆ بێـتـە بژاردنەوە. ئەمـانە سـەرەڕای ئەوەش کە هـاتنە پشـتگوێخسـتن، هەر پەرۆشی بەرەوپێشچوونی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستانن.

زۆرم بیر کردەوە لەوەی چۆن شاری کوردی ببێ بە شار، کارگە و بازرگانی و ڕێسـتـۆرانت و شـۆپی کـوردی چۆن بە شـێـوەیەکی پرۆفـێـشـینالّی بێنە دامـەزراندن و بەڕێوەبردن. چۆن کورد دەسمایە کەڵەکە بکا و چۆن وڵاتەکەی بەرەو ئاوەدانی و پێـشکەوتن ببـا، کـەی ئەم تەپوتۆزی تەنبـەڵیـیـە لە لەش بتـەکێنین، هەروەهـا لە جێی ئەو کـۆمـپـانیـایـەلە قۆڵبـڕ و نەشـارەزایانـەی کە نەزانی و تـەوەزەلیی کـوردیان کـردووە بە هەل بۆ رووتاندنەوە و بەتـاڵانبـردنی سامـانی وڵات، چارەسـەرێکی باشـترم نەبینی لە گێڕانەوەی کوردەیل فەیلی بۆ هەرێمی کوردستان.

بزاو ژ: ١١، تشرین دوو ٢٨، ٢٠١٠

## بێکەسیی زمانی کوردی

لەبارەی زمـانی کـوردییـەوە حـاجی قـادری کۆیی دەڵێ: "بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ"، ئەم قسەیە تەنیا پەسن و پێدا هەڵگوتنێکی سەررۆ "سطحي" نییە حاجی بۆ خۆشەویستیی کورد کردبێتی، بگرە قسـەیەکی بە سەرچاوە و بناخەیە، دەشێ بێتە ئیسپاتکردن. راستە کورد پەرپووتن لە مێژووی خۆیاندا بەڵام وە نییـە هـەمـوو شـتێکی کـوردی هەر پەرپووت بێ. زۆرجـاری تریش ئەو قـسـەیەی مـەسـعـوود مـحـەمـەدم بە نموونە هێناوەتەوە کـە دەیگوت: "ئێـمـە خـاکـەکەمـان لە خـۆمـان پیـاوتر بووە"، واتە خـاکی کـوردسـتـان زیاتر جـێی شـانازییە لە مێژووی کوردەکە خۆی. من دەڵێم دەبێ پرسی زمـانیش بچێتە پاڵ خـاکی کوردسـتانەوە، ئەویشمـان لە خۆمـان و مێژووەکەمان پیـاوتر بووە. حاجی قادر ئەوەش دەڵێ کە زمانەکە بەهۆی بێخەمیی کوردەیلەوە بێ رەواج و بێ بەها کەوتووە. زۆر راستە، ئەگەر سەیری کتێبخانەی کوردی بکەی دەبینی

له رووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە زۆر هەژارە. زمانێک تا ئێستە گرامەر و ڕێزمان و ڕێنووسی بۆ نەهاتبێتە دانان کە ئێمە ئێستا نێزیکەی سەتە و چاریەکە سەتەیەک لە دوای قسەکەی حاجی قادرەوە دەژین، دەبێ لە چ کلۆڵییەکەدا بێ؟ زۆرجار بیانییەک داوام لێ دەکا بۆ نامیلکەیەکی فێربوونی زمانی کوردی، نازانم چیی وەڵام بدەمەوە. ئەو هەموو پرۆفیسۆر و ئەکادیمیا و بەشی کوردییەش لە کوردستاندا وا کلاشە دەکەن.

لە سەردەمی نوێدا، زمان دوو قۆناغی بڕیوە. مەبەستم لە سەردەمی نوێ سەردەمی دوای زاینی پێغەمبەر عیسایە. قۆناغی یەکەم: تۆمارکردن و نووسینەوەی زمان. قۆناغی دووەم: ڕێکخستنی. زمانی عەرەبی لە سەردەمی عەباسیدا هاتە تۆمارکردن و هەروەها ڕێکخستن، واتە دانانی ڕێزمانەکەی. زمانی کوردی باش بوو لە سایەی چەند کەڵەپیاوێکەوە هاتە تۆمارکردن بێ ئەوەی چ داودەزگایەکیشیان لە پشتەوە بێ. لەم نووسینەدا زیاتر باسی کوردیی خواروو "یان ناوەڕاست" دەکەم کە پێی دەڵێن دیالەکتی سۆرانی و ئاشکرایە دەوڵەمەندترین دیالەکتی کوردییە لە هەموو ڕووێکەوە. ئەمەش ناوچەیەکە لە ڕۆهەڵات، لە شاری سنەوە دێ تا دەگات بە هەولێر لە ڕۆئاوادا. لە باکوریش لە ناوچەی موکریان "مەهاباد"ەوە تا دەگا بە گەرمیان "کەرکووک" لە باشووردا. ئەوانەی زمانی کوردییان کۆ کردەوە بەسەر تەواوی ئەو ناوچە فراوانەدا هاتوونەتە دابەشبوون. مەبەستم لە کۆکردنەوە ئەو کەسانەیە کە جوانترین دەقیان بە زمانی کوردی داڕشتووە جا چ نووسینی خۆیان بێ چ وەرگێڕان. بۆ نموونە عەلائەدین سەجادی "سنە" تەنیا ئاماژە بە دوو بەرهەمی دەکەم: ڕشتەی مرواری و کوردواری کە مرۆڤ لە ئاست دەوڵەمەندیی زمانی کوردیدا سەرسام دەکەن. شێخ محەمەدی خاڵ "سلێمانی" فەرهەنگی خاڵ و پەندی پێشینان و ناڵەی دەروون. عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی ـ هەژار "مەهاباد" تەنیا ئاماژە بە شەرەفنامە و فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و وەرگێڕانی قورئان دەکەم. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس "هەورامان" تەنیا یادی مەردان و دیوانی نالی. شوکور مستەفا "کەرکووک" قەڵای دمدم و

وەرگێڕانی بەرهەمەیلی یەشار کەمال. مەسعوود محەمەد "کۆیە" هەر سێ بەرگی حاجی قادر و مرۆڤ و دەوروبەر و "لە پەرۆشییەکانی ژیان" وەک نموونە. دوا ناویش لەم زنجیرەیەدا عەزیز گەردی "هەولێر" داغستانی منی رەسووڵ هەمزەتۆڤ، وەک نموونە. بێگومان ناوی تریش هەن وەک تۆفیق وەهبی، حوسێن حوزنی و کەمال جەلال غەریب کە خزمەتی بێ وێنەیان بە زمانی کوردی کردووە بەڵام ئەمانە زیاتر لە بواری رێزمان و زاراوەسازی و رۆژنامەوانیدا کاریان کرد بۆیە کارەیلیان دەچێتە ناو قۆناغی دووەمەوە کە قۆناغە گرینگەکەیە و بە نیوەچڵی لەلایەن کوردی بێخەمەوە هاتووەتە بەجێهێڵان.

کورد لەم قۆناغی دووەمەدا کە قۆناغی رێکخستنی زمانە، تەواو سەری لێ شێوا، پسپۆڕ و شارەزای پێویستی نەبوو بۆ کارەکە. ئازادیی کوردستان و تەقینەوەی نووسین بە کوردی و لێمشتی میدیای کوردیشی بەسەردا هات. زمانی کوردی لە قۆناغە خۆڕسکییەکەی کۆنیدا مەترسیی لەسەر نەبوو، بە درێژای مێژوو بەدەنگ داخوازییەلی جڤاکی کوردییەوە هاتبوو، لێ بەڵێ لەم چاخە تیژڕۆیەدا ناتوانێ فریا بکەوێ. کوردی، ئەمڕۆ زمانێکە بێ فەرهەنگی زانستییانە و بێ رێزمان و بێ رێنووس و بێ زاراوەسازیی بەردەوام، زمانی وا ناتوانێ راکردن لەگەڵ رۆژاندا دەستەبەر بکا. ئەمڕۆ لە ئەزموونی فەرمانڕەواییی کوردستاندا، کەرتی زمان شەپرێوترین کەرتە، بچووکترین رێکخستن و بەرنامەکاریی تێدا نایە دیتن. ئەمەش بێگومان پشووی زمانەکە سوار دەکا و رەنگە لە ماوەیەکی داهاتوودا بە جارێک لە کەڵکی بخا.

دەڵێن لە مەلایەکیان پرسی واتای چییە: "وجر بالفتحة ما لاينصرف؟" کە پرسێکی زمان و رێنووسی عەرەبییە، پاش چەند رۆژێک بیرکردنەوە مەلا دیارە کۆلکە بووە، گوتی ئەمە دەڵێ "جوڕەجوڕی بە مەلا فەتحوڵڵای بێخن با ئەوەندە سەرف نەکا". لێرەدا مەبەستم گاڵتەوگەپ لەگەڵ مەلایەلدا نییە، پرسەکە پرسێکی زمانەوانییە و نموونە لە زمان دەهێنمەوە لە بواری رێکخستنی زماندا، ئەگینا زۆربەی ئەو کەڵەبنووسەیلەی لەسەرەوە وەک

دەقنووسی رەسەن ناوم هێنان، یەکێک یان دوانیان نەبێ ئەوانی تر گشتیان مەلا و خوێندووی حوجرەی مزگەوت بوون و مایەش شانازیشن تا هەتایە. بەڵام زمانی کوردی ئەمڕۆ وەک مەلا فەتحوڵڵا زۆر سەرف دەکا، بیست و چوار سات راگەیاندنی کوردی لە گەڕدایە و زمان بەکار دێنێ بۆ بەدەنگەوەچوونی ژیانی نوێدەم، رۆژانە کتێب بە کوردی دەردەچن و بەڵاڤۆکی تریش بە لێشاون. نەبوونی هیچ رێکخستنێک بۆ ئەم زمانە لەناو ئەم بەکارهێنانە بەرفرەیەدا، دووچاری مەترسیی گەورەی دەکا و وەک مەلا فەتحوڵڵا جورەجوری پێ دەکەوێ.

لەبارەی هەموو شتێکەوە بە وێرایی دەنووسم و لە ئەنجامەیلی ناپرینگێمەوە ئاخۆ چی روو دەدا، تەنیا لە دوو پرسدا بە بیرەبیر "تردد" و دڵەڕاوکەوە دێمە پێش، یەکیان پرسی زمانی کوردی و ئەوی تریان پرسی ئافرەتی کوردە. لەم دوو بوارەدا دەم هەراش و خۆبەگەورەزانی فشوفۆڵ ئەوەندە زۆرن مرۆڤ ناوێری بۆچوونی خۆی وەکرییانە "ڤەکری: مفتوح" دەربڕێ. بەڵام پرسیارێک هەر دەکەم: بیلامانێ ئەو ئەکادیمیای کوردییە چی دەکا؟ کوا رێزمان کوا رێنووس کوا قامووس؟ یان پرسیارێکی تر: چەندان تێزی خوێندنم بینیوە لە ماستەر و دکتۆرا، کوردییەکەیان ئەوەندە پەڕپووتە سەرسامت دەکەن. خوێندنی باڵا بەم باڵاییەی خۆیەوە بۆ داناچەمێتەوە و سەیری یەکێکیان ناکا؟

لەبارەی هەر پرسێکی کوردییەوە بنووسی و رەخنە ئاراستەی لایەنی کوردی بکەی، ئەگەر هەزار راوێژی جوانیشت نووسیبێ نەک کەس گوێت لێ ناگرێ و بەقسەت ناکا، بگرە تا بۆشیان بلوێ بوغزت لێ دەکێشن. هیوادارم کەس وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەم نەداتەوە و دان بەخۆیاندا بگرن لە ئاست رەخنەیەکی دۆستانەدا و وا باشترە بەخۆیاندا بچنەوە. ئەگەر وا نەکەن، بەم حاڵەی کوردییەوە کەرکووک نابێتەوە بە کوردستان، بەم حاڵەی کوردییەوە دەوڵەتی کوردی چاوی بە ژیان ناپشکوێ کە دەوڵەت بنیشتۆکەی زارانە لەناو هزری هەرزە خەیاڵاندا. بەم حاڵەی کۆڕ و زانسگەی کوردیشەوە،

زمانی کوردی لە سایەی ئەم بێ تەعەسوبییەی کورد "حاجی گوتەنی"، سەتەی بیست و یەکەم تەواو ناکا. بەداخەوە بۆ ئەم زمانە نازدارە و بەداخەوە بۆ بێکەسییەکەی.

بزاو ژ: ١٢، کانوون یەک ١، ٢٠١٠

## ژنی دووەم فێمینیستە

ماف و ئازادیێل، زۆربەی زۆری جار، بەبڕیاری سیاسی دێنە جێبەجێکردن. بۆ نموونە مافی نەتەوەیی، هەر کات نەتەوەی سەردەست بڕیاری دا واز لە چەوساندنەوەی نەتەوەی بندەست بێنێ، یان لە سایەی هەڵکەوتێکی مێژووییەوە ئەگەر گەلی بندەست رزگاری بوو لە چنگوڕکی گەلی سەردەست، ئیتر بە ترووکەی چاو مافەیلی پێشێل، بۆ گەلی چەوساوە دەگەڕێنەوە. مافەیلی تریش هەروان، بۆ نموونە مافی ئازادیی رادەربڕین، یان هی منداڵ کە پێیان بێتە خوێندن و کاریان پێ نەیەتە کردن. مافەیلی مرۆڤ، تۆ بەدوای کەوە هەمووی وایە، تەنیا یەک ماف نەبێ کە مێژووکردە و بە مێژوو دێتە دی نەک بە بڕیارێک و رۆژێک و دوو رۆژ، ئەویش مافەیلی ئافرەتە.

پێش سی ساڵ چل ساڵ لە جڤاکی کوردەواریدا پیاو لە ژنی خۆی دەدا وەک نواندنی بەشێک لە پیاوەتیی خۆی، لەوانەیە ژنەکە هیچ کەموکاسییەکیشی نەبووبێ تا لێدان بخوازێ. ژنیش قایل بوو بە لێدان وەک بەشێک لە پێشاندنی خاتوونیی خۆی. بە منداڵی لە ژنی کوردم بیستووە وەک پەسن و شانازی دەیگێڕایەوە چۆن مێردەکەی وا دارکاریی کردووە حەوتوویێک لەناو جێدا کەوتووە و کەسیش لە دەمی وێ بەم لێدانەی نەزانیوە. ئەمڕۆ ئەمە نەماوە. نموونەیەک لەوپەڕی پێشکەوتن دێنمەوە: کچ و کوڕی گەنج هەیە لە کوردستان بەساڵ و دوو ساڵ وەک گێرل فرێند و بۆی فرێند بەیەکەوە دەژین تا پاشان بڕیاری مارەیی دەدەن، ماڵباتیش قەبووڵیانە، دەک ئافەرین و دەستیان خۆش بێ. هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارێکدا مایەی رەخنە لێگرتن بێ، لە بواری مافەیلی ئافرەتدا دەتوانێ شانازی بە خۆیەوە بکا کە

کەڵەمبازی گەورەی تێدا هاوێشتووە. بژاردەی کوردی کە سیاسەتوانەیل و ڕۆشنبیرەیلی کورد دەگرێتەوە، زۆر بە پەرۆشەوە لە خەمی چارەسەری کەموکورتییەلی سەر ڕێگەی بەشداریی ئافرەتن لە ژیانی نوێدەمدا، تا گەیشتە ئەوەی هەندێک "تەشی ڕێس"یش گەیشتن بە کورسییەلی پێشەوە. بێگومان من نەمگوتووە هەموو شت ڕێکوپێکە، ڕەنگە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان نێر و مێدا جڤاکی کوردستان سەتان ساڵ مێژووی داهاتووی بەرێ بکا ئینجا بڵێ ئۆخەی.

بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەل دەبێ پرسێکی سەرگەیی "مەبدەئی" بێ نەک کەشوفشی خۆهەڵدانەوە و خۆڕەپێشکردن. جڤاکی کوردستان دەبێ ڕەخنەی لێ بێتە گرتن لە کەموکورتییەلی، نەک بێتە ریسواکردن لەبەرچاوی دنیا و ببێ بە پەندی زەمانە. کورد ئەگەر بێتە بەراوردکردن لەگەڵ گەلەیلی هاوسێدا، زۆر باشترە لەوان لە پرسی ئافرەتدا. میدیای نەفامی کوردی، پەرەمێزێک لە ماڵێک بتەقێتەوە و ژنێک بسووتێ دنیا دەهەژێنێ بێ ئەوەی لێپێچینەوەیەک بکا لەو ڕووداوە. چارەسەر وا ڕواڵەتی و هەرزەکارانە نابێ، لەبەرئەوەی تا ئافرەتێک بەپەرەمێز دەسووتێ دەیان پیاویش لە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێلدا سەر دەنێنەوە، باشە ئەگەر ئەو ئافرەتەیلە هەموویان لە داخی پیاوان خۆیان دەسووتێنن، دەشێ بڵێین پیاوەیلیش لە داخی ژنان خێرایان لێ خوڕی تا وەرگەڕان و مردن. هۆ و ماکەی دواکەوتن لە تەواوی کۆمەڵی کوردیدایە، هەموو لێی بەرپرسیارن بە نێر و مێوە نەک پیاو بە تەنێ، ئەگەر ئافرەت چەوساوەیە، ژن خۆیشی بەشدارە لەم چەوسانەوەیدا تەبای پیاو. پێشاندانی پیاوی کورد وەک دێو و درنج لەبەرامبەر داخوازییەلی ئافرەتدا بە هیچ جۆرێک ڕاست و ڕەوا نییە. ئەگەر پیاوی کورد شیاوی گۆڕان نەبێ و خۆی ئازادییەل پەسند نەکا بۆ ژن و خوشک و کچەیلی خۆی، ئەدی کێ ئەم هەموو بەشداری و ئازادییەی لە کوردستاندا داوە بەئافرەتەیل.

زۆر جار لە میدیای کوردیدا یان لە ڕاپۆرتەیلی ژناندا گوێت لە دەنگوباسی وەک "شیروایی و بن پشک و گەورە بەبچووک و شتی وا سەیر و سەمەرە"

دەبێ کە ئەمانە بە هیچ کلۆجێ لەناو فەرهەنگی جڤاکی کوردیدا نەماون، ماشین ئەوەندە دەگمەنن خۆیان بەرەو پووکانەوە دەڕۆن و پێویست ناکا کەس خۆیان پێوە سەغڵەت بکا. تەنانەت فرەژنیش ئەوەندە کەمە ناشێ دیاردەی پێ بێتە گوتن. لە هەزار پیاوی کورد رەنگە پیاوێک دوو ژنی هەبێ. ئەگەر سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان کە بەم زووانە دێتە ئەنجامدان، ئەم جۆرە زانیارییەل بگرێتە خۆی، وێ دەمێ دەردەکەوێ کە هەڵکەوتی راستی چەند دوورە لە بانگەشە و فیشاڵ.

با نموونە لە فرەژنی بهێنینەوە، هۆک و ماکەی ئەم نەریتە جاران شتێک بوو ئێستە شتێکی ترە. راستت دەوێ فرەژنی "وەک حەز بۆ فەرەژنی" نەریتێک نەبووە لەناو کورددا، بگرە بەدەردەرەوەی نەریتێکی تر بووە. بەگوێرەی نەریتی کورد، جاران دەبوایە ژن لە جیاتیی ژن بێتە گۆڕینەوە. کوڕێک چەند خوشکێکی هەبوایە دەبوو لە جیاتیی هەموویان ژن وەربگرێ. من باسی فرەژنیی ئاغا و شێخ ناکەم باسی فرەژنیی رەشوڕووت دەکەم کە نەریتی جڤاک بەلای ئەوانەوەیە کە زۆرینەن. من بە چاوی خۆم بینیومە چۆن مەلای کورد گوتوویەتی شیرواییی حەرامە و ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی باوک و برا لەبری کچەکەیان ژنێک وەربگرن. خۆت دەبینی ئاین و نەریتی پەڕپووتی جڤاکی چۆن یەک دەگرنەوە لەم رووداوەدا.

ئێستە هۆی فرەژنی شتێکی ترە، زیاتر بۆ چێژ و رواڵەتی ژیانی تاکە کەسییە. داونەریتی جڤاک و ئاین رۆڵی تێدا نابینن هەرچەندە کە بەربەستیشی نابن. نموونەی فرەژنی کە لەم ساڵەیلەی دواییدا لە میدیای کوردیدا باسیان لێوە دێتە کردن: "یەکێک پێشمەرگەی چیا بووە و ئێستا بەرپرسە و ژنێکی تری هێناوە. یان جاران دەسکورت بووە و ئێستا لە رووی ئابوورییەوە بۆی دەلوێ، یان بەگوێرەی نەریتی کۆن ژنێکی هێناوە و ئێستە نەریت گۆڕاوە ئەویش دەیەوێ بە تەریبی لەگەڵ پێشکەوتندا هەنگاو بهاوێ و دەچێ دەیکا بە دوو." ئەوە نەما پیاو بۆ زۆریی منداڵ یان بۆ زۆریی منداڵی نێرینە، ژنێک و دوان و سیان بێنێ. بە کورتی پرسەکە لە داونەریت دەرچووە

و بووە بەپرسێکی کەسانی و حەزی کەیف و سەفا.

هاندەری سەرەکی و هاوبەشی راستەکیش لەم رووداوەدا ژنەیلی فێمینیستن، فێمینیست مەبەستم لە کچەیلی خوێندەواری جلوبەرگ هاودەمیانەیە کە ئەوانن سەرنجی پێشمەرگەیل کۆن و دەوڵەمەند و دەسرۆیشتوو و رۆشنبیر و سیاسەتوانەیل رادەکێشن. ئەمانە بە جلوبەرگی مۆدەی نوێ و لەنجەولار و بۆن و بەرامەی خۆشیانەوە پیاوان لە خشتە دەبەن و سازیشن بۆ ئەوەی ببن بە ژنی دووەم. پیاوێک لەوانەی ژنی دووەمیان هێناوە نەچووە لادێییەک لە جۆری ژنی یەکەمی خۆی بێنێ. ئەم ئافرەتە مێپەروەرەیلەی باسم کردن، کە بەردەوام لەسەر مافەیلی ژن هەڵدەدەنێ و داوای وەکیەکی و بەشداریی راستەکیی ئافرەت دەکەن لەتەک پیاودا، یان کۆنگرە و کۆنفرانس دەبەستن، ئەوانن دەبن بە ژنی دووەم. ئەگەر تەنیا ئافرەتەیلی نەخوێندەواری لادێیی ساز بوونایە بۆ ئەوەی بەشدار بن لەم کردەوەیەدا، ئەو کاتە راستە دەبوو هەموو سکاڵایەکە بەرەورووی پیاو ببێتەوە و ئەو ببێ بە پەندی زەمانە و بێتە بەردەبارانکردن لەسەر پێشێلکردنی مافەیلی ژنی یەکەمی.

بزاو ژ: ١٣، کانوون یەک ٥، ٢٠١٠

## گۆشت: سەرچاوەی نەخۆشی

دزێوترین تەبیاتێک کە لە مرۆدا هەبێ خواردنی گۆشتە. لە خواردنی گۆشتەوە خورەوشتی بەد و نەخۆشیی جۆرەوجۆر سەر هەڵدەدەن. جەستەی مرۆ گونجاوی خواردنی گۆشت نییە، بۆ نموونە ئاخۆ دەبێ پێش دۆزینەوەی ئاگر مرۆ چۆن گۆشتی خواردبێ؟ کەڵبە و ددانی ئەو بۆ رنینەوەی گۆشت نابێ بە تایبەتیش ئەگەر گۆشتەکە خاو بێ. بە سووکە سەرنجێک و ئاوڕلێدانەوەیەکی سەرپێیی لە هەڵسوکەوتی مرۆ لە سەرەتای ژیان لەسەر زەویدا، بۆت دەردەکەوێ کەوا لە سەرەتادا مرۆ گیانلەبەرێکی رووەکی بووە نەک گۆشتەکی. بەدرەنگەوەش ئەم کارە چەوت و بەدەی کردووە بە پیشە کە ئاژەڵ راو بنێ و

بیانخوا. بێگومان دیاریشە لە ئاژەڵی دڕندەوە ئەم خووەی وەرگرتووە نەک خووێکی خوەزایی و سروشتیی مرۆڤ خۆی بووبێ. ناشێ شامپانزی و گۆرێللا کە بەپێی بیرکاریی داروین باووباپیرەیلی ئێمەن، لەسەر پۆپ و لکی ئەو دارانەدا جگە لە مێوە و رووەک، شتی تریان کردبێ بە خۆر و پێخوری خۆیان. تەنانەت بیرکاریی ئاینیش هەر لە رووەکخۆرییەوە دەست پێ دەکا. چیرۆکی بابادەم دایکەوا "وەک بەکوردیی جاران دەیانگوت" و دەرکردنیان لە بەهەشت، لەسەر مێوە و دانەوێڵەی رێ پێ نەدراو بووە نەک لەسەر خواردنی گۆشت.

سفرەی کوردی ئەوەندەی گۆشت تێدایە هەندێک جار مرۆڤ خۆی وەک دڕندە و کێوی دێتە بەرچاو. راستە من رووەکی نیم و دەوروبەری کوردیش رێ نادا مرۆڤ رووەکی بێ لەبەرئەوەی لە برسا دەمرێ، خواردنێکی کوردی نییە گۆشتی تێدا نەبێ، بەڵام من یەک بەباری خۆم هیچ کاتێک خواردنی گۆشت دڵخوشم ناکا. مرۆڤی کورد جاران بەژن باریک و ناوکێل زراو بوو، پاڵەپەستۆی خوێنی نەبوو، نەخۆشیی دڵ زۆر کەم بوو، کۆلیسترۆڵ دایمە لە ژێرەوە بوو، کۆڵۆن بێ کێشە بوو، هەموو ئەمانەش لەبەرئەوەی گۆشت کەم دەهاتە خواردن.

مرۆی سەردەمی، مرۆڤێکە بەرەو رووەکیەتی دەڕوا، رووەکییەیلیش بەسەر زۆر جۆر دێنە دابەشکردن لە هەموویان سەرپەڕتر ئەوانەن نەک تەنیا گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی ناخۆن بگرە دەم لە هیچ بەروبوومێکی ئەم ئاژەڵ و باڵندانەش نادەن، بۆ نموونە ماست و لێکەوتەوە "مشتقات"کانی ناخۆن، هێلکە و هەنگوین ناخۆن. پێیان وایە ئەم بەرهەمەیلە کە ئەم ئاژەڵ و پەلەوەرانە هەیانە بۆ خۆیانیان دروست کردووە و زوڵمە مرۆ دەستیان بۆ ببا. دەڵێن هەنگوین بژێوی مێشەنگ خۆیانە، یان شیری گوان بۆ بێچوەیلە و ئیتر هەروەها برۆ دوای. بەڵام ئەوەش هەیە مەڕ و ماڵات کە ئەم بەرهەمانەیان دەدەن بە مرۆ، راستە بەستەزمانن و ناتوانن هەست دەربڕن، بەڵام دەبێ خۆشیان خۆشحاڵ بن، مرۆ نەبوایە و ئەمانی ماڵی نەکردایە و بەخێوی

نەکردنایە، لەو دەشت و کێوانەدا زۆر لەمێژە وەجاغیان کوێرەوە بووبوو، بەڵام ئەم ئاژەڵانە بێگومان خۆشحاڵ نین کە دێنە سەربڕین. زۆر لە گیانلەبەرەیل کە دەبرێنە ژێر چەقـۆ هەسـتی پێ دەکەن، هەیانە فرمـێسک بە چاویدا دێتە خـوارەوە، هەیانە بە دەنگ دەگری. ئێستە کە ئەم وتارە دەنووسم باوکمم بیر دەکەوێتەوە، بێگومان ئەو کاتە تێ نەدەگەیشتم، ئەو هەرچەند لادێییش بوو، بەڵام خۆی لە مریشک سەربڕین دەدزییەوە.

مـرۆڤ لە سەرەتای بوونیەوە لەسەر زەوی، ئەگەر ئاژەڵی سەرنەبڕیایە و بەدەستی خۆی خوێنی گیانلەبەرەیلی نەڕشتایە، فێری کوشتنی یەکتریش نەدەبوون. چیرۆکی هابیل و قابیل کە بە یەکەمین کوشتن لەسەر زەوی دێتە ژمار بەپێی بیرکاریی ئاینگەل، هابیل پەزێک سەر دەبڕێ و دەیکا بە قوربانی بۆ نێزیکبوونەوە لە خوا، پاشان برایەکەی هەمان شت بەسەر ئەو دەهێنێ و دەیکوژێ. راستە، مرۆ چ ببینێ ئەوە فێر دەبێ. کتێبێکم خوێندەوە، دەڵێ کـوشـتنی قـابیل بۆ هابیل سەرەتای تیرۆر و توندتیژییە لە مێژووی مرۆوایەتیدا.

ئاینەیل بۆ ئاشتی هاتوون، چ ئاسمانی بن چ زەوییەکی، بەڵام پێغەمبەرەیل نەیانتوانی ئاشتی لەسەر زەویدا بسەپێنن لەبەرئەوەی نەخواردنی گۆشتیان نەسەپاند. بەداخەوە ئەمەیان بەسەردا تێ پەڕی. کە ئەوانیش نەیانکرد مرۆڤایەتی سەردەمانێکی زۆری دەوێ تا دەست لەم خووە نابەجێیە هەڵدەگرێ و دەبێ بە مرۆڤێکی راستەکینە و پێوەندییەکی بێوەیانە لەگەڵ دەوروبەر و گـیـانلەبەرەیلی تردا بنیـات دەنێ. زۆر جـار دەنگوباسم گـوێ لێ دەبێ رووەکییەل خۆپێشاندان دەکەن بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵەیل و پەلەوەرەیل و بۆ بەزەیی هاتنەوە پێیاندا. ئەمسـاڵ رۆژێکیان لە دژی ستـرانبێـژێکی ئافرەت راپەڕین لەبەرئەوەی هەموو جار لە ئاهەنگەکانیدا کراسێکی ئاودامانی لە توێکی "شـرائح" گۆشت لەبەر دەکرد. "سـەیرە لە کوێیێ" وەک دەڵێن، ئێمەش بەرۆکی دنیامان گرتووە لەسەر گۆشتی حەرام و حەلاڵ. راستیت دەوێ هەموو گۆشتێک حەرامە، دەبێ مرۆ بە تەواوی ئەم راستییە بزانێ.

لەناو کەڵەپیاوەیلی دنیا بە تایبەت لەناو هزروان و ڕووناکبیرەیلدا زۆر کەس هەبوون ڕووەکی بوون، بۆ نموونە: بوودا، ئەفلاتوون، فیساگۆرس، پلووتارک، لیۆناردۆ داڤینشی، ڤۆلتێر، شۆپنهاوەر، لۆرد بایرۆن، شیلی، لیۆ تۆلستۆی، برنادشۆ، ماهاتما گاندی، ئەنیشتاین. لەناو ڕۆشنبیرەیلی عەرەب و ئیسلامدا خوارەزمی و ئیبن ئەلبەیتار و ئیبنول موقەفەع و ئەبو عەلای مەعەڕی کە ئەمەی دوایی، دەڵێن زۆر بەزەیی بەئاژەڵدا هاتووە بۆیە توخنی گۆشت نەکەوتووە. بەڵام گۆشت نەخواردن هۆیەکەی تەنیا بەزەیی بەئاژەڵ و پەلەوەر هاتنەوەدا نییە، بگرە خۆپاراستنیشە لە نەخۆشی، جگە لەمە هەستێکی ناخۆش لەلای مرۆدا سەر هەڵدەدا کە گۆشتی دێتە بەردەم. لە منداڵییەوە تا ئێستە زۆر جار لەسەر سفرە کە گۆشتی بەسەرەوە بووە، مریشکێکی پەڕوتووک سپیی چاوجوان، یان مەڕێکی دوونگ شۆڕی گوێ پان دێتە ناو هەستم و بە ئەسپایی دەچرپێنێتە گوێم، پێم دەڵێ "بۆ دەمخۆی کاک بەدران، ئەگەر من تۆم بخواردایە چیت دەگوت؟"

لەناو بنووس و ڕووناکبیرەیلی کورددا تا ئێستا سێ کەسم ناسیوە ڕووەکین و بوونەتە پێشرەو بۆ جڤاک، دکتۆر وریا عومەر ئەمین و فەرهاد شاکەلی و دکتۆر فازڵ جاف. بەگشتی ئەوانی تر گۆشتخۆرن، لە داوەت و بانگهێشتنی تایبەت بە ڕۆشنبیرەیلی کورددا لەوێ بە، بەدەست خۆت نییە دەتەوێ قوڕ بپێوی بۆ پەلەوەر و ئاژەڵی بەستەزمان. ئەم ڕۆشنبیرەیلە تاک و تەرایان نەبێ، ئەوانی تر هەموویان لە شێستەکانی تەمەندا، هەندێکیان لەبنەوەتریش، بەدەم نەخۆشیی پەستانی خوێن و ڕادەی بەرزی کۆلیسترۆڵ و نەخۆشییەلی دڵەوە سەر دەنێنەوە. وڵاتی ئێمە نموونەییە لە فەڕ و پیتی زەوییەکەی بۆ هەموو جۆرە دانەوێڵە و تەرە و مێوەجاتێک، حەیفە کورد هێندە بە ڕووکاری پێچەوانەی مێژوودا ملی ڕێ بگرێ و لە هەموو شتێکیشدا. سفرەمان هەمووی بووە بە گۆشتی جۆرەوجۆر، زۆر جار کە ڕووەکییەک لەگەڵماندا دەبێ بۆ خواردن، چاری نییە دەبێ نان و پیاز بخوا.

بزاو ژ: ١٤، کانوون یەک ٨، ٢٠١٠

## ویکیلیکس بەیەک فلس

ویکیلیکس وێردی سەرزاری هەموو دنیایە. ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا کار دەکەن ماوەی چەند مانگە دەمەتەقە لەبارەی ئەوەوە دەکەن ئاخۆ ئەم رووداوە ریسوایییە یان نا؟ زۆربەی خەڵک بە ڕیسوایی تێ دەگەن لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیلە ئەوە ئیسپات دەکەن کە باڵوێز و پیاوەیلی دیپلۆماسیی ئەمەریکا بەردەوام خەریکی کاری خەفیەیی و سەرانسۆی کاروباری وڵاتەیلی ترن و راپۆرتیان لەبارەوە دەدەن بە وڵاتی خۆیان. ئەمەش بەلای خەڵکەوە کێشەیەکی رەوشتەکییە، وا دەزانن باڵوێز کەسێکی دیپلۆماتە و مافی بەسەر چاودێریی ئەو وڵاتەوە نییە کە کاری تێدا دەکا. زۆربەی ئەوانەی باس لە ویکیلیکس دەکەن وا دەزانن ئەمە کێشەیەکی بۆ ئەمەریکا ناوەتەوە لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتەیلدا دەرچوونی لێ نەبێ. بێگومان ئەم بیربۆچوونەش لە تێ نەگەیشتنەوە سەر هەڵدەدا، یان لە هەڵسەنگاندنێکەوە دێ کە بە تەرازووێکی کۆن هاتبێتە ئەنجامدان. ئاگایان لێ نییە کە ئەو پێشکەوتنە گەورەیلەی لە سەرتاسەری دنیا و لە گشت بوارەیلدا روو دەدەن، رەوشت و بنەوا ئاکارییەکانیش لەگەڵ خۆیاندا دەگۆڕن. ئەمەریکا وەک چۆن سەرچاوەی پێشکەوتنی ئابووری و بڕیاری سیاسییە لە دنیادا، خاوەنی بڕیاری رەوشتی و کولتووریشە. وڵاتێک بەم رادەیە خاوەن هێز و دەسەڵات بێ، ناشێ بەم رووداوەیلە سڵ بکاتەوە و سەغڵەت ببێ. ئێمەش ناشێ بە بنەوایەلی رەوشتیی کۆنەوە سەیری رووداوەیلی سەردەمییانەیە بکەین و خۆمانی پێ لە خشتە ببەین. رەوشت لە نێوانی بێهێز و هێزداردا جیاوازە، ئەمەریکای هێزدار رەوشتێکی هەیە کە ئێمەی "بێهێزی رێزدار" لێی تێ ناگەین.

رەوشت و کولتووری سەردەمییانە لە ئەمەریکا دێنە بەرهەمهێنان و لەوێوە بەسەر گشت دنیادا دێنە بڵاوبوونەوە. بەم پێیە بێ، ئەمەریکا لە رووی رەوشتییەوە لە دۆخێکدایە هێشتا دنیایەکەی تر لێی تێ نەگەیشتووە یان

وەری نەگرتووە. ئەمە قسەیەکی گەورەیە و دەزانم زۆر کەس رادەچەنێنێ، زۆربەش رەتی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی خۆیان بە خاوەن رەوشتێکی نەمر دادەنێن و ئەمەریکاش بە وڵاتێکی بێ رەوشت. ئەمەشیان دیسان هەر لە تێ نەگەیشتن و نەفامینەوە دێ، لەبەرئەوەی وەک بنەوایەکی فەلسەفەیی، هێزدار و دەسڕۆییو کولتوور بەرهەم دێن و بەسەر بێهێز و بێ دەسەڵاتیدا ساغ دەکەنەوە نەک بەپێچەوانەوە. قسەیەکی کوردی هەیە باشترین بەڵگە و پاڵپشتە بۆ ئەم بۆچوونە: گەورە ئاو دەڕژێنێ و بچووک پێی لێ دەخشێنێ. دنیای ئەم سەردەمە لە رووی کولتوورەوە بووە بەدوو بەش، بەشی یەکەم ئەمەریکا خۆیەتی کە تاکە زلهێز و دەسڕۆیشتووە لە بنەوایەلی ئابووریدا و ئەمەش کردوویەتی بە جڵەوکێشی کاروانی کولتووری، تا ڕادەی کەڵەگایەتی هەندێ جار. بەشی دووەمیش پاشماوەی دنیایە کە بەهەر جۆرێک بێ بووە بە پاشکۆ "هەندێک جار بە ڕادەی کۆیلایەتی" بۆ کولتووری ئەمەریکایی.

لەبەرئەمە، ئەوانەی پێیان وایە ئاشکرابوونی بەڵگە و دەستاوێژەیل نهێنیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە بە مایەی سەغڵەتی بۆ ئەو وڵاتە، ئەمەریکایان نەناسیوە یان بەپێومان "مەعیار"ێکی کۆن شتی تازە هەڵدەسەنگێنن. جێی نکووری نییە کەوا رۆژانە مرۆڤایەتی بەهایەل و رەوشت و کولتووری نوێ لە ئەمەریکاوە وەردەگرێ و بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، خۆی بۆ بەدەستەوە داوە، عەولەمە رووداوێکی ئەمەریکاییە کە هەموو دنیای کردووە بە گوستیلک لە قامکی خۆیدا. ئەم رووداوەی وارگە ئەلیکترۆنییەکەی ویکیلیکسیش، وەرچەرخانێکی تازەیە و رەوشت و نەریت دەگۆڕێ، بۆ نموونە دەبێ بە بنەوای خۆڕاگرتن و بێباکی لە ئاست ئاشکرابوونی نهێنییەلدا. بەلای ئێمەوە ئاشکرابوونی هەر نهێنییەک چەند بچووکیش بێ، بە ڕادەیەک هەر سەغڵەتی دەنێتەوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە خاوەن نهێنی کێیە و ئاخۆ باکی پێیەتی یان نا؟ بێگومان ئەگەر دەسەڵاتدار بێ وەک ئەمەریکا: نەخێر. هاوەڵێکی کاردار "رجل اعمال"ی ئەوروپاییم لە دەمەتەقەی نێوانمان لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئەمەریکا لە رووی کولتوورییەوە جڵەوکێشی دنیایە یان نا،

ئەوەندە پەست بوو لە بۆچوونەیلی من، گوتی ئەمەریکا وڵاتێکی بێ کولتوورە، گوتم دەق ئەوەی تۆ پێی دەڵێی "بێ کولتوور" کولتوورە و ئەمەش ئەمەریکا خۆیەتی. دواجاریش بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە دەبێ بە کولتووری سەرجەم مرۆڤایەتی. لە پاش ئاشکرابوونی دەستاوێژ و بەڵگەیل نهێنیی ئەمەریکا لە رێی ویکیلیکسەوە، ئاشکرابوونی نهێنی، چیی تر سەغڵەتی پەیدا ناکا بۆ خاوەنەکەی تەنانەت لە ئاستی کەسایەتیشدا. بە کورتی ویکیلیکس پێچێکی ترە لە گۆڕانی کولتووری و بنەوای رەوشتەکیدا.

بەڵام بۆچی ئەمەریکا وایە و چ پاڵپشتێک هەیە ئەم وڵاتەی کردووە بە جڵەوکێشی کولتوور و رەوشت؟ هۆیەلی ئەمە زۆرن:

ئەمەریکا وڵاتێکە لە پلەی یەکەمدایە لە رووی تەکنۆلۆجییەوە، گەورەترین هێزی سەربازیی هەیە، بەهێزترین ئابووریی هەیە، تەکنیک لە ئەمەریکا رۆژانە گۆڕان و پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، پێشکەوتنی زانستی، سەرچاوەکەی بە پلەی یەکەم ئەمەریکایە. کولتوور بۆ نموونە: مۆدەی جلوبەرگ، مۆسیقا، سینەما، رۆمان، لە ئەمەریکاوە دەردێ و خۆی بەسەر دنیاوە بادەدا. پلەی یەکەمایەتیی هەموو ئەم بوارەیلەش لە سایەی کارگێڕییەکی بێ وێنەوە هاتوونەتە پاراستن، کە ئەم کارگێڕییە هەر لە ئەمەریکا خۆیدا هەیە. ژیارەیل لە مێژووی دنیادا ئەو کاتانە رماون کە نیزامی کارگێڕییان لە گۆڕان وەستابێ، لە ژیاری ئەمەریکاییدا، رۆژانە کارگێڕی خۆی نوێ دەکاتەوە و شانبەشانی پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنیک ئەو کارگێڕییەش خۆی دەگۆڕێ. هەرکێ ئەم بنەوایەلەی گشت تێدابێ، رەوشتەیل نەرێتیی ئێمە خۆمانی پێوە بادەدەین، دەداتە دواوە.

هۆیەکی تری بالادەستیی ئەمەریکا کە بووە بە مایەی بالادەستیی کولتوورەکەشی، دوورییەکەیەتی لە رووی جوگرافیاوە. ئەم دوورییە "یەکەم" پاراستوویەتی لە دەس تێ وەردان و مەترسیی دەرەکی، بهاتایە و ئەمەریکا نێزیک بووایە لەم ناوچەیەی ئێمەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنی لبنان یان یەمەن بوایە، رۆژانە کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک بە کوردی دەڵێن گەڕی

بـاره تریـی پـێ دەکــرد. "دووەمــیش" ئـەم دوورییــە وای لـێ کــردووە چەکـی دوورهـاوێژ بە تەکنیکـی نـوێدەمەوە بـەرهـەم بێنـێ لەپێنـاو سـەپاندنی زۆردەسـتی و کەڵەگاییی خۆی بەسەر ئەوانی تردا. هێزدار سەری هەموو لا دەکوتێتەوە و لە بزاوت و جووڵەیان دەخا، هێزدار جڵەوی پڕکێشی و سەرکێشی لە هەمووﻻ وەردەگــرێتــەوە و گــۆڕەپـان بە تـەنـێ بـۆ خــۆی پاوان دەکــا، ئـەمــەش ئەو ئەمەریکایەیە کە ئێمە دەیناسین.

نموونەیەک لەوەی ئەمەریکا باکی بە هیچ نییە: پێش حەوت ساڵ هێزەیلی خۆی و دنیای کۆ کردەوە بۆ بەسەرداڕانی ڕێژیمی سەدام. بانگەشەی چەندان ســاڵی ئەوەبوو لە پاش عــێـراق پـەلامـاری ئـێـران دەدا و ئـەویش لەناو دەبا لەبەرئەوەی ئەمەریکا ئەم دوو ڕێژیمەی بە دوژمنی باوەکوشتەی خۆی دانابوو. بەڵام کێ باوەڕی دەکرد پاش ئەم هەمـووە، عێراق بۆ ئێران بەجێ دەهێڵـێ. کـەسـیش پـرسـیـارێکی ئاراسـتـە نـەکرد بڵێ کـوا باس و بەرنامـەی رمـاندنی دیکتـاتۆرییەلی ناوچەکە و دامەزراندنی دیموکراسی بۆ گەلەیلیان؟ پرسیار ئەوەیە ئاخۆ کامیان زیاتر جێی سەغڵەتین: ئەمە، یان بەڵگەنامەیل ویکیلیکس؟ بۆیە چ خـەم لە خـۆت بار مـەکـە، ویکیلیکس باییی یەک فلس نابێ بە مـایەی سەغڵەتی، بە پێچەوانەوە ڕەوشت و نەریتێکی نوێ لەوێوە دەست پێ دەکا.

بزاو ژ: ١٥، کانوون یەک ١٢، ٢٠١٠

## شەڕی سێیەمی دنیا

هەڵبـژاردنـی ســەرکـۆمـاری ئـێـران لـە ١٢ی حـوزەیرانی ٢٠٠٩ گـۆبەندێکی گــەورەی لـە ناوەخــۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتەدا نـایەوە. پـێــشــبــڕکــێکەرەیـلی ســەرکــۆمـاری دەرچـوو ئـەحـمــەدی نەژاد، ئـەویان بە دەســتکاری و گــەمــە تێـداکـردنی ئـەنجـامــەیلی هـەڵبـژاردن تۆمـەتبـار کـرد. مـاوەیەکـی زۆریش خـۆپێشـاندان و دەربڕینـی نـاڕەزایی وڵاتیـان گـرتەوە. بـەڕادەی ئـەوەی لە زۆر لاوە ســەرکـۆمـاری تازەیان بە ســەرۆکـێکی نـاڕەوا نـاو هـێنـا. ئـەمـە دەسـپـێکـی گـۆڕانی سیاسیی تـازە بوو لە ئێران و لە ڕۆهـەڵاتی ناویندا. ڕاستە چاوەڕوانی

لە ڕێژیمەیلی ئەم ناوچەیەدا نایەتە کردن کە دیموکراسی بن و هەڵبژاردنیان پاک و دیودەرانە بێ بەڵام خۆسەپاندنی ئاشکرا و گەمە تێداکردنی هەڵبژاردن لە ئێران بەو شێوەیەی چاودێرەیلی ناوخۆ و بیانی باسیان کرد، هیوا و ئاواتی ریفۆرمی لەو ڕێژیمەدا، بە یەکجاری بردەوە ژێر گڵ.

دوای ساڵ و نیوێک لەوەی ئێران، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرەیلی میسر لە ٢٨ی مانگی رابردوودا هاتە ئەنجامدان. پارتی نیشتمانیی دەسەڵاتدار سەتا سەتی کورسییەلی پەرلەمانی بردەوە. ئێستە نارەزایی شەقامی میسری گرتووەتەوە و بەرهەڵستکارەیلی ئەو ڕێژیمە دان بەو ئەنجامەیلەدا نانێن و ئەنجوومەنی نوێنەرەیل بە نارەوا و داسەپاو دەژمێرن. ئەو رژانە سەرشەقامەی گلەییکەرەیل، خۆی بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە پارتی دەسەڵاتدار سەتا سەت نییە لەو وڵاتەدا.

لەناو سەرجەم وڵاتەیلی رۆهەڵاتی ناویندا، میسر و ئێران وەک سیستەمی "تا رادەیەک کراوە بۆ ریفۆرم" چاویان لێ دەهاتە کردن، بەم دوو هەڵبژاردنە، ئەوانیش ئەو بنەوای "تا رادەیەک" کراوەییان لە دەست دا و چوونەوە ریزی ئەو وڵاتەیلەی ناوچەکەوە کە هیچ تروسکەیەکیان لێوە نایەتە دیتن.

ئەمە تا ئێرە شتێکی چاوەڕوانیکراوە لەم ناوچەیەی ئێمەدا، کە لەوە ناچێ تا مێژوویێکی دووری داهاتوو، گەلەیلی هیچ تامێکی ژیانی دیموکراسی بکەن. ئەوەی لە دەسکاریی هەڵبژاردنەیل خراترە ئەوەیە دواتر چی روو دەدا. بێگومان خێر روو نادا. لە دۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بینمیان، لە دوای ئەو رووداوەیلەوە، سیاسەتی وڵات و ئاراستەی هەڵسوکەوتی سەرکۆمار چۆن بەرەو رادیکالیەتێکی تەواو و لاملییەکی بێ میناک وەرگەڕان. وەک بنەوا، ڕێژیمێکی سیاسی ئەگەر لەناو خۆیدا کێشەی قەبە و ناقۆڵای هەبێ و نەتوانێ بەرەوڕوویان ببێتەوە، دێ ئەو کێشە و تەنگژەیلە بەرەو دەرەوە حەواڵە دەکا. کۆماری ئیسلامی لە دوای ئەو هەڵبژاردنەیلەی کە گۆبەندیان نایەوە و راستەوانییان "مصداقیة" تێدا نەبوو، مژوول بوو بە زیاتر دەست تێ وەردانی کاروباری وڵاتەیلی ناوچە و هەڵکشاندنی گرژی لەگەڵ وڵاتەیل یەککگرتووی

ئەمــەریکا لە ڕێی بەردەوامــیــەتی لە بنیـاتنـانی چەکی ناوکــەییــیــەوە. ئەم سیـاسـەتەش جیـایە لە سیـاسـەتی ناردنە دەرەوەی شـۆڕش کە یەکێک بوو لە بنەوایەلی سیـاسـەتی ئیـمـام خـومـەینی لە سـەرەتای شـۆڕشی ئیـسـلامی لە ١٩٧٩دا. ئەمــەی ئێـسـتــە ناردنە دەرەوەی شـۆڕش نیـیـە، ناردنە دەرەوەی تەنگژەی سـیــاسـیــیــە و برێتــیــیــە لـە کــاردانەوە و تـرس لە داهـاتوو نەک بەرنـامــەیەکی سـیــاسـیی بوێرانە. بە بەراوردیش لەگـەڵ "ناردنە دەرەوەی شۆڕش"دا هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو دواوە.

پەرەسـەندنی مێژوو هەمـوو جار کردەوەیەکی بەرەو پێشەوە نییـە. هەندێک جـار کـردەوەیەکی بەرەو دواوەیە. بۆ نمـوونە بردنەوەی پارتـی سـۆسـیـالسـتی ئەڵمان لە سـاڵی ١٩٣٢ کە پاشتر ڕێی خۆش کرد بۆ هاتنەسـەرکاری نازیزم و پاشـان هـەڵگیـرسـاندنی شـەڕی گـەوری دووەم. یاخـۆ نمـوونەیەکی نێـزیکتـر، بردنەوەی ئیسلامییەل لە هەڵبـژاردنەیل گشتیی جەزائیر و بوونی ئەو وڵاتە بە گۆڕەپـانێکی خوێناوی لە ١٩٩٢ەوە تا چەندان سـاڵ. دیموکراسی یان شۆڕش زۆر جار ڕێ خۆش دەکەن بۆ گرتنەدەستی دەسـەڵات لەلایەن هێزەیلێکەوە کە وڵات بەرەو دۆزەخ و سـەلەسیر دەبەن. هەر لە سەرەتاوە، سیاسـەتی ناردنەوە دەرەوەی شــــۆڕش لەلایەن ئێـــرانـەوە، هـەنگاوێکی بـەرەو دوا بـوو لە بزاوی سیـاسـیی وڵاتەیلی ناوچە لە ١٩٧٩دا، وەک چۆن هاتنەسـەرکاری ئیسـلام بۆ سـەر کـورسـیی دەسـەڵاتیش هەر هەنگاوێکی بەرەودوا بوو. چەند جـێی داخـە ئـەم ناوچـەیەی ئێــمـــە هێندە لێـــهـــاتووە لـە هـەنگاوی بـەرەودوا لە بـواری سیاسـەتدا.

لە سـاڵەیلی پەنجا و شێستـەیلدا، بزاوی گەلەیلی ئەم ناوچەیە لە رووکاری نەتـەوەییـــیـــەوە بۆ رووکــاری چەپایـەتی و دیمـوکــراسـی هـاتە گــۆڕان، کــە دیموکـراسی و چەپایـەتی قـۆنـاغی پێـشکەوتووترن لە قـۆناغی نەتەوایـەتی. قـۆناغی نەتەوەییش پێـشکەوتووترە لە قـۆناغی بزاوی ئاینی. وەک بینیـمـان هاتنی ئیـسـلام بۆ سـەر تەختـی دەسـەڵات لـە ئێـران هەنگاوێکی گـەورەی بەرەوپاشـەوە بوو لە بزاوی سیـاسـیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا، سـەرجـەم

رووكاری كاری سیاسیشی لەم ناوچەیەدا "نەک تەنی لەو ولاتە"، هەڵگێڕایەوە و تەفروتووناى كرد.

بێگومان بزاوی ئاینیش پێشكەوتووترە لە بزاوی تایفەیی و مەزهەبی. ئەوەی لە پاش هەڵبژاردنەیلی هاوینی ساڵی ٢٠٠٩وە لە ئێران كەوتووەتە رێ بزاوێكی تایفەیی و مەزهەبییە كە ئەنجامەكەی و هەروەها ئامانجەكەشی تەنیا بریتییە لە گێڕانەوەی بزاوەیلی سیاسیی ناوچەكە بەرەوپاش. ئێستە كۆماری ئیسلامی لە پرۆسێسی بردنە دەرەوەی تەنگژە "نەک شۆڕش"دا بێباكانە دەست لە كاروباری سەرجەم ولاتەیلی ناوچەكە وەردەدا. پێش دوو مانگ سەركۆماری ئێران ئەحمەدی نەژاد پیاسەیەكی بە ولاتی لبناندا كرد كە هیچ پیاوێكی سەلار و سەنگین پیاسەی وا بەولاتەیلدا ناكا ئەگەر لە گۆنگەر نەگەڕێ. یان ئەوەی لە یەمەن و بەحرێن و كوێتدا روو دەدەن لە سۆنگەی دەس تێ وەردانەوە، سعوودییەش كە چوار ملیۆن شیعەی هەیە لەسەر لووتكەی گڕكانێكدا رۆنیشتووە هەر ساتێک دەشێ دەنگی لێ بەرز بێتەوە.

وەک گوتمان، ئەوەی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران پێ دێتە گوتن دوو جار بزاوی سیاسیی گەلەیلی ئەم ناوچەیەی دەسخەڕۆ كرد، یەكەمیان لەوەی بزاوەكەی لە چەپ و دیموكراسییەوە گێڕایەوە بەرەو ئاینی، لە قۆناغی دووەمیشدا لە ئاینییەوە گەڕاندیەوە بۆ مەزهەبایەتی.

سەردانێكی چەند رۆژی بۆ میسر بكەی دەزانی ئەوەی لەو ولاتەدا وەک رۆژی رووناک دێتە بەدیكردن دوو هێزە، یەكەمیان دەسەلاتێكی دیكتاتۆری لە بوارەیلی تەناهی و راگەیاندن و كارگێڕیدا كە پارتی دەسەلات لەسەر تۆقەڵەكەیدا رۆنیشتووە، دووەمیش شەقامێكی جۆشاوی سەرتاپێ لە ئیخوانی جاهیلی رەشبیر. گوتم "هاوار بەماڵم، ئەمانە بگەن بەدەسەلات دەبێ ئەم ناوچەیە ببێ بەچ كارەساتێک". بێگومان ئەم دەستكارییە زلانەی پارتی نیشتمانی لە هەڵبژاردنەیل گشتیی میسردا كردی، رێی نەدا ئیخوانی سونە مەزهەبی رادیكال، لە بەرامبەر ئیسلامی شیعە مەزهەبی رادیكالی ئەحمەدی نەژاددا بگات بە تەختی دەسەلات و خۆی بنوێنێ. ئەو كاتە خۆش دەبوو،

گرژیی ئەم ناوچەیەی ئێمە لەسەر یەک خاڵ دەوەستایەوە ئەویش: دووبەرەکیی لەمێژینەی شیعە و سونە.

ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا ئەوەی نەخشاندووە کە شیعە و سونە دەسەوبەرۆکی یەکتر بن بۆ ئەوەی کێشەی عەرەب و جوو، کە یەکەمین کێشەی ناوچەکەیە ببێ بە کێشەی دووەم. بێگومان، لە ساڵەیلی داهاتوودا پرسیاری "کێ حوسێنی کوشت" لە پرسیاری نەتەوەیی و دیموکراسی زیاتر دێتە پێشەوە و دەبێ بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی دنیا. دەسکاریکردنی ئەنجامەیلی هەڵبژاردن لە میسر، ساتی سفری ئەو شەڕەی نێوان شیعە و سونەی تا وادەیەک دایە دواوە.

بزاو ژ: ١٦، کانوون یەک ١٥، ٢٠١٠

## کۆنگرەی بەڵێنی ئەرێنی

لەم رۆژانەی کۆتای ساڵی ٢٠١٠دا، کۆنگرەی پارتی رووداوێکی سیاسیی گرینگ بوو لەناو رووداوەیلی هەرێمی کوردستاندا. لە مانگەیل و ساڵەیلی داهاتوودا بەدەردانەوەی کارتێکەریی ئەم کۆنگرەیە دێتە دیتن. بەلای خۆشمەوە رووداوێکی بێ وێنە بوو، چەندان کۆنگرەی حزب و رێکخراوی کوردیم بینیوە، ئەمەیان لە هەموویان زیاتر مایەی بەختەوەریم بوو. حەوتووێک لە سیحری کۆنگرەدا ژیاین و دەیان و سەتان هەڤاڵەیلی خۆمان بینییەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو بەهۆی پرکارییەوە لێیان دوور بووین. زۆر بیربۆچوونمان بە ئاشکرا تاوتوێ کرد. راستت بوێ، پارتی تاکە حزبێکە لە بزاوی رزگاریخوازی کوردستاندا دیموکراسیی ناوخۆیی تێیدا زاڵ بێ بە شێوەیەکی راستەکی، نەک بۆ رواڵەت و رازاندنەوە. خۆش نییە مرۆڤ ئەندامی حزبێک بێ و پەسنی بدا، لەبەرئەوەی هەرچی بیڵێ دەچێتە چوارچێوەی بانگەشەوە، هەوڵ دەدەم لە بانگەشە بەدوور بم و وێنەیەکی راستەکیی ئەو رووداوە بکێشم، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی هەموو رووداوێک سیاسی بێ یان هەر جۆری تر، پاش خۆی مقۆمقۆ دەنێتەوە.

له كـۆنگرەی پارتیـدا هەسـتێکی بەختـەوەریی نیـشتـمـانیـەتی، مـرۆڤی دەگرتەوە. هەستی ئەوەی کە سەرکردەی ئەفسوناوی "مستەفا بارزانی" لە بەرامبەرتدا خۆی دەنوێنێ. تۆ لە ژێر چاودێریی ئەودا هەڵسوکەوت دەکەی و بیر دەکەیەوە. لە کاتی دەمەتەقێ و مشتومڕ لەبارەی هەر پرسێکەوە چ پرسی بچووک بوایە چ گەورە، دەتبینی هەموو دەڤەر و ناوچەیەکی کوردستان لەوێن و کەس بەجێ نەماوە. ناوبەناو لە بڵندوێژەوە گوێت لە ئاخاوتنی شێوەزاری ئێزیدییەک دەبوو، پاشان ئاخاوتنێکی ناو شاری سلێمانی، هەولێرییەکی دەشت، دەنگی فەیلییەک بە سۆرانییەکی تێک شکاوەوە، بارزانییەک، رەواندزییەک و... هتد. هەموو ئەمانە دەتبەنەوە سەردەمەیلی شۆڕشی ئەیلوول و چاخی بارزانی. ئەودەمانەی لە ژێر یەک چەتردا یەک هەست ئەم گەلەی دەجووڵاندەوە و ڕێنوێنیی دەکرد.

لە نێوان ١٥٠٠ ئەندامی کۆنگرەدا، هەستت دەکرد زۆر شتی ناوکۆ و هاوبەش "جگە لە حزبایەتی" لەرووی کەسایەتی و دنیابینییەوە کۆیان دەکاتەوە، وەک: متمانە بەخۆیی، متمانە بەدوارۆژ، بەرپرسیارەتی لە ئاست دۆزی گەلێکی چەوساوەی دەستی مێژوو، چارەنووسی کەرکووک، پرسی گۆڕینی دیموکراسی لە جڤاکی کوردیدا، بەشداریی ئافرەت لە ژیانی سەردەمییانە، مافی دیاریکردنی چارەنووس، هاتنە پێشەوەی لاوەیل بۆ جڵەوکێشیی سیاسەت، یەکسانیی نێوان سەرجەم کەمینەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کولتووریی ناو کوردستان لە ئەرک و مافی بەڕێوەبردنی وڵاتدا. لەناو ئەو هۆڵەدا دەنگدانەوەی وشەی: کوردستان، کورد، پارتی.. پارتی، لە هەموو شتێکدا پارتی و لە هەموو شوێنێکدا پارتی و هەمووشی بە ڕێبەرایەتیی بارزانی.

کۆنگرەی پارتی کۆنگرەیەکی بێ کێشە بوو بە ڕادەی ئەوەی کە رووی ژمارەی سێزدەی لە هۆشماندا سپی کردەوە، بەڵام کۆنگرەیەکی پڕ لە رکابەریی نێوان پاڵاوکەیل بوو بۆ گەیشتن بە کۆمیتەی سەرکردایەتی و وەرگرتنی پلەی بەرپرسیارەتیی ریزی پێشەوە. زۆر لە پاڵاوکەیل "مرشح" تازە

هێنده له ترس و دڵەڕاوکەدا بوون، مرۆڤ خوشحاڵ دەبوو کە لە شوێنی ئەواندا نییە. هەبوونی دەرفەت بۆ پێشبڕکەی وەک یەک لە نێوان پێشبڕکێکەرەیلدا، ئەوپەڕی بەجێهێنانی دیموکراسییە و هەر ئەمەشە دیموکراسی، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە دەڵێ دیموکراسیی بێ ڕێنوێنی، لە جڤاکی ئێمەدا چەوتی و چەوێڵیی تێ دەکەوێ، کە پاشان ئەرکێکی زیاتری دەوێ بۆ پڕکردنەوەیان، بۆ نموونە لە دابەشکردنی ئەندامەیلی سەرکردایەتی بەسەر جوگرافیادا. پێشنیازێک هاتە گوێ گوتی وا باشە کەمینەیلی وەک ئێزیدی و فەیلی و شەبەک و تورکمان و ئەوانی تر، نوێنەریان هەبێ لە سەرکردایەتیدا و بە کۆتا بۆیان بێتە دابینکردن، بۆچوونی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە وەڵامی ئەمەدا ئەوەبوو: "ئەندامی پارتی نوێنەری پارتییە نەک نوێنەری شتێکی تر". ئەم بۆچوونە هەستی ئەوانەی نیگەرانییان هەبوو، خاو کردەوە و هەموو گوتیان "بەڵێ پارتی دەبێ وابێ". بێگومان ئەوەی بارزانی گوتی، فەلسەفەیەکی پیرۆزە و ئەرکی ئەندامەیلی تازەی سەرکردایەتییە ئەو بێدادییە پڕ بکەنەوە کە لە رووی جوگرافیاوە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی تازەدا کەوتەوە. ئەمە نەریتێکی کۆنی پارتییە و لە سەردەمانی بارزانیی باوکدا پەیدا بووە، کە ئەندامی پارتی ناوچەییانە هەڵسوکەوت نەکا، هەموو شار و دێی کوردستان بە شار و دێی خۆی بزانێ و بەرپرسیار بێ لە ئاستیاندا وەکو یەک.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی نسکۆبردنی شۆڕشی چەکداریی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ زەبرێکی گەورەی پێ کەوت. هەرچەندە پاش ساڵێک لەو زەبرە پشت شکێنە، کەوتەوە جووڵە و بزاوت و هێندەی نەبرد جارێکی تر خۆی گرتەوە لەسەر گۆڕەپانی بزاوی سیاسی و چەکداریی کوردستاندا، بەڵام راستیت دەوێ بەردەوام شوێنەواری ئەو کەوتنە بەسەر جەستەی پارتییەوە هەبووە. مێژوو باجی کەوتن، گران لە کەوتوو وەردەگرێ. کۆنگرەی سێزدە متمانەی ئەوەی دا ئیتر ئەو شوێنەوارە بە جارێک لە جەستەدا هاتە سڕینەوە و پارتی لەمڕۆوە پێشڕەوایەتییەکی بێ وێنەی

کوردستان و دۆزەیل سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وەردەگرێتەوە. دانانی وشەی "نوێبوونەوە" لە دروشمی تازەی پارتیدا متمانەیەکی پتەوی گەڕاندەوە بۆ ئەندامەیلی. بەلای منەوە ئەم وشەیە بەردەوام لە ڕۆژەیلی کۆنگرەدا هەستێکی متمانە و خۆشحاڵیی پەیدا کرد.

بەشداریی ئافرەت لە کۆنگرەی پارتیدا ڕووداوێکی بەرچاو بوو. یەکەمجار بوو ئەو ژمارە بەرزەی ئافرەتی لێهاتووی کورد لە بواری سیاسەتدا ببینم و بەم گوڕە و بەم بێ منەتییەشەوە. بێگومان دەبێ بەشداریی ئافرەت بۆ ڕازاندنەوە و خەمڵ نەبێ لە کاری سیاسیدا، بگرە بەشدارییەکی کارا بێ. بزاوی دیموکراسی و ژیانی نوێدەمیش ئەمە دەخوازێ و دەسەپێنێ. یەکێک لە جوانترین ڕووەیلی جڤاکی کوردستان و ئەزموونی سیاسیی کوردستان، ئازادیی ئافرەت و دەرفەتی کراوەی بەردەمیانە بۆ بەشداری لە شان بەشانی پیاودا. کۆنگرەی پارتی لەم پرسەدا ڕووێکی ڕاستەقینەی ئەم جڤاکە بوو.

لە کۆتاییدا، بۆچوون و هیوای خۆم زیاتر پوخت دەکەمەوە لەبارەی کۆنگرە: کورد گەلێکی بێ پێناسە بووە لە ڕابردووی خۆیدا، گەلێک بووە پێپەست لە نێوان بەرداشەیل زاڵمی مێژووی کۆن و نوێ. پێش ٦٤ ساڵ بارزانیی باوک و پارتی، شوێنی پێناسەیان بۆ کورد گرتەوە، ئەویش پێناسەیەک بەم سیما و دیمایانەوە: هەڵگرتنی جیاوازی و تەپەسەری چ کۆمەڵایەتی بن چ نەتەوەیی، بنیاتنانەوەی جڤاکی کوردەواری بە پێومانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەیلی مرۆڤ، جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی سەردەمییانە لە پێوەندیی نێوان ئاینگەل و نەتەوەگەلدا، ئازادیی دەربڕین و دابینکردنی خۆشبژێوی. پارتی وەک چۆن لە سەرەتاوە بەڵێنی دا بە بەدیهێنانی ئەو پێناسە تازەیە، ئەمجارەش ئەم بەڵێنەی دایەوە. کۆنگرەی سێزدە سەرتاپێ برێتی بوو لە بەڵێنی ئەرێنی. وەک دەڵێن "بەڵێنی پیاوی ئازاش ماڵە بەسەریەوە"، ئیتر لە پاش کۆنگرەی پارتییەوە کوردستان و کوردەواری بەتەمای بەرەوپێشبردنی ڕیشەیی دەبن لە گشت بوارەیلدا.

بزاو ژ: ١٧، کانوون یەک ١٩، ٢٠١٠

## کورد دەبێ بتوێتەوە

کەس نازانێ کورد بە ژمارە چەندن، هەندێک کەس دەڵێن چل ملیۆن. ئەگەر ئەم ژمارەیە پێوەنانی تێدا نەبێ، مایەی دڵخۆشی نییە. ژمارەکە بەراورد بکە لەگەڵ دۆخی ژیانیاندا شەرمەزار دەبی، "ناوی گەورە و دێی وێران". هەندێک جار گوێت لێ دەبێ دەڵێن کورد گەورەترین گەلی سەر رووی زەوییە کە سەربەخۆییان نییە، وڵاتیان لەتلەت و کولتووریان دابڕ دابڕە. منیش جاران تەبای هەموو کورد شانازیم بەم دۆخەوە دەکرد. ئێستا پەشێمان بوومەتەوە لەم شانازییە و هەست بە سەغڵەتییەک دەکەم لە ئاستیدا. پرسیارێکیش ئاراستەی خۆم دەکەمەوە ئاخۆ ئەم گەلە کە بە درێژای مێژوو بندەست و چەوساوە بووە و هیچ رۆژێک دەسەڵاتی نەبووە بەسەر نیشتمانی خۆیدا، چۆنە ماوەتەوە و لەناو نەچووە؟ زۆر گەل بەم دۆخەیلەدا تێ پەڕیون و تەنیا ناو، یان شوێنەواریان ماوە. "بەختەوەرەیل" پێیان وایە ئەم مانەوەیە لە ئەنجامی بەرگرییە. من لەبەرئەوەی لە "بەختەوەرەیل" نیم پێم وایە ئەگەر گەلێک بەرگریی لە خۆی کردبێ، خۆی سەربەخۆ و وڵاتیش سەرفراز دەبوو. کورد بەرگریی لە وڵات نەکردووە، بەرگریی لە ناوچەی بچووک و کۆمەڵەی بچووک و خێڵ کردووە کە لەویشیاندا سەرکەوتوو نەبووە بە هۆی ناحەزی و کینەیان بۆ یەکتر. بەسەرهاتی بەکۆتا گەیشتنی میرنشینەیلی کورد لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەدا باشترین بەڵگەیە. عوسمانی یەک لە دوای یەک چەپاوی کردە سەریان، ئەوانیش کەسیان بە فریای کەسیانەوە نەچوو. با نموونە لەوە نەهێنینەوە کە چەند هاوکاریی دوژمنیان کردووە لە دژی یەکتردا.

سەبارەت بەمەیە کە شەرەفخانی بەدلیسی، کورد بە "گەلێکی خۆخۆر" ناو دەبا، هۆی خۆخۆرییەکەش دەستنیشان ناکا. بەڵام ئاخۆ گەلێک هەیە هێندە بندەست و خۆخۆر بێ بەو رادەیەی شەرەفخان باسی دەکا و لەناویش نەچووبێ؟ بەڵێ هەیە: کورد. ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە لە رابردوودا، چ بە هۆی خۆخۆرییەوە و چ بە هۆی خوێنەخۆریی دوژمنەوە، هی ئەوە نییە ئەو

گەلە مابێتەوە، هی ئەوەیە توابێتەوە. بەڵام نەتواوەتەوە لەبەرئەوەی توانەوەش "بێگومان" گونجانێکی دەوێ و کوردیش ئەو گونجاوییەی نەبووە. خۆبەستنەوە بە داونەریتی خێڵەکایەتی و دەمارگری بە ڕادەی کوێرایەتی، بوونەتە هۆی ئەوەی تاکی کورد دەست لە هیچ بنەوایەکی خۆی هەڵنەگرێ، تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵەیلدا نەکا و ژنخوازییان لەگەڵدا نەکا، نامۆییان لێ بکا لە هەموو شتدا ئەویش تەنیا بۆ پاراستنی سەربەرزیی خێڵایەتیی خۆی. تەنیا شۆڕشی ئەیلوول بوو سەرەتایەکی لەمانە گۆڕی.

منداڵ بووین قسەیەک باوبوو دەیانگوت کوردێک چوو بۆ وڵاتێکی بیانی، زۆر مایەوە بەڵام فێری زمان نەبوو، ناردیان بۆ گوندێکی دوور کە چ کوردی لێ نەبێ تا ناچار ببێ فێری زمان بێ. پاش چەندان ساڵ چوونەوە لای، لە دەرگەیان دا تا بزانن کوردە فێری زمان بووە یان نا، منداڵێک لەودیو دەرگاوە بەکوردی لێی خوڕین: "کێن ئێوە؟" جاران شانازیمان بەم بەرگرییەوە دەکرد و سەرسام دەبووین لە ئاست نەتوانەوەدا، هەر گەلێکی تر بوایە دەتوایەوە و لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجا. زۆر ماڵە کوردم لە ئەوروپا بینیوە چی کۆنینەی دەستکرد و شەرواڵ و جەواڵ و بەڕە و بەرماڵ و چاوەزار هەیە بە دیوارەوەیان هەڵواسیوە، چ سترانی کۆن و سواو و پواو هەیە بردوویانە و گوێی لێ دەگرن، تەنانەت زۆر لەم کەلوپەلەیلە لە کوردستانیشدا دەست ناکەونەوە.

ڕەنگە یەکێک لە پێسیر و بەرۆکم بگرێ و بپرسێ باشە بۆچی بەلاتەوە نەرێنییە کورد نەتوابێتەوە؟ یان ئاخۆ مانەوەی کورد بۆچی مایەی شانازی نییە؟ لێرە من وەڵامی ئەمە دەدەمەوە: بەڵێ نەتوانەوە ئەرێنییە و مایەی شانازیشە، بەڵام نەتوانەوەی کورد لە بەرگری لەخۆ، یان لە پاراستنی نیشتمانەوە نەبووە، بگرە لە پاراستنی خێڵ و سەروەریی خێڵەکایەتییەوە بووە، هەروەها لە نەبوونی گونجاوی و نەشیان بۆ توانەوە بووە. کورد شیان "قابلیة"ی توانەوەی هەبوایە لەناو خۆیدا دەتوایەوە و دەبوو بە گەلێکی یەکگرتوو. ئەمڕۆ لە سەتەی بیست و یەکەمدا زۆر خێڵی کورد کچ بەشوو نادا بە خێڵی هاوسێی خۆی، لە دەرەوەی دیالەکت و ناوچەدا ئەمە هەر روو نادا.

چەندان ساڵ بوو خەمی ئەوەمان بوو چۆن زمانێکی گشتیمان هەبێ، ئێستا کوردستانی عێراق دوو دیالەکتی هەیە بۆ خوێندەواری، فەیلی و هەورامیش داوای هەمان شت دەکەن و دەستیشیان پێ کردووە. ناشتوانی لەوبارەیەوە بۆچوونێک دەربڕی لەبەرئەوەی دەماری خێڵایەتی هێندە کشت و پەستە، دەتەقێتەوە بە ڕووی هەمووی دژێکدا. گرینگ بۆ هەموو کوردێک ئەوەیە لە کوردێکی تردا نەتوێتەوە، جا چۆن لە نەتەوەیەکی تردا دەتوێتەوە؟

نهێنیی مانەوەی کورد لە مێژوو و نەتوانەوەی لەناو گەلەیلی تردا، لەگەڵ نهێنیی نەگەیشتنی بە سەربەخۆیی و رزگاری، هەمان نهێنییە، هەردوو جاریش کلۆڵییەکە بە دەست هزر و نەریتی خێڵەکایەتییەوەیە. زیاتر لە نیوەی ڕووناکبیر و سیاسەتوانەیلی کورد ناسناوی خێڵایەتییان هەیە. بنووسی کورد هەیە، نەک یەک دەیان، لە نوێباوترین بابەت دەدوێن و دەنووسن، یان بەڵگەی بەرزی خوێندنیان تێدا هێناوەتەوە، بەڵام ناوبانگ و ناسناویان خێڵ و دەڤەر و گوندە. سەرکردایەتیی کورد ئەگەر بیەوێ کورد ببێ بەخاوەنی پێناسەیەکی سەردەمییانە، دەبێ بەر لە هەموو شت بنج و بناخەی خێڵەکایەتی هەڵتەکێنێ. بێگومان داوای کاری لابڕ "متطرف"انە ناکەم، دەشێ لە هەنگاوی سادە و کورتەوە دەستی پێ بێتەکردن، بۆ نموونە دانانی ناسناو یان پاشناو بۆ خەڵک. مرۆڤ بە ناسناو دێتە ناسینەوە نەک ناوی باووباپیری، ئەوە نەریتێکی خێڵەکییانەیە کە دەبێ مرۆڤ ناوی باوک و باپیری پێوە بێ تا نەمریان بکا. هەموو وڵاتەیلی دنیا ئەم پێڕەوە ڕەچاو دەکەن تەنانەت وڵاتەیلی هاوسێشمان. دەبێ ناوی خێڵ و گوند، چیی تر پاشناو و ناسناو نەبن، تەنیا لە چەند دۆخێکی کەمی وەک بنەماڵەی بارزانی یان بنەماڵەی مام جەلال لەبەرئەوەی ناوبانگیان لە سنووری کوردستان تێ پەڕیوە و بوونەتە بەشێک لە مێژووی کورد.

چار نییە دەبێ کورد بتوێتەوە، بەڵام توانەوە لەناو غەیرەدا نا، لەوە دەرچووە کورد جارێکی تر مەترسیی توانەوەی لێ بێتە کردن، کورد بە چەوسانەوە لەناو بچوایە دەبوایە لە تورکیادا نەمایە. کورد دەبێ لەناوە خۆیدا

بتوێتەوە و چیی تر ئەم گاڵتەجاڕییە نابەرپرسانەیە نەمێنێ. پێش چەند ساڵ عەرەبێکی ئوردنی لێی پرسیم تۆ خەڵکی هەولێری، ئێوە و فلانە شار ناحەزی یەکترن. گوتم شتی وا نییە. گوتی چەند هاوەڵێکی ئەو شوێنەم هەیە پێیان گوتووم کێشەی گەورەمان لەنێواندا هەیە. هەستم بە شەرم و بەخۆدا شکانەوە کرد لەم ریسواییییە.

ئەزموونی کوردی پێویستی بە پیاوی دووربین و بەرنامەدار هەیە، بە هەنگاوی ورد و خێرا، هەنگاوی بەردەوام و بێ پسانەوە. دەشێ لەگەڵ سەرژمێرییەکی گشتیدا، بۆ نموونە سەرژمێریی هەرێم ئەگەر لە داهاتوودا بێتە کردن، دانانی ناسناو و پاشناو بەسەر خەڵکدا بێتە سەپاندن. دەزگایەکی کوردی دەتوانێ دەیان هەزار ناسناو دیاری بکا و ئەوانەی ناسناویان نییە، ئازاد بن کامیان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەمە دیمەنی خێڵەکییانەی جڤاکی کوردەواری دەگۆڕێ و دەیکا بە جڤاکێکی نوێدەمانە. هەنگاوێکی سادە و سەرەتاییییە بۆ توانەوەی کورد لە ناوەخۆیدا، بەڵام هەنگاوێکی بنەڕەتی و پێویست.

بزاو ژ: ١٨، کانوون یەک ٢٢، ٢٠١٠

## بەرگری لە فەرهاد پیربال

ناوبەناوێک لە نێوان مەلا و ڕۆشنبیرەیلدا شەڕ سەر هەڵدەداتەوە. ئەمە شەڕێک نییە ڕۆشنبیرەیل بیخوازن وەک مەلایەل ڕای دەگەیەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، دەق پێچەوانەکەی ڕاستە، لەبەرئەوەی هەموو جار بڵندوێژی مزگەوتە کە دەنگی لێوە هەڵدەستێ و ئەوانن ڕۆشنبیر بە گاور و لە ئاین وەرگەڕاو لە قەڵەم دەدەن و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن. تا ئێستە ڕۆشنبیرێک خوێنی مەلایەکی حەڵاڵ نەکردووە هەرچەندە بەشێک لەم مەلایەلە بیرێکی زۆر بۆگەن و دواکەتووانە بڵاو دەکەنەوە بەناو گەلێکدا کە تازە دەرفەتی هەڵسانەوە و خۆناسینی بۆ دابین بووە. ئەوەی ئەوان دەیکەن گوناح و تاوانێکی زلە، یاسا

دەیگرێ ئەگەر بێو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بێتە کردن. بەم مەلایەلە بێ، کورد دەگێڕنەوە پێش هەزار ساڵ وەک ئەوەی کورد زۆری خێر و بەرەکەت لەو پێش هەزار ساڵە وەرگرتبێ و ئێستە لە دەستی چووبێ.

من لە هەمــوو مــەلایەل نادوێم، مــەلاش باشــیــان هەیە. مــەلای جــاران ڕێنوێنیکاری جڤاک بوون، چەند پیاوی سـەرناس لە رابردووی کـوردەواریدا هەڵکەوتوون، بۆ نموونە لە بواری جڤاکیدا وەک مەلافەندیی هەولێری، یان لە بواری بیری روونکاری "تنویر" و ئەدەبدا مەلای گەورەی کۆیێ، جاربەجاریش پیـاوی سـیاسـیی گـەورە لە ریزی مـەلایەلدا هەڵکەوتووە وەک پێشەوا قـازی مـحـەمـەد. ئـەمانە وەک کـە پیاوی ئاین بوون، لە هەمان کـاتدا جڵـەوکێشی جڤاکیش بوون بۆ رزگاربوون لە دەرد و کوێرەوەری.

ئەو شـەڕەی ناوبەناو لـە هەولێر یان لە سلێمانی، لە نێوان رۆشنبیرەیل و مەلای مزگەوتێلدا سـەر هەڵدەداتەوە شەڕی ئاین نییە وەک مەلایەل جاڕی بۆ دەدەن، ئەوان ئەگەر بیانەوێ شـەڕی گاور بکەن کەس رێی لێ نەگرتوون با بە شیر و مـەتاڵەوە بچن بۆ گاورستـان، ئەم شـەڕە شـەڕی بەهایەلی جڤاکییە. ئەوان دەیانەوێ ئێمە لە سـەتەی بیست و یەکەمدا وەک سـەتەی حـەوتەم بیر بکەینەوە و هـەڵسوکەت بکەین، ئەوان پارێزگاری لە بەهایەلێکی رزیو دەکەن کە باوی نەماوە، بەڵام هەرچی رۆشنبیرەیلە، دەیانەوێ ببن بەپرد بۆ گەیشتنی بەهایەلی نوێ و سـەردەمییـانە بە جڤاکی کوردەواری، کـە ئەم جڤاکە زۆری پێــویست پێــیــەتی. ئەم جـۆرە مــەلایەلە هێندە پەرپووت و دابڕاون لـە ژیان تەنانەت ناتوانن ئەو بەهایەلەی بۆی بەپەرۆشن و لەسـەری دەکەنەوە، لە ماڵی خۆشیاندا بسەپێنن یان ساغی بکەنەوە، دێن لە وتاری هەینیدا رەشوڕووتی پێ دەسخەڕۆ دەکەن. ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ لە سەردەمی "ئایپاد"دا شاباش بۆ داهێنانی "سیواک" بکەی.

پێش هەزار و ٤٠٠ سـاڵ لەم دەڤەرەی ئێمەدا کە ئیسلام سـەری هەڵدا و تا ماوەیەکی زۆری پاش ئیسلامیش، ئافرەت کۆیلە بوو. کەس ناتوانێ نکوڵی لەمــە بکا لەبەرئەوەی تۆمــاری مــێــژوو هەزاران نموونەی گـرتووەتە خـۆ.

سەرکردەی ئیسلام هەیە پیاوی کوشتووە و هەمان شەو لەگەڵ ژنەکەیدا "ژنی کابرادا" نووستووە. من ناڵێم ئاینەکە وا بووە یان ڕێی ئەمەی داوە، دەڵێم ئەمە بەها و نەریتی ئەو ڕۆژەیلە بووە. ئێستە مەلای کورد لە وتاری هەینیدا داوای زەوتکردنی مافی ئافرەت و بەکۆیلەکردنی مێیینە دەکا، بیر و هزری کۆنینەی خۆی لە هەزار بەندوباوی پڕوپووچەوە دەپێچێ و دەیفرۆشێتەوە. ئەمە پیاوێکی دواکەوتووی کۆنەخوازە بەگوێرەی نەریتی ئێستە، لەبەرئەوەی دەقی یاسا داوای یەکسانیی نێر و مێ دەکا. زۆربەی توندتیژی لە دژی ژن سەرچاوەکەی لەم وتارەیلە بۆگەنەوە دێ و زۆر لەم ئافرەتەیلە داماوە بوونەتە قوربانیی وتارەیلی مزگەوت. وەزیری ئەوقاف لەبەرئەوەی نوێنەری هزری کۆنە، دژی یەکسانییە و ڕێ لە "جێندەر" دەگرێ. بێگومان ئەو دەزانێ جێندەر یەکسانییە، ئەگەر نەیزانێ ناشێ وەزیر بێ لە حکوومەتێکدا کە دروشمەکەی یەکسانییە، دەڵێ جێندەر مارەکردنی مێ و مێ یان نێر و نێرە لە یەکتر. سەیرکە چۆن بەهایەلی سەردەمییانە ریسوا دەکەن.

کێشەی ئێمە ئەوە نییە ئاوەزکەی کۆن لە جڤاکی ئێمەدا زاڵە، بێگومان جڤاکێک هەزاران ساڵ بیری خێڵەکییانە بەڕێوەی بردبێ لەمە باشتر نابێ، کێشەی ئێمە ئەوەیە کوردستان کە تازە بووە بە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و خۆبەڕێوەبردنی خۆی، دەیەوێ ژیانێکی نوێدەمانە بۆ جڤاکی خۆی پێشکێش بکا. یاسا و دەستووری هەرێم هەمووی لە روانگەی سەردەمییانە و پێشکەوتنخوازییەوە هاتوونەتە داڕشتن، بەڵام لەولاوە، داودەزگای میری و دادوەری، مۆنجەیان دێ لە مێشکی بەتاڵ و کەللەی کۆن. مزگەوت دەزگایەکی رەسمییە، مەلا و مزگەوت مووچە و بەرات لە حکوومەت وەردەگرن، ناشێ ئەمانە بە بارێکدا رای بکێشن جیا بێ لە رووکاری گشتیی حکوومەت. وا بڕوا ئەم ئەزموونە لە ناوەندەوە دەپچڕێ و دەبێ بە دوو بەشەوە. یاخۆ داودەزگای دادوەری چۆن دەبێ جێی دادوەر و کارمەندی وای تێدا ببێتەوە کە بەرگریکار نەبن لە بەهایەلی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بیری تۆز لەسەر نیشتووی هەزار و ئەوەندە ساڵە، لە ڕێی دادگەوە جارێکی

تر بەرەو رووی رۆشنبیرەیل و داهێنانی ئەدەبی دەبێتەوە و دەبێ بە مایەی تۆقاندنیان. ئەمە وا دەکا کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی رۆشنبیری ببێ لە جۆری ئەوەی ماو تسیتونگ لە سەرەتای شێستەیلی سەتەی رابردوودا لە چین، لە ئاست ناحەزانی سیستەمەکەیدا کردی. داودەزگای حکوومەت و دادوەری و مزگەوت و هەر شتێکی تر، کە حکوومەت بەخێویان دەکا و خەرجییان بۆ دەکێشی، دەبێ هەڵگری پەیامی رەسمیی حکوومەت بن نەک شتێکی تر. رۆشنبیرێک لە بەرامبەری دادگەدا وەک تاوانبار و دیل بووەستێ لە سۆنگەی بڵاوکردنەوەی دەقێکی ئەدەبییەوە، ئەمە ئەو داهاتووە نییە کە خەڵک خوێنیان بۆی رشت و خەباتیان بۆی کرد. دۆڕاندنی بنووس و شایەر و رووناکبیرەیلی وڵات لە دادگەیلی کوردستاندا لە بەرامبەر سکاڵا و گازاندەی مەلا و ئیسلامییەلدا، مژدەیەکی ناخۆشە و ئاماژەی داهاتوویێکی لێڵ و مەترسیدارە. نابێ رۆشنبیر بدۆڕێ و مەلا بیباتەوە، ئێستە چاخەیلی ناوەندیی ئەوروپا نییە، سەتەی بیست و یەکەمە و ریسواییمان لە چرکەیەکدا دەگا بەوپەڕی دنیا. ئەم مەلا و ئیسلامی و بیر بۆگەنانەی ناو جڤاک، لە سەردەمی ئایپاددا بازاڕ بۆ سیواک گەرم دەکەن، بیرکردنەوەشیان هەر لە رادەی ئەو جیاوازییەدایە، بۆیە بە نموونە دەیهێنمەوە.

بەڵام نابێ رۆشنبیرەیل چۆک بدەن لەم شەڕەدا، کە شەڕی مان و نەمانی نێوان بەهایەلی کۆنەی رزیو و بەهایەلی ژیانی سەردەمە. فەرهاد پیرباڵ ماوەی هەشت مانگە لە ژێر پاڵەپەستۆدایە، تەنیا بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکا لە مەلایەل و لە بیروباوەڕی خۆی پەشێمان ببێتەوە، نەیکرد تا چووە بەردەمی دادگە. نەدەبوو رۆژنامەی "ئاسۆ" کە لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێم خۆی، واتە لەلایەن د. بەرهەمەوە دەردەچێ، داوای لێبووردن بکا لە بڵاوکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی کە لەوپەڕی جوانیدایە. مێژووی ئەدەبی عەرەبی پڕاوپڕە لە دەقی ئەدەبیی وا و لەمەش کراوەتر، کە عەرەب خۆیان خاوەنی راستەقینەی ئاینەکەن و کەسیشیان دەنگی لێوە نایێ.

بزاو ژ: ١٩، کانوون یەک ٢٦، ٢٠١٠

## ئازادی بەرپرسیارەتییە

یاسا چییە؟ یاسا رێکخستنی پێوەندیی نێوان دوو لایەنە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بەیەکەوە هەڵبکەن بێ ئەوەی کەسیان بۆی بلوێ سنووری دەسەڵاتی خۆی ببەزێنێ و پەلدرێژی بۆ بازنەی دەسەڵاتی ئەوی تر بکا، یان خۆی لە ئەرکی سەرشانی بدزێتەوە لە بەرامبەر مافی ئەوی تردا. ئەمە پێناسەیەک بۆ یاسا، دەشێ پێناسەیەکی تریشی بۆ بدۆزینەوە و بڵێین یاسا بەدەردانەوەی هەڵکەوتی جڤاکی و ئابووریی سەردەمێکی مێژووییە، نەینۆکی جڤاکێکە بۆ پێشاندانی خۆی. بێگومان لە یەک جڤاکیشدا یاسای سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر و جیاواز، دەست نادا و دەبێ بە گوێرەی ژیانی نوێ، یاساش گۆڕینی تێدا بێتە کردن. لەبەرئەمە، یاسایەک لە جڤاکێکی دیموکراسیدا دادپەروەرانەترە لە یاسای جڤاکێکی پێچەوانەی خۆی کە تێیدا دەستدار و بێدەست هاوسەنگ نەبن لە ئەرک و مافدا. تەنانەت لەیەک جڤاکیشدا، با بڵێین لە جڤاکێکی دیموکراسیدا کە گۆڕینی دەسەڵاتەکەی ناوبەناو دەبێ، لەوێشدا یاسا بەردەوام و بەپێی پێویست گۆڕانی تێدا دەبێ.

کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە منەتی بەدەرویشت نەبێ و چۆنی حەز بکا وا هەڵسوکەوت بکا، کوردستان سوپا و هێزی چەکداری ئەوتۆی نییە بەرگەی پەلامار یان تەنانەت هەڕەشە و بڕ و بیانووی دەرەکیش بگرێ ئەگەر بیانەوێ گێچەڵی پێ بکەن. کوردستان ئابووریی پتەوی نییە بەرگەی ئازاردان بگرێ. دۆخی سیاسیی کوردستان لە هێلکەی دەڵەمە دەچێ، ئەگەر نابەرپرسانە گەمەی لەگەڵدا بێتە کردن ئەوەی هەیە لە دەست دەچێ یان تووشی کێشەی گەورە دەبێتەوە کە پاشان باجەکەی گران دەکەوێ لەسەری. ئەمە دۆخ و هەڵکەوتێکە، هاووڵاتیی کوردستان نییە نەیزانی یان بۆی شاراوە بێ. بەڕاستی مایەی سەیر و سەمەرە پێهاتنە میدیای کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا داخواز لە کوردستان دەکەن یان باری لێ بار دەکەن.

یاسایەک لە کوردستان دەربچێ، بەدەردانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی جڤاکی خۆمانە نەک جڤاکێکی تر کە لە قۆناغێکی تردا ژیان بەسەر دەبا. بێگومان بنەوایەلی ئازادیی مرۆڤ هەمان بنەوایەلە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک جیاواز نییە، ئەمە مامەڵەی تێدا نییە، بەڵام هەر وڵاتێکیش بارودۆخی خۆی هەیە کە دەبێ لە یاسایەلی ویدا رەنگ بدەنەوە. گەر وا نەبێ، دەبێ بە پرسی مریشکەکە و هێلکەی قاز کە لە دواییدا مریشکی تاین تەنیا ئازاری جەستەییی بۆ دەمێنێتەوە. بێ لەمانە هەمووی، دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، واتە پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکی هەرێم، بە هەڵبژاردنی گشتی لەلایەن گەلەوە هاتوونەتە سەر کار. لە جڤاکێکی وادا متمانە بناخەی پێوەندییە لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا، متمانە نەمێنێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستا هەیە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا متمانە وەرناگرێتەوە و ئاوەوئاو دەچێ. بۆیە حکوومەتی کوردستان ناچارە لە هەموو یاسا و رێنوێنییەکیدا رەچاوی هاوسەنگی بکا لە نێوان مافەیلی خۆی و گەلەکەیدا تا متمانە بپارێزێ.

ئەمرۆ لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەیەکی رۆژانەدا، هەواڵی ئەوەم خوێندەوە کە پەرلەمانی کوردستان دوێنێ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەیلی خۆی، رەتی کردووەتەوە گفتوگۆ لەبارەی یاسایەکەوە بکا کە سێکسفرۆشی لە کوردستان قەدەغە دەکا. هەر ئەمەش چاوەڕوانییە لەم پەرلەمانەوە، کە پەرلەمانێکە بژاردەی گەلە و دەبێ یاسایەل لەپێناو پاشەڕۆژی پرشنگدار لە کوردستاندا دەربکا نەک گەڕانەوە بۆ دواکەوتوویی. یاسای خۆپێشاندانیش بە هەمان شێوە، یاسایەکە جێی بڕوا و متمانەیە. خۆپێشاندان و رێپێوان مافی دەستوورەکین و لە ئازادییە بنەڕەتییەکانی جڤاکی ئێمەدان، بەڵام ئەم مافە یاسا رێوشوونی کردەوەییی بۆ دێتە دانان. ئەم یاسایەی خۆپێشاندان بە بۆچوونی زۆر کەس لەوانەی بینیومن، یاسایەکە ئەوپەڕی وردایەتیی تێدا هاتووتە رەچاوکردن بێ ئەوەی لە خوتی مافەکە هاتبێتە کەمکردنەوە.

ئۆپۆزسیۆنی کوردستان سکاڵا لەوە دەکا کە بەپێی دەقی یاسایەکە،

خۆپێشاندان دەبێ مۆڵەتی پێشەکیی لە دەسەڵاتەوە بۆ بێتە وەرگرتن. ئەو دەڵێ ئەمە نابێ لەبەرئەوەی لە ئازادییەکە کەم دەکاتەوە. دەڵێ دەسەڵات تەنیا مافی ئەوەی هەیە بێتە ئاگەدارکردنەوە، بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێ داوای خۆپێشاندانەکە رەت بکاتەوە. ئەمەی ئۆپۆزسیۆن و میدیای کوردستان، داوایەکی نابەرپرسانەیە. ئێمە دەبێ بزانین، بگرە "دەبێ" حەزیش بکەین، کە هەندێک ئازادی، بەتایبەتی ئازادییەلی سیاسی لە وڵاتەکەماندا مەرجیان هەبێ. کوردستان لە بۆشاییی ئاسماندا باڵەفڕکە ناکا تا فشەی بە دنیا بێ. ئێمە بە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی هاتووینەتە دەورەدان کە سەتان کێشە هەیە لەو نێوانەدا. خۆپێشاندانی چەند سەت کەسێک بۆ پشتیوانی لە داخوازێکی کوردی لە بەشێکی تری کوردستاندا، کە ئاڵای تورکیا یان ئێران یان وێنەی هێمایەلی ئەو وڵاتانەی تێدا بێتە سووتاندن، بۆ نموونە وێنەی ئیمام خومەینی یان مستەفا کەمال، یان رەسمی ئاپۆی تێدا بێتە بەرزکردنەوە، ئەمە کێشەی "سەر" بۆ حکوومەتی هەرێم و سەرتاسەر ئەو ئازادییە دەنێتەوە کە تێیدا دەژین.

دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بێگومان داخوازێک بۆ خۆپێشاندان رەت ناکاتەوە کە پێوەندیی بە مافی "بۆ نموونە" کرێکارەیلی کارگەیەکەوە هەبێ، یان جووتیارەیلی دێهاتی ناوچەیەکی کارەسات لێداو، یان بەرگری لە مافی دانیشتوانی خانووە قوڕەکانی گەرەکێکی لاپەڕگەی شارێک، یان رەتکردنەوەی رێنوێنی و یاسایەکی حکوومەت کە خەڵکێک لارییان لێی هەبێ. حکوومەتی کوردستان ئەمانە بکا، هەزار و یەک شێواز و رێ، لە پێش خەڵکدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی. لەبەرئەوە، بەبۆچوونی من بیانووگرتن بە یاسای خۆپێشاندانی کوردستان کە کەمتر لە مانگێکە سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر کردووە و هێشتا هیچ مەشقێکی لەسەر نەکراوە، زیاتر لە "فیکەی حەرامزادە" دەچێ. ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەبێ شەرم لەوە بکاتەوە، لەم جۆرە پرسەیلەدا حکوومەت لە گەمارۆ بکێشێ. ئەم حکوومەتە هەزار و یەک کەموکورتیی هەیە کە دەبێ بە پاڵەپەستوی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد و

شـەقـامـی ناڕازی، بێنـە چارەسـەرکـردن کـە بێگومـانم هـەندێکیـان و "ڕەنگە زۆریان" خۆپێشاندانیان بوێ و دوور نییە هەندێکیان توندتیژیشی تێ بکەوێ.

مـافی ئۆپۆزسیۆنە بە هەموو شێوازێک خەبات بکا تا جێ بە دەسـەڵات لەق بکا و خۆی بچێتە سـەر کورسییەکەی، بەڵام ناشێ لە ڕێگەیەکەوە بۆ کورسی بچێ کە وڵاتی تێدا بکەوێتە مـەترسـییەوە. ئازادی دەبێ چوارچێوەدار بێ، بە تایبەتی ئازادیی سیـاسی، بە تایبـەتیش بۆ جڤـاکی کوردەواری و حکوومـەتی هەرێمی کوردستان، کە هەزار هەڕەشە خۆیان بۆ لە پارێز ناون. ئەمەریکا بەم زلیـیـەی خـۆیەوە پێش چەند مـانگێک ڕێی نەدا بە قـەشـەیەک قـورئانێک بسووتێنێ لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسلام و هەڵکشانی ڕەوتی تیرۆر لە دنیـادا، چۆن داوا لە حکوومـەتێکی نـاوچەیی وەک حکوومـەتی هـەرێم دێتە کردن کە ئازادیی خۆپێشاندان تێیدا بێ سنوور و بێ لەمپـەر بێ. خۆ ئازادی گاڵتە نییە.

بزاو ژ: ٢٠، کانوون یەک ٢٩، ٢٠١٠

## کەرکووک بۆ کوردستان ٤

سـاڵەیلی هەشـتـا هـەر جـارەی لە بەغداوە دەهاتینەوە بۆ کـوردسـتـان، کـاتێ دەگەیشـتینە حەمرین هـەستی نامۆیی و بیانەتیمـان دەڕەویەوە، وامان دەزانی گەیشتینەوە ماڵ. بەلامـانەوە بۆن و بەرامەی هەوا و خـاکیش دەهاتنە گۆڕان، ئیتر لێرەوە کوردستان بوو. حـەمرین زنجیرە کەڤی و نەواڵێکە دەکەوێتە ١٠٠ کیلۆمـەتر خـوارەوەی شـاری کـەرکـووک. ئێرە سنووری کـوردسـتـانە و لێرەوە گوندی کوردی و ژیانی کوردەوارییـانە دەست پێ دەکەن. شـوفێرەیل کوردی هێڵی بەغدا، شەوانە هـەر کاتێ هەلیان بۆ هەڵبکەوتایە، لێرە دەوەستان و کێلە بەردیان قیت دەکردەوە وەک نیشانەی سنـوور. بە ڕاستی ئەم شوفێرەیلە لاوی بێباک و چاونەترس بوون، ملی خۆیان لە چەقۆ دەسوی، ئەو ساتانە کۆنگەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی سەدام و بەعس بوو.

ئەودەمانە خەبات بۆ کەرکووک خەباتێکی گشتی بوو، بە درێژای مێژووش پرسی کەرکووک هەر وابووە. هەموو هاوولاتییەکی کورد خۆی بە بەرپرسیار زانیوە لە چارەنووسی کەرکووک و لە شوێنی خۆیەوە چیی بۆی لوابێ کردوویەتی. ئەمڕۆ زۆر هەست و هۆشیاری هاتوونەتە گۆڕان، چەندم پێ ناخۆش دەبێ کاتێ کەرکووکییەک سوپاسم دەکا لە ئاست وتارێکم کە لەپێناوی کەرکووکدا نووسیومە، دەڵێن تۆ کار بۆ شاری ئێمە دەکەی، بەڵام من بەو هەستەی چاکەیەک لەگەڵ کەرکووکییەلدا دەکەم بیر لە کەرکووک ناکەمەوە. کەرکووک خەمی خۆمە و دەبێ خەمی هەموو کەسێکی تریش بێ. جوانترین قسەیەک لەبارەی ئەو شارەوە بیستبێتم ئەو ئاخاوتنەی مام جەلالە کە پاش راپەڕین کردی: "ئێمەش دەس لە کەرکووک هەڵگرین کوردی پارچەیلی تر دەستی لێ هەڵناگرن". راستە و دەبێ کەرکووک خەمێکی گشتیی کوردی بێ، ئەو کاتانە دروشمێک هەبوو لاوەیل دەیانگوتەوە "یان حەمرین یان دەمرین".

ئێستە کەرکووک کێشەی کەس نییە، پێش چەند ساڵێک کۆوارێکی دەزگاکەی ئێمە ئەو بڕەی چاپمان کردبوو لێی، نەهاتە فرۆشتنەوە بە پێچەوانەی ژمارەیلی پێشووی، پرسیمان بۆ وایە؟ گوتیان لەبەرئەوەی بەرگەکەی لەبارەی کەرکووکەوە بووە. رۆشنبیرەیل و هاوولاتییەلی ئاسایی کوردستان و تەنانەت کەرکووکییەل خۆشیان بە مام جەلالیشەوە، ئەو دۆزەیان بەجێ هێشتووە بۆ یەک کەس ئەویش سەرۆک مەسعوود بارزانییە. بێگومان بارزانی شانازی بە بەرپرسیارەتییەکی واوە دەکا، دوا کەسیش دەبێ دەست لە کەرکووک هەڵگرێ، بەڵام وەک من لێی ورد دەبمەوە ئەوە مامەڵەیەکی هەڵەیە هەموومان دەیکەین. بۆ کەرکووک، دەبێ بەرپرسیارەتی گشتی بێ نەک کەسانی. دەبێ بەرپرسیارەتییەکی جڤاکیش بێ نەک تەنێ سیاسی.

ساڵی ١٩٧١ رژێمی عێراق پلانێکی دانایەوە بۆ تیرۆرکرنی ئیدریس بارزانی، یەکێک لە کوڕەیل لێهاتووی مەلا مستەفا لەو سەردەمەدا. پلانەکە بە رێکەوت سەر نەکەوت. پاشان لە ١٩٧٣ کۆمەڵێک مەلا کە بەعس ناردبوونی،

بەشدارییان لە پلانێکدا کرد ئەمجارە بۆ تیرۆرکردنی بارزانی خۆی. ئەویش هەر سەر نەکەوت. پێشمەرگە گوتیان: "تەواو، ئیتر ڕێگەی ئاشتی لەگەڵ بەعسدا هاتە گرتن". داوایان لە بارزانی کرد شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەو گوتی: "من دەزانم لەگەڵ ئەمانەدا ناگەین بە هیچ و شەڕ هەر دەست پێ دەکاتەوە بەڵام با لەسەر من و کوڕی من نەبێ، با لەسەر پرسێکی گشتیی وەک کەرکووک بێ". ئەودەمانە دیار بوو بەعس کەرکووک بە هیچ بارتێک ناداتەوە بە کوردستان و خۆی ساز دەداتەوە بۆ شەڕ. لە وتووێژێکی دوای ڕاپەڕینیش لە نێوانی نوێنەرەیلی بەرەی کوردستانی و عێراقدا، تاریق عەزیزی جێگری سەدام حوسێن بە نوێنەرەیلی کوردی گوتبوو: "کەرکووک چوو، ئێوە ناتوانن هیچی بۆ بکەن، تەنیا ئەوە دەتوانن کاتێ لە کوردستانەوە دێن بۆ بەغدا و بە کەرکووکدا تێ دەپەڕن، فرمێسکی بۆ بڕێژن".

ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نیوان کورد و عێراقدا دەستی پێ کردەوە و ئەو ڕێککەوتنەی لە ساڵی ١٩٧٠دا بەستبوویان هەڵوەشایەوە. پاش ئەوە چیرۆکەکە گشتی دیارە، کارەساتی نووچدانی شۆڕش و خەمی دواکۆچی سەرکردەکەی، کارەساتەیلی ساڵانی هەشتا، هەموویان بەهۆی ئەوەوە هاتن کە کورد دەستی لە کەرکووک بەر نەدا. کوردی سەرتاسەر کوردستانی عێراق، تەنانەت فەلە و تورکمانیش کە لە شۆڕشدا گلان، لەپێناوی وەرگرتنەوەی کەرکووکدا گلان و هەمووشیان دەیانزانی بۆ ئەم مەبەستەیە دەگلێن. کەرکووک دۆزێکی گشتی و خەمێکی گشتی بوو ئەوێ دەمێ، ئێستەش دەبێ وا بمێنێ ئەگینا دەڕوا و دەدۆڕێ. دەبێ کار بۆ ئەوە بێتەکردن کەرکووک بەرپرسیارەتییەکی گشتی بێ نەک تەنێ بەرپرسیارەتیی سەرۆک. من لەوە دڵنیام خەون و خەیاڵی سەرۆک بارزانی و گرەوی ژیانی ئەو، وەرگرتنەوەی کەرکووکە، بەڵام ئاشکرایە خەونێکی گشتی، بە تەنیا کەسێک نایەتە دی.

نموونەیەک لە بەرپرسیارەتی بۆ کەرکووک: ساڵی ٨٥ لاوێکی کەرکووکیم لە بەغدا ناسی. دەسگیرانەکەی هەولێری بوو، خۆی گوڵفرۆش بوو و دوو حەوتوو جارێک لە کەرکووکەوە دەهاتە بەغدا گوڵی دەبردەوە بۆ دووکانەکەی. لاو

بووین، ئەو بەردەوام باسی دەسگیرانەکەی بۆ دەکردم کەوا خەریک بوون ژیان پێکەوە بنێن. جارێکیان هاتەوە و هیچ باسی دەسگیرانەکەی نەکرد، تا من لێم پرسی گەیشتن بە چی؟ گوتی جیاوە بووین. بۆ؟ "بەسەرسوڕماوییەوە گوتم". لەبەرئەوەی دەبوایە پێناسەی باری کەسایەتیی خۆی بگوازێتەوە بۆ کەرکووک، ئەودەمە هیچ کوردێک نەیدەتوانی تەنانەت لە ژنهێنان و شووکردنیشدا ناوی خۆی بباتە سەر شاری کەرکووک. بەپێی پلانی بەعس، دەبوایە کەرکووک کوردی لەبەر بڕوا نەک بۆی بێ. ئەو لاوە کوردە کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، دەستی لە دەسگیرانەکەی بەر دا. سەرسام بووم، "کەرکووک لە یار خۆشەویستتر" لە خەیاڵی خۆمدا گوتم. ئێستەش لە ئاست راستگۆیی و خەباتی ئەو لاوە کوردەدا هەست بە سەرسامی دەکەم. ویستم وتووێژێکی لەگەڵدا بکەم، بواری نەدا، وا دیاربوو ئیتر دڵی بۆ دەسگیرانەکەی لێی نەدەدا.

کورد لە مێژووی کۆن و نوێی خۆیدا هیچی بە هیچ نەکردووە، هەر ژێردەستی و هەر ژێرکەوتن، بەڕادەیەک کە مرۆڤ هەندێک جار هەست بە رمان دەکا لە ئاست ئەم رەنجەڕۆییەدا. ئێستە کە تازە ئەم گەلە هاتووەتە سەر شاڕێی ژیانی نوێدەمانە، نابێ پشووی سوار ببێ، نابێ بە کۆڵدان و پاشەکشە، دەست بە مێژووی نوێی بکا. کەرکووک خۆیشی گرینگ نەبێ و نەوتەکەشی هیچ نەبێ، ناشێ ئەو خوێنانە بە فیرۆ بڕۆن کە هاتنە رژان و ئەو ساڵەیلەی تەمەنمان کە بێوەر بوون. تەبیاتێکی کوردی هەیە ئەوەیە زوو گەرم دەبێ و زووش سارد دەبێتەوە. ئەمە خوو و تەبیاتی خێڵەکییانەیە کە بە دوورابیییەکی زۆر کورت پێشەخۆی دەبینێ. من زۆرجار لە داخا دەڵێم بیرەوەریی گەلەیل نەخشی سەر بەردن بەهیچ نایەنە سڕینەوە، بەداخەوە بۆ ئەم گەلەی من، بیرەوەرییەکەی نەخشی سەر ئاوە، هێشتا تەواو نەهاتووەتە نووسین، سڕاوەتەوە.

بزاو ژ: ٢١، کانوون دوو ٥، ٢٠١١

## بەرگرییەک لە مەلا فەرمان

دەمویست وتارێک بنووسم بپرسم: ئاخۆ مەلا گرینگییەکەی جارانی ماوە بۆ جڤاکی کوردەواری یان نا؟ لەبەرئەوەی هەموو ئەرکێک بەگوێرەی پەرەسەندنی ژیان دێتە گۆڕان، ناشێ مەلا هەتاهەتایە هەمان ڕۆڵ ببینێ لە کاتێکدا جێگرەوە بۆ زۆربەی ڕۆڵەیلی ئەو پەیدا بووە. جاران مەلا، ژنی مارە دەکرد ئێستە دادگە دەیکا. میراتی دابەش دەکرد، یاسا دەیکا. ئامۆژگاریکار و ڕێنوێن بوو بۆ جڤاک، راگەیاندن هەیە. منداڵەیلی فێری خوێندن دەکرد، قوتابخانەی سەردەمییانە دەیکا. شەڕ و گرژیی نێوان لایەنەیلی دژبەیەکی دەوەستاندەوە، پۆلیس دەیکا. تەنانەت ئێستە ڕێنوێنیی ئاینیش لە راگەیاندن و بەرنامەی تایبەتەوە دێنە وەشاندن، مەلا تەنیا پێشنوێژیی بۆ ماوەتەوە. کارەیلی تر هەمووی ئەرکی داودەزگای میرین، مەلا بیکا پێشێلکردنی یاسایە. بۆ نموونە سانسۆری کتێب کە مەلایەل لە ڕێگەی وەزارەتی رۆشنبیری و ئەوقافەوە دەیکەن، لەو دەمەیدا یاسا ئاشکرا دەڵێ چاپەمەنی لە کوردستاندا سانسۆری لەسەر نییە. هەینی نییە گەلێک لە مەلایەل گۆمی مەند و تەناهیی شار نەشێوێنن بە ئاژاوەنانەوە دژی شیعرێک، کتێبێک، گۆرانییەک، بە پێچەوانەی ڕێنوێنیی حکوومەتەوە کە دەڵێ مزگەوت جێی ئەم جۆرە باسانە نییە و خۆتانی لێ ببوێرن.

ئەوەی لە نووسینی ئەو وتارەی گێڕامەوە مەلا فەرمان خەرابەیی بوو. بە پێچەوانەی مەلایەلەوە، خەرابەیی پەنای بۆ گفتوگۆی شارستانییانە بردووە. لە نامیلکەیەکدا کە لە ترسی ژنان لە بازاڕ کێشایەوە و خۆشی لە مزگەوت شاردەوە، بەراوردی بیری کۆمەڵایەتیی باوی کوردستانی کردووە لەگەڵ بیری ئەو ژنەیلەی لە بواری مافی ژناندا بزێون. مەلا بە دەسپاکییەوە ئاماژەی بەسەرچاوەی ئاخاوتنی ئەو ژنانە داوە و بەوپەڕی تۆرە و ئەدەبیشەوە لە هەندێکیان دواوە. نموونە لە ئاخاوتنی هەندێک لەو ژنەیلەی مەلای تاین بەرەنگاریان بووە:

"مارەبڕینی نێر لە نێر و مێ لە مێ". "فرەپیاوی بۆ ژن لە بەرامبەر فرەژنی بۆ پیاو". لەبەرئەوەی دەڵێن ژمارەی ژن لە جڤاکی ئێمەدا زیاترە لە ژمارەی پیاو و قەیرەکچ زۆرن "بەلۆری گەمەی سێکسی لە دەرەوە بێنن بۆ کوردستان و پەرلەمان دابەشیان بکا". یان "هێنانی پیاو لە دەرەوە و دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆ رابواردن لەگەڵ ژنەیلی کوردستاندا"، گوایە ئەڵمانیا دوای شەڕی دووەم وای کردووە. یەکێکی تریان دەڵێ "لە کۆمەڵی کوردیدا ژن کۆیلەیە لەبەرئەوە نابێ هیچ ئامۆژگارییەک لە پیاو وەربگرێ، ئەو ژنەی بە قسەی پیاو بکا یان نەخۆشە یان تەواو نییە". یەکێکی تر داوای زایند (سێکس)ی بەکۆمەڵ دەکا لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێ "پێغەمبەرەیل کردوویانە". مەلا فەرمان سەرجەم ئەم قسە قۆڕانەی تۆمار کردووە و کورتەبۆچوونێکی خۆشی بەپاڵ داون. ئەو کە دەڵێ ئەم هزرەیلە بیانین بە جڤاکی کوردەواری و ئەوانەی واش دەڵێن دڵسۆزی ئافرەتەیل نین، لە بنی کودیلەی داوە و راستیی پێکاوە. لە کتێبیشدا تۆماری کردوون کە کتێب رووی لە بژاردەی جڤاکە. ئەو نەهاتووە لە سەکۆ و بڵندوێژی مزگەوتەوە هانی نەفامەیل بدا و بیانکا بە ئاگر و بەگژ ئەو ژنەیلەیاندا بکا. دەبوو وەڵامی مەلا بەنووسین بێتە دانەوە نەک بە خۆپیشاندان، دەبوو خاوەنی ئەم بۆچوونانە، چاوقایمانە بەرگری لە خۆیان بکەن نەک رێپێوان و قیژەقیژ.

برێکی تریش لە بیربۆچوونی ئەو خاتوونەیلە دەهێنمەوە تا خەڵک کوێرانە بەرگرییان لێ نەکەن. مەرجیش نییە ئەوەی مەلا دەیڵێ هەمووی چەوت و ئەوەی ژنی ئازادیخواز دەیڵێ هەمووی راست بێ. هەندێک لە بۆچوونی ئەو خاتوونەیلە هیچ بنەوایەکی زانستییان نییە، وەک ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین دەکا و دەڵێ "کورد پێش ئەوەی ببێ بەئیسلام پێش گواستنەوە زایندیان کردووە و مارەبڕین نەریتی عەرەبە". یان دەڵێ "کولتووری دەمارگری لە بەرامبەر ئافرەتدا، هی عەرەبە و ئیسلام هێناویەتی". یاخۆ دەڵێ "ئیسلام هات و هەموو بەها و نەریتەیل جوانی کوردی خنکاند، ئیسلام هات و چەوساندنەوەی ژنی سەپاند". یان "ئاین هۆکاری سەرەکیی

پێشێلکردنی مافی ئافرەته".

هەموو ئەم بۆچوونەیلە پێچەوانەی راستین، با لەوەی دواییەوە دەست پێ بکەین، ئیسلام وەک هەر بیرێکی تازە کە سەری هەڵدابێ، ئازادیی بۆ کۆمەڵێک چین و توێژ هێنا یەکێکیان ئافرەت بوو. خوێندنەوەیەکی تەنانەت سەرپێچیش بۆ مێژووی ئەو سەردەمە، وەک رۆژی روون راستیت بۆ دەخاتە روو. ئەگەر ئاین ئەمڕۆ رێگری هەندێک پێشکەوتن بێ ئەمەیان پێوەندیی بە گۆڕانی جڤاکییەوە هەیە. ئەوەی لەبارەی کورد و مافی ئافرەتیشەوە دەیڵێن و پرسی ئازادیی زایند و نازانم چی، سەرلەبەر درۆی رووت و پەتین. کورد لەمەڕ پرسی ئافرەتەوە، پێش ئیسلام دەمارگرژتر بووە لە عەرەب. بەدرێژای مێژوو پرسی نامووس رێگەی پێشکەوتنی جڤاکیی لە کورد گرتووە. مێژووی کورد فەوتاوی ئەمەیە، بە رادەیەک نەیهێشتووە ببێ هیچ. ئەو چیرۆکەی زەینەفون لە "گەشتی دەهەزار سوارە"دا دەیگێڕێتەوە لەبارەی باوکێک چۆن سەری خۆی داناوە بۆ پاراستنی نامووسی کچەکەی نەوەکا سوپای گریک دەستی بۆ ببەن، چیرۆکێکە زۆر جار هاتووەتە پاتە کردنەوە. یان بەسەرهاتی هەڵگەڕانەوەی کورد لە ئیسلام لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان سەبارەت بە ناکۆکیی نامووس لەگەڵ خێڵەیلی عەرەبدا. کۆیلایەتیی ژن، بۆ بیری جڤاکی دەگەڕێتەوە نەک بۆ ئاین. بیری دواکەوتووی جڤاکی، تەنانەت بۆڕی بە بیری ئاینیش داوە و خۆی سەپاندووە. بێگومان بەرگری لە ئاین ناکەم لەم پرسەدا، بەلای منەوە زۆر بیری ئاینی هەیە لەبارەی پرسەیلی کۆمەڵایەتییەوە، بیری رزیون و نابێ کاریان پێ بێتە کردن، یاساش زۆری لێ گۆڕیون وەک پرسی فرەژنی و میرات و شایەدی.

بەپێچەوانەی مەلا فەرمانەوە کە دوور لە توندتیژی، بیری خۆی پێشکێش کردووە، مەلایەکی تر لە وتاری هەینیی رابردوودا هێرشێکی ناڕەوای کردە سەر کتێبێکی دەزگای ئاراس کە دیوانە شیعرێکی شاعیری ناسراو قوبادی جەلیزادەیە. مەلای لەوجڕ، تەنیا بۆ سەرنج راکێشانی بازاڕ و دەوروبەر، لە خۆنواندنێکی بێ بنج و بناواندا، چی نەهاتووەتە گوتن، گوتی بێ ئەوەی

تنۆکێک ئەدەب و فەلسەفە لە سەریدا هەبێ. مەلا مەسعوود تۆ ئەوەندە گەرم بی چاوەڕێ نەبی کتێب بچێتە بازاڕەوە ئینجا لێی بدوێی، کتێب هێشتا لە کۆگەدایە و بەرەسمی دانەیەکی نەگەیشتووە بەکەس، دەشێ ئێمە ئەو پاشەڵپیسە نەگریسە بدەین بەدادگە تا دز و پاشدز ئاشکرا بن.

مەلایەک پیاوی خوا بێ، ئاین تەرخان ناکا بۆ ئەم کون و ئەو کون. ناندان و هاندانی لێرە و لەوێ بۆ نایە و گۆمی مەند ناشڵەقێنێ، مزگەوت ناکا بە مۆڵگەی سیاسەت و بیری تیرۆریستی. ئەوەی ئەم بەڵایەلە دەیکەن هەمان شێوازی ئەو ژن و رێکخراوەیلەیە کە مەلا فەرمان دەڵێ "ژنانی داماوی دەست دواکەوتنی پێ لە خشتە دەبەن و گیرفانی خۆشیانی پێ پڕ دەکەنەوە".
مەلایەک لە جیاتیی نزای چاکە لە رۆژی هەینی، ناولەپ هەڵبڕێ و تووکی خراپە بکا لە داودەزگای رۆشنبیریی وڵات و لە شاعیرەیلی، بێگومان هاندەرەکەی ویژدان نییە، ریمۆت کۆنترۆڵەکەشی لەو شوێنانەوە فەرمان وەردەگرێ، کە خوای لێ نییە.

بزاو ژ: ٢٢، کانوون دوو ٩، ٢٠١١

## شیعرێنە: هەواڵ بەشیعر

ئاخاوتنی کێش و سەروادار هەستێکی خۆش لەلای گوێگردا پەیا دەکا. واش دەکا تا ماوەیەک لە بیری نەچێتەوە، کارتێکەریشی بۆ سەر باوەڕی مرۆڤ زیاترە. بۆ نموونە قسەی نەستەق و گوتنی پێشینان لەبەرئەوەی کورت و بە کێش و قافیەن، ناوەرۆکیشیان پتەوە، زۆرتر لەبیر دەمێننەوە لە ئاخاوتنی ئاسایی. شیعریش هەر دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە. لەم ساڵەیلەی دواییدا جۆرێکی تر پەیدا بووە ئەویش کورتە نامەی شیعرینە، کە خەڵک بە مۆبایل دەینێرن بۆ یەکتر. من لەگەڵ ئەو زاراوەیدا نیم "مۆبایلە شیعر" لەبەرئەوەی پێش داهاتنی مۆبایلیش ئەم جۆرە شیعرە هەبووە، بۆ نموونە شیعری یەک دێری یان چوارینە. دووریش نییە رۆژانێک بێ، ئامێری مۆبایل بگۆڕێ بە

شتێکی تر، وەک چۆن دەبینین فاکس نەما.

من و هەڤاڵی هێژام کاک حەمەسەعید حەسەن زۆرجار بە کورتە نامەی کێش و سەروادار پرسیار و هەواڵ بۆ یەکتر دەنێرین. من ناوم لەم جۆرە نامانە ناوە "شیعرێنە" لەسەر کێشی شلکێنە و نیسکێنە و ماشێنە. ئەمانە جۆرە چێشتی سووکەڵەی کوردەوارین، چێشتی گرینگ و بەڕاستی نین و ناوەکەشیان جۆرێک لە گاڵتەوگەپی پێوە دیارە. ئێمەش، واتە من و کاک حەمەسەعید زیاتری پرسیار و هەواڵەیلی خۆمان لە شێوەی گاڵتەوگەپدا بۆ یەکتر دەگوازینەوە هەرچەند ئەگەر باسەیلەکە گرینگ و ڕاستیش بن.

پێشانگەی دەزگای ئاراسمان لە سلێمانی کردەوە، ڕۆژی ئادار ٨ بوو کە ڕۆژی ئافرەتەیلە، پێشانگەکە پڕ و قەرەباڵغ بوو. ئەو هەواڵەم وا نووسی بۆ کاک حەمەسەعید: "پێشانگەی ئاراس لە شار کرایەوە، ئازیزەیل زۆر بوون ماندووم سایەوە". ئەویش وا وەڵامی دامەوە: "سڵاو لە خەجێ و لە کەتانەوە، بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتانەوە". من ڕۆژەکەم لەبیر چووبوو ئەو بە یادی هێنامەوە. جارێکیان چووبووم بۆ تورکیا، مرۆڤ لە دەرەوە لە هەواڵی ناوەخۆ بە دوور دەبێ و هەست بە بۆشایی و دڵەڕاوکە دەکا. نامەم بۆ کاک حەمەسەعید نارد: "نامە نانێرن هەواڵتان نییە، دەنگوباسی کورد لەلاتان چییە؟"، لە ئوردنیشەوە نامەیەکی ترم بۆی نارد: "بۆ خۆم لە عەممان دڵ لە هەولێرە، هەتا پێت دەکرێ نامە بنێرە. سەعات گەیشتە دەوروبەری دوو، وا بەڕێ کەوتین بۆ زەریای مردوو". وەڵامەیلی ئەوم لەبیر نەماوە چی بوون، ئەگینا دەمنووسینەوە.

جارێکیش ئەو نامەیەکی وای بۆ ناردم: "نامەکەت گەیشت هەرچەندە بۆش بوو، بەڵام تۆزقاڵێ دڵم پێی خۆش بوو. ئەی کاکە بەدران حورمەت و سڵاو، زەنگێ لێ بدە بۆ منی فەوتاو." منیش بۆیم نووسی: "شەرواڵت هەڵکە هەتا سەری چۆک، خۆت ئامادە بۆ ڕێگەی دهۆک. سبەی سەعات هەشت هاین بە ڕێگاوە، ئۆتۆمبێل و شت هەمووی تەواوە." ئەمەش وەڵامی ئەو: "شەیدای سەفەرم پیاوێکم گەڕۆک، سبەی ئامادەم بۆ گەشتی دهۆک." جارێکی تر هەواڵی نەشتەرکاریی خۆی بەم شێوەیە بە من گەیاند: "من ڕۆژی شەممە

گشت گیانم بەنجە، بۆ نەشتەرکاریی یەک تاقە پەنجە." لەلای جەلەولا گرژی هەبوو لە نێوان کورد و سوپای عێراقدا، ئەمە پێش سێ ساڵ، نامەیەکم بۆی نارد و دەنگوباسمان گۆڕییەوە، شیعرێنەکی بۆم نارد ئەمە دەقەکەیەتی: "پێ میم لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، سەری بۆ قاوغ ناکێشێتەوە." منیش هەواڵی بەجێگربوونی مام جەلالم لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنالدا، بەم شێوەیە پێی ڕاگەیاند: "سەرکۆماری کورد هەڤاڵ مام جەلال، بوو بە جێگری ئینترناسیۆنال."

ماوەیەک بوو بیرم دەکردەوە پەیکەرێک بۆ کاک حەمەسەعید دروست بکەین، بەڕاستیشم بوو. زۆر بنووس و هونەرمەند هەن لە ژیاندان و پەیکەریان هەیە، بۆ نموونە سەلفادۆر دالیی بەناوبانگ. کاک حەمەسەعید هاوەڵێکی نێزیکمە و زۆر خۆشم دەوێ، بنووس و ڕەخنەگرێکی بە ناوبانگ و پیاوێکی ڕێزداریشە لە رووی پێوەندیی کەسانییەوە، زۆریش گاڵتەوگەپ دەکەین بەیەکەوە. لەبارەی پەیکەرەکەوە وام بۆی نووسی: "پەیکەرت بۆ بکەم چاو بە چاویلکە، رووت بەرەو ئاسۆ دەس بە نامیلکە." من و کاک دڵشاد عەبدوڵڵا و کاک عەبدوڕەزاق عەلی بە "هەڤاڵی هێژا" بانگی ئەو دەکەین. بڕیار بوو هەڤاڵ سەروتارێک بۆ کۆواری واتە بنووسی، سەروتار دوا کەوت، بۆیم نووسی: "قەڵەم بە پیتی سایت و کۆوار، واتە وەستاوە لەسەر سەروتار." وەڵامی دامەوە: "قامکم ژان دەکا، توانای نووسینم، سفرە ببووره هاوڕێی شیرینم." ئەمە کاتی نەشتەرکارییەکە بوو. جارێکی تریش بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە ناوچەیلی جێ ناکۆکیدا ناجۆر بوو، بۆمی نووسیبوو: "هیچت دیار نییە هەڤاڵ لەمێژە، ناسکە قۆناغە دە شتێ بێژە." منیش وا وەڵامیم دایەوە: "ڕەوش ناسکە سەرۆک لە کەرکووک، مام لە ئەمەریکایە کێشی دەکا سووک." بێگومان ئەمانە تەنیا بۆ گەیاندنی دەنگوباس بوون بە شیعرێنە و لە شێوازێکی گەپئامێزدا.

چووبووین بۆ سلێمانی، دیسانەوە بۆ پێشانگەی کتێب. هەڤاڵی هێژا نامەیەکی بۆم نووسی: "لە شاری شێخی یان لە هەولێری؟ سبەی ئازادی

یاخۆ ئیش دێری؟" منیش وا وەڵامیم دایەوە: "ئێمە سەعات هەشت دەکەین تەمننا، تەشریفتان بێنن بۆ ئەبووسەنا." پاش ماوەیەک هەڤاڵ چووەوە بۆ سوێد، لەوێ نەساغ کەوت و کەوتە نەخۆشخانە. نیگەران بووین و نەماندەزانی چۆن هەواڵی بزانین، زۆرم نامە بۆی نارد، لەمانە: "نەدەنگت هەیە نەکورتە نامە، هەرچی دەنووسین گشت بێ وەڵامە"، یاخۆ: "ئازاری چۆنە جەستەی نەساغت، بێ خوڵکی یانیش بەرزە دەماغت؟" دواجار وا وەڵامی دایەوە: "ئەگەرچی وەزعم شڕ و شلۆقە، بەڵام بە ورەم زۆر لێم مەتۆقە".

چووین بۆ میسر لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا. لەوێوە وازم لە کاک حەمەسەعید نەدەهێنا و شیعرێنەم بۆی دەناردەوە. بۆیم نووسی (گوایە بەزاراوەی هەورامی وەک مەولەوی و بێسارانی دەنووسم): "دوێ شەو لە ئەهرام یادی تۆم کەردەن، دەنگوباس ماچۆ هەولێر فرە سەردەن". دەقەکە زیاتر بوو، ئەوانی ترم لێ ون بووە. شێخ جەعفەر بەرزنجی، کارمەندی وەزارەتی رۆشنبیری، نەساغ کەوتبوو، شێخ جەعفەر زۆر هاوەڵمانە و چەند جارێک بە زستان، ئێمە ئەم چوارەی لەم وتارەدا ناوم هێناون، بانگهێشتن دەکرد بۆ ماڵی خۆی بۆ خواردنی سەروپێ، هەڤاڵ حەمەسەعید هەواڵەکەی بە شێوەیەک پێ راگەیاندم کە نەمدەزانی خەم بۆ شێخ جافەر بخۆم یان بە نامەکە پێ بکەنم: "ئەو شێخ جەعفەرەی گیپەکەی باشە، جەڵتە لێی داوە وا لە ئینعاشە."

ئێستە من و کاک حەمەسەعید ساڵێک دەبێ شیعرێنەمان نەکردووە، پێش چەند مانگێک، سەیری تیڤیم دەکرد، چەندین دیمەنی لە مالیزیا پێشان دەدا کە وڵاتیکی فرە جوان و بەهاری و بەئاو و دارە، بەڕاستی دڵڕفێنە مالیزیا. پایەتەختەکەی ناوی کولالامپوورە کە وشەیەکی زۆر شیرینە بە لامەوە، هەر دەڵێی ناوی گوندێکی کوردییە. ئەم نامەیەم بۆ هەڤاڵ نارد بەڵام وەڵامی نەدامەوە: "بێرە با بڕۆین بۆ کولالامپوور، بەرەو بەهەشتی جوانی بێ سنوور. لێرە وا فەوتاین بە دەس نان و توور، با رزگار ببین لە گش چەقە و لوور."

بزاو ژ: ۲۳، کانوون دوو ۱۲، ۲۰۱۱

بڕیارێکی بوێرانەی دا، مەسعوود بارزانی ئەو ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٥ کە خەبات و سەروەریی شێست ساڵەی خۆی و حزبەکەی وەلا نا و وەک هاووڵاتییەک چووە ناو پێشبڕکەی هەڵبژاردنەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم. یاسای ئەو هەڵبژاردنە مەرجەیلی دژواری دانەناوە لە پێش پالاوک "مرشح"دا، هاووڵاتییەک تەنانەت ئەگەر لە رابردووی خەبات و سیاسیی خۆیدا زۆر رووت و رەجاڵیش بێ دەتوانێ خۆی بخاتە ناو ئەو گەمەیەوە و پێشبڕکەی گەورە گەورەیل بکا. بارزانی دەیتوانی، بێگومان تاڵەبانیش لەگەڵیدا، هەتا مردن سەرۆک بن و گەلی کوردستانیش ئەمەی بۆ بە شایەن دەزانین. ئەودەمەش میدیا وەک ئەمرۆ هاروهاجانە مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکردن.

ئەو بڕیارەی بارزانی وەک چۆن لە رووی کەسانییەوە بڕیارێکی بوێرانە بوو، لە رووی مێژووییشەوە هەر وا بوو. جارێ با لە رووی کەسانییەوە باسی بکەین: گرەوی هەڵبژاردن ریسکێکە لە ریسکی قومار دەچێ، بە تایبەتی لەناو گەلەیلی بێ سەردا کە راست و چەپی خۆیان لەیەک جیا ناکەنەوە. لەناو جڤاکی وادا زۆرجار هەڵبژاردن بردنەوە بە کەسێک دەدا کە مگێز"مزاج"ێکی کاتیی شەقام یان کەفوکوڵێکی جەماوەری، رۆڵیان تێدا بینیوە نەک رابردووی درەوشاوەی ئەو کەسە، یاخۆ بەرنامە تێر و تەژییەکەی لەمەڕ داهاتووی وڵاتەوە.

ئەو بڕیارەی بارزانی بەخۆ کاندیدکردن و دەرفەتدان بە خەڵکی تر کە پێشبڕکەی لەگەڵدا بکەن، لە رووی مێژووییشەوە بڕیارێکی بوێرانە بوو، هەنگاوێک بوو دەیان ساڵی لە مێژووی بزاوی دیموکراسیی کوردستان کورت کردەوە. رێبەرەیلی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەیل تا خۆیان لە ژیاندان دەرفەت ناهێڵنەوە بۆ کەسێکی تر پێشبڕکەیان بکات یان چاو لە کورسییەیلیان ببڕێ، بۆ ئەمە سوودیش لە دواکەوتوویی جڤاک وەردەگرن. گەلەیلیش ئەوە بە خۆشحاڵییەوە پەسند دەکەن کە هەر بە سەرۆک بیانهێڵنەوە

لەبەرئەوەی شەرعیەتی مێژوویی لەلای ئەو گەلەیلەدا، هیچی کەمتر نییە لە شەرعیەتی هەڵبژاردن، بگرە زیاتر و پیرۆزتریشە. ئەم کولتووره هاوسەردەمە تازەیە، مەسعوود بارزانی دای هێنا کە گوتی ئەو کورسییە پیرۆزی ئەو کەسە بێ سیپە "سندووق"ی هەڵبژاردن و دەنگی گەل بۆی یەکلا دەکاتەوە.

بۆ پڕۆژەیلی بەردەستی بارزانی، چ وەک سەرۆکی بزاوی رزگاریخوازی کوردستان لە رابردوودا و چ وەک سەرۆکی هەرێم، ئەم پاڵپشتییەی گەلی کوردستان بە هەڵبژاردنەوەی دوو جاری ئەو بۆ ئەم سەرۆکایەتییە، "دووەمیان" لە رێی دەنگدانەوە، رەواییدانێکی پێویست بوو. ئەو دەیویست لە پرسی وەرگرتنەوەی کەرکووکدا، جگە لەوەی کە دەستووری عێراقی لە پشتە، دەنگی گەلی کوردستانیشی لە پشت بێ، ئەویش بێگومان لە رێی هەڵبژاردنەوە نەک لە رێیەکی ترەوە. هەروەها لە پرسی بڕیاردانی چارەنووسی کوردستاندا بە هەمان شێوە خاوەن رەوایی بێ ئەگەر هاتوو عێراق رۆژێ لە رۆژەیل لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەدا کەوتە پاشەکشێ و کلکەلەقێ. بە کورتی بارزانی لەسەر زەوینەیەکی پاک و پتەودا خەبات دەکا بۆ ئامانجێکی رەوا کە رزگارکردنی گەلێکی چەوساوە و وڵاتێکی لەتلەتە، ئەمە راستییەک نییە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان هەستی پێ نەکا، بگرە هاووڵاتیی کوردستان نییە لەو جۆرە پرسەیلەدا متمانەی بە سەرۆک نەبێ تەنانەت ئەگەر ئەو هاووڵاتییە لە رووی سیاسییەوە بیروباوەڕیشی لەو جیا بێ.

بەڵام بە پێچەوانەوە، میدیایەک لە کوردستان بە ناوی میدیای ئازادەوە شەو و رۆژ لە گەڕدایە بۆ شێواندن و هەڵگێڕانەوەی راستی. گومان دەخاتە سەر هەمـوو هەڵوێست و کردەوە و تەنانەت ئاخاوتنێکی سەرپێییش. لێڵی دەخاتە سەر بینایی بۆ ئەوەی راستی توجاران نەیەتە دیتن. بە هەموو واتایەک ئەم میدیایە میدیایەکی دەست و پێگرە و هەر سیستەمێکی تر بێ لە دنیا، قەبووڵی ناکا. بەڵام وێڕای ئەمانەش، سەرۆک بارزانی کارێکی چاکی کرد بە کێشانەوەی هەندێک لەو دۆزەیلەی لە دادگە هاتبوونە کردنەوە لە ئاست ئەو

میدیایەدا، نەک لەبەر رەچاوکردنی ئازادیی دەربڕین، بەبۆچوونی من پرسەکە پێوەندیی بەو ئازادییەوە نییە. ئازادیی دەربڕین بەگوێرەی یاسایە و یاساش چوارچێوەی هەیە کە شاسوارەیلی ئەو میدیایە نە یاسا و نە لێپێچینەوەی یاسایی، قەبووڵ ناکەن. دەشێ لەمەولا بێ گوێدانە ئەم میدیایە، سەرۆک پەرە بە کاروانە مێژووییەکەی خۆی بدا و نێزیکمان بکاتەوە لە وێستگەی رزگاریی نیشتمانی. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی ئەم میدیایە لە شوێنێکدا کار دەکا و دەگەڕێ کە نەدەسەڵاتی سەرۆک و نەدەسەڵاتی پارتەکەی بوونیان نییە تێیدا، گومانم هەیە لەوەی کە حکوومەتی هەرێمیش لەو شوێنەدا دەستی بڕوا.

میدیای ئازاد "میدیای ئازادی راستەقینە نەک چەواشە"، ئەرکی ئەوەیە کارێک بکا جڤاک لە پەرەسەندنی دیموکراسیدا هەنگاوی گورج و درێژ بنێ. وا بکا تاکەیلی کۆمەڵ راست و چەپی خۆیان لەیەک هاوێر بکەن لە ئاست چارەنووسی جڤاکی خۆیان و وڵاتیاندا. بێ ئەو میدیایە، جڤاکێکی هاوسەردەم و بڕوابەخۆ لە کوردستاندا نایەتە دی. دەشێ سەرۆک لەم بوارەشدا هەنگاوێکی سەرمەشقانە بنێ و بەشێک لە میدیای حزبەکەی خۆی بگۆڕێتەوە بە میدیایەکی ئازادتر و کراوەتر بەتایبەتیش کە ئێستە پاشی کۆنگرەیە و گۆڕین لە زۆر شتدا دێتە کردن. بۆ بارزانی ئەمە هەنگاوێکی بوێرانە دەبێ تەبای هەنگاوەیلی تری، کە رێگەی دووریان کورت کردەوە لە بزاوی دیموکراسیدا. ئەودەم چیی تر ئەم میدیا چەواشەیە بە ناوی میدیای ئازادەوە ناتوانێ رەنگ و رووی کوردستان لێڵ و مژاوی پێشان بدا. ئەوە چەقێن و بەستێنی میدیای حزبییە کە دەرفەتی هەموار کردووە بۆ زاین و ڕسکانی ئەو میدیا نابەرپرسیارە لە ئاست هەردوو پرسی گرینگی: "یەک" چارەنووسی سیاسیی کوردستان و "دوو" چارەنووسی دیموکراسی لە جڤاکی کوردیدا.

ڕووداو ژ: ١٤٥، کانوون دوو ١٠، ٢٠١١

**کەرکووک بۆ کوردستان ٥**

لە تونس خـۆپێـشـاندان هات بۆ گـۆڕینـی سـیـسـتـەمـێک کـە تروسکەی دیموکـراسـیـی لێـوە نـەدەهاتە دیـتن، لە باشـووری سـوودانـیش دەنگدان بۆ جیاوەبوون لە سیستەمێکی ملهوڕ کە بە ناوی ئیسلامەوە ژیان وێران دەکا. نوخـشـە بێ لە کـوردەواریـی خـۆمـان بۆ رزگـاربوون لەوانـەی تروسکەی دیموکراسـیـان لێـوە نایەتە دیتن و لەوانەش کـە دەیانەوێ بە ناوی ئاینەوە نۆبەرەی ئازادیمان لەبار ببـەن. من هـەمـوودەم لـەگـەڵ بەیەکـەوە ژیاندام و عێراقێکی دیموکراسیم پێ چاترە لە کوردستانێکی دوورەپەرێزی بن گەمارۆ، هەر بە ڕاسـتـی ژیانیـشـمـان لەپێناوی ئـەمـەدا دانا. بە داخـێکی زۆرەوە ئەو خـەونـەی من و هـەزارانی وەچەکـەم وا بەرەبەرە دەپووچێـتـەوە، دیموکـراسـی لەسـەر دەسـتـی سـەرکـردەگـەلێکدا نـایەتە دی کـە هـەمـوو رۆژ برێـک لە ئازادییـەیلی "تـەنانەت" سـەردەمی رێژیمی پێشـووش لـە خـەڵک وەردەگرێتـەوە. ئەو هـەواڵانەی لـە عێـراقـەوە دێن ئـامـاژەی ئەوەن کـە ئەوانە بە تەمـای دانانی وڵاتێکن لەسـەر شێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

بە ئەزموونی چەندان سیستەم دەرکەوت، دیموکراسی لە نێوان گەلەیلی فرە نەتەوەدا نـایەتە دی. دوای هەڵوەشـانـەوەی برکـە "بلۆک"ی سـۆسـیـالیـست لە ١٩٩٠، ئەو وڵاتـانەی فـرە نەتەوە بـوون بەسـەر ژمـارەی نـەتەوەیەلی خـۆیاندا دابەش بـوون. هـەیانبـوو بۆ دوان و هـەشـیـانبـوو بۆ زیـاتر. کـۆمـارەیلی سـۆڤیـەتیش بە گوێرەی نـەتەوە لەیەکتر جیـاوەبوون. ئێمە نابێ لە زرە خـەوندا بژین و پێمان وابێ عەرەب و کوردی عێراق، دەتوانن ئەزموونێکی بەدەر لەمانە پێشکێش بکەن.

جـیـاوەبوونـی کورد لە عـێـراق کـارێکی ئەوەندە ئەسـتـەم نییـە مـرۆڤ لێی بتۆقێ. سیستـەمی دنیا ئەمرۆ جیاوەبوون پەسن دەدا و کێشەی بۆ نانێتەوە. سـەردەمی شـەڕی سـارد نیـیـە هەمـوو شت بـەگەز و گـرێی ناودەوڵەتی بێتـە پێوان، ئەمرۆ گەلەیل بۆ خۆیان دەتوانن بریار بدەن جیـا وەبن ئەگەر ورەیان

هەبێ. لە دۆخی ئێمەی کوردیدا تەنیا یەک گرێ هەیە ئەویش گرێی دابڕاویی کەرکووکە لە کوردستان. کەرکووک لە هەڵکەوتیشدا و بەگوێرەی دەستووریش هێشتا بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ نەک هەرێمی کوردستان. بۆ جیاوەبوون بە کەرکووکەوە، بێگومان ناتوانین بیر لە چارەسەرێکی بەدەر لە ئاشتییانە یان بەدەر لە سیاسییانە بکەینەوە. کورد هەلی شەڕی بە دەستەوە نەماوە لە وەرگرتنەوەی کەرکووکدا، کوردستانی سەربەخۆش بێ کەرکووک نەبوونی باشترە لە بوونی. بەڵام کێشەی کەرکووک هەر ئەوە نییە لە گەرووی نەهەنگدایە، کێشە ئەو نەهەنگەیلەی کوردستانیشن کە نایەڵن دەسەڵاتی کوردستان و گەلی کوردستان بە هەموو بارستی خۆیانەوە بکەونە ناو گرەوی وەرگرتنەوەی کەرکووک.

کوردستان یەکگرتوو نییە، ویستی گەلی کوردستان دابڕدابڕ و شپرزەیە. لەلایەکەوە ناوچەی سلیمانی "دەشێ بڵێین" لە رووی ئیدارەش و لە رووی ئیرادەشەوە جیایە لە گشتیی هەرێم. ئۆپۆزسیۆن کە لەم شارەدا گەرای خستووە، رووی شارەکەی لە پرسەیل ستراتیجییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر پرسەیلێکی داوێنی و لاوەکی. راگەیاندنێکی پەڕپووت بە ناوی میدیای ئازادەوە شەو و رۆژ ناوەستێ لە ئاخنینی هزری خەڵک بە بەیت و باڵۆرەی وا کە دووری بخاتەوە لە کێشەی سەرەکی "کەرکووک".

بزاوەیلی ئیسلامی سیاسی سەرقاڵی بنکۆڵکردنی دۆخی کوردستانن، یەک چرکەش بە فیڕۆ نادەن لە وێرانکردنی ئەم دۆخە. پێش چەند رۆژێک زانیم وەزیری پێشووتری داد کە سەر بە یەکگرتوو بوو، هەڵستاوە بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەیلی خۆیان بە داواکاری گشتی، بۆ ئەوەی هەموو دۆزێکی گشتی، ئیسلامییانە و یەکگرتووانە بێنە بەرزکردنەوە ئەگەرچی سیستەمی سیاسیی کوردستان جیاشە لەم رێبازە. باسی مزگەوت و راگەیاندنی ئەم بزاوەیلە بە وتار نایەتە داپۆشین، لەبەرئەوەی وەچەیەکیان پێ گەیاندووە کە لە سوپایەکی ساز و تەیار دەچێ بۆ هەڵگەڕانەوە لە کوردستان هەرساتێ گاوی خۆی هات. جگە لەمانە پاشاگەردانییەک لە بەڕێوەبردندا

هاتووەتە پێش وای کردووە مەترسیی هەولێر بۆ سەر داهاتووی ئەزموونەکە کەمتر نەبێ لە مەترسیی سلێمانی. بە بڵاوکردنەوەی چەند پەڕە شیعرێک، سەتان شاری زەردەواڵەی مەلایەل ورووژان، بەشێکیان لەناو جەرگەی دەسەڵاتەیلی گرینگی سیستەمەکەدان و دەستیان بە هەموو لایەکدا دەڕوا. بۆیان بلویێ ڕۆڵی "مەلای خەتێ" دەبینن. بە کورتی هەولێر ئەمڕۆ هەر پەلی بە دەست مەلایەکەوە. بە پێچەوانەی مەلاوە "ئەگەر مەلا بێ"، کە دەبێ خەمخۆری جڤاک بێ ئەمانە کار بۆ کارنامەی بیانی و نامۆ بە کۆمەڵی کوردستان دەکەن و ماڵ لە کورد دەشێوێنن.

شەپرێویی داودەزگایەلی حکوومەتیش سەرباری هەمووی. بەم دۆخ و بارەوە کەرکووک بە هیچ جۆر بۆ کوردستان نابێ. ئەمڕۆ وزەی کوردی بەردەوام وەک جەستەیەکی بریندار خوێنی لەبەر دەڕوا. نەک هەر کەرکووک بگرە تەواوی ئەوەش کە بەدی هاتووە لە مەترسیدایە. بێگومان شەڕی هەموو ئەمانە بە من نایەتە کردن، ئەرکی من تەنیا دەستنیشانکردنی دۆخەکەیە و بۆ بەرپرسیارەیلی بەندەن "أعلی"ی بەجێ دەهێڵم.

خۆپێشاندانی تونس بۆ ئازادی و دەنگدانی باشووری سوودان بۆ جیابوونەوە، خەونی خۆشکەڵەن، بەڵام زڕە خەونن بۆ ئێمەی کورد بەم گەد و گیپاڵەی حکوومەتی هەرێمەوە کە ناتوانێ کورد گوتەنی "سەری دوو بەن یەکلا بکاتەوە". ئەم جۆرە خەونەیل خۆشکەڵە ناتوانن کەس لە خشتە ببەن تا پێی وا بێ وەرگرتنەوەی کەرکووک و جیاوەبوونی کوردستان لە عێراق، ئەستەم نین. بگرە زۆریش ئەستەمن، بگرە خەیاڵی بێ بنەواشن لەم دۆخەدا. کێشەی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەیە نایەتە زانین کێ بەرسیارە تا رووی سکاڵای لێ بکەی، ناشێ بۆ هەموو ورد و درشتێک رووی ئاخاوتن لە سەرۆک بێتە کردن.

بۆ کەسێک بتوانێ چارەسەر بباتە پێشەوە، یان هەر نەبێ لە دڵەوە خەم بخوا بۆ داهاتووی کوردستان و خەون بە سەربەخۆییەوە ببینێ، دەنگوباسی بنەی پێشکێش دەکەم: "بنە" مەبەستم لە چینی ژێرەوەی جڤاکە، لەسەر دەستی میدیایەکی دژی نابەرپرسیار لە سلێمانی و ئۆپۆزسیۆنێکی

گێرەشێوێن لە پاڵیدا، هەروەها گەلەیەکی نەزان لە وتاردەرانی مزگەوت لە هەولێر، کە بەشێکن لە پاشماوەی رێژیمی بەزیوی پێشوو، رۆژ بەرۆژ ئەم بنەیەی کوردستان دەرزێتەوە و لەبەریەکتر هەڵدەوەشێ. میدیا شڕەی حزبیش هیچ راستییەک ناگوازێتەوە، لە خەوی غەفڵەتدایە، وەک یەکێک کە راتەکانی مێشک "الجلطة الدماغية" لێی دابێ، بیر و هزری وەستاوە و تەنیا گەدەی کار دەکا. لە نێوانی ئەم شڕ و دڕەیلەدا دیارە دۆخ روو لە کوێ دەکا.

خەونی سەربەخۆیی کوردستان و رزگاربوون لە ستەم و بێدادی، بۆ هەر کەسێک کە بەلایەوە ئەم خەونە گرینگ بێ، لەم ساتەدا بە رزگارکردنی کەرکووک و وەرگرتنەوەی سلێمانی دەست پێ دەکەن. ئەمە بەرنامە نییە بۆ هیچ کەس و لایەنێک، با کەس نەتۆقێ. تەنیا بۆ ئەوانەیە "وەک خۆم" خەونی خۆشکەڵە مێوانیانە، بەڵام بەرلەوەی ئەم خەونە خۆشکەڵەیە بەدی بێ، هەنگاوێکی تر هەیە ئەویش سارێژکردنی ئەو برینەیە کە جاهیلەیل لە دڵی هەولێریان کردووە. شوکری فەزڵی پێش نەوەت ساڵ گوتی:

سەرەتای ئیش هەموویەکبوونە ئەویش نابێ هەتا – هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی

گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بەبا دا لە کنت – چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی

بزاو ژ: ٢٤، کانوون دوو ١٦، ٢٠١١

## قەڵەمێکی شەڕی ناوەخۆ

شەڕی ناوەخۆی کوردستان بێ پێشەکیی راگەیاندن رووی دا، لەبەرئەمە قەڵەمی نەبوو. پێش ساتی دەست پێکردنی شەڕ، کەسێک باسی ناکۆکیی نێوان دوولایەنەکەی نەکردبوو لە رێی قەڵەمەوە، تا ببێ بەرێنوێن و هاندەر بۆ شەڕ. هەمووومان لە بیرمانە، لە مانگی ئایاری ١٩٩٤دا چەند رووداوێکی لاوەکی هاتنە پێش، دواتر پێکدادانی پچڕپچڕ لێرە و لەوێ روویان دا،

ناکۆکـیـیـەکـە بە شـاراوەیی بەبەرەوە چوو. تا چەند مـانگێکیش دوای ئەو ڕووداوەیلە کەس لەو باوەڕەدا نـەبوو ئەم دەسـپێکە ببێ بە سـۆنگەی شـەڕێکی سـەرتاسەری و شـار و ناوچەی تێدا بێنە یەکلاکردنەوە. بـۆیە ئەو کەسـەی ناو بەناوێ دووبـارەی دەکـاتەوە دەڵێ فـلان و بێـڤـان قـەڵەمی شـەڕی نـاوەخـۆن، کەسێکە یان لە دنیا تێ نەگەیشتووە، یانیش ژێرانە بیر دەکاتەوە و وا دەزانێ قـسـەکـەی بۆ دەچێـتـە سـەر. بەم تۆمـەت بەشـینەوەیە، ئەو پێـی وایە دەتوانێ شوورەیی خۆی و گەورەیلی خۆی داپۆشێ.

ئەو کـاتـەی شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، هێـشـتـا مـانگێک نەبوو لەگـەڵ چەند هاوەڵێکدا پڕۆژەی دامـەزراندنی دەزگایەکی لیبـراڵی ڕاگەیاندنمان نەخشـە کـێـشـابوو. شـەڕ پڕۆژەکـەی ئێـمـەی بە لاڕێدا بـرد، بنکە و بارەگـایەل هـاتنە سـووتاندن، مـالان هاتنـە تالانکردن، خـۆشـمـان ئـاوارە و ڕەهەندە. ئەم دۆخـە تەنیـا ئێـمـەی نەگرتەوە تا بڵـێی پاشـتـر زمـانی نووسینمـان لە ئەنجامی ئەو ڕووداوێلەوە زبـر بووبێ و ناومـان دەرکـردبێ بە قـەڵەمـی شـەڕ، جگە لە ئێـمـە هـەزارەیل مـاڵی بێوەی و هیچ لە هیـچدا نەبوو، بوون بە ئاگـردووی شـەڕەکە. پڕۆژەکـەمـان هەڵوەشـایەوە و بە ناچاری بووین بـە بەشـێک لە ڕاگـەیاندنی ئەودەمە. ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا، پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکا بەڵام وەک هەمووجار لەناو جڤاکی داماودا، کوڕی گۆنگەران بەرزەکی بانان لێی دەچێتە دەرەوە و دەسـتی خـۆشی بەسـەری ئەم و ئەو دەسـڕێتـەوە. من و هاوەڵەیل ڕۆژنامـەنووسـیشم زۆرترین زیانمان لێ کەوت کە خـەونی ڕۆژنامـەنووسـیمـان زیندەبەگۆڕ بوو.

ئەوە قسـەیەکی پووچە کە دەڵێ شـەڕی ناوەخۆی ساڵی ٩٤ بەدواوە، قەڵەمی هـەبووە. دوو حـزبی سـەرەکی لە کـوردسـتـان کـە کـەوتنە ناو ئـەو شـەڕەوە، بێگومـان بە ئەزمـوونی دەیان سـاڵەی سـیاسـەتی خۆیانەوە دەجـولانەوە، هیچ ناچار نەبـوون بە دەم داوای چەند لاوێکەوە بێن و شـەڕ بـۆ خـواسـتـی قـەڵەمی ئەوان بکەن. بە پێـچـەوانـەوە، ئەمـە شـەڕی گـەورەگـەورەیل خـۆیان بوو، شـەڕی ئەوانە بوو کـە چەندان کتێب و تێزیان لەبارەیەوە نـووسیبوو. ئەو ناکۆکییەش

وا کتوپڕ سەری هەڵنەدابوو، بگرە درێژەی ناکۆکییەک بوو دەگەڕایەوە بۆ پێش ۳۰ ساڵ لەو مێژووەی ئاماژەم بۆی کرد. هەر لەو دیرۆکەوە شەڕەکە تێزیشی بۆ هاتبووە داڕشتن. من لێرە خەریکی ئەوە نابم سەربردەی کۆن بگێڕمەوە، تەنیا دەمەوێ وەڵامی ئەوانە بدەمەوە کە دەستی خۆیان بەسەری خەڵک دەسڕنەوە بۆ شوونەونکردنی شەرمەزاریی خۆیان.

بە خۆشیی هەمووولا، شەڕ داوی چەندان ساڵ بڕایەوە و کوردستان ئەو قۆناغەی بەڕێ کرد و بوو بە قۆناغی بووژاندنەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. ململانە لە ناوەخۆوە گۆڕا بۆ ململانە لەگەڵ بەغدادا بۆ پچڕینەوەی مافی زیاتر بۆ گەلی کوردستان. دوای رمانی رێژیمی سەدام، چەند ساڵێک بوو هەموو خەیاڵمان رووی لە بەغدا بوو، سەردێرەیل گرینگی وان رۆژەیلە برێتی بوون لە : فیدراڵی و پێشمەرگە و کەرکووک و پاشان کۆنتراکتەیلی نەوت، تا ئەو سۆدرەیەی ناوی لە خۆی ناوە "ئۆپۆزسیۆن" هات و هەموو خەیاڵەیل زێڕینی ئێمە پێچایەوە. بە خۆی بە ڕاگەیاندنی شڕیەوە، کە ڕاگەیاندنێکە "بە زاراوەی بەغداییان" لە لەشکرەکەی شێخ محەمەد عاگوول دەچێ. یەک رۆژنامەنووسی شارەزای تێدا نییە بۆ نووسینەوەی هەواڵێک. نووسینی ئەو میدیایە لە رێنووس و رێزمان و داڕشتندا هێندە بەربایە تەنیا لەگەڵ پەیامەکەی خۆیدا هاودەنگە کە ئەویش پەیامێکی بەربایە. ئەو زمانەی دەینووسن بە هیچ جۆر لە زمانی رەسەنی کوردی یان بابەتی رۆژنانەنووسانە ناچێ. ئەو راگەیاندنە کاری تەنیا ئەوەیە ریسوا بکا و رەش بکا و بەد بکا و خەون بزڕێنێ، تۆمەت ببەشێتەوە بەسەر هەموو کەس و بەسەر هەموو کردەوەیەکی ئەرێنیدا، یان هەر داهاتوویێک کە خێری بۆ وڵات تێدا بێ.

ئەو تۆمەتەی قەڵەمی شەڕی ناوەخۆش کە دەیدەنە پاڵ من و خەڵکی تر، دەق پێچەوانەکەی راستە. بۆ وام پێ دەڵێی کاکە؟ بۆچی من "لە کەناری دانووبەوە تا خڕی ناوزەنگ" و "پەنجەکان یەکتر دەشکێنن"م نووسیوە تا بووبم بە تیۆریست و قەڵەمی شەڕی ناوەخۆ؟ بڕۆ یەک رستەی شەڕی ناوەخۆ بدۆزەوە

ناوی منی بەسەرەوە بێ. ئێوە خۆتان قەڵەمی شەڕ و گرژیی ناوەخۆن و ئێستەش زرەخەون بەو شەڕەوە دەبینن. لەم چەند ساڵەی دواییدا هەزار بابەتتان ورووژاندووە بۆ گرژی، ئەگەر یەکێک لە گۆنگەر بوایە لەگەڵتاندا، لەمێژبوو شەڕ قەومابوو. جێی سەیر پێهاتنە، کە لە شەڕەکەی پێشوودا لە زووەوە چەک هاتبووە سازدان بەڵام قەڵەم لە گوێی گادا نووستبوو تا شەڕ دەستی پێ نەکرد. ئەمجارە قەڵەم، کورد گوتەنی خەریکە "بەلاس و پەڵاسدا دەچێ" بۆ شەڕ و دۆخێکی تەقاوە، بەڵام مخابن لە خۆی، تەرازووی چەکدارییەکە لەنگە و بەدەم داخوازی ئەوەوە ناچێ. هەلە و با وەڵامی ئەوەشیان بدەمەوە کە بۆچی چەک بەدەم داوای قەڵەمیانەوە ناچێ: ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە ڕۆژی زاینییەوە تا ئەمڕۆ داوێکی باریک جیای کردووەتەوە لە هاوسەنگەری لەگەڵ دوژمندا، سووکە پاڵێکی پێوە بنێی، خۆی ناگرێتەوە تا نەکەوێتە کۆشی ئەو دوژمنەوە، بگرە هەر بۆ خۆی بە هیوای ئەوە دروست بووە هەلی ئەو کۆشە گەرمەی دەست کەوێ. حەیف کە بەختیان یار نابێ بۆ ئەو کۆشە تا کوردستان دۆخی سیاسییەکەی وەک ئەمڕۆ وا شەپرێو و شپرزە بێ. بێگومان وا بڕوا ئەویش وادەی دێ، "بەداخەوە" بۆ ئەوەدەم، کە دەبینینەوە سەنگەری قەڵەمەیل لە کوێن؟

ڕووداو ژ: ١٤٦، کانوون دوو ١٧، ٢٠١١

### قوربانیدان بۆ بیرەوەری

دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی معەمەر قەزافیی مەزن "زعیم"ی لیبیا کە گوتی گەلی تونس پەلەی کرد لە دەرپەڕاندنی سەرۆکی وڵاتەکەی. بەڵێ منیش پێم وایە پەلەی کرد، بەڵام جیاوازیی نێوان بۆچوونی من و مەزنی لیبیا ئەوەیە، ئەو لە خەمی خۆیدایە، دەترسێ نەبادا ئاگری خۆپێشاندان بگاتە ڕەشماڵەکەی وی و ئەویش وەک سەرۆکانی تر بێتە دەرپەڕاندن، بەڵام خەمی من لە پەرۆشیی ئەوەی نەوەکا گەلی تونس لەم بێکەسی و پەلەپەلییەدا

شۆڕشەکەی لەبار بچێ و دەست بەتاڵ بمێنێتەوە. شۆڕشی گەلی تونس دوو ڕاستیی گرینگی خستە بەردەم سەرجەم گەلەیلی ناوچەوە، یەکەمیان ئەوەی کە سیستەمی دیکتاتۆریی گەلەیلی عەرەب و موسڵمان لەسەر بناخەیەکی زۆر فشەڵ هاتوونەتە دامەزران و بەرگەی بچووکترین بزووتنەوە ناگرن ئەگەر گەلەیل ڕۆژێک لە ڕۆژان بیانەوێ ئەم بزووتنەوەیە ئەنجام بدەن. ئەم سیستەمەیلە بەرژەوەندیی ئابووریی دەستەیەک لە خزم و کەس و پەڕاوێزی بچووکی سەرۆک بەڕێوەیان دەبا نەک بناخەیەکی ئایدیۆلۆجیا و بیر و بەرنامەی سیاسیی پتەو کە ئاسان نەبێ هەڵتەکێ. دووەمین ڕاستیش: دیکتاتۆریەت لەم ناوچەیەدا ڕێگەی نەداوە بە گەلەیل جێگرەوە پێکەوە بنێن بۆ ئەو ڕۆژەی سیستەمی تێدا دەگۆڕن. ئەمە داخ و خەمێکی زۆر گەورەیە و دەردێکە دەیان ساڵی تر، پێوەی دەتلێنەوە.

هەموو گەلەیلی ناوچەی عەرەب و ئیسلام لە مەغریبەوە تا ئێران و پاکستان، گوێ قوڵاغ و لەسەر هەستن بزانن سەرەنجامی ڕاپەڕینی گەلی تونس بەکوێ دەگا، هەمووشیان هەمان پرسیار بەرەوڕووی خۆیان دەکەنەوە: ئێ ئینجا چی؟ ئەوە شۆڕش ڕووی دا و ئەمەش سەرۆک و نێزیکەیلی ئەو هەڵاتن، بەڵام جێگرەوە چییە؟ نایەتە وەشاردن، سیستەمەیل نادیموکراسی لە وڵاتەیلی دواکەوتوودا، بێ ژمار جێگرەوە لە هەناوی وڵاتدا حەشار دەدەن بۆ ئەو کاتەیلەی خۆیان تەفروتوونا دەبن. لەو سیستەمانەدا، سەرجەم بزاوەیلی سیاسی و شارستانی و کولتووریی وڵات ڕەنگ و بۆنی دەسەڵات وەردەگرن و دەبن بە کۆپیە و لەبەرگیراوەی ئەو. شێوازی بەڕێوەبردن و بەتاڵانبردنی وڵات دەبێ بە نەریتێکی گشتیی هەموولا لەسەر ڕێککەوتوو. سیاسەتی تاکڕۆیی دەبێ بە کولتوورێکی ڕەسمی، لادان "اقصاء"ی یەکتر و سەرکوتینەوەی ئازادی و بڕینەوە، تا دەگات بە گۆڕی بەکۆمەڵیش بۆ نەیارەیلی دەسەڵات، موو بەموو هەمووی دووبارە دەبێتەوە. ئاخۆ هەموو ئەمانە لە عێراقی خۆمانی دوای کەوتنی سەدام و سیستەمەکەیدا ڕوویان نەدایەوە؟ تەنانەت هەرێمی کوردستانی خۆشمان، لە سەردەمی دوای ڕاپەڕین بێ بەش نەبوو لێی.

بۆیە دەڵێم، لە میسر، ئوردن، یەمەن، جەزائیر یان سووریا، ئەگەر هەمان شۆڕشەکەی تونس دووبارە بکەیەوە و قەلفرێ بە سەرۆک و بنەماڵەکەی بکەی، هەمان پرسیار و هەمان وەڵام خۆیان دووبارە دەکەنەوە. ئێ چی؟ ئینجا چی؟ بە ڕادەیەک کە گوتە کوردییەکەی دەڵێ "خراتر لە پاشتر دێ"، وا دەکا مرۆڤ بسڵەمێتەوە لە بیری ڕاپەڕین و گۆڕینکاری. ئەو سیستەمەیلەی کە هەڵدەتەکێن، جێگرەوەیلیان کە زووتر هاتوونەتە سازدان، لە خۆیان خراترن. مەزنی لیبیا ڕاست دەڵێ پەلە بوو ئەم دەرپەڕاندنەوەی سەرۆک بن عەلی، لەبەرئەوەی جێگرەوە دیار نییە. لە باشترین حاڵدا، لە هەموو ئەو وڵاتەیلەی کە ناوم هێنان و نەهێنان، ئیسلامی سیاسی بە توندڕۆ و نێوانڕۆ و نەرمڕۆیەوە، بە هەمان کەرەستە و ئامێری سەرکوتینەوە و داپڵۆسینی مایەکی و واتایەکییەوە خۆی ساز داوە بۆ هەل، تا ئەو تنۆکە خۆشییانەی تەنانەت لە سەردەمی سیستەمەیلی پێشوودا دەچوونە گەرووی گەلەیلەوە، ئەوانیش بگرنەوە.

لەم ناوچەیەی عەرەب و ئیسلامدا، ئەو سەمەرەیەی ناوی لە خۆی ناوە ئۆپۆزسیۆن، لە کۆنیش و لە تازەشدا، بەشێکە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی فەرمانڕەوا، لە ڕووی کولتوور و ئایدیا و شێوازی بەڕێوەبردنەوە بە موو لێی لا نەداوە، بگرە زۆریش وێرانکەرترە لەو. ئەوەی جیای دەکاتەوە لە دەسەڵات تەنیا ئەوەیە دەسەڵات لەسەر کورسی و ئەمیان لەسەر زەوی ڕۆنیشتووە. لەم ناوچەیەدا ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، وەک نەینۆکی بەرەوڕووی یەکتر لە دووکانی سەرتاشدا، تا کۆتایی، وێنەی یەکتر دووبارە دەکەنەوە. ئەگەربێو ئەم ئۆپۆزسیۆنە بگات بە دەسەڵات، وەک چۆن بەعس لە عێراقدا دوو جار، یەکیان لە ١٩٦٣ و دووەمیان لە ١٩٦٨ پێی گەیشت، هەردوو جار سەڵەوات بۆ کفندزی یەکەم هاتنە بەڕێکردن. کوردستانی خۆشمان بەدەر نییە لەم دۆخە، ئۆپۆزسیۆنی کوردی یان لە هەناوی دەسەڵاتی کوردییەوە گووراوە و هەمان دۆخی نەینۆکی سەرتاشەکەیە و دانەوەی هەمان وێنەیە تا بڕۆی، یانیش ئیسلامییە و لە هەناوێکی زڕەوە هاتووە کە نامۆیە بە مێژوو و خواستی کوردەواری.

بە کورتی، گەلەیلی ئەم ناوچە دواکەوتووە ناتوانن لە سیاسەتدا جێگرەوەیەک بۆ دەسەڵات رەپێش بکەن جیا بێ لە سیستەمی پێشوو، یان هەر نەبێ خراتر نەبێ لێی، نەک تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی پێشتر باسم کرد کە دەسەڵات جێگرەوە بۆ خۆی دەڕسکێنێ، بگرە لەبەرئەوەش کە چینی ناوەند، ئەو چینەی داوالێکراوە بۆ پێشڕەوایەتیی چینەیلی هاڕاوی ژێرەوە، خۆی چینێکی نەزۆکە. ئەم چینە ناوەندییە "لەلای ئێمە" یان دەستی بە کڵاوەوە گرتووە و هیچ بزاوتێکی نییە لە رووی سیاسییەوە، یانیش لە باشترین رۆڵی سیاسەتبازیدا دووڕووە و ئەلقەگوێی چینی دەسەڵاتدارە و بەشێکە لە ئامێری سەرکوتینەوە و رووتاندنەوە.

چار چییە؟ یان دەبێ ئەم چینەی ناوەند جێگرەوەی سیاسیی گونجاو بزێ بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، کە ئەمەیان لەم دۆخەدا دوورە لە چاوەڕوانی و هیچ هیوایەکی لێ نایەتە کردن بە ڕۆشنبیرەیلی وڵاتیشەوە کە پێویست بوو ویژدانێکی زیندوو بن، یانیش ئەوەتا وا باشترە گەلەیلی ئەم ناوچەیە خەباتی شارستانی بکەن بۆ خستەڕووی داواکاریی رۆژانە: لەتەنانێک و کەمێک ئازادی. دەبێ لە بیرمان نەچێ کەوا خەباتی شارستانی باشترین جێگرەوە دەگوورێنێ، جێگرەوەیەکی چاک و لەبار و لێوەشاوە بۆ رۆژی پێویست. ئەزموونی عێراق لە ئەزموونی تونس سەرمەشقترە و زیاتر دەرسی لێ دێتە وەرگرتن. ئەوانەی لە هەندەرانەوە خۆیان گەیاندەوە بە کۆشکەیلی کۆماری، یان ئەوانەی لە هەناوی رێژیمی پێشووەوە لە دایک بووبوون، هیچیان جیا نەبوو لە سیستەمە کۆنەکە بگرە خراتر، "سڵاو لە کفندزی بەرێ". دەبێ عێراقییەیل لە نووکەوە دەست بکەنەوە بو گۆڕین و رەپێشکردنی جێگرەوە، ئەویش لە رێی خەباتی شارستانی نەک "بمرێ و بڕووخێ".

بەکورتی، گەلی تونس، لە داخی بێکاری و نەبوونی بژێوی راپەڕی، بێ ئەوەی بەرنامەیەکی سیاسیی هەبێ بە دەستەوە، لە خۆسووتاندنی لاوێکەوە گەیاندییە دەیان قوربانی و سەتان ئەنگاوتە. بەڵام سەرئەنجام چی؟ پیاوەیلی دەسەڵاتی پێشوو جڵەوی کاروباریان گرتەوە دەست و پاش دوو مانگی تر

دەبینی چۆن بە چاوڕاوی هەڵبــژاردن و بە دیمەنێکی تازەوە دێنەوە ســەر کـورسـیی دەســەڵات و هەمـان سـووڕ دەست پێ دەکـاتەوە لە تـاڵان و بڕۆ و داپڵـۆسـین. بۆیە بە بۆچوونی من، وا چاکـە گـەلەیلی ئەم نـاوچەیە لە نـەبوونی جێگرەوەدا، مەزنی لیبیا گوتەنی "پەلە نەکەن" لە گۆڕینی سیستەمدا، داوای لەتێک نان و تروسکەیەک ئازادی باشترە، بـا زۆر بیر لە ئەلتەرناتیڤ بکەنەوە، ئەگینا قوربانیدانیان بۆ دەمێنێتەوە بە بیرەوەری.

بزاو ژ: ٢٥، کانوون دوو ١٩، ٢٠١١

## ململانە نییە گێچەڵە

دیمانە: کۆواری سڤیل، سازدانی: بەهمەن عومەر

لەم مـاوەیەدا لە گەرمـەی شـەڕی نێوان مـەلا و ڕۆشـنبیرەیلدا، بەدران ئەحمـەد حەبیب، سەرۆکی دەزگای ئاراس، زۆرترین ئامادەبوون و دەرکەوتنی هـەیە، چ لەبـەرئەوەی کـۆواری وێران کـە لـەلایەن ئاراســەوە دێتـە دەرکـردن و فــەرهاد پیربال سەرنووسیاریەتی، لەسەر شیعر و چیرۆکێک سزای یاسایی هاتە دان، چ لەبەرئـەوەی کـتـێـبـەکـەی قـوبادی جـەلیـزادە، کە ئـاراس چاپی کـردبوو، بە پاڵەپەســتــۆی ناوەندی ئـاینی هـاتە کـێـشـانـەوە، هـاوکـات وەک بەرپـرسـی دەزگـایەکی ڕۆشـنبـیـری، بۆچوونی خـۆی بۆ ئەو شـەڕە دەربڕیـوە، کـە ئەو بە "گێچەڵی مەلایەل" ناوی دەبات.

* لەم مـاوەیـەدا ململانێـیـەکی زۆر لە نێـوان ڕۆشنبـیـر و مـەلایەلدا دروست بووە، هۆیەلی ئەوە ململانێیە بۆچی دەگێڕیتەوە؟

- ڕاسـتـیت دەوێ ئەمـە ململانێی نێـوان مـەلا و ڕۆشنبـیـرەیل نیـیـە، بگرە گێچەڵی مەلایەلە بە ڕۆشنبیرەیل. تەنیاش گێچەڵ بەوان نییـە، بگرە گێچەڵە بە سـەرجـەم بارودۆخی سیـاسی و ڕۆشنبـیـری و هونەریی کـوردسـتـان. ئەمـانە ئازادیی کوردستـان و بەرەوپێشچوونی ژیان، کولکی لێ هێناون. بەڵام بۆچی

وا دەکەن؟ ئەمە زۆر هۆی هەیە، هۆی دەروونی بۆ نموونە ئەوەیە ئەم مەلایەلە لە ژیان دابڕاون، خۆت دەبینی دنیا بەرەوپێش مل دەنێ ئەوانیش لە سەرچاوەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە کە بەرەوپاش ملی ناوە. ئەوان ئەگەر بیانەوێ وا نەبن، دەتوانن وا نەبن، کلیککردن لە ئینتەرنێت ئاسانە، مەلا دەتوانن فریای پێشکەوتن بکەون، هۆیەلی گەیاندن فرە بەردەستن، بەلأم چی دەکەی؟ بێ وەرەیی خۆیانە یان بێ بەختیی کورد. مەلای گەلەیل دنیا کتێب دادەنێ لە زانست، مەلای کورد دژی کتێبە. هۆیەکی تریش هەیە کە بووە بە هاندەری گێچەڵ و سەرەڕێ گرتنیان، ئەویش "بۆ لوانە". بۆیان لواوە کە دەبین بەدواداچوون و لێپێچینەوە نییە لەگەڵیاندا. نموونەت بۆ دەهێنمەوە: ڕێبازی کارکردنی حکوومەتی هەرێم ڕێبازێکی سەردەمیانەیە، بەلأم وەزیری ئەوقاف بەدەر لەم ڕێبازە "بۆ نموونە لە پرسی جێندەر"، ئاخاوتن بلاو دەکاتەوە. نموونەیەکی لەمە وێرانتر: دەبێ مەلا لە وەزارەتی ئەوقافەوە ڕێنوێنی وەربگرن بەلأم ئەوان بێ شاردنەوە لە شوێنی ترەوەی وەردەگرن. لەم ڕۆژانەی پێشوودا بەرپرسێکی "کۆمەڵ" بە ئاشکرا گوتی "ئێمە لە پرسی جێندەردا مەلایەلمان جوولأند". بۆیە ئەوەی تۆ ناوی دەنێی ململانە، ململانە نییە، گێچەڵ و گەڕ تێئالأندنە.

* ڕایەک هەیە دەڵێت ئەم جۆرە ململانێیەلە بەردەوام دەبنە هۆی زیاتر داخرانی پیاوانی ئاین بە ڕووی ڕۆشنبیری و دنیای نوێدا، تا چەندە لەگەڵ ئەم ڕایەدایت؟

- بەڵێ ڕاستە ئەگەر ململانە بوایە، دەبوو بە هۆی وەبوونی مەژیی ئەوان. ململانە پێشکەوتن دەهێنێتە کایە بەلأم ئەوەی ئێستە هەیە دەبێتە هۆی زیاتر بەستن و زیاتر هاتنە گرتنی کونی مێشکی وان. هۆیەکی تر ئەوەیە مرۆڤی کۆنینە لە گۆڕان دەترسێ، ئەم مەلایەلەش کۆنەن، هەترەشیان لە گۆڕان چووە، وا دەزانن ئەگەر مێشکی خۆیان بکەنەوە کەسایەتی لەدەست دەدەن، ڕاستییەکەش پێچەوانەی ئەوەیە، مرۆڤ نەگۆڕێ خۆی لەدەست دەدا.

* دەڵێن ئەوەی لە کوردستاندا خۆی دەنوێنێ لەبری ئەوەی گفتوگۆیەکی کراوە بێت لە نێوان رۆشنبیرەیل و پیاوەیلی ئاینیدا، زیاتر شەڕێکی توندە لە نێوان ئەو دوو توێکەدا، تۆ تا چەندە لەگەڵ ئەم رایەدایت؟

– ئەمەش هەر راستە. زمانی دەمەتەقێ دەبێ شێنەیی و هێورانە بێ. بەڵام خۆ مەلا گفتوگۆیان نەکردووە تا یەکێک لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆوە، مەلایەک لەم ماوەیەدا کتێبەکی دانابوو "مەلا فەرمان"، من لەگەڵ تێزەکانیشدا نەبووم بەڵام بەرگریم لێی کرد لەبەرئەوەی کتێب رووی لە بژاردەی جڤاکە، مەلای تر روویان لەو توێکانەیە "توێک: شریحة" کە دەرفەتی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەیان نییە. ئەوان دایەلۆگیان نەکردووە، یەک جار گوێ لە وتارێکی مزگەوت بگرە بە تایبەتیش ئەگەر پرسەکە پێوەندیی بە رۆشنبیرییەوە هەبێ دەبینی ئەوان تەنیا بیر لە دەمکوتکردنەوە و خوێن حەڵاڵکردن دەکەنەوە. کێشە ئەوەیە ئەمانە لە هیچ بنەوایەکی ژیانی شارییانە نەگەیشتوون، ئەگەر مەلا لە دایەلۆگدا بن دەبێ روو لە ئێمە بکەن نەک روو لە رەشۆکی و کەڕەواڵەی جڤاک بکەن.

* زۆرجار مەلایەل دەڵێن قسەی ئەوان کاردانەوەیە نەک کار، واتە ئەوان وەڵامی هێرشی رۆشنبیرەیل دەدەنەوە بۆ سەر ئاین، ئەم قسەیە تا چەندە راستە؟

– ئێمەش موسڵمانین و کەس دژی ئاین نییە. کەسیش لە هیچ ناوەندێکەوە نەهاتووەتە تەرخانکردن بۆ بەرگری لە ئاین. ئەگەر ئاین پەنجەیەکی نارەوای بۆ بێتە درێژکردن، یاسا هەیە و شوێنی لێپێچینەوە دادگەیە. نەخێر ئەم پرسە بە هیچ جۆر پێوەندیی بە ئاینەوە نییە. پرسی جیاوازیی بیربۆچوونە لەبارەی: ئەدەب، رۆشنبیری، سیاسەت، دیموکراسی و جۆری ژیان و هەموو شتێکی ترەوە. گفتوگۆش لەبارەی ئەم پرسانەوە شوێنەکەی هۆیەلی راگەیاندنە نەک مزگەوت. لەم رۆژانە لە وەڵامی رۆشنبیرەیلدا کە پێشنیازیان کردووە ژمارەی

وتارەیلی هەینی بێتە کەمکردنەوە، یەکێک لە ئیسلامییەیل دەڵێ "ئەمە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینە". گوتەی پێشینان دەڵێ "کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکا"، مزگەوت جێی رێنوێنیی ئاینییە یاخۆ سەکۆی بیربۆچوون؟ ئەمانە مزگەوتیان کردووە بە میدیای حزب و ناوەندێک بۆ گێرەشێوێنی، کێشە لێرەوە دەست پێ دەکا، دەبێ ئەمەش بنەبڕانە بێتە چارەسەر. لەم پرسەشدا نابێ تەنیا پەنجەی تۆمەت بۆ ئەحزابی ئیسلامی بێتە درێژکردن، لە پەنای دەسەڵاتیشەوە هەمان کار دێتە ئەنجامدان. چەند رۆژی پێشوو لە قەدەغەکردنی دیوانەکەی قوبادی جەلیزادەدا سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان، نەیشاردەوە کە دەستی تێدا هەیە. ئیتر بۆت دەردەکەوێ ئەم دیاردەی تێکەڵبوونەوەی مەلا لە کاری حکوومەت و یاسادا، گەیشتووەتە رادەیەکی مەترسیدار، چارەی نەکەی چارەت دەکا.

* تا چەندە حزبەیل ئیسلامیی کوردستان رۆڵیان هەیە لە زیاتر وروژاندنی شەقامی کوردی لە دژی رۆشنبیرەیلدا؟

– حزبەیل ئیسلامی هەموو دەرفەتێک دەقۆزنەوە دژی دەسەڵات. کێشەی ئەو حزبەیلە لەگەڵ رۆشنبیرەیلدا نییە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتدایە. مزگەوت و مەلاش لەپێناو ئامانجی خۆیاندا بەکار دەهێنن، ئەمانەیان کردووەتە بەشێک لەو شەقامەی تۆ باسی دەکەی. حزبی ئیسلامی بۆ حاڵی خۆی زیرەکانە رەفتار دەکا، میدیاش بەکار دەهێنێ، مزگەوت و مەلاش بەکار دەهێنێ، هەمووشی بۆ جووڵاندنی رای گشتی، جا دژی رۆشنبیری بێ یان دژی حکوومەت. ئەوان نایشارنەوە کەوا مەلا بەکار دەهێنن، راستت دەوێ رێزیان بۆ مەلاش نییە، پێش ماوەیەک بەرپرسێکی یەکێک لەو حزبانە بە خۆمی گوت "ئێمە مەلا بەکار دەهێنین بەڵام مەلا ماری بێ ئیجازەن، هەندێک جار دەق پێچەوانەی ئەوە دەکەن کە ئێمە لێیان داوا دەکەین". دەسەڵاتیش لە رێگەی هەندێک داودەزگای مەلایانە و لێژنەی ئەوقاف و ئەم جۆرە ناوەندانەوە دەیەوێ بە مەلا شەقام بهاروژێنێ و بەرپەرچی هەندێک کردەوە بداتەوە.

سەیرە، ئەم هەموو میدیایە، لەم سەردەمە دیوەدەرییەدا، تۆ بێی پەنا بۆ جووڵاندنی رەشۆکی و رەبەن و بەستەزمان و داماوەیل ببەی، دەبێ سەڵاوات لە چارەنووسی دیموکراسی بدەین. حزبی ئیسلامیش و دەسەڵاتیش لە پرسی بەکارهێنانی مەلادا پێ لە تەختەی چرووک دەنێن.

* کۆکردنەوەی کتێبەکەی قوبادی جەلیزادە لەژێر پاڵەپەستۆی لێژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستاندا چۆن لێک دەدەیتەوە، ئاخۆ ئەوە سەرەتای دروستکردنی سانسۆر نییە بۆ کتێب؟

– بەڵێ سەرەتایە بۆ سانسۆر، سەرەتایە بۆ دەم داخستن و رەشەکوژیی وشە. بەڵام پێش دوو حەوتوو سانسۆرێکی تر ئاشکرا بوو ئەویش ئەو پێوەندییە ژێربەژێرییەی نێوانی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و ئەوقاف بوو. پاش ئەوەی رۆژنامەی "بزاو" ئەم هێنان و بردنە نهێنییەی کتێبی ئاشکرا کرد، کە بە پێچەوانەی یاسای چاپەمەنیی ساڵی ١٩٩٣ە، پلانەکە هەڵوەشایەوە. ئەوەی لێژنەی ئەوقافیش، رووداوێکی مەترسیدارە لە بواری سانسۆردا. لێژنەیەک لە پەرلەمان بە پێچەوانەی یاسای پەرلەمان بجووڵێتەوە و خۆی بکات بە دەسەڵاتی راپەڕاندن و کەڵەگا بەسەر کتێب و رۆشنبیرییەوە یان باسی ئەنجامدانی خۆپێشاندان بکا دژی دەزگایەکی وەکو ئاراس، ئەمە پرسیارێکە دەیدەمەوە بە رووی پەرلەماندا با ئەو وەڵام بداتەوە.

* ئێوە وەک دەزگای ئاراس زۆرجار دەکەونە بەر هێرشی مەلایەلەوە، ئاخۆ لەبەرئەوەیە کە دەتانەوێت دژایەتیی ئاین بکەن؟

– ئەمە قسەیەکی زۆر پووچە کە دەڵێ ئێمە دژایەتیی ئاین دەکەین. ئاین باوەڕە، باوەڕیش بەلای زۆربەوە پیرۆزە. باوەڕ بەشێکە لە کەسایەتیی مرۆڤ، هەموو ئاینێک چ لە حەواوە هاتبێ چ دەسکردی زەوی بێ، هەمووی رێز لێگیراوە، زۆربەی رۆشنبیرەیلیش هاودەنگن لەم پرسەدا. کەس دژایەتیی ئاینی نەکردووە، ئێمە کتێبمان چاپ کردووە لە پەسن و پێدا هەڵگوتنی ئاین، بۆچی ئەمە نابینن؟ شیعرێک کە زیاتر رامان و فەلسەفەیە لە جۆری

چوارینەیلی خـەیام، یان چیـرۆکـێکی ئیـرۆسی کـە پێش هەشـسـەت سـاڵ هاتووەتە نووسین و بڵاوبوونەوە، ئەمانە چۆن دەبن بە بەڵگە بۆ دژایەتیی ئاین؟ ئەم قسـەیە هەر کێ بیکا و سـەرچاوەکەی هەر چی بێ، ئەوپەڕی بێ شـەرمییە لە ئاست رۆشنبـیـریدا. من و دەزگـایەکـەم لە مـاوەی دوازدە سـاڵدا زیاتر لە ١١٠٠ کتێبمان بۆ کورد هەڵداوەتەوە، ئەمە خەرمانێکە دەبێ جێی شانازی بێ نەک مایەی رکابەری. هەموو مێژووی کورد پێش دەزگای ئاراس هەزار کتێبی نەبووە. ئەمە قسە و توانجی داخ لە دڵەیل و فاشیلەیلە کە ناگەن بە قولەپێی دەزگای ئاراس. لێرەدا جێی خۆیەتی بەئاشکرا بڵێم ئەم شەڕە شەڕی ئایندار و بێ ئاین نییـە، شـەڕی کـوردایەتی و نـامـەردایەتیـیـە، شـەڕی نێـوان هیچ لەباردانەبووەیل و زۆر لەباردابووەیلە. دەزگای ئاراس نەبێ لایەکی کتێبخانەی کوردی کەل دەبێ، دەبێ رۆشنبیرەیل بەرگری لەم راستییە بکەن.

* تۆ یەکـێکیت لەوانەی کـە بەردەوام بە شـێـوەیەکی زۆر تـوند قـسـە لەسـەر مەلایەل دەکەیت، هۆی ئەوە چییە؟

– من وەڵامی ئەو دەسـدرێژییـانە دەدەمـەوە کە بۆ سـەر خـۆم و دەزگایەکەم دێنە کردن. من خواخوامە مەلام لە کۆڵ بێتەوە تا بابەتێک بەدڵی خۆم بنووسم لە بوارێکی تردا. شـەڕی مـەلا شـەڕێکی بە ملدا هاتووە، من لە هەشـتی بەیانییەوە تا هەشتی ئێوارە کار دەکەم بۆ زمانی کوردی. زمان و رۆشنبیریی کوردیم لێ بووە بە رووگە، بوونە بە خولیای ژیانم. کار دەکەم تا ئەم گەلە ونە پێناسـەیەکی دەست کـەوێ، بێگومـان هـەر منیش نیم لەم خـەباتـەدا، دەیانی تریش هاورێمن. یەکێک بێ، هەرچی من دەیکەم ئەو بیدا بە دەم باوە و بە دوو قسـەی پووچ بمکا بە دژی ئاین و نەریتی کوردەواری. کێ دەتوانێ بە سـینگ فراوانییەوە ئەمە وەربگرێ؟ من لەگەڵ هەر بەرهەمێکدا کە لە دەزگایەکەمەوە دەردەچێ خەم و هزر و بەنارمە و ئەرک و شەوبوێرکێکم کێشاوە، لە وارگەیل ئەلیکترۆنی و سـەکۆی مزگەوتەوە دەیان قسـەی سـووکم ئاراسـتـە دەکەن لە بریتیی خەڵات و بەرات، بێگومان هەر کێ بێ کاردانەوەی توندی دەبێ.

* ماوەیەک بەر لە ئێستە سکاڵایەکتان لەسەر مەلا مەسعوود تۆمار کرد بە تۆمەتی ئەوەی کتێبێکی دزیاریی ئێوە لەلای ئەو هاتووەتە دیتن، ئەو سکاڵایە بە کوێ گەیشت؟

– ئەم سکاڵایە رێگەی خۆی گرتووە لە داودەزگای پۆلیس و یاسادا. من مەلا مەسعوود ناناسم، سەر و شەکڵیشیم لە تیڤی نەبینیوە، گفتوگۆشم لەسەر ئەو قسانەی نییە ئەو لەبارەی شیعر و ئەدەب و سیاسەتەوە دەیکا، لە هەموویدا حەواڵەی خوا بێ. من لەوەدا یەخەی دەگرم چۆن دەستی گەیشت بە کۆگەی دەزگای ئاراس و ئەم دانە کتێبەی چۆن دەست کەوت؟ لەمەدا حەواڵەی دادگەی دەکەمەوە. ئێمە سەرجەم ئەو کتێبەمان ژماردەوە و چەندان پشکنینمان تێدا کرد، دەرکەوت دانەیەک یان دوو دانەمان لێ کەم بووە، یەکێک لەمانە بۆ مەلا مەسعوود هاتووەتە دزین.

* ئاخۆ ئێوە لەلایەن پارتییەوە داواتان لێ هاتووەتە کردن قسە لەسەر مەلایەل بکشێنەوە؟

– نە بە ئەرێنی و نە بە نەرێنی، پارتی هیچ قسەیەکی لەبارەی ئەم کێشەیلەوە لەگەڵ مندا نەکردووە. پارتی سەرقاڵی کێشە و پرسەیلی گەورەیە، چەندان کێشەی وەک پێکەوەنانی حکوومەت لە عێراق و مادەی ١٤٠ و پرسەیل هەڵواسراوی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر شانی پارتین، لەبەرئەوە باوەڕ ناکەم پارتی کاتی ئەوەی هەبێ بەم وردەکارییانە رابگات. جگە لەمە، ئەم کێشانە بەشێکن لە ژان و ئازاری لەدایکبوونی دیموکراسی کە پارتی خۆی پێشڕەوی ئەم خەباتەیە و داهێنەریەتی. پارتی نە بەلایەنی من و نە بەلایەنی مەلایەلەوە دەست لەم پرسەیلە نادا، یەکێکیش لەناو پارتییەوە بۆ خۆی قسەیەک بکا، مافی خۆیەتی. پارتی هەر ئەوە دووبارە دەکاتەوە رێز لە ئاین بێتە گرتن، رێز لە ئازادیی بۆچوونیش بێتە گرتن، ئێمەش لەمەدا لاریمان نییە.

سڤیل ژ: ٦٨، کانوون دوو ٢٢، ٢٠١١

پیتی عەرەبی باشە

با چیی تر خۆڵ لە چاوی خۆمان و غەیرە نەکەین و بەردەوام نەیڵێینەوە کوردی یەک زمانە. لە هەڵکەوتی بەرچاودا کوردی بووە بە دوو زمان: کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو. ئەم ناو لێنانەش زیاتر ناو لێنانێکی زمانەوانییە و خەڵکی ئاسایی بەکاریان ناهێنن. خەڵکی ئاسایی لە جیاتیی سەرووەکە "کرمانجی" و لە جیاتیی خوارووەکە "سۆرانی" دەڵێن. وردە وردەش دنیا بەم راستییە دەحەسێ و وەک دوو زمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا. پار چەند جارێک نامەم بۆ داودەزگای بڵاوکردنەوەی بیانی نارد و داوام لێیان کرد مافی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێک بدەن بە دەزگای ئاراس، لە وەڵامدا دەیاننووسی بۆ کرمانجیتە یان بۆ سۆرانی؟ بێگومان کوردی لە بنجدا یەک زمانە، وەک هەر زمانێکی تر شێوەی ئاخاوتنی ناوچەیلی لە یەکتر جیا بووە، بەڵام پەرەسەندن، بە تایبەتی سەرهەڵدانی چاپەمەنی لەناو کورد لە کۆتای سەتەی نۆزدەیەمەوە ئاراستەی دوو کرمانجییەکەی لە یەکتر دابڕی. لەو دەمانەوە، ئەوانەی بە زمانی کوردییەوە خەریک بوون، رێزمانی جیاوازیان بۆ هەردوو کرمانجییەکە نووسییەوە، فەرهەنگی یەک دیالەکتییان دانا، تا گەیشتە ئەوەی زۆربەی پسۆڕانی زمانی کوردی لە زانستگەیلی کوردستان و دەرەوەدا، ئێستە یەک زاراوە دەناسن. ئەم بێ بەرنامەییە بۆ کوردی، زمانەکەی خستە بەردەمی دووڕیانەوە و دیالەکتەیلی کوردی، رێی پەرەسەندنی جیاوازیان گرتە بەر.

جاروبار هەوڵ هەبوون بۆ بەرنامەداری لە نووسینەوەی رێزمان و فەرهەنگی کوردیدا، بۆ نموونە ئەوەی کۆڕی زانیاری کورد لە پاش ساڵی ١٩٧٠وە کردی. چەندانی وەک قەناتی کورد و عەرەب شەمۆ و عەلی سەیدۆ گۆرانیی، کە کوردی عێراق نەبوون لە کۆڕ کۆ کردەوە. ئەو هەوڵەیلە نیوەچڵ مایەوە لە سۆنگەی ئەوەی گلۆڵەی کورد لە ١٩٧٥وە جارێکی تر کەوتەوە لێژی. زمان و دەسەڵات بە تەریبی یەکتر دەڕۆن لە مێژوودا، دەسەڵات

دووچاری پەککەوتن ببێ زمانیش پەکی دەکەوێ. پسپۆڕەیلی زمانی کوردی لە هیچ سەردەمێکدا بۆیان نەلواوە کارەیلی زمانەوانیی خۆیان لە یەک بەرنامەدا کۆ بکەنەوە.

ئەمە دەردی یەکەم، بەڵام دەردی گرانتر لەوەوە هات کە دەوڵەتی تازەی تورکیا سەرەڕای رێ لێبڕینەوەی زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٢٨ەوە ئەلفبێتکەی نووسینیشی لە عەرەبییەوە گۆڕی بۆ لاتینی. کوردی باکور بەرەبەرە ئەلفبێتکەی عەرەبییان لەبیر چووەوە. ئێستە کە لەم ساڵەیلەی دواییدا بۆیان لواوە لە تورکیا بە کوردی بڵاو بکەنەوە، یان لە هەندەران کتێب و بەڵاڤۆک دەربکەن و وارگەی ئینتەرنێت چێ بکەن، وەچەی تازەیان پیتی عەرەبی ناناسێ. لەمەوە بۆ زمانی کوردی دەردەکە بوو بە دوو: جیاوازیی دیالەکت و جیاوازیی ئەلفبێتکە. ئێستە لە هەڵکەوتی بەرچاودا هەردوو کرمانجی وەک دوو زمان خۆیان دەنوێنن و ئاگاشیان لە یەکتری زۆر کەمە. ناوەندێکی زمانەوانی نییە بتوانێ لە زارەوەسازیدا رێنوێنییان بکا و بە یەک ئاراستەیاندا ببات تا ئەو رۆژەی "ئەگەر" کورد لەسەر ئەوە رێک کەوتن یەک جۆر پیت یان یەک جۆر ئەلفبێتکە بۆ نووسین بەکار بهێنن.

پرسیارێک بەردەوام لە خوێندەوارانی کوردی باکورەوە بەرەوڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: ئاخۆ بۆ کوردی پیتی لاتینی باشترە یان عەرەبی؟ هەندێک جار لەمەش زیاتر: کەینێ دەست لەم پیتی عەرەبییە هەڵدەگرن و دێنە سەر لاتینی؟ بۆ وەڵامی راست و رەوانی ئەم پرسیارەیلە، من پێم وایە ئەلفبێتکەی عەرەبی بۆ زمانی کوردی زۆر باشە، لەبەر زۆر هۆ، یەکەم: ئەدەبیاتی کۆنی کوردی هەمووی بە پیتی عەرەبی هاتووەتە نووسین: ئەحمەدێ خانی و مەلایێ جزیری و نالی و حاجی قادر و خانای قوبادی و ئەوانی تر، کە کورد تەنیا ئەم کەمە کەلەپوورەی هەیە لە بواری نووسیندا. زمانی ئەمانەش پڕاوپڕە لە وشەی و دەستەواژەی عەرەبی و فارسی. وێڕای ئەمە، لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی، کوردیش لەگەڵیاندا، چەندان دەنگ هەیە کە لە ئەلفبێتکەی لاتینیدا شێوەیان نییە. سەبارەت بەمە، کە نووسینێکی کۆنی کوردی بە پیتی لاتینی

دەخوێنییەوە زۆربەی نرخ و چێژی خۆی لەدەست دەدا. ئەمە جگە لەوەی کە سەرچاوەیلی ئاینی ئیسلام هەمووی بە زمانی عەرەبی هاتووەتە نووسین، نەزانینی کورد بۆ ئەلفبێتکەی عەرەبی، لە رابردووی خۆی دای دەبڕێ. زانایەلی کوردیش لە مێژووی کۆندا بە سەتان و رەنگە بەهەزاران کتێبیان دانابێ لە هەموو بوارێکدا، ئەمە بەشێکی گرینگ لە مێژووی بیر و کولتووری نەتەوایەتیی کوردی پێک دەهێنێ، نەناسینی ئەلفبێتکەی عەرەبی واتە دابڕان لە رابردووی نەتەوەیی و ئاینی و کولتووری.

هۆیەکی تر پاڵم دەنێ بۆ ئەم بۆچوونە، ئەویش گۆڕانی تازەی سیستەمی سیاسییە لە تورکیادا. ئەو سیستەمە تازەیە بە پێچەوانەی سیستەمی مستەفا کەمال کە رووی لە ئەوروپا بوو، رووی لە دنیای عەرەب و ئیسلامە، رۆژ بەرۆژ هەنگاو دەنێ بە رێگەی گەڕانەوە بۆ بناوانی رەسەنی خۆی. ئەم گەڕانەوە بەردەوامە لە هەموو بوارێکدا، شیمانەی ئەوە دەدا، رەنگە رۆژێک بێ، ئەلفبێتکەی عەرەبی بە رەسمی بگەڕێتەوە بۆ تورکیا، بە شێوەی یەکجارەکیش نەبێ، بە نیوەیی لە پاڵ لاتینیدا. بێگومان کورد لەم پرسە گرینگانەی تورکیادا بڕیاردەر نییە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا ئەلفبێتکەی گۆڕییەوە بۆ عەرەبی "نیوەگۆڕین یان تەواو"، ئەو کاتە کوردیش بێ خواستی خۆی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە. ئەگەر هەنگاوێکی وا بۆ تورکیا سیاسەت و ئاین بێ، بۆ کوردی کەڕەواڵەی لەمەڕ خۆمان، جیا لەمانە، یەکەتیی نەتەوایەتیشە.

نەتەوەیەک، دەبێ یەک ئەلفبێتکەی هەبێ، بۆ کوردیش ئەلفبێتکەی عەرەبی زۆر باشە. پێشکەوتنی گەلەیل دنیا بە پیتی نووسین نییە تا بڵێی ئێمە چەند دوور بکەوینەوە لە دنیای هەژارەیل و دواکەوتووەیل کە دنیای عەرەب و موسڵمانەیلە، ئەوەندە بەختەوەر دەبین بۆ نێزیکبوونەوە لە ژیانی سەردەمییانە و لە خۆشبژێوی. چین و ژاپۆن ئەلفبێتکەی تایبەتی خۆیان هەیە و لاتینی بەکار ناهێنن، رووسیش بە هەمان شێوە. ئەم وڵاتەیلە زیاتریش پێوەندییان هەیە لەگەڵ رۆئاوا و زیاتر لە تورکیای ئەلفبێتکە گۆڕیو، تێکەڵن بە بەها و نەریتی رۆئاوا. تورک لە گۆڕینی ئەلفبێتکەدا جگە لە زیان هیچی بۆ

نەماوەتەوە، کوردی بە دۆ مردیش چ هاندەرێکی نییە بۆ گۆڕین. ئێمە ناتوانین مێژوو بسڕینەوە و جوگرافیا بگۆڕین تا ببین بە مرۆڤێکی تر و کوردستانیش ببەینە تەنیشتی ئەوروپا، ناشتوانین ئاین بگۆڕین. وەک دەبینی دنیا چەند بەرەو پێش دەڕوا و ژیان رۆژانە لە هەموو لایەکەوە چلۆن پەرەدەسێنێ بەڵام ئاین وەک خۆیەتی بگرە زیاتریش دەچەقێ. سیاسەتی مستەفا کەمال لەم بوارەیلەدا هیچ ئامانجێکی نەپێکا، کوردی تورکیاش هیچ سوودێکیان لە گۆڕینی ئەلفبێتکەدا نەبینیوە تا ببێ بە ناز بەسەر کولتووری کوردییەوە، بە پێچەوانەوە، ئەمە لە کەلەپووری باووباپیرەیل دای بڕیون. یەکگرتنەوەی زمانی کوردی بەر لە هەموو شت لەوە دەست پێ دەکا کورد بگەڕێنەوە سەر ئەلفبێتکەی عەرەبی. یەکگرتنەوەی نەتەوەییش هەر ئەمەی دەوێ. ئەگەر بتانەوێ ئەمە راستییە، ناشتانەوێ، کێشە نییە، بەڵام ئاگر مەگرن لە ئاست ئەم بۆچوونەی مندا.

بزاو ژ: ٢٦، کانوون دوو ٢٣، ٢٠١١

## ئەی حکوومەت لە کوێی؟

* لە گوندی "کتکێ" بە دووریی ١٥ کیلۆمەتر لە شارۆکەی شێخان، رۆژی ١٥ ئەم مانگە تەرمی سێ ئافرەت هاتنە دۆزینەوە. خوناو ٦٠ساڵ، شیرین ٥٥، گەورێ ٥٠، ئەم سێ خوشکە بە هۆی دۆخی توندتیژییەوە پێش ٤ ساڵ مووسڵیان بەجێ هێشت. هەر سێکیان شوویان نییە، یەکەمیان لە شەڕی عێراق ئێران شووەکەی هاتووەتە کوشتن، شووی دووەمیان لە مووسڵ هاتووەتە هەڵواسین، ئەوەی سێیەمیش جیا بووەتەوە. هەرسێ خوشک کە بە یەکەوە ١٠ منداڵیان هەیە لە کەلاوەیەکدا دەژیان لە دەرەوەی گوندی ناوبری "ناڤبری: المذکور". ئەو سێ قوربانییە بە گوللە هاتوونەتە کوشتن، لێکوڵینەوە دەڵێ شوێنی دارکاریش بە جەستەیانەوە دیارە، ددانیشیان دەرهێناون. ئەمە تا ئێرە هەواڵ. شێکردنەوەی پارتی، بەرپرسی ناوچەی پارتی دەڵێ: "رووداوێکی کۆمەڵایەتییە"، پاشان دەڵێ "ئەو سێ ئافرەتە دەرۆزەیان دەکرد،

لەگەڵ شوفێران دەردەچوون. بە پێی زانیاریی ئێمە لەلایەن خزمی خۆیانەوە هاتوونەتە کوشتن، بەڵام ئەو خزمانەیان تا چەند لێیانەوە نێزیکن، دیار نییە". لە قسەی ئەو بەرپرسە ئەوە دێتە خوێندنەوە کوشتنەکە بۆ کڕینەوەی ناموسە، تۆ سەیرکە "لەگەڵ شوفێران دەردەچوون"، "خزمی خۆشیان کوشتوویانن". ئەمە پاسە بۆ رەوایی ئەو کوشتنانە، هەرچەندە راپۆرتی رۆژنامەکە دەڵێ ئەوان بێکەس بوون، باوک و برایان نەبووە. رووداو، کانوون دوو ٢٤.

* کەوسەر تەمەنی ٢٤ ساڵە. پێش چوار ساڵ لەگەڵ کوڕێکدا دەکەوێتە داوی ئەڤینییەوە. لە کوێ؟ لە شارۆکەی خانەقین. باوکی کچە رازی نابێ بە هاوسەرکاریی ئەم دووە. مەردان (٢٨ ساڵ) کەوسەر دەرفێنێ و دێ بۆ شارەدێیەکی نێزیکی سلێمانی "پیرەمەگروون". مەردان بە کرێکاری ماڵ بەڕێوە دەبا، ژیانی ئەوان بەختەوەرانەیە، کچێکیان بووە دوو مانگەیە ناوی "تەمەن"ە. شەوێک مەردان جیا لە هەموو شەوان ناگەڕێتەوە، کەوسەر هەواڵی بۆ دەچێ مەردان بە رووداوی داشێلان (دهس) گیانی سپاردووە. ئەوەی ناخۆشتر لەمە، کاتێ دەگاتە سەر تەرمی مێردەکەی دەبینێ دایک و باوک و برای خۆشی لەوێن. چی بەم دەمودەستە ئەوانی گەیاندە ئێرە؟ دوای دە رۆژ لە مردنی مەردان، باوکی کەوسەر، فەرمان بە کوڕەکەی دەدا کەوسەر بکوژێ، بەڵام دوای دەخەن نەوەکا هاوسێ دەنگی پۆلیسیان لێ بدەن. درەنگانی شەوێک، برای کەوسەر، "تەمەنی مەلۆتکە" لە دەستی کەوسەر دەردەهێنێ و گوللەیەکی پێوە دەنێ دەیکوژێ، باوکی کەوسەر گوتبووی با جارێ ئەم بیژووە لە کۆڵ بکەینەوە. کەوسەر رادەکا و ناوەندێکی دژ بە توندتیژیی ئافرەتێل داڵدەی دەدا، ئەو هێشتا لە دۆخێکی دەروونیی خڕپدایە، ناشزانێ برایەکەی لە سۆنگەی کوشتنی تەمەنەوە هاتووەتە گرتن یان نا. رووداو، کانوون دوو ٢٤.

* قوبادی جەلیزادە، خاوەنی دیوانی "ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە" کە بە هۆی پاڵپەستۆی مەلایەلەوە دیوانەکەی هاتە سزادان و کێشانەوە لە

کتێبخانەیل، لە بڵاوکراوەی سڤیل "کانوون دوو ٢٢"دا قسەی کردووە (من قسەکانیم پوخت کردووەتەوە) دەڵێ: "لە کوردستان مزگەوت دەیەوێ ببێتە دەسەڵاتی چوارەم. حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم خەمساردن لە ئاست ئەوەی مەلایەل بەم شێوەیە دەستیان ئاوەڵا بووە. مەلا لە مزگەوتەوە خەڵک هان دەدا بۆ پەلاماردانی رۆشنبیرەیل "خۆم یەکێکم لەوانە"، بەڵام حکوومەت بێدەنگە. بە بۆچوونی مەلایەل شیعرەکەی من رووی لە ئاسمانە، ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، ئەو شیعرەی من سووکایەتیی تێدا نییە بە ئاسمان، بە پێچەوانەوە من گوتوومە ئێمە خراپین خوا پەپوولەیە، ئێمە دڕکین ئەو گوڵە. دەقەکەی من بەرگرییە لە خوا. خوا نە پێویستی بە من هەیە و نە بە مەلا بەشیر و نە بە مەلا مەسعوود، ئەو دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە. من بە بۆچوونی شاعیرانەی خۆم گوتوومە خوا لە بەندەیلی خۆی بێزارە و دەیەوێ پشوو بدا."

پاشان دەڵێ: "لەم پرسەدا هەست دەکەم من خۆم بە ئامانج کراوم، هەروەها دەزگای ئاراسیش. هیچ شیاو نییە کتێبێک بەر لەوەی بکەوێتە بازاڕەوە یەکێک بیدزێ و بیدا بە مەلایەک تا لە وتاری مزگەوتدا قسەی لەبارەوە بکا. دەس تێ وەردان لە کایەی رۆشنبیریدا کارتێکەریی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە. ئێستە من وا هەست دەکەم شمشێرێک لە پشت سەرمەوەیە. ئەمە جۆرێک لە نائومێدیی پەیدا کردووە. ئەوەی من لێی نائومێدم ئەوەیە هەندێک لەو بیری کۆنەویستییە کەوتووەتە ناو پەرلەمان و حکوومەت. ئەوانە لەسەر کورسی دانیشتوون و بوونەتە سەرچاوەی بڕیار."

* لە سلێمانی لە باخچەیەکی ساوایاندا بە ناوی باخچەی ساوایانی بەکرەجۆ، سەرجەمی کارمەندەیل بە بەڕێوەبەر و مامۆستا و تەنانەت بە پاسەوان و باخەوانیشەوە تا رۆژی کانوون دوو ٢٢، مانیان گرت و لەبەر دەرگای باخچەکەدا ئاگریان کردەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی پەروەردەی سلێمانی بە فەرمانێک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرەیلەوە بەڕێوەبەرێکی تازەی بۆ قوتابخانەکە داناوە. کارمەند و بەڕێوەبەرەیلی باخچەکە رازی نین بەم

بەڕێوەبەرە لەبەرئەوەی هەر خۆی تا پێش ساڵ و نیوێک بەڕێوەبەری ئەم باخچەیە بووە و پاشان بە هۆی لایەنگری بۆ بزووتنەوەی گۆڕانەوە هاتووەتە دوورخستنەوە. ئێستەش لەگەڵ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەیلدا (نانبڕاو ئەوانەن بە تۆمەتی لایەنگریی بزووتنەوەی گۆڕان لە کار هاتبوونە دوورخستنەوە)، ئەو خاتوونەش گەڕاوەتەوە سەر کاری پێشووی. بەڵام باخچەکە لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا بەڕێوەبەرێکی تری بۆ هاتووەتە دانان و ئێستە ئەو نایەوێ چۆڵی بکا، بێگومان نەویستنەکەش بە پشتیوانیی مەڵبەندی یەکێتییە لە سلێمانی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرەیلیش هەر لەو حزبەیە. بەڕێوەبەری پێشوو (با بڵێین ئەوەی سەر بە مەڵبەند) کە ئێستە بە گوێرەی فەرمانە تازەکە بووەتە جێگر دەڵێ: "هەتا خوێنم دەڕژێ سوور دەبم لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارەی پەروەردەی سلێمانی، نامەوێ ببم بە جێگری ئەو، ئەم بڕیارە هیچ نرخێکی نییە لە لای من." هەروەها دەڵێ: "بەڕێوەبەرە تازەکە،" واتە ئەوەی لە کۆندا بەڕێوەبەر بووە و سەر بە گۆڕانە "کە هاتووەتەوە، پاسەوانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ باخچەکە و هەڕەشەی کردووە،" قسەکانی تەواو دەکا و دەڵێ: "تەلەڤزیۆنی کەی ئێن ئێنیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو." بڕوانە رووداو کانوون دوو ٢٤ و وارگەی ئەلیکترونیی کوردستاننێت هەر هەمان رۆژ.

* دەمویست لەبارەی ئەو هەواڵانەوە بۆچوون و شیکارییەک بنووسم، بیری خۆم پوخت کردەوە، خواوراستان هاوەڵێک ئاگەداری کردمەوە لەو ستوونەی ئەرسەلان بایز ئەندامی (م. س)ی یەکێتی، لە رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"ی رۆژی کانوون دوو ٢٣دا نووسیبووی بە ناونیشانی "شکست"، وا بزانم مەبەستی ئەو، شکانی کەسانی نییە، لە شکانێکی گەورەتر دەدوێ لە مایەپووچیی ئەو ماندووبوون و قوربانییانەی هاتنە پێشکێشکردن. دەڵێ: "هەموو ژیانم هەڵە بوو، کارکردنم لە سیاسەت و گرتیگە و پێشمەرگایەتی هەڵە بوون. ماندووبووم لە خەباتی شار و شاخ هەڵە بوون، ئێستە لە جاران ماندووترم. هەموو ژیانم بە هیوا بووم رۆژێک پشووێک بدەم، نەمتوانی. نازانم دەستی پارانەوە بۆ کێ هەڵبڕم، دامنابوو سەردانی گۆڕی پیاوچاکەیل بکەم."

تا دەڵێ: "من مرۆڤێکم پەشیمانم لە بوونی خۆم."

* ئەو قسانەی بەڕێز ئەرسەلان بایزم دوای چڕکردنەوەیان، لە شوێنی بۆچوونەکەی خۆمدا دانا. بێگومان راستە، هەمووی هەڵەیە، پێشمەرگایەتی و خەباتی شار و کێوەیل، قوربانیدان، کوێرەوەری و نەهاتی و هەناسەساردیی ئەم گەلە هەمووی هەڵەبوون ئەگەر ئەنجام ئەو نموونانەی سەرەوە بێ. دەبێ سەتان جار دەستی پەشیمانی بشکێنینەوە لەوەی کە خۆمان و خەڵکی تریشمان دەسخەڕۆ کرد.

بزاو ژ: ٢٧، کانوون دوو ٢٦، ٢٠١١

## کەرکووک بۆ کوردستان ٦

تەنیا تورکمان هەڵە نین لە هەڵوێستیان لە ئاست کێشەی کوردیدا لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی لەبارەی پرسی کەرکووکەوە، کوردیش هەڵەن. کوردیش تورکمان ناخوێنێتەوە لە بزاوی سیاسیی عێراقدا و گرانایی ئەوان بەوان رەوا نابینن. ئێمە دەبێ رووی رەخنەمان لە خۆمان بێ بەرلەوەی پەلاماری بەرامبەر بدەین و دای پڵۆسین. دەبێ مافی ئەوانی تریش ببینین ئەودەمانەی بۆ مافەیلی خۆمان هەڵدەدەینێ. تورکمان سێیەمین نەتەوە پێک دەهێنن لە عێراق و لە دوای کوردەوە دێن. لە هەرێمی کوردستانیشدا دووەمین نەتەوەن. سەرژمێرییەکی ورد لەبەردەستدا نییە، لەبەرئەوە ناتوانم ئاماژە بە هیچ ژمارەیەک بدەم بۆ تورکمان ئەویش لەبەر هەستیاریی ژمارە لەم ناوچەیەی ئێمەدا. رێژیمگەلی عێراق لە بیستەیلی سەتەی رابردووەوە کە هاتووەتە دامەزران، هیچ حسێبێکی بۆ تورکمان نەکردووە. بە درێژای ئەو مێژووە ئەگەر چەند مافێکی رواڵەتیی بۆ کورد بە رەوا زانیبێ، تورکمانی لەمانەش بێبەش کردووە. هەروەها لە گۆڕینی پێکهاتنی نەتەوایەتیی کەرکووکدا کە رێژیمی سەدام کردی، تورکمانیش وەک کورد کەوتنە بەر زوڵم و زۆر. ئەمانە راستیی بەرچاون و جێی رکەبەری نین.

له پاڵ راستیی بەرچاودا، راستیی دەروونی و کولتووریش هەیە. بۆ نموونە: وەک بنەوا دەبێ نەتەوەی بە ژمار گەورە سینگفرەوانی و سایەهەراویی هەبێ بۆ نەتەوەگەلی ژمارە بچووکتر لە خۆی. نەتەوەگەلی ژمارە بچووکتر، لە خەیاڵاتی خۆیاندا زۆر هەسیار و تەنگەتیلە دەبن، هەموو جووڵە و ئاماژەیەک کە لە نەتەوەی گەورەترەوە دێ، ئەوان بە گومانەوە لێکی دەدەنەوە. راگەیاندنی کوردستان وەک دەربڕی سیاسەتی کوردی، لە پرسی کەرکووکدا تەنیا قوربانیدانی کورد و خەباتی کورد بۆ کەرکووک دەخوێنێتەوە، بێگومان ئەمەش نیگەرانی پەیدا دەکا لەلای تورکماندا. تەنانەت ناسنامەی کوردستانیەتیی کەرکووکیش کە بەردەوام دێتە دووبارەکردنەوە، ئاماژەیەکی تەمومژاوییە بۆ چارەنووسی تورکمان لەو شارەدا. ئەم زاراوانە دەبێ شیکارەی تێروپڕیان بۆ بێتەکردن و تورکمان تەواو دڵنیابن لە داهاتووی خۆیان. دەبێ ئێمە وەک بنەوا تورکمان قەبووڵ بکەین و بە هاوبەشی راستەقینەی خۆمانی بزانین نەک جاروبار لە وتاردانی رواڵەتیدا ناویان ریز بکەین. دیموکراسیەتیش هەر ئەمەیە ئەگەر تێیدا راستگۆ بین. بۆ تورکمان دیار نییە سیستەمی سیاسیی کورد لە داهاتوودا چی دەبێ لە بارێکدا ئەگەر هاتوو کوردستان بە کەرکووکەوە لە عێراق جیاوەبوو.

لەم رۆژەیلە و لە دیمانەیەک لەگەڵ قوتابییەلدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی پێشنیاز دەکەم بۆ خولی داهاتووی سەرۆکایەتیی هەرێم، لە بارێکدا ئەگەر کەرکووک هاتەوە پاڵ کوردستان، جێگری سەرۆک لە گەلی تورکمان بێ. بە زیادەوە هەستم بە خۆشحاڵی کرد لە ئاست ئەم کرانەوە و دیوەدەرییەدا. راستە تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ کورددا، لە سەرتاپێی کارگێڕیی وڵاتدا بەشدارن، مافی کولتووری و راگەیاندن و خوێندن بە زمانی خۆیان وەک چۆن دەیانەوێ، هاتووەتە دابینکردن، کەموکورتیشی تێدا هەبێ، بەشێکە لە کەموکورتیی گشتی. بەڵام مافی نەتەوەیل تەنیا بەوە نایەتە سنووردارکردن کە بەشدار بن لە کارگێڕیدا و مافی کولتوورییان هەبێ، بەڵگەی راستەقینە بۆ هەبوونی مافی نەتەوایەتیی

گەلێک، ڕادەی بەشداریی ئەو گەلەیە لە سیاسەتی فەرمانڕەواییدا. لەبەرئەوە دانانی جێگری سەرۆکی هەرێم یان جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە تورکمان، وێڕای چەندان پۆستی وەزارەتیش لە پاڵیاندا، کارێکە تەواو لە جێی خۆیدایە و هەنگاوێکە بە ڕێگەی ڕاستەقینەدا. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە نەتەوەگەلی بچووک حەز دەکەن کەمێک زیاتریش لە مافی خۆیان وەرگرن تا دڵنیابن لە بەشداریی خۆیان، ئەمە دۆخێکی دەروونییە و هیچی لەگەڵدا نایەتە کردن، ئێمەی کوردیش واین لە عێراقدا.

ئەم بۆچوونەیلەی من تەنیا بۆ ئەوە نییە تا بڵێم "بێ تورکمان کەرکووک بۆ کوردستان نابێ"، هەروەها دانهێنان بە مافەیلی تورکمان لە کوردستان تەنیا بۆ ئەوە نییە ئەوان دەنگ بۆ کوردستانیبوونی کەرکووک بدەن، ئەمە مامەڵەیەکی کرچ و کاڵە و تورکمانیش لەوە ژیرترن ئەو هەڵوێستە مێژووییە یەکجار گرینگەی خۆیان هەرزانفرۆش بکەن بە کوردێک کە لێی دڵنیا نین لە پاشەڕۆژدا چیی لێ دەڕوێ، بگرە بۆچوونی من لەوەوە دێ کە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینە لە کوردستان بێ بەشداریی کارای تورکمان نایەتە دی، وەک چۆن بێ بەشداریی کارای فەلە و ئێزیدی و هەرکێی تر جیاوازییەکی هەیە، نایەتە دی. پێش ماوەیەک لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا، لە ڕێی چوونمان بۆ سلێمانی لامان دایە لای بنووسی گەورەی تورکمان عەتا تەرزی باشی لە کەرکووک. تەرزی باشی کتێبێکی لەبارەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە بە تورکمانی نووسیوە، ویستمان داوای مافی وەرگێڕانی ئەو کتێبەی بۆ سەر زمانی کوردی لێ بکەین. تەرزی باشی پیاوێکی مرومۆچ بوو لە ئاخاوتن لەگەڵماندا هەرچەند لە رووی مێوانداریییەوە ڕێزدار بوو. پەشیمان نیم لەو سەردانە، بە پێچەوانە زۆر خۆشحاڵ بووم لە ناسینی هەڵوێستێکی تورکمانانەی کەرکووکییەک. بە تایبەتیش کە لەو دیمانەیەدا، تەرزی باشی هەستی دەکرد لە وتووێژێکی سیاسیی گرینگدایە لەگەڵ لایەنی کوردی. ئەو، کەم لەگەڵ من دوا و زیاتر بە تورکمانی ڕووی لە هاوەڵانم بوو، پاشان بە کوردی بە منی گوت: "ئێوە دەتانەوێ کەرکووک بخەنە سەر هەولێر". گوتم:

"بەڵێ، جا هەڵە چییە لەمەدا". گوتی: "بەڵام کێ بەڕێوەی دەبا؟". گوتم: "ئەوەی گەل دەنگی پێ دەدا." کەسمان زیاتری نەگوت.

وتووێژەکەمان کورت و واتادار بوو. ئەو دەیویست نیگەرانیی تورکمان پێشان بدا و منیش دڵنیاییدانی کوردم بۆی دووپاتە دەکردەوە. بەڵام ئەمە پرسێکە زۆرتری دەوێ. من لەو باوەڕەدام کەوا تورکمانی عێراق بەشێکن لە گەلی کوردستان. لە هەرکوێی عێراقدا بن، تورکمان وەک فەلە و ئەرمەن بەشێکن لە گەلی کوردستان، ئەو کوردستانەی کە لە دیریکەوە وارگەی گەلەیل و ئاینەیل بووە و باوەشی تێ وەرهێناون. دەبێ ئەمە لە سەرەتای هەموو سیاسەتێکی کوردیدا بێتە ئاماژە پێدان. ئەوانیش، چ تورکمان و چ فەلە چ هەر کێی تر، هیچ خێرێکی لە عێراق نەبینیوە تا چاویان لە دوای عێراقەوە بێ، تەنیا کوردستانە کە داڵدەی مێژوویی هەموو لایەکە.

بەڵام کێشەیەکی تری تورکمان هەیە ئەویش پچڕپچڕیی ناوچەیلی نیشتەجێبوونیانە، لەبەرئەوە تەنیا گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان دادی پرسی تورکمان نادا، دەبێ بەرنامەی کوردی، بۆ تورکمان لەوە فرەوانتر بێ، چەندان ناوچەی تریش هەن دەبێ لەگەڵ تورکماندا خەباتیان بۆ بێتە کردن تا هەموویان بەیەکەوە بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و تورکمان لەگەڵ کورددا سیستەمێکی بەیەکەوەژیان دابمەزرێنن جا بە هەر ناوێکەوە بێ. بێگومانم لەوەی کە تورکمان لە داهاتوودا خێر لە هاوبەشایەتیی کورد دەبینن، بەڵام دەبێ ئەم هاوبەشایەتییە لە ئێستەوە بێتە روونکردنەوە. هەر ئەمەش ماکەی پرسی دیموکراسییە لەم هەرێمەدا، پرسێک نەک هەر تورکمان و فەلە و ئەوانی تر پرسیاری لەبارەوە دەکەن و غایەلەیان هەیە لە ئاستیدا، بگرە ئێمەی کورد خۆشمان، کەم بە دڵەڕاوکە و غایەلە نین لەوبارەیەوە.

بزاو ژ: ٢٨، کانوون دوو ٣٠، ٢٠١١

ڕۆژنامەوانیی ئەم سەردەمە دوو لکە، لکی یەکەمیان هەواڵ و لکی دووەمیان لێکدانەوەیە. هەواڵ واتە گواستنەوەی زانیاری لە سەرچاوەی خۆیەوە بۆ ئەوانەی پێویستیان بەو زانیارییانە هەیە. زانیاری ئەگەر ڕاست و دروست نەبێ و لە سەرچاوەی ڕەوان و باوەڕ پێکراوەوە نەهاتبێتە هەڵێنجان، نرخێکی ئەرێنیی نییە، بگرە زیانیشی هەیە لەبەرئەوەی لە ئەنجامدا دەبێ بە مایەی دەسخەڵەتدانی ئەو خەڵکەی کە چاوەڕوانی وەرگرتنی زانیارین. ئەمەش وایان لێ دەکا بە شێواوی لە ژیانی خۆیان و دەوروبەریان بگەن. خەڵک پێویستیان بە زانیاریی ورد هەیە لە ڕۆژنامەوانییەوە تاوەکو بتوانن بڕیاری ڕاست و دروست لەبارەی پێشهات و ڕووداوەیلەوە بدەن، میدیای سەردەمییانەش هەر لەم پێناوەدا دروست بووە. ئەگەر میدیا وا نەبێ، ئازاد نییە و دەبێ ناوێکی تری هەبێ.

بەشی دووەمی ڕۆژنامەوانی لێکدانەوەیە، لێکدانەوە یاخۆ بۆچوون، وەک گوتمان لەسەر بنەوای زانیاری دروست دەبێ. چەندی زانیاری ڕاستتر و دروستتر بێ ئەوەندەش هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ ئەو ڕووداوانەی قەوماون یان بەڕێوەن بقەومێن، دروستتر و بەرپرسانەتر دەبێ. لەبەرئەوەیە کە بە ڕۆژنامەوانی "پیشەی ڕەوشت" دێتە گوتن. ئەوەی لە ڕۆژنامەوانیدا کار دەکا ئەگەر خاوەنی بنەوا و بەهای بەرزی مرۆڤییانە نەبێ ناتوانێ ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەینێ، بگرە دەشبێ بە لەکەی شەرمەزاری بە تەختی تەوێڵی ئەو پیشە بەرز و مرۆڤانییەوە.

با بزانین ڕۆژنامەوانیی کوردی "ئەوەی ناوی لەخۆی ناوە ئازاد" لە کوێی ئەم پێناسەیلەدایە؟ لەم ڕۆژانە و بۆ نووسینی ئەم بۆچوونە هەندێک کاتی خۆمم تەرخان کرد بۆ ئەوەی سەرتاپێی چەند بڵاوکراوەیەک لەوانە، دەور بکەمەوە. تەنانەت بچووکترین هەواڵم نەبینی بە شێوەی پرۆفێشناڵانە هاتبێتە نووسین تا وەک نموونە لێرەدا بیهێنمەوە. ئەوانە بۆ هەواڵ، تەنیا

سەرچاوەیەکی تەماوی و خەیالاوییان هەیە ئەویش لە هزری رۆژنامەنووسێکی لاوی بێ ئەزموونەوە، کە لەوانەیە ئەو لاوە پێناسەی "رۆژنامەنووس"یشی تەواو بۆ نەشێ لەبەرئەوەی لەوانەیە بە نیاز و کارنامەیەکی ترەوە دزەی کردبێتە ناو ئەم بوارە هەستەوەرە مرۆڤانییەوە. رەنگە بە نیازی "مووچە" یان "ناو دەرکردن" یان هەر شتێکی تر. پێشت وا نەبێ کە بخوێنەوەی هەواڵی ئەم رۆژنامانە "جا ئەو بخوێنەوەیە هەر کێ بێ، تەنانەت با کەرەواڵەیەکی لادێییش بێ"، هەست نەکا کەوا ئەم هەواڵەیلە لە نەبووەوە "لە نەبوو: من لاشيء" هاتوونەتە دروستکردن. زۆربەی بخوێنەوەیلی کوردستان، وەک بەشێک لە ململانەی سیاسیی ناو هەرێم "نەک وەک میدیای ئازاد" سەیری هەواڵی ئەم رۆژنامەیلە و شیکردنەوەیلی ئەوان دەکەن. کێشەی گەورەی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەیە کە زۆربەی جەماوەر بووەتە بەشێک لە ململانێی سیاسی و حەز دەکا درۆی بۆ بێتە کردن و حەز دەکا باوەڕیشی پێ بکا دژی نەیارەکەی.

بۆیە ئەم خەڵکە ئەوەندە سادە نین شەڕ و ململانەیەکی سیاسی لەپێناو گەیشتن بە کورسیی دەسەلات، یان لەپێناو چنینەوەی بەری گەندەڵی، جیا نەکەنەوە لە رۆژنامەوانیی راستەقینە و پیشەییانە. ئەوە تەنیا خۆیانن بە خۆیان دەڵێن ئازاد ئەگینا خەڵک نەک بە ئازادیان نازانن، بگرە بە کۆیلەشیان لە قەڵەم دەدەن. لەم وڵاتەدا سەتا سەتی خەڵک لایەنگرییان بۆ حزبی جیاجیا و بەرژەوەندیی جیاجیا هەیە، کەسێک نەماوەتەوە ببێ بە ڕای گشتی. تەنیاش حزبی گەورە و راگەیاندنی حزبی گەورە بەرپرس نین لەم دۆخە ناجۆرەدا، من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم ئۆپۆزسیۆنە گەندەڵەی کوردستان نەبوایە، دەرفەتی دروستبوونی رای گشتی لە کوردستان دەرفەتێکی زۆر گەورە بوو. ئەو دەرفەتەی بۆ دروستبوونی رای گشتی لە کوردستان لواوە لە هیچ کوێیەک لەم ناوچەیەدا نەلواوە. راستت دەوێ، ئەمە راگەیاندن یان میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆنە کە نایەڵن رای گشتیی راستەقینە و شەقامی بڕیادەر لە کوردستاندا بێنە کایە نەک دەسەلات و راگەیاندنەکەی. ئەمانە شەقامیان کردووە بە کۆیلەی خەیاڵێکی تەماوی و بزرکاو وەک چۆن خۆشیان کۆیلەی

خـەونی لێڵ و خـەیاڵی تـەمـاوین. بێگومـان، لەم لێـڵـی و تەمـومـژییـەدا رای سەربەخۆی رەش و سپی لەیەک جیاکەرەوە توجار ناخوڵقێ.

لە ماوەی چـەند مانگی رابردوودا چەند وتارێکم نووسی وەک دیتنـی خۆم بۆ دۆخی کوردستان و داهاتوو، پێویست نییـە یەکێک لە نێزیکەوە من بناسێ تا بڕیارم لـەبارەوە بدا، نووسـینەیلی من بانگی سـەربەخـۆبوونی من دەکـەن لە بیـرکـردنەوە و لـە نووسـیندا. یەک رسـتـە لە نووسـینـی من نایەتـە دۆزینەوە پێوەندیی بە سیاسـەتی حزبێکەوە هەبێ. من بۆ دروستکردنی رای گشتی بە پەرۆشـم و تێ دەکـۆشم، بەڵام کـۆیلە، لەبـەرئەوەی خـۆی کـۆیلەیـە وا دەزانێ خـەڵکی تریش وەک ئەو کۆیلەن، چەندان لێکدانەوەی جیاجیا بۆ نووسینەیل من هاتنە کـردن، من ئەگەر جـاروبارێک بەرگریم لە لایەنێک کـردبێ لە بڕوای سـەربەخـۆی خـۆمـەوە بووە نەک لەوەی ڕێنوێنییـەک لەو لایەنـەوە بۆ من هـاتبێ. لایەن، راگـەیاندنێکی زەبەلاحی هەیە و پێـویسـتی بـە من نییـە. راسـتـە من دەمـــزانـی ئەم بۆچوونـەیلـەم "ســـەرچاوەی هـاندەر"یان بۆ دێتـــە دۆزینـەوە و کاردانەوەش پەیدا دەکـەن، ئەمـەشم بەلاوە ئاسایی بوو، بێگومـان چاوەڕوانی وەڵام بووم تەنانەت بە شـێوازی توندتریش لەوەی کە بوو، بەڵام نەمـدەزانی ئەو شوورەیەی کە لە خەیاڵی مندا دیوارێکی پتەوە و رەنگە کاردانەوەیەکی باشی هەبێ، تەنیا حەسیرێکە و بە کزەبایەک هەڵدەکەنێ.

بۆ خـۆیان سـەتان هەرزە و نەفامیـان بەرداوەتە گیـانی ئەم گەلە، وەک چۆن کەلاکخـۆر، بێ خـەمـانە لمۆز لـە جـەندەکی تۆپیـوەوە دەژەنـێ، ئەوانیش وان، لە چەندان بڵاوکـراوە و وارگـەی ئەلیکتـرۆنیـیـەوە شـەو و رۆژ چەقـولووریان ناپسـێـتـەوە. چـی بە خـەیاڵیـاندا دێ دەینووسنـەوە لە هـەواڵی بێ بنەوا و شیتـەڵکردنی بێ سـەروبەر و نەفـامـانە. دەیانەوێ وا ببـەنە خـەیاڵی خـەڵکەوە کەوا سۆنگە و هۆی بچووکترین تا زلترین کەموکورتی و کێشە لە کوردستان، تەنیا پارتی و سەرۆکی پارتییە. یەکێکیش لێیان بێتە وەڵام، هێندە نەکارە و بێ زاتـن، دەست بە پاڕانەوە و دەم لارکـردنەوە دەکـەن. بـە وتار و نووسـین لە رۆژنامـەوە، راپۆرتی سـیـخـوڕییانەی ئاشکرا بەرز دەکـەنەوە دژی من گـوایە

دۆخی تەبایی دەشێوێنم، خۆشیان بە وێنەی داماو و لێقەوماو پێشان دەدەن. لەگەڵ خوێندنەوەی هەندێک لەو بۆچوونەیلەدا بە خۆمدا شکامەوە، گوتم بۆ وام کرد؟ توومەز بەگژ دیوارێک لە پووش و حەسیردا چووبوومەوە، توومەز من رووی ئاخاوتنم لە سیخوڕ و پۆلیسی نهێنییە نەک لە رۆژنامەنووس و مرۆڤی بە رووەت. جارێکی تر نایکەمەوە، بۆ خۆتان بێ خەیاڵ بنوون.

ڕووداو ژ: ١٤٨، کانوون دوو ٣١، ٢٠١١

### تونس و کوردستان: ناوکۆیی و ناکۆکی

راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لە دوای کەوتنی رژێمی زەینەلعابدین بن عەلییەوە، وێنەی تونس وا پێشانی جەماوەری خۆمان دەدا وەک بڵێی باسی ئێرەیان بۆ دەکا و هان دەدا هەمان شت لە نێوان بەرشەو و پارشەوێکدا لە کوردستان دووبارە ببێتەوە. ئەم خەیاڵڕانییە لە نەزانییەوە بێ یان بە مەبەست بێ، ئەنجامەکەی ئەرێنی نابێ لەبەرئەوەی خراپترین ئۆپۆزسیۆن لە هەموو دنیا ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە کە جەماوەری وڵاتەکەی خۆی دەسخەڵەت دەدا و پێی وایە، لەمەدا دەسکەوتێکی سیاسی دەچنێتەوە. ئۆپۆزسیۆنی لەمجۆرە زۆر زوو راستەڕۆیی "مصداقیة"ی خۆی لەلای خەڵک لە دەست دەدا. وەک نەریت، دەبێ زۆربەی هەقیقەت لەلای ئۆپۆزسیۆندا دەست بکەوێ، لە دۆخی کوردستاندا دەق پێچەوانەی ئەمە راستە. دەسەڵاتی کوردستان بە هەموو کەموکورتییەکی خۆیەوە راستیوێژترە لە ئۆپۆزسیۆن و لە هەموو رووێکەوە لەو زیاتر جێی متمانەیە. ئەو سیناریۆ خەیاڵییەش کە ئۆپۆزسیۆن کێشاویەتی لەبارەی کوردستانەوە بە هیچ جۆر روو نادا. شڵەژاندنی کوردستان راپەرینی گەلیی لێ ناکەوێتەوە، شتێکی تری لێ دەکەوێتەوە کە زۆر جێی مەترسییە، با سەرەتا بەراوردێکی تونس و کوردستان بکەین، بزانین شتی هاوبەش و ناوکۆمان چییە و لە چیشدا ناکۆکین.

له تونس حزب پاوانی دەسەڵاتی سیاسیی کردووە و لەوێشەوە پەلی هاویشتووە بۆ سەرجەم بوارەیلی تری ژیان. سەرتاپێی ئابووریی وڵات بە دەستی گرووپێکەوە بووە لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی رابردوودا. باشیشیان بەرێوە نەبردووە، وڵات دارزیوە بە دەستی ئەم گرووپەوە و گەندەڵی بووە بە سیمایەکی گشتیی وڵات. تا ئێرە ماف بە دەستەوەیە لەگەڵ کوردستاندا تا رادەیەک بە یەکتریان بچووێنم. دووەم: تونس وڵاتێکە بێکاری و هەژاری پرزەی لە گەلەکەی بریوە، ئێرە وا نییە، لە کوردستاندا تەنبەڵی و کارنەکەری هەیە بەڵام بێکاری نییە. بۆ پرسی هەژاریش جێی لاملی نییە کە باری بژێویی خەڵکی کوردستان رۆژ بەرۆژ لە باشیدایە. سێ شارەکەی کوردستان خەریکە لەبەر زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل بتەقن. سێیەم: لە تونس ئازادیی دەربڕین سفر بووە و میدیای پێچەوانەی میدیای دەسەڵات بوونی نەبووە. لە کوردستان دۆخەکە ناکۆکە لەگەڵ ئەمەدا، ئێرە جمەی دێ لە میدیای پێچەوانەی دەسەڵات و پڕفرۆشتریشە و بەهێزتریشە لە میدیای ئەو و نووزەشی لە دەسەڵات بڕیوە، رۆژانە گریانت دێ بۆ دەسەڵات بە دەست کەڵەگاییی ئەم میدیایەوە.

لە زۆر بواری تریشدا کوردستان ناکۆکە لەگەڵ دۆخی تونس، لەوێ ئۆپۆزسیۆن یان لە گرتیگە بووە یان لە ژێر زەوی و یانیش لە دوورەوڵاتی و هەندەراندا. راپەرینی گەل دەلیڤەی هەناسەدانی بۆ کردنەوە ئەگینا رێژیمی زەینەلعابدین نەیدەهێشت چاو بە هیچ ئازادییەکدا هەڵێنن. راشد ئەلغەنووشیی رێبەری ئیسلامییەکان پاشی زیاتر لە بیست ساڵ دەربەدەری، بەر لە چەند رۆژێک گەڕایەوە وڵاتەکەی. با ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ کوردستان، لێرە گرتیگەی سیاسی نییە، هیچ هاووڵاتییەکی کوردستانیش بە هۆی راوەدوونانی سیاسییەوە کوردستانی بەجێ نەهێشتووە. ئۆپۆزسیۆنی کوردی نەک هەر ئازادە لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و پێوەندی بەستن لەگەڵ دەرەوەدا، بگرە رۆژانە گێچەڵ دەنێتەوە و سەرەڕێ دەگرێ لە دەسەڵات، دەچێ لە بەغدا سکاڵا دەکا و راپۆرت لە کوردستان دەدا و لە ماڵەوەش لە گوڵ

کالْتری پێ نایەتە گوتن. ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بە ئابوونەی ئەندامەیلی خۆی ناژی، تەرخانی مانگانەی هەیە لە دەسەلاتەوە. ئۆپۆزسیۆن لە تونس لە ژێری زەویدا بە ملکەچییەوە خۆی حەشاردابوو، ئەوەی کوردستان لەسەر گردێکدا سەربەرزانە رۆنیشتووە و گردەکەشی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە کە موڵکی گشتییە.

کوردستان هیچی لە تونس ناچێ ئەوە نەبێ کە حزبی دەسەلات "پارتی و یەکێتی" لە بەڕێوەبردندا نەشارەزان. بە پێشمەرگەی کۆن و کادیری لادێیی ولاتداری دەکەن و حکوومەت بەڕێوە دەبەن. ئەم پێشمەرگەیلە کۆنە لەبەرئەوەی بە هێزی بازوو و لە دوای بەڕێکردنی سالانی تەمەنی خۆیان لە خەبات، گەیشتوونەتە سەر کورسی، ناتوانن رەچاوی یاسا و داونەریتی بەڕێوەبردن بکەن، هەموو شتێک بە مافی خۆیان دەزانن. حزب لە کوردستان خۆی بەسەر هەموو شتێکدا پان کردووەتەوە و وا دەزانێ ئەوەی لایەنگر نەبێ هاوولاتی نییە، ئەوەی نەچووبێتە شاخ بەعسی بووە، ئەوەی لە ئاوارەییدا نەژیابێ کورد نییە. وا دەزانێ تەنیا پێشمەرگەی کۆن و دڵسۆزەیلی حزب مافی پشکدارییان هەیە لە کاتێکدا کوردستان پڕە لە کادیری لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردن. دەبێ حزب لێرەدا ئەوەی بۆ یەکلا بێتەوە کەوا لێهاتوویی بنچینەی دڵسۆزییە نەک قوربانیدانی سیاسی، ئەوەی لێهاتوو نەبێ بۆ بەڕێوەبردن، ناتوانێ بە کردەوە دڵسۆز بێ با دەیان ساڵیش خەباتی سیاسیی هەبێ. لەمەش بەولاوەتر، رەنگە لەناو خوتی حزبەیلیشدا کادیری لێهاتوو زۆربن بەلام دەرفەت و دەلیڤە بۆ بەشدارییی ئەوان لە کاری بەڕێوەبردندا، لەبەرئەوەی لەسەر بنەوای لێهاتوویی نییە، نەیانتوانیوە بەشدار بن لە باشکردنی ئەم کارگێڕییە. ئەم دۆخەی کوردستان کە بەڕێوەبردنەکەی شیتاڵ و شیتاڵ کردووە، گۆڕانیش وەک باڵێکی جیاوەبوو لە دەسەلات، لێی بەرپرسە و ناتوانێ خۆی لەم بەرپرسییە بدزێتەوە.

کێشەی کوردستان ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی تێدا نییە ئەگینا دۆخەکە وا شڕ نەدەبوو، دەسەلات بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا پتەو دەبێ و لێپێچینەوە

لەگـەڵ خـۆیدا دەکـا. ئەوەی لە کـوردسـتـاندا هـەیـە ملـمـلانـەی نێـوان لایـەنگەلە لەسـەر دابەشکردنی دەسکەوت و دەسەڵات. بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ شـەقام پێـشـانـی پارتی و یەکـێـتـی بدا بۆ تـۆقـانـدنیـان و بـەبیـرهـێنانـەوەی تـونس و هـەڵاتنی زەینەلعابدین بن عەلی. سـەرکردەیلی گۆڕان لەم وێنەکێشییەدا بیریان زۆر کولە، دیارە ئەمانە ناتوانن بەرپێی خۆشـیان بە باشـی ببینن. کوردسـتـان نابێ بە تـونس، لەبەرئەوەی لە تونس هـەروەها رەنگە لە میـسـر و یەمـەنیـشـدا ئەوە دووبـارە ببـێـتـەوە کـە سـوپا بێـلایـەنی بنوێنێ لە نێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیـۆندا، بەڵام لـە کوردسـتـاندا پێـشـمـەرگـە سـوپای حـزبە، لە کـاتی تەنگانەدا دێتـە گـۆڕەپانـەوە و خـۆی بۆ حـزب بـەخت دەکـا. ئەو هـاندانـەی بزووتنـەوەی گـۆڕان دەیکا بۆ جـووڵانـدنی شـەقـام، راپەڕینی جـەمـاوەریی لێ نایەتـە بەرهـەم تا کـۆشکی دەسـەڵات بهـەژێنێ، بگرە دەبێ بە مـایەی شـەڕ و پێکدادانی نێوان لایەنگەل بە هێزی پێشمەرگەشەوە. سـەرئەنجام دەسەڵات بە هۆی ئـەم دۆخـەوە جـارێکی تـر دەچێـتـەوە قـۆنـاغی شـۆڕشگێـری و ئەو زرەدیموکراسییەی بەدیش هاتووە، لەبار دەچێتەوە. بڵاوبوونەوەی بانگەوازی گۆڕان لە رۆژی کانوونی دوو ٢٩ بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمـان و حکوومەت و هەمـوو شت، لە هـەمـان کاتدا دنەدانی جەماوەر بۆ خۆپێشـاندان و پاشـانیش راپەڕینیـان، کورسـیی دەسـەڵات وەرناگێڕێ، بگرە دەبێ بـە مـایەی پێکدادانی نێـوان لایەنگەل، کـە رەنگە بە گـرتنی گـردەکەیانـەوە دەست پێ بکا و پاشـان شـەڕی نـاوەخۆ جارێکی تر وەک سـاڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ بکەوێتـەوە ملە و یاڵی کێـوەیل. ئەمـەیـە وێنەی راسـتـەقینەی کـوردسـتـان کـە زۆر جیـایـە لە دیمەنی تونس، ئەمە بوو کە گوتم ئۆپۆزسیۆنی خراپ لە دنیادا ئەوەیە جەماوەری وڵات دەسخەڵەت بدا و جڤاک بۆ لێواری مەترسی پاڵ بنێ.

هەولێر ژ: ٩٥٩، کانوون دوو ٣١، ٢٠١١

## شار: گەورەترین قوربانی

زۆری پێ ناوێ تا بگەی بەو ئەنجامەی کە شارەیلی کوردستان نەخشەی فرەوانبوونیان زانستانە نییە. هەولێر و دهۆک و سلێمانی هەرسێکیان هەمان کێشەیان هەیە و چەندیش لێیان دێتە خەرجکردن، دیمەنی دزێوتر وەردەگرن. وەک دەبینین: گەورەبوونێکی رەمەکییانە، ئاوەدانکردنەوەیەکی بێ بەرنامە و قوتکردنەوەی دەیان و سەتان شت بۆ رواڵەت و خەمڵ و دیکۆر کە زۆربەیان لە داهاتوودا دەبنەوە بە تەگەرە و دەبێ سەرلەنوێ بگۆڕێنەوە. فەرموو با لە هەولێرەوە دەست پێ بکەین:

هەولێر لە رووی پەرەسەندنی شارستانییەوە بەختێکی باشتری هەیە لەو دوو شارەی تر لەبەر زۆر هۆ: یەکەم هەڵکەوتنیەتی لە ناوچەیەکی دەشتاییدا کە رێگەی فرەوانبوونی بە ئاسانی پێ داوە بە هەموو ڕوویێکدا. دووەم: شارێکی خولەکی "دائری"یە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قەڵایەکی خولەکی لە ناوەڕاستیدا، لە ناوەندی شارەوە یان بڵێین لە قەڵاتەوە چەند تەوەرەیەک وەک تیشک دەردەچن، ئەم تەوەرانە بوونەتە شاڕێی هاتوچۆ لە ناوەوە بۆ دەرەوە و بە پێچەوانەش. بەختێکی تری هەولێر ئەوەیە کەوتووەتە نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووکەوە بە هەمان دووری، پەرەسەندنی ئەم شارە لە داهاتوودا دەشێ بە رووکاری ئەم دوو زێیەدا بێ، کە کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ئاوی رێژەوپێژە کێشەیەکی هەتا هەتاییە.

کێشەیەکی درێژخایەنی شاری تیشکەیی "شعاعی"ی وەک هەولێر، ئەو خنکانەی هاتوچۆیە کە لە ناوەندی شاردا پەیدا دەبێ. لەم ساڵانەی دواییدا، چەند چارەسەرێکیان لە هەولێردا لەبەرچاو گرتووە بۆ کەمکردنەوەی خنکانی هاتوچۆ، یەکەمیان: گۆڕینی هەندێک شوێنی ئاوەدانی بە پارک و باخچە بۆ نموونە "هەڕاجخانەی کۆن". ئەوی تر: کردنەوەی دەرچەی تازە لە ناوەندی شارەوە بۆ ئەوەی بەتاڵکردنەوەی قەرەباڵغیی ناوشار خێراتر ببێ، وەک ئەو دەرچەیەی لە گۆڕەپانی کۆترەوە دەچێ بۆ لای مزگەوتی سەواف. بەڵام هیچ

یەکێک لەمانە نەیتوانیوە سیمایەکی گۆڕاو بە ناوەندی شاری هەولێر بدا. ئەو ناوەندە هێشتا مۆنجەی دێ لە خەڵک بە تایبەتیش خەڵکی ڕەشوڕووت و لات و لەواری نان پەیداکەر کە دەبوایە بەرنامەی پارێزگە گۆڕینی ئەم سیمایە بێ. شاری هاوسەردەم چەقەکەی جوانترین و سەرنجڕاکێشترین شوێنیەتی. چەقی شار بۆ گەشتەوەرییە بە تایبەتی هەولێر کە قەڵاتە دێرینەکەی سەرنج بەکێشکەرە.

بە بۆچوونی من نابێ چیی تر ناوەندی شار شوێنی نان پەیداکردنی هەژارەیل بێ، لەبەر زۆر هۆ گرینگترینیان دژواریی هاتوچۆیە لە پەرگەیلی شارەوە بۆ ناوەند. ئەو نان پەیداکەرەیلە خۆشیان و کڕیارەلیشیان بە زۆری لە گەڕەکەیلی لاپەڕدا دەژین و دوورن لە ناوەندەوە. هەم ڕێی هاتوچۆیان دوورە و هەمیش بەم هاتوچۆیە گەورەترین قەرەباڵغی بە درێژای ڕۆژ پەیدا دەکەن لە تەوەرەیلی شاردا. چارەسەری ڕاست ئەوەیە ئەم ناوەندە بازرگانییە حەشاماتییەی ناوەند بچێتە دیوی دەرەوەی ئەو گەڕەکەیلەی پەرگە تاوەکو هاتوچۆ بەرەو دەرەوەی شار بێ. ئەوسا ڕێگەش کورتتر و قەرەباڵغیش کەمتر دەبنەوە. دەشێ لە هەر پێنج تەوەرە سەرەکییەکەی هەولێر و لە دەرەوەی شاردا، واتە لەسەر ڕێگەیلی مووسڵ و مەخموور و کەرکووک و کۆیە و پیرمامدا پێنج ناوەندی بازرگانی بێنە کردنەوە، دووکان و بازێڕێکی هەمەجۆر و نەخۆشخانە و شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل و هەر شتێکی تر کە پێویست بێ. پەرتکردنی ئەم ناوەندە بازرگانییە شڕەی ئێستەی چەقی هەولێر، شارەکە لە خنکاویی بەردەوام ڕزگار دەکات.

تکایە کەس ڕەخنەی ئەوەم لێ نەگرێ کە لە دیمەنی ڕەشوڕووتەیل بێزارم، بە پێچەوانەوە، من خۆم کوڕی ئەو چینە هەژارە و ئەو گەڕەکەیلە پاشکەوتووەم، دیمەنی گەڕەکی هەژار زیاتر بە دڵم ئاشنایە نەک دیمەنی گەڕەکی مۆدێرن. ئەوەی لێرەدا لێی دەدوێم گۆڕینی سیمای شارە بۆ ئەوەی وەک پایەتەختێکی سەردەمانە خۆی بنوێنێ. پێش چەند ساڵێک بەرپرسەیل گەورەی کوردستان باسی گۆڕینی هەولێریان کرد تا شێوەی دوبەی وەربگرێ.

له جیاتیی دەسخۆشی و پیرۆزبایی لەم بیرۆکە نازدارە، رۆژنامەنووسەیل لات و لەواری کوردستان وایان لە دەم دانەوە، جارێکی تر بەرپرسەیل نەوێرن بگەڕێنەوە سەری. مایەی سەیرپێهاتنە رۆژنامەنووس دژی پێشکەوتنی وڵات بێ. من دوبەیم نەبینیوە بەڵام بیستوومە دەڵێن بەهەشتی سەر زەوییە، کوردیش دوای ئەم هەموو کوێرەوەری و چەوسانەوەیە مافی خۆیەتی پایەتەختەکەی لە جۆری دوبەی بێت.

هەولێر تا ساڵەیل هەشتاش یەکێک بوو لە دواکەوتووترین شارەیلی عێراق، جەرگەی شار سیمایەکی هەژارانەی هەبوو. نان پەیداکەرەیل لە هەموو جۆرێک، بژێوی خۆیان لە ناوەندا دەدۆزییەوە، ئەمەش رواڵەتێکی نموونەیی هەر شارێکی ئەودەمانە بوو. ئێستە دنیا گۆڕاوە، هەولێر بووە بە پایەتەختی وڵاتێکی تازە. ساڵانە چەندان کۆنگرە و کۆوەند و کۆڕوەندی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریی تێدا دێنە گرێدان. هەر بیانییەک بچێتە ناوەندی شاری هەولێر ئێمەی پێ شەرمەزار دەبین، ئەوێندەر زەلامستانێکە لە رەشووڕووت و باژێڕێکە بۆ شڕەوپڕە. ناوەندی هەموو شارەیلی دنیای پێشکەوتوو، بۆرجوازیترین شوێنی وڵاتن، هەولێر بەم ناوەندە جەنجاڵ و شڕەی خۆیەوە توجار نابێ بە شارێکی سەردەمییانە و قەڵاتیش نابێ بە شوێنێکی گەشتەوەری وەک خەونی پێوە دەبینین.

ئەمە کێشەی هەولێر، کێشەی سلێمانی ناقۆڵاترە. لەوە دەچێ هیچ بیرێکی سەردەمانە و زانستانە لە گەورەبوونی سلێمانیدا نەهاتبێتە رەچاوکردن. تەنیا قوتکردنەوەی شتی زل زل وەک بەرزەپرد و ئەندەرپاس کە زیاتر بۆ خەمڵ و دیکۆرن نەک چارەسەرکردنی کێشەگەلی ئاوەدانی لەو شارەدا. ئەوانەی کاروباری سلێمانی بەڕێوە دەبەن ئەوەیان لەبەرچاو نییە کە سلێمانی شارێکە تەنیا یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە. تۆ لە کەرکووکەوە بچیت یان لە دهۆکەوە یان لە قەڵادزێوە یان لە حاجی ئۆمەرانەوە یان لە کۆیە و هەولێرەوە هەر دەبێ لە یەک دەرگەوە خۆت بکەی بە شاردا. ئەم کێشە هەتاهەتاییە، ئەگەر لە بەرنامەی پەرەپێدانی شارەکەدا نەیەتە رەچاوکردن، سلێمانی لەناو

دەبا. نەدەبوو سلێمانی لە قەوارەی پێش راپەڕینی، گەورەتر بکرایە و ئەو هەموو گەڕەکە تازەیەی بخرایەتە پاڵ. دەبوایە لە گەورەکردنی شاردا سیاسەتی پەرت و بڵاوکردنەوە بگیرێتە بەر. ئەگەر سلێمانی بە باری کەرکووکدا فرەوان بووبووایە لە شێوەی زنجیرە شارۆکەیەکدا، تا دەگا بە دەربەندی بازیان، بواری هەبوو.

بە نەختی و پوختی، لە فرەوانکردنی هەولێر و سلێمانیدا سیاسەتگەل چەوتن، لە هەولێر تا دێ چەقی شار هەژارانەتر دەنوێنێ کە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ بانگەشەی بەدوبەیکردنیدا. بەیانیان لە چەقی شاردا شوێنێکت دەس ناکەوێ نەک تەنیا بۆ وەستاندنی ئۆتۆمۆبێل بگرە بۆ رۆیشتنیش. لە سلێمانیشدا تەنیا گەورەکردنەوەی شار بە مەبەست گیراوە کە لە ئاوسانی نەخۆشی دەچێ نەک فرەوانبوونێکی بەرنامەدار. هەرچەند بیر لە سەردانی سلێمانی دەکەمەوە، خنکاویی ناوەندی شارم لێ دەبێتەوە بە کامووسەک و مۆتەکە. پیاوانی گەورەی شار بە درێژای ساڵ دەم لە سیاسەت بەرنادەن، بیرکردنەوەیەکی چڕ بۆ ماوەی یەک حەوتوو رەنگە بۆ یەک رۆژیش، بەس بێ بۆ چارەسەری گیروگرفتەیل ناقۆڵای ئەم شارە، کە زۆر گەورەترن لە گیروگرفتەیلی سیاسەت و گەندەڵی.

بزاو ژ: ٢٩، شوبات ٢، ٢٠١١

## دیکتاتۆر دەڕوا، دیکتاتۆر دێ

جیاوازیی نێوان زەینەلعابدین بن عەلی و حوسنی مبارەک ئەوەیە یەکەمیان دزێکی خوێڕیلە بوو، چوونە سەری و هەڵات، بەڵام دووەمیان دیکتاتۆرێکی زەبەلاحی فیلەتەنە. دە رۆژە بە پانتاییی میسر جەماوەر رژاوەتە سەر جادە، ئەو چەقیوە نابزوێ. بەڵام چاری ناچارە هەر دەبێ بڕوا، چاخی شۆڕشەیل دەستی پێ کردووە و یەکەم سیمای ئەم چاخە ئەوەیە دەبێ سەرۆک هەڵقەنێ بەر لەوەی سیستەمی سیاسی و دەستە و دایەرەکەی بێنە گۆڕین. مبارەک

دەڵێ لە پەرۆشیی خۆمە بۆ میسر، کە بەجێی ناهێڵم، بڕۆم دەبێ بە ئاژاوە و ئیخوان دەگەن بە دەسەڵات. ئەمە قسەیەکە فرێ بەسەر راستییەوە نییە. ئیخوان ناگەن بە دەسەڵات لەبەرئەوەی لە میسر چەندان بزاوی سیاسیی تر هەیە و ئیخوان تەنیا نین لەو گۆڕەپانەدا. بشگەن بە دەسەڵات پیرۆزیان بێ، ئەوەی گەل دەنگی پێ دەدا ئەو شایەنی کورسییە. ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتێکی وەک میسریشی بکەوێتە دەست بەختەوەر نابێ تێیدا، ئەمە وڵاتێکە رەنگە سەت ساڵ زیاتری بوێ تا برسیەتی و رەجاڵی پێسیر و بەرۆکی گەلەکەی بەر دەدەن.

حزب بەر لەوەی بگا بە دەسەڵات لە گەنجێکی زگورتی دەچێ کە پێلەقە لە هەموو شت دەدا و بە هیچ رازی نییە، خۆی فش دەکاتەوە دەڵێ ئەگەر ئەو بوایە وای دەکرد و وای دەکرد، بەڵام با پێی بگا ئینجا دەیبینینەوە چۆن ناتوانێ هیچ یەکێک لەو بەڵێنانەی دابوونی جێبەجێیان بکا، ئەودەمە دەبینین چۆن خۆی لە هەموو ئەو بەڵێنانە دەدزێتەوە کە پێشتر بنیشتۆکەی بن ددانی بوون. ئیخوان بگەن بە دەسەڵات ناتوانن کێشەی بێکاری لە میسر چارەسەر بکەن، بە پێچەوانەوە رەنگە زیاتریشی بکەن. بۆ نموونە ملیۆنان میسری لە کەرتی گەشتەوەری سوودمەندن، سیستەمی ئیسلامی ئەم کەرتە تەنگ دەکاتەوە و لەوانەیە لە بنج و بناوانیشەوە هەڵی تەکێنێ. گەشتەوەری واتە رووتی و سەما و موزیک و هەڵپەڕین و خواردنەوە. هیچ یەکێک لەمانە لەگەڵ بنەوایەلی ئیخواندا یەک ناگرنەوە، ئەوە لە پێشەوە گەشتەوەریمان چوو. ناشتوانن بە چارەسەری کێشەی گەندەڵی شوێنی بێکاری پڕ بکەنەوە لەبەرئەوەی ئیخوان خۆی بزاوێکی بۆرجوازی و دەسمایەدارانەیە و هەر بگا بە دەسەڵات سەرجەم کەرتەیلی بازرگانی و ئابووری بۆ خۆی پاوان دەکا و لە سایەیدا چینێک پێ دەگا لەوەی ئێستەی میسر برسیتر و تێرنەخۆرتر. لە ئەزموونی ئیسلام و دەسەڵاتدا، لە کۆنی مێژووەوە تا ئەم چاخە نەهاتووەتە زانین کە بزاوی ئیسلامی سیستەمێکی سۆسیالیستانەی دامەزراندبێ تا هەژارەیل و رەشوڕووتەیل لە سایەیدا تێر بخۆن و تێر بحەسێنەوە. دڕندەیی و

تێرنەخۆریی دەسمایەدار چ سەر بە مبارەک بێ چ سەر بە ئیخوان هەمان ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە بێ جیاوازی، ئەویش هەژارترکردنی چینەیلی ژێرەوەیە.

بێگومان ئیخوان ناشتوانن لەگەڵ ئەمەریکادا تێکی بدەن یان رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەڵوەشێننەوە و بیکەنەوە بە گرژی. ئەمانە ناکەن هەر نەبێ لەبەر هۆیەلی ئابووری. ئەمەریکا ساڵانە ملیاریک و نیو ملیار دۆلار پارەی کاش بە باربوو دەدا بە میسر، بێ لە چەندان هاوکاریی تر. ئیخوان تێکی بدەن ئەم هاوکارییە مفتە دەڕوا. حکوومەتی میسر لە سایەی رێککەوتنی ئاشتییەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا، کەمترین بودجە لە سوپا خەرج دەکا و بچووکترین سوپاشی هەیە بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی وڵات و ژمارەی دانیشتووەیلی گەلەکەیدا، تەنیا نیو ملیۆن سەرباز. ئیخوان بیکا بە گرژی لەگەڵ ئیسرائیل دەبێ ژمارەی سوپا ببێ بە چەندانە. ئەمەش خەرجیی دەوێ. خەرجیی سوپاش واتە رووتاندنەوەی زیاتری رووتە و پووتەی وڵات و هەژارترکردنیان.

کەواتە لە هەر رووێکەوە لێکی بدەیەوە، ئیخوان بگەن بە دەسەڵات لە میسر، چارەنووسی ئەم گەلە کاولتر و وێرانتر دەبێ لەوەی پێشووی. مەگەر ئەوە نەبێ پاش ئەوەی بگەن بە دەسەڵات، هیچ شتێک نەگۆڕن و هەمان دۆخی جاران بەردەوام بێ، ئەودەمیش گەلی میسر "تەنیا پاشەڵ دڕاویی بۆ دەمێنێتەوە" وەک کە گوتە پێشینەکە دەڵێ. ئاشکرایە ئیخوان لە میسر هیچ بەرنامەیەکی ئابووری و سیاسییان نییە تا دۆخی ئاڵۆزاوی وڵاتی پێ چارەسەر بکەن و گەل لە برسیەتییە بە میرات بۆماوەکەی دەربچوێنن. من وا دەزانم تەنیا لەچەک و نوێژ زیاتر دەبن، ئەم رواڵەتانەش کەس تێر ناکەن بە پێچەوانەوە تووشی هەڵگەڕانەوەشیان دەکەن.

بزاوی ئیخوانی موسلیمین لە میسر ساڵی ١٩٢٨ هاتووەتە دامەزران و لەو دەمەوە تا وێ گاوێ، بێ وچان خەبات دەکا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. دەسەڵاتی میسریش بێ وچان سەریان دەکوتێتەوە و لە گرتیگەیان دەپەستێ و

سـامانیـان بە تالان و فیـرۆ دەبا. چ جارێک هەلێکی مێژوویی وەک ئێستە بۆ ئیـخوان هەڵنەکەوتووە کە گەلی مـیسر، دەسکەوتـی شۆڕش و ڕاپەڕینی خۆی بدا بە دەسـتی ئەوانەوە. ئەمـە بەرپرسـیـارەتییـەکی گەورەتریشـە لەوەی ئەگەر پێـشـتـر بە دەنگدانێکی ئاسـایی بهـاتایـەن بۆ سـەر کـورسی. بێگومـان ئەمـجارەش هەر دەبێ لـە ڕێی هەڵبـژاردنەوە بێن، بەڵام ئەنجـامی هەڵبـژاردنی پاش ڕاپەڕین و گیـانفـیـدایی و خـوێندان، بەرپرسـیـارەتیـیـەکەی گـرانتـر و مێژوویـیـترە ئەگەر بێو لە قـەبەڵی لایەنێک بێتـە کردن. ئیـخوان دەبێ بگەن بە دەسـەلات بـۆ ئەوەی هەقـیـقـەتیـان دەربکەوێ، شـوکـری فـەزڵی گـوتـەنی بەڕێوەبردنی ولات "ئیشێکی ڕوو لە هەورازە بیری وردی دەوێ تەنیا بە دوعا و نوێژ نایەتە کردن."

قسـەکەی مـبارەک کە دەڵێ لـە پەرۆشیی خۆمـەوە بۆ ولات و لە ترسی ئەوەی نەبادا ئیـخـوان بگەن بە دەسـەلات، کورسـیـیـەکـە بەجێ ناهـێڵم، قسـەیەکی نابەجێیە و ترسێکە فرێ بەسەر ڕاستییەوە نییە. با ئەو خـەمی نەبێ و بڕوا، کاولگەیـەکی وایان بۆ بەجێ دەهێڵێ، دوای خۆی ئیـخوان خێـری لێ نەبینن. هەمان چارەنووسی ئەو بەنسیبی ئەوان دەبێتەوە، ڕەنگە خراتریش. ڕاستیتان دەوێ من زۆر بە پەلەم بۆ ڕۆیشـتنی مـبارەک، زۆرتریش بە پەلەم بۆ گەیشـتنی ئیخوان بە کورسیی بەرپرسیـارەتی. دەترسم لە کێشمـەکێشی دیموکراسیدا، ئیـخوان نەخـتێک دوا بکەون و چەند سـاڵیـان بوێ تا ڕێ خـۆش دەکەن، بەڵام تکام وایە زوو پێی بگەن. ئەمـانە تا نـەگەن بە دەسـەلات ڕووی ڕاسـتـەقـینەیان دەرناکـەوێ. من بێگومـانم لەوەی هـەمـان سـیـسـتـەمی دیکتـاتۆریەت دووبارە دەکەنەوە و هەمان درندەیی و هەمان تێرنەخۆریی تاقمێک، هەمان برسیەتی و ڕووتی و ڕەجاڵیش بۆ گەلی ستەمدیتـەی مـیسر دووبارە دەبێتـەوە. دیکتـاتۆر دەڕوا و دیکتـاتۆر دێ، ئەمـە چارەنووسی گەلەیلـی ئەم ناوچەیەیە کە بەردەوام خـۆی دووبـارە دەکـاتەوە. بـێ هەڵسـانەوەیەک لە بیـر و لـە هزردا، کـە لە لە قـوولایی و نـاخـی ئەم گـەلەیلـەوە دەرچووبێ ڕووەو ژیـانێکی شـایەن بـە مرۆڤـایەتی، هەر گۆڕینێکی سەرۆک و سیستـەمی سەرۆک تەنیـا وەک گۆڕینی

ڕواڵەتییانە دەمێننەوە لەم ناوچەیەدا. زۆر بە داخەوە بۆ ئەو خوێنەیلەی دەڕژێن و بۆ ئەو فرمێسکەیلەی لە چاوەیل بەردەبنەوە بە هیوای ژیانێکی شایەنتر، کە پێشی ناگەن.

بزاو ژ: ٣٠، شوبات ٦، ٢٠١١

**چارەسەر لە کوێدایە؟**

هێزی گۆڕین لەم ناوچەیەدا هێزی بێزارییە نەک هێزی چارەسەر. هێزی چارەسەر ئەوەیە گۆڕینکار بارودۆخی نالەباری وڵاتی شی کردبێتەوە و پەنجەی خستبێتە سەر کەموکورتیێلی دەسەڵات، چارەسەریشی بۆ دانابن و هەموو شت بەلایەوە یەکلا بێ ئینجا بکەوێتە جووڵە جا چ بە ڕژاندنی کۆمەڵان بێ بۆ سەر شەقام یان بەشێوازی تر. ئەمە دۆخێکی تەندروستە لە خەباتی سیاسیدا. بەڵام ئەوەی تر کە هێزی بێزارییە، تەواو پێچەوانەیە. گەلان لە بێ کەسی و بێ ڕێبەریدا، تەنیا دەتوانن ئازار بچێژن، ڕۆژانە بێدادی دەبینن، گەندەڵی و ڕواڵەتبازی "ڕۆتین" دەبینن، ناشتوانن سەرەودەر دەربکەن و ڕێی ڕاست جیا بکەنەوە. تا زۆرتریش دەڕوا بێزاری لە دەروونیاندا پەنگ دەداتەوە و تا لە ئەنجامدا دەتەقێتەوە. میسرییەل ناویان لە ڕاپەڕینەکەی خۆیان ناوە "شۆڕشی تووڕەیی".

زۆربەی جار گەلان کە دەست بۆ گۆڕین دەبەن، سەبارەت بە نەبوونی بەرنامەی ڕوونی هەموو لەسەر ڕێککەوتووەوە ئەنجام بە پێچەوانەی خەونێلی خۆیان دەکەوێتەوە و پەنجەی پەشێمانی دەگەزن. ئەمە دۆخێکی گشتییە لە سەرجەم ناوچەدا. لە میسر، ئۆپۆزسیۆنی سەردەمییانە لاوازە، بژاردەی جڤاکیش کە توێکی ڕووناکبیرەیلە، دەتوانێ ببێ بە ڕێبەری گۆڕین، بەڵام ئەو توێکە هەمووی لە پاڵ دەسەڵاتدایە. ئەوەی ماوەتەوە شەقامێکی بێ دەرەتان، نەک جارێک با سەت جار بتەقێتەوە، ئەنجامی نییە و خراتری دەکا. ئیسلامی سیاسی خۆی مەڵاس داوە بۆ چنینەوەی بەری ڕەنجی شەقام. کتومت وەک

ئێرانی پێش سی ساڵ. رێژیمێک هات دنیا لێی بێزاره.

چیی تر پیاوەیلی ئاین و چارەسەری ئاینی رێبەر نین بۆ ژیانێکی شایەن. چارەسەری ئاینی بۆ سیاسەت، کۆن بووه و دەست نادا. ئاین ببێ بە چارەسەر بۆ دۆخی تەنگژاویی گەلان، وەک ئەوەیە بۆ سمێڵ بچی و ردێنی لەسەر دانێی. من لەو باوەڕەدام پاش تاقیکردنەوەی ئێران و سوودان، گەلان بۆیان دەرکەوت چارەسەری ئاینی تەواو بووه و دەبێ بە دوای شێوازی سەردەمییانەدا هەڵوەدا بن. جڤاکی ئەوروپا لە سایەی خەباتی رووناکبیرەیل و بیریارەیلی خۆیەوه پێش سەتان ساڵ گۆڕینی هێنایە کایە نەک لە سایەی ئاینەوە. ئەم گۆڕینەشیان بەردەوامە و لە نوێبوونەوەدایە تا هەتایە. ئەمەیە شێوازی سەردەمییانە، بەڵام ئاین لەبەرئەوەی شایەنی گۆڕان و دەس تێ وەردان نییە، ئەمڕۆش پێی رازی بی، سبەی لێت دەبێتەوە بە بەڵا. ئاین گۆڕین قفڵ دەکا.

زۆرجار گوێمان لێ دەبێ دەڵێن عەلمانییەتی دنیای عەرەب و ئیسلام هەرەسی هێنا بۆیە نۆرەی گەڕانەوەیە بۆ ئاین و بنەوایەلی ئاینی، قسەکە لە رواڵەتدا هەقە لەبەرئەوەی لەم دووە زیاتر لە پێشدا نییە، یان عەلمانییەت یان ئاین. بەڵام ئەمە شێواندنی دیمەنی سیستەمەیلی عەرەبییە، ئەو سیستەمەیلەی عەرەب عەلمانی نین، دەبێ ناوێکی تریان بۆ بێتە دۆزینەوە. دەوڵەتی عەلمانی چەند پێناسەیەکی هەیە دەبێ بەسەریدا بسەپێن، بۆ نموونە دوورخستنەوەی ئاین لە دەسەڵات کە ئەمە بۆ یەک جاریش رووی نەداوە لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا. حزبی ئیسلامی چەند ئیسلام بەکار دەهێنێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دەسەڵاتی عەلمانیش چەندان ئەوەندە بەکاری دەهێنێ بۆ قایمکردنی خۆی. دووەمین مەرج بەدامەزراوەییبوونی داودەزگەی دەوڵەتە، کە ئەمە لە هیچ وڵاتێکی دنیای عەرەبیدا نییە. بەدامەزراوەییبوون ئەوەیە مرۆڤی شایان لە جێی خۆیدا بێ بێ رەچاوکردنی بۆچوونی سیاسیی ئەو کەسە، لە وڵاتەیلی عەرەبیدا هەموو پلە و پایەیەک تاپۆی ئەندامەیلی حزبی دەسەڵاتە. لێوەشاوەتر لەوان بە هەزارانیش بن، هەلیان لە پێشدا نییە. بە کورتی

بەدامەزراوەییبوون نەهێشتنی رۆڵی حزبە لە داودەزگەی میریدا. خاڵێکی تر بەدواداچوونی کاروبارە بە شێوەی یاسایی و لێپێچینەوە لە ورد و درشتی کەموکورتی، خاڵێکی تر پێدانی مافی خەڵکە لەسەر بنەوای هاووڵاتیبوونیان. دەتوانین چەندان خاڵی تریش ریز بکەین کە پێویستە لە دەوڵەتی عەلمانیدا هەبن. لە دنیای عەرەبیدا بە عێراقی خۆشمانەوە هیچ یەکێک لەو بنەوایەلە بوونیان نییە.

پێناسەی ئەم وڵاتەیلە ئەوەیە، نەعەلمانین نەئاینی، شتێکن لەو نێوانەدا. هەرکات پێویست بێ لە هەموو کەس ئیسلامیترن، ساڵانە چەندان کتێبی عەرەبی رێیان لێ دێتە گرتن کە بگەن بە میسر، بو نموونە چاپی راستەقینە و بێ دەسکاریی "هەزار و یەک شەوە" کە کەلەپووری پێش هەزار و سێسەت ساڵەی عەرەبییە، میسر ئەمە دەکا بۆ دڵ راگرتنی ئاین. خەرجیی هەزاران داودەزگەی ئاینیش دابین دەدا لە داهاتی حەرام "داهاتی یاگەیلی شەوبوهێرک (نوادي ليلية) و سەماگە و شوێنی خۆش ڕابوێری". ئەمانە هەموو بۆ پێشاندانی ئایندارییی خۆی بەڵام هەرکاتیش پێویستی بە ئاین نەبێ لە هەموو کەس لادینترە. راستەقینەی ئەم وڵاتانە ئەوەیە، تاقمێک لە خزم و کەس و ئەوانەی بە ناوی حزبایەتییەوە لە دەورەیانن، سەرتاپێی وڵاتیان تەنیوەتەوە، لە: کارگێڕی، تەناهی، روناکبیری، سوپا و بازرگانیدا خۆیان هەموو لە هەموون. ئەمە دیمەنێک، دیمەنی دووەم لەم وڵاتەیلەدا، نێزیکەی هەموو هێزی گۆڕینی سەردەمییانە، واتە شارەزایەل و لێهاتووەیل و خاوەن پسپۆڕییەل، لە دەوری دەسەڵات ئالاون و بێ بەرهەڵستین تەنانەت بۆ کارێک کە ئەوپەڕی درێویش بێ. دیمەنێکی تر، پیاوەیلی ئاین خۆیان هەڵواسیوە بە دەسەڵاتەوە. ئەمانە هەموویان پارێزگاری لە بەرژەوەندیی تاقمی دەسەڵات دەکەن کە تاقمێکی بۆگەنی وڵات تاڵانکەرە.

بە بۆچوونی من چارەسەر لەم وڵاتەیلەدا تەنیا یەک رێگەیە، ئەویش بۆ دەمێکی کاتی و تا ئەودەمەی جێگرەوەی سەردەمییانە دەزێ. ئەو چارەسەرەش یەکگرتنی هێزی بێزاریی کۆمەڵ و هێزی بیرياریی

ڕووناکبیرەیلە، بۆ ئەوەی بە یەکەوە پاڵپەستۆ بخەنە سەر دەسەڵات تا چارەسەری کێشەیل ناقۆڵای وڵات بکا لە وێنەی: بێکاری، هەژاری، برسیەتی، دابینکردنی دەستەبەری تەندروستی و جڤاکی و دابینکردنی نوای حەوانە "خانوو" کە لە هەندێک لەم وڵاتەیلەدا نوای حەوانەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆ نموونە لە میسر، هەروەها چارەسەری گەندەڵی و رواڵەتکاری. من پێم وایە لەم قۆناغەدا ڕووناکبیرەیل واتە توێکی بژاردەی وڵات لە هەموو کەس بەرپرسیارترن، تەنانەت لە دەسەڵاتیش بەرپرسیارترن لە رووی ویژدانییەوە. تاکە توێکێکی جڤاک داوای راستوێژیی لێ بێتە کردن توێکی بژاردەیە: بیریارەیل و بنووسەیل و رۆژنامەنووسەیل تا دەگا بە دادوەرەیل و مامۆستایەلی زانستگە. ئەمانە تاکە پەنان بۆ چینی لێقەوماو پاش ئەوەی بزووتنەوەی چەپ بە تەواوی نووچی دا و بارگەی خۆی پێچایەوە. چەپایەتی هەر تەنیا مۆدێلی جاران نییە، چەپایەتی هەموو بزاوێکی سەردەمییانەیە لەپێناو خێری هەژارەیل و بۆ داهاتووی درەوشاوەی وڵات. دەشێ بزاوێکی تری چەپانە لەم توێکە بژاردەیەوە سەر هەڵبداتەوە لە شێوەی بزاوێکی پاڵپەستۆکەر کە لەلایەکەوە ڕێنوێنیکەر بێ بۆ کۆمەڵەیلی لێقەوماوی ژێرەوە و لەلایەکی تریشەوە ئامۆژگاریکەر بێ بۆ کۆمەڵەیلی سەرەوە. تا ئەو رۆژەی بژاردەی ڕووناکبیری رۆڵی راستەقینەیەی خۆی دەگێڕێ، گەلانی ئەم ناوچەیە هەر بێ سەر دەمێننەوە و خەباتیان هەر بێ بەر دەبێ، با هەر بێزارییان پەنگ بداتەوە و با هەر بتەقنەوە لە داخا، بزاوی ئاینی لە پارێزدایە بۆ رفاندنی دەسکەوتی تەقینەوەیان.

بزاو ژ: ٣١، شوبات ٩، ٢٠١١

## مەلا و ئاشتیی کۆمەڵایەتی

ئێمەی رۆشنبیرەیل هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا نییە. ئیسلام ئاینی جڤاکی خۆمانە و ڕێزی لێ دەگرین. رۆشنبیرەیل کێشەیان لەگەڵ هیچ

ئاینێکدا نییە. کێشەمان لەگەڵ مەلایەلیشدا نییە، ئەوانیش بەلامانەوە وەک هاووڵاتیی ئەم کوردستانە خاوەنی مافی خۆیانن لە ئازادیی رادەربڕین و روونکردنەوەی بیری خۆیان بۆ خەڵکدا، جا ئەو بیرە پێوەندیی بە هەر پرسێکەوە بێ ئاین یان سیاسەت. بێگومان کێشەمان لەگەڵ مزگەوتەیلیشدا نییە. ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵ هەندێک ناولێنان و پێناس و دۆخ، کە بوونەتە هۆی تێک نەگەیشتن لە نێوانماندا و بەردەوامیش وامان لێ دەکەن رووبەڕووی یەکتر ببینەوە کە لە ئەنجامدا ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کوردستان دەشێوێ. ئێمەش ئەم شێوانەمان ناوێ بە تایبەتی لەم هەلومەرجە ناسکەی هەرێم و ناوچەکەدا. بە کورتی کێشەیلی نێوانمان ئەمانەن:

یەکەم: دەمانەوێ بزانین سەکۆی مزگەوت بەشێکە لە هۆیەلی راگەیاندن وەک هەر هۆیەکی تری راگەیاندن لە دنیادا، یانیش پیرۆزگەیە و سەکۆی پێغەمبەرە و ئەو کەسەی قسەی لەسەر دەکا پیاوێکی پاکە و بە ناوی خوا و پێغەمبەر و ئاینێکی بەرز و پیرۆزەوە دەدوێ؟ ئەمە بنەڕەتی کێشەی نێوان رۆشنبیر و مەلایەلە، جیاوازییەکە لەم پێناسەیەدایە، کە روون نییە بۆ هیچ هاووڵاتی و بۆ هیچ دەزگایەکی کوردستان. داوا لە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و لایەنەیلی پێوەندیدار دەکەین ئەم پێناسەیەمان بۆ یەکلا بکەنەوە. ئەگەر سەکۆی مزگەوت هۆی راگەیاندنە، ئێمە زۆرمان بەلاوە ئاساییە و هیچ لارییەکمان نییە لێی. کوردستان هەرێمێکی ئازادە لە بواری راگەیاندندا، راگەیاندنێکی هەمەجۆرمان هەیە، شانازیشی پێوە دەکەن. مەلاش وەک هەر هاووڵاتییەکی کوردستان یان وەک هەر رۆژنامەنووس یان وەک هەر خاوەن بیرێک، دەتوانێ لەسەر ئەم سەکۆیەوە رەخنە لە حکوومەت و داودەزگایەلی وڵات بگرێ، یان ریسوایان بکا ئەگەر بیەوێ. رەخنە لە رووناکبیر و شاعیر بگرێ، یان تووک و نزایان لێ بکا ئەگەر بیەوێ. دەتوانێ باسی بەیاننامەی "بزووتنەوەی گۆڕان" بکا وەک چۆنی بەلاوە مەبەستە. هەموو ئەمانە ئێستە روو دەدەن لەسەر سەکۆی مزگەوتەیلی کوردستان بە تایبەتی لە شاری هەولێردا. بەڵام دەبێ بێتە زانین کەوا هۆیەلی

ڕاگەیاندن ڕێز لێگرتوون نەک پیرۆز. هیچ هۆیەکی ڕاگەیاندن پیرۆز نییە. ئەو کەسەش کە قسە دەکا لە هۆیەلی ڕاگەیاندندا یان نووسینی تێدا بڵاو دەکاتەوە، قسەیلی ئەو سەنەد نین، لەوانەیە قسەی باش و بەڕێ و جێ و بەسوود بن، لەوانەشە قسەی نابەجێ و زیانەدەر بن.

بەڵام ئەگەر سەکۆی مزگەوت سەکۆی پێغەمبەرە و پیرۆزگەی ئاینییە، دەبێ ئەو کەسەی قسەی تێدا دەکا، نێزیکی ئەو باسەیلە نەبێتەوە کە دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێ و شارەزا نییە تێیاندا. ناشێ بە ناوی خوا و پێغەمبەرەوە بابەتێکی گرینگی وەک کتێبێک کە لە دەزگایەکی ڕێزدار دەرچووە، هەر بۆ هەوای نەفس و بۆ خۆ پێشاندان، بکا بە نیشانە و بەڵگەی لادان لە ئاین. مەلا ئەگەر هیچ شارەزاییەکی نەبێ لە بوارێکدا، ناتوانێ سەکۆی مزگەوتی بۆ بەکار بێنێ. بۆ نموونە کاتێ حکوومەتی هەرێم دامەزراندنی کارمەند دەوەستێنێ، دیارە ئەم حکوومەتە بەرنامەیەکی هەیە، دیارە کۆسپی لە پێشدایە بۆیە ئەم کارە دەکا، یان دیارە ماوەیەکی تر بڕیار دەدا کارمەند وەربگرێ. مەلایەک لە سەکۆی مزگەوتەوە پەلامار و هێرش دەبا بۆ سەر ئەم بەرنامەیە، یان لە خۆیەوە و بێ ئاگاداریی تەواو، باسی هەموو بەرپرسەیلی وڵات دەکا و تیر و تانەیان لێ دەدا بەبێ بەڵگە و ریسوایان دەکا، ئەمە شێواندنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە. بێگومان مەلا دەتوانێ ئەم قسانە بکا بەڵام نەک لەسەر ئەم سەکۆیەوە کە سەکۆی پێغەمبەرە و خەڵکی هەڕەمەکی و سادە پێیان وایە ئەو کەسەی وا لەوێ دوان دەدا، شارەزایە و تێگەیشتووە و پاک و بێگەردە. مەلا ناو بەناو کە "لا اله الا الله" یان "الله اکبر"ێک دەخاتە ناو توێی قسەکانیەوە و بە خەڵکەکە دووبارەیان دەکاتەوە، ئەمە جاڕی شەڕە و بۆ شێواندی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە.

مەلاش با وەک ئێمە، لە هەموو هۆیەلی ڕاگەیاندندا بیری خۆی بخاتە ڕوو بەو شێوەیەی حەز دەکا. مەلایەک کتێبێک دابنێ هەمووشی چەوت و هەڵە بێ، کێشەمان نییە لەگەڵیدا، کتێب بۆ بژاردەی جڤاکە و ناگا بە دەستی ڕەشوڕووت و کەس هەڵنافریوێنێ. ئەودەمە ڕۆشنبیرەیلیش دەتوانن

وتووێژێکی شارستانییانەی لەگەڵدا بکەن بە نووسین.

دووەم کێشەمان لەگەڵ مەلایەل، بە تایبەتی لەگەڵ داودەزگای ئاینی و مەلای هەولێردا، ئەوەیە تەنیا لە هەولێر کێشە دەنێنەوە. ئەوان یەکێتییەکەیان یەک خستەوە، دوو ئیدارەیی نەماوە لە پرسی ئایندا، بۆچی لە سلێمانی شتێک ئازادە و لە هەولێر رێ لێگرتووە. ئاخۆ بووە و رووی داوە لە دنیا، دوو یاسا هەبێ بۆ دوو شاری ولاتێک لە بواری ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕیندا؟ ئەم کەرتکردنەی کوردستان بۆ دوو هەرێمی "یەکیان ئازاد" و ئەوی تریان "جێی سەرپانکردنەوەی شیعر و هزر"، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی مەلایەلدایە. ئێمە هەولێرمان دەوێ ببێ بە کانگەی بیری ئازاد و نوێخوازی، دەمانەوێ بیکەین بە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سەردەمییانە، بە سەرچاوەی دیموکراسی، نامانەوێ رووی ئەم شارە لە هەموو بوارێکدا گەشاوە بێ و لە بوارێکدا کە لە هەموویان گرینگترە، بچێتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

دەبێ ئەم دووسەرەیی و جووتەوەرییە لە بواری مامەڵە لەگەڵ کتێب و رۆژنامە و بیرکردنەوە لە نێوان شارەکانی کوردستاندا، دروست نەبێ. خوا یەکە و ئاین یەکە، ئەم دووڕووییە نایەتە قەبووڵکردن. ئەمە کارێکی چەوت و نابەرپرسانەیە و ئەنجامەکەشی زۆر خراپ دەشکێتەوە بەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

کێشەی سێیەم نەختێک بچووکترە لەمانە، رەنگە گەورەتریش بێ و من نەیزانم، ئەویش ئەوەیە زۆربەی مەلایەل رۆژ بەرۆژ، پلە و پایەی خۆیان لە چڤاکدا دەهێننە خوارەوە. مەلای یەکگرتوو هەیە، مەلای کۆمەڵ هەیە، مەلای گۆڕان هەیە، مەلای یەکێتی هەیە، مەلای پارتی هەیە. بیستوومانە مەلاش هەیە سرف قاعیدەیە. راستە مەلاش مرۆڤە و مافی خۆیەتی هەر یەکێک لەمانە بێ، کێشەکە لەوەدایە مزگەوت دەکا بە بنکە و بارەگای ئەم لایەنانە و بە ناوی ئەوانەوە دەدوێ. ئەم دۆخە کە خۆیان دروستیان کردووە، زۆری لە نرخ و پایەی ئەوان دابەزاندووە، ئەنجامەکەشی خراپ دەبێ بۆیان. ئێمە زۆر سوورین لەسەر مانەوەی ئەم توێکە بە رێز لێگرتوویی، هەر کەسێک لە ئێمە

چەندان مەلای هەڤاڵ و خزمی هەیە و بە پەرۆشە بۆیان، مەلامان خۆش دەوێ و دەمانەوێ لە جیاتیی ئەوەی ئەوەندە بە ئێمەدا دەچنەوە، جارێکیش بە خۆیاندا بچنەوە و بزانن چییان کردووە بە خۆیان. ئەوان داوا دەکەن ئێمە ڕێزیان لێ بگرین و وەک فریشتە سەیریان بکەین، باشە دەیکەین و زۆریشمان پێ خۆشە مەلا فریشتە بن، بەڵام با تۆزێک لە گەمەی دنیایی دوور بکەونەوە، کاری ئەوان لەگەڵ حزبایەتیدا زۆر نارێک و ناکۆکە. تەنیا مەلا دوور بکەونەوە لە حزب، ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناشێوێ.

بزاو ژ: ٣٢، شوبات ١٣، ٢٠١١

## گۆڕین لە میسرەوە دێ

هەموو دنیا چ لە ناوچەی خۆمان، ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە دنیای گەورەدا، چاوەچاوی ئەوەن بزانن بەدەردانەوەی کاریگەریی شۆڕشی میسر چییە بۆ سەر سیستەمی سیاسیی وڵاتەیلی عەرەب و ئیسلام. هێشتا هیچ رەنگوڕووێکی ئەو گۆڕانە لە کەسەوە دیار نییە. دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە کونی دەرزییەوە بکەین و هەوڵ بدەین تارماییەک لەو دنیا داهاتووە، ئەگەر زۆر بە بچووکیش بێ بەدی بکەین. لە میسر گەورەترین سیستەمی سیاسی لە ناوچەی عەرەبیدا هەرەسی هێنا لە ژێر پاڵەپەستۆی جەماوەر لە ماوەی سێ حەوتوودا. بەڵام ئاخۆ ئەمە رووداوێکی بێ میناک و بێ هاوتایە لەم ناوچەیەدا یان نا؟ من پێم وایە نا، هاوشێوەی هەیە و پێشتر رووی داوە. هاوشێوەکەشی سیستەمی سیاسیی تورکیایە کە پێش چەند ساڵێک بە شێوازی دیموکراسییانە و لە رێی دەنگدانەوە هاتە گۆڕین. جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە میسر دوو مانگ بەر لە دەست پێکردنی ئەو راپەڕینە، هەڵبژاردنێکی گشتیی ئەنجام دا و بە دەسکاری و دەس تێ وەردانی دەسەڵات، پارتی فەرمانڕەوا سەتا سەتی بردەوە. لە تورکیا ئەمە مەیسەر نەبوو بۆ دەسەڵات، هەڵبژاردن لە تورکیا دیوەدەرتر و ئاشکراترینە ئەگەر بێتە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی تری

ناوچەدا. لە هەردوو وڵاتدا دیکتاتۆرییەت درزی برد بەڵام تەواو نەڕووخا. دیکتاتۆرییەت لایە کرێتەکەی رووخا و لایە لەوەندەکەی مایەوە. بزانین چۆن؟

هەر زوو، لەگەڵ یەکەمین پریشکی سەرهەڵدانی گەلی میسر و چەقینیان لە گۆڕەپانی رزگاری لە ناوەڕاستی قاهیرەدا، دنیا پێ حەسیا ئیتر ئەزموونی تونس دووبارە دەبێتەوە و دەبێ سەرۆک بڕوا. مەرجی راپەڕیوەیل رۆیشتنی سەرۆک بوو بەر لە هەر وتووێژێک. بە مانەوەی ئەم سەرۆکە تەنانەت بە کەمترین دەسەڵاتیشەوە، دەیانزانی گۆڕان نایەتە دی. میسرییەل سەرۆکی خۆیان باش دەناسن لە کەللەڕەقی و نەگۆڕیدا. پاش چەند رۆژێک لە دەسپێک، سەرۆک حوسنی مبارەک ئەنجوومەنی وەزیرەیلی گۆڕی، سوودی نەبوو. جێگری بۆ خۆی دانا، سوودی نەبوو. نە ئەنجوومەنی وەزیرەیل و نە جێگری سەرۆک نەیانتوانی بایی مووێک لە توندیی راپەڕینەکە کەم بکەنەوە ئەگەر لێیان زیاد نەکردبێ.

مبارەک لەو ماوەیەدا کە خۆی بە درەنگ خست لە بە جێهێشتنی دەسەڵات، لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ دەرەوەی وڵات و ناوەخۆی دەسەڵاتەکەیدا. زۆر جاریش لە وتەیلی خۆیدا دووبارەی کردەوە کەوا بەپەرۆشە بۆ داهاتووی سیاسیی میسر و نایەوێ ئەم وڵاتە لە کیس بچێ. من لەم خاڵەدا لە هەموو دڵمەوە باوەڕم پێی دەکرد. سیستەمی سیاسیی میسر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ەوە دەست پێ دەکا، ئەو سیستەمە لەو ماوە دوور و درێژەدا دوو رووداوی گرینگ بۆی بوون بە دیما و رواڵەت، یەکەمیان کۆمەڵێک شەڕی گەورە لە بەرامبەر ئیسرائیل و هاوپەیمانانیدا کە دواجار بە رێککەوتنی ئاشتی بە کۆتا هاتن. ئێستە میسر و هەموو دنیای رۆئاوا لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ ئەم رێککەوتنە هەڵنەوەشێتەوە. دووەمین دیمای میسر لە رووی سیاسییەوە برێتی بووە لە سەرکوتینەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامیی کۆنەخواز. لەم رووەشەوە ئیسرائیل و تەواوی دنیای رۆئاوا نیگەران بوون ئاخۆ ئەم راپەڕینە جەماوەرییە رێ خۆش دەکا بۆ گەیشتنی ئەم کۆنەخوازەیلە بە تەختی دەسەڵات یان نا؟

من لەو باوەڕەدام، مبارەک نەڕۆیشت تا ئەم دوو کێشەیەی بە چارەسەر نەگەیاند. نەیهێشت ئەوانە بە مەرام بگەن کە دەیانویست داهاتووی سیاسیی میسر سەت و هەشتا پلە لەگەڵ رابردووی خۆیدا بەرەواژ بکەنەوە. بێگومان لە داهاتوودا زۆر شت لە میسردا روو دەدەن، بە وێنەی: ئەنجامدانی هەڵبژاردنی روون و دیوەدەرانە و دەستاودەستکردنی ناوبەناوی دەسەڵات بەخۆشی. بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی هەمەڕەنگ و کارا، گەشەکردنی میدیای ئازاد و جموجووڵی رێکخراوەیلی جڤاکی شارستانی. بەڵام هەموو ئەمانە لە ژێر رێنوێنی و چاودێریی سوپادا روو دەدەن. هەڵسوکەوتی سوپای میسر لە ئاست خۆپێشاندەرەیلدا، بەلای زۆر کەسەوە جێی سەرنج بوو. کەس باش لەو رۆڵە نەدەگەیشت لە کاتی ئەو رووداوەیلەی روویان دا، نەیاندەزانی ئاخۆ ئەمە سوپایە کە دەیەوێ سەرۆک بپارێزی و هەوڵی مانەوەی دەدا، یانیش بێلایەنە و دەیەوێ مل بۆ ویستی گەل لار بکاتەوە. من لەو باوەڕەدام، سوپای میسر ئەرکی خۆی وەک هەمان ئەرکی سوپای تورکیا پێشان دا لە پرسی پاراستنی سیستەمی عیلمانیدا نەک پاراستنی سەرۆکێک. دەسەڵاتی سیاسیش دەستاودەست بکا، دەوڵەتی میسر ناگۆڕێ و هەر بە عەلمانییەتی خۆی دەمێنێتەوە. لە پرسەیل ستراتیجیشیدا بۆ نموونە پێوەندی لەگەڵ رۆئاوا و پاراستنی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، گۆڕان روو نادەن.

مبارەک سەرەتا دەیویست لە رێی حزبەکەیەوە و لە رێی هەندێک گۆڕینی رواڵەتییانەی وەک ئەنجوومەنی وەزیرەیل و دانانی جێگر بۆ خۆی، ئەم گواستنەوەی دەسەڵاتە بە ئەنجام بگەینێ. زۆریشی هەوڵ دا بۆی نەچووە سەر. ئەو گرووپ و تاقمەی لە دەسەڵاتی سیاسیی میسردا بەرچاو بوون، بە تایبەتی توێکی بژاردەی بواری ساسەت، زۆر دزێو و کرێت بوون بەبەر چاوی جەماوەرە راپەڕیوەکەوە، نەیاندەتوانی بچووکترین متمانەیان لەلادا پەیدا بکەنەوە.

مبارەک کارێکی چاکی کرد وڵاتی بەجێ نەهێشت بۆ چارەنووسی نادیار و تەماوی، من لام وایە ئەم پیاوە ئەگەر لە مێژوودا هیچی بۆ نەیەتە نووسین لە

کاری شایەن و ئەرێنیدا، ئەوەی بۆ دێتە نووسین کە ئەرکی گواستنەوەی دەسەڵاتی سپارد بە سوپایەکی خاوەن مێژووی دێرین و خاوەن رێز و متمانە نەک سپاردنی بە کۆمەڵەیلێکی سیاسی کە جگە لە شێلووکردنی چارەنووس و بە رێی مەترسیدا بردنی، هیچی تریان لە دەست نەدەوەشایەوە.

ئەم گۆڕینە نەرمونیانە چاوەڕوانکرییەی دەسەڵاتی سیاسی لە میسر، هەرچەندە نەرمونیانییەک دەبێ لە دوای سەرهەڵدان و شۆڕشی تووڕەیییەوە دێتە دی، گومانی تێدا نییە کە بە ئاگەداریی وڵاتەیل یەکگرتوو و ئیسرائیل و زۆر لایەنی پێوەندیداری تر روو دەدا و ئەوان لە پەناوە ئاگەداری دەبن. هەموو لایەنێکی بەرپرسیار لە دۆخ و باری دنیا ئەمەی دەوێ نەک گۆڕینێکی لنگەوقووچکەرەوەی دۆخی سیاسی لە ناوچەکەدا. لەدایکبوونێکی بێ ژانی دیموکراسی لە میسر و باشکردنی باری بژێو بۆ گەلێکی زۆربە برسی و بینینی رۆڵێکی شیاوتر و کاراتر لەم ناوچەیەدا بۆ میسر، ئەو شتەیلەن کە دنیای گەورە پێویستی پێیانە. تەنانەت ئێمەش لەم کوردستانەی خۆمانەوە پێویستمان بە رەنگدانەوە و تیشکدانەوەی دیموکراسیەتی میسر هەیە بەسەرماندا نەک ئاگرێکی بێ ئامان بمانسووتێنێ زیاتر لەوەی سووتاوین. میسر بۆ ماوەی نیو سەتە زیاترە بووە بە هۆی قفڵبوونی گۆڕان لە ناوچەی عەرەبیدا، سیستەمێکی کەللەڕەقی خۆبەزلزانی لە خۆبایی، بووبوو بە تارماییەک بەسەر دنیابینیی عەرەبی و تەنانەت ئیسلامیشەوە، باش بوو لە کۆڵ بووەوە.

بمانەوێ و نەمانەوێ وەک چۆن سوپای تورکیا پاسەوانی عەلمانییەتی سیستەمی دیکتاتۆریی تورکیا بووە لە رابردوودا و ئێستەش بە پارێز و بە دڵەڕاوکەیەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕینانەدا دەکا کە پارتی ئیسلامیی دەسەڵاتدار ئەنجامیان دەدا. ئەو سوپایەی تورکیا نەبێ، بێ سێودوو ئیسلامییەکان دەیکەن بە کۆماری ئیسلامی. لە میسریش من پێم وایە سوپا هەمان رۆڵ دەبینێ لە گواستنەوەیەکی مام سەلامەتۆکەی سیاسیدا. با ویژدانمان هەبێ و بەزەییمان بە دڵدا بێ، دۆخی سیاسی و ئابووری و

کۆمەلایەتیی گەلەیلی رۆهەلاتی ناوین و دنیای عەرەب و ئیسلام بە گشتی، هێندە پەرێشانە بەرگەی کارەساتی هاتنە سەرکاری هێزەیلی لاسار و سەرەرۆ ناگرێ کە ناوچەکەمان زیاتر وێران بکەن. گەلەیل ئەم رۆڵە لە میسردا بەدی دەکەن، سوپای میسر ئەمرۆ لەبەردەم ئەم ئەرکە گەورەیەدایە و چاوەڕوانیشمان وایە سەربکەوێ.

ڕووداو ژ: ١٥٠، شوبات ١٤، ٢٠١١

## چۆن گەندەڵی دەبڕێتەوە؟

گەندەڵی سەری دەم و بنی دەمە لە رۆژنامەوانیی کوردیدا، بەلام بە نیوەچڵی دێتە باسکردن. رۆژنامەنووس شتێک فێر بووە کەس نازانێ لە کوێوەی هێناوە، دەڵێ من ئەرکم ئەوەیە تەنیا پەنجە بخەمە سەر کێشە، ئەرکی من نییە چارەسەر بدۆزمەوە. ئەمە راست نییە و ئەرکی رۆژنامەنووس ئەوە نییە تەنیا نەرێ بخاتە روو، دەبێ شیکارەی تێروتەسەلیشی بۆ بکا و رێی چارەسەریشی پێشان بدا. وا نەکا جیاوازیی نابێ لەگەڵ هاوولاتیدا. هاوولاتیی ئاسایی لە باشترین رۆژنامەنووس باشتر کەموکورتی و نەرێیەل "سلبیات" دەبینێ. بیدوێنە زۆرجار هۆی نەرێیەلیشت بۆ لێک دەداتەوە. رۆژنامەنووس و رووناکبیری سەر لاپەڕەی رۆژنامەیل هێندەی هاوولاتیی ئاساییش بە ناخی کێشەیلدا رۆناچنە خوارەوە. من لێرەوە گومان لە راستگۆییان دەکەم لە باسی گەندەڵیدا. چ رۆژنامەنووس و رووناکبیری وتارنووسی رۆژنامەیل، چ ئۆپۆزسیۆن، بەڕاستیان نییە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە. حەز دەکەن قووڵتریشی بکەنەوە، جا یان بۆ ئەوەی هەلیان دەس کەوێ برابەش بن تێیدا، یانیش دۆخەکە زیاتر بئالۆزێنن.

زۆرجار لە تۆقەلانی دەسەلاتەوە داوا لە میدیا دێتە کردن تا ببێ بە رێنوێنیکار بۆ چارەسەری دیاردەی گەندەڵی، ئەمە نیازباشییە لە دەسەلاتەوە

کە داوای دڵسۆزی و بەشداری دەکا لە ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری، دەبێ ئەم نیازباشییەش بێتە قۆستنەوە. دەسەڵات دەیەوێ لەم ڕێیەوە ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری ببن بە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا تا دەنگ و دەنگدانەوەی بە سوود لە نێوان هەردوو لادا دروست ببێ. بەڵام ئەم توێکە نایەتە پێشەوە و خۆی بە دەستەوە نادا بۆ بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەرێنی لەپێناو چارەسەری کێشەیلی وڵاتدا، دیارە توێک "شریحة" مەبەستی نییە ڕۆڵی وا ببینێ. لەوانەیە دەسەڵاتیش لە فیکەی وان گەیشتبێ و بزانێ نیازی ئەمانە بەشداری نییە بۆ چارەسەر، بگرە پەڵپ و بیانووە بۆ داوای بەش.

گەندەڵی نەخۆشییەکی سەربەخۆ نییە، ئەنجامی نەخۆشییەکی ترە. وەک چۆن زانستی دەروونناسی دیاردەی درۆ و دزی لەلای مرۆڤدا، دەباتەوە بۆ سەرچاوە و لەم ڕێیەوە چارەسەریان دەدۆزێ، گەندەڵیش وایە، دەبێ بۆ سەرچاوەی خۆی ببەیەوە. ئەوەی جێی گومانە لە نیازی ئۆپۆزسیۆن و ڕۆژنامەنووسەیل بۆ چارەسەری گەندەڵی، ئەوەیە هەر کاتێ کە باس لە گەندەڵی دەکەن تەنیا لێدانی پارەوپوولیان بەلاوە مەبەستە، بەڵام دیاردەی پارەوپوول لێدان بچووکتر و کەم تینترە لە گەندەڵییەکی تر کە دایکیەتی، ئەویشیان هەروەها بێچووی گەندەڵییەکی لە خۆی گەورەترە. وەکو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکەی "شیردا بۆ داپیردا"، دەبێ چارەسەر لە بنج و بناوانەوە بێتە کردن ئەگینا گەندەڵیی دارایی نابڕێتەوە. گەندەڵیی دایک، گەندەڵیی کارگێڕییە. کارگێڕی لە کوردستان هیچ بنەوایەکی سەردەمییانەی نییە. زۆر داودەزگا بێ نەخشە و پلانی تۆکمە بەڕێوە دەچن. بۆ نموونە: کێبەرکێی ناوەخۆیی وای کرد بە سەتان هەزار خەڵکی زیادە بێنە دامەزراندن و ئێستەش ئەم لێشاوە هەر بەردەوامە. داودەزگای میری پڕ بووە لە ناشارەزا و بێ کەڵک. پلەی بەرز لە داودەزگادا بە خەڵکی کەم لێهاتوویی هاتنە دان. ساڵانە دەرچووانی زانسگە دەبێ بێنە دامەزراندن ئەوجا پێویست بن یان نا. قوتابییەلیش بێنە وەرگرتن ئەوجا ئامادەسازیی زانسگە هەبێ یان نا. زانسگە لە شار و شارۆکە هاتنە کردنەوە بێ ئەوەی پێویست بن یاخۆ

بنچینەیەک هەبێ لە رووی هەبوونی کادیری فێرکاری و باڵەخانەوە لەو شارەیلەدا. لە ئەنجامدا ئاستی خوێندن دابەزی بۆ پلەی سفر. هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی نەخشە و پلان. نەخشە و پلان هەبێ بۆچی بشێ مووچەی فەرمانبەرێک لە وەزارەتێک سەت جار زیاتر بێ لە هاوشێوەی خۆی لە وەزارەتێکی تردا.

نەبوونی نەخشە و پلانیش لە ئەنجامی کێبەرکێی حزبایەتییەوە. کێبەرکێی حزبایەتیش لەپێناو پاوانکردنی دەسەلات. لەم دۆخە ناتەندروستەدا بە لێشاو خەڵکی کەم لێهاتوویی دزەیان کردە ناو تۆڕی کارگێڕیی کوردستان. ئەمەش باشترین زەوینەی بۆ گەندەڵیی دارایی رەخساند. باشترین زەوینەشی بۆ بێدادی و نایەکسانی لە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییاندا رەخساند. دواجاریش باشترین زەوینەی بۆ نەهێشتنی لێپێچینەوە رەخساند. ماوەی دە ساڵ زیاترە لە هەموو پلەیلی دەسەڵاتی کوردستاندا باس لە بەدامەزراوەییکردنی داودەزگا دەکەن بێ ئەوەی یەکێک پێیان بڵێ لەم ماوەیەدا هەمووی، ئاراستەی کارکردنی داودەزگا سەت و هەشتا پلە رێی پێچەوانەی گرتووە.

پلان و نەخشە تەکنۆکرات دایدەنێن نەک پێشمەرگەی دێرین و کادیری سیاسی. پێشمەرگەی دێرین و کادیری سیاسی بێگومان جێگەی رێزن بەڵام ناتوانن نەخشە و پلانی سەردەمی و شارییانە دابنێن، باشە با ببن بە وەزیر، بەڵام لە هیچ وەزارەتێکدا راوێژکاری لێهاتوو نییە پلان بۆ وەزارەت دابنێ. هەر بەدەستی مەبەست راوێژکاری کەم شارەزا دێنە دۆزینەوە نەوەکا دەس لە کار وەربدەن و چاکی بکەنەوە. ئەم دۆخە بیست ساڵی تەواوە بەردەوامە و رۆژ بەرۆژیش خەستتر دەبێتەوە.

ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و رۆژنامەوانیی کوردی، بە هەموویەوە چ رۆژنامەوانیی دەسەڵات و چ نارەزا، بە شێوەیەک لە شێوەگەل بەشداری دەکەن لە فرەوانکردنی گەندەڵیی کارگێڕی و نەهێشتنی سەرگرتنی نەخشە و پلاندا. بۆ نموونە: دەبێ هەوڵی پلانێک لە لایەن وەزارەتی فێرکردنی بالاوە هەبووبێ کەوا شیانی وەرگرتنی چەند قوتابیی هەیە بۆ ساڵی خوێندنی تازە.

ئۆپۆزسیۆن و میدیا پاڵپەستۆ دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پلانە. ئەمە کەی ڕەوایە تۆ دژی سیستەم بیت و داوای بنەبڕکردنی گەندەڵیش بکەی، مەگەر گەندەڵی بێچووی بێ سیستەمی نییە؟

ئەوەشم زۆر بەلاوە سەیرە، لەم وڵاتەی خۆمان کە لە هیچ کوێیەکی دنیادا لە وێنەی نییە، بەشێکی زۆری گەل بەشدارە لە گەندەڵیی کارگێڕی و داراییدا. بێ ژمار ئەو کەسەیلە هەن لە هەندێک شاری کوردستاندا کە هێشتا دوو مووچە و سێ مووچە وەردەگرن. بە هەزاران کارمەندی دەوڵەت مووچە وەردەگرن بێ ئەوەی بە مانگ سەر بە دەزگایەلی خۆیاندا بکەن، لە ناویاندا ڕۆژنامەنووس و بنووسەیلیش زۆرن کە زۆر خۆش بدوێن لەبارەی گەندەڵییەوە. بە نەختی و پوختی، زۆربەی ئەم گەلی کوردستانە دەستێکی لە گیرفانی گەندەڵیدایە. ڕۆژانە بێ رادە خەڵک پاڵەپەستۆ دەکەنە سەر داودەزگای میری بۆ بەڕێکردنی مامەڵەی ناڕەوا و چەوت. من لێرەدا گلەیی لە خەڵک ناکەم، ئاوێکە و بۆیان ڕژاوە، پرسەکە هەر دەبێ بەرۆکی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی بگرێتەوە. تۆ کە مووچەی وەزارەتێک جارانی دوو دەکەی، دەرگە دەکەیەوە بۆ پاڵەپەستۆی خەڵک تا ڕوو لەوێ بکەن و هەزار فڕوفێڵی گەندەڵیش بەکار بێنن بۆ گواستنەوە. کات نەما، دەبێ دەسەڵات زۆر زوو فریای چارەسەری ئەم دۆخە بکەوێ بەر لەوەی کار لە کار بترازێ و گێژەڵووکەی نەهامەت ڕووی تێ بکا. ئۆپۆزسیۆن لە ڕوودا دژ بە گەندەڵی وەستاوەتەوە بەڵام لە کردەوەدا هەوڵی فرەوانکردنی دەدا تا دەسەڵاتی تێدا بخنکێ و بە سوودی خۆی کایەکە تەواو ببێ. جێی داخە ڕۆشنبیرەیل و ڕۆژنامەنووسەیل و قەڵەمی قەڵەوی ناو ڕۆژنامەیلیش لەم گەمەیە ئاڵاون.

بزاو ژ: ٣٣، شوبات ١٦، ٢٠١١

## پارتی تا ئێستە لە هیچ شتێکدا سەرکۆنەی نەکردووم لێپێچینەوەشم لەگەڵدا نەهاتووەتە کردن

دیمانە: کۆواری چاو. سازدانی: شێرزاد عەبدوڵڵا

* تۆ پێت وایە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستاندا بوونی هەیە؟ ئەگەر بوونی هەیە چی دەڵێی بەو هەموو وتارە ئاینییەی پڕ لە حەماسەت و هەڕەشەی خۆپێشاندان دژی رۆشنبیرەیل بە هۆی نووسینی چەند بابەتێکی رەخنەگرانەوە؟

– ئازادیی رادەربرین لە کوردستان بوونی هەیە بێگومان و ئازادییەکی بەرهەڵدایشـــەیه، بە یاســـاش هاتووەتە پاراستن. ئەو وتارە ئاینی و خۆپێشاندانەیلەی کە تۆش ئاماژەیان بۆ دەکەی ئەوانیش هەر بەشێکن لەم ئازادییە و زۆریش رێز لێگرتوون. دەشێ مرۆڤ بە شێوازی جۆرەوجۆر بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو، کوردستان نموونەیەکی جوانە لە دیموکراسیدا. کێشە ئەوەیە ئاین و ئازادیی دەربڕین تێکەڵ بوون لەگەڵ یەکتردا. تۆ نازانی رووبەڕووی کامیان دەبیەوە، ئاخۆ مرۆڤێکی ئاساییە ئەوەی پەلامارت دەدا و وەک خۆتە لە ئەرک و مافدا، یانیش دەمڕاستی خوا و پێغەمبەرە و نێزیکبوونەوە لێی مەترسیدارە. ئاڵۆزییەکە لەمەوە سەری هەڵداوە و دەبێ زووش بێتە چارەسەرکردن پێش ئەوەی ئەنجامی زیاندەری زیاتری لێ بکەوێتەوە. دەبێ ئەو جووتەوەرییە نەمێنێ، تۆ بە ئارەزووی خۆت شاڵاو ببەی و بێ رێزی بنوێنی، بشڵێی نوێنەری پێغەمبەرم. ئەگەر نوێنەری پێغەمبەری دەبێ رێزدارانەتر لە خەڵکی تر هەڵسوکەوت بکەی و بدوێی. نابێ لە پەنای پێغەمبەر و ئاینەوە وڵات بشێوێنی.

* بەلای ئێوەوە مەلا گرینگییەکەی جارانی ماوە بۆ جڤاکی کوردەواری؟

– مەلا گرینگیی جارانی نەماوە. جاران لەبەرئەوەی داودەزگەی دەوڵەتی

کارا نەبوون لە کوردستاندا، ئەم هەرێمەی ئێمە بۆ سەتان ساڵ "دەشێ بڵێین" لە بۆشایی دەسەڵاتدا دەژیا، ئەودەمانە مەلا جێگەی زۆر جۆرە دەسەڵاتی گرتبووەوە بۆ جڤاک. بەگوێکراویش بوو لەبەرئەوەی پشتی بە یاسای ئاین دەبەست، کێشەیلی جڤاکیش ئەودەمانە زۆر سادە بوون. ئێستە ئەو دۆخە نەماوە، داودەزگەی روناکبیری و هۆیەلی راگەیاندن هەیە، دادگە هەیە، پۆلیس هەیە، کەس بۆ هیچ جۆرە یەکلاییکردنەوەیەک لە کێشەیەکی ئەم بوارەیلەدا پرس و را بە مەلا ناکا. حاجی قادری کۆیی لە بواری رەخنەگرتن لە شێخێکی کوردستان کە زۆر ژنی هێناوە دەڵێ "ئیبن ئادەم نەماوە سەری پان کاتەوە وەکو مار". ئیبن ئادەم مەلایەکی گەورە بووە. ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ گۆڕاوە، کوردستان بە دەسەڵاتە هاوسەردەمییەکانی خۆیەوە بەڕێوە دەچێ نەک بە "سەرپانکردنەوەی مەلایەل بۆ خەڵک". مەلا وەک پیاوێکی شارەزا لە بنەوایەلی ئاین و بۆ پرس لە کێشەیلی پێوەندیدار بەئاینەوە، خەڵک روویان تێ دەکەن، بۆ پێشنوێژیش مەلا پێویستە، بەڵام دەسەڵاتی سەرپانکردنەوەی خەڵکی نەماوە. راستیت دەوێ مەلای گەورەش هەر نەماوە.

* سانسۆری کتێب کە مەلایەل ئێستە ئەو رێوشوێنە دەگرنەبەر لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیری و ئەوقاف کەچی یاسا ئاشکرا دەڵێ چاپەمەنی لە کوردستاندا سانسۆری لەسەر نییە. ئەمە چۆن دەبینیت؟

– بەپێی یاسای چاپەمەنی لە کوردستان، هیچ لایەنێک و وەزارەتێک بۆی نییە پێش بڵاوبوونەوەی کتێب هیچ جۆرە بڕیارێکی لەبارەوە بدا یان تەنانەت سەیری ناوەڕۆکیشی بکا. ژمارەی سپاردن بۆ تۆمارکردنی ژمارەیە کە وەزارەتی رۆشنبیری دەیدا، بۆ هەر ژمارەیەکیش کە دەیدا چەند دانەیەکیان لە کتێبەکە دەوێ پاش چاپبوونی، ئەمە مافێکی یاساییە و کاری خۆیانە دەیکەن، بەڵام ناتوانن داوای دانەی کتێبەکە بکەن پێش چاپ بۆ سانسۆرکردنی. یاسا رێی ئەمەی نەداوە. تەنیا دادگە فەرمانڕەوایە لەم

پرسەدا، ئەویش ئەگەر یەکێک سکاڵا تۆمار بکا ئەو کاتە دادگە دەتوانێ بڕیار بدا ئاخۆ ئەم کتێبە لەگەڵ چ یاسایەکی تری وڵاتدا کۆک نییە تا ڕێی بڵاوبوونەوەی زیاتری لێ بگرێ، یانیش هیچ کێشەی نییە و ئاساییە کە بڕوا، ئەمەش دوای ئەوەی دەکەوێتە کتێبخانە و دەکەوێتە بەر دەست بە ئاشکرایی، نەک پێشتر. ئەمە پوختەی باری یاسای چاپەمەنییە لە کوردستان: بڕیار لە شتێک نایەتە دان کە دەرنەچووە.

* هیچ کاتێک بووە مەلایەل لەبری وتاری هەڕەشە و خۆپێشاندان پەنا ببەنە بەر گفتوگۆ یاخۆ وەڵامدانەوەی بابەت لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیلدا؟ ئەگەر نەبووە بە هۆی چییەوە نەبووە؟

– ئەمەش کێشەیەکی ترە لە کوردستان، مەلا پەنا بۆ گفتوگۆ نابەن لەبەرئەوەی توانستی ڕووبەڕووبوونەوە لە خۆیاندا بەدی ناکەن. مەلای کورد زۆربەی زۆریان ڕۆشنبیر نین بە کەرەستەیەکی سەردەمییانە، تەنانەت لە زانستی ئاینەکەشدا بزان و شارەزا نین. گفتوگۆیان بکردایە زۆر سوودیان بە جڤاک دەگەیاند، ئێمەش وەک ڕۆشنبیرەیل سوودمەند دەبووین لێیان. لە سەرچاوەیل ئاینیدا ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و بەرفرەوان هەیە، ئەزموونێکی زۆر هەیە لە کەلەپووری عەرەب و ئیسلامدا کە مەلا باشتر دەتوانێ پێشکێشی بکاتەوە بۆمان. وەک چاوەڕوانی دێتە کردن مەلا زمانە عەرەبییە کۆنەکە لە ڕۆشنبیرەیل باشتر بزانی، بەڵام لەمەشدا هەر پێچەوانەکەی ڕاستە، زۆر لە ڕۆشنبیرەیل خەریکی بنکۆڵی ئەو کولتوورە عەرەبییە ئیسلامییەن و ئەزموونێکی دەوڵەمەندمان بۆ دەخەنەوە بەردەست کە تەمەنەکەی هەزار و چوارسەت ساڵ زیاترە و ڕەنگدانەوەشی بەسەر ژیانی ئەمڕۆوە هەیە بە ئەرێنی و بە نەرێنییەوە بەڵام مەلایەل نایکەن. ڕۆشنبیرەیل عەرەب لەم ساڵانەی دواییدا بە سەتان کتێبیان بۆ پێداچوونەوە و نووسینەوەی ئەو مێژووە و ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندە داناوە، هەمووی لەپێناوی گۆڕینی جڤاکی خۆیاندا بەرەو پێشەوە. ڕۆشنبیرەیلی کورد لە سەرەتای ئەم قۆناغەدان، بەڵام

هەر باشترن لە مەلایەل کە ئەوان تەنیا مەبەستیان ئەوەیە گۆڕان روو نەدا و ئاین بکەن بەکۆسپ.

* بەبۆچوونی بەڕێزتان ئاین بووەتە کۆسپ لە پێش ئازادی و گەشەی کۆمەڵایەتیدا وەک زۆرجار ئەو رێکخراوانەی بەرگری لە مافەیلی ئافرەتان دەکەن دەڵێن ئاین بووەتە هۆی ئەوەی ئافرەت ئازاد نەبێ؟

– لە مێژووی خۆیدا، رۆڵی ئاین لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە. بۆ نموونە لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دین و دەوڵەت یەک شت بوون. دەوڵەت لەسەر رێباز و سیاسەتی ئاین چووەتە رێوە، ئاینیش رۆژ بەڕۆژ بەدەم داخوازییەلی دەوڵەتدارییەوە چووە و دەوڵەت چیی پێویست بووبێ بۆی ئاین دابین کردووە لە بوارەیلی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاینی تاوەکو دەوڵەت بتوانێ بە گوێرەی بنەوایەلی ئاینی بەڕێوە بچێ. ئێستە لەم سەردەمەدا دین و دەوڵەت دوو شتی جیاوازن، لەیەکتر جیاوەبوونە. بۆ نموونە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندان یاسای دەرکردووە بۆ پرسی ئافرەت و بەرگری لە ماف و ئازادییان، بەڵام ئەگەر کولتووری ئاینی بێ و بە پێچەوانەی ئەمانەوە رێنوێنی بدا بە خەڵک، جا چ مەلا ئەمە بکا چ ماڵ و خێزان یان هەر لایەنێک، ئەو کاتە قسەی ئەو بەرگریکارەیلەی مافی ئافرەت راست دەردەچێ کە دەڵێن "ئاین بووە بە کۆسپ لە رێی ئازادیی ئافرەتدا". کێشەی ئاین ئەوەیە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دێتە کردن، پیاوی ئاینی و کەسەیلی شارەزای بنەوایەلی ئاینیی وا هەیە لە کوردستاندا کە زۆر وەکری و سەردەمییانە بیر دەکاتەوە، ئەمانە دەتوانن ئاینیش بپارێزن و لە شان بەشانی ئاراستەی سەردەمییانەشدا جڤاک رێنوێنی بکەن. من لەگەڵ ئەمەیاندام لەبەرئەوەی ناشێ ئاین لە جڤاک و پێشکەوتنی ژیان جیا بکەوێتەوە. وا نەبێ دژایەتی دروست دەبێ و پێکدادان روو دەدا وەک ئەوەی ئێستە هەیە. بەڵام ئەوەی تەرازووەکەی لاسەنگ کردووە ئەوەیە کە بەشە زۆرەکە، کۆنەپەرستەیلی ئاینن لە گۆڕەپانەکەدا. ئەوانە

ســوودبینن لە مــانــەوەی جـڤــاک بە دواکــەوتوویی، زیاتریش باڵادەسـتن، بە تایبەتیش پاش ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی زۆری لە مانە هێنایە پێشەوە و کـردنی بە داردەسـتی خـۆی بۆ بەگـژداچوونەوەی دەسـەڵات و ریسـواکـردنی. جڤـاکی ئێـمـەش زۆرتر سـەری لە پاشکەوتن و دواکـەوتوویی دەخـورێ و پێی وایە گۆڕان و پێشکەوتن، ئاین لە رێ لادەدەن و دەیشێوێنن.

* کتێبێکی دەزگای ئاراس کە دیوانەکەی شاعیری ناسراو قوبادی جەلیزادەیە بە ناونیشانی "ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە" هەڵایەکی گەورەی نایەوە، هۆی ئەوە چی بوو؟

– هۆی ئەوە هیچ نەبوو، هۆ هیچ پێوەندیی بە ئاینەوە نەبوو، مـەلایـەک بۆ خۆ دەرخـستن و مـەزات گـەرمکردن کردی بە هەرا لە مزگەوت، کـتێبـەکەی بەدەسـتـەوە گـرت لە وتاری هەینی پێش ئەوەی کـەوتبـێـتـە بازێڕ و خـەڵک بینیبیان و زانیبیان چیی تێدایە. چەند مەلایەکی تریش کە دژی ئەم مەلایەن و کێشەیان هەیە لەگەڵیدا، بە هەلیان زانی و هاتنە ناو پرسەکەوە. دەیانویست لە نێوانی خـۆیاندا گـەمـە و ملمـلانەیەک بکەن و پشـتی مـەلای یەکەم بدەن بە زەویدا، ئەنجـام دەزگـای ئاراس و کـتـێـبـەکـەی قـوباد بوون بـە قـوربـانی. ئەو مـەلایەلە بچووکتـرین رێزیان بۆ ویستی گەلی خۆیان یان بۆ ئاینەکەشـیـان هەبوایە رێیان دەدا بخوێنەیل کتێبەکە ببینن نەک وا لە یەک لاوە چەواشـەیان بکەن و فریویان بدەن. بوو بە شـەڕێکی ناهاوکێش لە نێوانی ئێمـە و ئەواندا، ئێـمــە چەند دانە رۆشـنبـیـرێکی بێ پشت و پەنـا و ئەوانیش بـەدەمی بەرەڵا و لەشکرێکی بەرهەڵدا لە هەڕەمەی خەڵک و رەشـوڕووتی کەمزانـەوە. کردوویانە بە دەنگۆ دەڵێن ئەو کـەسـەی کتێبـەکەی قـوبادی چاپ کـردووە کوێر بووە، گـول بووە، هـەڕەمـەش سـازە بۆ ئەوەی بـاوەڕ بکا بـە درۆ. شـەڕی ئەمــانە چۆن بە ئێـمـە دێتـە کردن؟ تۆ کـەی دەتوانی بە بیـربۆچوونی سـەردەمـییـانەوە بچـیـە گۆڕەپانی کـەرەواڵە و جاهیلەیل؟ ئەو شیـعرەی قوباد لەبـارەی خواوە کـە بووە بە کێشە لەسـەری، زۆر جوانترە لە قسەی چەوت و ناشیرینی مەلایەل لەبارەی خـواوە. ئەوان دەڵێن خـوا غـەزەبی گرتـووە لێـمـان، قـوباد دەڵێ خـوا بێـزارە

لێمان. کامیان جوانترن بۆ خوا؟ خوا تەورداس و بەردمان بەسەردا ببارێنێ وەک مەلا دەڵێن، یان لە داخا بەجێمان بێڵێ و بڕوا پشوو بدا وەک شاعیر دەڵێ؟ ئەدەب جوانتر وێنەی خوا دەکێشێ لە وتاری مەلای مزگەوت. شاعیر گلەیی لە خوا دەکا لەوەی کە مرۆڤەیل ڕێیان هەیە خراپە بکەن لە ئاست یەکتردا، مەلا هەڕەشە دەکا بە ناوی خواوە. ئەمانە کامیان مرۆڤییانەن و کامیان لەگەڵ دەسەڵاتی خوادا یەک دەگرنەوە: نەرمونیانی و سۆز و ڕێنوێنی، یانیش برژاندن بە ئاگر و ڕزاندنەوە لە بن دارکاریدا؟

* بۆچی دەسەڵاتی کوردی یاخۆ لایەنی پێوەندیدار لە ئاست ئەو هەڕەشەیلەی مامۆستایەل ئاینیدا بە تایبەت ئەو مەلایەلەی سەر بە حزبەیل ئیسلامین، بۆ سەرکوتینەوە و خەفەکردنی وشەی ئازاد و قەڵەمی ئازاد ئەنجامی دەدەن، زۆر کپ و بێ دەنگە؟

– ئەو مەلایەلەی کێشەیان بۆ ئێمە نایەوە، ئەمجارە هیچیان سەر بە حزبەیل ئیسلامی نەبوون، مەلای ئیسلامی، بە کەمی تێکەڵی ئەم کێشەیە بوون، بۆ خۆیان کەیفیان کرد بەدەم سەیرکردنەوە. ئەوان لەم گەمەیەدا دەسکەگۆڵی خۆیان لێ دابوو لەبەرئەوەی ناوەخۆی دەسەڵات بەگژ یەکترداچووبوون. ئەمەش بەرهەمێکی تری ئۆپۆزسیۆنە شڕەی کوردستانە، چەندان ساڵە دەسەڵات بۆ پێشبڕکەی ئەم حزبەیل ئیسلامییە کەوتووەتە کۆکردنەوەی مەلا، هەروەها بەکارهێنانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە شڕە جاهیلەدا. ئێستە هەر حزبە و لەشکری خۆی هەیە لە مەلادا. مەلای دەسەڵات بەهێزترن لە مەلای حزبەیل ئیسلامی لە ژمارەشدا و لە گوێڕایەڵیشدا بۆ فەرمانی سەرەوە، بەڵام مەلا هەر مەلایە و دەسەڵات زیانی کردووە لەم گەمەیەدا لەبەرئەوەی وەک دەبینی مەلا ڕووبەڕووی خۆی و دەزگایەل ڕۆشنبیریی خۆی بووەتەوە. ڕاستە هەموو لایەک چ دەسەڵات بێ چ دەرەوەی، مافی خۆیانە بەدوای ژمارەدا بگەڕێن بۆ دەنگدان، بۆ خۆپێشاندان، بۆ قەرەباڵغی، بەڵام لەدەستدانی ڕووناکبیرەیلیش بە پشتگرتنی مەلا، دواجار زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. ڕووناکبیرەیلن کە کاکڵەی گۆڕینی جڤاک و

سوورانەوەی پێچکەی مێژوون، کێ بیانباتەوە، ئەو کەسە گرەوی نەمری لە مێژوودا دەباتەوە. بردنەوەی گرەوی مێژوو بە بردنەوەی مەلا نییە.

* ئێوە وەک بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئاراس و کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستە لەسەر نووسینەیل خۆت دووچاری هیچ لێپرسینەوەیەکی حزبی نەبوویتەوە؟

– من هیچ شتێکم نەکردووە پێچەوانەی بەرژەوەندییەل بالای ئەم وڵات و ئەم گەلەی خۆم بێ و هەموو ژیانی خۆشم بۆ ئەمانە تەرخان کردووە، شەو و ڕۆژ رەنجیان بۆ دەدەم. مافەیلی کورد و ئازادیی کوردستان بۆ من پیرۆزن و لە پێشەوەی هەموو شتێکەوە دێن، شتێک نییە بۆ من لەمانە گرینگتر. لەبەرئەمەیە کە وا بزانم پارتی تا ئێستە لە هیچ شتێکدا سەرکۆنەی نەکردووم و لێپێچینەوەشم لەگەڵدا نەهاتووەتە کردن. بێگومان جار بەجار بۆچوون گۆڕینەوە روو دەدا. وەک دەبینی "رەنگە" ناو بەناو هەندێک ناوەندی پارتی هەروەها یەکێتی و حزبەیلی تریش بە نووسینی من ناڕەحەت بن، بەڵام خۆی ئەمە ئەرکی من و هەموو بنووسەیلی کوردستانە کە بیری خۆمان پێشان بدەین لە چوارچێوەی ئازادیی دەربڕیندا. بەلای منەوە "ئەرکە نەک ماف" کە بە نووسین بۆچوونی خۆم بخەمە روو، خزمەتی وڵاتی خۆم و گەلی خۆم دەکەم. پارتی حزبێکی زیندووە، بە نووسین ناڕەحەت نابێ، تەنیا داوای پاراستنی ئەو سنوورەیلە دەکا کە یاسا دای ناون.

چاو ژ: ٣١، شوبات، ٢٠١١

## خۆشحاڵ دەبم گەنجێک کتێبێک دابنێ شایەنی بڵاوکردنەوە بێ

دیمانە: حەوتووانەی بارزان. سازدانی: شوان سەرابی

دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لەگەڵ ئەوەی شۆڕشێکی کردووە لە چاپکردنی کتێب لە هەموو بوارەیلی ژیانی کورد، کە بە هۆیەوە پێش دەکەوێت و تا ڕادەیەکی بەرچاو کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە، ئەمە جگە لە

ڕووی چۆنەتییەوە کە جوانترین و بەپێزترین کتێبی جۆراوجۆری خستووەتە بەردەستی خوێنەرەیل و توانیویەتی تا ڕادەیەکیش خەونی دانیارەیلیش بێنێتە دی، بەڵام هێشتا زۆر ماوە کتێبەیلی ئاراس بکەونە دەستی هەموو خەڵک. بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە ئیشوکارەیلی دەزگەی ئاراس، مەرجی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب لەم دەزگەیەدا، دوایین پرۆژەیلیان و چەند لایەنێکی پێوەندار، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ڕۆشنبیری دیار و وردبین بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگەی ئاراسدا ساز دا، کە شوێن پەنجەی ئەو بەسەر ڕۆشنبیری کوردییەوە دیارە، ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

* لەلایەن دەزگاکەتانەوە چەند کتێبێکی شوکور مستەفا و مەسعوود محەمەد و چەند نووسەرێکی تر هاتوونەتە چاپکردنەوە، کە شارەزایی زانستیی خۆیان لەبارەی زمانەوە هەیە، لە کاتی چاپکردنەوەی کتێبەیلی ئەو نووسەرەیلەدا، ئاخۆ دەسکاریی ڕێنووس و خاڵبەندی، یان هیچ کام لە لایەنەیلی تری نووسینەیلی ئەوانتان کردووە؟

– ئێمە دەسکاریی زمان یان شێوازی نووسینی ئەو بنووسەیلەمان نەکردووە. مەسعوود محەمەد و مەلا شوکور بناخەدانەری نووسینی سەردەمییانەن بە زمانی کوردی. جگە لەوەی وەک خۆشتان ئاماژەتان داوە شارەزایی و رووکاری تایبەت بە خۆیان هەبووە لە نووسینی کوردیدا. نابێ ئەم تایبەتمەندییەی ئەوان بێتە شێواندن بە هیچ بیانووێکەوە. لەبەرئەمە ئێمە مافمان بە خۆمان نەداوە دەسکاریی دەقی ئەوان بکەین. ڕاستییت دەوێ کەسیش پەیدا نەبووە لە هاوشانی ئەواندا کوردی بنووسێ تا بتوانێ دەسکاریی دەقەیلی ئەوان بکا. بەڵام لە پرسی ڕێنووس و خاڵبەندیدا مافی خۆمانە کاریان تێدا بکەن لەبەر دوو هۆ، یەکەم لە هەندێک کێشەی ڕێنووسدا جیاوازی هەبووە لە نێوانی ئەم دووە و لەگەڵ بنووسەیلی تریشدا. جیاوازییەکەش یان بۆچوونە یان ڕاهاتن، نابێ بخوێن بخرێتە ناو ئەم گێژاوەوە و چەندان شێوازی جیای بۆ بێتە پێشکێشکردن، دەبێ شتێکی پاک

و پوختی بخرێته بەر دەست. شوێنی تر هەیە بۆ دەرخستنی جیاوازیی بۆچوونی ئەوان و خەڵکی تریش. هۆی دووەم ئەوەیە ئەوان لە ماوەی بیست یان بیست و پێنج ساڵدا، بۆچوونی زمانەوانییان لەبارەی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە چەندان جار هاتووەتە گۆڕان. وەک دەبینی جیاوازیی نێوان یەکەم کتێب و دوا کتێبیان لە پرسی ڕێنووسدا ئاسمان و ڕێسمانە. لێرەدا یەکخستنەوەی ڕێنووس دەبێ بە کارێکی ناچاری و پێویست بۆ خزمەتی ئەوانیش و بۆ خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردیش. ڕێنووسی کوردی هێشتا چوارچێوەی تەواوی خۆی وەرنەگرتووە و بەردەوام وا دەستی تێدا دەگێڕین، بە پێی ئەم بنەوایە، کاری خۆمانە و ئەرکیشە بەسەرمانەوە کە چاکسازیی ڕێنووس لەو کتێبەیلەدا بکەین کە چاپیان دەکەینەوە.

* کە تەماشای نرخی کتێبی دەزگایەلی کوردستان دەکەی هەست بە جیاوازییەکی بەرچاو دەکەی، بەو مانایەی کە هەرکام لە دەزگایەل بە شێوەیەک نرخ دادەنێن. ئاخۆ ئێوە لەسەر بنەوایەک یان چۆن نرخ بۆ کتێب دادەنێن؟ هەروەها بۆچی نرخی کتێبەیلی دەزگای ئاراس لە نرخی کتێبەیل دەزگایەل تر زیاترە؟

– ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا پشت بە داهاتی خۆمان ببەستین، یەکەمین هەنگاویش لەم ڕێگەیەدا ئەوەیە کە کتێب نابێ زیان بکا. نرخی سەر کتێبەیلی ئەم دواییەی دەزگای ئاراس برێتییە لە تێچوونی کتێبەکە بە قازانجی فرۆشیاریشەوە. باوەڕمان وایە کە ئاستی بژێوی خەڵک بەرز بووەتەوە و ئێستە دۆخی ئابووری زۆر جیاوازە لە پێش دە ساڵ. بیانوو نەماوە چیی تر کتێب هەرزان بێ یان بە خۆڕایی بێ. ئەگەر بێو کتێب ئەمڕۆ زیان نەکا، قۆناغی پاشتر ئەوە دەبێ قازانجیش بکا، ئەودەمە دانیاری کتێب هاوبەش دەبێ لە قازانج لەگەڵ دەزگادا. ئەمە بنەوایەکی سەردەمییانەیە بەڵام هەندێک دوورەدەستە و کاری دەوێ. هیچ چارەمان لەپێشدا نییە دەبێ وەک دنیای سەردەمییانە کار بکەین و ڕێوشوێن بۆ خۆمان دابنێین، وا نەکەین بە پێش ناکەوین.

* لەلایەن دەزگای ئاراسەوە کۆمەڵێک کۆوار و هەفتەنامە هاتوونەتە بڵاوکردنەوە کە ئێستە هیچ کامیان نەماون، تەنیا کۆواری (واتە) نەبێ کە ئەویش هاتە داخستن بەڵام دوای ماوەیەک بە هەمان ناوەوە، بە شێوەیەکی تر کەوتەوە بەرچاوی بخوێنان. دەکرێ باسی داخستنی ئەو بڵاوکراوەیلە بکەی؟ هەروەها بۆچی کۆواری (واتە) راوەستا پاشان بە شێوەیەکی تر دەست بە بڵاوکردنەوەی هاتەوە کردن؟

– جاران کۆمەڵێک بڵاوکراوەی حەوتانەمان هەبوو. دەمانویست حەوت بڵاوکراوە لە حەوتوویێکدا دەربکەین و پاشان کتوپڕ بیانوەستێنین و بیانکەین بە یەک بڵاوکراوە وەک رۆژنامەیەکی رۆژانە. ئەمە خەونێک بوو، تا ماویشم لەگەڵمدا دەژی کە رۆژنامەیەکی رۆژانە دەربکەم. لەبەر هۆی ئابووری هەر حەوت بڵاوکراوەکەمان وەستاند. ئێمە بە توانستی چاپخانەکەمان ئەم بڵاوکراوانەمان دەردەکرد، هیچیان تەرخانی داراییی تایبەتی خۆی نەبوو. کۆواری (واتە)ش کە کۆوارێکی ئەدەبی بوو هەر بەشێک بوو لەو پرۆژەیە و وەستا. هەمووان بە یەکەوە وەستان. هەرچیی (واتە)ی ئێستەیە لە دەزگای شەفەق دەردەچێ و خەرجییەکەی لەسەر ئەوانە، هیچ پێوەندیی بە (واتە)ی پێشووەوە نییە. کۆوارێکە لە نێوان رۆشنبیریی گشتی و بابەتەیلی تۆژینەوەدا. ماندووبوون و رەنج کێشانی خۆمی تێدایە لەگەڵ کاری نووسیارەیلی ئاکانیوز و بنووسەیلی شەفەق و چاپخانەی ئاراس. کارێکی هەرەوەزییە و هەموومان رەنجی پێوە دەکێشین.

* لە پشت هەندێک کتێبی دەزگای ئاراسدا نووسراوە (رێنووسی یەکگرتوو)، بەڵام هەموو کتێبەکان وا نین، بۆ نموونە: کتێبەیلی فەرهاد شاکەلی و چەند نووسەرێکی تر، بۆچی؟

ـ رێنووسی یەکگرتوو لەسەر هەندێک کتێبی ئاراسدا هەیە. ئەمانە ئەو کتێبەیلەن کە خۆم هەڵەگرییان تێدا ئەنجام دەدەم. بە ڕاستی خۆم فریای خوێندنەوەی هەموو کتێبەیل ناکەوم تا رێنووسەکەیان وەکو یەک لێ بکەم.

هاوکارەیلیشم هەموویان وەکو یەک لە رێنووسەکە شارەزا نین هەرچەندە زۆریش هەوڵ دەدەن و رۆژانەش بە پێش دەکەون. سەریان لێ شێواوە لە نێوانی من و سوور بوون یان رکگرتنی بنووسەیلی کتێبدا بۆ رێنووسی خۆیان. هاوەڵەیلم ناتوانن سەتی سەت وەک خۆم بیکەن، بۆیە بۆ جیاکردنەوە و تا خەڵک بزانن رێنووسە تەواو راستەکە لە کام کتێبدا تەواو هاتووەتە جێبەجێکردن، دەنووسین "رێنووسی یەکگرتوو". ئەمە بۆ هاوکاریی بنووسەیل و بخوێنەیلە نەک شتێکی تر. دەبێ لە داهاتوودا هەموو کتێبێکی ئێمە بە گوێرەی رێنووسێکی یەکگرتوو چاپ ببن، زۆر ماندووین لەم پێناوەدا و کۆڵیشی لێ نادەینەوە.

* ئاخۆ دەزگای ئاراس خۆی داوا لە بنووسەیل دەکا تا کتێبیان بۆ چاپ بکا، یان بنووسەیل خۆیان کتێب دەنێرن؟

– زۆربەی کتێبەیل خۆیان دێن، هەندێکیش خۆمان داوایان دەکەین، بە تایبەتی بۆ وەرگێران هەر خۆمان داوا دەکەین. خۆمان کتێبەکە دیاری دەکەین و کۆپی رایتی بۆ وەردەگرین لە دەزگای بنەڕەتیی کتێبەکەوە، یان لە دانیارەکەیەوە. ئینجا داوا لە وەرگێڕێک دەکەین بۆ وەرگێڕانی. ئێمە زۆر پەرۆشین بۆ ئەوەی مافی لە چاپدانەوەی کتێبی بیانی وەربگرین، ئەمە پرەنسیپ و بنەوایەکی سەردەمییانەیە. ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست وەک "بازێڕی رەش" دێتە تەماشاکردن لەمبارەیەوە. ئێمە زۆرمان بەلاوە مەبەستە داودەزگای کوردی خاوەن رێز بێ لەم بوارەدا و کورد ناوی جوان بێ لە پرسی کۆپی رایتدا. هیواداریین دەزگایەلی تریش هەمان رچە بگرنە بەر. راستە کارەکە تۆزێک سەختە و ماندووبوونی دەوێ، پارەشی تێ دەچێ، بەڵام ماندووبوون و خەرجییەکە بەفیڕۆ نییە، ناچارییە و دەبێ بیکەین.

* لە دەزگای ئاراسدا، مەرجەیل سەرەکیی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی و وەرگێڕان چین؟

– بۆ کتێبی کوردی مەرجمان نییە، کتێبی کوردی لە خۆیەوە دێ. تا ئێستە

نەبووە بە باو لە کوردستان کە داودەزگای چاپ و دانیاری کتێب ڕێک بکەون بۆ دانانی کتێب. دانیار بۆ خۆی کتێب دادەنێ و دەیهێنێ بۆ دەزگا و ئێمەش چاپی دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە. مەرجی ئێمە هەر ئەوەیە کتێبەکە ناوەڕۆکێکی هەبێ و تازەیەکی تێدا بێ بۆ ڕۆشنبیریی کوردی. بێگومان هیچ مەرجێکمان نییە بەسەر خاوەنی کتێبدا تەنیا ئەوە هەیە دەبێ ڕێگەمان پێ بدا تۆزێک زمان دەسکاری بکەین ئەگەر خراپ بێ، یان ڕێنووس بگۆڕین بۆ یەکگرتوو. ئەمەش بووە بە ئاسایی بەلای زۆربەی بنووسەیلەوە. بەڵام بۆ پرسیاری وەرگێڕان ئاخۆ چی مەرجێکمان هەیە، زۆربەی ئەو کتێبەیلەی دێنە وەرگێڕان، ئێمە خۆمان لەگەڵ وەرگێڕەیلدا ڕێک دەکەوین، ئەگینا هیچ سەرقەڵەمانە و مزێک نادەین بە وەرگێڕ. ئەو وەرگێڕەی لە خۆیەوە کار دەکا بۆ وەرگێڕان پارەی پێ نادەین تەنیا ژمارەیەکی باش لە کتێبەکەی نەبێ تا سوودی لێ وەربگرێ. ئێمە وەک دەزگا ئەزموونمان زیاترە و دەزانین کتێبخانەی کوردی چیی زیاتر پێویستە بۆ وەرگێڕان، بۆ نموونە تا ئێستە زیاتر لە دە کتێبمان لە بواری میدیادا کردووە بە کوردی. چەندانیشمان بە دەستەوەیە لە پرسی نامووس و توندتیژی دژی ئافرەت. ئەمانە زۆر پێویستن بۆ بخوێنەوەی کورد لەم قۆناغەدا. زنجیرەیەکی شانۆییمان هەیە لە پەنجا ژمارەی تێ پەڕاندووە. وەرگێڕان وەک دانان نییە بێ بەرنامە بەڕێوە بچێ، بێگومان دەبێ دانانیش بەرنامەی هەبێ لە داهاتوودا. کورد لە رووی ڕۆشنبیرییەوە گەلێکی دواکەوتووە، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بگۆڕین دەبێ بەرنامەی کارمان هەبێ و کات و توانست بە فیرۆ نەدەین. لە جیاتیی ئەوەی سەت کاری سادە ئەنجام بدەی، دە کاری گرینگ ئەنجام بدە باشتر و کاریترە.

* لە ساڵی رابردوودا بە هۆی بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی ئێرۆتیکی لە گۆواری (وێران)دا، زۆر قسە و نووسین لەبارەی دەزگای ئاراسەوە هاتنە کردن و بڵاوکردنەوە، لە سەرەتای ئەمساڵیشدا بە هۆی کتێبی (ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە)وە بە هەمان شێوە باس لە دەزگای

ئاراس هاتەوە کردن، تەنانەت بە هۆی پاڵەپەستۆی ئیسلامییەوە کتێبەکە لە بازاڕیش هاتە کۆکردنەوە. سەرچاوەی ئەم کێشانە بۆچی دەگێڕیتەوە؟ ئاخۆ لەمەودوا کۆواری (وێران) لەلایەن دەزگای ئاراسەوە دێتە بڵاوکردنەوە؟ یان ئاخۆ کتێبی (ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە) ناخەنە بازێرەوە؟

– با لە کۆتای پرسیارەکەوە دەست پێ بکەین، کۆواری "وێران" ئیتر لای ئێمە دەرناچێ بە هۆی تەنگژەی ئابوورییەوە. ئەو کۆوارە راستیت دەوێ کۆواری ئێمە نەبوو، تەنیا بۆ هاوکاریی دکتۆر فەرهاد پیربال ئەرکی چەند ژمارەیەکمان گرتە ئەستۆ. پاشان نەمانتوانی تەرخانی داراییی بۆ دابین بکەین، ئەو کێشەیەشی هاتە سەر و تامی تێدا نەما. دیوانەکەی قوبادیش بە پاڵەپەستۆی هەندێک پیلانگێڕەوە هاتە کێشانەوە. واتە ئیتر ئەم دیوانە لەلای ئێمە بڵاو نابێتەوە. بە کورتی با پێت بڵێم، ئەوانەی ئەم کێشانە دەنێنەوە بۆ پاراستنی ئاین کێشە نانێنەوە، ئێمە کێشەمان نییە لەگەڵ ئایندا. ئیسلام ئاینی خۆمانە و رێزدارە لە لامان. ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی ئاین بۆ ئامانجی ناڕەوا و بۆ پیلانگێڕی و بۆ خۆ دەرخستن لەناو جڤاک یان بۆ گەرمکردنی بازێڕی مەزاتی سیاسی. وەک دەبینی ئاینی ئیسلام ئەمڕۆ لە مەترسیدایە لە کوردستان لەبەرئەوەی توێکێک مەلا هاتوونەتە پێشەوە لە پەنای ئاینەوە بازرگانی دەکەن. دەسەڵاتیش رێی داوە بەم بازرگانییە و بە هەڵە وا تێ گەیشتووە کەوا دەتوانێ سوود لە ئاین وەربگرێ بۆ پەیداکردنی جەماوەر و دەنگدەر لەبەرامبەر پارت و بزاوەیل ئیسلامیدا. ئەمە کێشانە و پێوانەیەکی هەڵەیە و ئەنجامەکەشی کێشەدار و مەترسیدارە. دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان دەبێ لەگەڵ ئایندا بێ نەک لەگەڵ بازرگانانی ئاین. ئاین دنیای رۆحییە و مرۆڤ بێ ئەم دنیایە هەڵناکا، کوردیش گەلێکی ئایندار و ئاینپارێزە. بەڵام نابێ ئەم دنیایە بێتە گڵاوکردن لەلایەن بازرگانەیلی ئاینەوە یاخۆ ئاین بۆ ئامانجی دنیایی بەکار بێ. من وەک رۆشنبیرێکی خاوەن بۆچوونی سەربەخۆی خۆم، باشتر لەگەڵ پاک راگرتنی ئایندام نەک

بازرگانەیلی سەت روو. هەموو مرۆڤێکی بە پرەنسیپ باوەڕدارێکە بۆ خۆی. مرۆڤی بێ پرەنسیپ ئاینی نییە و خوا ناناسێ و ویژدانی نییە و باکی بە هیچ لێپێچینەوەیەک نییە نە دنیایی نە ئاینی.

* زنجیرە کتێبی شانۆییی دەزگای ئاراس تا ژمارە ٤٦ هاتووە، ئاخۆ ئەم زنجیرەیە دیاریکراوە یاخۆ بەردەوام دەبێ؟

– ئەم زنجیرەیە تا ئێستە لە ژمارە پەنجای تێ پەڕاندووە، نازانم بەردەوام دەبێن یان نا. کێشە ئەوەیە ئەم زنجیرەیە هەرچەندە بەلای منەوە زۆریش پێویستە بەڵام فرۆشی زۆر خاوە و باژێڕی کزە، تیرێژەکەیمان لە هەزار دانەوە کرد بە شەشسەت، هەر ناڕوا. وێڕای ئەمەش من لەگەڵ وەستاندنیدا نیم ئەگەر باری ئابووریی دەزگاکەمان دەرفەت بدا. شانۆ قوتابخانەی گەلە، کوردستان بێ شانۆیە و ئەمەش خەمێکی تری کوردستان لە پرسی دروستکردنی رای گشتیدا کە ئەم ڕایە زۆر بە لاڕێدا رۆیشتووە.

* ئێستە کۆواری (رۆڤار) و کۆواری (ئایندە) لەلایەن دەزگای ئاراسەوە دێنە بڵاوکردنەوە؟

– هەردوو کۆواری "رۆڤار" و "ئایندە" لەلایەن دەزگای سەردەم و ئاراسەوە بە هاوبەشی بڵاو دەبنەوە. پرۆژەیەکی مێژووییە و نیشانەی ئەوەیە ئێمە وەک رۆشنبیریی کوردی لە ناوچەپەروەری و حزبپەروەری دەترازێین و دەتوانین وەک کورد بە یەکەوە کار بکەین. زۆر کەس لەم پرۆژەیەیان خوێند بۆ کەل تێخستنی، بەڵام لێهاتوویی رۆشنبیر و شاعیری ناسراو کاک دڵشاد عەبدوڵڵا و بەدەنگەوە هاتنی هەردوو دەزگای سەردەم و ئاراس بە تایبەتی شاعیری گەورە کاک شێرکۆ بێکەس و سووربوونی بۆ کاری پێکەوەیی، بوون بە دەستەبەری سەرکەوتنی ئەم پرۆژە هاوبەشە. بەداخەوە، دۆخێکی وا هاتووەتە پێش لەم وڵاتەی ئێمە کە توانج لە پیرۆزترین و پیاوانەترین کاریش دێتە دان. دەزگای ئاراس دەزگایەکی بێلایەنی رۆشنبیریی کوردییە، دەزگای سەردەمیش هەروایە، بەڵام خەڵکێکی زۆر بۆ لێدانی کاری بێلایەنی لە

پارێزدان، ئێمەش دەبێ کۆڵ نەدەین و دەست لە بنەوایەلی خۆمان هەڵنەگرین.

* لەلایەن دەزگای ئاراسەوە ڕێژەی زۆری کتێبەیل چاپکراو تەنیا ئەدەبین، بۆچی لە بوارەیل تردا کتێب نایەتە چاپکردن؟

– لە هەمـوو دنیادا ڕێژەی زۆری کتێب بۆ ئەدەبە، یان نێزیکە لە بواری ئەدەبییەوە. کوردیش لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە. ڕاستە کتێبخانەی کوردی لاوازە لە بابەتەیلی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی و زمانەوانی و ئابووری و تەنانەت مێژووییش. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی پسپۆڕ لە کوردستان کە دەست بۆ نووسین و دانان نابەن. تەنیا ئەدیبانن کە شت دەنووسن. لە کوردستاندا ژمارەی مامۆستای زانسگە زیاترە لە ژمارەی ئەدیبەیل و بنووسەیلی ئەدەبی. داودەزگای دەوڵەتیش پسپۆڕیی زۆری تێدایە بە گوێرەی حاڵی کوردستان، بەڵام نووسینیان نییە. هەڵسەنگاندنەکەی تۆش زۆر ڕاست نییە، ئێمە تەنیا ئەدەب بڵاو ناکەینەوە، سەیری لیستی چاپکراوی ساڵی ۲۰۱۰مان بکە، ئەدەب کەمترە لە نیوە. وەرە با گرەو بکەین.

* کێشەی بڵاوکردنەوە نێزیکەی کێشەی هەموو دەزگایەلە. بەو واتەیەی کە کتێبی هیچ دەزگایەک، کتێبخانەیەکی دیاریکراوی نییە، کە ئەم جۆرە کتێبخانەیە، هەم بۆ خوێنەرەیل و هەمیش بۆ دەزگایەل چەند ڕێخۆشکەرییەک دەکەن. وەک دەزگای ئاراس، لەناو بینای دەزگاکەدا کتێبخانەیەکی تایبەت هەیە، بەڵام لە بازاڕ یاخۆ لە شارەیلی تردا کتێبخانەی تایبەتتان نییە. هۆ چییە کە لە هەر کام لە شارەیلدا، کتێبخانەی تایبەت بە دەزگاکەتان ناکەنەوە؟

– ئێمە ناتوانین کتێبخانە بکەینەوە لە شارەیلدا یان کتێب بفرۆشینەوە، ئێمە بەرهەمهێنی کتێبین نەک بڵاوکەرەوە و فرۆشیار. ئەمە کاری کۆمپانیای تایبەتە کە کتێب و بڵاوکراوەیل ڕۆشنبیری بگەینێ بە خەڵک ئەویش وەک کاری بزنس و بازرگانی. من پێم وایە کەوا دەبوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی لە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت بکردایە بۆ

بڵاوکردنەوە. ئێستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەتوانێ بەم ئەرکە هەڵسێ. سالآنی رابردوو چەندان جار لە رێی نووسینەوە ئەم پێشنیازەمان کرد بەلآم دەنگی نەدایەوە. ئێمە زۆر خەممانە کە ئەم گشت کتێبە نازدارەیلەی ئێمە ناگەنە دەستی خەڵک. تەنانەت کتێبخانەکانیش نایەن بیانکڕن، ژمارەیەکی کەمیان نەبێ ئەوانی تر زۆربەیان کتێب وەرناگرن، دەڵێی لە هەموو لایەکەوە پیلان لە کتێبی کوردیدا دێتە گێران. هەوڵ دەدەین لە سلێمانی شوێنێک هەبێ پێشانگەی تێدا بکەینەوە، ساڵێکە پێوەین بەلآم هیچمان بە هیچ نەکردووە. لە هەولێریش کێشەمان هەیە لە کردنەوەی پێشانگەدا. ساڵی رابردوو ١٤٩ ناونیشانمان بڵاو کردەوە و زۆربەی نەگەیشت بە بخوێنەوەیلی خۆی. ئەمە داخێکی گەورەیە لەسەر دڵمان. بڕیارمان داوە کتێبخانەیەکی گەڕۆک بکەینەوە کە بە شارەکاندا بسووڕێتەوە. رەنگە ئەمە خەمەکە تۆزێک سووکتر بکات. پاسێکمان کڕیوە لە ئەڵمانیا و کردوومانە بە کتێبخانەیەکی گەڕۆک، دەینێرین بۆ شار و شارۆکە و شارەدێیەل. لە گەڕەکەیل هەژارنشین و قوتابخانەیلدا دەوەستین بۆ ئەوەی گەیاندنی کتێب بە بخوێنەوەیلی خۆی ئاسان ببێ.

* ئەو بنووس و وەرگێڕەیلەی لە دەزگای ئاراسدا کتێب چاپ دەکەن، پاداشت وەردەگرن؟

– کتێبی کوردی زیان دەکا، دەبێ وەرگێڕ یان دانیار (موئەلیف)ی کتێب لە قازانج بەشدار بێ نەک سەرقەڵەمانەی مەلایانە وەربگرێ. ئەوە سیستەمی سۆسیالیزم بوو کە سەرقەڵەمانە و دەسخۆشانەی دەدا. دەبێ چاوەڕوان بین تا کتێب دەبێ بە کالآیەکی پێویست بۆ سەرجەم تاکەیلی جڤاک. دەبێ چاوەڕوان بین داهاتی تاک نەختێکی تریش باشتر ببێ لە کوردستان، دەبێ چاوەڕوان بین خەڵک بزانن ژیان بێ رۆشنبیری نابێ، دەبێ چاوەڕوان بین کتێبی کوردی ئاستی بەرەوژوور هەڵکشێ و دەنگۆ بنێتەوە تا خەڵک بۆی ئەودالّ و هەڵوەدا بن و بە دوایدا بگەڕێن. زۆر "دەبێ"ی تریش. بێ ئەمانە هەمووی، کتێب نابێ بە کالآیەکی دەسمایەدارییانە و وەشاندنی کتێب نابێ بە

بزنس و خاوەن کتێبیش هیچی دەست ناکەوێ لە قازانج و دەسمزی کتێبەکەی خۆیدا. ئەمە یاسا و نەریتی سەردەمییانەیە کە من باسیان دەکەم، دەمێنێتەوە سیستەمەکەی سۆسیالیستی، کە سەرقەڵەمانە بدەی بە دانیار، ئەمەیان شتێکی کەمە، مەیسەریش نابێ بۆمان لەبەر تەنگیی باری ئابووریمان. جاروباریش کردوومانە بەڵام سیستەمێکی هەڵەیە و نابێ بە مایەی داهێنان.

* بۆچی لە چاپکراوەیلی دەزگای ئاراسدا، کتێبی ئەو بنووسەیلە نایەتە دیتن کە لە رووی تەمەنەوە گەنجن؟

– کتێبمان هەیە گەنجیش نووسیویانە و زۆریشیان لەم ماوەی داهاتووەدا نۆرەیان دێ بۆ چاپ. بەڵام خۆ ئەمەش نەبوو بە سیاسەت لە کوردستان، کە دەبێ رێز لە بۆچوونی گەنج بێتە گرتن، کتێب دانان شارەزاییی دەوێ، تەمەنی دەوێ، گەرانی دەوێ، خوێندەواریی تەواوی دەوێ. من خۆشحاڵ دەبم گەنجێک کتێبێک دابنێ شایانی ئەوەبێ بڵاوی بکەمەوە بەڵام نییە. زۆربەی گەنجەیل بنووس لە رۆژنامەوانیدا کار دەکەن. دەبێ گەنجان زیاتر بخوێننەوە و خۆیان پێ بگەین و پسپۆری دروست بکەن پاشان کتێب دابنێن.

* ئاخۆ وەک دەزگای ئاراس لە پرۆژەتاندا نییە، چەند وەرگێری تایبەت بە دەزگاکەی خۆتان کۆ بکەنەوە، تا کۆبەرهەمی بنووسەیلی دنیایی وەربگێڕن؟

– لە دەزگای ئاراسدا یەک کۆمەڵی لێهاتوو لە وەرگێرانمان هەیە کە هەندێکیان وەک وەرگێڕ بە بەردەوامی کارمان بۆ دەکەن، هەندێکیشیان لە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس "ئاکانیوز"دا کار دەکەن. ئەمانە زۆر کتێبیان بۆمان وەرگێڕاوە، دەتوانی سەیری لیستی چاپکراوەیل ئێمە بکەی و ناویان ببینی. زۆربەشیان بۆ کۆواری (واتە) بابەت لە زمانەیلی جیاوازەوە وەردەگێڕن. بۆ وەرگێڕانی شاکارەیلی دنیاش لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریدا، بە راستی ئەمە کاتی دەوێ، جێگیریی دەوێ، ئێستە شارەزاییی کوردی کەمە

لە رووی ژمـــارەوە، ئـەوەی هـەشـــە پـەرتوبـڵاوە لێـــرە و لـە دەرەوەدا. ئەدەب و رۆشنبـیـیریی دنیـاش خـەرمـانێکی ئەوەندە گـەورەیە لە زنجیرە کێوێک دەچێ، نازانی لە کـوێوە بۆی بچی. ئەم کـارە چـەندان نەوەی دەوێ تا ئێمـە تۆزێک بە تۆزی گەلاندا بگـەین ئەویش ئەگەر بەرنامـەمان هەبێ. هیچ کارێک بـێ بەرنامە نابێ، مـن زۆر بیـر لـەوە دەکـەمـەوە بەرنامـە بۆ کـارەیلـی ئاراس دابنێم و کـەم کەمە بیانخەمە سەر رێگە.

* ئاخـۆ بۆ ئـەمسـاڵ پڕۆژەی تازەتان بە دەسـتـەوە هـەیە؟ ئەگـەر هـەیە کامانەن؟

– پڕۆژەی تازەمان یەکجار زۆرە، بۆ نموونە کۆمەڵێک "وەک پێشـتریش وتم" کـتـێب لـەبارەی پرسـی توندتیـژییـەوە لـە ئاست ژن لە جـڤـاکی کـوردەواریدا، هـەروەها پڕۆژەی وەرگێڕانی هەندێک کتێب لەبارەی ڕاگەیاندەوە کە بەم زوانە تەواو دەبن. سێ چـوار کـتـێبمـان وەرگێڕاوە لـەبارەی تۆلەرانسـەوە. کـتـێبی کوردیش لە هـەمـوو رووێکەوە بـە لێشـاوە و رۆژانە بۆمـان دێ. لە کـتـێبخـانەی کۆنـی کوردیشـەوە پاش ئەوەی سـاڵی رابردوو سـەرجـەمی بەرهـەمـەیلـی مـەلا شـوکـور و مــەسـعـوود مـحـەمـەدمـان بڵاو کـردەوە، ئێـسـتـە مـژوولـین بە ئامـادەکردنەوەی هـەندێک بەرهـەمی مـەلا عـەبدولکەریمـی مـودەڕیس و کـەمـال جەلال غەریب. سـەرجـەم بەرهـەمی حوسێن عارف لە یەک دوو مانگی داهـاتوودا بڵاو دەکـەینەوە. بە دەسـتـمـانەوەیە زیاتر لـە دە کتێب بۆ بنووس و دانیـارەیلی عـەرەبی عێراقی چاپ بکەین. کوردسـتان وەک چۆن ناوچـەی ئارامی عێراق و وارگەی پێشکەوتن و دیموکراسییە، دەبێ ناوەندی وەشـاندنی کولتووریش بێ بۆ عێراقییـەل. ئەم پڕۆژەیەش تا کۆتای بەهـار ئامادە دەبێ". دەستم لە هـەویرە هـەر ئەوەندەم لەبیرە" وەک پەندی کوردی دەڵێ.

بارزان ژ: ٢٠٦، شوبات ٢٠، ٢٠١١

## کێشەی گەورەی کوردستان ئەوەیە ململانەی حزبایەتی ناهێڵێ بکەوێتە سەر ڕێی خۆی

دیمانە: وارگەی ئەلیکترۆنیی چاوی خەڵک. سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

* کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێت، ڕۆژەیلی ئەو بە ناکۆکیی سیاسییەل و بەشێکیشی بە ناکۆکیی بنووس و مەلایەل بە زایە دەچێ، خوێندنەوەی گشتیی ئێوە بۆ ئەم دۆخە چۆنە؟

– نابێ ئەم پرسەیلە وا بە هەڕەمەیی بێنە تێکەڵکردن، جیاوازی هەیە لە نێوان گەمەی دیموکراسی لەگەڵ گێچەڵ و بەرۆک گرتنی ئەم بۆ ئەودا، کە بۆ بەرژەوەندی سیاسیی ڕۆژانەی خۆیان دەیکەن، وەک ئەوەی ئێستەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لە ئاست دەسەڵاتدا دەیکا. ڕاستت پێ بڵێم هیچ ساتێک نییە ژیانی دیموکراسیی تێدا بێتە وەستان بە هیچ پاساو و بیانوویێکەوە. کێشە لەبارەی کتێبێکەوە یان پرسی جیاوازیی بیروباوەڕ لە کوردستاندا، بەشێکی بنجییە لە دروستکردنی گەلێکی پتەوی بەرگریکەر لە بەرژەوەندییەل نەتەوەیی خۆی و پاراستنی دەسکەوتەیلی خۆیدا. بەڵام ئەوەت ڕاستە، کە کوردستان دۆخێکی هەستیاری هەیە، پاراستنی ئەم ڕاسپاردەیە ئەرکێکی مێژوویی و ڕەوشتییە لە ئەستۆدا. چەندی لە ئەستۆی دەسەڵاتە ئەوەندەش لە ئەستۆی میدیای ناڕازی و ئۆپۆزسیۆندایە. ڕاستە باهۆزی گۆڕین کە لە وڵاتەیلی ناوچەکەدا دەستی پێ کردووە و بێگومان بەدەردانەوەی دەبێ بە سەر کوردستانیشدا بەڵام نەک بەو "برۆ برۆ"یەی لە میسر و تونسدا روویان دا، یان کە لە وڵاتەیلی تردا روو بدا. کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، سوپای ئەوتۆی نییە لە تەنگانەدا بەرگریی لێ بکا تا ئەو دەسکەوتەی بەدی هاتووە بۆی بپارێزێ. دەس تێ وەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان لەلایەن وڵاتەیلی ناحەزەوە شتێکی شیاوە ئەگەر باری ناوخۆ بکەوێتە شێواوییەوە. ئۆپۆزسیۆنی کوردستان مەردانە بێ، لە ڕۆژی وادا شێوازی تر بەکار دەهێنێ بۆ پاڵەپەستۆی گۆڕین نەک هانەهانەدانی جەماوەر

بۆ رژانە سەر شەقام و بەردەبارانکردنی داودەزگای حکومەتی و حزبایەتی. ئەمە خەنجەردانە لە پشت. کوردستان دۆخی ناسکە و زۆریش ناسکە، دەبێ هەموو کەسێکی کورد هەرچییەک بێ، با زۆریش نارازی بێ، بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکا. کەشتییەکە نقوم بێ کەسی تێدا رزگار نابێ.

* دەڵێن مرۆڤ دوو گوێ و یەک دەمی هەیە، کەواتە دەبێت یەک جار بڵێت و دوو جار گوێ بگرێت، بە بۆچوونی ئێوە جڤاکی کوردی بەرەو زۆربڵێیی نەچووە؟ یاخۆ دەتوانین ناوی بنێین چەرخی کەمپین و خۆپێشاندان و نارەزاییی نەفسی، یان نارەزایی سروشتییە و مرۆڤی ئێمە لە تەنگژەدایە؟

– نایەتە شاردنەوە کەوا مرۆڤی کورد فێری کەمتەرخەمی بووە لە راپەراندنی ئەرکی سەرشانی خۆیدا. حزبەیلی کوردستان لە شەڕی ناوەخۆدا زۆریان ناز پێ دا تا فێری ئەم خەسڵەتە چەوتەیان کرد، کەوا بۆ خۆی پاڵ داتەوە و لە سایەی لایەنگرییەوە بۆ لایەنێک بحەسێتەوە و زیانیش بگەینێ ئەگەر بیەوێ. ئەمە لە ناخەوە بارێکی دەروونیی ناهەمواری لەلای تاکی کورددا دروست کردووە، بارێکی دەروونیی نارەوان و نەگونجاو لەگەڵ سروشتی مرۆڤ بە تایبەتی لەگەڵ سروشتی جارانی مرۆڤی کورد خۆیدا. مرۆڤ بە تەبیات وا راهاتووە بجووڵێ و هەوڵ بدا و هەڵپە بکا بۆ پەیداکردن و خۆ ئیسپاتکردن و فێربوون. ئێستە ئەم رەوشتە مرۆڤییە رەسەنە لەم قۆناغەدا لە مرۆڤی کورددا گۆڕاوە و شێواوە. تۆ رۆژانە مرۆڤی لابەلا دەبینی لەم تەلەڤزیۆنەیلەوە قسەی زۆر گەورە دەکەن، قسەی زۆر نابەرپرسانە و زۆر دۆزەخی و ناشارستانییانە. بەڵام دیسانەوە دەڵێم ئەم دۆخە دەروونییە ناجۆرە، هەردوو لایەنی دەسەڵات لە مرۆڤی کوردیاندا دروست کرد و ئێستەش هەر خۆیان پێیەوە موبتەلان.

وەک پێشتر گوتم، بۆ بزاوی ئازادیی دەربرین هەموو کات کاتە و هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی، نابێ ئەمە لەگەڵ گەمەی سیاسیدا بێتە

تێکەڵکردن. ئەوەی لە بواری گەمەی سیاسیدا لە کوردستان روو دەدا گەوهەری راستینەی بزاوی سیاسی نییە وەک چۆن لە تەواوی دنیای تردا روو دەدا، بگرە سوودی چەوت وەرگرتنە لەم دۆخە دەروونییەی مرۆڤی کورد و زیاتر بردنیەتی بە لاڕێدا، ئەویش لەلایەنی تاقمێکەوە کە بەرژەوەند و کارنامەی نامۆیان هەیە. ئەوانە دەبین مرۆڤی کورد لە تەنگژەیەکی رەوشتیدایە، رەوشت بەرامبەر داهاتووی کوردستان و بەرەوپێشبردن و پاراستنی دەسکەوتەیل و چارەسەری دڵسۆزانە بۆ کێشەیلی کوردەواری، مرۆڤی کورد بیانی بووە لە خۆی و لە دەوروبەری، دێن ئەمە دەقۆزنەوە و سوودی لێ وەردەگرن. کارمەندێکی ئاسایی لە دەزگایەکدا نادۆزیەوە کاری خۆی بە چاکی راپەڕێنێ، دەمیشی پڕە لە گلی و گازی. گەندەڵ خۆی لە باسی گەندەڵیدا نایبڕێتەوە. ئەمە دۆخی نەخۆشییە نەک تەندروستی. نەخۆش دەبێ چارەسەری بۆ بێتە دۆزینەوە نەک نەخۆشییەکەی توندتر بکرێ بۆ سوود لێ وەرگرتنی. من ئەم کێشەیەم هەیە لەگەڵ میدیای نارەزای کوردیدا. ئەم میدیایە و ئەم ئۆپۆزسیۆنە، دەیانەوێ گیانی سەربەرزی لە مرۆڤی کورددا زیاتر بکوژێننەوە و ئەم بارە باشتر بکەن بە پرد بۆ پەڕینەوەی خۆیان.

* بەردەوام نووسینەیلی تۆ بەشێک لە مەلایەلی نارەحەت کردووە و وەڵامی مەلایەلیش بۆ تۆ نارەحەتئامێز بووە، دەتوانین بڵێین جگە لە تەنگژەی سیاسی، ئاخۆ تەنگژەی فیکری و مەعریفی و ئاینیشمان هەیە؟

– ئەم نووسین و دەمەقاڵەیە بەشێکە لە گەمەی دیموکراسی، بەشێکە لە پێکدادانی جیاوازیی بیروباوەڕ. کارێکی سەلامەت و باش و خۆشە و من بە شانازییەوە بەشداریی تێدا دەکەم. جڤاکی ئێمە لە سایەی ئەم بزاوەوە بەرەوپێش دەچێ. بە پێچەوانەوە، نەبوونی ئەمانە تەنگژەی بیر و هۆشیارییە نەک هەبوونیان. هەندێ کەس دەیانەوێ دەمکوتی ئەم پێکدادانەی نێوان ئێمە و مەلایەل بکەن، ئەمانە مانەوەی کوردستان لە دواکەوتن، مانەوەی حزب لە

دواکەوتن بە بەرژەوەندیی کەسانیی خۆیان لێک دەدەنەوە. ڕۆشنبیر هەیە گلەیی لە ئێمە دەکا و هەیە دەچێتە پاڵ بەرەی ناحەز بە ڕۆشنبیرەیلەوە، ئەمانە کەلاک و جەندەکی گەنیون لە کاروانی ڕۆشنبیریدا و زوو یا درەنگ توورِ دەدرێنە ناو سەرەنوێلکەوە.

* ئێوە کتێبە شیعرییەکەی قوبادی جەلیزادەتان چاپ کرد، بەڵام بە پاڵەپەستۆی مەلایەل هاتە کێشانەوە، ئاخۆ ئەمە لەدادگەدانی پێش چوونە بارەگای داد نییە؟

- زۆر ڕاستە و منیش هەمان کێشەم هەیە لەم پرسەدا. دەبوو ئەم کتێبە بچێتە دادگە ئەگەر یەکێک یان لایەنێک پێی قەڵس بوایە، ئەودەم پرسەکە دەبوو بە پرسی یاسا و زۆریش ئاسایی دەهاتە وەرگرتن. هەرچەندە یاسا لەگەڵ ئێمەدایە لە پرسی ئازادیی رادەربڕین و ئەم کتێبە لە دادگەدا ئاسان تێپەڕ دەبێ، وشەیەکی تێدا نییە بۆ بریندارکردنی هەستی ئاینی. لەم پرسەدا ئەوەشم بەلاوە کێشەیە کە دەستی ئەندام پەرلەمانان لە پشتەوەی پیلانەکە هەبوو. من دژی ئەوەم یاسا بێتە پێشێلکردن ئەمە یەک، دووەم دژی ئەوەم ئەندامی پەرلەمان ڕێ بەخۆی بدا بە پێچەوانەی یاسای پەرلەمانەوە هەڵسوکەوت بکا و بە شانازیشەوە بیگێڕێتەوە لە کۆنفرانس و لەناو خەڵکدا کە کارێکی چاکی کردووە و کتێبی ڕاگرتووە لە بڵاوبوونەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە یاسا سەروەر نییە لە کوردستان و لە بەرزترین دەسەڵاتدا دەیخەنە ژێر پێڵاوەوە. یاسا نەبێ هیچ ئازادییەک نایەتە پاراستن. ڕاستیشت پێ بڵێم ئەم دۆخە بە پلەی یەکەم ئۆپۆزسیۆن ڕەخساندوویەتی، دەسەڵات بە من دەڵێ واز بێنە نەبادا ئۆپۆزسیۆن سوودی لێ وەربگرێ. دەڵێ با مەلا نەورووژێن و ئیسلامییەل سوودیان لێ وەرنەگرن. لەم دۆخە نابەرپرسیارییەدا کە لە کایەی منداڵان دەچێ، بەرگریکردن لە ئازادی کارێکی دەروون ماندووکەرە، دوور نییە کەم ئەنجامیش بێ.

* سەرۆکی هەرێم کۆنفرانسی بۆ بنووس و مەلایەل ڕێک خست، پێت

وایە بنووس و مـــەلایەل لێک نزیک بووبنەوە؟ یان با بڵـــێن ئەو کۆنفرانسە کاری کردە سەر قەڵەم و ئایدیای هەردوو توێکەکە؟

– کۆنفرانسێکی تا بڵێی گرینگ بوو، سوپاس بۆ سەرۆکی هەرێم و بۆ ئەو بوێرییەی لە بواری پرسی ئازادیی رادەربڕیندا نواندی کە وای کرد ئێمە بەرەورووی یەک ببینەوە تا بۆچوونی خۆمان بە کراوەیی لە بەرامبەر یەکتردا دەربڕین. بەڵام گفتوگۆ لە نێوان دوو بیری جیاوازدا بەو مەبەستە نییە ئەو دوو بیرە لە یەکتر نێزیک ببنەوە وەک تۆ دەڵێی، بگرە بەو مەبەستەیە ئەو دوو بیرە سنووری خۆیان بزانن لە پراکتیکی ئازادیی خۆیاندا. لەو کۆنفرانسەدا رۆشنبیرەیل ئازادانە بۆچوونی خۆیان خستەڕوو، مەلایەلیش هەروا. سەرکەوتن لەوەدا بوو هەرلایەنە و هێزی گوتەن "مەنتیق"ی خۆی و بەرامبەرەکەی بۆ دەرکەوت. لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم کۆنفرانسێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، رەنگە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی ئازادیی بۆچوون بووبێ لە هەرێمی کوردستان لە رۆژی راپەڕینەوە. ژنەیل رۆڵیان زۆر گرینگ بوو و جێی شانازی بوون. کێشە ئەوەبوو هەندێک لە مەلایەل رادیکال کۆنفرانسەکەیان بەجێ هێشت، ئێمەش کێشەمان لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر نەبوو، جێی سەیر پێهاتنە هەندێک لەوانەش کە لەسەر بزاوی رۆشنبیری حسێبن کۆنفرانسەکەیان کرد بە هەل بۆ خەنجەر وەشاندن لە رۆشنبیرەیل لە دواوە، خەڵکەکەش هەستیان بەم گەمە نزمانە کرد. دەبێ ئێمە بزانین کەوا رۆشنبیرەیل وەکو یەک نین لە پرسی رۆشنبیریدا، هەیانە پەیامی نییە و دەکەوێتە پاڵ ناحەزی رۆشنبیرەیل و رۆشنبیرییەوە هەر کات بۆی لوا. خۆشبەختانە هیچ شتێک لە مێژوودا ون نابێ، گەلێک رۆژنامە ئاماژەیان دا بەو رووداوە و بە گاڵتەوە لێی دوان. من بۆ خۆم لە سەرەتاوە چاوەڕوان بووم بۆ هەڵوێستی شەرمهێنانەی هەندێک کەس و هەڵوێستی ئابڕوومەندانەی هەندێکی تر، پەندە کوردییەکەی کە بەراوردی "مشک لەگەڵ کەشک"دا دەکات، هاتەوە بیرم.

* بە بۆچوونی بەڕێزتان بۆچی مەلایەل دەتوانن خەڵک بڕژێننە سەر شەقام، وەک ئەوەی مەلایەک لە یەکێک لە خوتبەیلی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکات کە ئەگەر دەوڵەت ڕێگەی پێ بدات، سێسەت هەزار کەس دەڕژێنێتە سەر جادە؟

– من پێم وایە یەکێک سێسەت هەزار بڕێژێتە سەرشەقام دەتوانێ سێ ئەوەندەش بۆ دەنگدان بنێرێتە سەر سیپە و سندووقی هەڵبژاردن. ئەگەر بتوانێ ئەمە بکا دیارە بە چەند کەسێکی لەم جۆرە مەلایە، دەشێ بتوانن هەڵبژاردنی داهاتوو ببەنەوە، تەنانەت ببن بە سەرۆکی هەرێمیش. ئەمە درۆیەکی رووت و خۆ هەڵکێشانێکی هەرزەکارانەیە. راستە لە کوردستاندا کەموکورتی هەیە و تۆ دەتوانی بە باسکردنیان خەڵک بورووژێنی، تۆش و هەموو کەسێکی تریش دەتوانێ وا بکا. رۆڵی مێژوویی ئەوەیە کێ دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەر دۆزینەوە. بە داخەوە بە مەلا و بە هەرزەکاری رۆژنامەیل، کوردستانیان کرد بە وڵاتی فروفیشاڵ و دەنگۆ و پاڵەپەستۆ و نارەحەتی. مرۆڤێک خاوەنی پەیام بێ، چ پەیامی ئاینی و چ پەیامی ئازادی، لە هەوڵی چارەسەردا دەبێ و رێنوێنی دەکا نەک رژاندنی خەڵک بۆ سەر شەقام. تێکدان کارێکی ئاسانە و چ شانازیی تێدا نییە.

* ئەوەندەی تێبینی دەکەم، زۆربەی وتارەیلی تۆ، نارەحەتی لای ئیسلامییەل و بەشێک لە مەلایەل دروست دەکەن، هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە، ئاخۆ بەڕێزتان "دژ بەئاین و موقەدەساتی جڤاکی کوردی" دەوەستنەوە، وەک ئەوەی هەندێک کەس باسی دەکەن؟

– هەندێک کەس کە باسی وا دەکەن دیارە لە خۆیانەوە قسە دەکەن، بەڵگەیان چییە؟ من لە کام نووسیندا باسی پیرۆزییەلم کردووە و کەی دژیان وەستاومەتەوە؟ تۆ دەبێ بەڵگەت هەبێ بۆ ئەم قسەیلە. نابێ راگەیاندن پشت بە دەنگۆ ببەستێ. نابێ پرسی مەلا و ئیسلامییەلیش بێتە تێکەڵکردن. حزبی ئیسلامی حزبە، ئاینی کردووە بە دێوجامە، من ناچار نیم رێز لە دێوجامەی

حــزب بگرم لەبەرئەوەی ئەو دێوجــامــەیە بۆ ئامـــانجــێکی دنیــایی دێتــە بەکـارهێنان. باشــە بەلای تۆوە ئاســاییــە کەوا رەخنـە لە سیـاسـەتی حـزبی ئیسلامی نەیەتە گرتن هەر لەبەرئەوەی ئیسلامییە؟ لەلایەکی ترەوە، ئەوان مەلا دەهێنن دەیکەن بە رواڵەت و بەرواری خۆیان بـۆ دەسـخـەڵەتدانـی رەشـوڕووتی خەڵک، کێشە لێرەوە سەرهەڵدەدا. راستە جڤاکی ئێمە جڤاکێکی ئاینییە، من رێزم هەیە بۆ ئاین، رێزم هەیە بۆ پیاوی ئاینیش، بەڵام هەمـوو مەلا و پیـاوێکی ئاینی رێبەر نییە. مەلا ئەو کاتە دەبێ بەرێبەر کە لە جۆری "مەولانا خالید" بێ و بیـرکردنـەوە بگۆڕێ، یان پیـاوی ئاینیـی وەک "جـەمـالەدینی ئەفـغـانی" کە بۆ مـاوەی دەیان ساڵ بوو بە پێشرەوی بیری ئاینی لەپێناو باشکردنی جڤاکدا. پێش چەند رۆژێک قسـەیەکی شێخ محەمەدی خـاڵم بەرچاو کەوت دەڵێ "نرخی ئاین لە نرخی ئەو کەسەدایە کە ئاینەکەی لەسەردایە". بۆیە من کێشـەم لەگەڵ ئایندا نییە و کێشەم لەگەڵ پیرۆزییەلی ئاینیشدا نییە، هەمووی سـەر سەر و سەرچـاو. من کێشـەم جیـاوازیی بیرکردنەوەیە لە کاروباری دنیاییدا، کێشـەم هەیە لەگەڵ ئەوانەی ئاین بەکار دەهێنن بۆ سەرکوتینەوەی ئازادیی دەربڕین.

بە کـورتی مـن بەرگـریم لە ئازادیی بیـر کـردووە، دەزگـایەکـی رۆشنبـیـریی سـەربەخۆ بەرێوە دەبەم کە سەتان دانـیار "موئەلیف" و بنووس و دەیان هەزار بخوێنی لێ کۆبووەتەوە. من ئەرکێکی مێژوویم هەیە، نە گاڵتە بەخۆم دەکەم و نە بە ئـەرکـەکـەم و نە بەو بنووسـەیلەی مـتـمـانـەیان پێم هەیە. دەبێ پیـاوانە ئازادیی ئـەو بنووس و رۆشنبـیـر و دانیـارەیلە بپـارێزم کـە کـتـێـبم لەلا بڵاو دەکەنەوە. ئەو رۆشنبیرەی رەخنە لە من دەگرێ، بۆ خـۆی کێشـەی نییـە و لە هەوادا دەژی، هیچ پەیامیشی نییە.

* بڕیارە بۆ کـتـێبـەکەی قـوبادی جـەلیـزادە فـایلێکی یاسـایی بێتـە کردنەوە و شـاعیری ئەو شیـعرەیلە لە دادگە بدەن، ئاخۆ ئەگەر لەسەر شیعر جەلیزادە هاتە گرتن یان غەرامە کردن، ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێت؟

– من و قــوبـادیان بەیەکــەوە داوە بـە دادگــە، ئەو وەک خــاوەنی بـەرهـەم و منیش وەک بڵاوکەرەوەی ئەو بەرهـەمە. واتە هـەر ئەو نییـە تکایە. هـەر سزایەک هـەبێ هـەردووکمان دەگرێتەوە بـەبێ جیاوازی. من شـەڕی پرەنسیپ دەکەم نەک شـــەڕێک بۆ هـاوڕێیـــەتی لەگـــەڵ قـــوبـاددا تا منەتی بـەســـەرەوە بکـەم. من بەرپرسـیـارم لە کـاری خـۆم، بڵاوکـردنەوەی ئەم دیوانەی قـوباد کـاری منە و ئەوپەڕی شـانازیشی پێوە دەکـەم. تەنـانەت ئەگەر قـوبادیش بەرگـری نەکـا لەو دیوانەی خۆی، کە ئەمە روو نادا، من هـەر بەرگریی لێ دەکەم.

* با بێینە سەر پرسی سیاسی و لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەست پێ بکەین، تێـڕوانینت بەرامـبـەر بـە بەیاننـامـەکـەی بزووتـنەوەی گـۆڕان چۆنە؟

– بەیاننامـەی بزووتنەوەی گۆڕان بـۆ لاساییکردنەوەی ئەو رووداوانە بوو کـە لە تونس و میـسـردا روویان دا. لاسـاییکردنەوەیـەکی کـاریکاتۆرییـانە کـە لە مرۆڤی هـۆشیـار و بزان ناوەشـێتـەوە. دەبێ مـرۆڤ لە وڵاتی خـۆی و جـڤاکی خـۆی و ئێش و دەردی خـۆیـەوە تێ هـەڵبـچێ بۆ گـۆڕین نەک لاسـاییکردنەوەی کوێرانەی خـەڵکی تر. راپەڕین و شـۆڕش نابێ ببن بە مۆدە، جلـک لەبـەرکـردن دەشـێ بـەگـوێرەی مـــۆدە بێ، قـژبڕین بەگـوێرەی مـۆدە بێ بـەڵام شـــۆڕش و راپەڕین ناشێ بە مۆدە ببن. سـەرکردەی سیـاسی دەبێ دووربین بێ و قـووڵانە بیـر بکاتەوە پێش ئەوەی هـەنگاو بنێ ئەگینا متمـانەی خـەڵک و هـاوڕێیانیشی لە دەست دەدا. ئەم بەیاننامـەیەی گۆڕان بە بۆچوونی من شکـانێکی سیـاسیی گـەورە بوو بۆ گـۆڕان و هـەقیـقـەتێکی خـۆیان دەرخـست کـە شـاردبوویانەوە، ئەویش مانەوەی خولیا و مەیلی کودێتاکارییە وەک نەخۆشییەکی کۆنی لەگەڵدا ژیاو.

* ئاخـۆ گەندەڵی و بێدادی کـە دروشـمی زۆر لە هێزەیل ئۆپۆزسیـۆنە، لە کوردستاندا گەیشتووەتە ئەو رێکارەی کە کاتی ڕمانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانی نێزیک کردبێتەوە؟

– گـەندەڵی هەیە، بێـدادی هەیە، هەزار کـەمـوکـورتیی تریش هەیە لە کوردستـان، بەڵام چۆن دێنە بنەبڕکردن؟ ئاخۆ ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ چارەسەر بۆ هەمـوو ئەمـانـە بدۆزێتـەوە؟ ئەدی مـەگـەر خـۆشـیـان لە دەسـەڵات نەبوون؟ کێشـەی ئێمـە لەم وڵاتەدا کـەمیـی شـارەزاییـیـە لـە بەڕێوەبردندا، ئاوەزکـەی گوندییـانە بەسـەر کاروباری حکوومـەتدا زاڵە و خۆمان تێیدا قـەتیس مـاوین. ئۆپۆزسـیـۆنی کوردی ئۆپۆزسـیـۆنێکی شـارسـتـانیـتر نییـە لە دەسـەڵات تا لەو باشـتـر بێ، ئاوەزکـەی ئـەم ئۆپۆزسـیـۆنە لە کـارگـێـڕیدا لەوەی دەسـەڵات هەژارترە، بێتـە سەر کورسـی کاولتری دەکا. هەموو ئـۆپۆزسیـۆنی کوردی بە قـەدەر لەتێکی حـزبی دەسـەڵات، شـارەزا و پسـپـۆڕی تێدا نیـیـە جـا حـاڵی کارگێڕییەکەش وایە وەک دەبینی.

* مـاوەی ڕابردوو لـە یەکێک لە وتـارەیلی خـۆتدا پێـشـبـینیـی ئەوەت کـردبوو کـە ڕۆژێک یـەکـێـتی و گـۆڕان تێکەڵ ببنەوە، ئـاخـۆ دوای بەیاننامەکەی ئەو بزووتنەوەیە ئێستەش ئەو گومانەت هەر ماوە؟

– ئەندامـەیلی گـۆڕان سـەرەتـا خـۆیان دەیانـگوت ئێـمـە لاریمان لە یـەکێـتی تەنیـا ئـەوەیە کـە خـۆی تەسلیـمـی پارتی کـردووە. مـەبەسـتـیـان لـەم بیـانووە ڕێککەوتنی سـتـراتیـجی بوو. هەندێک جـار بیسـتـوومـە لایەنگرەیلی پارتیش دەڵێن ئێـمـە لەم ڕێککەوتنەدا بەشـمـان هـاتووەتە خـواردن. بەلای منەوە گرینگ ئـەوەیە ڕێککەوتنی سـتـراتیـجی بـووە بە مـایەی تـەبایی لـە کـوردسـتـان و یەکڕیزیش لـە ئاستی بەغدادا. گۆڕان بە ساڵانە هەمـوو هۆش و کاری بۆ ئەوە بوو پێوەندیی ئەرێنیی پارتی و یەکـێتی بەرەو گرژی بباتەوە، هـەر چیـشـیـان کـردووە تا ئێـسـتـە ئەمـەیان بۆ نەچووەتـە سـەر. وازیش لـەم خـەیاڵە ناهێنن و بەردەوامن، ئەم بەیاننـامـەیەش هەر لـە درێژەی ئەوەدایە. بـزووتنەوەی گـۆڕان لەناو تەنگژەدا لە دایک بووە و چارەسـەری خـۆی لەوەدا دەبینێ "بـە بۆچوونی من" بچێتەوە پاڵ یەکێتی.

* بە بـۆچوونی بەڕێزتان بـۆچی یـەکـێـتی و پـارتی بـە بەیاننامـە و

جموجۆڵەیلی بزووتنەوەی گۆڕان قەڵس دەبن؟

– لەبەرئەوەی گۆڕان ئۆپۆزسیۆن نییە و بەشێکە لە دەسەڵات و بەرپرسیارە لە هەموو نەرێنییەلی دەسەڵاتی کوردستان وەک یەکێتی و پارتی، بگرە زیاتریش لەوان. سەرۆکی گۆڕان خۆی دەڵێ من بەشم هەیە لە یەکێتی و نیوەی یەکێتی هی منە. لەم نیوەیەدا بێگومان دەبێ لە نەرێنییەلیشی بەربکەوێ. ناشێ تۆ بەرپرسیار بیت لە سەتان کەموکورتی و بشتەوێ بە چاووڕاو، بەرزەکی بانان لێی بچیتە دەرەوە. ڕاگەیاندنێکی چەواشەکار دەتوانێ هەست و مەیلی خەڵک بورووژێنێ و ڕەخنە و داخوازییەیلی ڕەوای ئەوان بەکار بهێنێ لە گەمەیەکدا، بەڕای من ئەمەیە مایەی قەڵسبوونەکە. پارتی و یەکێتی بەرگری لە کەموکورتیی دەسەڵاتەکەیان ناکەن و خۆیان هاواریانە دەڵێن وەرن با هاوکاری بکەین لەپێناوی پڕکردنەوەیان و دۆزینەوەی چارەسەریان.

* چالاکییەلی بەرهەڵستییانەی بزووتنەوەی گۆڕان چۆن لێک دەدەیتەوە؟ پێت وایە گۆڕان بەرهەڵستێکی تەندروستە بۆ ئەمڕۆی کوردستان؟

– وەک گوتم گۆڕان ئۆپۆزسیۆن نییە بە واتای وردی ئۆپۆزسیۆن، دۆخی سیاسیی کوردستان زۆری پێویست بە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و لێهاتوو هەیە. بێ ئۆپۆزسیۆن پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و جڤاکی و تەنانەت ڕۆشنبیریش لە کوردستان پەکیان دەکەوێ، هەر نەبێ لەنگ دەبن. بەڵام گۆڕان بزووتنەوەیەکی کودێتاییییە، ئەمەش نەریتێکە لە کۆنەوە لە بزاوی ڕزگاریخوازی کوردستاندا سەری هەڵداوە و زۆر جاریش سەری گرتووە لە زیان گەیاندن بە بزاوەکەدا. ئەمەی ئێستە هەمان ڕەوتی جارانە کە کودێتای ئەنجام دەدا، واتە هەمان گرووپ و تیرەن، لە شێستەیلەوە وەرە تا هەشتایەل و ئینجا شەڕی ناوەخۆ تا دەگات بە بەیاننامەکەی ئەمجارە. لە هەموو جارێکیشدا بۆیە و ڕەنگی جوانیان لە کودێتایەکەیان هەڵسویوە و خەڵکیش تا

رادەیەکی باش باوەڕیان پێ کردوون. بەڵام دواجار بووەتە بلّق.

* پێت وایە بزووتنەوەی گۆڕان بەو بەیاننامەیە هێڵی سووری بەزاند؟

– گۆڕان بەردەوام لەو دیوی هێڵی سووردایە، من کە سەیری راگەیاندن و بڵاوکراوە و هەڵسوکەوتیان دەکەم بچووکترین بەرپرسیارەتییان تێدا بەدی ناکەم لە ئاست هیچ شتێکدا. وا دیارە چارەڕەشیی کوردە کە نابێ بگا بە هیچ و ببێ بە هیچ. کورد سەتان ساڵە ئەم خۆخۆرییە دای خوراندووە و دای ڕزاندووە. ئێستە خەریکە بگا بە شتێک، دەیانەوێماڵی وێران بکەنەوە.

* کاک بەدران پاش ئەوەی بەیاننامەکە هاتە بڵاوکردنەوە، لە شاری سلێمانی و نێزیک لە بارەگای گۆڕان تانک دەهاتە دیتن، تێڕوانینی تۆ بۆ ئەو تانکەیلە چۆنە، پێت وایە ئەو بەیاننامەیەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەندە مەترسیی دروست کرد کە بە تانک بێتە کۆنترۆڵکردن؟

– پرسەکە پرسی بەیاننامە نییە، بەیاننامەیەک هەرچیی تێدا بێ ئەم گرژییە ناهێنێ کە نایەوە، بەڵام بە ساڵانە راگەیاندنێکی چەواشەکار، وێنەی کوردستانی شێواندووە لەبەرچاوی خەڵکەکەیدا، تەنانەت ئەو کەسەش کە سوودمەندە وای لێ هاتووە نەفرەت لەم وڵاتە بکا بە کارتێکەریی ئەم راگەیاندنە چەواشەکارەوە. راگەیاندنەکەش راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانە بە پلەی یەکەم. بۆیە دەشێ هەموو شتێک روو بدا. شێمانەی قۆستنەوەی شێواویی کوردستان لەلایەن هاوسێی ناحەزەوە یەکجار زۆرە و دەسەڵات مافی خۆیەتی لە بەرپرسیارەتیی خۆی بترسێ. من نازانم پرسی ئەم تانکەیلە چەند راستن بەڵام ئەدی لە میسریش تانک نەهاتنە سەر شەقام و لە سایەی ئەمەوە داودەزگای دەوڵەت نەهاتنە پاراستن؟ تۆ راپەڕینی وەک میسرت دەوێ بەڵام لە تانکەیلەکە بە گلەییت؟ من هەست دەکەم ئەمانە زۆریش ترسنۆکن. بێگومان ترسنۆکن، مرۆڤ ئەگەر بڕوای نەبێ، هەستی قوربانیدانیشی تێدا نابێ.

* له وتارەیلی خۆتدا بە تایبەت ئەوانەی دوای ڕووخانی حوسنی مبارەکەوە نووسیوتن، زۆر سەرسامی بەرامبەر بە سوپای میسر دەردەکەویت، ئاخۆ لەوەها دۆخێکدا لە کوردستان، پێت وایە پێشمەرگە هاوشێوەی سوپای میسر دەبێت؟

– پێشمەرگە سوپای حزبە، سوپای کوردستان نییە وەک قەوارەی نەتەوەیی با خۆمان بە هەڵەدا نەبەین. ئەمە شتێکە نایەتە وەشاردن. سەرهەڵدانی گرژیی سیاسی لە نێوان لایەنەیلی کوردستاندا رەنگە سەربکێشێتەوە بۆ پێکدادانی ناوەخۆ و دووبارەبوونەوەی کارەساتەیلی رابردوو و تێچوونی ئەزموونەکەش وەک کە لە ساڵەیلی ٩٤ – ٩٦ رووی دا. ئەوەی لە کوردستان بژی و ئەم هەستەوەرییە نەزانێ، سیاسی نییە، رەچاوی نەکا نیشتمانپەروەر نییە. نازانم ئەوانە بۆچی وا رواڵەتییانە بیر دەکەنەوە، کوردستان کوێی لە میسر دەچێ؟

* هەرچەندە ئەمە پرسیارێکی جیاوازە، بەڵام بەو پێیەی وەک ڕاوێژکاری ئاژانسی پاراستنیش هەندێک جار ناوت دێت، پێم خۆشە لەسەر پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم و پرۆژە یاسای دەزگای ئاسایش بۆچوونت بزانم.

– من ئەو پلەیەم نییە کە تۆ باسی دەکەی، هەمبوایە بە شانازییەوە پشتڕاستم دەکردەوە لێرەدا. لەبارەی ئەو پرۆژەیلەشەوە هیچ بۆچوون و زانیارییەکی تایبەتم نییە لەبەرئەوەی هەر قسەیە و هەندێک ئاخاوتنی بەرپرسەیلە لە دەزگایەلی راگەیاندندا. بە کردەوە هەنگاوی بۆ نەهاتووەتە هاوێتن وەک بزانم، بەڵام ئاخۆ خەڵک داوای یەکگرتنەوەی داودەزگای ئاسایش و بە حکوومەتکردنی ئاسایش ناکەن؟ ئەدی ئەمە داخوازی هەموو لا نییە بۆ لەکۆڵکردنەوەی پاشماوەی دوو کارگێڕیەتیی هەولێر و سلێمانی؟

* بەرەی ئۆپۆزسیۆن پێیان وایە هەردووی دەزگای زانیاری و پاراستن و دەزگای ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، دەزگای حزبین و لەژێر

کـۆنتـرۆڵی پارتی و یەکـێـتـیـدان، بە بۆچوونـی ئەوان ئەو پرۆژە یاســایانـەش هەوڵدانە بۆ بەشـەرعـیکردنی دوو دەزگـای حـزبی و دابینکردنی بودجە بۆیان لەسەر داهاتی گشتی، تێڕوانینی بەڕێزتان بۆ ئەو خوێندنەوەیەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن چۆنە؟

– پرۆژەکە هەنگاوێکە بۆ دەرچواندنی ئەو دەزگایەلە لە کۆنترۆڵی حزبایەتی و بردنیان بۆ ژێر دەسەڵاتی حکوومەت. ئەمەش کارێکە بە ڕێگەیەکی راستدا. رەنگە هەمـوو شت لە نێـوان بەرشـەو و پارشـەوێکدا نەیەتە دی، بێگومـان سرِینەوەی مۆرکی حزبایەتی لەم دەزگایەلەی باسیان دەکەی کاتیان دەوێ و کردەوەیەکی درێژخـایەنە. کـاتی دەوێ، دڵسـۆزیی دەوێ، پاڵپشـتـیی هەمـوو لایەکی دەوێ. دوای ئەوە، باشە ئاسایشێک وڵات بپارێزێ بۆچی بودجە لە حکوومەت وەرنەگرێ؟ هێمنی و تەناهیی کوردستـان لە سایەی ئاسایشەوەیە و لەپێناوی خەڵکی کوردستانە. ئەوان لە هەمـوو کەس شایانترن بۆ بودجە و مـووچەی حکوومــەتی هەرێم. مـرۆڤ چۆن لە کـاری باش بە بیـانوو دەبێ؟ لۆجیک و گوتەن کوا لەمەدا؟

* دوای بەیاننامـەکـەی گـۆڕان بە پێـچـەوانەی چاوەڕوانیـیـەلەوە، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی نەچوونە بەرەی گۆڕانەوە، ئەگەر لێکدانەوەیەک بۆ ئەوە بکەیت، ئەو لێکدانەوەیەت چۆن دەبێت؟

– باوەڕ ناکەم کەس باوەڕ و متمانەی بە بزووتنەوەی گۆڕان هەبێ لە پرسی بەرهەڵستکاری و ئۆپۆزسیۆنکاریدا. کێ هەیە سەری خۆی بۆ یەکێکی تر لە گرەو بنێ و نەزانـێ سبەی هەڵسوکەوتی ئەو یەکە چۆن دەبێ و چۆن رووکاری خـۆی دەگـۆڕێ. ئەو لایەنانەی تۆ باسیـان دەکـەی لە راگـەیاندندا کـەمـتـر لە گۆڕان گـەرم نین لە هەڵگێڕانەوە و چەواشـەکردنی بارودۆخی کوردسـتـان و شـێلوکـردنی دیمەنەکـەیدا. ئەوانیش وتاریان نالۆجیکانەیە بەردەوام، بەڵام متمانە بناخەی پێوەندییە و ئەوان متمانەیان بە گۆڕان نییە. هیوادارم ئەمانە بەرپرسیارانەتر هەڵسوکەوت بکەن.

* پێت وایە داواکاریی گۆڕان هەر ئەوەندەیە کە لە بەیاننامەکەیدا هاتووە، یان ئامانجی تری هەیە، بۆیە یەکێتی و پارتی توند بە پاشیان دایەوە؟

- بزووتنەوەی گۆڕان وەک من تێیان گەیشتووم بەرنامەیەکی ئاشکرایان نییە وەک ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازی لە کوردستان. ئەوان لە پارێز دانیشتوون تا هەل بقۆزنەوە و بەپێی ئەو هەلە هەڵسوکەوت بکەن و ڕەفتار بگۆڕن. دەمێنێتەوە سەر بارودۆخی کوردستان و کارایی دوو حزبەکەی دەسەڵات لە کارگێڕیدا، ئەگەر ئەم دوو حزبە خۆیان لوول بدەنەوە و کوردستان ڕێک بخەنەوە، گۆڕان پەڵپ و بیانووی نامێنێ و ڕەنگە بێتەوە پاڵیشیان بۆ خۆشاردنەوەیەکی کاتی لەپێناوی سوودوەرگرتن بۆ خۆی. ئەگەر کەموکورتیش بمێنێ، ئەوا ئەوان ئەم گێچەڵەیان هەر بەردەوام دەبێ تا دۆخەکە بە لایەکدا دەکەوێ.

* زۆر باس لە بێدادی و گەندەڵی و بێکاری و هتد دێتە کردن لە کوردستان، بەڕێزت پێت وایە ویست بۆ بنبڕکردنیان هەیە؟

- بێکاری هەیە راستە، بەڵام تەمبەڵی و پال لێدانەوە و کارنەکردن و مووچەی بندیوارانەش هەیە و زیاتریشە لە بێکاری. کێشەکە بووە بە دووسەرە. دەیان کەس لەبەردەستی من رایان کردووە لەبەرئەوەی نەیانویستووە خۆیان ماندوو بکەن. کوردستان پڕە لە کرێکاری بیانی، ئەوەی کاری نییە بۆچی ناچێ جێیان بگرێتەوە. خەڵکی گوند لە گوندەوە مووچە وەردەگرن. ئەو دیمەنەی من دەیبینم ئەوەیە لە کوردستان بێ سیستەمی هەیە کە دڵی هەندێکی خەنی کردووە و دڵی هەندێکی گەنی کردووە، بێگومان بێ سیستەمی بێدادی دروست دەکا و گەندەڵیش هەر کوڕی بێ سیستەمییە. بەڵام دانانی سیستەم کارێکە پیاوی شارەزای دەوێ، پیاوی شارەزا لە کوردستان کەمە، هەرچۆن بێ ئەوەی هەیە بایی ئەوە دەکا لەم قۆناغەدا بارودۆخەکەی تۆزێک پێ راست بکەیەوە و هەنگاوی بەرەوپێش پێ بنێی.

کێشـەی گـەورەی کوردسـتـان ئەوەیە ملـملانـەی حزبایـەتی ناهێڵێ ئەم وڵاتە و ئەم ئەزمـوونە بکەونـە سـەر ڕێی خـۆیان و پشت بە پیـاوی شـارەزای خـۆیی و بیـانی ببەسـتن و سیـسـتـەمێک بۆ خـۆیان دابنێن. دەبوایە ئۆپۆزسیـۆن داوای ئەمـە بکا ئەگـەر بە ڕاسـتی دڵسۆزی ئـەم وڵاتە بێ و بیـەوێ پەنجە بخـاتە سـەر جێی ئێش.

بزاو ژ: ۳۵، شوبات ۲۳، ۲۰۱۱

## کەمکردنەوەی ئازاری گەلان

ڕاپەڕینی گـەلی مـیـسر پێشـی دە ڕۆژ نیشـانـی خـۆی پێکا و سـەرۆکی وڵاتی ناچار کـرد لە کـورسـیـی دەسـەڵات دابەزێ. بەڵام پێش دوو مـانـگ و نیـو لەو مـێـژووە، وردتر لە کـۆتـایەلی مـانـگی تشـرین ۲دا، پارتـی دەسـەڵات لە هەڵبژاردنەیلی گشـتیدا بە زۆرینەی سـەتی سەت بردیەوە. ڕاسـتە کە ڕوون بوو ئەنجـامـەیلی ئـەو هەڵبـژاردنەیلە دروست نـین، مـومکین نیـیـە ئۆپۆزسـیـۆنی وڵاتێکی وا گـەورە ئەگـەر هەڵبـژاردنـەیلی گـشـتی تێـیدا دیوەدەرانـە بێ و بێ دەسکاری بێتـە ئەنجـامـدان، هەر هیچ نـەهێنێ و تـەنانەت یەک کـورسـیـش نەباتەوە. لە کۆنەوە لە مـیسر ئۆپۆزسیـۆنێکی کارا و خـاوەن مێژوو و خـاوەن جـەمـاوەر هـەیە. کـەواتە هەڵبژاردن ڕووی ڕاسـتی ناوەخـۆی مـیـسـری پێشـان نەدا، بەڵام ئاخۆ ڕاپەڕینەکە ڕووی ڕاستینەی پێشان دەدا؟ بە شێوەی گشتی من وا دەزانم خۆپێشـاندان و ڕاپەڕین ڕووی ڕاستینەی هیچ وڵاتێک دەرناخەن، بە تایبـەتی لە دۆخی مـەترسی و ڕووبەڕووبوونەوەدا کـە زۆرینـەی گـەل خـۆی دەپارێزێ لەوەی بێتـە پێشـەوە و بۆچوون دەربڕێ. مـیسر وڵاتێکە ۸۵ ملیـۆن، ئەو ملیـۆنەیلەی باسیـان دەکرد کە ڕژاونەتە دەرەوە، ڕاست نەبوون. گۆڕەپانی ڕزگـاریش ملیـۆنێک مـرۆڤ نـاگـرێ. بۆیە مـن دەڵێم چۆن هـەڵبـژاردن ڕووی ڕاستی دۆخی ناوەخۆ پێشان نادا، ڕاپەڕینیش هەروەها پێشانی نادا.

هەمان قسـەم بۆ تونسیش دووبارە دەکەمـەوە، بۆ یەمەن و جەزائیر و لیبیا و

هەر وڵاتێکی تریش، کە خەڵک برژێنە سەر شەقام و گۆڕەپان، نیشانەی ئەوە نییە وڵات لە رەگەوە دەگۆڕێ. ئەم خۆپێشاندەرەیلە ژمارەیان زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەوانەی دەتوانن لە رۆژی هەڵبژاردندا بە هێوری دەنگ بدەن و یەکلای چارەنووس بکەنەوە ئاخۆ کێ دەچێتەوە پشت گاڵۆکی "مقود" لێخوڕینی دەسەڵات. هیچ بە دووری مەبینە لە هەڵبژاردنی پاشی سێ مانگی داهاتوودا لە میسر، هەمان پارتی دەسەڵاتداری پێشوو زۆرینە بێنێتەوە. پارتێک دەیان ساڵ تەمەنی بێ، بێگومان پشتیوان و سوود لێ وەرگرانی زۆرن و شارەزاتریشن لە گەمەی سیاسەت و هەڵبژاردندا. ئەم دڵەڕاوکە و نیگەرانییەش بە ئاخاوتن و هەڵسوکەوتی هیستریائامێزی ئەوانەوە دیارە کە لە مینای تیڤییەلەوە دێنە دیتن و دەترسن ئەوەی لە خەیاڵدا کێشاویانە هەڵبزڕکێ. هەندێکیان باس لە ریشەکێشانی پارتی دەسەڵات دەکەن، کتومت وەک ئەوەی لە ئاست پارتی بەعس لە عێراقدا هاتە ئەنجامدان. بێگومان ئەم هەڵوێست و داواکارییە بێجگە لەوەی نەشیاوە لە رووی دیموکراسییەوە، بە پراکتیکیش هەر نەگونجاوە.

بەعسییەل لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە عێراق زۆرترین دەنگیان هێنا، هەرچەندە لیستی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی خۆی نەبان دەکا لەوەی پێوەندییەکی بە بەعسەوە هەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەنگی بەعسییەلی هێناوە. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عێراق هەشت مانگ دوا بکەوێ لە دوای هەڵبژاردنەیلی گشتیی ئاداری ٢٠١٠ەوە. چاووڕاوێکی سیاسی و دەس تێ وەردانی هاوسێیان نەبوایە، بەعس دەگەیشتنەوە دەسەڵات یان نێزیک دەکەوتەوە لێی. کەواتە چارەسەر چییە و چۆن حکوومەتێک دێتە دی نوێنەرایەتیی زۆرینە بکا؟

دەرکەوت، هەر نەبێ بۆ من دەرکەوتووە، کەوا گۆڕین لەم ناوچەیەی ئێمەدا لە رێی توندتیژییەوە نایەتە دی. خۆپێشاندان و راپەڕین و شۆڕشیش دواجار جۆرێکن لە بەکارهێنانی توندتیژی. ئەوانەی لە خۆپێشاندانەیلی میسر بەشدار بوون و ناویان لێ نان "لاوەیلی شۆڕش"، بە زمانێکی زبر دەدوێن. ئەو

کەفوکوڵەش کە لێیان دێتە دیتن جۆرێکە لە بڕوا بەخۆ نەبوون یان بڕوا نەبوون بەو ئامانجەیلەی لە خەیاڵدا ڕۆیان ناون. بێگومان دنیای وێنەکریی خەیاڵ زۆر دوورە لە دنیای ڕاستییەوە، ڕەنگە زۆر جار بە پێچەوانەش بکەوێتەوە بە تایبەتی لە ململانەی سیاسەتدا کە دژبەری و ململانێیەل توند و بێ بەزەییانە ڕوو دەدەن. ئەم نەریتەش ڕێ خۆش دەکا بۆ دووبارەکردنەوەی توندتیژیی دەسەڵاتی پێشوو بە شێوازی تر. شێخ یوسف قەرەزاوی لە وتاری ڕۆژی هەینی لە گۆڕەپانی ڕزگاریدا داوای هێوریی لە خۆپێشاندەران کردەوە.

چارەسەر لە چیدایە؟ منیش لەو باوەڕەدام چارەسەر تەنیا گرتنەبەری شێوازی هێمنی و هێورییە لە هەنگاوناندا بۆ گۆڕین. ڕاپەڕین و شۆڕش ئەگەر هەموو ساڵێکیش لە یەک وڵاتدا دووبارە ببنەوە ئەنجام هەر دەچێتەوە لای سیپە "سندووق"یلی دەنگدان. ئەودەمە خەڵکێک بەشداری دەکەن و بڕیار یەکلا دەکەنەوە کە هەستمان پێ نەکردوون لە تێکەڵاویی ڕۆژانەدا و لە ململانەی سیاسەتدا بەرچاومان نەکەوتوون. دیموکراسی، دواجار گەمە و ململانەی هەڵبژاردنی جۆری ژیانە نەک تەنیا گەمەیەکی سیاسیی نێوان لایەنەیل، بۆیە زۆرینەی خەڵک لەو گەمەیەی یەکەمدا بەشدار دەبن.

ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەب و ئیسلام بە گشتی، ئازارێکی زۆر دەچێژن لەم گەمەی ژیانەدا، بژاردەی سیاسیی ئەم وڵاتەیلە وەک بازرگان هەڵسوکەوت دەکەن زیاتر لەوەی کە بژاردەیەکی سیاسیی پیشەوەر بن. لەسەر لووتکەیەک ڕۆنیشتوون و تەنیا لە نەخشەی بەرژەوەندییەلی خۆیان دەڕوانن کە ئەمەش لەم ساڵانەی دواییدا تەنیا بریتی بووە لە بەرژەوەندیی ئابووری. دەیان ملیار دۆلاری سەرۆکێک ئابڕووی سیاسەتی نەهێشت. لە ژێرەوەش گەلێکی داماوی بە دەردی نان و بێکاری و خزمەتگوزارییەوە تلاو. ئەوەی لەم نێوانەدا دەتوانێ ڕۆڵی ڕێنوێن و ناوبژیکار و چاوساغ ببینێ تەنیا ڕێکخراوەیلی جڤاکی شارستانییە بە میدیا و توێژی ڕووناکبیریشەوە. دەبێ ئامانج لەلای ئەمانە تەنیا بەئەنجام گەیاندنی پرۆسێسێکی هەڵبژاردن بێ بەشێوەیەکی دیموکراسییانە و دیوەدەر و بێ دەسکاری. سیستەمی حوسنی

مـبارەک هـەڵەیەکی زل و مـێـژوویی کـرد کـە لـە هەڵبـژرادنەیلی پێـشـوودا لە مـانگی تشـرین ٢ ڕێی نـەدا چاودێرەیلی بیـانی بێنە نـاوەوە، ڕەنگە ڕێـی بە ڕێکخـراوەیلی بێلایەنی ناوەخۆش نەدابێ. مـن لەو باوەڕەدام زیانی ئەو ڕێژیمە لە ئەنجـامـدانی هـەڵبـژاردنی دیوەدەر و بێ دەسکـارییـەوە کـەمـتـر دەبوو لەو زیانەی لە سۆنگەی ڕاپەڕینەکەوە کەوتەوە.

رووکاری مـێـژوو وەک رووکاری ئاوی رژاو نـیـیـە، کـەس نەتوانـێ دەسـەڵاتی تێـدا بگێـڕێ و هـەر بـە پێی لۆجیکی تایبـەت بـەخـۆی بڕواتە ڕێوە کـە بەرزی و نزمـیی زەویی بەردەمـیەتـی. مێژوو دێتـە ڕێنوێنیکردن، ئەوانەی لە جڤاکی ئەم ناوچـەیەدا دەتوانن ڕۆڵ بـگێـڕن بۆ دروسـتـکردنی مـێـژوو، کـەم نـین. توێکی ڕووناکبیرەیل بە تایبـەتی ئەوانەی لە بزاوی جڤاکی شارسـتانیدا نۆر دەلەیزن، تـۆزێک زات و چاونەترسی و بڕوا بـەخــۆبوون، کــۆکــردنەوەی ئـەزمــوون و بەشـداریی کـارا لە هـەڵبـژاردنەیلی گـشـتی و نواندنی هـەست و هـەڵوێسـتی بەرپرسـیـارانەیـان لە ئاست کـەمـوکـورتیی ڕۆژانەدا لەلا هـەبووایە، کـار بە جـۆرێکی تر دەبوو. ئەم ڕێکخراوەیلـە گۆڕینی گرینگ دەهێننە دی. ئەمـە تاکە ڕێگـەی کـەمکردنـەوەی ئێش و ئـازاری گـەلانە لەم نـاوچە بەخت ڕەشـەدا کـە سـەتان سـاڵە دەردی کوێرەوەری دەکێشـێ و خـول لە خـۆی دەخـواتەوە. ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو توێکە ڕووناکبیرە، بەم ڕۆڵە مێژووینەی خـۆی مـتـمـانـەدار نـیـیـە، یان ئەوەتا ئـەویش دەسـتـەپاچەیە لـە جـۆری گـەلی ڕەشـوڕووتی بێ چارەسـەر کـە بە دیار هـاتنی مـەهدییـەوە چاوەڕوانە، یـانیش وەک "لاوەیلـی شـۆڕش" مـست دەگـوشـێ و بازوو هـەڵدەشـەکـێنـێ و دەیەوێ توندتیژی دووبارە بکاتەوە. ڕووناکبیری بەر لە هـەموو شت واتە متمانەبەخۆیی لە توانی گـۆڕیندا، گـۆڕینێک ڕێی مـێژوو کـورت بکاتەوە و ئازار سـووک بکا، ئەویش بێگومان بە هێوری.

بزاو ژ: ٣٤، شوبات ٢٠، ٢٠١١

## گۆڕین بەڵام بە توندتیژی نا

ڕاپەڕین و شـۆڕش وەک چوونە سـەیران و بندارۆکـیـان لێ هاتووە، کـۆمـەڵە لاوێک دەتـوانن ئێـوارە نەخـشـەی بۆ دابنێن سـبـەینێ پێی هەڵسـتن. ئەمـە نەریتـێکی تازەیە لەم ناوچەیەی ئێـمـەدا. نەریتـێکی تەواو تازەش نیـیـە وەک مێژوو، بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ گۆڕینی دەسـەڵات لە چەندان وڵاتی ئەم ناوچەیە و بە درێژای سـەتەی بیـسـتـەم روویان دایەوە. جیایی ئەوەیە جاران کودێتایەکی سەربازی ڕێی بۆ خۆش دەکرد و پاشان بۆ ئەوەی رەوایی بدەن بە گۆڕینەکە، جەماوەریان بۆی پەلکێش دەکرد "میسر ۱۹٥۲، عێراق ۱۹٥۸"، یانیش بەرهەڵسـتکارەیلی سیـاسی جـەمـاوەریـان دەڕژاندە سـەر شـەقـام و شۆڕشیـان پێ سـاز دەدان "ئێران ۱۹۷۹". ئەمـەی ئەم جارە جیـایە، بێ هیچ بەرنامە و پێشـینـەیەک دەتەقێـتـەوە، تەشـەنە دەکا و لـە مـاوەی چەند ڕۆژێکدا گـەورەترین دەسـەڵات دەڕمـێنێ. نە حـزب لـە کـایەدا هـەیە و نە کـودێتـای سەربازی.

هۆی ئـەم دیاردەیە ئاشکرایە، پەنگاودانەوەی بێـزاریی گـەلان لە ناخــدا ئەوەندە کـاتی بەسـەردا تێ پەڕیوە، کـە بە سـووکـە ئاژنێک دەتەقـێـتـەوە. لە بەرامـبـەریشدا دەسـەڵات ئەوەندە لە کێمـوکاسی و بێ سیـسـتـەمیدا ڕۆچووە، جـومگەیلی لەبەریەک لەقـیـون و بە سـووکـە پاڵێک دەشکێـتـەوە. بەڵام ئاخـۆ ئەنجام چی دەبێ؟ ئەمە خەم و پەرۆشییەکی هەموانییە و هەمووان دەپرسن ئەم گۆڕینە ئاخۆ گۆڕینێکی ڕەگاژۆیە و وڵات دەباتە سـەر ڕێی ڕاست؟ یانیش توندتیـژی و بێ سـیـسـتـەمی لە ڕێی جـەمـاتێکی ترەوە دەزێنەوە؟ من لەو باوەڕەدام هەردوو دۆخ شیـمانەی ڕوودانن. ئەمە دەکەوێتە سـەر هەلومـەرجی کۆمـەڵایەتی و ئاسـتی ژیانی شـارییـانەی ئەو وڵاتە. ڕەنگە لە میـسـر و تونس وەک دوو وڵاتی تا ڕادەیەک خـاوەنی شـێـوازی ژیانی شـارییـانە، گـۆڕین ڕوو بدەن، ئـەویش بەرەبەرە و بە هێـوری بێگومـان. لە هـەندێکی تریاندا بە هۆی ناکامڵیی شارییانەی جڤاکەوە، ڕەنگە گۆڕین نووچ بدا و گەڕێکی تر لە ئیش و

ئازار دەست پێ بکاتەوە. بۆ نموونە لبنان وڵاتێکە هیچ کێشەی نییە لە پرسی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیدا، بەڵام ناکامڵیی جڤاک ڕێی نەداوە یەک هەنگاو هەڵبێنێ بەرێی دەرچوون لە تەنگژەی دەسەڵات و تەنانەت لە چارەسەری کێشەی ژیانی رۆژانەشدا.

رەنگە بابایەک بپرسێ ئەگەر راپەڕین و شۆڕش، یان هەر کارێکی تری شۆڕشگێڕانە چارەسەر بوایەن بۆ کێشەیلی سیاسی و جڤاکی و ئابووری، دەبوو ئەم وڵاتە لە بنج و بناوانەوە کێشەیان نەبوایە؟ لەبەرئەوەی زۆربەی سیستەمەیل سیاسیی رۆهەڵاتی ناوین لەم رێیەوە هاتوون و بەڵێنی تێروتەسەلیان لە سەردەمی خۆیاندا داوە بۆ گۆڕین، تا دواجار لە هەلێکدا دەستەیەک بە کەڵەمباز گەیشتووەتە لووتکە و دەسەڵاتی پاوانی سەر خۆی کردووە بۆ دەیان ساڵ. لەمێژە دەرکەوتووە کەوا راپەڕین و شۆڕش شێوازی بێ ئەنجامن لەم سەردەمەدا، تەنیاش کاردانەوەن بۆ چەوتییەلی دەستە و گرووپی دەسەڵات و هیچ چارەسەرێکیشیان پێ نییە. ئۆپۆزسیۆنێک لە کایەدا نییە بەرنامەیەکی هاوسەردەمییانەی پێ بێ، دیمای هەرە دیاری ئۆپۆزسیۆن لەم ناوچەیەدا بزاوەیلی ئیسلامییە کە بەرنامەیان رووەو دوێنێی تاریکە نەک رووەو سوەینەی پرشنگدار. ئەم رووداوەیلەی ئەم ماوەیەش پاژ "فصل"ێکی تر دەبن لە چیرۆکی توندتیژیدا. چ توندتیژیی گرووپێکی تری شەللاتیی دەسەڵات پاوانکەر، چ توندتیژیی بزاوێکی لاساری ئایینی.

ئەوەی زیاتر دۆخەکەی شێلو کردووە میدیایە. میدیای سەربەخۆ، یان با بڵێین میدیای دژ بە دەسەڵات کە لەم ناوچەیەی ئێمەدا هانی توندتیژی دەدا. بێ ئەوەی لە بیری بێ کەوا توندتیژی جارێکی تر توندتیژی دەزێتەوە. ئەوەی بە سووتاندن و کاولکردن بگا بە دەسەڵات، هەمان شت دووبارە دەکاتەوە لە ئاست خەڵکدا. کەناڵی جزیرە بەردەوام دیمەنی سووتاندن و وێرانکاری بڵاو دەکاتەوە وەک رووداوەیلی ئەرێنی کە خۆپێشاندەران دەیکەن. رۆژێک دێ دەبینین چۆن ئەوانەی بەبەرد فڕێدان دەگەن بە دەسەڵات بەردیان دێتەوە تێگرتن. لە کوردستانی خۆشماندا هەروا، لە وتاری رۆژنامەی دژ بەدەسەڵاتدا

خـوێندمـەوە هـانی گـرتنی لقی چواری پارتی و سـووتاندنـی دەدا بە بیـانووی ئەوەی "ئـەمــە بۆ دامـرکـاندنەوەی حــەزی راپـەڕیوەیل پێـویسـتــە". ئەمــە چ لۆجیکێکی هەڵاوگێڕی ماڵوێرانکەرە لەم سەردەمەدا؟ بە تایبەتی بۆ کورد.

دەبێ توجار لە بیرمان نەچێتەوە کەوا دنیا لە سایەی شۆڕشی تەکنیکییەوە زۆر گۆڕاوە. لەم سەردەمەدا، مرۆڤی گشت دنیا بە دوای ژیانێکی شایانتردا وێڵن و بۆشـی دەکۆشن. ئەمـڕۆ مـرۆڤـایەتی یـەک سـتـایلی ژیانی دەوێ. نەمـا ئەوەی کە سیستەمـەیلی شێوە جیاواز بتـوانن لەم دنیایەدا بخۆن و بخـوڕن. سیستەمی سیاسی دەبێ ببێ بە یەک جۆر بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن. گشت سـاتێ هـەست دەکـەین کـەوا وتاری دنیـا بۆ هـەڵبژاردنی شـێوازی ژیان بووە بە یەک وتار، ئـەویش دەسـتـاودەسـتکردنی دەسـەڵات بە هێـمنی و لە رێی دەنگدانەوە. محەمەد بەرادعی کارێکی چەوتی کرد چووە پاڵ خۆپێشاندەرەیلی مـیسر، دەبوایە لـە دەرەوەیدا بێ، ئەمـە حەزی خۆ دەرخـسـتن بوو نەک گوتەنی رووداو. لە کوردسـتـانی خـۆشـماندا، زۆر لـەو رۆشنبیـرەیلەی حـەزیان لە خـۆ دەرخـــستن زیاترە وەک لە گــۆڕینی جــڤــاک، چوونـە پاڵ بـەرد هـاوێژەیل و ئاوەدانی تێکدەرەیل و تەناهی شێوێنەیل.

"هەمـوو رێیـەک دەچێتـەوە بانە"، کـورد دەڵێ. هەمـوو شـتیش لـە دنیـای ئـەم سـەردەمەدا دەچێتەوە سـەر سیپە بچووکەکەی هەڵبژاردن و دەنگی تێکڕایی. دەســەڵاتی تونس و دەســەڵاتی مـیـسـر بەڵێنیـان دا بـە هەڵبــژاردن و خــۆ هەڵنەبژاردنەوەی سـەرۆک، ئەمە و بە میراتگر دانەنانی کوڕەیلیشیان. من وا دەزانم لێرە بوەسـتـایە باشـتـر بوو، دەسـتـاودەسـتکردنێکی ئاشـتـیـیـانەی دەسـەڵات، کـارێکە لێی باشـتـر نیـیـە. هەرچەنـدە بێ مـتـمـانەیی رێی بە خۆپێشـاندەرەیل نەدەدا مل بۆ ئەم بەڵێنە بدەن، کـە بە بۆچوونی من ئـەمـەش کورتبینی و بێ متمانەیی بوو بە خۆیان. دەبێ بزانین کە تەقینەوەیلی تونس و مـیسـر و لیبیـا و ئەوانی تر، بەرکەوتی کەڵەکەبوونی نەرێنییـەلی دەسـەڵات و پەنگاودانەوەی توورەیین نەک رووداوی کتوپڕ، بە هیچ جۆر دەسـەڵات نەدەشـیا لە بەڵێنی گۆڕین و بەجێهیشـتـنی دەسـەڵات پاشـەکشـە بکا، تـەنانەت ئەگەر

لێشیان پەشێمان بوایە.

قسـەیەک هەیە دەڵێ "ئەگـەر حـەزت کـرد وڵاتێک وێران ببێ، تووک بکە شۆڕشی تێدا روو بدا". چۆن دەچێتە سەری هاووڵاتییەکی سادەی کوردەوە، کە چاکسازیی کوردستان لە بەرد فڕێدان و باڵەخانە سووتاندنەوە دەست پێ دەکەن. کـاولگەی پاش راپەڕین لە کـوردسـتـان و بووژانەوەی ئەمـڕۆ نـایەنە بەراوردکردن. لە دوای رووداوەیلی پێنجشەمووی رابردووی سلێمانییەوە، لە دەیان هاووڵاتیی شـاری هەولێرەوە هەستم بە پەرۆشی کردووە بۆ پاراستنی ئەم ئەزمـوونە لە چارەنووسی رەش. سـەتان ژنی مـاڵان گـریاون نەبادا کوردستان بشێوێتەوە. ئاخاوتنی هاووڵاتییەک کە کوڕیشی لە دەست داوە، نموونەی هەستی بەرپرسیارەتیی کوردییە. گوتی "تکایە با بە شێنەیی گۆڕین بکەین نەک بە توندتیژی". ئەمە گوتەنی راستی کوردییە و دەبێ گوێی لێ بێتە گرتن نەک گوێ لە ئاخاوتنی رووناکبیری حەز لە سووتانکەر. ئافرەتێک لە تەرابلوسەوە هاواری دەرکرد "قەزافی وڵاتی کرد بە هەڵەبجە"، گریانم هات، سـەرکردەی گـۆڕان و ئیسـلامـیی کوردی هێندەی ئەم خـاتوونە، هەڵەبجە و کارەساتەیلی دوێنێی ئێمەیان لە بیر نییە و حەزی کەسانەیی کوێری کردوون.

بزاو ژ: ٣٥، شوبات ٢٣، ٢٠١١

## رۆشنبیری دەمامک قەبووڵ ناکا

سـیسـتـەمـەیلی دیکتـاتۆرییـانەی وڵاتەیلی عـەرەب یەک لە دوای یـەک لە ژێر پاڵەپەستـۆی گەلاندا دەچەمێنەوە و دەچن بە ناخـی دۆزەخدا. سـەرەتا وامـان زانی ئەم رووداوەیلە بۆ کورد دەبن بە سـۆنگەی شادمـانی و بەختـەوەری. وەک زنجـیـرەی تـەلەڤـزیۆنی دەبن بە مـایەی چێـژ لـێ دیتن و پەند لە دەرس وەرگـرتنیـان. وامـان زانی ئەمـە دەبێ بە وێسـتگەیەک خـۆمـانی تێـدا سـاز بدەینەوە بۆ قۆناغی پاش لەناوچوونی دیکتاتۆرییەلی ناوچە. کورد دەیان ساڵە دیلی ئەم سیستەمەیلە دیکتـاتۆرییانەیە، هەیانە لەوپەڕی ئەفریقیاوە پیلانی لە

شۆڕشی کوردستان گێڕاوە. هەیانە لە پاڵمانەوە بووە بە مۆتەکە و کامووسەک. دەبوایە ئەمڕۆ ئێمە بەختەوەرترین گەل بین لەسەر زەویدا. هەر نەبێ لەگەڵ گەلانی عەرەبی براماندا جێژن بگرین و بەشدارییان بکەین لە بەختەوەرییاندا. بە داخەوە بۆ کورتبینانی ناوەخۆ، تەنیا بۆ لاساییکردنەوەیەکی هەرزەکارانە هاتن ئەو رووداوەیلە لێرە دووبارە بکەنەوە. کوردستان نە وڵاتێکی سەربەخۆیە و نە خاوەنی هیچ بنیاتێکی چەسپیو، ئەگەر نابەرپرسانە بیهەژێنی لەناو دەچێ، ئەم راستییە منداڵ هەستی پێ دەکا. ئەوەی لە کوردستان روو دەدا دەق پێچەوانەی گوتەنی مێژووە.

با بزانین چۆن؟ ئەوەی لە سلێمانی رووی دا لە رۆژی ١٧ی شوبات، رووداوێکە جێی نیگەرانی و هەنگاوێکە بەرەودوا لە پرۆسێسی دیوکراسیی کوردستاندا. راستە، خۆپێشاندان و نارەزایی و داخوازیی جەماوەر ئاساین، کوردستان کەموکورتیی هەیە بێگومان، ئەمانە راستن و دوو کەس نییە کۆک نەبن لەبارەیانەوە. هەروەها رژانە سەرشەقامیش نیشانەی جیاوازیی ئەزموونی کوردستانە کە تاکە ناوچەیەکە هێندەی لەپێک بێ و لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا چووزەرەیەکی بچووکی دیموکراسیی تێدا هاتبێتەدەر، بەڵام پەلاماردانی بارەگای حزبێک لەناو ئەم شارە کوردییە گەورەیەدا، پاشان دووبارەبوونەوەی پەلامار بۆ سەر بارەگای هەمان حزب لە چەندین شارۆکەی هەمان شاردا، تەنیا یەک واتەی لێ دێتە خوێندنەوە ئەویش لێدانی تەعەدودییەتە لە کوردستان. رۆشنبیری کورد بە ناوی وتاری سەردەمییانە و داوای ئازادییەوە، ئاشکرا بانگەواز دەکا بۆ لێدانی فرەیی لە کاتێکدا کە ئازادی و فرەیی دوو رووی یەک دراون.

رووێکی لێڵی تری ئەو رووداوە، دیسانەوە هەر وتاری رۆشنبیری کوردستانە کە پاساودەر و بگرە هاندەری توندتیژییە. یەکێک رەوایی بدا بە بەردەفڕکێ و سووتاندن، رەوایی بدا بە پۆلیس کوشتن، دەبێ ئەم هەڵسوکەوتەی ئەو، دەرفەت بە ئێمەش بدا بۆ گومانکردن لە راستوێژیی پەیامی ئەو. کوشتنی پۆلیس لەلایەن خۆپێشاندەرەوە رەنگە بۆ وڵاتەیلی

عەرەب تا رادەیەک گونجاو بێ، کە پۆلیس بەشێکە لە ئامێری سەرکوتینەوە لەلای ئەو دەسەڵاتەیلەدا، بەڵام بۆ کوردستان پێچەوانەکەی راستە. لە هەڵەبجە کوشتنی پۆلیس پەڵەیەکی رەشە بە تەوێڵی رۆشنبیرەوە. لە دنیای ئەم سەردەمەدا وتاری رووناکبیری بەرەو نەرمونیانی و لێبووردوویی ئاراستەی وەرگرتووە، رووناکبیری کوردی بەردەرکی سەرای سلێمانی هاندەری سووتاندنی ئاوایی و کوشتنی پۆلیسی کوردە، ئەویش لە کوێ؟ لە هەڵەبجە کە خۆی هێمای قوربانیی توندتیژییە.

بێگومان ئەم رۆشنبیرەیلە جارێکی تر ناتوانن ئەم گومانەیلەی من و کەسەیلی من ئاسا برەوێننەوە، کە هەمانبوو لە ئاست ئەو پەیامەیلەی بە ساڵەیلە بانگەشەیان بۆ دەکرد. وەک نەریتی باو، رۆشنبیر لەگەڵ خەمی هەژارەیلدا دەژی، نەک لەگەڵ پلان و بەرنامەی سیاسی و حزبی، یان لەگەڵ خەونی پووچکەڵەی کەسانیدا. شاری سلێمانی وەک هەر شارێکی تر، هەزاران ماڵی وای تێدایە لەسەر ئەو داهاتە کەمە بەڕێوە دەچن کە ئێواران بۆیان دەچێتەوە ماڵ. کرێکارێک، شاگردێک، وەستایەک، شوفێرێک، یان هەر پیشەیەکی تری خاوەن داهاتی رۆژی، رەنگە بژێوی ماڵ و منداڵیان ئەو دە هەزار یان پازدە هەزار دینارە بێ کە رۆژانە بە ئاوڕەگی ناوچەوان دەگاتەوە ماڵ و ئەگەر رۆژێک ببڕێ ژیانیان دەوەستێ، دەستەوئەژنۆ دەمێنن نازانن کرێی خانوو چۆن پڕ بکەنەوە. چەندان رۆژە رۆشنبیر نان و پێخۆری ئەمانەی بڕیوە. باسی کۆمپانیا و بازێڕ و مامەڵەی گەورە ناکەم کە چ زیانێکیان پێ گەیشتووە. ئەمە نابەرپرسیارەتیی ئەو رۆشنبیرەیلەیە کە وڵاتێک لەپێناوی بەرنامەی حزبێک و لایەنێکدا دەهەژێنن و تۆقین دەبەنە هەناوی خەڵکەوە. نموونەیەکیش لە خەونی پووچکەڵانە و کەسانیی رۆشنبیری کورد، کە بووە بە مایەی کوشتنی خەڵک و شێواندنی تەناهیی وڵات ئەوەیانە "بێگومان پێویست بە ناوهێنانی ناکا" دەزگایەکی وەهمیی هەبووە و ئەو دەزگایە پێشی ساڵێک بەر چاکسازیی گەندەڵی کەوتووە، لە داخا دەرژێتە سەر گۆڕەپان و داوای هەڵگێڕانەوەی دەسەڵات دەکا.

پاساو هەبێ بۆ هەموو ئەمانە، پاساو بۆ ئەوە نییە کە لە پەرلەمانی عێراقدا ئەزمــوونی کــوردســـتـان لەکـەدار بکەی. عـێـراق خـۆی لە قـوڕی تایفـەیی و شۆڤێنییەتی نەتەوەییدا چەقیوە، پەرلەمانی عێراق چاوهەڵاتوویکی تێدا نییە بە دیموکراسیی کوردستان، کوردێک نییە ئەم راستییە نەزانێ. رۆشنبیری کـورد دادی خـۆی بـۆ ئەوان دەبا و سکاڵا لە وڵاتی خـۆی دەکـا. تـا پێـچکەی مێژوو بسووڕێتەوە وەڵامی ئەمە نایەتە دانەوە. لەمەش بەولاوەتر، پاسـاو نییە بۆ رۆشنبیری کورد درز بخاتە یەکگرتوویی کوردەوە و کوردستـان لە یەکتر بترازێنێ تا خێڵەیلی شـۆڤینیست و هێزەیلی قاعیدە لەو دیوی کەرکووکەوە هەل بقۆزنەوە و پلان دابنێن بۆ دەرپەڕاندنی کورد لە کەرکووک. من گلەیی لە بزاوەیلی ئاینی ناکەم، ئەمانە تا سەر ئێسکان دوژمنی ئازادیی کوردستانن، سازن هەموو شت بکەن بۆ لەباربردنی خەونی نیشتمانییانەی کوردی. گلەیی لە ئاوەزکەی کودێتاکارانەی حزبی کوردیش ناکەم، نیو سەتە زیاترە ئێمە لەگەڵ ئەم ئاوەزکەیەدا دەژین و چاوەڕوانین هەموو ساتێک لێمان راپەڕێ و لە شــیـرینیی خــەودا بمانگرێ. پەژارەی ئەوانەمــە کــە دەبوایە لە رۆژی وادا ویژدانیـان قـیبلەنوما بێ، هەر نەبێ لەبەر ئەو وتارەیلەی دوێنێ لاوەیلیـان پێ فریو دەدا. لە مێژەیە دیارە کە ئەمانە بێلایەن و سەربەخۆ نین، خۆیان لە پەنا وتاری سەردەمییانەدا شاردووەتەوە. گەنجەیلیان هەڵخەڵەتاند، وەچەیەکیان بە لاڕێدا برد، بەڵام دواجار "ئۆخـەی" خـۆ راسـتـییـان لەم رووداوانەدا دەرکـەوت. دەرکـەوت چەند ناوچەپەروەر و کـینە لە دڵ و تا بینەقـاقـا نقـوم لـە قـوڕی ململانەی حزبایەتین، بە پێچەوانەی تەنانەت رەشوڕووتی خەڵکەوە کە لە پاش شەڕی ناوەخۆوە دەیەوێ بەرگی حزبایەتی لەبەر خۆی و وڵات داکەنێ.

هەموو شتێک، لە هەر بەرگێکدا بێتە شاردنەوە، زۆر نابا راستییەکەی دێتە دەر. ئەوەی لەو رووداوە سـەرسـامکەرانەی چەند حـەوتووەی پێـشـوودا لە سلێمانی روویان دا، بە شەقام و بە مـیدیایەوە، ئەوەشـیان کە راگەیاندنی بزاوەیلی ئاینی بۆ مـەرامی ناڕەوا قۆسـتـیـەوە، راسـتـییـەیل ونی هەڵدایەوە. دەرکـەوت کێ چییـە و چی دەکـا. ئەمـە وێسـتگەیەکـە هـیـوادارین بە خـێـر

بگەڕێتەوە بۆ داهاتوومان و شوێنی هەموومان لە جواگرافیای کوردستاندا روون بکاتەوە بۆ کۆمەڵەیلی گەل. بەڵام دیسانەوە حەیف، کاتیان لە دەستمان چواند و نەیانهێشت چێژی تەواو لە رمانی دیکتاتۆرەیلی عەرەب وەرگرین و بەشداریی برایەلمان بکەین لەو جێژن و خۆشییەدا.

بزاو ژ: ٣٦، شوبات ٢٧، ٢٠١١

### هەولێری ساناهی و تەناهی

ئەو جێژن و شادییەی کە شاری هەولێریان لە رۆژی هەینیی پێشوو، ٢٥ شوباتدا گرتەوە، بازوو هەڵشەکاندنی پارتی نەبوو دژی ناحەزەیلی خۆی، ئەمەش بووبێ نەختێکی کەم بوو لێی. تەنیاش وەفاداری نەبوو لە هەولێرییەلەوە بۆ ئەو پەرەسندن و پێشکەوتنەیلەی کە ئەزموونی کوردستان بۆی بەدی هێناون، ئەمەش بووبێ بەشێکی کەم بوو لێی. بێگومان کوردستان لەو شوێنانەشدا پێش کەوتووە کە وەفایان تێدا نایەتە دیتن لە خەڵکەوە بۆ ئەزموون. ئەوەی لە هەولێردا رووی دا ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەو ساڵەیلە بوو کە هەولێریان تێدا کوێر بووەوە. ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەو ساڵەیلەش بوو کە هەولێریان تێدا هاتە بنیاتنانەوە. بۆیە شتێکی ئاساییە دانیشتووەیلی ئەم شارە تا بۆیان بلوێ ببنەوە کۆسپ لە پێش هەوڵی تێکدان. مرۆڤ گیانلەبەرێکی هۆشیارە و بەرژەوەندی خۆی لێک دەداتەوە.

وەک دێتە زانین، کولتوور پرۆسێس و کردەوەیلێکی کەڵەکەییە. ئەزموون بەسەر یەکدا کۆم دەبن و یاسای ژیان دەزێن. بیرکردنەوە و رەفتاری رۆژانە بەرهەم دێنن و هەڵوێستی گشتی دروست دەکەن لە کاتی پێویستدا. لە رۆژەیلی تەنگاویشدا یەکەتیی کۆمەڵان دەخوڵقێنن. لەمەوە، ئەوەی لە هەولێردا رووی دا دروستبوونی سەردەمێکی نوێیە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون بە چەوت و چاکیەوە. بە هیوای ئەوەی سەرکردایەتیی حزبەیلی کوردی زۆر سوود لەم رووداوە وەربگرن و ببینن کەوا گەلێکی هۆشیار دروست بووە

دەتوانێ لە کاتی گرژیدا بڕیاردەر و وەرگێڕی رووکاری رووداوەیل بێ. ئەم دەرسەش تەنیا بۆ ئەوانە نییە کە بەو رووداوەی شاری هەولێر هیوایان کوژایەوە، بگرە بۆ ئەوانەشە کە هیوایان پێی گەشایەوە. دەبێ بۆ هەموان ئەو رابوونەی رۆژی هەینیی هەولێر ببێتە بنەوا و کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانان لە دروستکردنی گەلێکی بەهێزدا لە کوردستان. بەهێز نەک تەنیا لە ئاست هەوڵی تێکدەران بگرە بەهێز لە ئاست سەرکردایەتیی کورد خۆشی تاوەکو ناچاربێ پێشبڕکەی کات بکا لە گۆڕین و نوێبوونەوەدا، پێشبڕکە لەگەڵ هۆشیاری و پێشکەوتنی گەلی خۆیشیدا، کە دەرکەوت ئەو هۆشیاری و پێشکەوتنەی ئەم گەلە لە رێکارێکی بەرزدایە.

بەڵام با بزانین ئەوەی لە هەولێر رووی دا ئەنجامی چییە؟ هەولێر لە رووداوەیلی ئابی ١٩٩٦وە جیاوەبوو لە سلێمانی. دوو شار بە دوو کارگێڕیی جیاواز و دوو ئاوەزکەی جیاوازەوە کەوتنە ناو کردەوەیلی گۆڕان و گووران "خەڵقبوون". لەمەوە دەتوانین بڵێین ئەو رووداوەیلەی ئەو ساڵە جومگەیی بوون لە دروستکردنی مێژووی نوێی هەرێمی کوردستاندا. مێژوو لە جومگەیلەوە دەست پێ دەکا بە پێچەوانەی کولتوورەوە کە گوتمان کەڵەکەییە و سەتان ساڵ تین و تاو دەدا. دوو ئاوەزکەی کوردی لەو جومگەیەوە "بە رەوانی بڵێم لە ٣١ ئابەوە" بە دوو ئاراستەی جیا، جڤاکیان گۆڕی. ئەوەی لە هەولێر رووی دا پارتی وا بەرهەمەکەی دەچنێتەوە، ئەوی لە سلێمانیش رووی دا یەکێتی وا بەرهەمەکەی دەبینێ.

لە هەولێر، هەڵمەتی بەرفرەوانی ئاوەدانی لە ساڵی ١٩٩٦وە دەستی پێ کرد هەرچەندە تەرخانی گشتیش کەم بوو ئەودەمانە. لێدانی شەقامی ناو شار و کردنەوەی رێگەوبان لە دەرەوەی شار، قوتابخانە و تیمارگە و باژێڕگە و مۆڵ و باڵەفڕگە و پارک و رێکخستنی شار و داڕشتنی پلانی گەورەبوون، لە هەمووی زیاتر دروستکردنی سیستەم و سەپاندنی تەناهی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن و بڕینی دەستی تیرۆرست لە هەوڵی زیان گەیاندن، گەشەپێدانی بازرگانی و ئابووری، راکێشانی دەستی دەسمایەی بیانی بە

شێوەی بەرهەڵدا، هەموو ئەمانە لە تەمەنی ئەو دەسەڵاتە کوردییەدا رووی دا کە بۆ خەڵکی هەولێر پێش ئەو مێژووە نەناس بوو لە رووی توان و ئاوەزکەی شارگێرییەوە. هەولێر دانیشتووەیلەکەی بە تەبیات و خوو، هێورن، شارێکیشە بە درێژای مێژوو بێ خاوەن بووە، چڕنووکی رۆژان زۆری بریندار کردووە، تەنانەت لە شەڕی ناوەخۆدا چڕنووکی کوردی ئازارێکی گەورەی پێ گەیاند. کارگێڕیی پارتی لەو ساڵەوە کە هەولێری گرتەوە باوەش، وەک دایک چۆن کۆرپە دەلاوێنێتەوە لاواندیەوە. ئەم کردەوە پازدە ساڵییە لە رواڵەتدا وا دێتە خوێندنەوە کە پارتی خزمەتی هەولێری کردبێ و هەولێرییەلیش بۆی وەفادار بن، بەڵام لە کرۆکدا گۆڕینی کولتوورە بۆ هەردوو لا. هەولێری جاران هێور، ئێستە سەتان جار هێورترە، بووە بە شاری ساناهی و تەناهی. لە شارێکی داونەریت خێڵەکییەوە بووە بە خاوەنی داونەریتی شارییانەی هاوسەردەم. رۆژانە و هەموو سات هەست بە گۆڕینی کولتوور دەکرێ لەم شارەدا. پارتیش لە بەرامبەر لە ئەزموونێکی کارگێڕیی مێژووییدا سەرکەوتووە و متمانەی بە خۆی پتەو بووە لە دەوڵەتداریدا.

ئەمە دەنگ و دەنگدانەوەی نێوان دەسەڵات و گەلە. هەموو پێشکەوتنێک لە هەولێردا جێ پەنجەی پارتییە. پارتی لەوەدا سەرکەوت کە شارێک دروست بکا لە رۆژی پێویستدا، هەڵوێستی مێژوویی بنوێنێ و کوردستان لە لێواری مەترسی بگێڕێتەوە. بێگومان دەبێ هەست بەوەش بکەین، کە هەولێریش دەنگی هەیە بەسەر پارتییەوە بەڵام بەشێوەی شاراوە و نهێنی، زیاتریش لە رووی دەروونییەوە. ئەو خۆپێشاندانە جەماوەرییەی شاری هەولێر، پارتی سارد دەکاتەوە لە هەموو دڵەڕاوکە و گرژییەک، یان کەفوکوڵێک کە رەنگە لە کاتی تەنگژەدا سەر هەڵبدا. ئەزموونی پارتی لە هەولێردا ئەوەیە کە سەرکردایەتی و گەل، یەکتر دروست دەکەنەوە بە بەردەوامی.

بە پێچەوانەوە لە سلێمانی، بایەخ زیاتر بە وتار و ئاخاوتنی سەردەمییانە هاتە دان. بڵاوکراوە و میدیای فشوفۆڵ و بنووس و رۆشنبیری دوور لە هەڵکەوتی کوردستان، ئاخنینی مێشکی لاوەیل بە پڕوپووچ و رەنگاندنی

دنیایەک لە خەیاڵ کە بە هیچ شێوە لەگەڵ کوردستاندا یەک نایەتەوە. یەک نموونەی سادە، "بەردەرکی سەرا" ناوێکە زۆر شیرین و پیرۆز و دیرۆکی، رەنگە تەمەنی ئەم ناوە دووسەت ساڵ ببێ، شێخ رەزاش باسی دەکا، شوێنی بەرخودانی کورد بووە لە سەردەمی ئینگلیزدا، کەفوکوڵی لاساییکردنەوە دەیگۆڕێ بە ناوێکی میسریی پەنجا ساڵی. ئەم وتارە کە سیمای سلێمانی بووە لە پازدە ساڵی رابردوودا، خۆی وا نواندووە نیشانەی سەردەمی نوێی کوردستانە، بە پێچەوانەی هەولێرەوە کە دیمەنێکی جەهالەت و گوندایەتیی بۆ براوەتەوە لە خەیاڵ. با بەراوردی بکەین، ئەو نیانییەی هەولێر و ئاوەدانییەی بە شێنەیی تێیدا هاتووەتە ئەنجامدان، لەگەڵ ئەو وتارە بیانییە نامۆیەی "فەیلەسووفان" کە یەک رستە و یەک وشەی لە هەناوی جڤاکی کوردییەوە دەرنەچووە، کامیان بەرپرسیارەتییان لە شەقامدا گووراندووە ئەگەر بێنە بەراوردکردن؟ کامیشیان نیشتمان دروست دەکەن؟

من تەنیا بەراوردی ئاوەزکەی ئەو دوو هێزە کوردییە دەکەم: پارتی و یەکێتی، کە باری گرانیان لە ئەستۆدایە لەم دۆخە مێژووییە جومگەییەی رۆهەڵاتی ناوین و دنیای ئیسلامیدا. با دەرسێک لە ئەزموونی هەولێر وەرگرن چۆن گەل دێتە دروستکردن و چۆن پشتی پێ دێتە بەستن. بێگومان باسی حزبە زگورتییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان ناکەم، ئەمانە بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆدا نییە و شەو لە ماڵی خۆیان ناخەون وەک ئەو هەرزە لاسارەی هیچ شتێک بە ماڵ و داونەریتی جڤاکەوە نایبەستێتەوە.

ئاوێنە ژ: ٢٦٤، ئادار ١، ٢٠١١

## ئامۆژگارییەک بە خۆڕایی

کوردستان وڵاتێک نییە لەو جۆرە وڵاتەیلەی ئێستە شەپۆلی راپەڕینی گەلەیل دەیانگرێتەوە بۆ وەرگێڕانی تەختی دەسەڵاتی سیاسیی دیکتاتۆری. تەنانەت عێراقیش لەو جۆرانە نییە. پێش ساڵ و نیوێک هەڵبژاردنی گشتیی دیوەدەر لە

هەرێمی کوردستان و پێش کەمتر لە ساڵێکیش لە عێراقدا هاتوونەتە ئەنجامدان. لاساییکردنەوەی خۆپێشاندان و راپەڕینی ئەو وڵاتەیلە جگە لە کورتبینیی سیاسی لەلای ئۆپۆزسیۆنی کوردییەوە زیاتر شتێک نییە. فریودانی جەماوەری خاوەن داخوازیشە بۆ تێوەگلاندنیان لە گەمەیەکدا کە ئەنجامەیلی چەوت دەشکێتەوە بەسەر هەموو لادا. پێش حەوت ساڵ، یەکێک لە گەورەترین دیکتاتۆرەیلی مێژوو لە عێراق کۆتا بە دەسەڵاتی هات، ئەمە دەسپێک و سەرەتای مێژووی تازەیە لەم وڵاتە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەوەش لە بیر نەچێ کە دروستکردنەوەی عێراقێکی یەکگرتوو، لە هەمان کاتدا فیدراڵی و دیموکراسی، کارێکە لەوپەڕی چەتوونی و دژواریدا، رەنگە سەریش نەکەوێ. لە دوای کشانەوەی هێزەیلی ئەمەریکا، هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ، یەکێکە لەو مەترسییەی لە چاوەڕوانیدایە بۆ پریشکێکی بچووک لە هەر هەلێکدا لە شوێنێکی هەستەوەرەوە دەربچێ و سەرتاپێی وڵات بتەنێتەوە.

ئەوەی دەیڵێم ئەلفبێتەکەی تێگەیشتنی دیمەنی ئەم وڵاتەی ئێمەیە، عێراق. بێگومانیش لەناو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا، کارگێڕی چاک نییە، خزمەتگوزاری چاک نییە، بێدادی هەیە، جیاوازیکاری هەیە، گەندەڵی فرەیە. رەنگە یەکێک بڵێ کوردستان جیایە، تەناهی و جێگیرییەکەی پاساوت پێ نادا لەگەڵ عێراقدا بەراوردی بکەی، ئەمەش هەر تا رادەیەک راستە، وەنەبێ سەتی سەت بێ. دۆخی سیاسی و کارگێڕیی عێراق رەنگدانەوەی بەردەوامیان هەیە بۆ سەر کوردستان. من پاساو ناهێنمەوە بۆ خراپیی بەجێهێنان "ئەدا" لە هەرێمی کوردستاندا، دەبوایە وا نەبێ. هەرێمی کوردستان زۆربەی وزەی خۆی لە رێی بەغدادا بەخت کردووە، ئەوەندەی خەریکی پچڕینەوەی دەسکەوت و ماف و گێڕانی ململانە بووە لەگەڵ بەغدادا، چواریەکی ئەمە مژوولی گۆڕینکاری و چاکسازی بوایە، زۆربەی کەموکورتی هاتبوونە چارەسەر و ئەمڕۆ کێشەی ناوەخۆمان کەمتر دەبوو لە ئاست ئەو مەترسیيانەی رووماں تێ دەکەن.

هەر چۆن بێ، دیمەنی ئێستەی کوردستان زۆر روونە لە پێش چاودا،

مەترسییەک لە ناوەوە هەڕەشە دەکا ئەگەر ژیرانە بەری لێ نەیەتە گرتن رەنگە کوردستان بباتەوە سەردەمی پێکدادانی ناوخۆ. مەترسیی دەرەوەش کە لە عێراقەوە دێ، هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕی ئەهلییە کە بمانەوێ و نەمانەوێ کوردستان دەبێتە لایەنێکی تێوەگلاو. بەرپرسانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیەوە نابێ چاویان لەوە خافڵ ببێ ئەگەر شەڕی ناوخۆ لە عێراق هەڵگیرسا، چەندان سیناریۆ بۆ کوردستان دێنە پێشەوە کە یەکێکیان سیناریۆی کوردییە و داوای جیابوونەوە دەکا. ئەم سیناریۆ کوردییەش بە هیچ شێوەیەک سەرناگرێ ئەگەر بێو یەکریزیی سیاسیی کوردستان لە گۆڕێدا نەبێ.

لەبەرئەمە، ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا، ئەگەر بەرپرسانە هەڵسوکەوت نەکا، لە ئۆپۆزسیۆنی دەچێتە دەرەوە و دەخزێتە پارێز و سەنگەرێک پاشان مێژوو بەزەی پێدا نایەتەوە. دەبێ ئۆپۆزسیۆن ئەوەش بزانێ کە دەسەڵاتی کوردستان لە هیچ رۆژێکدا وەک ئەمرۆ کارتی بەهێزی بە دەستەوە نەبووە لە بەرامبەریدا. بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق، یان تەنانەت گرژیش لە سنوورەیلدا، یان تەنانەت رووبەڕووبوونەوەی سیاسیش لەگەڵ عێراقییەیلدا، شەقامی کوردستان ئەو شەرعییەتەی نامێنێ کە ئێستە ئۆپۆزسیۆن باژێڕی خۆی پێوە دەکا و دەیکاتە کارتی پاڵەپەستۆ بۆ دەسکەوتی حزبی. هەرچەندە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم دا، شەقامی کوردستان شەقامی تونس و میسر و لیبیا نییە، ئەم شەقامەی ئێمە لە بنەڕەتەوە شەرعییەتی نییە بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی. بێگومان شەقام دەتوانێ پاڵەپەستۆ بکا بۆ چاکسازیی کارگێڕی یان چارەسەری گەندەڵی یان باشکردنی دۆخەیلی مافی مرۆڤ، بەڵام رێی نییە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی. شەقام لە هیچ وڵاتێکی دنیاشدا ئەم شەرعییەتەی نییە و دواجار بڕیار دەچێتەوە بۆ سیپەی دەنگدان.

ئوپۆزسیۆنی کوردستان، پێ لە تەختەی چرووک دەنێ کە شەقام دەخاتە گەڕ بۆ ئەمە، لە لایەکەوە وەک گوتم شەقام ئەم مافەی نییە لە وڵاتێکدا کە ناوبەناو "دەوری" هەڵبژاردنی گشتیی تێدا دێتە ئەنجامدان، لەلایەکی تریشەوە

ئەو تەبایییەی تا ئێستە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا هەبووە دەخاتە مەترسییەوە. من لەو باوەڕەدا نیم پاش ئەم رووداوەیلەی دوایی و ئەو هەڵوێستە چەوتانەی ئۆپۆزسیۆن نواندیانی لە لێدانی تەعەدودییەت "فرەیی" لە سلێمانی بە هێرشکردنە سەر بارەگای پارتی، جارێکی تر پێوەندییەل بچنەوە شوێنی جارانی خۆیان.

کەمزانی و بێ ئەزموونی وا دەکەن مرۆڤ لاساییکەرەوە بێ، لاساییکردنەوەش گۆڕین دروست ناکا. ئەوانەی لاسایی تونس و میسر دەکەنەوە دەبێ بزانن وا وردە وردە دۆخی ئەو وڵاتەیلەش دەکەونە روو. میناى تەلەڤزیۆنەیل بەس نین بۆ گواستنەوەی رووداو، کەناڵی جەزیرە بێلایەن نییە و پشتی پێ نایەتە بەستن لە تێگەیشتنی رووداوەیلدا، تەنانەت میدیای رۆئاواش سەرچیغ دەچێ لە هەڵسەنگاندندا. سیاسەت خوێندنەوەی ورد و راستی رووداوەیلە نەک بەدواکەوتنی وتاری راگەیاندن جا چ جەزیرە بیدا یان میدیای رۆئاوا. نموونەیەکی سادە بهێنمەوە: پێش دوو رۆژ محەمەد غەنووشیی سەرۆک وەزیرانی تونس دەستی لە کار کێشایەوە. دەقی وتەیلی ئەوم راستەوخۆ بیست، ئەوەی میدیا پاشان گواستیەوە سەرپچڕێک بوو لە هۆیەلی دەست لە کارکێشانەوەی. ئەو گوتی "کەمینەیەک پاڵەپەستۆ دەکا و دەست هەڵناگرێ لە شەقام، ناهێڵێ کار بکەین، ئەگینا زۆرمان کردووە لەم ماوەیەدا، زۆری تریشمان بەدەستەوەیە بیکەن." بێ هیوایی خۆی پێشان دا لە گۆڕین. شەقام مگێزێک دەیبا بەرێوە کەس نازانێ کێی لە پشتەوەیە. غەنووشی گوتی "زۆرینەی گەل بێدەنگە". بێگومان راستە زۆرینە بێدەنگ دەبێ، زۆرینە نایەتە سەر شەقام، زۆرینە لە رۆژی خۆیدا دەچێتە سەر سیپەی دەنگدان و لەوێ ئەنجام یەکلا دەکاتەوە. غەنووشی پۆستەکەی بەجێ هێشت بۆ پاڵەپەستۆی شەقام بەڵام بێگومان شەقام نەیبردووەتەوە لەبەرئەوەی ئاوەزکەی شەقام ئاوەزکەیەکی کودێتاکارییە و کورتە تەمەنە.

ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەم گەمە کرچ و کاڵەیدا، جگە لەوەی هیچی دەست ناکەوێ، زۆریش زەرەر دەکا و زۆریش متمانە دەدۆڕێنێ چ لەلایەنی گەلەوە و

چ لەلایەنی دەسەڵاتەوە. دەسەڵاتی کوردی، ئۆپۆزسیۆنی کوردستان وەک هاوبەش سەیر دەکا نەک وەک ناحەز. چەندان ساڵە دیمەنەکە وایە، جا چ لە ناوەوەی حکوومەت بن یان لە دەرەوەیدا، لە هەموو شتێکدا پرسیان پێ دێتە کردن. گەورەترین دەرفەتی کاری سیاسی و ڕێکخستن و میدیاییان بۆ خوڵقاوە. لێدانی ئەم پێوەندییە داهێنەرانەیە لە سیاسەتی کوردیدا، پرسی دیموکراسی چەندان قۆناغ دەباتە دواوە ئەگەر نەیخنکێنی. لەم وتارەدا، ویستم ئۆپۆزسیۆن هۆشیار بکەمەوە لەو گەمە کرچ و کاڵەی کردی، سیاسەت هێندە "بێ دایک و باوک نییە" وەک لە کوردستان دەڵێن. سیاسەت بەرپرسانەترین کاری جڤاکییە و لە هەموو شتێک زیاتر ڕووپەڕ لە مێژوودا دەگرێ، لە هەموو بوارێکی ژیانی جڤاکیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە. جڤاکیش گێل نییە وەک کە ئۆپۆزسیۆن تێ گەیشتووە، جڤاک دواجار بڕیاری ژیرانە دەدا.

بزاو ژ: ٣٧، ئادار ٢، ٢٠١١

## خەونی دێرین و دیرۆکی

لەشکری پێشمەرگەی کوردستان بەر لە چەند ڕۆژێک گەیشتە کەرکووک. ئەمە ڕووداوێکی بێ میناکە ڕوو دەدا لە مێژووی بزاوی ڕزگاریخوازی کوردستاندا. دەنگۆ دەبیستین دەڵێ پێشمەرگە تا چیای حەمرین دەگرنە دەست، ئەمەش خەونێکی ترە دێتە دی بڕوای پێ نەکەین. تا پاریش، ماڵە کەرکووکییەکی ئاوارە دەگەڕانەوە شارەکەی خۆیان و بە کۆڵەمەرگی پەنایەکیان دەدۆزییەوە بۆ نیشتەجێبوون، هەزار و یەک قسەڵۆکی لێ دەکەتەوە، تورکمان و عەرەب کاردانەوەیان لەوپەڕی توندیدا دەبوو. ئێستە ڕووداوەیل بە ڕێژەوێکی خێرا تێپەڕ دەبن. لە ڕۆهەڵاتی ناوین و ناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا گۆڕانی گەورە ڕوو دەدەن، ناوەخۆی عێراق لەبەریەک ترازاوە، هەمووی بە بەرژەوەندیی کورد دەگەڕێتەوە ئەگەر لێهاتووانە هەڵسوکەوت بکا.

با بەراوردێک بکەین لە نێوانی ئێستە و ساڵەیلی پێشوودا. ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەریکا رێگەی بە کورد نەدا پێ بنێتە ناو شاری کەرکووکەوە. دیارە ئەمەی بۆ راگرتنی هاوسەنگی بوو لەگەڵ تورکیا و وڵاتەیلی عەرەبیدا، وێڕای رەچاوکردنی پێوەندی لەگەڵ لایەنەیلی عێراقی کە ئەو کاتە ئۆپۆزسیۆن بوون. ئێستە ئەمە گۆڕاوە، ئەگەر نەڵێین قڵپیش بووەتەوە. تورکیا متەقی لێ دەرنەچووە لەبارەی چوونی پێشمەرگەوە بۆ کەرکووک، تەنانەت بەرەی تورکمانیش بێدەنگە. لە ناوەخۆی عێراقەوە دەنگی نارەزایی نییە. حکوومەتی مالیکی شاگەشکەیە کەرکووک لە ئاژاوە بەدوور بێ تەنانەت ئەگەر بکەوێتەوە دەستی کوردیش. مالیکی ئەگەر زۆرینەی کورسییەلی پەرلەمانیشی لە پشت بێ هیچ دادی نادا کە شەقام لێی راست ببێتەوە، هەموو سەرۆکەیلی ناوچە، ئەمڕۆ خەمیان بووە بە خەمی پاراستنی کورسیی ژێریان. من باوەڕێکم هەیە دەڵێم شیعەی عێراقی ئەوەندە ناحەز و خوێنەخۆری سونەن رەنگە بە تەواوی هاتبنە سەر ئەو باوەڕەی کەرکووک بۆ کورد بێ باشترە لەوەی بۆ سونە بێ.

تەنانەت سونەش لە نێوان خۆیاندا وەک یەک هێز خۆیان نانوێنن. هێزێکیان گەیشتووە بە دەسەڵات، سەرۆکاتیی پەرلەمان دەکا و لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەشدارە. هێزێکی تر هێشتە لە پاڵ تیرۆریستەیلدایە یان لە خەونی گەڕانەوەی بەعس و "عێراقی یەکگرتوو"دا دەژی. لەمەوە دەشێ تێ بگەین کەوا مەترسیی سونەش بەسەر کوردەوە زۆر کەمتر بووە. نە سوپایان هەیە نە پارەوپوول و نە توانستی دەوڵەتیان لە ژێر دەستدایە، کۆمەڵە خێڵەیلێکی ملهوڕ و سەرشێت، رەنگە لە یەک رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کورددا لووتیان بشکێ، بڕەونەوە و جارێکی تر نەیەنەوە بەم لایەدا. بە کورتی دەتوانم بڵێم عێراق لە مێژووی نوێدا هیچ رۆژێک وەک ئەمڕۆ دەرفەتی لەباری نەداوە بە خۆ راپسکاندنی کورد و هەوڵ بۆ جیاوەبوون. دەشێ ئەوەش بدەینە پاڵ قسە، کەوا لایەنەیلی عێراقی کە رێبەرایەتیی بزاوی نەتەوەیی و تایفەیی دەکەن لەم وڵاتەدا، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئیتر بەیەکەوەژیان لەم وڵاتە پرسێکە نێزیک لە مەحاڵ. شیعە و سونە ناتوانن

له پرۆسێسی سیاسیدا هاوکار بن، کوردیش ماوەی چەندان ساڵە بە دیار هەنگاوی ئەوان لە بابەت مادەی ١٤٠ یان هەر داخوازێکی ترەوە ڕۆنیشتووە، هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە بە پاڵەپەستۆیەکی زۆر و کاتێکی درێژ دێتە جێبەجێکردن.

هاوسێیەلی ترمان، ئێران لەوپەڕی بێ حاڵیدایە. هەرچەندە دەست لە هەموو کەلەبەرێک وەر دەدا و دەیەوێ تەنگژەی ناوخۆی خۆی بباتە دەرەوە، بەڵام زۆربەی چاوەڕوانی ئەوەیە ئەویش بتەقێتەوە و بگا بە کاروانی تونس و میسر. ڕاستت دەوێ پێش تونس و میسریش بە دوو ساڵ، لە ئێرانەوە ڕابوونی گەلەیل لەپێناو دیموکراسی و هەڵبژاردنی دیوەدەرانە و بێ دەسکاری، سەری هەڵدا. وڵاتەیلی عەرەب لە دۆخێکدان کەسیان فریای ئەوە ناکەوێ کۆسپ بخاتە ڕێی خۆڕاپسکاندنی کورد بۆ سەربەخۆیی ئەگەر ویستی کوردی بیەوێ. بە کورتی دەشێ بڵێین ئەمڕۆ کورد لە وچانێکی زێڕیندا کات بەسەر دەبا و دەشێ ژیرانە بیقۆزێتەوە بۆ ئامانجە نەتەوەییە دێرینەکەی خۆی. بێگومان دنیای دەرەوەش لاملی لەمە ناکا. دنیای ژیاردار "العالم المتحضر" کە ئەورووپا و ئەمەریکان وەک جاران نابن بە کۆسپ لە ڕێی ئازادیی گەلەیلدا. جاران کۆسپیان دادەنا سەبارەت پێوەندیی دیپلۆماسی و بەرژەوەندیی ئابوورییانەی خۆیانەوە لەگەڵ ئەو سیستەمەیلە دیکتاتۆرییانەی لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەوا بوون. ئێستە وەک دەبینین هەموو شت هەڵوەشاوەتەوە. ئەورووپا خۆی، بەرژەوەندییەلی لەم ناوچەیەدا زۆر کەم بووە، ئەمەریکای ئۆباماش کەمتر لە ئەمەریکای جاران دەست وەردەدا.

ئەمانە هەمووی بەرچاون بۆ لێوەکۆڵێک، کورد بێ یان بیانی، گەر بیەوێ لە دۆخی کوردی تێ بگا. ڕزگاربوون بە کەرکووکەوە خەونێکە من لە شوێنی خۆمەوە تا پێش حەوتوویێک بە دوورم دەزانی و ئێستە نێزیک دەبمەوە لێی. بێگومان هەموو هەوڵێکی کورد لە مێژوودا بۆ جیاوەبوون جۆرێک بووە لە قومار و ریسک، نەک تەنیا لەبەر نەسازانی هۆیەلی دەرەکی و بابەتی، بگرە لەبەر هۆیەلی ناوخۆییش. کوردستان لە هیچ ڕۆژێکدا زەوینەی لەباری

سیاسی و ئابووری و سوپایی و یاسایی و کولتووریی نەبووە بۆ جیاوەبوون. ئەمڕۆ لەشکری پێشمەرگەی کوردستان سوپایەکی بەهێزە، هەر نەبێ بۆ ناوەخۆی عێراق گاڵتەی پێ نایەتە کردن. کۆنتراکتی نەوت هەیە کە بنەوای بەڕێچوونی ئابووریی پاش سەربەخۆیی دەبێ. پەرلەمان و حکوومەت هەیە، دامەزراوەی دادوەری هەیە، پۆلیس و ئاسایش هەیە، باڵەفڕگە و پێوەندیی دیپلۆماسیی کوردی هەیە. هەموو ئەمانە ماڵی پشت پێ بەستن بۆ جیاوەبوون.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە حەتووی پێشوودا، خەڵاتی ڕێزلێنانی لە ئەورووپا وەرگرت لە بواری تۆلەرانسدا کە ئەمە بوارێکە سەرتاسەری مرۆڤایەتی کێشەی هەیە لەگەڵیدا. نەک تەنیا دنیای دواکەوتووی ڕۆژهەڵات و عەرەب و ئیسلام لەم بوارەدا لە پاشەکشەدان، بگرە زۆر جار ئەورووپا و ئەمەریکا خۆشیان بە دەستیەوە دەناڵێنن. کوردێک لەم ناوچە دواکەوتووەی دنیاوە تۆلەرانس بکا بە پێناسەی ڕاگەیاندنی دۆزی خۆی و بە مەردی کاری بۆ بکا، بێگومان دنیای ژیاردار ڕێزی لێ دەگرێ و دەیناسێ و گوێشی لێ دەگرێ و بە قسەشی دەکا لە خەبات بۆ مافێکی ڕەوادا. خەڵاتکردنی سەرۆک بارزانی لە بواری تۆلەرانسدا خەڵاتێکە مژدانەی نێزیکبوونەوە لە ئاسۆی ئازادی دەدا بە گەلی کورد.

هەتا ئێرە، دیمەنی کوردستان و دۆخەیلی دەورەدراوی روونە و کەس نییە نەیبینێ تەنانەت ئەگەر لاملیشی لێ بکا. لێرە بە دواوە تێی ناگەین. ئۆپۆزسیۆنی کوردی بۆچی لەم وچانەدا بەرۆکی کوردستانی گرتووە؟ بۆچی چوونی پێشمەرگە بۆ کەرکووک بە سیناریۆ تێ دەگا؟ بۆ خەون و هەوڵ بۆ ئازادیی کوردستان بە گەمە دەبینێ؟ حەزم نەدەکرد ئەم ئۆپۆزسیۆنە وا لەم دووڕیانە مێژووییەدا ناوەڕۆکی خۆی دەربخا کە ناوەڕۆکێکی زۆر نابەرپرسیارانەیە، بەلام چی بکەین ئەمەش ویژدانی مردووی کوردی. ئەگەر کوردستانیش بە سیناریۆ تێ بگا، ئەگەر هەموو مافێکی کورد لە بنەڕەتەوە بە سیناریۆ تێ بگا، من لێی دەسەلمێنم، هێزەیلێک لە بنەڕەتەوە بۆ لێدانی

بەرپرسیارەتی هاتبێتە ئاراوە، ئێستە ڕۆژی خۆیەتی وا بکا. قسەیەکە هەزار جار گوتوومە.

بزاو ژ: ٣٨، ئادار ٧، ٢٠١١

## ساتێک بۆ بەرپرسیارەتی

وڵاتێک جێگیر بێ بە یاسا، مەترسی لە خۆپێشاندانی کۆمەڵانیدا نییە تەنانەت گرژیش بنێتەوە و شێوازی توندیش بگرێتە بەر، دواجار هەر دەنیشێتەوە. مەترسی لە نارەزاییی ئۆپۆزسیۆنیشیدا نییە چەند شێوازی ناماقووڵانەش بگرێتە بەر، دواجار سەر بە لایەکەوە هەر دەنێ. بەڵام ئەوەی ئێستە لە کوردستانی ئێمە، لە دۆخی نەبوونی یاسا و جێگیریدا سەر هەڵدەدا، جێی مەترسییە، گۆڕانی پێناسەی کولتووری و سیاسیی بە دوادا دێ، زەندۆڵێکی جڤاکیی لێ دەکەوێتەوە، جڤاکی کوردی بەرەو دابڕدابڕی دەبا و وا دەکا دواجار لە یەکتر نەگەین. لەم مەترسییەدا هەر سێ لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و ڕۆشنبیرەیل، وەک یەک ئۆباڵیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەرئەوەی هەرسێک بێباکانە هەڵسوکەوت دەکەن.

دەسەڵاتی کوردستان بە گشتی دوو کێشەی کاکڵەییی هەیە، یەکەمیان یەکگرتوو نییە و دووەمیان بەرپرسانە نییە. پارتی و یەکێتی هەرچەندە پێوەندییەک بە سەرناوێکی قەبەوە "ڕێککەوتنی ستراتیجی" کۆیان دەکاتەوە، لە ژێرەوەدا زەوینەیەکی فشەڵیان هەیە ناتوانن پێی لەسەر بچەقێنن. ڕووداوەیلی ئەم دواییەی سلێمانی ئاشکرای کرد کەوا بنکەی یەکێتی لەگەڵ گۆڕاندایە، داودەزگای کارگێڕیی سلێمانی گلاوە لەو هەرایەی ڕوو دەدا. بنکەی یەکێتی ئەو ڕێککەوتنەی قۆستووەتەوە بۆ بنکۆڵکردنی دۆخی پارتی. پارتی ئەمە دەزانێ و چاوی لێ دەنووقێنێ لەبەرئەوەی دەیەوێ لە دەردەستکردنی دەرفەتی گونجاو بۆ گێڕانی ململانەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ بەغدادا، سوود لەو تەباییە وەربگرێ کە ئەو ڕێککەوتنە بەدیی هێناوە. بۆ پارتی سەرکەوتن لە پرسی نەتەوەیی و گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر

کـوردسـتـانـدا، هـەمـوو هەوڵێکی نـاحـەزی، لە کـێـوە بۆی هـاتبێ، پـووچەڵ دەکاتەوە. تەنانەت دوارۆژیشی گەشتر دەکا لە ململانەی حزبیدا. بێگومان ئەم خەونەی پارتی خەونێکی نیوەچڵە، بێمتمانەییی ناوەخۆ بوار نادا هیچ شتێک لە بەغدا بێتە دی. تۆ هەر سەرکەوتنێک بەدەست بێنە لەوێ، لێرە بە چاووڕواو و بانگەشە لێت بەتاڵ دەکەنەوە.

ئەمە بۆ پرسی نایەککگرتوویی دەسەڵات، بۆ پرسی نابەرپرسیارەتیش، نموونەی گۆڕینی کابینەی حکوومەت بەسە بۆ ئەوەی جیاواز نەبین لەسەری. دکتۆر بەرهەم گونجاوی ئەو پۆستە نەبوو کە پێش ساڵ و نیوێک وەری گرت. هێندەی لە هەولێر و دهۆک دەستی رۆیشتووە، هێندە لە سلێمانی دەستی نەڕۆیشتووە. حکوومەت لە ساڵ و نیوی رابردوودا نەیتوانیوە متمانە بە خەڵک بێنێ کە بەرنامەی هەیە. ئەو ناڕەزاییییەی لە کوردستان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەکارەییی حکوومەت. لە کابینەی شەشەمدا رۆڵ گەڕایەوە بۆ دوو حزبەکە لە هەموو بوارێکدا. ئەمە دەسەتەپاچەییی سەرۆک وەزیران نەبێ چییە؟

پارتی و یەکێتی هەڵەیەکی گەورە و مێژووییان کرد بە کێشانەوەی نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتیی حکوومەتدا. ئەم هەنگاوە خەڵکی سارد کردەوە لەو بڕوایەی هەیانبوو بە گۆڕانی دۆخی سیاسی و بەدیهاتنی داخوازییەلیان. کەس ناتوانێ بڵێ حکوومەتی کابینەی پێنجەم پێرفێکت و نایاب بوو، بەڵام حکوومەتێک هەر هەبوو. ئەو سیحرەش کە لە کەسایەتیی سەرۆکی حکوومەتدا هەبوو بووبوو بە داپۆشی کەموکورتییەلی حکوومەت و دوو حزبەکەش، هیواشی دەدا بە بەردەوامیی گۆڕین. لاچوونی ئەو، هەموو کرێتییەکی خستە روو. زۆر لەو بیانییانەی دەیانناسم، ئەودەمە دەیانگوت پارتی و یەکێتی ژیرترن لەوەی نێچیرڤان بکێشنەوە، من پێم وابوو "بەهۆی ململانەی ناوحزبییەوە، یەکەمینایەتیی لە کورد و کوردستان گرینگتر سەریان هەڵداوە، لەبەرئەوە ئەم هەنگاوە هەر روو دەدا". فەرموون ئەمەی ئێستە بەرهەمە جوانەکەی. رای گشتی لە کوردستان گرژە لە ئاست حزبدا، لەبەرئەوەی لەوەتی کابینەی شەشەمە، شتێک نەماوە لە گۆڕێدا ناوی حکوومەت بێ.

دیمەنی ئۆپۆزسیۆن لێڵترە لە دیمەنی دەسەڵات. کێشەی کوردستان نەبوونی ئازادیی کاری ئۆپۆزسیۆن نییە، بە پێچەوانەوە نەبوونی سنوورێکە بۆ کاری ئۆپۆزسیۆن. لە وڵاتی دیموکراسیدا، کە کوردستان هەنگاوێکی مەیلەو باشی تێدا بڕیوە، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات تەواوکەری یەکترن، کتومت وەک پێوەندیی هاوسەریی نێر و مێ. نموونەیەکی سادە، پێشی چەند ڕۆژێک کە هەردوو سەرکردە ئۆپۆزسیۆنە گەورەکەی ئێران لەلایەن دەسەڵاتەوە هاتنە گرتن، وەزیری دەرەوەی ئێران گوتی ئۆپۆزسیۆن کاروبارێکی ناوەکییە و کەس لە دەرەوەڕا بۆی نییە پەنجەی تێوە بژەنێ. باشە لەگەڵیدام، بەڵام بۆچی ئۆپۆزسیۆنی کوردی عێراقیش هەر کاروبارێکی ئێرانییە؟ سەرکردەی گۆڕان لەودیو کۆبوونەوەی لەگەڵدا کردن، سەلاحەدین و عەلیش لە سلێمانی. ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە دەرەوەی پێوەندیی جووتبەندیدا "عیلاقەی زەوجی" تێکەڵاویی نارەوا دەبەستێ، بیانی دەخزێتە نوێنەکەیەوە. دەسەڵات بۆی بلوێ قەبووڵی ناکا، "لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن کاروبارێکی ناوەکییە".

کێشەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان پێوەندیی بە گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و داوای چاکسازییەوە نییە، دەرکەوت ململانە تەنیا لەگەڵ پارتیدایە. لەم بارەدا خۆپێشاندەرەیلیش بێلایەن نابن، وەک دەبینین زۆربەیان ئەگەر نەڵێین هەموویان، ئەندامی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵن، بەشێک لە بنکەی یەکێتیش لە پاڵیاندا. هەرزە و نەفامیش خزاونەتە ناویان. ئەوانەی هاتوونەتە کوشتن ژمارەیەکیان لە تەمەنی زۆر خوار هەژدەوەن کە هیچ مافێکی سیاسی و یاساییان نییە. تەنیاش ئەو کەسانە بەرپرس نین کە کوشتوویانن، ئەوانە بەرپرسترن کە بە کوشتیان داون. ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بۆ داوای بەشە گەندەڵی و بۆ ململانەی حزبیی خۆی، منداڵ و رواڵ بە کوشتن دەدا و بەمە شیرازەی جڤاک لەبەر یەک دەترازێنێ. ئەمە دارمانی ڕەوشتییە لە سیاسەتدا، ئەنجامیشی برێتی دەبێ لە شێواندنی پێناسەی کولتووری و سیاسیمان، کە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، کورد تەنیا ڕێگەی ئەم پێناسە هاوسەردەمییەی لە پێشدایە.

ئەم ئۆپۆزسیـۆنـە، بە تایبـەتی ئەوەی باڵی گـۆڕانـە، یەکـێـک لەو کـارە کـولتـوورییـە چەوتەیلەی کـردی و مـێـژووی داهـاتوو باج و پیـتـاکـمـان لێ وەردەگـرێ بە هۆیـەوە، ئەوەیە هەوڵیـان داوە پێناسـەی گـرینگتـرین شـاری کوردی بشێوێنن و لە کولتووری جڵەوکێشی خەباتی سەردەمییانەوە بیگۆڕن بۆ کولتووری بێباکی. لاوی شار فێر دەکەن بەرد لە تەعەدودییەتی حزبی بگرێ کە بناخـەی ژیانی جڤاکی سـەردەمـە. خـەیاڵی گـشـتی هاتووەتە قـەتیسکردن لەوەی ئاخـۆ هەولێر گوندە یان دوبەی؟ گۆڕینی ئەم کولتـوورە ئۆباڵێکە دەبێ بەرەورووی سەرکردەیلی گۆڕان بێتە کردنەوە. ئەمە ئەو زەندۆڵ "شەرخ"ە کۆمەلایەتییە کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێی دا و دەبێ بە مایەی گەورەترین مەترسی بۆ سەر یەکەتیی جڤاکیمان لە داهاتوودا. زیاتر لە ئێستە دەگەڕێینەوە بەرەو خێڵەکایەتی و ناوچەیی.

دیمەنی رۆشنبیر لە سلێمانی لە هەمووی بیانیترە بە دۆخی کوردستان. بە ناچاری زۆربەی ئەو نووسینەیلە دەخـوێنمـەوە کـە لە مـیـدیای ئەوێدا دێتە وەشاندن. کۆمەڵێک قەڵەم بەدەستی لاساییکەرەوە، هیچ شتێک بە کۆمەڵی کوردستانیان نابەستێتەوە لە غەیری هەلی خۆ دەرخستن لەناو کۆمەڵێکی پاشکەوتوودا کە لاوە داماوەیلەکەی بە هەموو بریسکەیەک هەڵدەخەڵەتێن. لە هەمـوویان گـەرمـتـر ئەوانەن لە ئەورووپاوە گـەڕاونەتەوە، پاش راپەڕین لە قاتوقڕیدا وڵاتیان بەجێ هێشت و لە تێروتەسەلیدا بۆی هاتنەوە. پاسپۆرتی بیانییان هەیە، بێگومان و هەزار جار بێگومان، لە یەکەم تەقینەوەدا کەسیان لێرە نایەنەوە دیتن. خـوانەناسن و لە پشـتی مەلاوە نوێژ دەکەن، نوێژی بێ تارات و بێ دەسنوێژ لە بەر دەرکی سەرادا. ئیـخوان لە گـۆڕەپانی رزگـاریی قاهیرەدا نوێژیان دادەبەست لەبەرئەوەی بەرنامەی حزبەکەیان نوێژە. ئەمە داهێنانی خۆیان بوو بۆ راکێشانی سۆزی ئاینیی کۆمەڵان کە زۆربەی چینی کۆمەلایەتیی ژێرەوەی میسر ئایینداری بناوانگرە.

هەمـوومـان تەباین، کـە داخـوازییـەلی کـۆمـەڵان رەوان و دەبێ زوو بێنە جێبەجێکردن. هەمووشمان دەزانین رۆشنبیر و ئۆپۆزسیۆن کە بێباکانە بە

ناوی ئەو داخوازییانەوە پاڵەپەستۆ دەکەن، بەرنامەیان بریتییە لە ململانەی کەسانی و حزبی. بە تاقیکردنەوەی ژیانیش دەرکەوتووە، ئەم جۆرانە لە یەکەمین قۆناغی داهاتوودا، بێو داخوازیی خۆیان بێتە دی، داخوازیی کۆمەڵانیان لەبیر دەچێتەوە. لێرەوە، بە بۆچوونی من هەلی دەسەڵاتە تا زووە ئەم بەرەیان لەژێر پێدا بکێشێتەوە، بە تایبەتیش کە لە لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمەوە ویستی رژد هەیە بۆ گۆڕین. نەیکەن، ئەمجارە لە دەست دەردەچێ. ساتی خەمساردی و خاوەخاوەیی تەواو، ساتی بەرپرسیارەتییە. بەڵام دەبێ ئەوان بزانن کە گۆڕین تەنیا چاکسازیی کارگێڕی و بنەبڕکردنی گەندەڵی نییە وەک کە ئێستە بووەتە ویردی سەرزارەیل، ئەمەیان بەلای منەوە تا رادەیەک ئاسانە و بێ ژانیش دێتە دی. ئەوەی ئەرکی گرانە پرسی دیموکراسییە، دیموکراسی یاسا و چوارچێوەیە بەر لەوەی ئازادی بێ. کاری ئۆپۆزسیۆن و میدیا و هەموو ئازادییەکی تر دەبێ بچنە ناو خانە و رێوشوونی یاساییەوە ئەگینا هەموو رۆژ ئەم بەزمە دووبارە دەبێتەوە و دەکەوینە ونگەیەکەوە لێی دەرنەچین. ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و رۆشنبیرەیلی، ئەم هەرایەیان لەوەوە دەست پێ کرد کە داوایان کرد خۆپێشاندان بێ یاسا بێ و وڵات لە نابەرپرسیارەتیدا خۆی بخواتەوە. ئەوان هەموو کارێکیان بەم ئاراستەیەدایە، ئەمەش کوردستان دەباتە دۆخێکەوە خراپتر لە چاخی ژێردەستەیی.

rووداو ژ: ١٥٣، ئادار ٧، ٢٠١١

## رەوشتی رەشورووتی ئەم وڵاتە بەرز و باڵاترە لە هی میدیای کوردی

دیمانە: ئاڵای ئازادی. سازدانی: جەبار عەزیز

ئاخۆ ئێمە خاوەنی میدیایەکی راستەقینەین؟ بۆچی بەشێکی میدیای ئێمە بەردەوام بە ئاراستەی شێواندنی جڤاک و شاردنەوەی راستییەیلدا کار دەکات؟ بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس لەم چاوپێکەوتنەدا

وەڵامی ئەم پرسیارەیلە دەداتەوە و تیشک دەخاتە سەر دۆخی میدیا لە کوردستان و پێی وایە هەردوو بەشی میدیا کە بە "رازی و ناڕازی" ناویان دەبات، دەستپاک نەبوون لە گەیاندنی زانیاریدا.

* بۆچوونێک هەیە دەڵێ ئێمە تا ئێستە خاوەنی میدیا نین، ئەوەی هەمانە کۆمەڵێک دەزگای ئاراستەکراون و ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەت دەیانجووڵێنێت؟

– میدیا پێناسەی هەیە وەک هەر شتێکی تر، پێناسەکەی ئەمەیە: یەکەم ناوەندێکە بۆ گەیاندنی زانیاری بە شێوەیەکی بێلایەنانە. دووەم بەجێهێنانی کارێکە بە شێوازێکی پیشەییانە. پیشەییانە ئەوەیە کە چێشت لێنەرێک بزانێ چێشت باشتر لێ بنێ لە یەکێکی تر، کارەکە پسپۆڕییە و دەسرەنگینیی دەوێ. دەسرەنگینییەک کە تایبەتە بە مرۆڤێکی دیاریکراوەوە، ئەویش رۆژنامەنووسەکەی لەمەڕ ئێمەیە. لە خاڵی یەکەمدا ئەوە دێتە خوێندنەوە کە دەبێ ئەوپەڕی دەسپاکی و پاکوەری "نزاهة" هەبێ لە گواستنەوەی زانیاریدا. هەر زانیارییەک لە میدیادا بێتە بڵاوبوونەوە، نابێ خەفەکردن یان پێوەنانی تێدا هەبێ. ئەمە پێناسەی میدیای هاوسەردەمە، پێناسەکەی بەسەردا نەسەپێ، لەنگ دەبێ. لە خاڵی دووەمدا من پێم وایە رۆژنامەوان دەتوانێ فێڵی خۆی بەکار بێنێ بێ ئەوەی رووی راستینەی خۆی پێشان بدا. دەتوانێ وات لێ بکا مەیلت بۆ شتێک بجووڵێ با زۆر واش نەبێ بەلاتەوە، بە مەرجێک گەمەیەکی ئاشکرا نەکا. میدیای کوردی بە هەردوو جۆرەکەیەوە، با ناویان لێ بنێین "میدیای رازی" و "میدیای ناڕازی"، هەردووکیان لە گەیاندنی زانیاریدا پاکوەر یان دەسپاک نین، ئەمە یەک. ئەوان مەبەستیان هەیە، زانیاری وەک خۆی ناگوازنەوە. لە میدیا رازییەکەدا مێش مێوانی هیچ نییە، لە ناڕازییەکەشدا شت نەماوە مارانگاز نەبێ و نەکەوتبێتە بەر شێواندن و کوردستان کاول نەبووبێ. لە میدیای رازیدا کوردستان بەهەشتە و لەوەی ناڕازیدا سەلەسیرە. ئەمە لە خاڵی یەکەمدا سەرنەکەوتن و نووچیان دا. بێگومان لە یەکەم خاڵدا سەرنەکەون لە دووەمیشدا سەرناکەون. وەک چوونەژوور لە پلیکانە وایە. هۆیەکە ئەوەیە،

ئەوەی مـــیـــدیای کـــوردی بـەڕێوە دەبات بـەرژەوەندیی تایبـــەتی هـەیـە، جـــا چ بەرژەوەندیی سیاسیی لایەنێک بێ یان بەرژەوەندیی هەندێک جاری ئەم کەس و ئەو کەس. ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی لە میدیای کوردیدا بووە بە جێی گومانی هـەمـوو سـەرنجـدەرێک. تەنانەت ئەو بیانیـیـانەش کـە زۆر نێزیکن لە میدیای کوردییەوە و جاران متمانـەیەکیان پێی هـەبوو، ئێستە لێی تەکیونەتەوە و بە خراپی باسی دەکەن.

* میدیای ئێمە بۆ نەیتوانیوە بەپێش جڤاک بکەوێت؟

– وەک پێـشــتــر ئامــاژەم پێ دا، مـیـدیـا لە یەک کـاتدا ڕەوشـتـیـشـە و شـارەزاییـشــە. ئەوەی لێرەدا سـەرنج ڕادەکێـشێ ئەوەیە ڕەوشـتی خـەڵکی ئاسایی و تەنانەت ڕەشوڕووتی ئەم وڵاتە، بەرزتر و باڵاترە لە ڕەوشتی میدیای کوردی. خـەڵکی کوردسـتان بێ میدیا زانیاریی راسـتتریان لەلا دەس دەکەوێ وەک لە هەبوونی مـیدیادا. کوردسـتـان بێ مـیدیا بـوایە و خـەڵک وەک جـاران، وەک سـەردەمی ڕێژیمی بەعس، بە دەنگۆی زارەکی بەڕێوە بچوایـەن ئێسـتـە رای گشـتی باشـتـر و کـامـڵـتر بـوو. بۆ ئەوەی مـیدیا پێش خـەڵک بکەوێتەوە و جڵەوکێشیان بێ، دەبێ بـەڕاستی میدیا بێ و کەسـایەتیی ئاشکرای هـەبێ تا خـەڵک مـتـمـانەی پـێ بکەن. بۆ نموونـە زۆربەی ئەم مـیـدیـایەی لەمـەڕ ئێـمـە سـەرچاوەی بژێوییـەکـەی دیار نیـیـە، ئـامـانجـەکـەی گومـاناوییـە. ئەزمـوونی کوردسـتـان پاش بیست سـاڵ نەیتـوانیوە ڕێوشوون و سـیسـتـەمێک دابنێ بۆ کـاری مـیـدیایی لە کـوردسـتـان. پێش چەند سـاڵ من نـاوم لەم مـیـدیـایە نا مـیلیـشـیـا، وەک چۆن مـیلیـشـیـای چەکدار وڵات تێک دەدا و باری جـێگیـر دەشێوێنێ، یان هـەر نەبێ بەرژەوەندییـەکی تایبـەت دەپارێزێ، ئەم میلیشیای میدیایەش هەر وایە و کوردستانی شێواندووە.

* ئەو زمـانەی کـە بەشێکی زۆری مـیدیای ئێمـە قسـەی پێ دەکـات لە دەرەوەی ئەخلاقیات و ئیتیکی رۆژنامەنووسیدایە، کێ بەرپرسیارە بۆ چاککردنی ئەم دۆخە؟

– ڕەنگە زۆر لایەن و زۆر کەس بەرپرسیار بن لە دروستکردنی ئەم دۆخەدا بۆ میدیای کوردی. هەمووشیان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان. بەڵام بەرپرسیار لە تێکدان جیایە وەک بەرپرسیار لە چاککردنەوە. ئەوەی تێکی داوە بێگومان نایە چاکی بکاتەوە بگرە تێکتری دەدا. بەرپرسیار بۆ چاککردنەوە "بە کراوەیی بڵێین" تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەبێ سوور بێ بۆ ئەم پرسە. نەشیکا ئەزموونەکە زەرەر دەکات کە حکوومەتەکە و گەلەکەمان خۆیانن. بە بۆچوونی من دەبێ حکوومەت یاسا و بنەوای ڕێکوپێک بگرێتە بەر بۆ کۆتاییهێنان بەم میدیا ناتەندروستە، کە وەک نەخۆشییەک وایە لە جەستەدا. بێگومان نابێ میدیا بەرەڵڵا بێ و هیچ حەقوحسێبی لەسەر نەبێ. ئازادی بەرەڵڵایی نییە، ئازادی لەناو یاسادا لەدایک دەبێ نەک لە بۆشاییدا. ئەوەی کوڕی بۆشاییە ئاژاوەیە. ئێمە پێویستیمان بە ڕێکخستنێک هەیە لە حکوومەتی هەرێمەوە بۆ پشتیوانی لە دەرکردنی ڕۆژنامە و بەڕێوەبردنی هەر کارێکی تری کولتووری و هونەری، هەروەها بۆ پارەپێدان و بەخێوکردنیان. حکوومەت دەتوانێ بەگوێرەی یاسا و لەسەر بنەوای ئەو ئازادیی ڕادەربڕینەی کە لە دەستووری عێراقی فیدراڵ و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتوون، بیپارێزێ و لە رووی بژێویشەوە بیژیێنێ. بە گوێرەی یاسایەکی وا، دەبێ خەڵکی تریش ئازاد بن لە کەرتی تایبەتیدا میدیایان هەبێ بە مەرجێک سەرچاوەی ئەو بژێوییە دیار بێ بۆ حکوومەت، کە لە کوێوە دێ. دە ساڵی تریش بێ، سەتی تریش بێ هەر دەبێ ئەمە بکا. باشە بۆ ئێستە نایکا؟

* لە هەر پێشهاتێکدا کە دێتە پێش لە کوردستان، بەشێک لە میدیا ڕۆڵی خراپ دەگێڕێ لە بەردەوامیدان بەم دۆخەدا، یان روونتر، خۆیان دەبنە بەشێکی کێشەکە، ئاخۆ ئیشی میدیا ئەمەیە؟

– ئەگەر میدیا بێ وەک باسمان کرد، نەخێر نابێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، بەڵام ئەگەر میلیشیا بێ ئەوە ڕۆڵی خۆیەتی و بە شانازییەوە دەیکا.

ئاڵای ئازادی ژ: ٨٩١، ئادار ٢، ٢٠١١

## دیموکراسی دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە

کاتی ئەوە هاتووە خۆپێشاندەرەیلی بەر دەرکی سەرا، یان وردتر بڵێم ئەو سێ ڕێکخستنە سیاسییەی بوونەتە هۆی گردبوونەوەی ئەو خەڵکە لەوێ، وێڕای ڕۆشنبیرە وتاردەرە خۆپەشێوکەرەکان، بیرێک لە بژێوی و بەڕێوەچوونی خەڵک بکەنەوە، خەڵک پێویستی بە ماڵداری هەیە و ژیان وەستاوە. ئەوەی ئەوان بۆی چووبوون بەدی نەهات، بەدیش نایەت. ئەو کارتانەی تێکەڵیان کردبوون وردە وردە لە زمانی خۆیانەوە، لە یەکتر جیاوەبوون. گوتیان بۆ داوا و دۆزی خەڵک هاتووین و چاکسازیمان دەوێ، دەسەڵات گوتی باشە. باشە بەڵام توندتیژی بەکار مەهێنن و بەرد مەهاوێژن لەبەرئەوەی بەرد فڕێدان دیاردەیەکی شارستانی نییە و بۆ دۆخی کوردستانیش نەگونجاوە، کوردستان وڵاتێکی دیکتاتۆری نییە. کەس چل ساڵ لەسەر کورسی ڕۆنەنیشتووە تا بەردی تێ بێتە گرتن و داوای ڕۆیشتنی لێ بێتە کردن.

لەم ڕۆژانەدا گەیشتووەتە بینیان، دەڵێن ئێمە دەمانەوێ وەک میسر و تونس بکەین، دیکتاتۆریمان ناوێ. بەڵام ورەیان بەر دا پاش ئەوەی نەیانتوانی گرژییەکە بگەینن بە هەولێر. قسەی نهێنی لە زمانیان ناوەستێ و دەیدرکێنن، گوتیان هەموو مەبەستمان ئەوەیە هەولێر هەڵسێنین. ئەمەش خەیاڵێکی ڕواڵانەیە، پەرلەمان پێش ساڵ و نیوێک هاتووەتە هەڵبژاردن و خۆیان "واتە ئۆپۆزسیۆن" بە ئەنجامەیلی ڕازی بوون و گۆوەندیان بۆی گێڕا. سەرۆکی هەرێم بە ٧٠ی دەنگی دەنگدەرەیل هاتووە. هەروەها، شتێک لە کوردستان نەقەوماوە تەرازووی هێزەیلی گۆڕیبێ، هەڵبژاردن بێتەوە کردن ئەنجام هەمان خۆی دەبێ ئەگەر نەڵێم ئەوان زیانیش دەکەن. ئەگەر کێشەش بەجێ‌هێنان "ئەدا"ی حکوومەتە و ئەوان لێی ناڕازین، مافی خۆیانە، پەرلەمان هەیە و تێیدا بەشدارن. پەرلەمان جێی پاڵەپەستۆیە نەک گۆڕەپان. گۆڕەپانی کوردستان ڕەوایەتییەکی نییە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی. کێشە ئەوەیە ئەمانە لە

پەرلەمـانیشدا بـە هـەمـان هەناسـەی شـەقـام دەدوێن. یەکـێکیـان بـە سـەرۆکی پەرلەمان دەڵێ "تۆ دیکتاتۆری".

ئەمـانە هـەمـووی یەک واتە دەدەنە دەست ئەویش بیـرکـردنەوەیە لە گـۆڕین بە توندتیـژی، بە توندتیـژی شـەقـام و توندتیژی وتـاری راگـەیاندن. ئەو راگـەیاندنە ٢٢ خـاڵیـیـەی هـەرسێ لایەنەکە لە ٣ ئاداردا دەریان کـرد، لە زۆر جـێدا هـەڵەی گەورەی تێدایە. داوای ڕێککەوتن دەکا لە نێوان فراکسیۆنەیلی پـەرلەماندا بۆ بڕیـار و یاسـا دەرکـردن، ئـەمـە پێـچـەوانـەی ژیانی دیمـوکـراسـیـیـە بـگـرە هـەڵوەشـاندنەوە و هـەڵتـەکاندنیـەتی. دیموکراسی دیکتاتۆریـەتی زۆرینەیە، کێ زۆرینە بێنێ لە هـەڵبـژاردندا دەسـەڵات دەگـرێتـە دەست لـە هـەمـوو رووێکەوە. ئۆپۆزسیۆن تەنیا مافی کاوێژی قسەی هەیە. ئەمە بنەوای ژیانی سیاسییانەی سـەردەمە و کـەس نییـە لاملیی لێ بکا مـەگەر سـەر بە بزاوەیلی ئیسـلامی یان هـەڵگری ئـاوەزکـەی سـەربازی بـێ. داوای کـادیری تەکنۆکـرات دەکـەن بۆ وەزارەتی پێشـمـەرگە و ناوەخۆ، بەڕاسـتی مـایەی پێکەنینە. ئـەمـانە دیارە لە سـویسـرا هـاتوونەتـەوە. هـەمـوو وەزارەتێکی کـوردسـتـان تەکنۆکـراتی بوێ: پەروەردە، کشتوکاڵ، پیشـەسازی، بەڵام ناوەخۆ و پێشمەرگە نا. تەکنۆکراتی کوردی ناچێ لەسـەر رێی حەویجە دانیشێ بەسـەر رێی خێڵانی عەرەبەوە، ئەوە پێشـمـەرگەی وێرایە دەتوانێ ئەمـە بکا. تەکنۆکرات ترسنۆکە بـۆیە لە کاری دەوڵەتیدا رێز لێگیراوە، ترسنۆکی مەبەستم لانەدان لە یاسا و ئـسـووڵی کاری دەوڵەتییـە. ئێـمـە وڵاتێکی سـەربـەخـۆ نین، هـێشـتـا پێیـەکـمـان لـەناو بزاوی شۆڕشگێریی چەکداریدا بەجێ ماوە، کە پێشمەرگە تێیدا سەرپشکە.

من لەوەش تێ ناگەم، هەموو کابینەیلی حکوومەتی هـەرێمی کوردستـان، تا ئێستە یەک تەکنۆکراتی بە خـۆیەوە بینیوە، ئەویش دکتـۆر ئاشتی هەورامییە. ئەم پیاوە پرۆفێشینالە لە ئەرکێکدا سـەرکەوت هـەموو کورد بتوانێ شـانازیی پێوە بکا و خەلاتی بکا و بڵێ تەکنۆکراتم هەیە. بانگەوازی سێ حزبەکە لابەلا ئاماژە بە ناڕازیبوونی خۆی لەویش دەکا.

ئەو سێ لایەنەی ئۆپۆزسـیـۆن لە رووی بنەواییـەوە یەکگرتووش نین. گـۆڕان

دەمدەمییە و زوو زوو لێیان جیا دەبێتەوە. لە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمان کشایەوە، لە ٢٢ەکەی ئۆپۆزسیۆنیش هەر کشایەوە. کێشەی گۆڕان ئەوەیە کێشەیلیشی گۆڕاون. تا پێش چەند مانگێک سکاڵایان لە کارگێڕیی سلێمانی هەبوو، بەراوردیان دەکرد لەگەڵ هەولێردا. "لە سلێمانی هیچ نەهاتووەتە کردن بە پێچەوانەی هەولێرەوە کە زۆری بۆ هاتووەتە کردن"، ئەمە وتاری ئەوان بوو. ئێستە دۆزەخەکەیان رووی لە هەولێر کردووە و هەموو ئاخاوتن و سکاڵای دوێنێ چوونەتە دیوی نەبوونەوە. سبەی واز لە هەولێریش دێن و بەرۆکی پرسێکی تر دەگرن.

ئەم ئۆپۆزسیۆنە کوردییە ئاگای لە کۆمەڵانی کوردستان نییە چییان لەبارەوە دەڵێن. یان ئەوەتا بە لایانەوە گرینگ نییە یانیش خۆپێشاندانی چەند هەزار کەسێک مەست و سەرخۆشی کردوون و وا دەزانن تونس و میسر دووبارە دەبێتەوە. جووڵە و بزاوی ئابووری لە هەرێم لە کورتیی داوە، بازێڕ لە زۆر بواردا بە تەواوی شکاوە بۆ نموونە لە زەویوزار و خانوبەرەدا کڕین و فرۆتن کز بووە، پرۆژەیلی بنیاتنان چەتیان تێ کەوتووە. رەنگە خەیاڵی ئۆپۆزسیۆن ئەوە بێ ئەمەش تەنگژەیەکی ترە بەرەوڕووی دەسەڵاتی دەکاتەوە، بەڵام پێچەوانەیە. خەڵکی کوردستان چ لە سلێمانی و چ لە شارەیلی تر بۆڵە و سکاڵایانە لە دەست ئۆپۆزسیۆن کە لە هیچە ژیانی لێ تاڵ کردوون. وێڕای ئەوەی کەیف و شادیی بەهاریان کەم کردووەتەوە.

شتێکی تر هەیە دەبێ هەموومان بیزانین. کوردستان بە هەر سێ شاریەوە لە گوندێکی گەورە دەچێ. هەموومان باشتر یەکتر دەناسین، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و رۆشنبیرەیل و کۆمەڵەیلیش زۆر باش یەکتر دەناسن. گاڵتە و گەپی سیاسەت رۆژێک دوو رۆژ دەبێتە کڵاو و دەچێتە سەرەیلەوە. کەس باوەڕ بە لایەنێک ناکا داوای چاکسازی یان بڕینەوەی گەندەڵی بکا کە خۆی پاک و بێگەردی دوێنێی ئەم بوارەیلە نییە. رابردووی هەموو لایەنەیلی سیاسیی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، بۆ کۆمەڵانی ئەم گەلە وەک ناولەپی دەستیان خوویا و ئاشکرایە. ئەو داخوازەیلەی ئەوان پێشکێشی دەکەن لە

هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و کردنەوەی هەڵبژاردنێکی زوودا، بێگومان زیانی خۆیانە و من لە ئێستەوە دڵنیایی دەدەم کە لە ناخەوەیان نییە داوای دەکەن. لەوە زیاتر ناهێننەوە کە هەیانە، بە تایبەتی پاش ئاشکرابوونی دەستیان لەم فەرتەنە تازەیەدا کە زۆر متمانەیان تێدا دۆڕاند نەک تەنیا لە هەولێر و دهۆک بگرە لە ناو خوتی سلێمانی خۆشیدا.

وا چاکە وێڵ و ئاوەز بکەنەوە بە ڕێنوێن و دەست لەم گەمە و گاڵتە هەرزان و شالاوە میدیاییە هێستریائامێزە هەڵگرن. شەقام چۆڵ بکەن و ڕێ بدەن خەڵکی کوردستان بکەونەوە ماڵداری و ژیانی ئاسایی خۆیان. ڕێ بدەن حکوومەت چاکسازیی خۆی بکا وەک هەرێی داوە. چی دی بازرگانی بە هەستی گەنجەوە نەکەن، گەنجی کوردستان زۆر هەنگاوی بڕیوە لە هێنانەدیی خەون و خولیای خۆیدا و هیچ شتیش نییە بە شەو و ڕۆژێک بێتە دی. کوردستان بن عەلی و مبارەکی تێدا نییە، ئەوەی ئێوە بەوانی تێ گەیشتوون، سبەی گەل دەنگی پێ دەداتەوە. لە بیرتان نەچێتەوە زۆرینە وڵات بەڕێوە دەبا، ئەوەندە بە پێچەوانەی مێژووەوە خەیاڵفڕکێ مەکەن. دیموکراسی دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە، دیکتاتۆریەتی کەمینە نییە.

بزاو ژ: ٣٩، ئادار ٩، ٢٠١١

## تۆلەرانس بە کوردیی خۆمان

بەپێی ئەرکی خۆم لە دەزگای ئاراس، لەم چەند ڕۆژەیلەدا دوو نامیلکەم لەبارەی لێبووردوویی "تۆلەرانس"ەوە خوێندەوە. یەکەمیان ساڵی ١٦٨٩ لەلایەن جۆن لۆکی فەیلەسووفی بەریتانیاییەوە هاتووەتە نووسین و دووەمیان لەلایەن فەیلەسووفی فرەنسایی ڤۆلتێرەوە لە ساڵی ١٧٦٣دا. بێگومان کاتێکی زۆر بەسەر نووسینی ئەم شاکارەیلەدا تێ پەڕیوە تا ئێمە کردمانن بە کوردی، بەڵام ئێستەش کات زۆر گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە لە کوردستان. زۆر جار لێرە و لەوێ لە زاری پیاوەیلی ئاینی یان حزبەیلی ئاینییەوە هەڵوێستی دژبەرمان لە ئاست ئاین و مەزهەبەیلی ترەوە دێتە گوێ.

ئەورووپای سـەتەیلی نـاوەڕاست زۆری دەرد و پەرێشـانی بە دەست سـڕینەوەی یەکتر لە سۆنگەی جیاوازیی بیربۆچوونی کڵێسە و هەڵسوکەوتی کڵێساوە لە ئاست پۆشینی جلوبەرگ و تەنانەت جۆری خواردنیشـەوە چێشت، خوێنێکی زۆر ڕژا. دواجـار هـاتنە سـەر ئەوەی کـولتـوورێک دابهـێنن نـاویان لێ نا تۆلەرانس.

تۆلەرانس یان لێبووردوویی ڕێزگرتنە لە هەست و بیرکردنەوەی ئاینییانەی خەڵک، ڕێزگرتنە لە چۆنیەتیی بەئەنجام گەیانی ڕێوڕەسمی ئاینی، چۆنیەتیی تێگەیشتن لە نامـەی خوایی کـە لە کـتێبـەیلی پیـرۆزدا هـاتوون. دەسـەڵاتێک لەسـەر رووی زەویدا نیـیـە ڕێی هەبێ ئـاین یـان تێگەیشتن لەبارەی ئاینەوە بسەپێنێ بـەسـەر مـرۆڤدا. دەوڵەت و یاسـا و میـران بۆیە هـەن، ئەم مـافـەیلەی خـەڵک بپـارێزن نەک پێـشـێلیـان بکەن. تـەنانەت هیـچ کـڵـێـسـە و مـزگـەوت و پەرسـتگەیـەک نیـیە ئـاین یان ڕێچکەیەک بەسـەر مـرۆڤدا سـاغ بکاتەوە. ئەم پەرستگەیلە کۆمەڵەی بەخۆهێشتن و ئەندامـەیلیان ئازادن لە چوونە پاڵ یان کشانەوە لێیان.

لە خـوێندنەوەی جـۆن لۆکـدا، هێندە شـەیدای رسـتـەیلی ئەو دەبووم تاس دەیبـردمـەوە، حـەز دەکەم هـەندێک لەو چێژانە بۆ ئێوەش بگوازمـەوە. لەبارەی پێـوەندیی دەسـەڵاتی سیـاسی بە ئاین و ڕێچکە "مـەزهەب"ەوە دەڵێ: "یاسـایەل مـافیـان بەسەر راستیی بۆچوونی ئاینییەوە نییە، مـافیـان بەسـەر تەناهی و جێگیریی دەوڵەت و یەکەیەکەی خەڵکەوە هـەیە". "راستی، هێزی پێویست نییە تا بچێتـە عـەقڵـەوە"، "جڤـاکی سیـاسی تەنیـا لەپێناو پـاراسـتنی کـاروبارەیل دنیـاییی مـرۆڤدا هـاتوونەتە دامـەزراندن نەک بۆ مـەبەسـتێکی تر. ئاین راست بێ یـان نـا، زیان بە کـاروبـاری دنیـاییی هـاوولاتیـیـەل ناگـەینێ". یـان دەڵێ: "دەسـەڵاتی دەوڵەت پێـوەندیدارە بە خـێـروبێـرەیلی شـارییـانەوە، تایبـەتە بە کـاروباری دنیـایی و مـافی ئەوەی نیـیە خـۆی لە هیـچ پرسێک بدا پێـوەندیی بەودنیـاوە هەبێ."، "گۆڕینی هەسـتی مـرۆڤێک پێـویسـتی بە رووناکـاییـیـە، سزادانی جەستە توجاران ناتوانێ ئەمە بکا." لەبارەی پێوەندیی کڵێسەشەوە

بە ئازادیی مرۆڤ لە ئایندا، دەڵێ: "کڵێسە هیچ دەسەڵاتێکی دنیاییی نییە، شمشێر و ئاگر کەرەستەی گونجاو نین بۆ فێرکردن." بێگومان جۆن لۆک زاراوەی کڵێسە لە جیاتیی پەرستگە بەکار دەهێنێ کە مزگەوتیش دەگرێتەوە. ئەم کولتووره مرۆڤانییە بەرزە، ئەمڕۆ لە گشت کات زیاتر بۆ جڤاکی ئێمە لە کوردستان پێویست و ناچارییە. هیوادارم بڵاوبوونەوەی ئەم دوو نامیلکەییە رۆڵیان ببێ لە بڵاوکردنەوەی رووناکایی بە هزردا، نەخاسمە هزری ئەوانەی راستیی ئاینی تەنیا لە کلاورۆژنەی مێشکی خۆیانەوە دەبینن.

لەم ناوچەیەی ئێمە و لەم ساڵەیلەی دواییدا، رووداوگەل هاتنە پێشەوە جەستە و دەروونیان هەژاند، کوشتنی بە کۆمەڵی کریستیان تەنیا لەبەرئەوەی کریستیانن، تەنانەت کوشتن و بڕینەوە لە نێوان موسڵمانەیل خۆشیاندا بەهۆی جیاوازیی رێچکەی شیعەتی و سونەتییەوە. لەناو یەک مەزەبیشدا بەگاور دانان بوون بە دۆخێکی ئاسایی. تۆمەتی هەڵگەڕانەوە دانەپاڵ، یان بێ رێزی بەرامبەر خوا و پێغەمبەرەیل، تۆمەتێکە لە ئاوخواردنەوە ئاسانتر لەلایەن پیاوانی ئاینی و حزبەیلی ئیسلامییەوە. لەبەرئەمە بڵاوکردنەوەی کولتووری تۆلەرانس لەناو جڤاکی کوردیدا، بەرلەوەی ماکەی بەدیهێنی ئازادی بێ بۆ تاک لە رووی ئاینداری و خواپەرستییەوە، خزمەتیشە بە لابڕەیل و رادیکالەیلی ئاینی تا ئاین بەکار نەهێنن بۆ چەوساندنەوە و تیرۆری دەروونی و جەستەیی کە خوا رێی پێ نەداوە. دەبینین تیرۆری جەستەیی گەورەترین دیاردەی ئەم دە ساڵەی دوایی بووە، لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە تا ئەمڕۆ، بزاوەیلی ئیسلامیی لابڕ رۆژانە "بە شانازییەوە" دەیکەن. سڕینەوەی جیاواز لە "تۆ"ی ئاینی یان مەزەبی، بووە بە بەشێک لە کولتووری دنیای عەرەب و ئیسلام. بووە بە بەشێک لە پێناسەکەی، کە ئەمە گەورەترین لەکەی داوە بە ئاینەکە.

بێگومان ناتوانین بڵێین ئەورووپا و ئەمەریکا کە پێشقەرەوڵی کولتووری تۆلەرانسن، ئەوانیش تەواو رزگارن لە کولتووری سڕینەوەی "ئەوی تر"ی جیاوازدا. فرەنسا لەچەک و دەسماڵ قەدەغە دەکا، سویسرا منارەی مزگەوت،

له ئەمەریکا قەشەیەک دەیەوێ قورئان بسووتێنێ. له هەموو باڵەفڕگەیەکی ئەورووپا و ئەمەریکا بە گومانەوە له موسڵمان دەڕوانن و دەیپشکنن. ئەمانە راستە کاردانەوەن بۆ رووداوی ١١ی ئەیلوول بەڵام کاردانەوەش زۆر جار هێندەی کار دزێو و بێ پاساوە. هەرچۆن بێ، سڕینەوە یان گومان لە "تۆ"ی جیاوازی ئاینی، بووە بە کێشەیەکی سەرتاسەریی مرۆڤایەتی.

ئەرکی رۆشنبیرەیل و داودەزگایەل رۆشنبیرییە کە هەوڵ بدەن تۆوی تۆلەرانس و رێزگرتن لە "ئەو"ی جیاوازی ئاینی و رێچکەیی بڵاو بکەنەوە بە کێڵگەی هزری مرۆڤدا. هەر بە بۆنەی کتێبەوە، نموونەیەک دەهێنمەوە له بنووسێکی هاوسەردەم، خاتوونێک بە خەیاڵی خۆی بیرئانینی رۆژانەی بۆ سەڵاحەدینی ئەیووبی نووسیوە، بنووس بە گوێرەی ناوەکەی دەبێ ئەورووپایی بێ "جنڤیاڤ شوڤێل"، سەڵاحەدینیش گەورەترین سەرکردەی شەرکەڕی ئاینییە، بەڵام با بزانین لەبارەی دوا ساتی بەر لە چاو لێکنانیەوە چی دەنووسێ؟ سەڵاحەدین له دەمی ئاوزینگدا دەڵێ: "مرۆڤ دەبێ لەمڕۆوە شەڕی یەکتر نەکەن. دایەگیان پێیان بڵێ تەنیا یەک خوا هەیە. خوای کریستیان و جوو هەر یەکێکە. خوایەکی تاک و تەنیا و گشتی، نە لە کەس زاوە و نە کەسی لێ دەزێ. ئیبراهیم و مووسا و مەسیح و پاشان محەمەدی ناردووە. تەنیاش یەک ئاین هەیە ئەویش ئاینی ئەم خوا تەنیایە."

کولتووری تۆلەرانس وەک شلەیەکی لووس دەچووڕێتە گیانەوە، گیانیش تا لێی بخواتەوە تێنوەتیی ناشکێ، جەستە و هزر بەردەوام دەیخوازن. منیش پێم خۆشە و دەخوازم لاوەیلی کوردستان ئەم دوو نامیلکەیە بخوێننەوە کە لەم رۆژەیلەدا بە فرەوانی بڵاو دەبنەوە. ئەمە دۆزینەوەی خۆیە له کولتوور و دەوروبەرێکدا کە تێیدا ونین و هەرچی دەکەین پێناسەمان پێ نادا. شتێک ویستم لە سەرەتای ئەم نووسینەوە باسی بکەم و کەوتە دوایی، وەرگێڕی هەردوو نامیلکەکەیە، هەڤاڵی هێژام "عەبدوڕەزاق عەلی"، لە ئاستی زمانە کوردییەکەی و رەوانیی داڕشتن و لەهەقەهاتنی ئەم دەقە کۆنە فەلسەفەییەلەدا، دۆش دامام و سەرسام بووم. کابرا خۆی هاوێشتە بن

بارێکی گرانەوە بەوەی باڵادەستیی خۆی لە وەرگێڕاندا بۆ سەر زمانی کوردی خستە روو، ئیتر ناشێ دەست هەڵگرێ. فەرموون ببینن، زمانی هاوسەردەمی کوردی لێرەوە دەست پێ دەکا. ئەمەش سوودێکی تری ئەم کارە گرینگەی دەزگای ئاراس کە زۆری پێ بەختەوەرم.

بزاو ژ: ٤٠، ئادار ١٦، ٢٠١١

## ئاوەزکەی کۆن و ئاوازەی نوێ

هەندێک جار رێکەوت، رووداوی زۆر سەیر و سەمەرە کۆ دەکاتەوە لە یەک کاتدا. ئێوارەی رۆژی یەکشەمووی پێشوو لە تەلەڤزیۆنی کەی ئێن ئێنەوە نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان دەرکەوت. لەبارەی ئەم خۆپێشاندان و رووداوەیلەی دوو سێ حەوتووی پێشووی شاری سلێمانییەوە دیمانەی کرد. راستیت دەوێ من لەگەڵ زۆربەی بۆچوونەیلی ئەودا بووم، بۆچوونی دیموکراسییانە و سەردەمییانەی گونجاوبوون، بەو هیوایەی کوردستان بەم رێبازەیلەدا بڕوا بەڕێوە. بەڵام لە شتێک لەگەڵ ئەودا یەکم نەدەگرتەوە ئەویش متمانەیە، متمانە بناخەی پێوەندی و بەیەکەوە کارکردنە. ئەو دەڵێ "سەردەمی (اقصاء) بەسەرچوو". اقصاء واتە دوورهەڵدان، یان وەک لە میدیای کوردیدا دەڵێن سڕینەوە، دەڵێ "سەردەم سەردەمێکی تازەیە". بەڵام نەمانی دوورهەڵدانی بەرامبەرێکی سیاسی یان سڕینەوەی لە گۆڕەپاندا، داهێنانێکی ساڵی ٢٠١١ نییە دوای راپەڕینی میسر و تونس هاتبێتە کایەوە تا ئێمە تازە وەری گرین، دیموکراسی و قەبووڵکردنی یەکتر زۆر کۆنترن لەم مێژووە. کورد لە ساڵی ١٩٥٨ەوە پێ دەکوتێ بۆ دیموکراسی لە عێراق. لەو دەمەدا، کتوپڕ و نەویستانە رووداوەیلی پشت ئاشانی ساڵی ١٩٨٣م بەبیر هاتنەوە. زەبرێک ئەو بەڕێزە لە حزبی شیوعیی عێراقی سرەواند، بوو بە تەواوکەری زەبرەکەی ساڵی ١٩٧٩ی سەدام حوسێن لەو حزبە. ئەودەمە "کۆمەڵە" بزاوێکی مارکسی لینینی بوو، بەپێی لۆجیک دەبوایە هەردوولا هاوپەیمان بن. حزبی شیوعی چەکی هەڵگرتبوو دژی رژێمی بەعس، هیچ

پاساوێک نەبوو بۆ ئەم زەبرە کارییە. ئێستەش حزبی شیوعی برینەکەی سارێژ نەبووەتەوە، بگرە دوای ئەو کەوتنە هەڵنەستایەوە. یەکێک هەموو تەمەنی خۆی خەباتکاری ڕێی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر نەبووبێ، ناتوانێ بە پیری، ئاوەزکە و نەریتی خۆی بگۆڕێ، وا بوایە میسری و تونسییەل بڕوایان بە بەڵێنی مبارەک و بن عەلی دەکرد لە دوارۆژەیلی دەسەڵاتیاندا کە گوتیان دەبین بە دیموکراسی، عەلی عەبدوڵلا ساڵحیش وا بە بەڵێندانەوە بە لاس و پەلاسدا دەچێ، بەڵام قسەی ناچێتە گوێی کەسەوە.

گوتم ڕێکەوت چەند سەیرە. نۆینی تیڤییەکەم گۆڕی، هەواڵێک لە عێراقەوە دەڵێ نووری مالیکیی سەرۆک وەزیرەیلی عێراق بڕیاری دا گشت بارەگایەلی حزبی شیوعیی عێراق دابخا. گشت بارەگایەل واتە نەمانی شوێنی کۆبوونەوە، نەمانی بنکەی دەرکردنی ڕۆژنامە و بەڕێوەبردنی تیڤی و رادیۆ ئەگەر هەیانبێ یان بیانویستایە هەیانبێ، واتە نەهێشتنی دروشمی سەر دیوار، بەکورتی چوونەوە ژێر زەویی ئەو حزبە لەو کاتەی بەگوێرەی دەستوور و بنەوای دیموکراسی، هەموو ئەم مافەیلە بۆ ئەو حزبە حەلاڵن لە عێراقی تازەدا. دەبێ ئەوەش بزانین کە حزبی شیوعی حزبێکی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ، یان خاوەن پێوەندیی گوماناویی دەرەکی، یان پلان بۆ وەرگێڕانی دەسەڵاتی سیاسی نییە لەم وڵاتەدا، حزبێکی لەڕە و بەحاڵ بەسەر پێوە وەستاوە، داوای چاکسازی و باشکردنی بژێوی دەکا کتومت وەک ڕێکخراوێکی جڤاکی شارستانی.

بەپێی هەواڵەیلی بەغدا، نووری مالیکی سێ لە چواری هەموو دەسەڵاتی عێراقی پاوان کردووەتە سەر خۆی، هەندێکی بە یاسایی و هەندێکی بە خشکەیی. گشت لا، چاوەڕوانی ئەوەن بەرەو دیکتاتۆرییەتێکی جۆری سەدامی بباتەوە. لێدانی شیوعییەل دەسپێکە، کەسیش نییە ڕێی لەبەر بگرێ. دەبێ کورد لەمەدا یەکلاییکەرەوانە کار بکەن، لێدانی دیموکراسی لە عێراقدا کاردانەوەی یەکەمی بۆ سەر دۆزی کوردی دەبێ. چەند ڕۆژە دەنگێک تەنانەت دەنگێکی شەرمێونیش لەبارەی گرتنی بارەگایەلی حزبی شیوعییەوە لە

عێراق، له کوردستانەوه دەرنەچووه. سەرکۆمار هەر هێندەی پێ هاته کردن مۆڵەتەکە بکا بە حەوتوویێک تا دەرفەت هەبێ شیوعییەل پرێسکەی خۆیان بپێچنەوه. رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەی من دەبێ ئەو حزبە ناونیشان و ئەدریسی نەمابێ.

رەنگە بابایەک بڵێ سەرۆکی گۆڕان خۆی ئۆپۆزسیۆنە و چۆن بەراوردی دەکەی لەگەڵ مالیکدا کە هەر خۆت دەڵێی وەک دیکتاتۆر هەڵسوکەوت دەکا، من باسی ئاوەزکەیەک دەکەم کە لە رابردوودا هەبووە و شیاوی گۆڕین نییە، بەردەوامیش لە پارێزدایە دووبارە بێتەوە. هیچ متمانەیەک نییە ئەو ئاوەزکە "ئەقڵییەتە" هاتبێتە گۆڕان، ئەوەی گۆڕاوە ئاوازە "نەغمە"یە نەک ئاوەزکە. ئەگەر لێدانی شیوعییەل لە ٧ی ئاداری ٢٠١١ لەلایەن سەرۆک وەزیرەلی عێراق نووری مالیکییەوە لێدانی دیموکراسی و فرەیی بێ عێراق، بیست رۆژ پێشی ئەوە لە ١٧ی شوباتدا لێدانی بارەگای لقی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، هەمان شت بوو کە بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا، پێی هەڵسا. ئەمە خۆی دوورهەڵدان و سڕینەوەیە کە بەڕێزیان دەڵێ "باوی نەماوە".

جارێکی تر نۆینی تیڤیم گۆڕی، هەواڵێکی تر ئەمجارە و بە یەکجاری منی تاساند. بەڵگە و دەستاوێژەیلێکی داودەزگای تەناهیی سەردەمی حوسنی مبارەک لەم رۆژەیلەی دواییدا پەڕیونەتەوە دەستی خەڵک. کۆمەڵان دەوری ئەو دەزگایەیان لە قاهیرە تەنی و ترسی خۆیان پێشان دا نەبا بەرپرسەیلی دەزگای تەناهیی کۆن بیانەوێ ئەرشیف بسووتێنن، بەمەش بەڵگەی تاوان و دۆزەیلێکی بێ ژمار ون بن کە رووپەڕەی گرینگن لە مێژووی سیاسی و کارگێڕیی وڵاتی ئەواندا. چی بێتە دۆزینەوه لەم بەڵگەنامەیلەدا باشە؟ ئەودەمەی لاوەیلی قاهیرە لە گۆڕەپانی رزگاریدا مۆڵ دەبوون بۆ رووخاندنی رێژیم، جارێکیان عەمر مووسای سەرۆکی کۆوەندی عەرەبی چووە پاڵیان. ئەمە وەک رووداوێکی ئەرێنی هاتە ژمار. ئێستە بەپێی ئەو بەڵگەنامەیلەی تەناهی و جێگیریی میسر، دەردەکەوێ مووسا بۆ تێکدانی ئەو مۆڵبوونە

سەتان هەزارییە، لەلایەن دەزگای تەناهییەوە هاتووەتە شاندن و ویستوویەتی خاویان بکاتەوە. برمێ متمانە، عەمر مووسا دای ناوە بۆ سەرۆکایەتیی میسر لە چەند مانگی داهاتوودا خۆی بپاڵێوێ.

ئەم رێکەوتەیلە کە لە یەک رۆژدا کۆبوونەوە، جگە لەوەی هەموویان بێهیواکەر بوون، جارێکی تر دووپاتەیان کردەوە کەوا ئەوانەی بە ئاوەزکەیەک فرچکیان گرتووە و ژیانیان بۆی بەرێ کردووە، زۆر دژوارە بگۆڕێن، تەنیا ئاوازەی قسەیان دەگۆڕێ ئەویش بۆ وچانی کورت کورت. جگە لە دووبارەکردنەوەی رابردوو ناتوانن شتێکی تازە پێشکێش بکەن. سەیر کە، مێژوو پڕە لە کەڵەپیاوەیلی رێباز نەگۆڕ، ماهاتما گاندی، نیلسۆن ماندێلا، ئەمانە هەموو ژیانی خۆیان بە یەک رێبازدا برد و بوون بە قوتابخانە بۆ بنەوایەلێکی جیاواز و سەربەخۆ. بێگومان هەر سەرکردەیەک قوتابخانەیەکە بە چاک یان خراپیەوە. مێژوو پڕە لە نموونە کە دەرسیان لێوە فێر بین. بەم پێیە، نووری مالیکی ناتوانێ عێراق رێبەدێیی بکا بۆ داهاتووی دیموکراسی و فرەیی و وڵاتی یاسا، ئێوە دەستی لێ بشۆن. دەبێ خۆمان ساز بدەین کەمتر ئێش و ئازارمان لێیەوە پێ بگا. عەمر مووسا لەبەرگیراوەی حوسنی مبارەکە ئەگەر لێڵتر نەبێ لێی. کاک نەوشیروانی خۆشمان ناتوانی ببێ بە سەرکردەی گۆڕین بەرەو دیمورکراسییەکی پێشکەوتووتر لەوەی هەیە لە کوردستاندا ئەگەر نەیباتە دواوە. من وەک کوردێک بۆ دۆخە کوردییەکی خۆم بە پەرۆشم، بە هیوام کاک نەوشیروان لە رێزی ئەو سەرکردە کلاسیکە کوردەیلەی دەیان ساڵ خەباتیان کرد بەیەکەوە بمێنێ، نەک بەرەوڕوویان ببێتەوە. بێ ئەمە، هەم خۆی ناتوانێ شتێک پێشکێش بکا بەم ئاوازە تازەیەی هەیەتی، هەم ناشهێڵێ هاوەڵەیلی دوێنێی خۆی، شتێک بە شتێک بکەن.

رووداو ژ: ١٥٤، ئادار ١٤، ٢٠١١

**بۆچی هەولێر ڕاناپەڕێ؟**

هەولێر شارێکی بێ هەڵوێست نییە وەک لەم چەند ڕۆژەیلەدا ناحەزەیلی هەولێر، بانگەشەی بۆ دەکەن. هەڵوێست چییە؟ ئەوەیە مرۆڤ ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ و نەترسانە ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە هەر کات پێویست بێ. لە ڕژێمی بەعس توندتیژتر و مەترسیدارتر نەبوو، هەولێر لە بەعس نەدەترسا. ڕۆژەیلی ئەنفالی ساڵی ٨٨ لە بیر نەچوونەتەوە، چۆن ئەم شارە دیواری ترسی بڕی و چووە هاواری ئەوانەی هاتبوونە ئەنفالکردن و سوپای بەعس دەوری گرتبوون. ئەمە هەڵوێست و مل لە تیخ سوینێک بوو لەوپەڕیدا. بەڵام هەولێر شارێکە مارانگاز لە شەڕ و ململانەی ناوەخۆدا. هەولێری نایانەوێ بۆ چاوی کاڵی ئەم و ئەو، جارێکی تر شارەکەیان ببێتەوە گۆڕەپانی کێبەرکێیەک کە پاشان هەموو لا بەرزەکی بانان لێی دەربچنەوە. لە شەڕی ناوەخۆدا، جگە لەو دەیانەی ئێستەش دیار نییە چۆن هاتنە کوشتن، ژیان بۆ چەندان ساڵ لەم شارەدا وەستا. چەندان باڵەخانە لە ڕەگەوە هاتنە وێرانکردن. ئازایی و هەڵوێست ئەوەیە هەولێری نەهێڵن ئەمانە دووبارە ببنەوە.

بێ لەمانە هەمووی، هەولێر زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە و بەردەوامیش وا پێش دەکەوێ. با باسی ئەو پێشکەوتنەیلە بکەین کە هی خەڵک خۆیانن نەک هی داودەزگای دەوڵەتی و بازرگانی. دەیان هەزار خانوبەری نوێ دێنە بەرچاو لەوپەڕی جوانیدا، بێگومان ئەمانە هی بەرپرسەیلی پارتی نین، هی خەڵکن. ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لە چل هەزارەوە بووە بە چوارسەت و چل هەزار، بێگومان هەمووی هی بەرپرسەیلی پارتی نین، هی خەڵکن. لە ڕێستۆرانت و مۆڵ و بازاڕدا دەرزی هەڵاوێی ناکەوێتە زەوی، ئەمانە دانیشتوەیلی شارن نەک بەرپرسەیلی پارتی. کێ هەیە هەموو ئەمانە بە فیکەیەکی ئەم و ئەو لە خۆی تێک بدا. لە شوێنەیلی تریشدا ئەمانە کراون، گرینگ ئەوەیە قەدریان بێتە زانین وەک هەولێر.

کـەس نەیگوتووە هـەولێـری گـازانده و سـکاڵایان نـیـیـە. سکاڵایان زۆره و گلـەیـیـشـیــان لە سـەرتـاپێی دەسـەڵاتـی کـوردی هـەیە، بـەردەوامـیـش داوای باشکردنی بارودۆخەیل دەکەن. بەڵام ئەمە جیایە لە بەرنامەی سیاسیی ئەم و ئەو، کـە دەیانـەوێ گـاڵتـە بە هـەولێـرییـەل بکەن و راپێـچـەکـیـان بدەن بۆ رووبەڕووبوونەوەیەک کە پێوەندیی بە ژیانی ئەوانەوە نییە. بەردەرکی سـەرای سلێمانی پێوەندیی بە هیچ داخوازێکی خەڵکی هەولێرەوە نییە تا هەولێری پێیان فریو بخۆن و بچنە پاڵیان. من پێم وایە دەسـەڵاتی کوردستان و میدیای کوردی زێدەڕۆییەکی بێ واتە دەکەن کە دەڵێن داخوازیی ئەمانە جێی رێزە و دەبێ گوێیان بۆ بێتە شلکردن. کام داخوازی؟ دوو مانگ زیاترە هیچمان نەبیست. لە بەردەرکی سـەرای سلێمانیدا کەمینەیەکی سەر بە ئۆپۆزسیۆن هەیە کـە باوەڕی بـە هەڵبـژاردن نییـە، خـۆی لـە دانیشتن لەگـەڵ دەسـەڵات دەدزێتەوە، تەنانەت رۆشنبیـرەیلی ئەو بەردەرکـەیە ناتوانن لیسـتـەیەک بۆ داخـوازی دروست بکەن و بیـخـەنە بـەردەمی دەسـەڵات. تەنیـا ئاژاوەیـەکـە و هیچی تر.

رەخنە لـە دەسـەڵاتـی هـەولێـر دەگـرن کـە نەیهـێـشـتـووە ئاژاوەی بەردەرکی سـەرا بگا بەم شـارە، راسـتـەوخۆ گلەیی لە پارتی دەکەن و بە دیکتاتۆر و رێگر لە بەردەم دیموکراسیی ناو دەبەن. ئەم قسـەیە بۆ فریودانی خـەڵکی سادە زۆر باشە بەڵام بۆ یەکێک تێ بگا پێچەوانەیە. بێگومان بەلای دزەوە پۆلیس پیاوی خراپە و دەبێ نەبێ. ئاسـایشـی کوردسـتان و هـەموو دەزگـایـەلی تری تەناهی ئەرکیان ئەوەیە وڵات بپارێزن لە شێوان و شڵـەژان. ئەگەر ئەمە نەکەن دەبێ گومانیان لێ بێتە کردن. دیسانەوە دێمەوە سەر داخوازیی خەڵک کە نابێ لەگـەڵ ئاژاوەی ئـەم و ئەودا بێـتـە تێکەڵکردن: ئاسـایش و پۆلیس و هـەر دەزگـایەکی تری تـەناهی لە کـوردسـتـاندا هـەبـێ، ئەرکی ئەوەی نییـە سـەری خـەڵک بکوتێتـەوە، بەپێچـەوانەوە سـەر دەپارێزی لـە کوتینەوە. تێکەڵکردنی ئەمەش وەک پرسی پۆلیس و دزەکەیە کە باسم کرد.

من کە ئەم قسـەیلە دەنووسم و چەندان جاری تریش نووسیومە، پێم دەڵێن

پیاوی دەسەڵات، پێم دەڵێن پارتی. ئەمانە هیچیان کێماسی نین ئەگەر وابم، هەرچەندە تا ئێستە یەک رستەم نەنووسیوە بیری خۆم نەبێ یان لە سەرچاوەیەکەوە بۆم هاتبێ. نووسەرێک کە نەتوانێ وەک خەڵکی تر، یان وەک حزب بیر بکاتەوە، منم. بە پێچەوانەی رۆشنبیرەیلی ئۆپۆزسیۆنەوە کە هەموویان بە یەک ئاوازە دەژەنن و ئەمەش نیشانەی ونکردنی خۆیانە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا کە دواجار وەک رۆشنبیر نامێنن و دەبن بە پیاوی دەسەڵاتێک ئەویش ئۆپۆزسیۆنەکەیە. من بۆ خۆم بیر دەکەمەوە و دەنووسم. بەڵام با بێمەوە سەر پیاوی دەسەڵات، باشە ئەگەر من هەموو ژیانی خۆم لە منداڵییەوە بۆ ئەوە تەرخان کردبێ کورد بگا بە دەسەڵات، ئێستە بۆ دژی بوەستمەوە؟ دیارە گاڵتەم بە خۆم و تەمەنی خۆم کردووە. بەڵێ پیاوی دەسەڵاتی کوردیم، پیاوی پۆلیس و ئاسایشی کوردستانم بە شانازییەوە. سەرۆکی هەڵبژاردەی کوردستان و پارتی و حکوومەتی هەرێم بە شانازیی خۆم دەژمێرم. وا نەکەم، دەبێ پێی لێ بنێم کە لە رابردوودا ملی خۆم لە چەقۆ دەسوی، هەڵە بووم.

با بێینەوە سەر ئەو پرسیارەی دەڵێ خەڵکی هەولێر بۆچی ڕاناپەڕن؟ بەڵام بۆچی ڕاپەڕن؟ دەبێ پێشتر وەڵامی ئەمە بدەینەوە. ئاخۆ هەبوونی هەندێک داخوازی و داواکاری بەسن بۆ ئەوەی هەولێر ڕاپەڕێ و ئەم حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمە تەخت و تاراج بکا و بیکا بە چیرۆکەکەی بن عەلی و مبارەک؟ ئەو حەڤدە خاڵەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دا و ئەو خاڵەیلەی پێش چەند رۆژێک سەرۆکی هەرێم باسی کردن و بەڵێنی دا بێنە جێبەجێکردن، ئەگەر هەموویان بە ڕێکوپێکی لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا کاریان لەسەر بێتە کردن، دۆخەیل زۆر دێنە گۆڕان و گلەییی کۆمەڵەیل کەم دەبێتەوە. دووریش نییە پاش ئەوە، هێندەی تر داخوازیی ورد و درشت لەلایەن خەڵکەوە سەر هەڵبدەنەوە و ئیتر زنجیرەی داواکاری نەپسێتەوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە دەکەوینە سەر ڕێگەی چاکسازی و باشکردن، فێر دەبین نەترسین لە گۆڕینکاری.

پێش چەند ڕۆژێک خوێندمەوە یەکێک لە فەیلەسووفەیلی بەردەرکی سەرا دەڵێ "سەرۆکی هەرێم سەرۆکی سلێمانی نییە، تەنیا سەرۆکی هەولێر و دهۆکە". سوپاس بۆ ئەم ڕووقایمییە، منیش چاوەڕوان بووم هەر وا بڵێ. ئەمە بۆ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارەیە: بۆچی هەولێری ڕاناپەڕن؟ خەڵکی هەولێر لە هەڵبژاردنی تەمووزی ۲۰۰۹دا بە ڕاپی دەنگیان دا بە لیستی کوردستانی، بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمیش دەنگیان دا بە مەسعوود بارزانی. بەڵام با بڵێین ئێستە گۆڕاوین و بڕیارمان وایە بچینە پاڵ خۆپێشاندەرەیلی بەردەرکی سەراوە، باشە جێگرەوەمان چییە؟ کاروبارمان بدەینە دەستی کێ، ڕابەرمان کێ بێ؟ کێشە ئەوەیە، ئێمەی هەولێری فەیلەسووفمان نییە داخەکەم. دەبێ سەتەیەکی تر بەردەرکی سەرای سلێمانی چاوەڕوانی بێ تا ئێمە فەیلەسووفمان تێدا هەڵدەکەوێ.

بزاو ژ: ٤١، ئادار ٢٧، ٢٠١١

## با گەشبین بین بۆ کوردستان

خۆپێشاندان نەگەیشت بە هەولێر. ئەوانەی گلەیی لە دەسەڵاتی هەولێر دەکەن کە نەیهێشتووە خۆپێشاندانی تێدا ڕوو بدا یان لە سلێمانییەوە بۆی بێ، دەبێ لەم گلەییەدا بە خۆیاندا بچنەوە. لە هەولێر پارتی بە پلەی یەک دەسەڵاتدارە، وەک دەڵێن "کەسیش کوێراییی بۆ چاوی خۆی نەویستووە"، ئەو خۆپێشاندانانە کە سەرەتا لە سلێمانییەوە دەستی پێ کرد، ڕۆژی یەکەم پەلاماری بنکەی پارتیی دا و دەرکەوت کێشە بەرەوڕووی پارتییە و ئەو مەبەستە، بۆیە شتێکی ئاساییە مرۆڤ تا بۆی بلوێ بەلا لە خۆی پاس بکا. دەبێ ئەوان دانی پێدا بنێن کەوا زۆر نەشارەزایانە دەستیان پێ کرد، نەدەبوو وا زوو خۆیان ئاشکرا بکەن کە دژی پارتین. دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە چەند هەرزە و هەڵەشەن لە سیاسەتدا.

بەڵام داودەزگای پارتی لاملی دەکەن لەوەی ڕێگر بووبن لە پێش

خۆپێشاندان لە هەولێردا، یەکێتیی قوتابیانیش لاملی دەکا لەوەی دەستی هەبووبێ لە بەتاڵکردنی خوێندن لە زانستگەدا، من بم لاملی ناکەم، نەشمکردبێ دەڵێم کردوومە، پاراستنی کوردستان ئەوە دەهێنێ مرۆڤ هەموو قوربانییەکی بۆ بدا، تەنانەت ئەگەر ئەو قوربانییە بشتکا بە رێگر لە پێش دیموکراسیدا. دەزانین کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، دۆخی سیاسیی کوردستان لە هێلکەی دەڵەمە دەچێ، پەنجەی ناسک مامەڵەی لەگەڵدا نەکا دەشێوێ. دۆخی سیاسیی کوردستان بەرگەی ئازاردانی نابەرپرسانە ناگرێ، بە تایبەتی لە هەولێردا. هەولێر ناوەندی سیاسی و ئابووریی کوردییە، هەموو شڵەژانێک لە دۆخی ئەم شارەدا شکانەوەی دەبێ بەسەر پێوەندیی دیپلۆماسیی هەرێم. چەندان کونسوڵگە لە هەولێر هەن، رۆژانە چەندان شاندی دیپلۆمات روو لەم شارە دەکەن. هەولێر ناوەندی یەکەمی بەکێشکردنی دەسمایەی بیانییە، گرژی و مەترسی لەم شارەدا دەسمایەگێڕ دەگێڕێتەوە لە هاتن. جگە لەمانە کوردستان چەندان کێشەی چارەنووسیی هەیە لەگەڵ عێراقدا، داخوازیی ناوەخۆ هەرچی بن ئەوە ناهێنن دۆزی کوردیان بۆ ببێ بە قوربانی.

خاڵێکی تر: کوردستان جیایە لە رووی سیستەمی حکوومەوە. کوردستان ئەوە نییە "برۆ برۆ"ی تێدا بێتە کردن. پاشی دوو ساڵ و چەند مانگی تر هەڵبژاردنی نوێ دێتەوە ئەنجامدان. ئەگەر گەلی کوردستان ئەم سیستەم و ئەم سەرۆکەی ئێستەی نەوێ، ئەوکاتە بە ئاسانی و بێ هیچ ماندووبوونێک دەتوانێ بەرێیان بکا. ناشێ وا هەرزەکارانە لاساییی وڵاتەیلی عەرەبی بێتە کردنەوە. من لام وایە تەنیا لە تونسدا شۆڕش رووداوێکی ئاسایی و هەڵقوڵاوی ناخی گەل بوو. تەنانەت شۆڕشی میسریش لاساییکەرەوە بوو. وا دەبینین چۆن ئێستە میسرییەل تێ گیراون نازانن چۆن لێی دەرچن. شیمانەی هاتنەوە سەر دەسەڵاتی حزبی پێشوو، یان گەیشتنەوەی یەکێک لە پیاوەیلی سیستەمی پێشوو بە سەرۆکایەتیی وڵات، شیمانەیەکی زۆر نیزێکە. شەقامە راپەڕیوەکەی دوێنێ، دەزانێ ئەوەی بۆی چوو بوو رەنگە سەراوێک بووبێ،

خەریکە شێت دەبێ و ڕۆژانە بیانووی تازە دەگرێ.

لە زۆربەی ئەو وڵاتە عەرەبییەلەی ئێستە شۆڕش و ڕاپەڕینیان تێدا ڕوو دەدا، کێشە کێشەی بێکارییە، کێشەی نان و بژێوی ڕۆژانەیە، کێشەی خانوو و نواگەی حەوانەوەیە. بێگومان کێشەی دیموکراسی و ئازادیی ڕاگەیاندنیش هەیە لەو وڵاتەیلەدا بەڵام کێشەگەلی بژێوی و بەڕێوەچوون زۆر لە پێشەوەترن، زۆریش گرینگترن لە کێشەی دیموکراسی. کێشەی دیموکراسی کێشەی وڵاتەیلی تێروتەسەلە لە ڕووی ئابوورییەوە، کێشەی وڵاتەیلی برسی نییە. لە وڵاتی برسیدا دیموکراسی چەکەرە ناکا، سەت شۆڕش بکە بۆ دیموکراسی بە فلسێک و سیستەم نایەتە گۆڕین. گەلی هەژار ناتوانێ ڕێی دیموکراسی و ئازادی بدۆزێتەوە لەبەرئەوەی قۆناغی گرینگتری لەپێشە کە تێرکردنی "مەشکە ڕەشە"یە وەک بە کوردی دەڵێن.

ئێمە لە کوردستان نە کێشەی ژیان و بەڕێچوونی ڕۆژانەمان هەیە لە جۆری ئەو وڵاتەیلە و نە کێشەی دیموکراسی. بێگومان کێشەمان هەیە و کەموکورتیمان زۆرە لە هەردوو ڕوودا، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەواندا هیچمان نییە. لە تونس و میسر و یەمەن و ئوردن و سووریادا، هەژاری و برسیەتی بە جۆرێکە مرۆڤ باوەڕ نەکا. هاوولاتییەکی ئوردنیم دواند لەبارەی بەڕێوەچوونەوە گوتی کێشەمان ئەوەیە تەماتەمان پێ ناکڕێ. نەخۆشخانەیەک لە لیبیا ساڵی ١٩٧٢ دەستیان پێ کردووە ساڵی ١٩٩٧ تەواو بووە. لە سووریا کارمەندی دەوڵەت بە بەرتیلی پێنج دۆلاری گرینگترین کارت بۆ ڕایی دەکا. لە میسر پێش ساڵ و چەند مانگێک لەوێ بووم، هەژاران لە ڕیزی نانداا کە زۆر درێژە دەکێشێ، لەبەرئەوەی نانەکە دەوڵەتییە نرخی هەرزانترە، ڕۆژی چەندانیان دەمرن. ئەو ڕۆژەی من لەوێ بووم بیست کەس مردبوون.

لە کوردستان کێشەی دیموکراسی نییە وەک ئەو وڵاتەیلە. بۆ نموونە وەک یەمەن کە حوسییەل بێ مافن، تۆ کەمینەیەکت هەبێ لە کوردستان ئازادی و مافی نەبێ، نییە. یان وەک یەمەن و تونس و سووریا بە هەزاران سیاسی ئاوارە و ڕەهەندەی وڵاتەیل بن و دەیان ساڵ نەوێرابن بێنەوە وڵات، نییە. یان

ئازادیی کاری سیاسی و مۆڵەت بۆ ڕێکخراوە و حزبی سیاسی نەبێ وەک سووریا و تونس و میسر، یان سەتان و هەزاران کەس لە بەرهەڵست و جیاوازەیلی سیاسی لە گرتیگە و ژێردەستیدا ژیان ببنە سەر، یان میدیا ئازا نەبێ، ئەمانە لە کوردستاندا نین. کوردستان هەموو ئەو ئازادییەلەی تێدا دەستەبەرە و سیستەمی سیاسی نەک هەر ناکۆک نییە لەگەڵیاندا بگرە دەستیشان دەگرێ و تەرخانەشیان بۆ دابین دەکا.

کێشەی کوردستان کێشەی خراپیی کارگێڕی و نوێیەتیی بژاردەی کوردستانە لە کارگێڕیدا. زۆر جاریش نەزانین و نەشارەزاییە لە بەڕێوەبردندا. پێشمەرگەی دوێنێ وڵات بەڕێوە دەبەن و هەر ئەوەندەشی لێ دەزانن. تەکنۆکراتیش لەم وڵاتەدا نییە. وڵات و گەلێک، ئەزموونی بەڕێوەبردنیان نەبووبێ لە رابردوودا، تەکنۆکراتیان لە کوێ بوو. ئاخۆ تەکنۆکرات مەبەست لە خاوەن بەڵگەنامەی خوێندنە یان شارەزاییە بە بەڵگەنامەوە؟ بێگومان ئەمەی دوایی، کە لە کوردستاندا نیمانە یان زۆر کەمە. بەڵگەنامەی خوێندن بێ شارەزایی و ئەزموون، نرخی نییە و حسێبی بۆ نایەتە کردن. بێگومان، ئۆپۆزسیۆن و میدیای کوردی بەو شارەزاییەلەش رازی نین کە ئەزموونیان هەیە لە کارگێڕیی سەردەمی بەعسدا، بۆیە لەواندا ئەگەر تەکنۆکرات هەشبێ ناچێتە حسێبەوە. کێشەیلی کوردستان لەچاو ئەو وڵاتە عەرەبییەلەی کە ئۆپۆزسیۆنی کوردی لاساییان دەکاتەوە، کێشەی زۆر سادەن و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێم بیانەوێ لە ماوەی ئەم ساڵەدا دەتوانن بە باشترین شێوە نەک هەر چارەسەریان بکەن، بگرە بنەبڕیشیان بکەن.

من نازانم ئاخۆ ئۆپۆزسیۆنی کوردستان ئەو بەراوردە سادەیەی پێ نایەتە کردن لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و کوردستاندا؟ یاخۆ کوردستانی لە قافدا گرتووە و دەیەوێ لەم هەلەدا شتێکی دەست کەوێ. هەر کامیان بێ ئەوپەڕی ماڵوێرانییە. وەک بنەوا، بتەوێ بزانی پاشەڕۆژی وڵاتێک چۆن دەبێ، لە ئۆپۆزسیۆنەکەی بڕوانە. ئەوەی لە کوردستاندا سەرنجی لێ دەدەین لە حاڵی

ئۆپۆزسیۆن، گەشبینیمان ناداتێ. ناچار خەیاڵمان بەوە خۆش دەکەین، بەڵکو دەسەڵاتی کوردستان هەردوو رۆڵ بگێڕێ، لەلایەکەوە دەسەڵات و بگێڕی وڵات بێ و لەلایەکی تریشەوە چاکساز و بگۆڕ و رەخنەگر لە خۆی. چەند مانگی داهاتوو زۆر گرینگن لەم ئەزموونە نوێیەدا، ئاخۆ دەسەڵات دەتوانێ ئەو بەڵێنەیلەی دابوونی بە باشی جێبەجێیان بکا و جارێکی تر ئەو متمانەیە وەربگیرێتەوە کە درزی تێ بووە، یانیش لێهاتوویی و پەرۆشییەکەی لە کارگێڕیدا، هەر ئەوە دەبێ کە لە بیست ساڵی رابردوودا لێیمان بینیوە. بەڵام با گەشبین بین.

بزاو ژ: ٤٢، ئادار ٣٠، ٢٠١١

## ئیسلامی نەما توندتیژ نەبێ

لە رۆژی ١٧ی شوباتی ئەمساڵەوە کە گرووپێک بە ناوی خۆپێشاندەر و داواکاری چاکسازی، بەردەبارانی لقی چواری پارتییان لە سلێمانیدا کرد، مەترسیی سەرهەڵدانی توندتیژی لە جڤاکی کوردستان بوو بە مەترسییەک لە ئاستیدا سڵ بکەینەوە. لە رابردوودا، جڤاکی کوردەواری جڤاکێکی لاشەڕ و نەرمونیان بووە سەرەڕای بوونی هەموو هۆیەک کە پاڵیان پێوە ناوە بۆ توندتیژی. لە راپەڕینی تەمەن سی ساڵەی کورد لە ٦١ەوە تا ٩١ کە زۆربەی دەم راپەڕینێکی چەکدارانە بووە، کورد پەنای بۆ توندتیژی نەبرد. با بەراوردێک بکەین: لە ٢٠٠٦دا شیعە و سونەی عێراق لە بەغدا چی نەما لە توندتیژی پێشانی نەدەن لە بەرامبەری یەکتردا، ئەوەی کورد لەلایەن دەسەڵاتی عێراقەوە بەسەری هاتووە بە درێژای سەتەی بیستەم، دەبوو لە گەلێک هەلدا دەستی توندتیژی لەلای کورد بە فرەوانی بکاتەوە لە ئاستی عەرەبدا، بۆ نموونە لە ٩١ لە گرتنی کەرکووک یان لە ٢٠٠٣دا لە مووسڵ. ساڵی ٩١ دەیان هەزار سەربازی عەرەب لە راپەڕینی کوردستاندا خۆیان دا بە دەستی کوردەوە، توندتیژیمان نەبینی، بە پێچەوانەوە سۆز و خۆشەویستی

و باوەش کردنەوە.

کولتـوور و داونەریتی گەلـەیل لەلایەن سـەرکـردایەتیی ئەو گەلەیلەوە بۆیان دێتە پێشکێشکردن. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بیویستیایە گەلێکی خو توندتیژی لە نێوان ٦١-٩١دا دروست دەرکرد، کە نەیکرد باشی کرد. لە دوای ١٧ی شوباتی ئەمسالەوە مەترسیی سەرهەلدانی کوردەوارییەکی خـو توندتیژ بووە بـە یەکـێک لـەو مــەترسـیـیــەلەی ســەرەتاتکە لـە کـوردسـتــان دەکـا و دەمـانترسێنێ. کێ بەرپرسیـارە لەمە؟ بێگومـان ئەو لایەنە سیـاسییەلەی بە خۆیـان و بنکەیان و راگـەیاندنی شـەو و رۆژیـانەوە توندتیـژی بەخێـو دەکەن. ئەوەی لەم دیمەنە سیـاسییە جڤاکییـەدا جێی سـەرسـامییـە لایەنێکە بە ناوی "یەکگرتووی ئیـسـلامـیـی کـوردسـتـان". سـالەیلی سـالە ئەم لایـەنەمـان وەک ناتوندتیژ و لاشەڕ و بێ چەک و مام نـەرمۆکە ناسی، لەم رووداوەیلەدا، خراپ خزایە باوەشی بزاوێکی هاندەر بۆ توندتیژییەوە.

ئەگــەر بزووتنەوەی گـۆڕان مــەیلی بەلای توندتیـژیدا بـڕوا، ئاسـاییـیـە. سـەرکـردەیلی گـۆڕان لە رابردوودا بەشـێک بوون لە بـزووتنەوەی چەکـداریی کــوردســتــان، بەردەوام چەکــیــان بـەشــانـەوە بووە و بـەکــاریـان هێناوە بۆ لەناوبردنی نـاحـەزەیلی بیـانـی و خـۆیی. پێـویست بە ئاماژە ناکا کـە هـەندێک جـار کردەوەی قـەلاچۆ ئامـێزانەشیـان جێبـەجـێ کردووە. کۆمـەلی ئیـسـلامی هـەروەتر، نـەک هـەر لە شــەڕ و ملمـلانـەی چەکدارانـەدا رۆلی هـەبووە، بگرە لە تیرۆریشدا درێغیی نەکردووە هـەر کات ویستبێتی. دەمێنێتەوە یەکگرتوو، وەک گـوتم ئەم لایەنەمـان وەک نەرمـونیـان ناسـیـبوو، بـزاوی ئیـخـوان لە ولاتـەیلی عــەرەب و ئیــســلامــدا دەیان ســالە خــۆی بە بزاوێکی لاشــەڕ نـواندووە و ناسـاندووە. ئـاخـۆ ئەم گـۆڕینە لە بـیرکـردنـەوە و هـەلسـوکـەوتدا، گـۆڕینێکی خۆمالییە لە ئیخوانی کوردیدا یان گۆڕینێکە لە سەرجەم بزاوی ئیخواندا؟ من پێم وایە ئەمەی دوایی.

لە شــۆڕشی مـیـسـردا، ناتوانین بیـشـارینـەوە کـەوا ئەگـەر رژانـی تانک و زرێداری سـوپا بۆ سـەر شـەقام و گۆڕەپان نـەبوایە، توندتیـژی چۆن دەبوو بە

مۆرکی جیاکەرەوەی ئەم شۆڕشە و وڵات دەبوو بە لافاوی خوێن. وێڕای ئەمە، لە ئاخاوتنی سەرکردەیلی ئیخوان و ئەندامەیلیەوە، زمانی توندتیژی بەشێک بوو لە گوتاری ئەو شۆڕشە. تۆ وەرە گوێ بگرە لە یەک بەرنامەی تیڤی، دەبینی زمانی نەڕە و هەڕەشە چۆن باڵادەستە بەسەر وتاری ئیخوانی میسردا. لە ئوردنیش بە هەمان شێوە، لە سووریاش بە هەمان شێوە، لە فەڵەستینیش بەساڵەیلە بزاوی حەماس بووە بە پێشقەرەوڵی توندتیژی لەم ناوچەیە و تەنانەت لە گشت دنیاشدا. بە کورتی، ئیخوانی موسلمین، ئەو پێناسەیەی جاران دەیدا کە بزووتنەوەیەکی نەرمۆکەیە، ئێستە دەیگۆڕێ، بگرە ساڵەیلێکە گۆڕیویەتی و ئێمەی کورد بەلامانەوە گرینگ نەبووە تا ئەم دوو مانگەی دوایی کە یەکگرتوو چووە پاڵ شەقامێکی هاری کوردییەوە کە بە هیچ شێوە نوێنەرایەتیی جڤاکی کوردستان ناکا. شەقامێکە تازە لە دایک دەبێ و کاڵایەکە تازە دەبڕێ بە باڵای کوردەواریدا.

ئاشکرا دیارە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە سەری دەخورێ لە توندتیژی. لە ڕێی کۆمەڵێک مەلاوە بەردەوام لە وتاری هەینیی مزگەوتەیلدا، بارێکی گرژی دروست کردووە لە دژی دەسەڵاتی کوردستان. بەردەوام ویستوویەتی تەنگژە لە دۆخی ڕۆشنبیریی کوردیدا بنێتەوە. حەڵاڵکردنی خوێنی ڕۆشنبیرێک بە هۆی پۆرتریتێک یان شیعرێکەوە، بێگومان ناچێتە خانەی "نەرمونیانی"یەوە ئەگەر یەکگرتوو بیەوێ بیانگە بهێنێتەوە یان لاملی بکا. بەرپرسەیلی یەکگرتوو دەزانن ئەوەی ئێستە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی و لە شارەیلی تردا لە پاڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیدا دەیکەن، کارێکە دەچێتە چوارچێوەی بەخێوکردنی توندتیژییەوە بۆیە تا بکرێ خۆیانی لێ دەشارنەوە. بەرپرسێکیان لەم ڕۆژانەدا دەڵێ "ئێمە لەم خۆپێشاندانەیلەدا نامانەوێ ڕێبەر و جڵەوکێش بین، دەمانەوێ لە دواوەی بڕۆین". بە پێچەوانەوە، ئەوەی من بیزانم و فێری بووبم، ئەرکی حزب پێشڕەوایەتی و جڵەوکێشییە.

یەکگرتوو ڕاگەیاندنێکی هەیە لە ئاگر گەرمتر، بەردەوام باسی باهۆز و

ڕەشەبا دەکا کە "دنیای عەرەب و ئیسلامی گرتووەتەوە و ها بزانە گەیشت بە کوردستانیش". ئەم ڕاگەیاندنە یەک چرکە نابوێرێ لە هاندانی جەماوەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات. بێگومان من مافی ئەوەی پێ دەدەم وەک ئۆپۆزسیۆن هاندەر بێ بۆ جووڵاندنی خەڵک و داواکردنی هەر شتێک بیانەوێ، ئەوەی چەوت و پێچەوانەیە لە وتاری یەکگرتوودا ئەو زمانە ئاگر ئامێزەیە کە تازەیە لەم حزبەدا و ناتەبایە لەگەڵ ئەو پێناسەی پێشتر بە ئێمەی دابوو. تازەشە کە ئێمە هەستی پێ دەکەین "وەک گوتم" ئەگینا چەندین ساڵە ئەم پێناسەیە لە یەکگرتوودا گووراوە. بە درێژای ساڵەیلی ڕابردوو، ناوبەناو دەمانبیست کۆمەڵێک ئەندام و لایەنگر لێی جیابوونەوە و چوونەتە پاڵ کۆمەڵ لەبەرئەوەی بە سیاسەتی نەرمۆکەی یەکگرتوو قایل نەبوون. ئەمەش بۆ خۆی دیوێکی تری پرسی گۆڕانی یەکگرتووە لە باڵێکی نەرمی ئیسلامییەوە بۆ باڵێکی گەرم. یەکگرتوو بە ساڵەیلە بووە بە هێلانە بۆ هەڵهێنانی بەچکە تیرۆریست بۆ لایەنە توندتیژەکانی ئیسلامی.

ئەم گۆڕانەی یەکگرتوو یان سەرجەم بزاوەیلی ئیخوان لە وڵاتەیلی عەرەب و ئیسلامدا، لە نەرمی و هێمنییەوە بۆ توندی و هاری، بەرئەنجامی ئاسایی پەرەسەندنی ڕووداوەیل و گۆڕانی بیری سیاسیی ئیسلامە لە پاش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە. لەو مێژووەوە، ئیتر ڕەوتی توندتیژ باڵی کێشا و بوو بە دیمای تایبەت بە ئیسلام. ئیسلامی نەرمونیان و مام سەلامەتۆکە چیی تر نەما، تەنانەت لە بیرکردنەوەی ئاسایی و وتاری مەلا و ڕووناکبیرەیل ئیسلامیدا، نەرمونیانی بۆ دواجار پاشەکشەی کرد. ئەم سێلاوە، ئیخوانیشی ڕامالی. یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەک ڕەوتێک کە جێی چاوەڕوانی بوو بۆ زاینی ئیسلامێکی کوردیی نێوانڕۆی دوور لە توندی و تووڕەیی، ڕۆژ بەڕۆژ چووە پاڵ ئەو ڕەوتە گشتییە ئیسلامییەلەوە، کە تەنیا ناویان جیایە لە یەکتر.

بزاو ژ: ٤٣، نیسان ٣، ٢٠١١

ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، کێشە و تەنگژەیلی ناوەخۆیی و هەرێمیی خۆی بەس نییە، تا کێشە و تەنگژەی ناودەوڵەتیشی بێتە سەر؟ وەک دەبینین لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و ڕاپەڕین لە وڵاتەیل عەرەبیدا، جارێکی تر مەیل و مگێزی هێزەیل زل بۆ خۆ تێکەڵکردن و دەس تێ وەردان لە کاربارى ئەم ناوچەیەدا سەری هەڵدایەوە. ئەمجارەیان گەرموگوڕتر و سەرشێتانەتر لە جارەیلی بەرێ. ئەم گەرموگوڕی و سەرشێتایەتییەش زیاتر لە نیشانەی ئەوە دەچێ کە خاوەن بەرژەوەندەیل و یاریکەرەیل، پێیان وابێ گەمەی دوا گەمە دەلەیزن و ناوچەکە بەرەو دابەشبوونێکی نوێ دەبەنەوە.

خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەیل ئەگەر سەرەتا مایەی دڵخوشیی گەلەیل و ئازادیخوازەیل بوون وەک مزگێنیی گۆڕین و کرانەوە لە سیستەمەیلی سیاسیی ناوچەکەدا، ئێستە مایەی دڵەڕاوکەن لەبەرئەوەی دەبن بە دەروازەیەک بۆ خۆ تێکەڵکردنی خاوەن بەرژەوەندەیل و یاریکەرەیلی دەرەکی لە کاربارى ناوەکیی ئەم گەلانەدا.

وڵاتەیلی کەنداو، هێڵی سووری ئەمەریکان، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ بە فرەوانی گەمەیان تێدا بکا و ئەم دۆخە تازەیە بقۆزێتەوە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە هەندێکیاندا، بۆ نموونە بەحرێن کە زۆرینەی دانیشتوەیلەکەی سەر بە مەزهەبی شیعەن و کێشەی تایفەیی کێشەیەکی گەورەیە لەو وڵاتە بچووکەدا. ئێران هەروەها دەیەوێ دنەی جووڵانەوە و ڕاپەڕین لە هەندێک وڵاتی تری کەنداو بدا وەک کوێت و سعوودیە کە هەریەکەیان کەمینەیەکی باشی شیعەیان تێدایە. کێشەی تایفەی شیعە لەم وڵاتەیلەدا کێشەیەکی کۆنە، لەم دۆخە نوێیەشدا بووە بە هەلێکی لەبار بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ سوود وەرگرتنەوە لێی. لە بەرامبەردا، کاردانەوەی ئەنجوومەنی هاوکاریی وڵاتەیلی کەنداو تا بڵێی خێرا و توند بوو. هەندێکیان سوپایان نارد بۆ هاوکاریی بەحرێن. بەحرێن هاتوچۆی ئاسمانیی لەگەڵ

لبناندا بڕی و کەوتە تۆمەتبارکردنی سەرکردەیلی شیعەی لبنان و عێراق، هەروەها بە دنەدەری دۆخی ناوەخۆی بەحرێن ناوی هێنان. سعوودیە و کوێت باڵوێزیان لە ئێران کێشایەوە. چەندانی پەرەسەندنی تریش وەک ئاشکراکردنی تۆڕی خەفیەیی کۆماری ئیسلامی لە کوێت و دەرکردنی فەرمانی لەداردان و هەڵواسین بۆیان. ئەمانە پەرەسەندنی مەترسیدارن لە دۆخی ناوچەیی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا.

وەک چۆن هێڵی سووری ئەمەریکا هەیە لە ناوچەکەدا، هێڵی سووری کۆماری ئیسلامیش هەیە، ئەویش سووریایە. سووریا زۆر لە بەرژەوەندییەیل زیندووی کۆماری ئیسلامی داڵدە دەدا و دەپارێزێ، زۆر لە کێشەیلی لبنان و فەڵەستین کە ئەمەریکا و ئیسرائیل و وڵاتەیلی عەرەب بە دەستیانەوە نارەحەتن و ئێرانیان لە پشتەوەیە، سووریا بەڕێوەیان دەبا. لەبەرئەوە رۆئاوا بە گشتی و وڵاتەیل یەکگرتووی ئەمەریکا بە تایبەتی، بە خۆشییەوە پێشوازی لە گۆڕینی سیستەمی سیاسیی سووریا دەکەن، شیمانەی دەست تێ وەردانی لە جۆری لیبیاش هەیە ئەگەر ئەو خۆپێشاندانەیلە بەردەوام بن و تەشەنە بکەن. هەر ئەم دۆخە هەستیارەشە وای کردووە بەرتەکدانەوەی دەزگایەل تەناهیی سووریا لە توندتیژیدا بۆ خۆپێشاندەرەیل لە هیی وڵاتەیلی تری عەرەب زیاتر بێ. لە یەکەمین رۆژی سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەیلی سووریاوە، دروشمەیل دژی کۆماری ئیسلامی و حزبوڵای لبنانی بوون. ئەمە بۆ خۆی گومانێک دەخاتە سەر ئاراستەی بەڕێوەچوون و پەرەسەندنی ئەو خۆپێشاندانەیلە و توندیی دەزگایەل تەناهی لە مامەڵە لەگەڵ خۆپێشاندارەیلدا، تا رادەیەک پێوەندیداری ئەمەیە.

بە کورتی گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە سووریا، کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی گۆڕینێک دەبێ لە سەرجەم نەخشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. وەک چۆن گۆڕین لە وڵاتەیلی کەنداویشدا گۆڕینە لەو نەخشەیە. وێنەکێشانی ئەو گۆڕینەیلە لە خەیاڵدا، تا رادەیەک سەختە و خەیاڵ بڕی ناکا. ئەوەی دێتە پێشەوە و روو دەدا هەمووی کتوپڕە و هیچ رامان و بیرکردنەوەیەک پێشتر

بۆی نەچووە. تا ئەمـڕۆش، کـارگـێـڕیەتیی باراک ئۆبامـا تا پێی کـرابێ لەم ناوچەیە و تەنگژەیل ئەم ناوچەیە خـۆی کێشـاوەتەوە، لە کـێشـەی لیبـیـاشـدا بەوپەڕی پارێزەوە و لە ڕێی دەسـتـی دووەمـەوە مـامـەڵە دەکـا. لە کـێـشــەیلی وڵاتەیلی تریشـدا وەک تونس و مـیـسـر و یەمـەن، وڵاتەیل یەکگرتوو کـارامـە نەبوو، بـەڵام ئێـسـتـە ئەو کـێـشـەیلە کـە هەندێکیـان لەوە دەردەچن کێشـەی چاکــسـازی و داواکـاریی شـەقـام بن و وردە وردە دەبن بـە بواری ملمــلانەی هێزەیل زل و دابەشکرنەوەی نەخشە، حسێب و کتێب هەڵاوگێڕ دەبنەوە. ئاخۆ ئەمـەریکا هەر بە ئاراسـتـەی پاشـەکشـە لـە ناوچەکـە بەردەوام دەبێ یاخـۆ جـارێکی تر بۆی دەگـەڕێتەوە؟ من لەو باوەڕەدام بۆی بگەڕێتـەوە. مـەترسی و پەلەقـاژەی کۆمـاری ئیسـلامیش لەم دۆخـەدا زیاتر ئامـاژەی ئەم گەڕانەوەیەی ئەمەریکا دەدا.

ئەوەی لەم ملمـلانە و گـەمـەیل سـیـاسـیـیـەدا ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ جیـاوازیی مەزهەبییە. بێگومان ئەمەش مژدە و نیشـانەی خێر نییە بۆ داهاتووی سـیاسـیی ناوچەکـە. کـۆمـاری ئیـسـلامـیـی ئێـران هـەرچەندە وەک دژ بۆ ئـەمـەریکا و ئیـسـرائیل و بـەرگریکار لە کێشـەیل ئیسـلامی خـۆی ڕەپێش دەکا و لە کـاتی شـۆڕشـی مـیـسـردا مژدەی ڕۆهـەڵات ناوەڕاسـتـێکی ئیـسـلامـیی دەدا، بەڵام ناتوانێ لەوە دەربـچێ کـە سـیـاسـەتێکی مـەزهەبی بەڕێوە دەبا. زۆربەی وڵاتەیل عەرەبییش مەترسیی هـەرە گەورەی سـەرە خۆیان لە مەزهەبایەتیدا دەبیننەوە کە دەسـتـی کـۆمـاری ئیـسـلامـیـی لە پشـتـەوەیە. هەبوونی کـەمـینەی شـیـعـە لە ژمـارەیەک لەو وڵاتـەیلەدا، بەتـایبـەتی لە ڕۆهـەڵاتی عـەرەبیـدا، بەردەوام وەک بۆمـبێکی کاتینە دێتە سـەیرکردن. هەر ئەمە دۆخ و مـەترسییەیە وای کردووە تورکیـای سـونە مـەزهەب بەم گـەرمـیـیـە بێـتـە پێـشـەوە و خـۆی بکاتەوە بە براگـەورەی گـەلەیلی عـەرەب. تورکیـا ئەمـڕۆ بە پانـایی و درێژاییی وڵاتـەیلی عـەرەبدا دێ و دەچێ و جـاربەجـاریش ئامـاژە بە خـەونی گەڕانەوەی ڕۆڵێکی هـاوشێوەی ڕۆڵی عوسمانی دەکا. وەک دەزانین یەکێک لە کۆڵەکەیلی وەستانی بەپێوەی عوسمانی، ململانەی مەزهەبی بوو لەگەڵ ئێرانی شیعەی سەفەویدا.

ئەم داهاتووە لێڵە کە وڵاتەیلی گەورە بۆ ئەم ناوچەیەی ئاراستە دەکێشن و ڕێنوێنی دەکەن، زۆر جیایە لە خەونی دیموکراسیی گەلەیلی ناوچەکە و خەیاڵی ئەو شەقامەی داوای گۆڕین و چاکسازی دەکا. کێشەی ئەم گەلەیلە تەنیا سیستەمی وڵاتەیلی خۆیان نییە کە هەر یەکەی نیو سەتەیە بەوپەڕی دیکتاتۆریەتەوە دەسەڵات بەڕێوە دەبا و لە دزی و فـزی بۆ دەستەیەک و پەرێشانی بۆ گەلەیلیان بەولاوە، داهێنانێکیان نەبووە. کێشەکە گەورەترە، بەرژەوەندیی وڵاتەیلی زل و قەبە رۆڵێکی گەورە و کاری دەبینێ لە نووسینەوەی رووپەڕەی داهاتوودا. ئەمەش ئەرکی شەقامەکە و جەماوەرە راپەڕیوەکە ئاڵۆزتر دەکا، بەڵام ئاخۆ ئەم شەقام و جەماوەرە بایی ئەوەندە هۆشیاریی هەیە ململانەیەکی وا ئاڵۆز بەڕێوە ببا و تێیدا سەرکەوێ؟ من باوەڕ ناکەم لەبەرئەوەی گەلەیلی ئەم ناوچەیە لە قوڕ و لیتەی خێڵەکایەتی و ناوچەیی و تایفەییدا وا چەقیون، هێشتا زۆر دوورن لەو قۆناغەی بۆنی دیموکراسی دەدا، بگرە خۆیان کەرەستەیەکی لەبارن بۆ ئەو گەمەیەی وڵاتەیلی زلی هەرێمی و ئەمەریکا دەیانەوێ پێشکێشی بکەن، ئەمەش واتە دووبارەبوونەوەی داهاتوویێکی لێڵتر لە دوێنێ.

بزاو ژ: ٤٤، نیسان ٦، ٢٠١١

### ئەو نەخۆشییەلەی مردن چارەسەریانە

خۆپێشاندەرەیلی بەردەرکی سەرا هیچ ئامانجێکیان نییە لەوە بەولاوە کێشە لە هەولێر بنێنەوە و ژیان لەم شارەدا بشێوێنن، پرسی ئەوان داوا و خواستی کۆمەڵەیلی گەل نییە. لە ماوەی پەنجا رۆژی رابردوودا داوا و خواستێکیان هەبوایە، بە جێی خۆیان دەگەیشتن. دەسەڵات لە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەماندا بە جوانترین شێوە، بە دەنگ ئەو دروشمەیلەوە چوو، کە خۆپێشاندەرەیل دەیانگوتنەوە و قۆڵی هەڵمالی بۆ چاکسازی. بەڵام ئەوان هەر لە جێ چەقیون و بە خولیای ئەوەی ئاژاوە لە هەولێر بنێنەوە تل دەدەن. لەبەرئەوەی نەشگەیشتوون بەم ئامانجە، وەک دەبینین بەردەوام و چەندی

دەسـەڵات بە دەنگیـانەوە دەچێ، ئـەوان مـەرج زیادتر دەکـەن. بە کـورتی لەوە دەچێ دژایەتی بۆ ژیانی ئارام لە هـەولێر بووبێ بە نەخۆشی و ماخـۆلیا و هیچ چارەیەکی نەبێ. کـتـومت وەک ئەوەی سـاڵی ١٩٩٤ کـە تا ئەم شـارە نـەهاتە کـاولکردن، دڵیان نەسـایەوە. هاوولاتیی هـەولێری نییە ئەم راسـتییـە نەزانێ و خـۆی بۆ ئامـادە نەکردبێ. پاش ئەوەی هـەندێک لە فـەیلەسـووفـەیلی بەردەرکی سـەرا لەوە حاڵی بوون کە گـەیشتن بە هـەولێر مـەحـاڵە، لە تەشکی خـۆیان دا و رۆیشـتنەوە. هـەندێک نـووسینـم خـوێندەوە لـە ئاخـاوتنـی ئەو فـەیلـەسـووفـەیلە، بێزم هاتەوە لە نـاوچەپەروەری و رک و کینە بۆ هـەولێر کـە شـارێکی کـوردییە و پایـەتەخـتـیـشـە بە حـسـێب. بـەڵام دیارە هـەنـدێک نەخـۆشی تـەنیـا مـردن چارەسەریانە.

نەخـۆشی نەخـۆشی بەدوای خـۆیدا دەهێنێ، وەک دەزانین. ئەوە نـەخـۆشـییـە تۆ پێت وا بێ بە کەمـینەیەکی زۆر کەمەوە بتوانی ویسـتی خـۆت بەسـەر تەواوی ولاتێکدا بسـەپێنی. لە بەردەرکی سـەرادا چەند کـەس هـەن؟ پێنج هـەزار؟ دە هـەزار؟ پازدە هـەزار؟ بیـست هـەزار؟ گـەورەترینی ئەم ژمـارەیلـە مـافی ئەوەی نییـە داوای گۆڕینی حکوومـەت و هـەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمـان و هـەڵبژاردنەوەی سـەرۆکی هەرێم بکا، سـیسـتـەمی ئەمرۆی دنیا پشت بـە زۆرینەی هـەڵبـژاردن دەبەسـتێ. ئەی کـەمـینە تۆ کێی داوای گۆڕین دەکـەی؟ بەردەرکی سـەرا تەنیـا مـافی بەرزکـردنەوەی هـەندێک داخـوازیی هـەیە بۆ دەسـەڵاتەیلی ولات، مـافی پاڵەپەسـتـۆی هـەیـە، مـافی مـانگرتن و خـۆپێشـاندانی هـەیە، بێگومـان دەتوانێ نەک پەنجا رۆژ پێنسـەت رۆژیش مان بگرێ بەڵام داخوازییەل بەرز کاتەوە نەک داوای رووخـاندن و گـۆڕین. بیـست ئەوەندەی تریش لەوێ کـۆ ببنەوە ناکا بەو ژمـارەیـەی پێویست بـێ بۆ هـەڵوەشـاندنەوەی دەسـەڵاتەیلـی کـوردسـتـان. ئەوە گـاڵتـەکردنە بە ویسـتی گـەلێک تۆ بتـەوێ بە چەند هـەزارێک بڕیاری ملـیۆنێک دەنگدەر هـەڵوەشـێنیـەوە. تۆ چیت؟ تۆ کـێیت ئەی بەردەرکی سـەرا شـتێک داوا دەکەی مافی تۆ نییـە؟ بۆ رێگە بە خـۆت دەدەی گاڵتە بە رابردوو و چارەنووسی گەلێکەوە بکەی؟

نەخۆشییەکی تر ئەوەیە مرۆڤ خۆی لە سەرەوەی یاسادا ببینێ. داوا لە دەسەڵات دەکەن بە زوویی لێپێچینەوە لەوانە بکا کە خەڵکیان کوشتووە، بەڵام باسی ئەوانە ناکەن خۆیان پۆلیسیان کوشتووە. کوشتنی پۆلیس لە کاتی بەجێ‌هێنانی ئەرکدا لە سەرتاسەری دنیادا تاوانێکە لە چەندان تاوانی کوشتنی ئاسایی گەورەترە. کوشتنی پۆلیس تەنیا کوشتنێکی ئاسایی نییە، کوشتنی یاسا و سەروەریی وڵاتە. سەیرە فەیلەسووفەیلی بەردەرکی سەرا ئەمە نازانن و رۆژانەش تەنزیر بۆ دەیان شتی پڕوپووچ دەکەن. باسی چەک دەکەن کە بە کار هاتووە، بەڵام بەردیش چەکە، هەر شتێک مرۆڤ یان ئاژەڵی پێ بێتە کوشتن چەکە. لە کۆنیشدا و بۆ ماوەی هەزاران ساڵ تەنیا بەردە کە چەک بووە. جیاییەکی گەورەش هەیە لە نێوانی چەکی پۆلیس و پاسەوانی بنکە و بارەگای حکوومی و حزبی کە بۆ پاراستنی هێمنی و تەناهی و یاسا، هاتوونەتە هەڵگرتن، لەگەڵ بەردی ناو دەستدا کە بۆ لێدانی یاسا و شێواندنی تەناهی دێنە هەڵگرتن. چەکی پۆلیس چەکی دەوڵەتە و مۆڵەتی هەیە، چەکی شاراوەی ناو دەست و گیرفان بێ مۆڵەت و نایاساییە. جیاییەکی تر لە هەمووی گەورەتر، پۆلیس و پاسەوانی داودەزگا و بنکە و بارەگا، زۆربەیان رەشورووتن و بژێوی ژیانیان لە سایەی ئەم کارەوەیە، تا ئەوپەڕی رادەش نیشتمانپەروەر و پیشەوەر و خزمەتپەروەرن، بەرد لە مشتیش تا ئەوپەڕی رادە گێرەشێوێن و یاسابەزێن و دنیا تێکدەرە. پێم سەیرە لەم وڵاتەی ئێمەدا یاساخوێندوو بە دەیان هەزارن، بەڵام کەسێکیان نایە ئەم بنەوایەلە لە رووی یاساییەوە شی بکاتەوە.

ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی کوردستان ئامانجی لەم ئاژاوە و هەڵپێچانەی دەسەڵات بۆ ئەوە بوو کە بەشداریی پێ بکا لە فەرمانڕەواییدا و پشکێکی پێ بدا لە دەسکەوت و بەرات، ئەم رێگە پێچەڵپێچەی نەدەویست و نەشدەبوو وا خۆی بخاتە سەغڵەتییەکەوە نەتوانێ لێی دەرچێ. بنەوای حوکم لە کوردستان لە سەرەتاوە بەشداریی گشت لایەکە. ئەمڕۆش کە دەسەڵات وا بەئاسانی مل دەدا بۆ حکوومەتی بنکە فرەوان هەر لەم روانگەیەوەیە نەک چوونە ژێرباری

پاڵەپەستۆی ئەوان. بە بۆچوونی من ئێستە ئۆپۆزسیۆنە کە لە تەنگژەدایە نەک دەسەڵات. ئۆپۆزسیۆنە نازانێ چۆن خۆی لەم بارە گرانە بدزێتەوە کە بە کۆکردنەوەی هەزاران گەنج و چەندان فەیلەسووفی خەیاڵاوی، لە خۆی بار کرد و ناوی نا چاکسازی و گۆڕین.

نەخۆشییەکی تر: لە چاوپێکەوتنی یەکێک لەو ئەندامەیلەی بەردەرکی سەرادا بۆ رۆژنامەیەک، خوێندمەوە دەڵێ دەمانویست لە ١ و ٢ی ئەم مانگەدا پەلاماری داودەزگا بدەین بەڵام دەسەڵات هێزی کۆ کردبووەوە. بێگومان بە گلەییەوە دەڵێ "هێزی کۆ کردبووەوە" و بە رەواشی نازانێ. تۆ وەرە لەم گوتەن و لۆجیکە لنگەوقووچە، کە مەگەر تەنیا لەلای تاداری سێبەرۆدا ردا بەدەست بکەوێ. مافی تۆ بێ بە بەرد و "چەکی تر" پەلاماری داودەزگای دەوڵەت بدەی بەڵام مافی ئەوە نەدەی بە دەسەڵات ئەو داودەزگایە بپارێزێ کە بەشێکن لە موڵکی گشتی. توندتیژی بۆ تۆ رەوا بێ بەڵام بەرگریی بەرامبەرەکەت لە خۆی و ئەو ئەرکەی پێی هاتووەتە سپاردن، کە پۆلیسێکی لاشەرە و ماڵداریکەری ماڵی خۆیەتی، کارێکی چەوت و نارەوا بێ.

هەبوونی دیموکراسی و ئۆپۆزسیۆن و شەقام و میدیای ئازاد لە دنیای نوێدا، کە ئەمانە سیمای ژیانی شارستانییانەن، بۆ ئەوەن جڤاکێکی تەندروست دروست بکەن. بە پێچەوانەوە لە کوردستاندا، هەموو هەڵپە و هەوڵی ئەم ئۆپۆزسیۆنەی لەمەڕ ئێمە ئەوەیە جڤاکێکی نەخۆش دروست بکا تاوەکو بۆ ئامانجی خۆی بەکاری بێنێ. تۆ سەیر کە، ئۆپۆزسیۆنێک بەشێک بێ لە سیستەمی سیاسیی وڵات، ئەندامەیلی پاسی پەرلەمانییان هەبێ، بودجە وەربگرن، ئازادیی هەموو کارێکیان هەبێ وەک دەسەڵات، چۆن دەتوانن بەرد بگرنە باڵەخانەی گشتی و بێ مۆڵەت خۆپێشاندان بکەن و پۆلیس بکوژن و لە سەرووی هەموو لێپێچینەوەیەکیشدا بن؟ بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و نایەکگرتوویی دەسەڵاتی کوردستان، کە ناتوانێ یاسا بسەپێنێ و دەسەڵاتبوونی خۆی بسەلمێنێ. هەر بەردەوامبوونی ئەم لاوازی و نایەکگرتووییەشە کە بووەتە ئەو کەلەبەر و درزەی ئۆپۆزسیۆنەکە دەیەوێ

لێـوەی دزە بکا بۆ گـەیشتن بە ئـامـانجـەیلی خـۆی. ئەمـە دۆخـێکە، ئەگـەر دەسـەڵات لێی تێ بگا دۆخـێکی نەخـۆشـییـە، تەنیـاش مـردن ئەنجـامـیـەتی، مـردنێکـی گشـتی، دەسـەڵاتیش و ئۆپـۆزسـیـۆنیش و ڕۆشنبـیـرەلیش و زۆربەی گەلیش لە پاڵیاندا، لەوەی کە گەلێکی بێ هەڵوێستە.

کۆواری سڤیل ژ: ٧٨، نیسان ٩ ، ٢٠١١

## گۆڕان هیچی نییە بیدۆڕێنێ بۆیە بێباکانە هەڵسوکەوت دەکا

دیمانە: کۆواری ململانێ

دوو فـاقی لە هەڵوێسـتی ڕۆشنبیرەیل و ئـاوێتـەکردنی خـواسـتـەیل سیـاسـیی ئۆپۆزسیـۆن لەبارەی داواکارییەلی خـۆپێشاندەرەیل و ئـەو پەلامارەی لایەنەیلی ئۆپۆزسیـۆن بـۆ سـەر شـاری هەولێر دەیکەن، هەروەهـا بە ئامـانجکردنی پارتی لەو هەڵمـەتەدا، تـەوەری ئەو گفـتـوگۆیەی کۆواری مـلـملانێیـە لەگـەڵ بەدران ئەحـمــەد حـەبیب بەڕێوەبەری دەزگـای ئاراس، کـە یەکـێک لە ڕۆشنبـیـر و نووسـەرەیلی دیاری پارتییە.

* گــۆڕینـی دروشــــمـی (گــۆڕان) بۆ (ڕووخــــان) لـە بەرئـەنجــامـی سـەرنەکـەوتن لە خـەباتی دیمـوکراسـی و پـەرلەمـانیـیـەوە بـوو، یان لە بەرزبـوونەوەی بنمـیـچی خـواسـت و داواکـارییـەلی ئۆپۆزسـیـۆنەوە هـاتووەتە کایەوە؟

– بە بۆچوونی من گۆڕان خـۆی بە بەشـخـوراو دەزانێ و پێی وایە ئەو خـۆی ڕێژەی دووەمی هێناوە لـە هەڵبـژاردنەیل گشـتیی کوردسـتـاندا "٢٥ کـورسـی". لیـسـتی هـاوپـەیمانیی کـوردسـتـان کـە پارتی و یەکـێـتی دەگـرێتـە خـۆی ٥٩ کـورسـیی هـەیە، زۆربەی لا پێیــان وایە زۆرینەی ئەم ڕێژەیە هیی پـارتیـیـە و کەمتری هی یەکێتییـە، بەڵام لە سایەی ڕێککەوتنی ستراتیجییەوە یەکێتی و پارتی بوونەتە هـاوبەشـی یەکسـان. واتە گۆڕان خۆی بە لیـستی دووەم دەزانێ لە کـوردسـتـان نەک بە سـێـیـەم. سـۆنگـەی شـەڕ پێفـرۆشـتنیشی بـە پارتی بـە

بۆچوونی من هەر ئەمەیە، ئەگینا دەبوایە ئەوان دژی یەکێتی بوایەن زیاتر نەک پارتی. ئەوان کێشەیان لەگەڵ حزبەکەی خۆیاندا هەیە زیاتر. وەک ئیدارە و کارگێڕیش دەبێ ئەوان لە سلێمانی کێشەیان هەبێ نەک داخ لە هەولێر بخۆن. لاری و لەنگییەکە ئەوەیە گۆڕان راستەوڕاست پاڵپەستۆ بۆ ئەمە ناکا، دەیخاتە چوارچێوەی خواستی جەماوەرییەوە. باری جەماوەرییش دواجار گران دەوەستێ لە سەریان. وەک دەبینین ئێستە گۆڕان گەیشتووەتە بەردەم رێی هات و نەهات، ئەگەر بەردەوام دەبێ ئەنجامی نییە، بەردەوامیش نابێ و پێک دێ لەگەڵ دەسەڵات، دەبینێ جەماوەرێکی بووە بە کوڵەوە، بۆیە "وەک وتت" داوا زیاد دەکا و ئاستی داخوازی بەرز دەکاتەوە. بە پێچەوانەی قسەی تۆوە، گۆڕان نە لە پەرلەمان و نە لە شەقامدا دەسکەوتی نەبووە، بووە بە جێی نەفرەت لێکردن لەو شوێنەیلەدا.

* رۆشنبیرەیلی رابەری خۆپێشاندانەیل بەردەوام دەڵێن ئەوە خۆپێشاندانی خۆرسکی جەماوەرە و هیچ پێوەندیی بە ئۆپۆزسیۆنەوە نییە، بەڵام لە واقیعدا شتێکی تر دێتە دیتن، بەڕای تۆ ئەوە شەقامە ئۆپۆزسیۆن ئاراستە دەکات یان ئۆپۆزسیۆن شەقام بۆ خواستەیلی خۆی دەجووڵێنێت؟

– رۆشنبیرەیل راست ناکەن کە وا دەڵێن، ئەمە خۆپێشاندانی چەند حزبێکە بە پێشڕەوایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان. رۆشنبیر دەبێ راستی بە خەڵک بگەینێ نەک هەڵکەوت لێڵ و وێڵ بکا. جەماوەری کوردستانیش ئەوەندە نەزان نییە وا بە سادەیی مامەڵەی لەگەڵدا بێتە کردن. وەک لە پێشەوەش گوتم، ئەم جەماوەرە سەرەتا ئەو چەند حزبە کۆیان کردنەوە، رەنگە ئێستە خۆپێشاندانەکە بەرفرەوانتر بووبێ و لە دەسەڵاتی ئەوان کەمێک ترازابێ. هەندێک رۆشنبیریش بە خەیاڵ خۆیان لە بەردەرکی سەرادا لێ بووبێ بە "رێبەر". ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە کە بزووتنەوەی گۆڕان نەزانێ چی بکا، دەزانێ کارەکە ئەنجامێکی نییە بەڵام ئەو خۆی داوەتە دەست شەپۆڵەوە تا بزانێ داهاتوو چۆن دەبێ. گۆڕان هیچی نییە بیدۆڕێنێ بۆیە وا بێباکانە

هەڵسوکەوت دەکا. دەیانەوێ بزانن لە وڵاتەیلی ناوچەدا، یەمەن و لیبیا و سووریادا چی روو دەدا بەڵکو "ئەمە خوایە" ئەو کاتە ئێرەش جۆش بستێنێ. بەڵام من پرسیار دەکەم ئاخۆ سیاسەت و تێگەیشتن لە دنیا ئەمەیە؟ بۆچی شۆڕش مۆدەیە تا گەلەیل لاسای یەکتری تێدا بکەنەوە؟ یان نەخۆشی و پەتایە من و تۆ لە یەکتری بگرینەوە؟

* هەڵوێستی ئەو رۆشنبیرەیلە چەپ و عەلمانییانە چۆن لێک دەدەیتەوە، کە چەپڵە بۆ جاڕی جیهادی مەلایەل ئیسلامی لێ دەدەن و هاوخوان و هاوبیر بە نەتەوە؟

– کورد خوای لاساییکردنەوەیە بەتایبەتی رۆشنبیرەیلی. پێی وایە هەرچی لە دەرەوە لە هەر شوێنێکی دنیادا رووی دا یان سەرکەوت ئەوە بۆ کوردیش گونجاو و باشە. ئەمە یەکێکە لە بەڵگەیلی بێ پێناسەییمان "بە داخەوە" لە کولتوور و داونەریتدا. کوردستان میسر نییە نوێژی تێدا بکەی. باشە با بڵێین میسرە، برۆ ببینە پێوەندیی نێوانی ئەوانەی دوێنێ لە گۆڕەپانی رزگاریی قاهیرەدا بەیەکەوە نوێژیان دەکرد ئێستە بووە بەچی، ببینە چۆن ئێستە دەستیان ناوەتە پێسیر و بەرۆکی یەکتر، دەشبینین پاش ماوەیەکی تر چۆن دەتەقێتەوە. بە بۆچوونی من کەوتنە دوای مەلا، یان نوێژکردنی ئەو گەنج و رۆشنبیرەیلەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، نیشانەی ئەوپەڕی بێ هیوایی و بێ متمانەییانە بە خۆیان و داوایەلیان. سلێمانی شارێکی کراوەیە، مەلا رۆڵی تێدا نابینێ، سلێمانی شاری رۆشنبیرەیل و خەباتی عەلمانییە نەک ئیسلامی جیهادی و نوێژی سیاسی. بەڕاستی ئەمە زیاتر لە کارێکاتێر و تەنز دەچێ نەک خەباتی سیاسی و کاری ئاقڵانە. نەمدەزانی ئەم رۆشنبیرەیلە هێندە فشەڵ و بێ بناخەن.

* ماوەیەکە بە زۆر شێوە کار لەسەر هەولێر دەکەن، هەر لە هاندانی خەڵکەوە بگرە تا سووکایەتی پێکردنیشیان، تەنیا لەپێناو ئەوەی پشێوییەکی هاوشێوە لە هەولێردا دروست بکەن، ئەو هەوڵەیلە

بەرامبەر هەولێر چۆن دەبینی؟

– ئەگەر ئەم خۆپێشاندان و رابوونە، خواستی جەماوەر بێ یان داوای گشتیی خەڵکی تێدا هەبێ، نەک لە سلێمانی و هەولێر بگرە لە بچووکترین شار یان شارۆکەدا بێتە کردن، ئەوا خۆپێشاندەرەیل دەتوانن نامەکەیان بگەیەنن بە جێی مەبەست. وەک دەبینین پەیامەکە گەیشتیش ئەگەر ئەوان مەبەستیان ئەمە بووبێ. سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکوومەت و رۆشنبیرەیلیش زۆر باش بە دەمی ئەو داوایەلەوە چوون. بەڵام ئەو هەموو پاڵەپەستۆ و خەمە بۆ گەیاندنی کێشەکە بە هەولێر، ئاشکرای دەکات کە ئەوان نیازیان کێشەنانەوەیەکی گەورترە و کارنامەیەکی سیاسییان هەیە نەک کەوتنە دوای خواستی کۆمەڵەیل. ئەوان خەڵەتاون بەوەی بژاردەیەک لە وڵات دەتوانێ لە رێی شەقامەوە بگا بە دەسەڵات، ئەمەش ئەوپەڕی گێژی و سافیلکەییە. ئەم خەیاڵە لە میسر و تونسیشدا سەرنەکەوتووە تا بڵێین دێتە کۆپیکردنەوە. ئەوان لەوێش نەگەیشتوون بە دەسەڵات و هەڵبژاردنیان لە پێشدایە. لێرە، تەنیا بیرمان بۆ رک و کینە و تۆڵەی مێژوویی لە سیاسەتی کوردی و نەخۆشیی ناوچەپەروەری دەچێ، کە بەداخەوە ئەمانەش دۆز و داوای هێندە کرێت و بێ ئاستن، کە مرۆڤ ناتوانێ زۆریان لەسەر بدوێ و بنووسێ.

* هەڵوێستی ئەو بەشە رۆشنبیرەی هەولێر چۆن لێک دەدەیتەوە کە پێیان وایە هەولێر بووە بە مۆڵگەی سەربازی و رێگە بە خۆپێشاندان نایەتە دان؟

– ئازادی لە یاساوە لە دایک دەبێ، هەر بە یاساش دێتە پاراستن. رۆشنبیرێک لەم بنەوا سادەیلە تێ نەگا بۆچی رۆشنبیرە؟ کەس چووە داوای مۆڵەتی خۆپێشاندان بکا بۆ پرسێکی رەوا و پێی نەدەن. ئەو دەسکەوت و ئازادییەی لە هەولێر هەیە دەبێ بە یاسا و ئامێرەیلی دەستی یاسا، کە پۆلیس و ئاسایشن بێنە پاراستن. هەروەها، وەک گوتم سەرۆکی هەرێم زۆر ئەرێنی هاتە پێش و دوو سێ جار وتاری دا لەم بەینەدا. حکوومەتی هەرێم و

پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕۆژێکیش خافڵ نەبوونە لە سەرەتای ئەم تەنگژەیەوە بۆ بەدواداچوونی ئەو داوا و دروشمەیلەی هاتوونەتە بەرزکردنەوە. پلان و بەرنامەیان داناوە بۆ چاکسازی، مۆڵەتیان بۆ داناوە. شتێک نەماوە تازە بێ و تۆ بێی لە هەولێر بیکەی. هەموو شت هاتە گوتن و کردن. مەبەست چییە هەولێر بشێوێ و ژیان تێیدا بوەستێ ئەگەر ئەم خەیاڵە نیاز و مرازێکی نارەوای لە پشتەوە نییە؟ حکوومەت ئەرکی ئەوەیە ئارامیی ناوەخۆ بپارێزی. ئەوەی لە هەولێر روو دەدا دەق ئەرکی راستەقینەی حکوومەتە. شتێک نەبووە نایاسایی بێ، بە پێچەوانەوە، کارێکە مێژوو شانازیی پێوە بکا.

* تۆ کادیرێکی دیاری پارتیت، پێت وایە ئەو تێگەیشتنە راستە، کە پارتی لە خۆپێشاندان دەترسێت؟

– ئەگەر پارتی لە خۆپێشاندان بترسایە لە پەرلەمان یاسای بۆ دەرنەدەکرد. پارتی لەوە دەترسێ بەری رەنجی خۆی و گەلی کوردستان لەلایەن گێرەشێوێنی ناوەخۆوە و بەپلان و فیکەی ناحەزی دەرەکییەوە تووشی مەترسی ببێ. پارتی بەم وڵاتەوە ماندوو بووە، دەشیەوێ بەرەو بەختەوەریی زیاتر و رزگاریی یەکجارەکیی ببا، بێگومان ئەوەی ماندوو نەبووە خەمی هیچی نییە و لە هیچ باکی نییە. پارتی دەترسێ ڕاستە بەڵام ئەمە ترسی بەرپرسیارەتییە نەک ترسی بێ ورەیی.

* خۆپیشاندەرەیل و ئۆپۆزسیۆنیش زیاتر رووی رەخنە و پەلامارەیلیان لە پارتی و بارزانییە، ئەم بە ئامانجگرتنەی پارتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– ئەوان دەزانن پارتی و بارزانی بەرگریکەری کوردستانن، ئەوان نەبن، ئەمان رێیان بۆ تەخت دەبێ بۆ مەرامی چەوت و چەوێڵ. هۆیەکە ئەمە نەبێ، ئاخۆ بە بۆچوونی تۆ چییە؟ شتێکی زیاتر لەوە هەبوایە، ئێمە لەو هەموو راگەیاندنەدا دەمانبیست. تا ئێستە وتاریکم نەخوێندووەتەوە لۆجیکێکی تێدا بێ لەو رەخنەیلەی بۆ بارزانی و پارتی دێنە ئاراستە کردن. ئەوان داخیان

لەوەیە کـە، بۆ نموونە پـارتی و بارزانـی وتوویانـە هـەولێـر دەکـەین بـە دوبەی. ئەمـە سـەری زار و بنی زاریانە. ئیـتر بەم پێوەرە هەمـوو شـتی تریان بپـێوە، شـتێکیـان نییە برِوا بە کـەس بهێنێ کە بارزانی و پارتی رۆڵیان ئـەرێنی نییـە لەم وڵاتەدا.

کۆواری ململانێ ژ: ١٨، نیسان ١٠، ٢٠١١

## هێز سەرکەوتن لەبار دەبا

راگـەیاندنی هـاوبەشی پـارتی و یەکـێـتی لە ٧ی ئەم مـانگەدا بوو بە مـایەی سـەرنج راکێشانی کۆمەڵەیلی ناوەخۆ. زۆر کـەس پێیان وایە هەڵکشـاندنێکی تێدایە، بـە پێچـەوانەوە من هـەڵکشـاندنم تێـیدا نەبینی، روونکردنەوەی وێنەی دۆخی ناوەخۆی کوردستانم تێدا بینی بە نەختێک کراوەتر لە روونکردنەوەیلی پێشـوو، دەتوانم بڵێم بە درەنگیـشـەوە هات. ئەوەی لەو راگەیاندنەدا هـاتووە، پێشتر لە لایەن بەرپرسـەیلی ئەو دوو لایەنەوە خـۆیان و لەلای راگەیاندنیـانەوە زۆرپاتە کراوەتەوە. خاڵەیل سەرنج راکێش بۆ من ئەمانە بوون:

یەکـەم: ئۆپـۆزسـیـۆن بەردەوام مـیـچی داخـوازی بـەرز دەکاتەوە. ئـەویش بە نیـازی رێ بەسـتن لە هـەر وتووێژێک لەپێناو چارەسـەری ئەو پرسـەیلەی هـەن، جا ئەو پرسـەیلە پێوەندییان بە داخـوازی کۆمەڵەیلەوە هـەبێ یاخـۆ داخـوازی ئۆپـۆزسیـۆن خۆی بێ.

دووەم: لەو کـاتەدا کە دەسـەڵاتی کوردسـتـان دەیەوێ هـەوڵی خـۆی لـەپێناو جـێـبـەجـێکردنی مـادەی ١٤٠دا خـەسـتـتـر بکاتـەوە، ئۆپۆزسـیـۆن جـۆرێک هـاوبەندیی لەگەڵ "شۆڤینیستان"دا گرێ داوە بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی کورد.

سـێیەم: "لە وزەدا نەمـا"، دەسـەڵاتی کوردسـتان رێگە و شـێـواز و توانسـتی خـۆی هـەیە بۆ بەتاڵکردنی ئەو خـۆپێشـاندانـەیلەی بەردەرکی سـەرا لـەبەرئەوەی ئـەگــەر داخـــوازییـــەک هـەبووبێ بۆ چاکـــســـازی، هـاتە گـــوتن و لەلایـەن دەسەڵاتیشەوە بە ئەرێنی هاتە وەرگرتن.

ئەمەی سەرەوە پوختەی راگەیاندنەکەیە. بۆ خاڵی یەکەم شتێکی تازە نییە لەسەری بدوێین. دەڵێ ئۆپۆزسیۆن رۆژانە و بە پلەپلەیی داخوازی زیاد دەکا، ئەمە راستە. بەڵام بۆ لە بیرمان دەچێ کە ئۆپۆزسیۆن لە سەرەتاوە رادەی هەرە بڵندی ئەم داخوازەیلەی راگەیاندووە. لەو ساتەوەش رۆژانە کار دەکا بۆ سازدانی جەماوەر لەپێناویاندا. لە راگەیاندنەکەی گۆڕان لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ئەم ساڵدا هەموو شتێک هاتووەتە گوتن لە پرسی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەت و دروستکردنی حکوومەتی گواستنەوەییدا. ئەمانە بیست رۆژ پێش ١٧ی مانگی شوبات هاتوونەتە راگەیاندن. بەڵام داگرتن "تعبئة" و سازدانی شەقام بە بەرنامەی حزبی، کاتێکی درێژتری ویستووە. گۆڕان لەو راگەیاندنەی ٢٩ی کانووندا، نەیشاردووەتەوە کە ئامانجی گۆڕینی دەسەڵاتە و لاسایی رووداوەیلی تونس و میسر دەکاتەوە.

لە خاڵی دووەمیشدا تازەیەک نییە. تەنیا ئەوە نەبێ سەرەتا هزر بۆ ئەوە دەڕۆیی کەوا کۆماری ئیسلامی دەستێکی لەم کارەدا هەبێ لە تۆڵەی ئەو خۆپێشاندانەی لە بەر دەرکی کونسوڵگەی کۆمار لە هەولێردا هاتە کردن و چەند وێنەیەکی تێدا هاتە سووتان. لەم راگەیاندنە تازەیەی پارتی و یەکێتیدا ئاماژەیەکی ژێراوژێری بۆ لیستی عێراقییە هەیە کە لیستی "ناحەزەیل"ی کوردە لە پەرلەمانی عێراقیدا، بە تایبەتی بۆ مادەی ١٤٠.

بزووتنەوەی گۆڕان خۆشی ئەمەی نەشاردووەتەوە تاوەکو ئێستە بۆ ئێمە دەربکەوێ. چەندان جار هەوڵیان داوە بۆ راکێشانی ئەو لیستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانیی کوردستان و رێیان بۆ خۆش کردوون دەست لە کاروباری ناوەخۆی هەرێم وەربدەن. لە پرسی چوونی پێشمەرگە بۆ کەرکووکدا بینیمان چۆن بە ناحەزایەتیی رای گشتیی کوردستان، هەڵسوکەوتیان کرد.

تا ئێرە راگەیاندەکە پێشاندانی دیمەنی رابردووی ئەم چەند مانگەی پێشووە، ئەوەی تازەیە تێیدا، هەڵشەقاندنی دەستی هێز و هەڕەشەیە کە دەڵێ دەسەڵات چیی تر رێگە نادا ئۆپۆزسیۆن ئارامی و ژیان و بژێویی خەڵک

بشـێـوێنێ، چیی تر ڕێگە نادا گـۆڕەپانی بەردەرکی سـەرای سلێـمـانی پاوان بکا. ڕەنگە هـەر ئەمەش بێ مـەبەسـتی خەڵک، کە دەڵێن هەڵکشاندنێک هەیە لە هەڵوێستدا. بەڵام با بپرسین ئاخۆ هەڵشەقاندنی مستی هەڕەشە چییە و چۆن دێتـە کـردن؟ ئـاخـۆ هێـزی چەکدارییـە مـەبەست لێی؟ یاخـۆ هـێـزی یاسـا و دەسەڵاتی شارستانی؟

وەک بینیـمـان هێـزی چەکداری لە سـەرەتاوە، ڕۆژی دوای ١٧ی شـوبات کە پەلامـاری لقی چوارەمی پارتیی تێدا هـاتە کـردن و مـەترسـی هـەبـوو زیاتریش بڕوا، هـاتە بەکـارهـێنان. هێـزی حکوومـەتی هـەرێم "زێرەڤـانـی" گـەیشـتـە سلێمـانی. هێندەی نـەبرد بە هـەمـوو لا پارتییـان خسـتـە کونجێکی تەسکەوە. "هێزەکە هێزی پارتییە" گوتیـان، کە هـی پـارتیش نییە. "سـەرۆکی حکوومـەت ئاگـای لێ نیـیـە" گـوتیـان، کـە ئاگـاشـی لێ بووە. ئیـتـر ئـەو هێزە بـە ناچاری چووەوە شوێنی خۆی. زیاتریشمان بیست، هەندێک بەرپرسی یەکێتی هێزیان ناردبوو بۆ پاراستنی گردەکە نەبادا ئەو هێزەی زێرەڤانی پەلاماری ئەوێ بدا. باشە ئەمڕۆ چی گۆڕاوە لەم دۆخە، تا وەکو مست بێتەوە هەڵشەقاندن؟

بە بۆچوونی من لە نێوان ئەمڕۆ کە ئەم وشـەیلەی تێدا دێتـە نووسـین، لەگەڵ ١٧ی شـوباتدا هیچ جیـاوازییـەک نییـە لە هەڵوێسـتـی سـیـاسـیـی دەسـەڵاتدا. یەکگرتوویییەک نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەنگژەیە. لە کـوردسـتـان کەس بەم تەنگژەیە دڵەڕاوکەی نـیـیـە لـە پارتی بەولاوە. نیـازی هەمـوولا لاوازکـردنی پارتـیـیـە تـا ناچاری بکەن بۆ نوواندنی نەرمــیی زیاتر لە هـاوپەیمانـەتیـدا. بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بە هێزی دووەم دەزانێ، پێی وایە، زۆری تریش پێیان وایە، ئەو ٥٩ کـورسـیـیـەی لیـسـتی هـاوپەیمانی لـە پەرلەمـانی کوردسـتـاندا، زۆرینەی هـی پارتیـیـە لەبەرئەوەی لە هەڵبـژاردنی تـەمـووزی سـاڵی ٢٠٠٩دا بنکەی یەکێتی زیاتری دەنگی بە گۆڕان داوە. بەلای گۆڕانـەوە، پارتی نەبوایە و ڕێککەوتنی سـتراتیجی نەبوایە یەکێتی نەمـابوو، بشمایە هێزی سێیەم بوو. گۆڕان بە مـافی خـۆی دەزانێ هـاوبەشی دەسـەڵات بێ لەگەڵ پارتیدا لە جـێی یەکێتیدا.

هەرچی یەکێتیشە، دەزانێ ئەو خۆپێشاندانەی بەردەرکی سلێمانی زیانی ئەویان تێدا نییە. لەبەرئەمە وا بۆ دوو مانگ دەچێ بەخێوی دەکا. دەزانێ نیازی خۆپێشاندەرەیل، سلێمانی و یەکێتی نییە، نیاز هەولێر و پارتی و سەرۆکی هەرێمە. بە گەیشتنی ئەم خۆپێشاندانە بە هەولێر هەموو شت لە سلێمانی ئاسایی دەبێتەوە، بەمەش پارتی دەکەوێتە تەنگژەیەکی گەورەوە کە لاوازی دەکا بۆ هاوپەیمانیی زیاتر لەگەڵ ئەودا نەک گۆڕان.

بە کورتی ئەم گەمەیە، گەمەی هێز نییە تا بیر لە بەکارهێنانی بێتە کردنەوە، گەمەکە گەمەی دەمارەیل و گەمەی دەروونییە. پارتی نەیتوانی هێز لە سلێمانی بەکار بهێنێ، نەشیتوانی بۆ چەند رۆژێک زیاتر بیهێڵێتەوە. ئەوانیش بەهێز نەیانتوانی خۆپێشاندانێک لە سلێمانییەوە بگەیەن بە هەولێر، نەشیانتوانی لە هەولێر جەماوەرێک بجووڵێنن. دوو مانگ رۆیی و هیچ رووی نەدا. بە کورتی  ئەوەی ئەوان دەیانویست نەهاتە دی. پارتی بتوانێ دۆخەکە وەک ئێستەی بپارێزێ سەرکەوتووە، بیر لە هێز کردنەوە سەرکەوتن لەبار دەبا "ئەگەر ئاماژەی راگەیاندنەکە راست بێ و بۆ هێز بێ". بە پێچەوانەوە ئەوان لە پاشەکشەدان و نازانن چۆن لەم سەغڵەتییە دەرچن. مانگێکی تر دنیا گەرم دەبێ و ناتوانن بەهۆی گەرماوە ساتێک لە دەرەوە دانیشن، بە تایبەتیش ئەوانەی خەباتی سیاسی بە سەیران تێ گەیشتوون. هێز بێتە بەکارهێنان پرسەکە بارێکی چەوت وەردەگرێ و ئەوانیش ئەمەیان مەبەستە.

بزووتنەوەی گۆڕان دەبێ زیاتر ئاوڕی لێ نەیەتە دانەوە بۆ پرسی وتوویژ. دەرکەوت نە داخوازی جەماوەرییان هەیە و نە شتێکی تری رەوا. دەرگەی بەشداری لە دەسەڵات دەرگەیەکی کراوەیە ئەگەر ئەوان مەبەستیان بەشداری بێ. بەشداریی گشت لا لە دەسەڵاتدا، بنەوا و پرەنسیپێکی گشتییە لە کوردستان، بەڵام دەبێ بە ئاشکرا داوای بکەن نەک لە رێگەی پێچاوپێچ و تەمومژاوییەوە، بە پێی قەوارەی خۆشیان لە پەرلەمان داوای بکەن نەک زیاتر.

بزاو ژ: ٤٥، نیسان ١٠، ٢٠١١

## چەند دیمەنێک لە گاڵتەئامێزی

لەم ڕۆژانەدا سەرکردەی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "کوردستان لە تەنگژەیەکی سیاسیدایە". زۆر کەسی تریش وا دەڵێن، بەڵام سەرکردەی حزبێک زیاتر قسەی لەسەر حسێبە لە کەسێکی ئاسایی. خۆزگە ئەو پیاوە دەیزانی "تەنگژەی سیاسی" واتە چی، ئینجا ئەم شەکرەی دەشکاند. پێش ساڵێک و حەوت مانگ و نیو، هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان هاتووەتە ئەنجامدان. بەپێی ئەنجامەیلی ئەو هەڵبژاردنەیلە، بەشێک لە حزبەیل بە مافی خۆیان گەیشتوون بە دەسەڵات و بەشێکیش بە دڵخوازی خۆیان بوونەتە بەرهەڵستی. لەوەبەدواش، ئازادیی میدیا هەبووە، ئازادیی کاری سیاسی هەبووە، ئازادیی خۆپێشاندان هەبووە و تەنانەت ئازادیی کوشتنی پۆلیسیش هەبووە بۆ بەڕێزیان، کەواتە "تەنگژەی سیاسی" لە کوێدایە. ئاخۆ هەموو کەموکورتییەک لە وڵات دەچێتە ژێر ناونیشانی "تەنگژەی سیاسی"یەوە؟

ئەو بەڕێزە قسەیەکی تر دەکا لەوەش نابەرپرسانەتر، دەڵێ: "بەشێکی زۆری بودجەی ئەم وڵاتە بۆ پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی و پێشمەرگە هاتووەتە تەرخانکردن. کەواتە منەتی چیی تێدایە ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێ؟" ئەم سووکایەتییە بە هێزی پاراستنی تەناهی لە کوردستان و بەزۆر زانینی ئەو بودجەیەی لە پاراستنی ژیان و سامانی هاووڵاتییەیلدا دێتە خەرجکردن، نیشانەی ئەوپەڕی نابەرپرسیارەتیی سیاسییە، لە سەرۆکی بزاوێکی سیاسی ناوەشێتەوە وا بڵێ. ئەو دەبێ ژیان و ماڵی خەڵکی بەلاوە زۆر گرینگتر بێ لە پارە و پوول. ئەگەر پرسی سەپانی ئاسایش لە وڵاتێکدا تەنیا هەبوونی بودجە بێ، بودجەی عێراق دە جار پازدە جار لە بودجەی کوردستان زیاترە و سبەینەش نییە لەگەڵ هەواڵی چەندان قوربانیدا ڕانەچەنین.

بەڵام بێگومان، یەکێک ئەمن و تەناهیی وڵاتی بەلاوە گرینگ نەبێ وا دەڵێ. ئەو و لایەنگرەیلی ئەو، پەروەردەی کولتوورێکن، بە توندتیژی خەمبار نابن و

خـوێنی دەیان کـەس لە چرکـەیەکـدا زەوی سـوور بکا، دایان ناچڵـەکێنـێ. بە پێـچـەوانـەوە رەنگە حـەزیش بکەن. نەمـانزانیـوە تیرۆر لەم وڵاتـی عێـراق یان کوردستانە یان لە سـەرتاسەری دنیادا گرووپێکی ئیسلامـیی کردبێ بە ئامانج و نیــشـــان. هەڵکشـــانی ڕێژەوی توندتیــژی بۆ ئەوان بـوونەوەی دەرگـــەی بەختەوەری و مرازی گەیشتن بە کورسیی دەسەڵاتە.

دیمەنی کـۆمـیـدیا ئاسـا و پڕ لە گـاڵتـەجـاڕیی سـیـاسـەتی ئۆپـۆزسـیـۆنی کوردسـتـان لەم حـەوتووەدا، لەمـەش سـەمەرەتری تێدا بـوو. یەکێکی تریان ئەو "نەخشەڕێ" و "پەیمانە کۆمەڵایەتی"یە بوو کە لە ئەنجوومەنی بەردەرکی سەرای سلێـمـانیـیـەوە دەرچوو. من بۆ خـۆم دەزانم کـۆبوونەوەی خـوانەناس لـە پشت مـەلای بنـاوانرۆ و نوێژکـردنی بێ تارات و گـەڕەلاوژەی نوکـتـە و گـوڵەبەڕۆژە تەقاندن کـارێکی سـیـاسـی نییـە و شـتـی رژدی لێ ناکەوێتـەوە بەڵام نەمـدەزانی دەگـاتە ئەم رادەی لەخـۆ گـۆڕان و گـاڵتـەکـردنـە بە خـۆ و بە مـێـژوو. تەمـەنی هەرزەیی و رواڵی لەلای مرۆڤدا زۆر خـۆشـە، لەم تـەمـەنەدا مـرۆڤ لاسـای زۆر شـتـی گەورە دەکـاتەوە. ئێـمـەش لەم تـەمـەنەدا وا بووین، لە رێی خـوێندنەوەوە بووبووین بە شـۆڕشگێڕ نـەک بە ئەزمـوونی ژیان. سـەرسـام بووین بە شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر و حـەزمـان دەکرد لە مـاوەی مـانگێکدا کرێکارەیل لـە کارگـە و بنکەیل پیشەسـازیی زل و قەبەی کوردسـتـان مان بگرن و بەرهـەمهێنانی کـاڵا بوەسـتێ، ئەوجـا برا، دەسـمـایـەدار بکەوێتە پەلەقاژە، لەولاشـەوە جووتیـاری هاوپەیمان لە لادێوە هەڵمـەت بێنـێ بۆ شـار و تـەخت و دەسـەڵاتی دەسـمـایە وەرگـەڕێن. یان سـەرسـام بووین بە شـۆڕشـی فـرەنسـا و کـۆمـوونەی پاریس، هەندێک لە هاوەڵەیلمـان ئەوەندەیان زێدەڕۆیی کـردبـوو لە خـوێندنـەوەی بابەت لـەبارەی کـۆمـوونـەی پاریسـەوە، تەنیـا بە جـەسـتـە لێـرە مـابوون ئەگـینا سـەتان سـاڵ گەڕابوونەوە دواوە و لە سـەردەمەیلی زۆر زوودا دەژیان.

پاشان بۆمان دەرکەوت کوردستان وڵاتێکی جیایە، وڵاتەیل گشتیان لە یەک جیان. کوردسـتان یەک کارگـە و فابریکەی تێدا نییـە و یەک کرێکاریش نییـە مـان بگرێ. دەسـمـایەداریش لە کوولەکەی تـەڕدا پەیدا نییـە. ئێـمـە ئـەو کـاتە

هەرزە و رواڵ بووین، فەیلەسووف نەبووین وەک ئەوانەی ئەمڕۆ "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لە سلێمانی دەردەکەن و لاسای شۆڕشەیلی فرەنسا و کۆموونەی پاریس و فەیلەسووفەیلی پێش سەتان ساڵی ئەوروپا دەکەنەوە. ئەم لە خۆگۆڕانە هی تەمەنی پێگەیشتن و بەخۆداهاتنەوە و رۆشنبیری نییە، مەگەر بۆ نیازی گاڵتەکردن بە هزری خەڵک و بە گەوج زانینیان یان دەسکەوت چنینەوە، بێتە نواندن.

"پەیمانیی کۆمەڵایەتی"ی کوردی بە ئیمزای ئەنجوومەنی بەردەرکی سەرا دەرچووە، بەڵام ئەم ئەنجوومەنە کێیە؟ رەواییەکەی چییە؟ چۆن داوا دەکا هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی کوردستان "بی قەید و شەرت" هەڵوەشێنەوە؟ داوا دەکا هەرچی یاسا و بڕیار و بناخەی کاری سیاسی و کارگێری هەیە لەم هەرێمەدا هەمووی هەڵوەشێتەوە. لە هەمووشی سەیرتر ئەو "پەیمانە کۆمەڵایەتی"یە وەک دەستووری کوردستان خۆی پێشکێش دەکا. بۆ نموونە ئەم خاڵەیلەی خوارەوەی چەند سەمەرەن: * "ئەم پەیماننامەیە بناغەی ژیانی سیاسی و دەستوورییە لە هەرێمی کوردستان، هەر یاسایەک پێچەوانەی بەندەکانی بێت هیچ رەوایەتییەکی تێدا نییە". یان * "نابێت هیچ بەندێکی ئەم پەیمانە بە جۆرێک لێک بدرێتەوە کە پێچەوانەی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بێت". یان * "پرۆسەی واژۆکردنی ئەم پەیماننامەیە بە هەموو ئەم رێوشوێنە یاساییانەدا دەڕوات کە لە بەردەم دادگە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان و رای گشتیدا لە هەرێمی کوردستان پابەندی و ئۆباڵی ئەخلاقی و یاسایی لەسەر کەس و لایەنی واژۆکار دروست دەکات". ئەم رستەی دوایی باش روون نییە لەبەر خراپیی زمانەکەی، بەڵام زانیم مەبەستی چییە.

لەو نابەرپرسیارەتییە گەورەیلەی لە سەرکردەیلی ئۆپۆزسیۆن و فەیلەسووفەیلەوە دەیانبینین، مرۆڤ جارێک دەشڵەژێ و جارێکیش تاس دەیباتەوە. من دەڵێم پێویست بە شڵەژان و تاس بردنەوە ناکا، ئێستە تۆپ لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدایە. راستە چەند رۆژی یەکەم لە کاتی بەردەفڕکەکەدا،

هەموو شت بەلای ئۆپۆزسیۆندا بوو، ئێستە وا نییە. ئۆپۆزسیۆن زیاتر بە دوای قسەی قۆڕ کەوتووە کە لێرە هەندێکانم بە نموونە هێنایەوە. ئاخاوتنی بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئەوان شتێکی تێدا نەماوە شایەنی لەسەر وەستان بێت، تەنانەت لە گوتنەوەی داخوازی خەڵکیش دوور کەوتوونەتەوە. تۆپ لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدایە و دەتوانێ ئەو بەرنامە تێر و تەسەلەیلەی پێشکێشی کردن، بە دوایان کەوێ و جێبەجێیان بکا. چەند مانگیش بخایەنێ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە هاوولاتییەل هەست بەڕاستگۆیی بکەن لە پرسی چاکسازیدا.

ئەوەی من پێی دەشڵەژێم و لە ئاستیدا و تاس دەمباتەوە، دیمەنی گاڵتەئامێزی ئەژنۆیەل شلەی دەسەڵاتە، کە هەندەی بەلاوە گرینگە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا ڕێک کەوێ نیو هەندەی بەلاوە گرینگ نییە بە داوی ئەو بەرنامەیلەی خۆی بکەوێ کە دەسپێکێکی دروستن بۆ چاکسازی و هیچ چارەشی نییە دەبێ ئەنجامیان بدا نەک لە ترسی دووبارەبوونەوەی مەترسی، بگرە لەبەرئەوەی ئەرکی خۆیەتی و مافی ئەم گەلەشە بیەوێ ژیانێکی شایەن بژی.

بزاو ژ: ٤٦، نیسان ١٣، ٢٠١١

### دووڕوویی: سیمای سیاسەت

چەندان ساڵە، پرسی رووبەند و چارشێو تەنگژەیەکی کولتووری، تا رادەیەک سیاسیشی، ناوەتەوە لە نێوان رەوەندی ئیسلامی و وڵاتی فرەنسادا. پەرلەمانی فرەنسا ڕێی گرتووە لە شوێنی گشتیدا رووبەند و چارشێو بێنە پۆشین. کاردانەوەی ئەمە لەناو جەماتی ئیسلامیدا پاش چەندین ساڵیش نەنیشتووەتەوە. لەم رۆژانەدا نیکۆلا سارکۆزیی سەرۆکی فرەنسا لە بواری بەرگری لە وڵاتەکەی لەم پرسەدا گوتی: "پێچە و رووبەند لێسەندنەوەی ئازادیی کەسایەتی و بەکۆیلەکردنی ئافرەتە.". ئەمە بۆچوون و بەهایەکی پێشکەوتوو و راستە، بەڵام دژەکەشی هەر راستە. ئەم بەهایە لە هەموو لاوە نایەتە پەسندکردن. بۆ هەڵگری بەهایەکی تر، تەنانەت لەناو ئەوروپا خۆشیدا،

بەکارهاتنی لەشی رووت لە شاباشی بازرگانیدا لەپێناو راکێشانی کڕیار بۆ کـالا، بەکـۆیلەکـردنی ئافـرەتە. ئەوەش بزانـە ئەو ئافـرەتەیلەی لە شـاباشی بازرگـانیدا لە فـرەنسـا کار دەکـەن ژمـارەیان زیاتـرە لەوانەی مـوسـڵمـانن و رووبەند دەپۆشن. سـەرەڕای ئەوەی رووبەندپۆش بە ئازادیی خـۆیەتی ئەو کـارە دەکا، خـۆڕووتکەرەوە و سـەمـاژەن بۆ دەسکەوتنـی پارە دەیکەن، بە خـۆهێشت بێ بێگومان نایکەن. کەواتە رووتبوونەوە یان خۆداپۆشین، هەردووکیان دەشێ وەک بەکۆیلەکردن بێنە ژمار.

ئەم دووڕوویـیـە تەنیـا کـولتـووری کـۆمـەڵی بیـانی ناگـرێتـەوە، کـولتـووری کـۆمـەڵی ئیـسـلامـیش دەگـرێتـەوە. لەم رۆژانەدا ئەندام پەرلەمـانێکی ئەندەنوونسـیایی ناچار بوو دەست لەکار بکێشـێتەوە لـەبەرئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەمـان و لە دەمی کۆبوونەوەدا، هـەلی وەرگـرتبـوو لـە لاپـتۆکـەیەوە خـەریکی سـەیرکـردنی وێنەی رووتی زایەندی "سـێکسـی" بێ. ئەم پەرلەمـانتـەرە سـەر بە کۆمەڵی ئیسلامیش بوو، لێی ئاشکرا بوو و ریسوا بوو. دووڕوویی لە کولتوور و نەریتدا، ریسـواییـە جـا ئەگەر ئاشکـرا ببێ و نەبێ، بەڵام کێشـە لە دنیـای سـیـاسـەتدایە. لە دنیـای سـیـاسـەتدا دووڕوویی نەریت و بنـەوێی باوە و ڕێ پێدراوە و خـەڵکیشی لە دواوە دەڕۆن. ئەو قسـەیەی دەڵێ سیاسـەت تەکنیک یان هونەری بۆلواوییە "فن الممكنات"، دانهێنان و رەواییدانە بە دووڕوویی. لەم ناوچەیەی خـۆمـاندا دەتـوانین زۆر نموونە بـهێنینەوە بۆ دووڕوویی، کـە رۆژانە دێنە کردن و تێش دەپەڕن و دواجار دەبن بە نەریتیش.

گـەلـەیلی عـەرەب و رۆشـنبـیـرەیلی عـەرەب و وڵاتەیلی عـەرەب، بەتایبـەتی ئیسـلامییەیل لەم رۆژانـەدا ئەوەندە شاگەشکەن کە باڵەفرەی ناتۆ دەبین بنکە و مۆڵگەیلی قـەزافی دەکوتێتەوە، دەڵێی تەیری ئەبابیل دەبین بەسـەر سـوپای ئەبرەهـەوە. هـەمـوو تـاوان و کـارەیلـی کرێتـی قـەزافی لـەو ٤٢ سـاڵەدا هـێندەی تاوانەیلی سـەدام حوسـێن نابێ لە حـەوتووێکدا، کە ئێسـتـەش بەلای زۆربەی ئەو گەل و رۆشنبیر و وڵاتەیلەوە، بە تایبەتی ئیسلامییـەیل، سـەدام جێی رێز و پەسنە. لە ئەهرام، پیاوێکی چڵکنی کرێژاوی کە زانیی لە عێراقـەوە هاتووین،

کەوتە راموسین و لێستنەوەی من. دەسماڵە پیسەکەی لە سەرمەوە پێچا و بە کورکەکورکی گریانەوە بۆ سەدام، منی لاواندەوە. هێندە بە کوڵ و پەرۆش بوو نەمویست تەریقی بکەمەوە. کاک بەکر شوانیی وەرگێڕی ناسراو بە دەستی بوایە، نەک کابرا منیشی دارکاری دەکرد لەو هەڵوێستەدا.

کە سەدام هاتە هەڵواسین، میسرییەل پرسەیان بۆ گرت، گوندێکیان ناو نا "سەدام حوسێن"، ئێستەش برۆ بۆ میسر تەنیا بڵێ عێراقیم بزانە چۆن باوەشت بۆ دەگرنەوە، هەمووی بۆ خۆشیی سەدام نەک لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێکە بووەتە قوربانی. حوسنی مبارەکیش وەک قەزافی هەموو کردەوەیل کرێتی لە ژیانی فەرمانڕەواییدا ناگاتە کردەوەی سەدام لە حەوتووێکدا، تۆ بڵێ لە رۆژێکدا. بێگومان مبارەک تاوانیشی کەم بێ، ئەزموونێکی ناشیرینی پێشکێش کردووە لەو سی ساڵەی دەسەڵاتدا: وڵاتێکی دواکەوتوو، گەلێکی رووت و برسی، بەڵام ئەو تاوانەیلەی دەیخەنە پاڵی هیچ نین لەچاو تاوانەیلی سەدامدا. لرفدان "اختلاس"ی سامانێک کە دیار نییە راستە یان نا، کوشتنی چەند کەسێکیش لەم خۆپێشاندان و شۆڕشەی دوایی کە دیار نییە بە فەرمانی ئەو بووە یان نا. تکایە بە هەڵەدا مەچوو، بەرگری لە قەزافی و مبارەک و ئەسەد و ساڵح و بن عەلی نایەتە کردن، ئەوەی پاساویان بۆ بدا خراترە لەوان بەڵام پرسەکە پرسی بەراوردە بۆ پێشاندانی دووڕوویی لە نەریتی سیاسیدا کە دواجار دەبێ بە نەریتی گشت جڤاک.

بەراوردێک بکە لە نێوان شەڕی عێراق دژی ئێران و گرتنی کوێت کە سەدام بە کەڵەگایی کردنی، هەروەها شەڕ دژی کوردستان بۆ دەیان ساڵ، دواجار لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و کردەوەیلی تۆوبڕینەوە لە ئەنفالدا، گۆڕەیلی بە کۆمەڵ بۆ شیعە و کورد لە هەر ناحەزییەکیان بۆ رژێمی بەعس. قوربانییەلی ئەمانە بە ملیۆنەیل دێنە ژمار، جا وەرە بەراوردی بکە لەگەڵ رژێمی مبارەکدا. هەردووکیان دیکتاتۆرن بەڵام عەرەب و ئیسلام، زۆریان تا ئێستەش بەرگری لە سەدام دەکەن. دووڕوویی گەمە بە دەمار دەکا، لە بەغدا خۆپێشاندانی سیاسەتی عەرەبییە بۆ دەرکردنی سوپای ئەمەریکا لە عێراق،

له قەتەر کۆبوونەوەی هەمان سیاسەتە بۆ هێنانی هەمان سوپا بۆ وڵاتەیلی تری عەرەبی. ئەم دووڕوویییە کە پیاوەیلی سیاسەت و رووناکبیرەیل دایان هێنا، بووە بە کولتووری گشتی، گریانی کابرا چڵمنەکەی ئەهرام بەرهەمی سیاسەتی عەرەب و ئیسلامە.

بەڵام دووڕوویی گەورە وا بەلای ئەمەریکاوە، هات بۆ ئەم ناوچەیە بە بیانووی گۆڕینی سیستەمەیلی دیکتاتۆری بە دیموکراسی، بە بیانووی شەڕی ئیسلامی بناوانگر و ریشە دەرکێشانی قاعیدە و تیرۆر. بە پێچەوانەی ئەم بانگەشەیلەوە، ڕێی خۆش کرد بۆ هاتنی ئەمانە یەکەم بۆ پڕکردنەوەی گۆڕەپان و دووەم نێزیکبوونەوە لە دەسەڵات لە عێراق و میسر و لیبیا و یەمەن و تەنانەت سووریاش. ئەمەریکا هات بۆ کەمکردنەوەی دەستی ئێران لەم ناوچەیەدا، بە پێچەوانەوە هێندەی دەستی ئێران بەرەڵا کرد تا ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتڕۆیینی کۆماری ئیسلامییەوە. بە کورتی، دووڕوویی یان "هونەری بۆلوان"، سیمای داپۆشی سیاسەتە لەم ناوچەیەدا بە رادەیەک مرۆڤ هەست دەکا ئیتر بنەوێیەک نەما لە سیاسەتدا شایەنی ڕێز بێ. هەموو شت بۆ سیاسەت بەرهەڵدایە: چۆنی دەوێ و کەیی دەوێ.

لە هەمووی سەمەرەتر، لەم رۆژانە و لەناو ئەم گەرمەی دووڕووییەدا، ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێران کە وا پێشان دەدا تازە تێ گەیشتووە ئەمەریکا لە بێ بەروپشتیدا گەیشتووە بە چڵەپۆپە و پێشتر وای دەزانی دووڕوویی تەنیا هونەرێکی ئێرانییە، لە ئاخاوتنێکدا گوتی "دەرکەوت سیاسەتی ئەمەریکا ئەوەیە ناوچەی رۆهەڵات بکا بە دوو هەرێمی شیعە و سونەوە و بەگژ یەکیاندا بکا". نەژاد شایەنی پیرۆزباییییە لەم تێگەیشتنە راستەدا، بەڵام پاش ئەوەی کار لە کار ترازاوە و درەنگ بووە. ئەم دابەشکردنەش بەو شێوەیە، تەنیا سیاسەتی ئەمەریکا نییە، هی ئێرانیشە و دواجار ئەم گەلەیلە قوربانیی دەستی هەردووکیانن، وەک یەک بێ کەم و زیاد. قوربانیی دەستی دووڕوویی لە بەها و لە رەوشت و لە سیاسەتدا.

بزاو ژ: ٤٧، نیسان ١٧، ٢٠١١

## دەسەڵاتێک لە چەقی ڕێگەدا

شاراوە نەما، ئەو لە گۆڕەپان دانیشتنەی دوو مانگە لە سلێمانی بەڕێوە دەچێ، کاری سێ ڕێکخستنی سیاسییە و گێچەڵە بە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان. گێچەڵە لەپێناو داخوازەیلێک کە دیار نییە چییە، لەبەرئەوەی تا ئێستە ئەو سێ ڕێکخستنە دانیان پێدا نەناوە چییان دەوێ و بۆچی وا دەکەن. تەنیا ئەوە روونە کە ئەو داخوازییەلەی ئەوان پێوەندیی بە چاکسازیی کارگێڕی و بەدەنگەوەچوونی کەموکورتیی ژیانی کۆمەڵەیلەوە نییە. وەک بینیمان چەندی دەسەڵات ویستی لە ڕێی گوێگرتن لە مانگرتووەیلەوە بە دەم داخوازییەلی خەڵکەوە بچێ، ئەوان "واتە سێ حزبەکە" زیاتر پێیان لێ هەڵبڕی و میچی داوایەلیان بەرزتر کردەوە و زیاتر دوور کەوتنەوە لە چارەسەری ئاشتییانە و گرتنی ڕێگەی وتووێژ. تەنانەت ئەو فەیلەسووفەیلەی چووبوونە پاڵ مانگرتنی ئەو سێ حزبەوە، ئەوانیش خۆیان لە دانیشتن لەگەڵ بەرپرسەیلی دەسەڵات دزییەوە نەوەکا بە جێبەجێبوونی داخوازییەلی کۆمەڵەیل، هیچیان بۆ نەمێنێتەوە و ناچار بن دان بەوەدا بنێن کە دەسەڵات هەڵوێستی ئەرێنییە.

دەرکەوت، ئەو مانگرتنەیلە لاساییکردنەوەیەکی تەواویش نییە بۆ دیاردەی خۆپێشاندان و مانگرتنی کۆمەڵەیل لە شەقام و گۆڕەپانی وڵاتەیلی عەرەبیدا. لاساییکردنەوەیە بەڵام لاساییکردنەوەیەکی پێچەوانە و لنگەوقووچ. لەو وڵاتەیلە عەرەبییەدا بۆ دەیان ساڵ سیستەمی سیاسی هەڵبژاردنی گشتیی بەخۆیەوە نەبینیوە، سەرۆک نەگۆڕاوە، ئازادیی دەربڕین لە هەندێکیاندا بە رادەی سفر بووە. بێگومان لەو وڵاتەیلەدا، خەباتی لاوەیلی شۆڕش بۆ ئەوەیە سەرۆک بە هەڵبژاردن بێ، ناو بەناو هەڵبژاردنی گشتی بێتەوە ئەنجامدان، دەستاودەستکردنی دەسەڵات ببێ بە نەریتێکی تەواو و ئازادیی دەربڕین ببێ بە کولتووری جڤاک. هەموو ئەمانەش لە کوردستاندا هەن. لەو وڵاتەیل عەرەبییەدا ئۆپۆزسیۆن نییە، هەشبێ شاراوەیە یان قیرەبڕ کراوە و نووزەی

نییە. لە کوردستانی ئێمەدا ئۆپۆزسیۆن میدیای هەیە، مووچە دەدا بە خەڵک لە داهاتێک کە دیار نییە لە کوێوە دێ، چەکداری هەیە، گرتیگەی هەیە. لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵی ئیسلامی بە منەتێکەوە دەڵێ هەزار چەکدارمان هەبوو لەبەر بێ بژێوی بەڕێمان کردن. ئەمە ئۆپۆزسیۆن نییە، ئەمە کەڵەگا بەخێوکردنە لەناو ماڵدا. ئەوەی لە کوردستان روو دەدا، بە پێچەوانەی وڵاتەیلی عەرەبییەوە، هەڵگەڕانەوەیە لە دیموکراسی و ئەو ئازادییانەی کە لە کوردستاندا بەدی هاتوون. گرتنەبەری ڕێگەیەکی بەرەواژە لە لاساییکردنەوەدا.

زۆر لە نووسەرەیل ناوێرن بۆچوونی خۆیان لە ئاست ئەم دۆخەدا دەربڕن لە ترسی چەکی ئۆپۆزسیۆن. بە درێژای ساڵەیلی رابردوو خزم و هەڤاڵەیلم خەمباری و پەرۆشییان بۆم پێشان داوە و داوایان کردووە لە ئاست ئۆپۆزسیۆندا نەنووسم نەوەکا زەبرێکم تێ سرەوێن. نوێنەرەیلی ئەم ئۆپۆزسیۆنە، دەیان جار لە سەکۆی مزگەوت و مینای تیڤییەوە رۆشنبیر و هونەرمەندەیلیان کردووە بە نیشانە و خوێنیان کردوونەتە کاسەوە. هەموو ئەمانە بێ لێپێچینەوە تێ پەڕیون تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ کە دەبینین ئۆپۆزسیۆن چ گۆبەندێک دەگێڕێ. لێرە دەبێ گلەیی لە دەسەڵات بێتەوە کردن. ئەوەی لە کوردستان دەکەوێتە بەرچاو ئۆپۆزسیۆن نییە، مۆتەکە و کامووسەکە. ئەوەی لێشی بەرپرسیارە تەنیا دەسەڵاتە کە بەرپرسیارانە کار ناکا بۆ سەپاندنی یاسا.

زۆربەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە کوردییە، لە زاینێکی ئاساییەوە نەزاوە. زاینەکەی برێتی بووە لە چۆڕە و شۆڕە "تداعیات"یەکی کێشە و ململانەی شەڕی ناوەخۆ. پارتی و یەکێتی ئەم گرووپەیلەیان لە دژی یەکتردا بەخێوکردن و بەکاریان هێنان بۆ لاسەنگکردنی رای گشتی هەریەکە بەلای خۆیدا. تەنانەت ئەو میدیایەی ناویشی لەخۆی ناوە ئازاد، ئەویش هەر جۆرێک بوو لەمە. گەلێک لەو رۆشنبیر و فەیلەسووفەیلەی کە ئەمڕۆ بوونەتە ئاگرخۆشکەرەی فەرتەنە و ئاژاوە لە وڵات، بەشێک بوون لەو بایەخ پێدانەی سەردەمی

ململانەی ناوەخۆ. ئەم گرووپە سیاسییە بیژۆکەیلە و میدیا و رۆشنبیرەیلێکی بەناو ئازادیش، بە نان و بژێوێک هاتنە بەخێوکردن و پەروەردەکردن، دەشێ ناوی بنێین نانی کاسەلێسی "ئیرتیزاق" یان بە زاراوەی ئەمڕۆ نانی گەندەڵی. ئاشتبوونەوەی دوو حزبەکە و یەکگرتنەوەی هەردوو کارگێڕی و بەستنی پەیمانی ستراتیجی، هیچ یەکێک لەمانەی یەکلایی نەکردەوە، هەمووی بەجێ هێشت بو قەزاوقەدەر. ئەوەش ئەمڕۆ سەرهەڵدانەوەی ئەو قەزاوقەدەرە.

دەسەڵات لە کوردستان هێشتا لە پێناسەی دەسەڵات نەگەیشتووە کە ئەرکی چییە. وەک جارەیلی خۆی بە نەریتی حزبایەتی هەڵسوکەوت دەکا. تەنانەت لە پێوەندیش لەگەڵ حزبەیلی ئۆپۆزسیۆندا وەک حزب هەڵسوکەوت دەکا و نەیتوانیوە رەوایەتیی دەسەڵات بەکار بهێنێ. دەسەڵات بەر لەوەی ماف بێ ئەرکە. ئەرکێک لە ئاست گەلی کوردستاندا کە دەنگی پێ داوە بۆ ئەوەی سەروەری و ژیانیان بپارێزێ. دوو مانگ تێ پەڕی، ئەم ئۆپۆزسیۆنە "بێ سنوورە" بە ئارەزووی خۆی گاڵتە بە وڵات و چارەنووسی گەل دەکا، هیچ لیستێک بۆ داخوازی پەسند ناکا، تەنانەت ئەوەی خۆشی بڕیاری لەسەر دەدا لێی پەشیمان دەبێتەوە. میدیایەک بەڕێوە دەبا رادەی هەرەژێری ریزگرتنی تێدا نییە بۆ هیچ بنەوایەک و بۆ هیچ کەسایەتی و پۆستێک. تەنیا درۆ و چەوتی و هاندان بۆ توندتیژی. لەولاشەوە دەسەڵات تەنیا زمانی پاڕانەوەی هەیە.

تکایە یەکێک وا لەم قسانەی من تێ نەگا هان دەدەم بۆ توندتیژی. توندتیژی رێگەیەکی چەوتە و تەنیاش بێ دەسەڵاتەیل پەنای بۆ دەبەن. ئەم ئۆپۆزسیۆنە کوردییە چکێک ورە و متمانەی لە خۆیدا شک ببردایە پەنای بۆ توندتیژی نەدەبرد. بە تایبەتیش ئەگەر بەرامبەر ئامادەی گوێگرتن بوو هیچ پاساوێک نامێنێتەوە بۆ ئەو توندتیژییە. ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بەردەوام رەخنە لەوە دەگرێ ئەم دوو حزبە شەڕی ناوەخۆیان کردووە، رەخنەگرتن لە شەڕ بێگومان رەخنەیە لە توندتیژی. بەڵام تۆ یەک سات تەرخان کە بۆ گوێگرتن لە میدیای کامەیان گوایە نەرمەڕۆیە، دەبینی لە هەموویان هارتر و

سازترە بۆ شەڕ. ئۆپۆزسیۆن ئەمەی بۆ لواوە لەبەرئەوەی بازووی تێکسمڕاوی دەسەڵات نابینێ. دەسەڵات تەنیا دەپارێتەوە.

دەسەڵات ئەگەر پێی وابێ بە پارانەوە و زمانی نەرمونیانی بۆی دەچێتە سەر و ئۆپۆزسیۆن خاو دەبێتەوە یان "پیاو دەبێ"، خەیاڵێکی خاوی کردەوە. تاقیکردنەوەی دوو مانگ و حەوتوویێکی رابردوو ئیسپاتی کرد ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆ وتوویژ دەست نادا، تەنانەت بۆ ئەوەش دەست نادا گوێ لە ئاخاوتنی بگری. بۆیە دەسەڵات دەبێ بەرپرسیارانەتر هەڵسوکەوت بکا لە ئێستەی خۆی، لە لایەکەوە زیاتر پەلە بکا لەو بەڵێنەیلەی داونی بۆ چاکسازی و بە تەنگەوەچوونی کەموکورتییەلی کۆمەڵەیل، لە لایەکی تریشەوە نەترسێ لە پێشاندانی هێزی بازوودا. دەسەڵاتی کوردستان کە لە چەقی ڕێگەدایە ئاگای لەوە نییە کەوا خاوەخاویکردن لە بەکۆتاهێنانی ئەم دۆخە و پارانەوەی لە ئۆپۆزسیۆن و سوێندخواردنی بەردەوام کە پۆلیس و پێشمەرگەی بەکار نەهێناوە بۆ پاراستنی ئەمن و تەناهیی وڵات، چەند بەهێزی دەکا لەو رووەوە کە دەسەڵاتێکی دیموکراسی و سەردەمییانەیە، هێندەش متمانەی لێ وەردەگرێتەوە لەوەی "دەسەڵاتە" و "بەرپرسیارە" لە پاراستنی وڵات لە شڵەژانی بە دەست تێکدەرانی ناوەخۆوە.

بزاو ژ: ٤٨، نیسان ٢٤، ٢٠١١

## بە بۆنەی ئوسامە بن لادنەوە

دوێنێ ئوسامە بن لادنی مەزنی ڕێکخراوی قاعیدە بە دەستی ئەمەریکا هاتە کوشتن. هەندێک کەس دوێنێیان بە ڕۆژی خۆشی ژمارد کە گەورە تیرۆریستێک لە کۆڵی مرۆڤایەتی بووەوە. هەندێکیش بە ئازیەت و کارەساتیان ژمارد و گوتیان یەکێک لە کەڵەپیاوەیلی ئیسلام لەناو چوو. راستیی ناو دڵی خۆمت پێ بڵێم من نە لەویان بووم و نە لەمیان. نە ئەوەندە بەو هەواڵە گەشامەوە تا شایەنی شادمانی بێ، نە باییی سەری دەرزییەکیش پێی نیگەران بووم. بۆ من هاتنە کوشتنی ئوسامە ڕووداوێکی گەورەیە، ڕووداوێکی

جومگەییـە لـە مـێژوودا، ڕەنگە زنجیرەیەک تۆڵە و تۆڵەی بەرامبـەر لە نێوان ئیسـلام و ئەمەریکادا دەست پێ کاتەوە و دیار نەبێ چەندی تێدا دێنە کوشتن و چەند ساڵ ژیان خوێناوی دەکەن.

بێباکییـەکەی منیش هەر لـەم سەرگەیەوە سـەرچاوە دەگرێ. ئوسامـە هـەر تەنی مـرۆڤێکی تاوانبـار نییـە بە کوشـتنی هـەزاران بێ وەی، تا تۆڵەی لێ بێتە کـردنەوە و بـە لەکۆڵبـوونەوەی ئـەو، خـەڵکەیلی تـر پشـوویان بە بەردا بێتـەوە و شـادان بژین. ئوسـامـە بووە بـە دیاردە، بگرە بـووە بە کـولتـووری سـەتەیل و هـەزارەیل بگرە ملیـۆنەیل. تا رادەیەکی زۆریش جێی سەیر پێهاتنە، ئەمـەریکا بەو هـەمـوو زلـی و زەبەلاحـیـیـەی خـۆی و بەو هـەمـوو شـارسـتـانیـەتە پەلوپۆدارەیەوە کەوتبێتە دوای تۆڵەکردنەوە لە تاکە مرۆڤێک. ڕاسـتە و گومانی تێـدا نیـیـە، کـە ڕووداوی ١١ی ئـەیلوولی ٢٠٠١ بووە بـە گـرێ لە دڵی ئەمـەریکاییـەلدا، چ هاووڵاتـی و چ کارگێڕیی ئەمـەریکا، ئەو کارە تیـرۆرییـە مـەزنەی ئـەو سـاڵە لە ناخـەوە هـەژاندوونی و سـەروەریـی وڵات و دەسـەڵاتی لەکەدار کردوون و کـوشـتنی ئوسامـە کوڵ و کۆیان دادەمرکێنێ، بەڵام پرسـی تیرۆر و ئیسلامی توندتیژ لەوە گەورەترە لە مرۆڤێکدا بێتە کۆکردنەوە.

جارێ با لە پێشەوە جیاوازییەک لە نێوانی ئیسلام وەک ئاین و ئیسلام وەک بزاوی سـیـاسـیـدا بکەین. ئیـسـلام وەک ئاین کـێـشـەی لەسـەر نیـیـە، ئاین هـەرچییـەک بێ، بۆ خۆشی و بۆ چارەسـەری کـەمـوکورتیی مـرۆڤـەیل هاتووە و جێی ڕێزە. تەنانەت هەمـوو ئاینێک جێی ڕێزە و ئاینی ئیسـلام لە پێشـەوەیاندا کـە هـەڵگرەیلی زۆر و زەوەندن و مـێـژوو و کـولتـوورێکی دەوڵەمـەندیشـی هـەیە مـرۆڤـایەتـی سـوودی لێ وەردەگـرێ. کـێشـە تەنیـا لەگـەڵ ئیسـلام وەک بزاوی سیـاسیدا هـەیە کە کۆسپـە لە ڕێی پەرەسـەندن و پێشکەوتنی ژیاندا. ئیسـلام وەک ئاین، ئاینی جڤاکێکە ڕزاوەترین و پەڕپووتترین جڤاکی دنیـایە. ئیسـلامی سـیـاسـی هێـشـتـاش بەو دواکـەوتنە دڵی ئاو نـاخـواتەوە، دەیەوێ بەرەو دواوەتریشی ببـاتەوە. لەم هەوڵەشیـدا تەنیا هۆیەلی توندتیـژی شک دەبا پشـتی پێ ببـەسـتێ. ئەگـەر ئەمـە نیـیـە ئەدی بۆچی پەنا بـۆ بیـانـووی ئاوەز "حـوجـەی

عەقل" نابا لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ غەیرەدا. توندتیژی لەم سەردەمەدا تەنیا بە زیانی خاوەنەکەی تەواو دەبێ. ئەو سەردەمەیلە لە ژیانی مرۆڤایەتی رابردن کە یەکێک بە زەبری شمشێر خۆی بسەپێنێ. ئیسلامی سیاسی لەمە تێ ناگا.

وەک بینیمان، ئەم ئیسلامی سیاسییە بە هۆی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە، هەموو رەوایەتی و رێزدارییەکی خۆی لە دەست دا لەلای غەیرەدا. کردەوەکە، کردەوەیەکی تیرۆریی زۆر گەورە بوو، هیچ ئامانجێکی نەپێکا لە گومان خستنەسەر ئاینەکە بترازێ. هیچ خێرێکی بۆ ئیسلام تێدا نەبوو دەست راکێشانی رۆئاوا نەبێ بۆ شەڕنانەوە و خۆسەپاندن لە وڵاتەیلێکدا کە زۆر پێویستییان بە تەناهی و ژیانی سەردەمییانە هەیە. ئەو رووداوە، هەروەها مرۆڤایەتیشی کرد بە دوو بەشەوە و بوو بە مایەی تۆوی رک چاندن لە نێوانیاندا، نەک تەنیا رکی ئەوان بۆ ئێمە، بگرە رکی ئێمەش بۆ ئەوان. لەو رۆژە بە دواوە، ئیسلامی سیاسی نەما توندتیژ نەبێ، بیری تەنگ نەبێ، غەیرە رەت نەکاتەوە، باوەڕی بە پێوەندیی ئاسایی و نیانی هەبێ. تا گەیشتە ئەوەی ئەم ناوچەیە بوو بە دۆزەخ. واش نەبێ ئیسلامی سیاسی لەم شەڕەدا بچووکترین سەرکەوتنی بە دەست هێنابێ، ئەم بزاوە هیچ جۆرە چەکێکی راستەقینە یان چەکی زانستی و ئاوەزیی لە هی بەرامبەرەکەی پێشکەوتووتر نییە تا بیبەزێنێ. شەڕێکە لە کوردەواریدا "خۆترێن"ی پێ دەڵێن. چەندی ئوسامە بن لادن دەبینم بە کلاشینکۆفە قوتەکەی شانیەوە، بچووکیی مێشکی ئەو زەلامەم بۆ دەردەکەوێ لە رووبەڕووبوونەوەیەک کە پێشکەوتووترین چەک و زانستی رۆئاوای تێدا دێتە بەکارهێنان. تۆ بێگومان بە لەوەی کە جووڵە و بزاوتی ئوسامە بە هۆی هەسارەی دەسکردەوە لە زووەوە لە ژێر چاودێریدا بووە تا ئەو ساتەی لەناویان برد.

لەناوچوونی بن لادن ئەگەر لەناوچوون و لە رەگەوە هەڵتەکاندنی تەواوی ئەو رەوتە پاشوەڕۆیە مێشک پووتە بوایە، ئەوسا منیش دڵخۆش دەبووم و زەماوەندم دەگێڕا وەک زۆرەیلی تر، بەڵام ئوسامە وەک گوتم بووە بە کولتوور. لە هەر جڤاکێکی ئیسلامدا، ئوسامە هەزارەیل گەرای داناوە و هەڵهێناوە. لە

یازدەی ئەیلوولەوە بەدبەختیی ئیسلام دەستی پێ کرد کە دەوروپشتمان پڕبوون لە ئوسامە، بە جۆرێکی وەها کە کوشتن و سڕینەوەی یەکێکیان، لێیان کەم ناکاتەوە، بگرە دەبێ بە مایەی لێزیادبوونیان. ئەمەریکا خۆشی ئەم راستییە دەزانێ، نیگەرانە نەبادا ئیسلامییەل پەلاماری باڵوێزگەیلی وی بدەن لە وڵاتەیلدا. بەرپرسەیلی ئەمەریکا نایشارنەوە کە ئەمە دەسپێکی نوێبوونەوەی ململانەیانە لەگەڵ بزاوەیلی ئیسلامیدا. دەزانن لە یازدەی ئەیلوولدا ئوسامە یەکێک بوو، ئێستە بێ ژمار.

من ناتوانم بڵێم دەبێ ئەمەریکا چی بکا یان پێویست بوو چیی بکردایە لە جێی ئەم شەڕ و فەرتەیەدا. بە پێچەوانەوە، رەنگە رۆئاوا بە گشتی و ئەمەریکا بە تایبەتی سوودمەندیش بن لە پرسی تیرۆر و ئیسلامی سیاسیدا. ئەو رەوتە ئیسلامییە توندتیژە لە سەرەتاوە دەسنێژی خۆیانە و لە ئەفغانستانی ساڵی ١٩٧٩ەوە دەست پێ دەکا کە رۆئاوا دژی رووسیا بەکاری هێنا.

بێگومان لە کوردستانیشدا وەک جێیان، هەیە دوو رۆژە، بە فەوتانی ئوسامە کۆستی کەوتووە و ئازیەتبارە. خەون بە تۆڵەوە دەبینێ، خەون بە هەڵکشانی ململانەی خوێناویی نێوان رۆئاوا و رۆهەڵاتی ئیسلامییەوە دەبینێ و پێی وایە دواجار هەر خۆی سەر دەکەوێ لەبەرئەوەی هێزی هەق بە لای ویدایە. ئەوە کە بەو مێشکە پووتەوە کە دنیا کاول دەکا و درێژە بە ململانەیەک دەدا لە غەیری دۆڕان هیچ ئەنجامێکی نییە، کۆپی و لەبەرگیراوەی ئوسامەیە بگرە خراتریشە. ناتوانم ئامۆژگاریی ئەمەریکا بکەم، بشیکەم پێی ناگا، بەڵام دەتوانم قسەیەک بۆ هاوئاین و هاووڵاتەیلی خۆم بکەم.

راست بێ و یەکێک سەرکەوتنی ئاینی بوێ، دەست لە توندی و تیژی بەردەدا، چارەنووسی ئوسامە دەکا بە نموونە. بیەوێ ئاین پایەبەرز بێ، رێی ژیانی سەردەمییانە دەگرێتە بەر، لەبەرئەوەی ئاین شتێک نییە بۆ خۆی، ئاین لە هەڵگرەیلیدا خۆی دەنوێنێ. جڤاکێکی پێشکەوتووی نەرمی خاوەن رەوشتی سەردەمییانە، ئاینیش وەک خۆی بەرز دەخاتە روو.

بزاو ژ: ٥٠، ئایار ٤، ٢٠١١

## سووریا: کەوتنێک وا لە ڕێدا

هەموو سیستەمێکی دیکتاتۆری، کاتی ڕاپەڕین یان تەنانەت جووڵانەوەیەکی بچووکی نارازی لە وڵاتی خۆیدا دەبینێ، دەیداتەوە پاڵ دەستی دەرەکی لەبەرئەوەی گەل بەلای ئەوەوە مەڕ و ماڵاتە و پێی وایە ئەگەر هاندان و فیتی بیانی نەبێ، هەتا هەتایە ئەو گەلە لە بن چەوسانەوەدا مل کەچ دەکا و ورتە لە دەمی دەرنایە. ڕێژیمی سووریا لەمەش زیاتری تێ پەڕاندووە، ڕۆژانە خۆپێشاندەرەیل دەکوژێ و دەڵێ ئەوە ئێمە نین دەیانکوژین، ئەوە دەستێکی تیرۆریستی دەرەکییە. ئەندامەیلی سوپای خۆشی دەکوژێ ئەگەر مل نەدەن بۆ بەجێهێنانی فەرمانی کوشتن یان سەرکوتینەوەی ڕاپەڕیوەیل، ئەویش هەر دەداتەوە پاڵ ئەو "دەستە شاراوە" دەرەکییە. کێ باوەڕ دەکا لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا دەستی دەرەکی هێندە درێژ بێ، لە لایەکەوە خەڵک فریو بدا بۆ ڕاپەڕین و لە لایەکی تریشەوە بیانکوژێ و فریای ئەوەش بکەوێ ئەفسەرەیلی سوپا قەڵاچۆ بکا. ئەم گاڵتەجارییە تەنیا لە ڕێژیمەیلی عەرەبی و لە دیکتاتۆرەیلی ئەم ناوچەیەی ئێمە دەوەشێتەوە کە فشە بە ئاوەزی گەلەیلیان دەکەن. باشە با بڵێین ڕاستە و دەستی دەرەکییە، بۆچی ڕێگە نادا ڕاگەیاندنی بیانی فریا بکەوێ و دەنگوباسی ئەم دۆخە ناهەموارە داپۆشێ و مەزڵوومییەتی ڕێژیمی سووریا بە دنیا ڕابگەینێ. یاخۆ ئەگەر ڕاستە و هەموو ئەم کردەوەیلە ئەوان نین دەیکەن، ئەدی کێیە هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خۆپێشاندەرەیل و دەیانگرێ و لە گرتیگەیان دەنێ؟ ئەمەش هەر دەرەکی؟

پێشی بیست ساڵ سیستەمەیلی سەرانسەری "شموولی"، هەرەسیان هێنا. دەبوایە گەلێک لەم ڕێژیمەیل عەرەبی و ئیسلامییەش ئەو کاتە هەڵبوەشێنەوە. جیایی لەم نێوانەدا ئەوەیە، سەرکردەیلی ئەو ڕێژیمەیلەی پێش بیست ساڵ، بۆ نموونە یەکەتیی سۆڤیەت و چیکوسلۆڤاکیا و ئەڵمانیای ڕۆهەڵات و ئەوانی تر، تاک و تەرایان نەبێ، ئەوانی تر زۆربەیان بە خۆهێشتی خۆیان دەور و تەسلیمیان لەگەڵ گەلەیلی خۆیاندا کرد. سەرکردەیلیان ملیان دا بۆ ویستی

گشتی و کورسیی دەسەڵاتیان بەجێ هێشت. گۆرباچیۆڤی سەرۆکی سۆڤیەت خۆی ڕێبەڕایەتیی ئەم هەرەس و هەڵوەشینەوە مێژووییەی کرد. بۆشی هاتە نووسین.

کە ڕێژیمی تونس و میسر لە ژێر پاڵەپەستۆ و تەکانی شەقامدا کەوتن، سەرۆک و پارتی دەسەڵات، کورسیی فەرمانڕەواییان بە ئاشتی و بە خۆشی بەجێ هێشت. دەبوو ڕێژیمی لیبیا و یەمەن و سووریا دەرسیان لەو تاقیکردنەوەیلە وەربگرتایە و بە ئاشتی و تەبایی دەستیان لەو کورسییەلە هەڵبگرتایە کە ماوەیەکی زۆرە بێ هیچ ڕەوایەتییەک پاوانیان کردووە هەریەک بۆ بنەماڵەیەک. هەر دەبێ دەستیشی لێ هەڵگرن، چەند دەمێننەوە تاوان زیاد دەکەن و چارەنووسی مەترسیداریش بۆ خۆیان دەنووسنەوە.

لە دوای کەوتنی سیستەمی سۆڤیەت و وڵاتەیلی تری خاوەن سیستەمی سەرانسەرییەوە، بنەوێی نوێ لە دنیادا هاتوونەتە کایە. سەردەمی شەڕی سارد، کە لە دوای شەڕی دووەمی دنیاوە دەستی پێ کرد و بە هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمەیلە سەرانسەرییە بە کۆتا هات لە ١٩٩٠دا، مافی تاکان و گەلەیلی چەوساوەی بۆ نیو سەتە زیاتر خەفە کرد. لەوە بەدوا، داودەزگایەلی ناونەتەوەیی بۆ چاودێریی مافی مرۆڤ، بۆ ئازادیی ڕادەربڕین، تەنانەت دەزگایەلی چاودێریی گەندەڵیش کاران و دەتوانن هەموو وڵات و سیستەمێک بپشکنن و دەستی تێ وەربدەن. ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە سەرکوتینەوەی گەلێک، کە لەپێناو ئازادیی دەربڕین یان بۆ دابینکردنی مافەیلی مرۆڤ ڕاپەڕیبێ، یان بیەوێ لە دژی خراپیی بەڕێوەبردن و گەندەڵیدا هەڵوەستەیەک بکا، وەک کاربارێکی ناوەخۆیی بێتە سەیرکرن. لە دوای ساڵی ٩٠ی سەتەی ڕابردووەوە، بنەوێی دەست تێ وەردانی جڤاکی ناودەوڵەتی لە هەر شوێنێکی دنیا بووە بە نەریتێکی سەپاو. ئەم نەریتە لەم ڕۆژەیلەدا لە ئاست سووریادا هاتەوە کارپێکردن. هەرچەندە گەمارۆ خستنەسەر چەند بەرپرسێکی سووریایی کارێکی هێماییە و زیانێکی ئەوتۆ بەو ڕێژیمە ناگەینێ بەڵام ئاماژەیەکە و ئەوە نیشان دەدا کە جڤاکی ناودەوڵەتی لە ئاست سووریادا بێدەنگ نییە.

له سـووریادا، هەڵبـژاردنی ئازاد نییـە بۆ دەسـتـاودەسـتکردنی دەسـەڵات. سـەرۆکایەتی پشـتـاوپشـتـە هەرچەندە وڵاتێکی سیسـتـەم کۆمـارییـە. ئازادیی دەربڕین و کاری میدیای سـەربەخۆ لە کوولەکەی تەڕیشدا نین. مـافی مرۆڤ پێـخوسـتـە، یەک حـزب هەیە مـافی کاری سـیـاسـیی هەیە و ئۆپۆزسـیـۆن لە دەرەوەی وڵات یـان لـە ژێری زەویدایـە یـانیـش لـە گـــرتیگەیـلـی رێژیمدا. ئـەم بنەوێیەلە هەموویان بە جڤاکی مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ نامۆن. ئەم جڤاکە چیی تر سیستەمێک قەبووڵ ناکا لە بنەوایەلی گشتیدا سـەردەمییانە نەبێ. لە سووریا وڵات لە لایەن تایفەیەکی بچووکەوە "عەلەوی" بەڕێوە دەچێ، کە زیاتر لە سەتی ١٢ی جڤاک نین لەو کاتەی لە سەتی ٧٠ی جڤاک موسـڵمـانی سونەیە. ئەگەر هەموو ئەمانەش بۆ سیستەمێکی سیاسی چووبنە سەر، ئەوە ناچێتە سەر کە گەندەڵی و بەرتیلخۆری سـەرتاپێی کارگێڕیی وڵاتیـان تەنیوەتەوە. گەندەڵی بۆ هەمـوو سـیـسـتـەمـێک و لە هەمـوو سـەردەمێکدا باشـترین مـاکەی هەرەس و گۆڕانە. کۆبوونەوەی سامان لە دەستی دەستەیەکدا لەسەر حسێبی هەژاری و گیرفان پووتیی زۆربەی جڤاکە.

رووەتێکی تری رێژیمی سووریا کـە بە هیچ کڵـوەجێک ناتوانـێ زیاتر بژی، لاملیکردنیـــەتی لە مـــافی نەتەوەییی گـــەلەیلی تر. کـــورد زۆربەیان مـــافی هاووڵاتیبوونیان نییە و بە کۆچەر و پەڕیوە "نازح" دێنە ژمار یان بە هاووڵاتیی رەگـەز عـەرەب. زمـان و کولتووری کـوردی رێ پـێ نەدراون. ئەم رەفـتـارەیلە شەرمەزارین لەم سەردەمەدا.

گـومـانـی تێـدا نیـیـە راپەڕین و خـۆپێـشـانـدان زیاتر تەشـەنە دەکـەن و پاشەکشـەیان نـیـیـە. ئازادیی کـاری سیـاسـی و ئازادیی میـدیا و رێزگرتن لە مـافـەیلی مـرۆڤ، دەست لێ هەڵگرتنیـان بووەتە مـەحـاڵ. گـەلەیل چیی تر سەرکوتینەوەی ئاینی و مەزەبی و نەتەوەییان پێ نایەتە قووتدان. فریاکەوتنی ئەم و ئەو، بۆ راگـرتـنی سـیـسـتـەمی سـووریا و هـاندانی بـۆ چاکسـازی و هەنگاوی دیموکراسی، داد نادا. نە گەلەیل تازە پاشگەز دەبنەوە لە داوایان و نە ئاوەزکـەی دەسـەڵات تـازە دەگـۆڕێ. گـوتـەیەک هەیە دەڵێ "دار بە پیـری

ناچەمێتەوە". رێژیم لە سووریا ناتوانێ گۆڕین بکا، دەبێ چاوەڕوانی هەرەسێک بین کە لە رێدایە، زوو یان درەنگ. ئەو دارە دەبێ بێتە بڕینەوە.

ئەوانەی دەتوانن لە دۆستایەتیی دەسەڵاتی سووریا خۆیان بدزنەوە، دەستیان پێ کرد. بزاوی ئیسلامییەلی فەڵەستین "حەماس"، سۆسەی ئەوەی کرد کە دوارۆژەیلی ئەو دەسەڵاتە ژمارەیان بەرەو دابەزینە، فریا کەوت و ئاشتەواییی لەگەڵ رێکخراوی "فەتح"دا بڕیار دا. دەسەڵاتی تورکیا حەجمینی نەماوە بۆ رێشمەکێشکردنی راپەڕینی جەماوەری لەو وڵاتەدا بەرەو دەراوێکی هێمن. تاکە گرەو بۆ تورکیا، هەنگاوەیلی گۆڕینە لە لایەن دەسەڵاتی سووریاوە کە هەم درەنگە و هەمیش روو نادا، "دار بە پیری ناچەمێتەوە" وەک گوتمان. ئەم سیستەمە عەرەبییەلە قابیلی گۆڕان نین، گەلەیلی خۆشیان باوەڕ بە بەڵێنەیلیان ناکەن هەرچەندە رێژیمەیل بەر لە کەوتنیان زۆر سەخی تەبیاتانە بەڵێن پێشکێش دەکەن، بەڵام گەلەیلیان تەنیا بە کەوتنیان سوکناییی دڵیان دێ، کە بێگومان لە دۆخی سووریادا کەوتنێکە دەنگێکی گەورەی لێوە دێ.

بزاو ژ: ٥١، ئایار ٨، ٢٠١١

## کە ئەمەریکا دەڕوا ١

کۆتای مانگی کانوون یەکی داهاتوو وادەی کشانەوەی هێزەیلی سەربازیی ئەمەریکایە لە عێراق. هەموو لە دڵەڕاوکەدان ئاخۆ دوای کشانەوەی ئەم هێزەیلە چی روو دەدا؟ عێراق باشتر دەبێ ئەگەر لە بن باندۆری ئەمەریکا بچێتە دەرەوە وەک هەندێک رادیکاڵ دەیبینن یاخۆ دەبێ بە گۆڕەپانێکی بێ خاوەن هەموو لا تەڕاتێنی تێدا دەکەن؟ لەم ماوەیەدا بەرپرسەیلی ئەمەریکا گەلێک جار دووپاتەی دەکەنەوە کەوا ئەگەر بێو لایەنی عێراقی داوایان لێ بکا، ئەوان دەمێنینەوە. ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیە بەوەی کە ئەوان گەشبین نین بەو چارەنووسەی دوای بەجێهێشتنیان بۆ عێراق، بۆ ئەو وڵاتە لە رێدایە. بەڵام تا ئێستە ئاماژەیەک لە بەرپرسەیلی عێراقییەوە دەرنەچووە داوای مانەوەی ئەو هێزەیلە بکا. بێگومان لایەنی عێراقی خاوەنی کێشەیە و دەبوایە

ئەو بە پەرۆشتر بێ. دوێنێ سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق فەریق بابەکر زێباری لە دیمانەیەکدا گوتی عێراق هێزی ئاسمانیی نییە تا لە ئاست چەپاوێکی نەیاردا بەرگریی پێ لە خۆی بکا.

من دەڵێم عێراق هێزی بەژەکیشی نییە سنوورەیلی بۆ بپارێزێ. وڵاتانی دەوروپشتیشی زۆریان زلهێزن لە رووی سوپاوە. زۆربەشیان خۆیان بە خاوەنی بەشی خوراوی مێژوویی دەزانن لەم وڵاتەدا. بەردەوام و بە درێژای سەتەی بیستەم کێشەی ئاو و ئاخ هەبووە لە نێوان عێراق و ئێراندا، چەندان رێککەوتن و شەڕیش سەبارەت بەو ئاو و ئاخەیلەوە روویان داوە. رێککەوتنی جەزائیر لە ١٩٧٥ بۆ نموونە و پاشان شەڕی هەشت ساڵەی ٨٠–١٩٨٨ لە نێوانیاندا. تورکیا هێشتە مەیلی ویلایەتی مووسڵی نەناوە. جگە لەمە چەندان کێشەی سیاسیی وەک: ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی چ کوردی بێ "دیموکرات و کۆمەڵە" و چ ئێران بێ "موجاهیدینی خەلق"، لەم وڵاتەدا بنکە و بارەگای سیاسی و لەشکرییان هەیە. پارتی کرێکارەیلی کوردستانی تورکیا لە کێوەیلی کوردستانی عێراقدایە، ئەمانە بیانووی پەلامارن هەرکات هاوسێیەل بیانەوێ.

عێراق نەهێزی ئاسمانیی هەیە و نەهێزی بەژەکی "بري"، خوێریلەترین وڵاتی هاوسێ لە رووی لەشکرییەوە کوێتە، کە رۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ سوپای عێراق لە ترووکەی چاودا گرتی و کردی بە پارێزگای ژمارە ١٩، ئەمرۆ بیەوێ دەتوانێ چەند پارێزگایەک لە باشووردا بگرێ. ئەوەش راستییەکە نایەتە وەشاردن کە تیرۆریستان رۆژانە لەم بۆشاییی دەسەڵاتەدا، زەبری خۆیان وەشاندووە. لەوانەیە دوای پاکستان و ئەفغانستان، عێراق باشترین داڵدەی حەوانەوەی ئەلقاعیدە بێ. بەڵام ئاخۆ خەمساردیی سەرکردەیلی عێراقی چییە لەوەی لە ئێستەوە داوای مانەوەی هێزەیلی ئەمەریکا ناکەن؟ ئەمە پرسیارەکەیە.

وڵاتەیلی یەکگرتووی ئەمەریکا لە رووی رەوشتییەوە بەرپرسیارە لە تەناهی و هێمنیی ناوەخۆ و پاراستنی سەروەریی عێراق. بە هۆی داگیرکاریی ئەوەوە

بوو کە عێراق هیچ هێزێکی نەما بیپارێزێ تەنانەت داودەزگایەلی دەوڵەتیش لە کایەدا نەمان مشووری دروستبوونەوەی دامەزارەیلی سوپایی و تەناهیی ناوەخۆ بخۆن. عێراقییەلیش داوا نەکەن سوپای ئەمەریکا بمێنێتەوە، دەبێ ئەمەریکا خۆی ئەم ئۆباڵە مێژووییە بگرێ لە ئەستۆدا. بەداخەوە، سەرکردەیلی عێراقی کارنامەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە زۆریی ئەم کارنامەیلە بەستەی وڵاتەیلی دراوسێی خاوەن بەرژەوەندین لە عێراقدا. واتە ئەو وڵاتەیلەی داخدارن لە ئاست عێراقدا و تا بۆیان بلوێ دەستی تێدا دەگێڕن و گۆبەندی تێدا دەنێنەوە و بەختی گەلەکەی رەش دەکەن. هەستی نیشتمانپەروەری لەلای عێراقییەلدا بمایە، دەیانزانی بوونی هەر دەستێکی هاوسێ لەم وڵاتەدا بۆ نەیارییە و لەناو هاوسێیەلی عێراقدا "دۆست" نییە. تەنانەت وڵاتەیلی عەرەبیش خێریان بۆ عێراق نەویستووە و چەندین ساڵە لە سنووری ئەوانەوە تیرۆر هاتووە و دەستی وەشاندووە.

بە کورتی عێراق هاوسێیەکی نییە لێی دڵنیا بێ و متمانەی پێ بکا. بێگومان ئەگەر عێراقییەل "مەبەستم ئەوانەن بڕیاریان بە دەستە و بەرپرسن لە رووی سیاسییەوە نەک تاکەی بێ دەرەتان"، وەک نیشتمانپەروەر لە دوای پاشەکشەی سوپای ئەمەریکا هەڵسوکەوت بکەن، دەتوانن وڵاتێک لە جۆری بەهەشت ئاوا بکەن. هەندێک جار خەیاڵی خۆم خۆش دەکەم و هەموو سەرکردەیلی عێراق لە هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەدا دەکەم بە دڵسۆزی پلە یەک و دنیایەکی جوانیان پێ دەرەنگێنم لە جۆری خوارەوە:

لە کوردەوە دەست پێ دەکەم، پاش کشانەوەی ئەمەریکا کورد کاراتر دەبن لە پرسی گۆڕانکاریی دیموکراسی لە عێراقدا و هەر تەنیا بیر لە بەرژەوەندی ناوچەیی ناکەنەوە، لەبەرئەوەی بێ دروستبوونی عێراقێکی دیموکراسی هیچ مافێکی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا نایەتە دی. مادەی ١٤٠ بە خۆشی و بە دڵخواز دێتە جێبەجێکردن نەک بە زۆر. تەنانەت لە دۆخی جیابوونەوەشدا "ئەگەر کورد بۆیان هەڵکەوێ جیا ببنەوە"، ناتوانن بە تەناهی و بێ سەرئێشە لە هاوسێیەتیی سیستەمێکی دیکتاتۆریدا هەڵبکەن.

دووەم: عــەرەبی ســونە کــە داوای ســەرەکــیــان لــە ســەرەتــاوە رۆیشــتــنی ئەمەریکایە، ئەوا ئەم خواستەیان هاتووەتە دی "لە خەیاڵدا". ئەوەی لە عێراقدا مــاوەتەوە هاووڵاتیــیــەل برای خــۆیانن، دەبێ ئەو دەســتــەی بە تیــرۆرەوەیان کــرێژاوی کــردووە بیکەن بە دەســتی پاکی و بنیــاتنانەوە. ئەوان دەبێ تێ گەیشتبن کە دنیا چیی تر سیستەمەیلی دیکتاتۆری قەبووڵ ناکا. سەدام و هاوشێوەیلی ئەو ناتوانن ژیگەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ فەرمانڕەوایی. ئینجا دێمە سەر عەرەبی شیعە، کە زۆربەی دانیشتوەیل لەوان پێک دێ. بە خەیاڵ دەیانبینم عێراقییانە هەڵسوکەوت دەکەن و بەرپرسیارانە دەکەونە خۆ بۆ دروستکردنەوەی وڵات بە تایبەتیش کە ئێش و ئازاری زۆریان چێشتووە لە مێژوودا. وەک نەریت، ئەوەی ستەمی بینیوە، چ جاران ڕێگە نادا ستەم دووبارە ببێتەوە. خۆ ئەگەر ویستی، خۆی ببێ بە ستەمکار لە شوێن ئەوانەی لە رابردوودا ستەمیان لێی دەکرد، دیارە ئەودەم شایەنی ئەو ستەمە بووە.

ئەمە ئەو خەیاڵاتەیە کە دەیکەم، بەم خەیاڵاتە عێراق دەکەم بە بەهەشت. بێگومان شایەنی ئەوەشە ببێ بە بەهەشت. عێراق بە درێژای مێژوو گۆڕەپانی کارەسات بووە. گەورەترین شەڕەیلی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە عێراقدا روویان دا. پێش ئەویش شەڕی یۆنان و فارس. پێش ئەویش شەڕەیلی ئاشوور و نەینەوا. پێش ئەویش شەڕەیلی بابل. لە سەتەیلی تازەشدا بەغدا گەورەترین شەڕی بەخۆوە بینیوە، نەک تەنیا داگیرکەریی تەتار و مەگۆل بگرە ململانەیلی گەورەی نێوان عوسمانی و سەفەوی، کە چوار جار بەغدایان کردووە بە خاپوورگە. باسی سەردەمی سەدام نایەتەکردن، هەر عێراقییەکی وەچەی من رۆمانێکی مێژوویی ژیاوە، کە شایەنی نووسینەوە بێ. دوای سەدامیش نەوەی نوێ دەزانێ، حاڵ چۆنە. ئیتر ئەم وڵاتە هێژای ئەوەیە برینەیلی بێنەوە سارێژکردن. عێراقییەل دەتوانن ئاسان ئەمە بکەن، تەنیا بە یەک وشە: "نیشتمانپەروەری".

بێگومان دەشتوانن ئەمە نەکەن و وڵات وەک ئێستەی بەرەڵڵا بکەن. سیناریۆی شەڕی تایفەیی و نەتەوەیی و دەس تێ وەردانی هاوسێیان،

سیناریۆیەکە پێویست بە نووسینەوە ناکا. هەر کەسێک لەلای خۆیەوە دەتوانێ خەیاڵ بڕانێ چی روو دەدا. ئەودەم میرەیلی شەڕ زۆر دەبن، مێژووش پڕیەتی لە پاساو بۆ شەڕ ئەگەر مرۆڤ بە دوای شەڕدا وێڵ بێ. لەبەرئەمە و لەپێناو دروستکردنی داهاتوویێکی نوێدا، دەبێ مێژوو لەبیر ببەینەوە. ئەوەی دوێنێ لەبیر نەکا ناتوانێ سبەی بنیات بنێ.

بزاو ژ: ٥٢، ئایار ١١، ٢٠١١

## که ئەمەریکا دەڕوا ٢

لایەنی کوردی حەز ناکا، هێزی لەشکریی ولاتەیل یەکگرتووی ئەمەریکا بە تەواوی عێراق چۆڵ بکا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەم ساڵح ئەم حەزەی بە کراوەیی لە دیمانەیەکدا دەربڕی. گوتی بە گوێرەی بەرپرسەیلی سەربازی، عێراق نە هێزی ئاسمانیی هەیە و نە هێزی بەرگریی ئاسمانی تا بیپارێزن. هەروەها گوتی لە عێراقدا "بۆشایی" پەیدا دەبێ ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە. ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیە، کەوا بە دروستبوونی بۆشایی، مەترسیی ئەوەش پەیدا دەبێ هێزێک لە لاوە بێ و پڕی بکاتەوە. بێگومان ئەو مەترسییەش لێرەدا لە ولاتەیلی هاوسێدا خۆی دەنوێنێ، کە چاویان لەوەیە، لە دۆخی ئێستەش زیاتر، دەست لە عێراق وەربدەن.

مەترسیی لایەنی کوردی مەترسییەکی رەوایە. کوردی عێراق هیچ کارنامەیەکیان نییە جگە لە کارنامەی خۆیان کە کارنامەیەکی خۆماڵییە. کارنامەی خۆماڵی لە هەر سەرێکەوە بیگری و بە هەر بارێک لێکی بدەیەوە، کارنامەیەکی نیشتمانییە. لە ماوەی هەشت نۆ ساڵی رابردوودا، لایەنی کوردی نیشتمانپەروەریی خۆی بە ئیسپات گەیاند. کەس هێندەی ئەو پەرۆشیی نەبووە بۆ پاراستنی سەروەریی ولات. گلەیییەک لە کورد بێتە کردن تەنیا ئەوەیە، کە لە ئاست کێشەیلی عێراقیی وەک کێشەی تەناهی یان گۆڕینی دیموکراسییانەی جڤاکدا، تا رادەیەک بە خەمساردی و دوورەپارێزی

جوولآوەتەوە. ئەمەش دیارە بیانووی خۆی هەیە، پێشمەرگە کە بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی ولآت، لایەنەیلی عێراقی بە نامۆیی مامەڵەیان لە ئاستیدا کردووە. هەر جارێک ئەو هێزە بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی نیشتمانی بەرەو دەڤەرێکی عێراق بزوابێ، ئەو لایەنەیلە تۆمەتی بێ سەروپێیان داوەتە پاڵی. لەو دیمانەیەدا کە ئاماژەم بۆی کرد، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەرتەکی یەکێک لەو تۆمەتەیلەی دایەوە و گوتی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی شارەکە لە پەلاماری تیرۆریستان لە کەرکووکدایە نەک بۆ هەوڵی گێڕانەوەی ئەو شارە بۆ پاڵ کوردستان.

کێشە لە ئاست پرسی مانەوەی هێزەیلی ئەمەریکا، یان لە ئاست پاشەڕۆژی عێراق بە گشتی، لەگەڵ لایەنی کوردیدا نییە. هەرچی بێ، کورد دواجار شتێکیان ناوێ لەم عێراقەدا زیاتر لەوەی شایەنیانە. کێشە لەگەڵ لایەنەیلی تردایە، کە بۆ ئامانجی دیکتاتۆرییانەی خۆیان هەڵپە دەکەن. کورد لەوە دەترسێ کە بە ڕۆیشتنی هێزەیلی ئەمەریکا "ریس ببێتەوە خوری" و ئەوەی بەدی هاتووە هەڵوەشێتەوە، بە پێچەوانەوەی لایەنەیلی ترەوە کە دەق ئەو هەڵوەشانەوەیان دەوێ. با بزانین چۆن؟

عەرەبی سونەی عێراقی کە نوێنەرایەتییان لە چەند لایەنێکی نەتەوەیی شۆڤینیست و ئیسلامی رادیکاڵدایە، تا ئێستە کۆشینیان بۆ ئەوە بووە ئەمەریکا بکشێتەوە. ئەوانە، دروستبوونی بۆشایی لە عێراق بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن. بێگومان خۆیان ناتوانن بە رەوایی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە لەبەرئەوەی تەنانەت پێنج یەکێکی ئەم ولآتەش پێک ناهێنن، بۆیە بیر لە خۆسەپاندن دەکەنەوە، کتومت وەک ئەوەی بە درێژاییی ۳۵ ساڵەی دەسەلآتی بەعسدا بۆیان چووە سەر. خۆسەپاندنیش تەنیا لە رێی هێزەوە دێتە دی، هێزیش لە دۆخی ئێستەی عێراقدا بێ پاڵپشتیی دەرەکی بۆ هیچ لا نالوێ، بۆ لایەنەیلی سونەی عێراقیش ئەو پاڵپشتییە دەرەکییە یان تیرۆری قاعیدەیە یانیش زەبری دیکتاتۆرییانە و پاڵپشتیی نەتەوەڕۆی عەرەبییە.

هەرچیی لایەنەیلی شیعەیە، کە نوێنەرایەتییان لە چەند حزبێکدایە

هەموویان لە باوەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە و ناتوانن لەو پێوەندییە لاسەنگە خۆیان راپسکێنن، یان بەولاوەتر بوونی خۆیان لەو پێوەندییەدا دۆزیوەتەوە، ئەمانە هەموو راستییەک لە کلاورۆچنەی بەرژەوەندیی ئێرانەوە سەیر دەکەن، کە بێگومان ئەمرۆ بوونی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق یان لە هەر شوێنێکی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەترسییە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و هەڤاڵەیلی. بۆیە ئەمانەش وەک حزبەیلی عەرەبی سونە، بۆشایی لە عێراقدا بە بەرژەوەندتر دەزانن.

دروستبوونی "بۆشایی" لە کاتی بوونی ئەم کارنامە جیاواز و نانیشتمانییەلەدا، دەبێ بە مایەی تەقینەوەی دۆخی ناوەخۆ. تەقینەوەیەک گەورەتر لەوەی ساڵی ٢٠٠٦ رووی دا و ئەودەمە شەڕی تایفەیی بوو بە دیمای بەغدای پایەتەخت کە ئەگەر هێزەیلی ئەمەریکا نەبوونایە ئێستەش نەهاتبووە کۆنترۆڵکردن. تەقینەوەی ئەمجارە، عێراق بەرەو چارەنووسێکی بەدتر و ترازانێکی گەورەتریش دەبا لەوەی ئەو ساڵە. گەلێک لە وڵاتەیلی هەرێمی، نەک تەنیا ئێران و تورکیا، بە دوای هەلدا دەگەڕێن کە لێیەوە تەنگژەیلی خۆیان بنێرنە دەرەوە. ئەمە ئەو سیناریۆ بەدەیە کە دەبێ لە دۆخی کشانەوەی هێزەیلی ئەمەریکادا چاوەڕوانی بین. ئەوەی بڵێ ئەمە روو نادا دەبێ نموونەیەکی گەشبینانە بهێنێتەوە لە هەڵوێستی ئەو هەشت نۆ ساڵەی رابردوودا کە لە لایەنەیلی عێراقییەوە هاتبێتە دیتن. شیمانەی تەقینەوەی ناوەخۆ و شەڕی تایفەیی لە عێراق لە بارێکدا ئەمەریکا لێی کشایەوە، لەوەی ساڵی ٢٠٠٦ رووی دا بەختێکی باشتریان هەیە. ئەمرۆ کێشەی تایفەیی بووە بە کێشەیەکی سەرتاسەری لە ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، بکڕ و بفرۆشی ئەم ململانەیە ئێستە زۆر زیاتر و گەرمترن لە بەرێ.

وەک بنکە، ئەوانەی پلانی شەڕ دەکێشن و خۆیانی بۆ ساز دەدەن، بەردەوام پێیان وایە ئەنجام، خوا بەوانی دەدا، لەبەرئەوەی خەیاڵی پێش چوونە کۆڕی شەڕەوە خەیاڵێکی ئەفسوناویی خۆش و گەشبینانەیە، بەڵام ئەنجام زۆر جار شتێکی تر و بگرە زۆربەی جاریش پێچەوانەوە دەبێ. ئەمە بنکەی شەڕە لە

مێژوودا. عێراقییەل تاقیکردنەوەی شەڕیان زۆرترە لە هەموو جڤاکێکی تر، کێشە ئەوەیە سوودی لێ وەرناگرن و هەموو جار دەچنە کۆڕی شەڕێکی تازەوە وەک ئەوەی یەکەم جاریان بێ. سەدام کە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی لە هەمبەر ئێراندا هەڵگیرساند پێی وابوو سەیرانێکە و تەنیا چەند ڕۆژێک دەخایەنێ و بە سەرکەوتوویی لێی دەچێتە دەرەوە و مەرجەیلی خۆشی دەسەپێنێ. شەڕ هەشت ساڵی خایاند و سەرکەوتنی تێدا نەبوو. بە گرتنی کوێت هەمان خەیاڵی بێ بنەوای دووبارە کردەوە و ئەنجامێکی خراپتری هاتەوە ڕێ. ساڵی ٢٠٠٧یش گوێی لە ئامۆژگاریی کەس نەگرت و دیسانەوە هەر دۆڕانی بووەوە بە بەش.

ڕاستت دەوێ، عێراق هێشتە ئەو زەبرەی بەر نەکەوتووە کە دۆڕاو لە شەڕدا وەک باو، بەری دەکەوێ. ئەو وڵات و سیستەمەیلەی لە شەڕدا دەدۆڕێن، بە لایەنی کەمەوە لەتوپەت دەبن ئەگەر نەکەونە ژێردەستی دەرەکییەوە. سەرەڕای ئەو شەڕە گەورەیلەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، عێراقییەل کردوویانە و سەپاندوویانە، ئەگەر بەراوردی بێتە کردن لەگەڵ شەڕەیلی تری مێژوودا، عێراق و جڤاکی عێراقی هیچیان لەدەست نەداوە. وەش نەبێ ئەم بەخت باشییە تا هەتایە دەستەبەر ببێ. لە شەڕی داهاتووی عێراقدا، ئەگەر عێراقییەل ژێر نەبن و بچنە ناویەوە، نابنەوە بە خاوەنی وڵاتێک ناوی عێراق بێ. شەڕی تایفەیی و ڕەگەزی، دژوارترین شەڕێکن جڤاکێک تووشیان ببێتەوە. جگە لە زیانەیل گیانی و مایەکیی ئەم شەڕە، وڵاتیش پارچە دەبێ و وەک بەرینان دەڵێن "بەشی دەچێتەوە سەر بەشان". واتە هەر بەشەی دەچێتە پاڵ بەشێکی دەرەکییەوە لەو هاوسێیەلەی چاوەچاوی ئەو تەقینەوەیەن. پیرۆزە.

بزاو ژ: ٥٣، ئایار ١٥، ٢٠١١

گۆڕین پێویستە و هەموو دەمێکیش پێویستە. هیچ پاساوێک نییە بۆ نەگۆڕین و نەکردنی چاکسازی. ئەو کەسەی بیانوو دێنێتەوە دەڵێ ئێستە کاتی گۆڕین نییە و دەبێ بۆ وادەیەکی تر بێتە دواخستن، ئەوە ترسی هەیە لە گۆڕین جا یان بەهۆی بەرژەوەندییەوە یانیش "کەللەی کۆنە" و بەرگەی شتی نوێ ناگرێ. بەڵام گۆڕینیش دەبێ هەڵوەستەی لە ئاستدا بێتە کردن، ئاخۆ ئەو گۆڕینە بەرەو باشەیە یان نا؟ زۆر گۆڕین لە جڤاکدا دێنە کردن ژیان بەرەو دوا دەبەنەوە. بە تایبەتی لە رووی سیاسییەوە گۆڕین زۆر مەترسیدارە. مێژوو پڕیەتی لە نموونە، وەک: گۆڕینی سیستەمێکی عەلمانی جا خراپییەکانی هەر چییەک بووبێ پاشایی بووبێ یان دیکتاتۆری، بۆ سیستەمێکی ئاینی، ئەمە گۆڕینێکە بەرەو خراپە. لە کاتی تەنگژەی ئابووری و سیاسیدا، کۆمەڵ خۆی دەستەوەستان دەبینێ و تەنیا لە هەڵبژاردنی چارەسەری ئاینیدا دەرچوونی خۆی دەبینێتەوە. وەک نەریتیش هەر شتێک لە تەنگژەدا بڕیاری بۆ بێتە وەرگرتن، بڕیارێکی ساغ و سەلیم نییە. کۆمەڵ یان تاک، دەبێ لە شێنەییدا بڕیار بدا، یان بە ئاوەزی شێنەیی بڕیار بدا، ئەگینا لە پاشەڕۆژدا لێی پەشێمان دەبێتەوە.

نموونەیەک لە کۆنی ئەم ناوچەیە، گۆڕینی ڕێژیمی شایەتیی ئێران بوو بۆ ڕێژیمێکی ئاینی. نموونەیەکی نوێ، رووخانی ڕێژیمی میسر و مەترسیی نێزیکبوونەوەی ئیخوانی موسلیمین لە دەسەڵات. هەڵبەت کە گوتت ئاین، بۆ سیاسەت جیاوازییەک نییە لە نێوانی ئاین یان مەزهەبێک و یەکێکی تردا، یان لە نێوان بزاوێکی نەرمڕۆ و یەکێکی تری گەرمڕۆدا. دواجار ئاین هەر ئاینە و بەربەستە لە پێش گۆڕیندا. لەمەش بەولاوەتر ئاین دژی بوونی جیاوازی و دژی بوونی غەیرەیە. ئیخوان لە میسر هێشتە نەگەیشتووە بە دەسەڵات دژی قبتییەلە لەبەرئەوەی ئاینیان جیایە. نموونەیەک بۆ باشیی بیری سێکیولار بهێنمەوە، لە چەند حەوتووی رابردوودا حکوومەتی تازەی میسر ویستی

مـحـافـزێكی بە ئاین فـەلە بـۆ شـارێک دابـنێ، بوو بە رۆژی "رابـوونەوە" وەک دەڵێن. بەڵام ئـەو حکوومـــەتە لاوازە لـەیســـتک ئاســـایـە، لە بن پاڵـەســـووی ئیسلامییەلدا کۆڵی دا و بڕیارەکەی خۆی کێشایەوە. لەم رۆژانەشدا گرژی لە نێـوان فـەلە و مـوسـڵـمـان لـە مـیـسـر لـە لێـواری تەقـینەوەیەکی گـەورەدایە. ناوبـەناوێکیش تەقـــیـــوەتـەوە بەڵام هـاتووەتـە زەوتکردن، جـــاری داهـاتوو لە زەوتکردن "کۆنترۆڵ" دەردەچێ.

لە یەمـەن ئۆپۆزسیـۆن، کە ئۆپۆزسیـۆنێکی ئاینییە، هێشتە نەگەیشـتووە بە دەسـەڵات، پێش چەند رۆژێک زمانی شاعیرێکی بڕی. دەستبڕین و چاوکوێڵین و بەردەباران، نەریتی کـۆنی دەســـەڵاتن لـەم ناوچەیـەی ئێـــمـــەدا و نەریـتـێکی ئاینیـشن. رووداوەیلی ئـەم دواییـیـە ئامــاژەن بۆ پێـشـبـینیکردنـی شـێـوازی دەســـەڵاتی داهـاتوو لـە یەمـــەن و مـیـــســـردا . ئیـســـلام لەو وڵاتـەیلەدا بگـات بە دەسەڵات، هیچ رێی تر ناگرێ جگە لە وەستاندنی گۆڕین. ژیان قفڵ دەبێ.

لە کوردستان، مـەترسیی ئێمـە لە ئۆپۆزسیـۆن هـەر ئـەوە نییە کـە قـەوارەی کـــوردی قـــەوارەیەکی دەڵەمـــەیە و بە چـەندان هـەڕەشـــەی دەرەکی هـاتووەتە گـەمـارۆدان، رەنگە هـەر کـارێکی ناحـەزانە و دژ، بـە سـوودی نـەیاری دەرەکی بشکێتەوە، بگرە مـەترسییەکە لەوەشدایە کە ئیسلام بگا بە دەسـەڵات، دۆزی کـورد لە بنج و بنـەوانەوە هـەڵدەتەکێ. لێـرەدا مــەترسی لـە جـەمــاوەریەتـیی ئیسلامییەلدا نییە بێگومان، ئەوان لە هـەڵبژاردندا سـەتی دەش ناهێنن، کێشە کودێتای شـەقامـە کـە رێ خـۆش دەکا ئەوانـی سـەتی دە و کـەمـتریش دەهێنن، بگەن بە دەسـەڵات. بە تایبەتیش ئەگـەر ئۆپۆزسیـۆنێکی عەلمانیی متمانـە بەخۆ لە کـــاردا نەبێ. پێش چەند ســـاڵێک، لەگـەڵ هـاوەڵەیلدا ســـەردانی بـەڕێز نەوشیـروان مستـەفـامـان کرد، گوتم ئەوەی ئێوە دەیکەن ئیـسلام دەگـەینێ بە دەسەڵات، گوتی چیی تێدایە با بگات؟ دواتریش لە کاتی ئـەم هـەرایەی دواییدا هـەر ئـەو گـوتـی "ئاین یەکێکە لە پرەنسـیـپـەیلی من". پێـشـتـریش بـە نموونە هێناومـەتەوە، کوردەواری دەڵێ "سیـاسـەت دایک و باوکی نییـە". ناتوانم بڵێم بەڕێز نەوشیروان راستگۆ نییە لەم ئاخاوتنەیلەیدا.

کێشە لەم ناوچەیەی خۆمان، نەمانی لۆجیکە لە گەمەی سیاسیدا کە ئیسلام لە سایەیدا هەلی بۆ ڕێک دەکەوێ بگا بە دەسەڵات. مەترسیش لەمەوە بۆ کوردستان دەست پێ دەکات. ساڵی ١٩٩٥ لە گەرمەی تەنگژەی جەزائیردا کە زۆر لە ڕۆشنبیرەیلی ئەو وڵاتە بە دەستی بزاوە توندڕۆی ئیسلامییەوە هاتنە کوشتن، بنووسێکی جەزائیری نووسیبووی نیوەی تەواوی ڕۆشنبیرەیلی ئێمە لەم شەڕەدا لە دەست دا، بە ڕێکەوت بەڕێز عەلی باپیری میری ئێستەی کۆمەڵم ناسی. گوتم کێشە لەگەڵ ئێوەدا ئەوەیە، کە بگەن بە دەسەڵات دیموکراسی ڕەت دەکەنەوە. گوتی "دیموکراسی واتە ئازادی، ئازادیش بەلای ئێمەوە ئەوەیە دیموکراسی ڕەت بکەینەوە". مرۆڤ ئازادە لە بۆچوون و بیری سیاسیی خۆیدا، بەڵام ئەوانەی ناوم بردن سەرکردەن، مەترسی لەوەدایە بگەن بە جڵەوی فەرمانڕەوایی، لەبەرئەوەی ئیسلام دژی ژیانی سەردەمییانەیە.

باسێکی تر بۆ گاڵتەوگەپ: هەر لە دەمی ئەو تەنگژەیەی جەزائیردا، لەگەڵ بەرپرسێکی ئیسلامیدا دانیشتنێکی دوور و درێژمان بوو بۆ گۆڕینەوەی بیرورا لەبارەی شێوازی کاری ئیسلامی سیاسی و باسی دیموکراسییەوە. هاوەڵێک لێی پرسیم باسی چیتان کرد. گوتم "بە کورتی؟" گوتی "بە کورتی". گوتم من "دەمگوت ئەگەر گەیشتن بە دەسەڵات ڕۆشنبیرەیل مەکوژن، ئەویش دەیگوت هەر دەیانکوژین". لەم ڕۆژانە و لە بواری ئەو بانگەشە و شاباشەی نۆینی جەزیرە بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی دەکا لە یەمەن، کچۆڵەیەکی لەچەکدار دەردەکەوێ و بە زمانێکی وەک ئاگر هەڕەشەی "لەناوبردن بە زەبری شمشێر" بۆ نەیارانی ئیسلامی سیاسی دەکا. ناتوانی ددان بەخۆتدا بگری لە بارت ئەم بیرە ڕەش و کوێرانەیەی ئەم ڕەوتە مەترسیدارەدا کە ئەو هەموو منداڵ و مەزنەشی بۆ ساز داوە.

جێی لاملی نییە کەوا ڕێژیمەیلی ئەم ناوچەیە ملهوڕن. دەیان ساڵە ترووسکەیەکی هیوایان لێوە نایەتە دیتن. گرتیگە پڕە لە ناحەزەیلیان. سامانی وڵات بووە بە پاوانی توێکێک. ڕاگەیاندن لە جیاتیی ئەوەی چاو و گوێ بکاتەوە، کوێر و کەڕیان دەکا. وڵات لە پاشکەوتەییی ئابووری و جڤاکیدا

چەقیوە. ئەم دۆخانە هەموویان گۆڕینیان دەوێ، بەڵام گۆڕین بە ئامانجی دەرچوون لە زەلالەت نەک دەست پێکردنەوەی زەلالەتێکی تر لە بەرگێکی تردا. بۆ ئاین وا باشترە لە سیاسەت و گەمەی دنیایی بە دوور بێ، بە گەیشتنی ئاین بە دەسەڵات زۆر نابا بۆگەن دەکا و جڤاک ناچار دەبێ هەوڵ بدا بۆ گۆڕینی. ئەمەش بمانەوێ نەماوێ ئاین لەکەدار دەکا. دەبێ ئایندارەیلی دڵسۆز بزانن کە خەڵکەیلی نوێخواز دژی ئاین نین، بە پێچەوانەوە، ئەوان زیاتر لە سیاسەتبازەیلی ئاینی ڕێزی لێ دەگرن. لەبەرئەوە من دەڵێم: گۆڕین ئەوە نییە ئیسلام بگەینی بە دەسەڵات، گۆڕین ئەوەیە ئەوەندەی بەدەستیانیشەوەیە، لێیان وەربگریەوە.

بزاو ژ: ٥٤، ئایار ١٨، ٢٠١١

**ئازادی، ئازادی**

هۆیەلی ڕاگەیاندنی بێلایەن، ڕێیان نییە بگەن بە سووریا تاوەکو دیمەنەیلێکی ڕاست لەو ڕووداوەیلە بگوازنەوە کە وان ڕۆژانە لەو وڵاتەدا روو دەدەن. تەنیا چەند دیمەنێکی کەم و کورت لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، هەرچەندە ئەمانەش بەسن بۆ ناسینەوەی ئەو ڕژێمەی چل ساڵە بووەتە کامووسەک بەسەر سنگی گەلەکەیەوە. دیمەنی کاسەسەری بەر گوللەی نیشانئەنگێو "قناص"ەیل کەوتوو، کە هێشتە گەرمە و خوێنی لەبەر دەڕوا، قاچ و قۆڵی شکاوی قوربانییەلی لە گۆڕەپان بەجێماو، کەسێک ناوێرێ بگەڕێتەوە سەریان نەبادا ئەویش بکەوێتە بەر سێرەی نیشانئەنگێوەیل. ئەمانە دیمەنی بەردەوام دووبارەبووەوەن لە سووریاوە. دیمەنێکی تر، ئەو گرتییە باڵبەستکراوەیلەن کە پیاوەیلی ڕژێم بە جلی سڤیلەوە، بە پێلەقە کەوتوونەتە وێزەیان پێش ئەوەی بە چارەنووسێکی داخاوییان بسپێرن. جووتە برای بەعس بە موو لە یەکتریان لا نەداوە، ئەم دیمەنەیلە هەمان دیمەنی دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی عێراقن، بە تایبەتی ئەو وێنەیلەی لەبارەی خەڵکی باشووری عێراقەوە گەیشتنە تیڤییەل و کەوتنە بەر چاوی دنیا. هەر ئەم کارە کێوییانەش بوون، سۆزدارییان لە هیچ

لایەکەوە بۆ ڕێژیمی بەعسی عێراق نەهێشت و سەریان لە گۆڕ نا.

بە دووری مەبینە ئەو وێنەیلە داودەزگایەلی تەناهیی سووریا خۆیان دزەیان پێ بکەن بۆ تۆقاندنی خۆپێشاندەرەیل. هەر خۆی لە هەمان کات لاملیشیان لێ دەکا و دەڵێ "جلکی هێزەیل تەناهیی ئێمە جیان"، دەڵێ "روونە ئەم پیاوەیلە سەر بە ئێمە نین و داخۆ لە چ شوێنێک وێنەیان گرتوون و بە ملی ئێمەیان دابڕیون". ئەمەش کورتبینییەکی ترە لەو ڕێژیمەوە، نە دڕەندییی ئەو بۆ گەلی سووریا نەناسە و نە درۆ و دەلەسە و چاوبەستەکێیەلیشی تازەن. بە پێچەوانەوە، بەو دڕندەکارییەی خۆی، هەموو ڕێز و چاوەڕوانییەکی لە گەلی سووریاوە لە دەست دا پاش ئەوەی ئەو چەک و فیشەکەیلەی دەیان ساڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل "گوایە" هەڵی گرتبوون، ئەمڕۆ لە هاووڵاتییەلی داواکاری چاکسازیدا بەتاڵی کردنەوە.

لەم ناوچەیەدا ڕێژیم نییە لە سووریا لەخۆدەرچووتر، دەیان ساڵە بووە بە زلێکی وا، کە قەرە لە قەرەی نایەتە دان، هەموو لا کۆڵی بۆ دەدەن و بۆی بەجێ دێڵن. ئەو ڕێژیمە لە لایەکەوە گیرسانەوە و تەناهیی لە لبناندا بڕیوە و بۆشی چووەتە سەر. دەستێکی لەناو بزاوەیلی فەڵەستینیدایە و ماڵی لێ شێواندوون. دەستێکی تر لەناو باخەڵی عێراقدا و ناهێڵێ بە دوای چارەنووسی خۆیەوە وێڵ بێ. گەلی خۆی هیچ حسێبێکی لەلای ئەودا نییە و لە مێشوولەیەک بچووکتری دەبینێ. ئەو ڕێژیمە هێشتە لەسەر حسێبی ململانەی نێوان جەوسەرەیلی دژبەیەکی سەردەمی شەڕی سارددا درێژە بە تەمەنی دیکتاتۆرییانەی خۆی دەدا. هەڵەی ئەو نییە، چین و رووسیا کتومت وەک سەردەمی شەڕی سارد بەرگریی لێ دەکەن و بە پارسەنگی هێزی نێوان ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتی دەزانن لەم ناوچەیەدا. وێڕای ئەوەی کە ئەو جۆرە ڕێژیمە کات بەسەرچووانە لە ڕووی چەکدارییەوە سەر بە باژێری برکەی ڕۆهەڵاتن. بەڵام ئاخۆ دنیا هیچ بنەوایەکی مامەڵەی لە گوێن سەردەمی شەڕی ساردی تێدا ماوە؟ ئەدی کێشانە و پێوانەی تازەی جڤاکی مرۆڤایەتی چین؟

خۆپێشاندانی گەلی سووریا ڕۆژ بەڕۆژ بە بەرەوە دەچێ، تا دێ لە ساتی

یەکـــجـــارەکی نێـــزێک دەبێــتـــەوە. هـەرچەند کـــە داودەزگـــایەلی تەنـاهـی و ســـەرکـــوتـەوە، بەوپەڕی کـێــویەتی و دڕندەییـــیـــەوە هەڵســـوکـــەوت لە ئـاست خۆپێشـاندەرەیلدا دەکەن، وێڕای ئەوەش هـەر تەشـەنە دەکا. لەناو راپەڕینەیلی وڵاتەیلی عـەرەبیدا هیـچیان وەک راپەڕینی گەلی سـووریا سـەرتاسـەری نین و هیـچیـان ئەوەندەی ئەو، دروشـمـەیلیـان دیموکـراسـییـانە و لەپێناوی "تەنیـا" ئـازادیدا نیـــیــــە. لە خــــەینی ئەمـــــەش، لەوە دەچێ هـیچ کـــارنامـــــەیەک خۆپێشـاندەرەیلی لە مـاڵ نەهێنابێتە دەرەوە جگە لـە تامـەزۆریی بۆ ئازادی و حـەزی شکاندنی کۆت و پێوەندی بەندەیی. دەنگی ئۆپـۆزسیـۆن تا ئێسـتـە لەم خۆپێشـاندانە خوێناوییەلەدا تەمـاوییە، تەنیا گەلێکی رەشـوڕووتە لە گۆڕەپاندا کـە دەنگێکی نێـرانەی لێـوە دێتـە بیـستن و بە هیـچ بەرگـرێک ناسـرەوێ. ئەو تۆمەتەیلەی راگەیاندنی سووریا دەیداتـە پاڵیان بە بوونی دەسـتێکی دەرەکی لە پشتیانەوە، دەرکەوت تەنیا درۆی پەتین و کەس بە پوولێک نەیکڕین.

بەڵام با راگـــەیاندنـی دنیـــاش هـەلی نەبێ بگا بـە ســـووریا و راگـــەیاندنی سـووریاش هـەر فیـشـاڵ بکا بۆ خـۆی، تەنانەت با جڤـاکی ناودەوڵەتیش خـۆی لەم کارەسـاتانە ببوێری کـە داروەدسـتـەی رژێم بەسـەر خـۆپێشـانـدەرەیلیدا دەهێنن، ئـەوان ورە و توانی خـۆیان و پشـتـیـوانیی ئازادیخـوازەیلی دنیـایان بەسـە بـۆ دەسـتـەبەرکـردنی سـەرکـەوتن لـەو گرەوەی ملیـان لەبـەر ناوە. ئەوەتا تەکنیکی نوێبـاوی دنیـا لە هـەمـوو کوێرەدێیـەکیشـدا هـەیە. مـۆبـایلێک بەسـە بۆ گواسـتـەوەی راسـتـەقینەی رووداوەیل یان ئاشـکراکردنی شـاراوەیلێک. رژێمی سووریا لە خەوی غەفڵەتدایە کە پێی وایە بە هـەمان پێوانەی سـەردەمی شـەڕی ســـارد دەتوانێ درێژە بە مـــانەوەی خـــۆی بدا و خـــواســـتـی گـــەل بخـــاتەوە خەفەکردن. بنـەوای دەس تێ وەردانی ناودەوڵەتی کە پاش ساڵی ١٩٩٠ بوو بە نیشانەی دنیـای نوێ، مەرج نییە تەنیـا دەس تێ وەردانی دەوڵەتەیل بێ، دەس تێ وەردانی گـەلێری لەو دۆخـەیلەدا، کـە سـیـسـتـەمـەیلی سیـاسـیی دنیـا لە سـۆنگەی بەرژەوەند و چەچەبڤـەییـیـەوە، خـۆی نـەبان بکا، ئـەویان "واتە ڕای گشـتیی دنیـا" دەبێ بە سـەنگی یەکلاکـەرەوە. کتـومت وەک ئەوەی بۆ کوردی

عێراق لە پاش راپەڕینی ١٩٩١دا هاتە کردن. ئیتر خەمت نەوێ گەلی سووریا بە تەنیا لە گۆڕەپاندا نایەتە بەجێ هێڵان.

رێژیم لە سووریا لەو بنکدارە فرەوانانە نییە کە وامان دەزانی. وڵاتەکە وڵاتێکی فرە رەنگە لە رووی پێکهاتەوە بەڵام ئەو یەکگرتن و یەکرەنگییەی لەو خۆپێشاندانەیلەدا هاتنە بەرچاو، دەستەبەرێکی تری بردنەوەی گرەوی ململانە بوون لە ئاست ئەو رێژیمەی بۆ ماوەی چل ساڵ بە پێومانی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کردن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو رێژیمە دەوراستی هیچ توێکێک نەبووە و تەنیا پشتی بە هێزی داودەزگای سەرکوتەوە بەستووە. ئێستە خۆپێشاندان بۆ ئازادی و دیموکراسی، سووریاییەلی کرد بە گەلێکی پتەوی یەککگرتوو بە پێچەوانەی ویستی رێژیمەوە.

"ئازادی، ئازادی"، کاتێ گوێم لەم وشەیلە دەبێ لە خۆپێشاندەرەیلەوە، تەنیا ئەوە دڵخۆشم ناکا کە وشەیەکی کوردییە و لە قوڕگی برا کوردەیلی خۆمەوە لە سووریا دەرکەوتووە و مژدەی بوونی ئەوان و دوانەکەوتنیان لە خەباتی رێی دیموکراسیدا دەدا بە گوێی دنیادا، بگرە ئەوەش دڵخۆشم دەکا کە هاووڵاتی و سیاسەتوانەیلی سووریا و راگەیەنکارەیلی عەرەب مامەڵەیەکی سەردەمییانە لەگەڵ کورددا دەکەن، ئەمجارە جیاوازییەک نییە وەک بەرێ کە لە پرسی کوردی عێراق لە پاش ١٩٩١ەوە کردیان.

ئازادی، ئەو وشە سیحراوی و ئەو دنیا خەیاڵییەی دەیان ساڵە خەباتکارەیلی سووریا، بە کوردیشەوە خەونی پێوە دەبینن و شەوارەی لە تەکدا دەکێشن، زۆری نەماوە ببێ بە هەڵکەوتی راستی. چەند رۆژ یان چەند حەوتووێکی کەمە و یەکێکی تر لە سیستەمەیل دیکتاتۆری هەرەس دەهێنێ، کوردیش دەگا بە بەشێک لەو مافەیلەی سەتان ساڵە بۆیان عەوداڵە. "ئازادی"، ئەو پەیڤەی لە گەرووی شۆڕشگێڕەیلی کوردی سووریاوە دەرهات، کەوتە سەر زمانی راگەیاندنی عەرەبی، ئۆخەی ئەوە جاری یەکەمە لەگەڵ گەلەیلی ناوچەدا، کورد پەیڤێکی هاوبەشی دەبێ، ئەویش خۆشبەختانە: ئازادییە.

بزاو ژ: ٥٥، ئایار ٢٢، ٢٠١١

## ئای له داخی کورد

پێشی چەند ساڵێک یەکێک لە بەرپرسەیلی کوردستان گوتی کورد گەلێکی تەنبەڵە. لە هەموو لایەکەوە لێی راپەڕین، گوتیان "ئەمە سووکایەتییە، کورد گەلێکی زۆر چالاک و بزێو و لێهاتووە، زۆریش داهێنەرە". گوتیان ئەوەی کورد بەسەری هاتووە لە مێژوودا بەسەر هەر گەلێک بهاتایە ئەوەندە جووڵەیەشی نەدەما. کەس نەیوێرا بەرگری لە بۆچوونی ئەو بەرپرسە بکا. وەک نەریت لەناو کورددا بەرپرس هەردەم هەڵەیە، رۆژنامەنووسیش هەردەم راستە. ئەمە لە یاسای قەرەقوش دەچێ، قەرەقووش یەکێک بووە لە فەرمانڕەوایەلی میسر لە کۆندا و بەسەرهاتی سەیری لێ دەگێڕنەوە. بەم بۆنەیەوە قەرەقوشیش بە رەسەن کوردە.

گەلی داهێنەر کێیە؟ گەلی یابان داهێنەرە. مانگی ئاداری رابردوو سۆنامی لە بەشێکی گەورەی ئەو وڵاتەی دا و بوو بە مایەی تێچوونی نێزێکەی بیست هەزار کەس. سۆنامی ئەوەیە بلەرزەی زەوی لە ژێر زەریادا روو دەدا و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو. ئاوەکە شەپۆلان دەدا بەرەو لێوار، بەژ و دەشتاییی ئەو ناوە دادەپۆشێ و چی ئاوەدانی هەیە بە گیانلەبەر و مرۆڤەوە رادەماڵێ. لە سۆنامیی ئەم جارەدا بە چەند ساتێکی کەم کارەساتێک قەوما جەستە و دەروونی مرۆڤی هەژاند. ئەمە نیوەی چیرۆکەکەیە، نیوەکەی تر ئەوەیە یابان هیچ بەهاناوەچوونێکی لە هیچ کەسەوە وەرنەگرت. زۆریان بۆ پێشنیاز کرد و ئەو هیچی نەویست. تەنیا بە توانستی خۆی بەسەریدا زاڵ بوو. کارەساتەکە تەنیاش بە سروشتەوە نەوەستا، بنکەیل ناوکەیی "نووي" هێندەی نەمابوو ببن بە سەربارێکی تر و زیانی گیانی و مایەکی چەندان هەندە زیاد بکەن. بەڵام یابان مێرانە، نە پاڕایەوە و نە گریا و نە منەتیشی بەسەر کەسدا کرد. سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆمای رووس، لەناو ئەو کارەساتە مرۆییەدا، پێشنیازێکی گاڵتەئامێزی کرد، گوتی: گەلی یابان گەلێکی داهێنەرە حەیفە لەناو بچێ، گوتی من پێشنیاز دەکەم بێن لە خاکی سێبیریادا نیشتەجێ بن.

بیست هەزار کەس لە چەند ساتێکی کەمدا تەرمیشیان ئاو بردی و کردنی بە بژێوی گیانلەبەرەیلی زەریە. مرۆڤ لەوەتەی چاوی کردووەتەوە لە نێوان خۆیدا ململانەی کردووە بۆ ئەوەی بەسەر یەکتردا زاڵ بێ. لەگەڵ سروشتیشدا ململانەی کردووە بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر رکێفەوە. بڕوانە ئەم هەموو پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکییە لەم سەردەمەدا و هێشتەش مرۆڤ چەند دەستەوەستانە لە ئاست درندەیی و بێ بەزەیەتیی سروشتدا. گەلی یابان لە شەڕی دووەمدا چەکی ناوکەییی لە ئاستدا هاتە بەکارهێنان و زیانێکی گەورەی لێ کەوت. سۆنامیش ناو بەناو روو دەداتەوە. تۆ وەرە ئەمانە بەراورد بکە لەگەڵ کارەساتەیلی کورددا و ئینجا رێ بە خۆت بدە باسی لێقەومانی خۆمان بکەی. هەموو کردەوەیلی ئەنفال و بە کیمیایی لێدانی کوردستان ناگاتە ئەو ژمارەیەی ئەمجارەی سۆنامی. من باسی ژمارەی راگەیاندن و وتاری سیاسی ناکەم، باسی ئەو ژمارەیە دەکەم کە لە داودەزگای رەسمیدا هاتووەتە تۆمارکردن، کە بە مردووی ئەو ساڵەیلەشەوە ناگاتە بیست هەزار.

کوردستان لەسەر هێڵی بلەرزەی زەویدا نییە. نە لە مێژووی کۆن و نە لە مێژووی تازەدا، بۆ یەک جاریش بلەرزەی زەوی لە کوردی نەداوە. لە کوردستان لافاو هەڵناستێ، بەفرێک ناکەوێ کارەسات بقەومێنێ، رەشەبا نییە خانوبەرە برووخێنێ و مرۆڤ و گیانلەبەر لەناو ببا. هیشکەساڵی روو لە کوردستان ناکا و قاتوقڕی و تینووەتی، قڕان لە گەلی کورد ناخەن. کورد زۆر بەختەوەرە لەگەڵ سروشتی کوردستاندا و وەک پاشای سەر تەخت دەژی. دەمێنێتەوە زوڵمی مرۆڤ، ئەوەی گەلەیلی هاوسێ یان بە زاراوەی راگەیاندن، "داگیرکەرەیل" لە کوردیان کردووە، ئەمەش ئەگەر کارەساتەیلی ساڵانی هەشتایەلی سەتەی بیستەمی لێ دەربکەی کە سەدام حوسێن کردی، شتێکی ئەوتۆ نییە شایەنی باس بێ. ئەوەی سەدام کردی بەشێک بوو لە شۆڕە "تداعیات"ی شەڕ لەگەڵ ئێراندا. کورد هیچی بەسەر نەهاتووە لە مێژوودا بەڵام زۆر دەپارێتەوە. نەبوونی سەربەخۆییی نەتەوەیی و مانەوەی خاکی

کوردستان بە ژێردەستەییی بێگانە، چەند بیانیی تێدا تاوانبارە، کورد خۆی دەیان ئەوەندە و سەتان ئەوەندە. کورد زۆر دەپاڕێتەوە کە هیچی نییە و مەزڵوومە، داوا دەکا دەستی بگرن و رزگاری بکەن و سەربەخۆییی بۆ بەدی بێنن. ئەمەش شوورەییيە بۆ گەلێک لەم سەردەمەدا کە سەردەمی چاوکرانەوە و راکردنە بەدوای بەرژەوەندیی خۆدا. هاوەڵێکم گوتی چووم بۆ دیداری عەزیز نەسین بنووسە ناودارەکەی تورک. وەک نەریتی خۆمانە دەستم کرد بە باسی لێقەوماوی و نەبوونیی کورد. نەسین گوتی "گوتەیەکی تورک هەیە دەڵێ: ئەگەر دەرپێت لەپێدا نەبوو مەڵێ دەرپێم لەپێدا نییە لەبەرئەوەی کەس دەرپێت پێ نادا و گاڵتەشت پێ دەکەن."

من لەو باوەڕەدا نیم مانەوەی کورد لە مێژوودا کاری ئازاییی خۆی بێ. بە پێچەوانەوە ئەمەش هەر لە تەنبەڵییەوە هاتووە و زۆر بیری لێ بکەیەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئەوە مایەی شانازی نییە. توانەوەش لێوەشاوەییی خۆی دەوێ. کورد توانستی توانەوە و لەناوچوونی هەبوایە لەمێژ بوو لەناو گەلەیلی تردا توابووەوە و خەمی نەمابوو. هەندێک جار شەکر دەخرێتە ناو چاوە، گڵمتێک لە ژێرەوە دەمێنێتەوە و چەندی تێک دەدەی ناتوێتەوە. ئەمە کتومت کوردە. نەخۆی رادەپسکێنێ خۆی رزگار بکا نەیش لەناو دەچێ و یەکخەم دەبێ. ئێستە لەم رۆژانەدا کە راپەڕین و شۆڕش سەرتاسەری وڵاتەیلی عەرەبیی گرتووەتەوە، رماندنی سیستەمەیلی دیکتاتۆر بووە بە ئاوخواردنەوە. لە جیاتیی ئەوەی کوردی بەشەیلی تر راپەڕن و خۆیان رزگار بکەن، کوردی عێراق دەیەوێ ئەوەی لێرەدا بەدی هاتووە ژێرەوژووری بکا.

ئەمەریکە کە یەکە هێزی دنیایە لە هەموو رووێکەوە، شەرمەزارییەکی هەیە لە مێژوودا بۆ ئەمەریکاییەل بووە بە گرێکوێرەی دەروونی و مۆتەکەی شەوەیلیان. ئەم گرێکوێرەیە گەلی ڤێتنام لە سەرەتای شێستەیلی سەتەی رابردوودا بۆی دروست کردن. با کورد ئازا بوایە و پەندێکی لەمە وەربگرتایە. با دەرسێک لە سۆنامی وەربگرێ و ئەوەندە نەناوڕێتەوە، بەڵام بشناوڕێتەوە عەزیز نەسین گوتەنی کەس پێی نادا و پێشی پێ دەکەنن. راپەڕینی گەلی

جەزائیر لە ئاست داگیرکەریی فرەنسا لە هەمان کاتی راپەڕینی گەلی ڤێتنام لە ئاست داگیرکەریی ئەمەریکادا، تاقیکردنەوەیەکی ترە، کورد بیویستایە لێی فێر دەبوو.

با یەکێک بێ و وەڵامی ئەوە بداتەوە بۆچی کورد دەرسی لەم تاقیکردنەوەیلە وەرنەگرتووە. بەڵام تکایە بێ پاڕانەوە و گریان بۆ لێقەوماوی و تێشکاوی، منیش ئەمانە دەزانم و بیستوومە. رەجەب تەیب ئەردۆغان هەترەشی چووە لەو بزووتنەوەیلەی وڵاتەیلی عەرەبی. ئەوەی لیبیا شێتی کرد، ئینجا ئەوەی بەحرێن، ئەوەی سووریا هەر بە جارێک ئاوەزی لە کەللەدا نەهێشت. دەزانی بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەردۆغان وا دەزانێ کوردی باکور چاو لەو ئەزموونەیلە دەکەن و رادەپەڕن. نازانێ کورد لەوە "ژیرترن" سوود لە ئەزموونی گەلەیل وەربگرن و ئەزیەتێک بدەنە خۆیان بۆ ئازادبوون، لەبەرئەوەی تەنبەڵن.

بزاو ژ: ٥٦، ئایار ٢٥، ٢٠١١

## کۆڵدان لەبەردەم دواکەوتوییدا

گوتەیەکی پێشینان هەیە دەڵێ دوژمنت زانابێ نەک دۆستت نەزان. من ئەم گوتەیە بۆ پێوەندیی نێوان دەسەڵات و گەلی ئەم ناوچەیەی خۆمان بەکار دەهێنم. دەبێ لەم بارەدا گەل بچێتە شوێنی دۆستەوە بۆ دەسەڵات. بەڵام ئەگەر بتەوێ بیخەیە شوێنی دوژمنیشەوە هیچ لارییەکم نییە لەبەرئەوەی پێوەندیی نێوان دەسەڵات و گەل لە لای ئێمە زیاتر لە پێوەندییەکی دوژمنانە دەچێ، بگرە دوژمنایەتییەکی باوەکوشتەییشە. سەیری لیبیا و یەمەن و سووریا بکە بزانە دەسەڵات چی بەم گەلە داماوەیلە دەکا لەبەرئەوەی ویستوویانە بیگۆڕن، تەنیا دەڵێن "زۆر لەمێژە لە دەسەڵاتدای و سەریش نەکەوتووی لەم ئەرکەدا". چیی تریان نەگوتووە. نەیانگوتووە بەهۆی ئەم سەرنەکەوتنەت لێپێچینەوەت لەگەڵدا دەکەین، یانەخۆ تۆ بەرپرسی لە بە فیڕۆدانی تەمەنی وەچەیەک و کردنی وڵات بە زبڵگەی دواکەوتوویی. دەسەڵات

لەم ناوچەیەدا بە هەموو پێوانەیەک دۆستانە نییە، دۆستانە بوایە، لەگەڵ ئەو راپەڕینەیلەدا گۆڕەپانی چۆڵ دەکرد، یان چاکسازیی دەکرد، یانیش مەردانە گوێی شل دەکرد و مامەڵەیەکی سەردەمییانەی دەکرد. ئەو تەنیا پەنا بۆ چەک و رووبەڕووبوونەوە دەبا، تۆمەتی بەکرێگیراویەتی و لە پشتەوەبوونی دەستی دەرەکیش دەداتە پاڵ راپەڕیوەیل. ئەمە دۆستینی نییە، لە ناحەزیش بەولاوەترە. بەڵام ئەگەر بتەوێ پێوەندیی نێوان گەل و دەسەڵات ناو بنێی دۆستایەتی، یان چەوساندنەوەی دەیان ساڵەی گەل ببەیەوە بۆ دڵسۆزی و پەرۆشیی دەسەڵات بۆی، هیچ لە ناوەڕۆکی مەبەستی من ناگۆڕێ.

دەسەڵاتێک دۆستی گەل بێ، کار دەکا بۆ باشکردنی بژێویی ئەو گەلە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی روناکبیری و جڤاکی و هەموو شتێکی تری. دەسەڵات لەم ناوچەیەدا هەموو کاری ئەوەیە کۆمەڵ لەوپەڕی دواکەوتوییدا بمێنێ. سەرسام بووین لە دۆخی کۆمەڵایەتیی لیبیا و یەمەن و تەنانەت میسر و تونسیشدا. نیوەی دووەمی سەتەی بیستەم، کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆوە بینی لە هەموو بوارێکدا، پەلی پێشکەوتن بە ئاسانی دەگەیشت بە هەموو سووچ و نکاڵێکی دنیا مەگەر ئەو سووچ و نکاڵە خۆیان نەیانویستایە. سیستەمی دەسەڵات لەم ناوچەیەی ئێمەدا رێگر بوو بۆ گەیشتنی تیشکی پێشکەوتن بە گەلی خۆی. ویستوویەی کۆمەڵ هەر خێڵەکی بێ و پێ نەخاتە ناو ژیانی سەردەمییانەوە. لە هەموو پێشکەوتنی ئەو سەت ساڵەی پێشوودا، دەسەڵات تەنیا لەم سالانەی دواییدا، رێگەی بۆ هۆیەلی پێوەندیی سەردەمییانە کردەوە لە جۆری مۆبایل و ئینتەرنێت، ئەویش نەک بۆ پێشکەوتن بگرە وەک بوارێکی بازرگانی بۆ زیاتر رووتاندنەوەی گەل. وا ئەو هۆیەلەش بوو بە بەڵای سەری خۆی. نیازێک باش نەبێ ئەنجامی باش نابێ.

لەو وڵاتەیلەی ناومان هێنان، رێگەوبان، تەندروستی، پەروەری، یاسا و راگەیاندن و هەموو بوارێکی تر لەوپەڕی دواکەوتوویدایە. ئەمە لەو کاتەی کە زۆربەی وڵاتەیلی عەرەبی وڵاتی نەوتین و کێشەی ئابووریان نییە. تورکیا وڵاتێکە چەندان ساڵە کنەی ئەوەیەتی بچێتە پاڵ یەکەتیی ئەورووپاوە،

بەڕاستیش تورکیا، ناوچە کوردەوارییەکەی لێ دەرکەی، ئەوی تری شان لە شانی ئەوروپا دەدا، لە وڵاتەیلی ئەوروپای ڕۆهەڵات پێشکەوتووتریشە. کوردستانەکەی لەوپەڕی زەلیلی هێشتووەتەوە بەو تەمایەی دواکەوتن ڕێ خۆش بکا بۆ درێژەکێشانی تەپەسەری، پێشکەوتنیش ڕێ خۆش دەکا بۆ ڕابوون و سەربزێوی. ئەم هاوکێشەیە، لە سەرەتای ئەم ساڵەوە ڕاپەڕینی گەلەیلی عەرەب دەری خست چەوتە، بگرە دژەکەشی ڕاستە. نەزانی و دواکەوتن ئەوەتا دواجار هەڵگەڕانەوە و بوون بە مایەی لە گۆڕانی دەسەڵات. لەوانە بوو گەلی تونس و میسر و ئەوانی تریش، ئەگەر لەگەڵ دەسەڵات ڕێک بکەوتنایە و کاریان بکردایە بۆ گۆڕین، ئەو ڕاپەڕینەیلە ئامانجیان باشتر بپێکایە لەوەی ئێستە، بەڵام ڕاپەڕیوەیل تەنیا "برۆ برۆ"یان کرد بە بنێشتە خۆشکەی بن ددان. دیاریش نییە ئەم "لاملییە شۆڕشگێڕانە"یە، ڕزگاریی ڕاستەقینەی بە دواوەیە یاخۆ دووبارەبوونەوەی دیکتاتۆرییەت لە شێوازێکی تردا، بەلای منەوە زیاتر ئەمەی دوایی.

تاخمی دەسەڵاتدار لەم ناوچەیەدا کورتبینە، چەوتبین و ئاوەژووبینیشە. لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ئەگەر گەلێکی خۆشبژی و هۆشیاری بهێنایەتە بەرهەم، بۆ خۆی باشتر بوو لەوەی ئێستەی. گەلێکی خۆشبژی و هۆشیار، ڕاستە ڕۆژانە سەربزێوی دەکا و ناچارت دەکا بۆ بەخۆدا چوونەوە، بەڵام گەلی ناهۆشیار و دەبەنگ مینێکە لە ژێر پێدا. نابێ ترست هەبێ لە هۆشیاریی گەل و پێت وابێ دەسەڵاتی خۆتی پێ لە دەست دەدەی. تاخمی دەسەڵات لە هەر وڵاتێکی دنیادا هەمان دەستەن و ناگۆڕێن. تەنانەت لە وڵاتەیلی ڕۆئاواشدا حزبێک یان دوان یان سیان پەنجا ساڵە بە نۆرە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. بێگومان لەوێش ئەوەی لە دەسەڵاتدایە سوودمەندە "عەینەن لای خۆمان". دەسەڵاتداریەتی ئەگەر سوودی مایەکیی نەبوایە، ئەم شەڕ و ململانەیەی لەپێناودا نەدەهاتە کردن.

تاقیکردنەوەی پێنج مانگی ڕابردووی وڵاتەیلی عەرەبی باشترین سەرچاوەیە بۆ سوود وەرگرتن، کوردستان زۆری پێویست بە ئەزموونی

گەلەیلە. ناشێ ئێمە ئەزموونی هێشتنەوەی جڤاک بە دواکەوتوویی دووبارە بکەینەوە. راستە و بەڵگەی ناوێ کە باشترین شێواز و ئاسانترین و بێ مەترسیترین شێواز بۆ هێشتنەوەی جڤاکێک بە دواکەوتوویی، پاراستنی نەریتی خێڵەکایەتییە تیایدا. دەسەڵات دەتوانێ لە سایەی ئەمەوە لێی بخوا بەڵام بۆ ماوەیەک و دواجار بەرووی خۆیدا دەتەقێتەوە وەک یەمەن و لیبیا و تەنانەت تونس. عێراق هەموو سەتەی بیست و یەکەم دەبێ باجی خێڵەکایەتیی جڤاک بدا کە سەدام حوسێن سۆنگەی بووژانەوەی ئەو خێڵەکایەتییە بوو. لای خۆشمان هەمان بیرکردنەوە لەلای دەسەڵاتدا هەیە، تەنانەت لەلای حزبەیلی ئۆپۆزسیۆنیشدا ئەوە هەیە کە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ و هەڵسەنگاندنی "تەنانەت بیربۆچوون"یشی لەسەر بنەوای بنەماڵە و خێڵەکایەتییە. بە پێی داونەریتی سەردەمییانە و مافی مرۆڤ و ئەزموونی ژیان، نابێ کوڕی دۆمێک و کوڕی سەرخێڵێک لە یەکتر جیابن. ئەوانەی لە ترۆپکەیلی دەسەڵاتدان، مەبەستم کەسێک و دوو کەسیش نییە، بگرە دەیان و سەتانن، هەموویان ئەو راستی و چمکە سەردەمییانە ئاگەدارن بەڵام پاراستنی بەرژەوەند، لە خۆساغکردنەوە بەلای جڤاکی کۆندا دەبیننەوە و پێیان وایە تەمەندرێژی لەوێوە دەست پێ دەکا، کتومت وەک وڵاتەیلی عەرەب.

ئەم خەیاڵە پێچەوانەکەی راستە، لەبەرئەوەی خێڵایەتی، وەک دۆستی نەزان و ماری بێ ئیجازەیە. چەند مانگە گەلی یەمەن راپەڕیوە و گۆڕەپانی بەرنەداوە، داوای رۆیشتنی سەرۆک دەکا. سەرۆکیش چەقیوە و ناڕوا، تا شێخ سادقی سەرخێڵ نەهات و خۆی نەدایە پاڵ خۆپێشاندەرەیل ترازووی هێز لاسەنگ نەبوو. کامێرای دنیا چووە وێنەگرتنی ماڵ و خێڵ و تەنانەت داپۆشینی "ئاخاوتنی دیموکراسییانە"ی شێخ سادق. شێخ بێگومان ترازووی هێزگەل لاسەنگ دەکا و کورسی دەخاتە لەرزەوە. هەر ئەم مەترسییە دەسەڵاتی ناچار کرد ئاگربەست لەگەڵ شێخدا بکا تا کەمێک ترازووی شێواوی خۆی هاوسەنگ بکاتەوە. بەڵام داد نادا و ئیتر هاوسەنگی رۆیشت.

عەلی عەبدوڵڵا گەلێکی خۆشبژی و هۆشیاری دروست بکردایە دەیتوانی ئێستە دانوستاندنێکی لەگەڵدا بکا یان هەر نەبێ شەرم نەکا لەوەی لەبەردەمیدا چۆک دابدا و گۆڕەپانی بۆ بەجێ بهێڵێ. ئێستە دەبێ کۆڵ بدا بۆ یەکێکی لە خۆی کڵۆڵتر، پیرۆزی بێ.

بزاو ژ: ٥٧، ئایار ٢٩، ٢٠١١

**پێچەوانەش مافی ژیانی هەیە**

مێژوو ئەو شتە نییە کە هاتووەتە روودان، مێژوو ئەو شتەیە کە دێتە گێڕانەوە. هەر چاوە و هەر زەینێک لە روانگەی بەرژەوەند و دنیادیتنی خۆیەوە لە شت دەڕوانێ و هەڵی دەسەنگێنێ. بۆ هەموو شتێک ئەم قسەیە راستە. بۆ نموونە ئەم دەزگای زاری کرمانجییە کە لەم رۆژانەدا ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دێتە پێشەوە.

بێگومان بۆ من و هەموو ئەوانەی کارمان کردووە و بەشداربووین لە بەدیهێنانیدا، وا باشە بڵێین دەزگایەکی سەرکەوتووە. پێمان خۆشە بە شان و باڵیدا بێتە هەڵدان و کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێ، لەبەرئەوەی "وەک گوتم" مرۆڤ لە روانگەی خۆیەوە لە شت دەڕوانێ. ئەمە مرۆڤی جڤاکی ئێمە، ئەگینا مرۆڤێکی کامڵی دوور لە منایەتی و نەخۆشیی خۆپەرستی، رەنگە بە کارێک بڵێ چەوت کە خۆی زەرەر لەم قسەیەی بکا، یان پەسنی کاری کەسێکی ناحەزی خۆی بدات. بەڵام ئێمە کوڕی ئەم جڤاکەی خۆمان و ئەم مێژوو و رابردووەی خۆمانین و بە دەگمەن ددانی خێر بە شتدا دەهێنین ئەگەر بەرژەوەندێکی مسۆگەری خۆمانی تێدا نەبێ.

من لە یادی دامەزراندنی دەزگای زاری کرمانجیدا، نامەوێ کەس خۆی لەم کولتوورەی جڤاکە تەرە بکا و بێت هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ کار و بەرهەمی ئەوەندە ساڵەی ئەم دەزگایە و هەڵسوکەوتی کارمەندەیلی، یان کاری من بکا. بە پێچەوانەوە دەمەوێ گوێ لە بیربۆچوونی ناحەزانە بگرم. ئەگەر

ئەوەی یەکەمیان لەناو کورددا دەست نەکەوێ کە دیتنی بابەتییانەیە بۆ شت، با لە دیتنی نابابەتییانە گوێ بگرین و سوود وەربگرین.

دیتنی نابابەتییانەش بەشی خۆی سوودی دەبێ ئەگەر بێو ئێمەمانان بمانەوێ سوود لە بیربۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر وەربگرین. من کە ئەم پێشنیازە دەکەم مەبەستم تاکە شتێکە کە لە ژێرەوە دەیدرکێنم:

جڤاکی ئێمە وەک زۆر پاتەم کردەوە ددان بە چاکەی هیچ کەسێکدا نانێ، ئەگەر ددانیشی پێدا نا، لە کونەباچکەی بەرژەوەندێکەوە دەیکا، رەنگە "بۆ نموونە" بۆ خاترگرتن بێ. لەبەرئەوە با بچین ناحەزترین بۆچوون و هەڵسەنگاندن بدۆزینەوە. ئەمە خۆی بۆ خۆی بوێرییە ئەگەر یەکێک لە جڤاکی ئێمەدا بیکات.

داوا لە بەڕێوەبەر و سەرنووسیار و سەرجەم کارمەندانی دەزگای زاری کرمانجی دەکەم، ئەم جارە و بۆ ئەم یادە، پێچەوانەترین بۆچوون و هەڵسەنگاندن لەبارەی کارەیلی خۆیانەوە وەربگرن و بڵاو بکەنەوە. تەنانەت با ئەو بۆچوونەیلە، ناحەزانە یان چەوتیش بن. بەشی دووەمی داوایەکەم ئەوەیە وەڵامی هیچ بۆچوونێکی دژ نەدەنەوە.

مەبەستم لەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیە ئەوەیە، فێر ببین گوێ بگرین، بەرگەی هەڵسەنگاندنێکی پێچەوانە بگرین، ددان بە خۆماندا بگرین و هەڵنەچین، لەبەرئەوەی پێچەوانەش مافی ژیانی هەیە. ناڵێم من خۆم وام، بەڵام دەبێ منیش فێر ببم ئەگەر نا شەپۆلانی گۆڕین توورم هەڵدەدەنە دەرەوەی گەمەکەوە.

زاری کرمانجی ژ: ٢٩٨، حوزەیران ١٨، ٢٠١١

**چیتان دەوێ ئەی میللەت؟**

لە کوردستانی خۆماندا کێشەی گەورە ئەوەیە ئێمە لە یەکتر ناگەین، لە یەکتر بگەیشتایەین کێشەیلمان زووتر چارەسەر دەبوون. بۆچیش تێ ناگەین؟ لەبەرئەوەی راستەقینەی بیری خۆمان ئاشکرا ناکەین. شتێک داوا دەکەین شتێکی ترمان مەبەستە. ماوەیەکە لە کوردستان هەموو لا دەستیان بە ئاخاوتن کردووە، ئاخاوتنێکی ئاساییش نا بگرە غەڵبەغەڵبێکی دوور و درێژ و بێ برانەوە و بێ ئەنجامیش، لەبەرئەمە وەک دەبینین کەس لە کەس ناگا. کەس نازانێ ئەوی تر چیی دەوێ. با لێکی بدەینەوە بزانین چۆنە؟

ئۆپۆزسیۆن لە سەرەتای ئەم ساڵی ٢٠١١یەوە گۆڕەپانی گرتووە و داوا پێشکێش دەکا، داوا لە دوای داوا. بەڵام وەک گوتم شتێک بە زار دەڵێ، لە بیری خۆیدا شتێکی تری گەرەکە کە دەبێ بەرامبەرەکەی بە مەزەندە لێی تێ بگا. ئۆپۆزسیۆن باوەڕی بە کاری ئۆپۆزسیۆنایەتیی خۆی نییە، باوەڕی پێ هەبوایە کاری دەکرد بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا نەک لاساییکردنەوەی وڵاتەیلی تر لەبەرئەوەی هەر وڵاتێک دۆخی جیاوازی خۆی هەیە و هیچ وڵاتێک لەبەرگیراوەی وڵاتێکی تر نییە. لاساییکردنەوە چارەسەر نییە. ئەمە کرۆکی پرسەکەیە: ئۆپۆزسیۆنی ئێمە باوەڕی بە ئۆپۆزسیۆنایەتی و کەمینە و زۆرینەی هەڵبژاردن نییە و تەنیا یەک نرم دەزانێ ئەویش لە دەرفەت گەڕانە بۆ گەیشتن بە ئامانج بە هەر نرخێک و شێوازێک بێ. ئۆپۆزسیۆنێک، بۆ نموونە سەتا چلی کورسییەلی پەرلەمانی هەبێ دەبێ دان بەوەدا بنێ کە کەمینەیە. بەڵام لەبەرئەوەی باوەڕی بەم لۆجیکە سەردەمییانەیە نییە، داوای رۆیشتنی "دەسبەجێ"ی دەسەڵات دەکا کە زۆرینەیە. ئەگەر یەکێک بپرسێ باشە تۆ کە ئەمڕۆ کەمینەیت و زۆرینە قەبووڵ نەکەیت، سبەی کە بووی بە زۆرینە چۆن کەمینە قەبووڵ دەکەیەوە؟ ئاخۆ ئێمە چاوەڕوانی چ دیموکراسییەک بین لە تۆوە؟

من دەتوانم لە جیاتیی ئۆپۆزسیۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

ئۆپۆزسیۆنی کوردستان کوڕی دەسەڵاتە نەک کوڕی ناڕەزاییی شەقام. کوڕی ناڕەزاییی شەقام بوایە راستگۆ دەبوو لەگەڵیدا و لە نیوەی رێدا بەجێی نەدەهێشت وەک بینیمان. کوڕی دەسەڵاتە بە تەواوی، خوو و خەسڵەتی ئەوی هەڵگرتووە، بە مــــوو لە باوکی خـــۆی لای نەداوە. نەک هەر باوەڕی بە دەستاودەستکردنی کورسی نییە بگرە دژیشیەتی، بکەوێتە دەستی بەری نادا. دەشێ بڵێین لەلای ئێمەدا گەمەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هێشتە لە دایک نەبووە، ئەوەی هەیە ملمـلانەی نێوان لووتکەیلی دەسـەڵاتەکە خۆیەتی. جاربەجارێ لووتکەیەک لەم لووتکەیلە دادەنەوێ و سوود لە شەقام وەردەگرێ بۆ گەمەی نێوان لووتکەیل.

ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە کوردستاندا یەک شتن، دەیانەوێ سیستەمێک بێتە کایەوە لە جۆری ئەوانەی سیستەمی سەرانسەری "شمولی"یان پێ دەهاتە گوتن. واتە لە وڵاتدا تەنیا یەک حزب و یەک بیربۆچوون و یەک شێواز هەبێ و تا هەتایە بەردەوام بێ و کەسیش لە کەس جیا نەبێ. جیایی بەلایەوە مەترسیدارە و سەرچاوەی هەڕەشەیە و مایەی لەناوچوونە. ئەو جیاییەش کە لە کــوردســتـاندا هەیە تەنیـا ملمـلانەی نێـوان باڵەیل یان لووتکەیلی یەک دەســەڵاتە. ئەوەی بە ڕاسـتی جـیـایان دەکـاتەوە تەنیـا هەندێک رابردووی کەسانی و پشتینەی دەروونییە و هیچی تر. جیاوازیی بیری کۆمەڵایەتی لە سیاسەتی کوردیدا نییە، هەمان سۆڤیەتی جاران و وڵاتەیلی سۆسیالیست و وڵاتەیلی تری تاک حزبییە. راستە زۆر باسی دیموکراسی دەکا بەڵام باوەڕی پێی نییە.

ئەوە سەمەرە نییە کە دەسەڵات لەم ناوچەیەی ئێمەدا، جا چ ئەوەی لەسەر کورسییە و چ ئەوەی لەسەر زەوییە، باوەڕی بە سیستەمی سەرانسەری هەیە و دەیەوێ شتێک لە جۆری سۆڤیەتی پێشوو بێنێتە کایەوە، سەمەرە ئەوەیە کە خەڵکیش هەمان جۆر سیستەمیان دەوێ. هەر بابایەکی دەیبینیم لێی دەپرسم داخوازیت چییە لە دەسەڵات؟ تێکڕای وەڵام "خۆشبژێویی کەسانییە". مووچەی دەوێ، زەویی دەوێ، پاڵدانەوە و پشوودانی درێژخایەنی تا مردنی دەوێ. کەس

پێشکەوتنی وڵاتی ناوێ، کەس باوەڕی بە پێشبڕکەی لێهاتوویی و هەلی شیاو نییە بۆ کارکردن و بەرزبوونەوە بە هەقی خۆی لە ژیاندا. لەم رۆژانەدا سەتان هەزار کەس فۆرمیان پڕ کردووەتەوە بۆ دامەزران لە دەزگای میریدا. رەنگە بگەن بە نیو ملیۆن کەس ئەوانەی داوای مووچەی میری دەکەن لە کاتێکدا هەلی تر بۆ کار لە کوردستاندا یەکجار مشەیە. بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ گوند. جاران بە وەرزێری (فەلایی)یان دەگوت "نەوتی بەردەوام".

بە کورتی، ئەوەی خەڵک داوای دەکا سیستەمی کۆمۆنیزمە. منیش جاران داوام دەکرد. بەڵام ئەو کاتەی ئێمە داوامان دەکرد بە ئاشکرا داوامان دەکرد و کە باوەڕیشمان پێی نەما بە ئاشکرا لێی پەشیمان بووینەوە. لە میدیای کوردیدا، هەزاران شتم بەرچاو دەکەوێ بیری چەپپیانەی جارانی ئێمەیە و بەداخەوە ئەم رۆژنامەنووسە لاوەیلە نازانن کەوا ئەم جۆرە بیرکردنەوە و ئەم سیستەمە، نەبوون بە مایەی بردنەوەی گرەوی پێشکەوتن لە دنیادا، هەر نەبێ لەم چاخەی ئێستەی ژیانی مرۆڤایەتیدا. ئەوەی دەسەڵاتیش دەیکا، وەک بینیمان دووبارەکردنەوەی هەمان سیستەمی کۆمۆنیزمە. تەنیا بایەخ بە هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی و پڕکردنەوەی مێشکی خەڵک بە بەیتوبالۆرە دەدا و لەولاشەوە وڵاتێکی وێران لە بواری فەلایی و پیشەسازیدا کە خەمی هیچ ساتێکی ئەو "دەسەڵاتە" نییە.

من بۆ خۆم پێشی زیاتر لە بیست ساڵ وازم لەم رێبازە هێناوە و لەوەش دەچێ تا رۆژی هەستانەوە ناسناوەکەیم لە کۆڵ نەبێتەوە. خەمیش ناخۆم ئەگەر ئەو ناسناوە بۆ منداڵیشم بەجێ بمێنێ. چوون بۆ رێگەیەکی تاقی نەکراوە ئاساییە، کوتینەوەی رێگەیەکی تاقیکراوە شوورەییە. خەم لەوە دەخۆم کە دەبینم کوردستان هەمووی بە خەونی ژیانێکەوەیە لە جۆری ئەو سیستەمەی باسم کرد. باشە با من لاریم نەبێ و خەڵک لە ئارەزووی خۆیاندا ئازاد بن چۆن بیر دەکەنەوە و حەز دەکەن چۆن بژین: کاپیتالیزمیان دەوێ، یان سۆسیالیزم یان گەندەڵیزم. یاخۆ گەورە گەورەیلی سیاسەت لە کوردستان دەیانەوێ نەخشەی داهاتوو چۆن بکێشن و وڵات بەرەو کوێ ببەن، من خەم

لەوە دەخـۆم بۆچی ئەم داوایەلە بـە ئاشکرا ناخـرێنە روو و مـێرانە پاسـاویان نادەنەوە؟ چییـە هێندە باسـی دیموکراسـی دەکەن؟ ئەوەی شـەقام داوای دەکا و ئەوەی لە دەم و کـاوێژی ئۆپۆزسـیـۆن دێتـە خـوێندنەوە و ئەوەش کـە دەسـەڵات دەیکا، تەنانەت ئەوەش کە لە میدیای ئـازاد و سـەربەخۆدا دەیخـوێنینەوە، هیچ پێـوەندیی بە دیموکـراسـییـەتەوە نیـیـە. ژیانی دیموکـراسـی سـەرتـاپێ ئێش و ئازار و مـاندووبوون و چەوسـانەوەیە بـۆ مـرۆڤ. دۆڕاندنە بـۆ ئۆپۆزسـیـۆن و لەسـەر زەوی دانیـشـتنیـەتی بە چوارمـشـقی. بـۆ دەسـەڵاتیش کـامـووسـەک و شەوەزمـەی بەردەوامی وەرگەڕانی کورسییـە. بەهەشتـە خەیاڵییـە خۆشـەکە وا لە کـۆمـۆنیـزمدا، ئیـتـر بۆ پێشـەوە. حەیف گەلی مـەزنی رووس سـەت سـاڵی لە دەست چوو بەهـۆی کۆمۆنیـزمەوە. ئەم سیستـەمە بۆ کوردی پەڕپووت باش بوو هـەتاهـەتایە بەختەوەر دەبوو تیایدا.

بزاو ژ: ٥٨، تەمووز ٦، ٢٠١١

## لە ناتەباییدا، دەوڵەتێک بۆ کوردستان

هـاوەڵێک دنەی دام بـۆ ئـەوەی وتاری ئـەم جـارەم لەبـارەی سـەربـەخـۆیـیـی کوردسـتـانەوە بێ. وتی وا جارێکی تر مـەیلی جیاوەبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەلای ئێمەدا سـەری هەڵدایەوە و هـەناومان بە غەمزەی ئەم کارمامزە کـەوتەوە تەپوکوت. مـەبەسـتی ئـەوە بوو کـەوا جـیـاوەبوونی باشـووری سـوودان سـەرلەنوێ برینی کـۆنی کوردانـی کولاندووەتەوە و ئیـتـر هـەلە با کـارێک بکەین بۆ خـۆمـان. راسـتـیـت دەوێ، هـانـدەرێکی نـاوەکـیـم نەبوو بـۆ ئەم بابەتـە، ئەم خـەیاڵە هێندە سواوەتەوە لە مێشـک و هزردا، تامێکی نەمـاوە مرۆڤ بچێتـەوە سـەری. ئـەم سـوودانە مـاڵمـیـراتـەش لە دێریکەوە کـاری تـەنیـا ئـەوە بووە ختووکەی خـەیاڵی ئێمـە بدا. لەوپەڕی دنیـاوە ناوبەناو شـتێکی تازەی پێشـان داوە و ئەزمـوونێکی نوێی خسـتووەتە باژێڕەوە تا کـوردی بە دۆمـردی لە داخا سوێی ببێتەوە. پێشی سەت و بیست و ئەوەندە ساڵ، وەک ئەمڕۆ جارێکی تر

راپەڕی و بووەوە بە نموونەی سەرمەشق بۆ گەلان. ئەودەم حاجی قادری کۆیی تانی لە کوردەیل دا بۆ جیاوەبوون:

"هەر دوێنێ ئەهلی سوودان هەستانە پێ وەکو شێر– ئێستێکە موستەقیللن مەحسوودی کوللی ئەدیان"

قسەکەی سوودی نەبوو. وا جارێکی تریش سوودان راپەڕییەوە و بووەوە بە "مەحسوودی کوللی ئەدیان" کەچی کوردی ئێمە هەر قەرەبرووتی جارانن. جا وتاری من چ سوود دەدا؟ نە من دەگەم بە ئاستی حاجی لە دنەدان و جوولاندنی ویژدان، نە کوردیش لەو سەردەم گوێڕایەڵترن بۆ ئامۆژگارییەک سوودی هەبێ بۆیان.

سەیری لاپەڕەی رۆژنامەیلی ئەمڕۆم کرد، مەیلێکم لەلای کەسێک لە هەرزەوێژەیلی میدیای کوردی نەدی کە بەلای ئازادی و سەربەخۆییدا بچێتەوە. هەموو سەردێری هەواڵەیلی لاپەڕەی یەک، یان پایدۆز "بایکۆت"ی ئۆپۆزسیۆن لە دیمانەی دەسەلات و لاڕێ گرتنی بوو، یان دۆزینەوەی کەلەبەری تازەی گەندەڵی لە سیستەمی کوردستان و ریسوایی تازە، یا چاکتر بڵێم "ریسواکردن"ی تازە بوون لەناو ریزی کوردیدا. وتەیەک نەبوو لە کەللە و چێژێکی بەرزەوە هاتبێتە سەر کاغەز. ئیتر بۆ کات بە فیڕۆ بدەم بە کوتانی ئاسنی ساردەوە؟

جوانترین وتەیەک لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە بیستبێتم ئەوەی مام جەلالە کە گوتی دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە. ددان هێنان بە ڕاستیدا کارێکی مێرانەیە، دەمی خۆش بێ مام جەلال. کەسێک لەم وڵاتەدا بیری بەلای دەوڵەتی کوردیدا بڕوا، دەبێ لە مامڵەتی رۆژانەیدا بەدەر بداتەوە. دەوڵەت تەنیا خەونێکە و لە رابردوودا لەگەڵماندا ژیاوە، ئەمڕۆ وشەی سەربەخۆیی لەلامان لە کوولەکەی تەڕیشدا نەماوە و تەنیا ئەو هەستە کۆنەیە کە شاعیرەیل خستیانە خەیاڵدانی منداڵیی ئێمەوە. هەل لە مام جەلال دەخوازم بۆ دەسکارییەکی وتەکەی، ئەوە جاران بوو کە دەوڵەت خەونی شاعیران بوو، ئێستە خەونی ئەوانیش نییە. دەوڵەتی کوردی تەنیا دێوەزمەی ناو کەللە و

خەیاڵی کاربەدەستەیلی وڵاتەیلی هاوسێیە.

کێشەی بەردەم پەیدابوونی دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی نوێدا تەنیا ئەوە نەبووە کەوا لە پاش شەڕی یەکەمی دنیاوە کوردستان دابەشی سەر چوار وڵاتی چواردەوری خۆی بووە کە لە گشت لاوە لە چەمەریان کێشاوە و پرزەیان لێ بڕیوە، کێشەکە لەوە دوورتر رۆیشتووە. هەموو دنیای عەرەب و ئیسلام دژی سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی بووە. ئەم دنیایە دیوارێکی تۆکمە و پتەوی لە پێش هەنگاوی کورددا رۆناوە و نەیهێشتووە بە موو بچێتە پێش. ئەمە دۆخی نەک تەنیا کورد، بگرە سەرجەم گەلەیلی کەمینە و چەوساوە و تەپەسەری ئەم ناوچەی عەرەبی ئیسلامییە بووە. تا میسر لە هێز و گوڕدا بوو باشووری سوودان نەیتوانی جیا ببێتەوە. ئێستە کە هەلی جیاوەبوونی هەیە، بەرئەنجامی هەڵوەشانەوەی دێوەزمەی میسری عەرەبییە. تا وڵاتەیلی عەرەب خاوەنی یەک بڕیاربوون، نە تونس و نە جەزائیر و نە مەغریب ددانیان بە زمانی ئەمازیغیدا نەنا، ئەوا ئێستە یەک بەیەک کۆڵ دەدەن و لووتیان دەگا بە زەوی لە ئاست داخوازی گەلی بەربەردا. شۆڕشەیلی گەلەیلی عەرەبی دژی سیستەمی ستەمکاری وڵاتەیلی خۆیان، تەنیا گۆڕینێک نییە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ کراوەیی، بگرە هەڵوەشانەوە و لەبەر یەک ترازانی ئیمپراتۆریەتی ستەمکاری عەرەبی و تەنانەت ئیسلامیشە لە ئاست گەلەیلی ژێردەستدا.

بەدەردانەوەی ئەم رمان و کەوتنە عەرەبی ئیسلامییە، بەسەر دۆخی ماف و ئازادی لە دنیادا، هیچی کەمتر نابێ لە هی کەوتن و هەڵوەشانەوەی یەکەتیی سۆڤیەت و سیستەمی وڵاتەیلی سۆسیالیست. ئەمڕۆ چوارچێوەیەکی گەورەی کۆت و بەندی دیلیەتی تێک دەشکێ و جۆرێکی تر لە چوارچێوە دروست دەبێتەوە، کە تا دروست دەبێتەوە چاخێک دەڕوا لە مێژوودا. مێر ئەوەیە سوود لەم "چاخی نێوان"ە وەربگرێ. گەلێکی وەک کورد یان بەربەر یان گەلی باشووری سوودان زۆر باش سوود لەم هەلەیلە وەردەگرن ئەگەر بیانەوێ خەونە دێرینەکەی دەوڵەت بە راست بگێڕنەوە.

جـاران هـەمـوو كوردێک لەگـەڵ ئەم خـەونەدا گـەورە دەبوو و تەمـەنی بەڕێ دەكرد جا چ مرۆڤێكی كارا و هۆشیار بوایە چ ڕەشۆكی و عەمەلەندە. تەمەنی گشـتمان بەم خەونەوە بـەسـەر چوو. خـەونێكی هێند پیرۆز و ڕەوایە نابڕێتەوە، ئەگـینا هۆیەلی نەمـانی زیاتر بووە لە هۆیەلی مـان و بەردەوامـبـوونی. ڕۆژانە هـەزار جار ئەم خەونەمـان بە هۆی نەزانی و پاشكەوتەیی خۆمانەوە زڕ دەبێ، ریسمان دەبێتەوە خوری، نانمان دەبێتەوە هـەویر.

بۆ بیـرەوەری: تازە لە زانسـتگەی مـووسـڵ وەرگـیـرابـووم. كـوڕێكی عـەرەبی مـووسـڵاویی قسـە خۆش و قۆشـمە لە پۆلـەكەمـاندا هـەبوو. ڕۆژێک لێی پرسـیم ئەرێ چییە ئێوەی قـوتابییـەلی كورد دائیـمە سـەرەتان بەیەكەوە ناوە و بە چپە دەدوێن؟ گوتم هیـچ، هـەروا بۆ خۆمـان قسـە دەكـەین. گوتی نا، من دەزانم ئێـوە باسـی دەوڵەتی كوردی دەكەن. ترسـام نەوەكا گۆبەندێكمان بۆ بنێتەوە. گوتی "گـوێ بگرە، دەوڵەتی كـوردی هیـچ كـات دروست نابێ". مـنیش هـەروا ئـەبلەق مـاوم. گوتی "خـاڵێكم هـەیە پیـاوێكی دنیـادیتـە و ژیرە، بۆ هـەمـوو شت راوێژی پێ دەكـەین. ئەم خـاڵەم هـەمـوو جار دەڵێ سێ شـت هـەن مـەحـاڵن لە دنیـادا، یەک: یەكـەتیی عـەرەبی، دوو: دەوڵەتـی كـوردی، سێ: خـێـرێک لـە سـەری ئەم كوڕەی مندا هـەبێ". گوتی "خاڵم كوڕێكی بلـحی نەگونجاوی هـەیە، پاشـەڕۆژی ئەویشی خـسـتـووەتە ریزی شـتـەیل مـەحاڵەوە كە هـیـچ ڕۆژێک هیـچ یەكێک لەم مەحاڵەیلە نایەنە دی".

یەكـێک پێی وابێ ئەو نمـوونەیلە دوورن لـە هـەڵكـەوتەوە یاخـۆ بڵێ دەوڵەتی كوردی راسـتییەكی بـەرهـەست و مێـژووییـە، با بێ و ئیسـپاتی بكا. بێگـومان داوا ناكەم بە "هـەوا" مێشكی خەڵک پڕ بكاتەوە، چیی تر هـەوا ناچێتە مێشكی ئەم وەچەیەوە. ئەوەی داوای دەكـەم بیكا، خـەباتە بۆ یەكەتـی و پتەویی ویسـتی گــــەل. لە دۆخـی نـاتـەبـایی و لـە چاخـی هـەڵوەشـــــانەوەی هـەست و هـزری نەتەوەییدا، دەوڵەتێک بـۆ كورد چـاوی هەڵنایە بە دنیـادا. ئەمـە دوو ئاراسـتـەی پێچەوانەیە.

بزاو ژ: ٥٩، تەمووز ١٣، ٢٠١١

یەکەم، چاکسازی کێشەی هەرێمی کوردستان نییە بە تەنێ، کێشەی سەرجەم ناوچەی عەرەب و ئیسلامە. ڕۆژانە دەبینین چۆن گەلەیلی عەرەب لە دژی بێ سیستەمی رادەپەڕن. ئەم بێ سیستەمییە بووەتە هۆی تەشەنەکردنی بێدادی و گەندەڵی بە سەرتاپێی جەستەی ئەو وڵاتەیلەدا. کێشەش تەنیا ئەوە نییە کە بێدادی و گەندەڵی بوونەتە سیمای ئەم وڵاتەیلە بگرە تاکەی مرۆڤیشیان لە مرۆڤایەتیی خۆی دابڕیوە و بیانییان کردووە لە ژیگە. وایە، لە جڤاکی بێ سیستەمدا مرۆڤ خۆی بە ئاوارە دەزانێ، وڵاتیشی لەبەر دەبێزێ.

دووەم، چاکسازی تەنیا کێشەی ئۆپۆزسیۆن نییە لە ئاست دەسەڵاتدا، کێشەیەکی گەورەترە. چاکسازی، سەرجەم جڤاک داوای دەکا، تەنانەت دەسەڵات خۆشی دەیەوێ بیکا بەڵام نازانی چۆن بەبەریەوە بنیشێ. دەسەڵات لەم ناوچەیەدا، بۆ مایەی بەختەوەریمان، دواجار گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کەوا هەر لایەنێکی نەزانێ چۆن بەرنامەی چاکسازی بەڕێوە ببا، مافی تەمەندرێژیی لێ دێتە سەندنەوە. ئەمەش ناچاری کردووە خۆی هەڵپە بکا بۆ چاکسازی. بەکورتی، چاکسازی نوێبوونەوەی ڕۆژییانەیە و نیشانەی بەردەوامەتییە.

لەم سەرگەیەوە، چاکسازی دەبێ وەک پرسێکی ستراتیجی بێتە وەرگرتن. دەیان ساڵ کارکردنی دەوێ، بگرە سەرجەم ژیانی دەوێ. من دڵم بە چاکسازیی کوردستان خۆش نییە و ناشتوانم پەسنی بدەم لەبەرئەوەی بووەتە مامەڵەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات. ئۆپۆزسیۆن زوڵم و کەڵەگایی دەکا کە داوای چاکسازی دەکا لە چەند مانگێکدا. تۆ خۆت وەرە خولێکی هەڵبژاردنەکی وەربگرە کە دەکاتە چوار ساڵ، ئینجا بڕۆ وڵات پاک بکەوە لە گەندەڵی و بیکە بە گوڵی باخان. بێگومان بە، پاش ئەو چوار ساڵە، دەبینی ئەوەی ئەنجامت داوە شتێک بووە لە گشتێک، مشتێک بووە لە جەواڵێک.

لەبەرئەمە، چاکسازی ناشێ ببێتە بابەتی ململانە بۆ گەیشتن بە کورسیی

دەسەڵات. چاکسازی ئەرک و بەرپرسیارەتیی "بەیەکەوەیی"ی هەموو لایەکە بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە. کار بۆ چاکسازی، وەک ئاین فەرە بەسەر تەواوی تاکەیلی جڤاکەوە ئەگەر بیانەوێ مرۆڤییانە بژین و سەردەمییانە بڕوانن بە داهاتوودا. بە تایبەتیش بۆ کورد کە دەیەوێ ببێ بە خاوەنی دەوڵەت. جڤاکی ئێمە لەبەرئەوەی لە سیستەمێکی خێڵەکایەتییەوە پێی ناوەتە ئەم چاخە نوێدەمەوە و لەبەرئەوەش کە سەرکردایەتیی ئەم ئەزموونە لە پێشمەرگایەتی و حزبایەتییەوە ڕێچکەی گرتووە، وەک جەستەیەک تیراوە "کانسەر"ی هەبێ، ڕۆژانە گەندەڵی پێیدا دەتەنێتەوە ئەگەر لە ژێرچاودێریی بەردەوامدا نەبێ. تۆ چۆن بەرۆکی دەسەڵات دەگری بۆ چاکسازی لە وڵاتێکدا کە هیچ پسپۆڕییەکی سەردەمییانەی تێدا نییە؟ تەنانەت دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەکی سەردەمییانەش نییە. بەلای منەوە ڕێزگرتن لە پرسگەی دەزگایەک کە دەچێتە ژوورەوە، گرینگترە لە مێژووی چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی. ڕێزگرتن لە یاسا و پرۆفیشناڵەتی لە کاردا، لەم سەردەمە جێی نیشتمانپەروەرییان گرتووەتەوە.

لە دوای ئەو پێشەکییە دوور و درێژە، دێمە سەر مەبەست، ئەویش ئەوەیە کە چاکسازی مامەڵە نییە لەگەڵ مرۆڤ هێندەی کە مامەڵەیە لەگەڵ سیستەمدا. ڕاستیت دەوێ گەندەڵکار خۆیشی قوربانییە، قوربانیی دەستی سیستەمێکە کە بووەتە هۆی گەندەڵبوونی. لە هەرێمی کوردستاندا هەزار بەرپرسی چەوت بگۆڕەوە بە هەزاری تری پێچەوانە، پاش چەند ساڵێک لێهاتوو لە وڵاتدا نەمێنێ و هەموویت کردووە بە گەندەڵ و بۆگەن. سیستەمی دواکەوتوو ماکینەی بە گەندەڵکردنی مرۆڤەیلە.

ئێمە ئەزموونێکی لێقەوماومان هەیە لەم هەرێمەدا. کەسێک نییە ڕێنوێنیی گەورە گەورەیلی وڵات بکا. ڕاوێژکارەیل ژمارەیان بە گەڵای دارەیلە بەڵام ئێمە بچووکترین ژیری نابینین لە بەرنامەی حکوومەتدا. لەم ڕۆژانە، حکوومەت و پەرلەمان بڕیارێکیان دەرکردووە بە دانی پاتی پازدە ملیۆن بە بێکارێک کە بیەوێ پڕۆژەیەک دەست پێ بکا. سەیرە، لەمەش سەیرتر دانی پێنج ملیۆن بە یەکێک بیەوێ ژن بهێنێ یان شوو بکا. حکوومەت نییە لە دنیادا خۆی بەم

بەزمانەوە لەناو بردبێ، باشە ژنت بۆی هێنا ئەدی لە کوێی نیشتەجێ دەکەی؟ ئەدی چ کارێک بکا؟

باشە، بۆ ئەو هەزار و پێنجسەت گەنجەی سوود وەردەگرن لەم یاسا پازدە ملیۆنییە، ئەو پرۆژانە چین کە حکوومەت رەچاوی کردوون؟ یان حکوومەت بیری کردووەتەوە ئاخۆ پرۆژەی وردیلە دەبێ بە مایەی گەشەی ئابووریی وڵات یان پرۆژەی زل و قەبە؟ ئەوەی من لەم بڕیارەدا هەستی پێ دەکەم تەنیا فرەوانکردنی پەراوێزی گەندەڵییە.

نموونەیەک بۆ پرۆژەی بە سوود پێشکێش دەکەم کە لێرەدا سەرپێیی هاتە خەیاڵم. بۆ هەزار و پێنسەت لاو کە هەر یەکەی پازدە ملیۆنی پێ بدەی، نیزیکەی بیست ملیۆن دۆلار دەکا. ئەگەر بهاتایە و حکوومەت زەوییەکی تەرخان بکردایە بۆ پرۆژەیەکی وەک بەخێوکردنی مانگا بۆ دۆشین، کارگەیەکی بۆ ماست و پەنیریشی لە تەنیشتیدا چێ بکردایە، بێگومان هەزار و پێنسەت گەنج پێویست دەبوون بۆ گاوانی و بۆ پووشەوانی و بۆ چاودێریی تەندروستی و بۆ کارگە و کارداری و ژمارەیەکیش بۆ شاروەشێنی "تسویق"ی شیر و ماست و پەنیر. هەزاران مانگا و گوێرەکە و شیر و پەنیر و پووش و پاوان لەم دەشتەدا، ئەم هەزار و پێنسەت گەنجەی مژوول دەکرد تا ڕۆژی قالوبەلا. دەسمایەگێرێک ئەم پرۆژەیەت بۆ بەڕێوە دەبا و دەتوانێ لە دە پازدە ساڵدا مایەکەش "بە باجی داهاتەوە" بداتەوە بە گەنجینەی گشتی، بێجگە لەوەی هەزار و پێنسەت گەنجی کوڕ و کچی خستووەتە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی مایەکییەوە، مرۆڤ بێ بەرهەمهێنانی مایەکی، بە مشەخۆر و گەندەڵخۆر دێتە ژمار. پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرکاری و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێییش لە پاڵ ئەو پرۆژەیەدا، دەبوون بە بابەتی لاوەکی و نەدەبوون بە خەمی حکوومەت تا دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ بکوتێ.

کوردستان وڵاتێکە ئابوورییەکەی لە ژێر سفردا. هەزاران گوند نەهاتوونەتە ئاوەدانکردنەوە، ئێمە پێویستیی زۆر سادەی بژێویمان لە دەرەوەڕا بۆ دێ. جگە لەوەی مایەیەکی زۆر بە فیڕۆ دەدەین، بووە بە بابەتێکی شەرمهێنیش کە

سەوزە و مێوەجات و پێخۆرمان زۆربەی سەرچاوەکەی وڵاتی بیانییە. تەنیا بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی ئابووری بەسە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی چاکسازی و رزگاربوون لە دەردە سەرەخۆرەکەی گەندەڵی. پێش ساڵێک، لە پێشانگەیەکی مێوەجاتدا، بە هەڵەدا نەچووبم لە ناوچەی هەڵەبجە، باخەوان و رەزەوانەیلی ئەو ناوچەیە لە حکوومەت دەپاڕانەوە تا چەند مانگێک سنوور دابخات بە رووی مێوەجاتی بیانیدا. یەکێک گوێی لەم داوا مەردانەیە بێ، دەیکا بە یەکێک لە دەسپێکەیلی چاکسازی لەبەرئەوەی وەک پێشتر گوتم: چاکسازی بنیاتنانی ئابووریی وڵاتە، ئەمەش واتە چاکسازی لەگەڵ مشەخۆریدا یەک ناگرێتەوە.

بزاو ژ: ٦٠، تەمووز ٢٠، ٢٠١١

## سەڵاوات لە دیداری دیموکراسی

ناچم بۆ هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، لەمێژە بێ سوودیی کۆڕ و کۆبوونەوەی کوردیم بۆ دەرکەوتووە. لە ماوەی ئەم ساڵەیلەدا تەنیا لە دوو کۆنگرەدا خۆم بینیوەتەوە، ئەویش هەردووکیان بە حەزی خۆم. دووەمیان کۆنگرەی رۆژنامەنووسەیلی کوردستان بوو. سەندیکای رۆژنامەنووسەیلم خۆش دەوێ و بە گرینگی دەزانم، وێڕای ئەوەی کە سەرۆکی پێشووی سەندیکا و سەرۆکی تازەش هاوەڵی باشن. لە سێ رۆژەی کۆنگرەدا سوودی زۆرم بینی، گفتوگۆی ئەندامەیل لە رێکارێکی باشدا بوو. هەموو شتێک بە هەستی بەرپرسیارەتییەوە هاتە تاوتوێکردن. بەداخەوە، لە دوا ساتدا دەستێک لە پشتەوە، هەرەسی بەم خۆشییانە هێنا و کردنی بە تراویلکە "سەراب"یەکی هیوارەوێنەوە.

بە هەناسەی ساردەوە کۆنگرەمان بەرێ کرد. هەڵبژاردنێک رووی نەدا بۆ دەستەی نوێ. لە شێوەی کودێتایەکی سەربازیدا دەستەیەک هاتە سەپاندن. کودێتاش نەبوو راستیت دەوێ، مەزاتێک بوو. ئەودەمە حەزم دەکرد لەگەڵ ئەندامەیلی یەککگرتوو و کۆمەڵدا بچمە دەرەوە بەڵام ئەندامەتی لە حزب وات لێ

دەکا بە گوێڕایەڵی بمێنیتەوە تا دوا سات و دان بە خۆتدا بگری.

وەک نەریت، لە هەڵبژاردنی کەسێکدا بۆ کارێک، دەنگدان دەبێ بە نهێنی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێ لەبەرئەوەی دەنگدانی ئاشکرا سەغڵەتی دروست دەکا بۆ مرۆڤ و ئازادیشی کەم دەکاتەوە لە دەربڕینی بڕیاری خۆیدا. دەنگدانی ئاشکرا بۆ هەڵبژاردنی کەسەیل نابێ، دەست بەرزکردنەوە و دەنگدانی بە ئاشکرا بۆ بیربۆچوونە کە مرۆڤ بیربۆچوون ناشارێتەوە بگرە شانازییان پێوە دەکا و دەست و دەنگیان بۆ هەڵدەبڕێ. کەچی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤ، هەموو کەسێک دەیەوێ بیشارێتەوە لەبەرئەوەی کێشە دروست دەکا یان هەر نەبێ سەغڵەتی و شەرمی لێ دەکەوێتەوە. کۆنگرەی ئێمە ئەم بنەوایەی پێشێل کرد. زۆرم پێ ناخۆش بوو پاش بیست ساڵ لەم ئەزموونە، دادوەرێکی کورد بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکا. ڕۆژنامەنووسەیلیش ملیان کەچ کرد. هەموویان وەک خۆم ئەندامی لایەن بوون و مل لە موو باریکتر چوونە پێشەوە. ئازادیی دەربڕین لەو ساتە لە خراپترین دۆخدا بوو. چوومە دەرەوەی هۆڵەکە بۆ ئەوەی لە ناخەوە، یەکەم بۆ خۆم بگریم، دووەم بۆ کوردستان، سێیەمیش بۆ ئەو لایەنەی تێیدا ئەندامم.

لە ٢٩٦ ئەندامی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسەیلدا، نێزیکەی دووسەتیان لە داودەزگای ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی و حزبەیلی هاوپەیمانی وانەوە هاتبوون. بۆیە بێگومان کاندیدی وان لە هەڵبژاردندا دەیبردەوە. ئەوانی تر بەختیان نەدەبوو تاکە ئەندامێکیش دەربچوێنن، تەنیا ئەگەر بڵێین هەردوو لایەنی دەسەڵات، باوەڕیان بە ئەندامەیلی خۆیان نەبووبێ و لەوە ترسابن کە ئەندامەیل دەنگ بە کاندیدی حزبی خۆیان نەدەن. کە واش بێ دیارە دەبێ چاوەڕوان بین کوردستان ببێ بە حومس و حەما. لەوێ، لە ڕوودا خەڵک هەمووی ئەندامە و لە پاشملەش ژەهری مارە.

باشە گریمان یەکگرتوو لە سەندیکایەکدا بردیەوە، یان گۆڕان یان کۆمەڵ، چی ڕوو دەدا؟ ئاخۆ ئەزموونی کوردستان وێران دەبێ یان جوان؟ ئەم ترسە چییە لە دۆڕاندنی تەنانەت یەک کورسیش؟ لە کۆتای مانگی تشرینی دووەمی

٢٠١٠دا پارتی دەسەڵات لە میسر هەموو کورسییەلی پەرلەمانی بردەوە و ڕێگەی نەدا بەرهەڵسکارەیل تەنانەت یەک کورسییش "بۆ تام و چێژی دیموکراسی" ببەنەوە. پاشان چیمان بینی؟ بە پوختی، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیلە، لەو کاتەدا کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی داوەتە کاری ریفۆرمسازی، هەموو ریسێک دەکەنەوە بە خوری.

کوردستان لە سۆنگەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە نابەرپرسەیلەوە، بەرەو لێواری هەڵدێر دەڕوا، ڕەنگە دواجار ببێتە مایەی هەڵدێرانیشی. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیلە، ئۆپۆزسیۆن بێ هیوا دەکەن لەوەی بتوانێ بە ئاسانی و بە ئاسایی جێی خۆی بکاتەوە لە ململانەیەکی ڕەوادا. ناچاری دەکا پەنا بۆ ناڕەوا ببا و خۆی لە پاڵ پرۆژەیەکی نەیارانەدا بدۆزێتەوە.

لەم چەند ڕۆژی پێشوودا، ئۆپۆزسیۆن پایدۆزی کرد لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی و تەنیا دوو قۆڵییەکە مانەوە. بینیشمان ئەم دوو قۆڵییە لە کۆنفراسی سەندیکادا چۆن هەڵسوکەوتیان کرد. یەکێک لە بەرپرسەیلی ئۆپۆزسیۆن لەبارەی هۆی کشانەوەیان لە پێنج قۆڵییەکەدا گوتی "دەسەڵات دەیەوێ بەم کۆبوونەوانە کات بەڕێ بکا". تەواو بڕوام بە ڕاستیی ئەم بۆچوونە هەیە. لەوەش زیاتر من دەتوانم بڵێم، دەسەڵات لە دۆخێکی دەمارکرژیدا کات بەڕێ دەکا و شۆڕشی گەلەیلی عارەب تۆقاندوویەتی، خراپیش تۆقاندوویەتی، کە من پێم وایە تۆقان بەو ڕادەیە پێویست نییە. دەسەڵاتی کوردستان، دەسەڵاتی میسر و لیبیا و یەمەن نییە، پێویست ناکا خۆی بباتە ئەو کلێشەیەوە.

دوو حزبەکەی دەسەڵات، هێشتا خاوەنی گرینگترین بنکەی جەماوەری و گەورەترین توانستی چاکەسازین لە کوردستاندا. باشترین لێهاتوویی و پسپۆڕیی کوردی، لەلای ئەوانە. ئۆپۆزسیۆن لە چاو ئەواندا کەمینەیە و لە هیچ دۆخێکدا ناتوانێ زیاتر لە سێیەکی دەنگی هەڵبژێران دەستەبەر بکا. پێویست بەم ترس و تۆقینە ناکا، ئەوە خوڕەوشتی دیکتاتۆرەیلە کە لە یەک بۆچوونی جیا و لە یەک دەنگی نەیارانە دەترسن و بە تووڕەیی بەرەوڕووی دەبنەوە. تووڕەبوونی دادوەری "هەڵبژاردنە مێژووییەکە"ی سەندیکای

رۆژنامــەنووســەیلی کــوردســتــان و دەنگ هەڵبــڕینی لە ئاست نــاڕازیبــوونی هــەندێک لە ئەندامەیل و چوونە دەرەوەیان لە هۆڵی کۆنفراسدا، بۆ هــەستی من جــیــاواز نەبوو لە دەنگی تەقە. زۆر جــار نەڕەی مــرۆڤ لە ســەرکــوتینــەوەدا بەهێزترە لە ڕێژنەی گوللە لە سەرکوتینەوەدا.

پێش چەند حــەوتوویێک لەگــەڵ قــازیی دادگــەی تێ هــەڵچــوونی قــاهــیــرەدا، دیمانــەیەکی تەلــەڤــزیۆنیم بینی. دەیگوت "نابێ بــە هیچ شــێــوەیەک و لە هــیچ بۆنەیەکدا، دادوەر مــەیلی ســیــاســیی خــۆی ئاشکرا بکا". "ئەمــە لە دادوەریی دەخا" دەیگوت و "متمانەی لێ وەردەگرێتەوە". پێشتر ئەگەر یەک جار بێ هیوا بووبم لە دیموکــراســیی کــوردســتــان، ئێــســتــا دوو. دەبوو دادوەر بە فــریامــان بهاتایە و ئەوەی ئێمەی ئەندامــەیلی حزب لەقمــان کردووە، ئەو بیبــاتەوە دۆخی راســـتــینەی خــۆی. بە پێــچــەوانــەوە و زۆریش بە داخـــەوە، دادوەر هــات بە یەکجاری لە گرێژنەی برد. لە کۆنگرەدا، هەلێکم دەست کەوت قســەیەک بکەم لە بارەی دادوەرییەوە لە کوردستان، گوتم: "دادگەیــەل پیشەییانــە کار ناکەن، هــەندێک جار یاســاش پێــشــێل دەکــەن. بۆ نموونە بنووســێک حــوکــمی لە دژ دەرچووە بەڵام کەســێک لە ســەندیکاوە نــەهاتووەتە بانگکردن کــە یاســا داوای دەکا". گوتم: "جاران کە بەرپــرسێک ناڕەحــەت دەبوو لێمان، دەمــانگوت بۆچی پەنا بۆ یاسا نابــەی، یاسا یەکلاکەرەوەیە؟ پێشان پشــتمان بە یاســا گەرم بوو ئێــســتــە لێی دەترسین". گــوتم: "چوومــە بەردەمــی دادوەرێک دەزگــای ئاراسی نەدەناسی بــەڵام مــەیلی خــۆی بۆ کــۆلکە مــەلایەک دەربڕی کــە سکاڵای لە دژی من تۆمــار کــردبوو". گــوتم: "مــەترســیــیــەکــە لەوەدایە ســەرکــوتینەوەی رۆژنامــەنووســەیل لە کــوردســتــان، لە دادوەرییــەوە دەست پێ دەکــا نــەک لە دەسەڵاتی سیاسییەوە". کە لە هۆڵی کۆنگرەش چوومــە دەرەوە، بە لێوی وشک و چەند دڵۆپێک خوناکەی شــەرم بە ناوچەوانەوە، گــوتم "ســەڵاوات لە دیداری دیموکراسی".

بزاو ژ: ٦١، تەمووز ٢٧، ٢٠١١

### تەمەنێک لەپێناوی هیچدا

بۆ یەکەمین جار لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر، چاومان بە کتێبی کوردیدا هەڵهێنا. لە پەرگـەیەکی شـارەوە دەچووین بۆ پەرگـەیەکی تر لەپێناوی خوێندنەوە بە زمانی کوردیدا. تازە هەراش دەبووین، تەمەنمان لە چواردە تێ نەدەپەڕی. من و چەند هاوەڵێک، بە تایبەتی هاوینان یەک ڕۆژیش چییە لەو ئەرکەمان دوا نەدەکەوتین. ئەرێ ئەم ئەشـقە چی بوو وا لە کـەللەی دابووین؟ راستیت دەوێ چەند بنووسێکی کورد ئێمەیان وا خستبووە سەر هەوا و کەڵکەڵەی خوێندنەوە، یەکێک لەوان جەمال بابان بوو.

پێش چەند ساڵێک مامۆستا جەمالم ناسی. هیچ لەوە خۆشتر نەبوو بە پێی خۆی هات بۆ دەزگای ئاراس. بۆیم گێڕایەوە چۆن ئێمە لە منداڵیدا شەیدای چیرۆکی "مامە یارە" و "پەڵە هەورێکی چڵکن" بووین. ئەمەی دوایی لەبارەی لافاوێکەوەیە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانیی داوە. مامۆستا جەمال وای رازاندبووەوە، ئێمەی رواڵ و مێرمنداڵ تەواو خەمبار بووین بەو کارەساتەی بەسەر شارێکی کوردیدا هاتبوو. لە خەیاڵی منداڵیی ئێمەدا گەورەتر بوو لە سۆنامییەکەی ئەمساڵ لە باکوری یابانی دا. تا پار لە نووسینێکی شێخ محەمەدی خاڵدا زانیم کە تەنیا ٣٥ کەس بەو لافاوە فەوتاون. کێشە نییە، گرینگ ئەوەیە مامۆستا جەمال و چەندینی تر لەو قەڵەمە جڵەوکێشەیلە، ئێمەیان فێری خۆشەویستیی وڵات و خەم بۆ کارەساتەیلی وڵات کرد.

جەمال بابان بەڵێنی دا سەربداتەوە و کتێبی بۆ چاپ بکەین. ساڵەیل رۆیشتن و هەر نەهاتەوە، تا لەم رۆژانە و لە رێی پارێزەر گـۆڤەند فەتحی مەعسوومەوە، سکاڵایەکی ویمان پێ گەیشت کە داوای بژاردنی ئەو زیانە دەکا کە بە هۆی دەزگای ئاراسەوە لێی کەوتووە و دەکاتە بڕی یەک ملیار دۆلار. دەڵێ بێ ئاگەداریی من بۆ جاری دووەم چیرۆکی "لە خەومای جەمیل سائیب"تان چاپ کردووەتەوە. کورد گوتەنی "وایە و واش نییە". ئێمە پرسمان کردووە و نەشمانکردووە، هەردووکیان راستن.

پێش چەند ساڵێک ویستمان چوار چیرۆکە کۆنەکەی ئەدەبی کوردی: "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار، "لە خەوما"ی جەمیل سائیب، "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد و "پێشمەرگە"ی رەحیمی قازی بلاو بکەینەوە. ئێمە دەزگایەکی بازرگانی نین تا سوودی مایەکی لەم کارەیلە وەربگرین، بازاڕی کتێبی کوردی زۆر کەساسە. بەلای مەوە بەدەنگەوەچوونی خوازی بخوێنەوەیلی کورد، ئەرکە نەک شتێکی تر. نامەمان بۆ جەمال بابان نووسی تا رێمان بدا ئەو کتێبۆلکەیە بلاو بکەینەوە، وەلامی نەدایەوە. دکتۆر ئیحسان فوئادیش وەلامی نەدایەوە بەلام خۆی هات بۆ ئاراس، گوتی ئاراسم خۆش دەوێ و نەک جارێک سەت جار رازیم بە بلاوکردنەوەی کتێبەکەم. گوتی دەچمەوە، جەمال بابانیش رازی دەکەم و ئێوە کاری خۆتان بکەن.

لەوە دەچێ کێشەی ئەم سکالا تۆمارکردنەی جەمال بابان لە دژی ئاراس، کەمتر ئەوە بێ کە پرسی پێ نەهاتووەتە کردن. لەو نامەیەی لەلایەن پارێزەرەکەیەوە پێمان گەیشتووە دەڵێ جەمال بابان تووشی کێشە یا بلێین گلەیی بووەتەوە لەلایەن هەندێک کەس، وردتر لە کوڕەیلی بنەماڵەی حەفیدەوە. ئەمە کاکڵەی پرسەکەیە، چیرۆکی لە خەوما باسی فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموود دەکا و رەخنەی لێ دەگرێ. وەک نەریتی بەردەوامی رۆشنبیرەیلی کورد، رەخنەی جەمیل سائیب لە حوکمڕانیی شێخ، زۆر توندە و دەشێ لەمەدا گلەییی لێ بێتە کردن، بەلام ئەمە بۆ خۆی بووە بە مێژوو. مێژوویێکی کۆنیش. لە مێژووش بەولاوەتر بووە بە ئەدەب، ئەدەبێکی کۆنیش. لە ئەدەبی کوردیدا چەند دەقێکی تریش هەن رەخنەی توند لە فەرمانڕەواییی شێخ مەحموود دەگرن، وەک ئەو شیعرەی خالیسی نووسیویەتی، یان ئەوەی مەلا حەمدوون، یان ئەوەی شوکری فەزلی. بەلام هیچ یەکێک لەمانە لە نرخ و پلەی شێخ کەم ناکەنەوە لە مێژوودا، بە پێچەوانەوە زیاتری دەکەن لەبەرئەوەی جۆرێک لە ئازادی و کراوەیی لەو سەردەمە نیشان دەدەن و دیمەنی شێخ جوانتر دەکەن بۆ وەچەی ئەمڕۆ. ئەو رووداوەیلە وەک گرینگترین نموونەی پێوەندیی نێوان دەسەلاتی کوردی و رۆشنبیرەیل دەچنە مێژووەوە. جەمال بابان بە دۆزینەوەی

ئەو دەستنووسە و چاپکردنی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥دا، دەبێ لەلایەن بنەماڵەی حەفیدەوە تەنیا سوپاس و دەسخۆشیی لێ بێتە کردن نەک گلەیی و بناشت. ئەگەریش پێچەوانەکەی وەربگرن، دەبێ کتێبەکە بێتە قەدەغەکردن و کێشانەوە لە بازێڕ وەک بابایەک پێشنیازی بۆ کردم. من ئەو پێشنیازەم بە پاش دایەوە لەبەرئەوەی خەباتی شێخ مەحموود و هەموو سەرۆک و مەزنەیلی کورد، پێش شێخ و دوای ئەویش، لەپێناوی ئەوەدا بووە کورد ئازاد ببێ. ئازادیش تەنیا سەربەخۆیی وڵات و بەکارهێنانی زمان نییە. ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین گرینگترین ئازادین کە مرۆڤ پێویستی پێیان ببێ. کە سیاسەتی بزاوی کوردیش ئەمە بێ، دیارە دەبێ سەرۆکەیل و مەزنەیلی کورد خۆیان بەر لە هەموو کەس بکەونە بەر توانج و رەخنە لەلایەن شوێن هەڵگرەیلیانەوە. بێگومان ئێمە خۆشمان دەوێن بۆیە توانجیان لێ دەدەین. ڕاگرتنی "لە خەوما" زیان بە دیمەنی شێخ دەگەینێ.

گلەیی لە مامۆستا جەمال ناکەم لەو سکالایەی دەیەوێ دژی ئاراسی تۆمار بکا، گلەیی لە کەسی تریش ناکەم. گلەیی لە کولتووری کوردی دەکەم بە گشتی، کە زۆر بێ رەحمانەیە لە بەرامبەر رۆشنبیریدا. هێندەیان پاڵەپەستۆ کردووەتە سەر دەروونی ئێمە، وا خەریکە کۆڵ دەدەین. چەند مانگی رابردووم لە خزمەتی بنکەی پۆلیس و وەستان لە پێش لێکۆڵینەوەی دادوەری و چوون بۆ ساغکردنەوەی بەڵگەی تاوانداری "ادلة جنائية" و شتی پڕوپووچدا بەڕێ کرد. هەمووشی سەبارەت بە بەشداریمەوە لە دروستکردنی کولتوورێکی سەردەمییانە و داونەریتێکی نوێدا بۆ گەلێک، "گوایە" دەیان ساڵە خۆی بۆ ئەمانە ماندوو کردووە. ناهەق نییە رۆشنبیرێک ورە بەر بدا ئەگەر لە پێش دادوەرێکدا ئامادە ببێ و وەک دز و پیاوکوژ مامەڵەی لەگەڵدا بێتە کردن. خۆزگە کارێکی ترم بکردایە لە جێی ئەم کارەی ئێستەم. من بۆ خۆم ئەندازیارم، کاری خۆمم بکردایە زۆر سەربەرزانەتر بوو.

ئەمانە دەردەدڵن، پێوەندییان بە دۆزی کتێبی "لە خەومای جەمیل سائیب"ەوە نییە، هەڵێکە و خەمی خۆمی تێدا دەخەمە روو، مرۆڤ کە دەچێتە

ناو کایەی سیاسەت یان رۆشنبیرییەوە، دوو ئامانجی هەیە، یەک: زۆرترین خزمەت بکا بە جڤاکی خۆی، دوو: زۆرترین ناوبانگ بەدەست بێنێ بۆ خۆی. من کە هاتمە ناو ئەم بوارەوە ئەو دوو ئامانجەم هەبوو، وا دەزانم خەڵکی تریش هەر بۆ ئەمانە هاتوون. تۆ کورد بە، رەنگە لە یەکەمیاندا سەر بکەوی، بەڵام لەوی دووەمیاندا لووتت دەیدا لە بەرد. بە کورتی، تەمەنێکی پووچمان بەرێ کرد، پێشینەیل گوتوویانە "بۆ ریش چوو سمێڵی لەسەر دانا". هاوەڵێکم دەڵێ نەخێر پێچەوانەیە، "بۆ سمێڵ چوو ریشی لەسەر دانا". گوتم جیاوازی چییە؟ هەر ئەوەیە کە دواجار هەردووکیانت دۆڕاندووە.

بزاو ژ: ٦٢، ئاب ٣، ٢٠١١

### چەند کافرانە بیر دەکەنەوە

یەکێک لە بنەوایەلی سەرکەوتنی مرۆڤ چ تاک چ کۆ ئەوەیە کینەوەر نەبێ، لەبەرئەوەی کینەوەری وا دەکا مرۆڤ زیاتر خۆی بە رابردووەوە شەتەک بدا و بە داهاتوودا نەڕوانێ. ئەوەی خۆی بە رابردووشەوە شەتەک دەدا ناتوانێ رێچکەی داهاتوو بکێشێ. بە کورتی کینەوەر بەختەوەر نییە، ناشتوانێ بەختەوەری پێشکێش بکا. راپەڕینی گەلی میسر دەستی لە پشتەوە هەبووبێ یان لە خۆوە زابێ و رسکابێ، راپەڕین بوو. دەسەڵاتی سیاسی لە پێشیدا چەمایەوە. هەتا ئێرە تەواوە و هەموو شت جێی رێزە. لەوە بەدوا دڵەڕاوکە دەست پێ دەکا لەبەرئەوەی وەک دەبینین بزاوی ئیخوان و ئیسلامەیلی بناوانگر دەیانەوێ بەروبۆی ئەو راپەڕینە لە دەستی خەڵک راپسکێنن.

ئەوانە لە رێی دنەدانی شەقامەوە دەیانەوێ رەگی سیستەمی پێشوو بە یەکجاری ببڕنەوە کە شک نییە سیستەمێکی زاڵمانە بووە. چینی ژێرەوە لە سایەی ئەو سیستەمەدا، شەپرێو بوو لە رووی بژێوییەوە، ئازادیی سیاسی نەبوو، بەڵام ئەوە برایەوە و سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کرد. ئەوەی گەلی میسری بوێ، دەبێ تا زووە بازوو هەڵماڵێ تا بەرگی هەژاری لەبەر هەژارەیل

دارنێ، بیرۆکراسی و گەندەڵی و بێدادی لە ڕەگەوە هەڵکێشێ، ئازادی و دادوەری دەستەبەر بکا بۆ هەموو لا. ئەمە ڕووانینە بە داهاتوودا، ڕووانینە بە گەشبینی و ژیانی بەختەوەریدا. بەرەواژەکەشی ژیان لە ڕابردوودایە، هێشتنەوەی خەیاڵدانی خەڵکە لە دوێنێ و پێریدا. ژیانیش لە کاتی بەسەرچوودا بێ شک، تەنیا کینەوەرییە و هەر کینەوەریشی لێ دەزێتەوە. ئەو سووربوونە بەو شێوەیەی دێتە دیتن بۆ لەدادگەدانی حوسنی مبارەک و کەسەیلی تر لەو سیستەمە، ژیانە لە ڕابردوودا. مژوولکردنی گەلی میسرە بە بابەتی لابەلاوە، واکردنە کە گەلی میسر پێ نەنێتە ناو چاخێکی نوێوە. گەلی میسریش وەک هەر گەلێکی تر ژیانی بەختەوەرانە و هەڵدانەوەی لاپەڕەی دەوێ. بەڵام ئیسلامییەل دەیانەوێ لەم هەلەدا دەسکەگوڵی خۆیان ببەنەوە لەسەر حسێبی ئەو گەلە. دەیانەوێ بەرەو پیری هەڵبژاردن بڕۆن لە دەرگە و پەنجەرەی پشتەوە.

لە ئاخاوتنی میسرییەلەوە مرۆڤ تێ دەگا، سەرەڕای ئەوەی ئەوان لە سیستەمی پێشوو دڵپڕ و داخدارن، شانازی بە دوو شتەوە دەکەن لەو سیستەمەدا، یەک: دادوەریی میسر کە پیشەیی و سەربەخۆیە، دوو: سوپا کە سوپای وڵاتە و سەروەریی وڵات و گەل دەپارێزێ. ڕاستیشە وەک بینیمان سوپای میسر لە کاتی خۆپێشاندانەیلی گەلی میسردا بێلایەنی و پیشەوەریی خۆی پێشان دا، ددانی بە خۆیدا گرت و نەکەوتە پاڵ ڕێژیمی سیاسییەوە. دادوەریی میسریش پرسێکە دوو میسری لەسەری ناکۆک نین. ئەوەی من تێی دەگەم، مانەوەی ئەم دوو بوارە، واتە سوپا و دادوەری، بە پیشەوەریی خۆیانەوە، ڕێگە خۆش ناکەن بۆ ئیسلامییەل بە بناوانرۆ و بناوانگریانەوە "أصوليون وسلفيون" تا لە خافڵەکیدا بە باڵای دەسەڵاتدا هەڵگەڕێن و بگەن بە لووتکەکەی، بە پێچەوانەوە کۆسپیشن. ئیسلامی سیاسیش وەک گوتم، نەریتی ئەوەیە بە پێچەوپێچ بۆ دەسکەوت بچێ.

ئیسلامییەلی میسر، دنەی شەقام دەدەن بۆ چوونە پێش دادگە و پەستان کردن بۆ ئەوەی بڕیاری تاوانباریەتیی حوسنی مبارەک و ئەوانی تر دەربکا تا

دەگا بە فەرمانی لەداردانیشیانەوە. ئێمە ناڵێین مبارەک و ئەوانی تر بێ تاوانن، ناشڵێین نەیەنە هەڵواسین ئەگەر کردەوەیلی ئەوان هێژای ئەوە بێ بیانبەنە پای سێدارە، کەس ئەمانە ناڵێ بەلام پاڵەسوودانی دادگە تا بڕیارێکی وا بدا بە دڵی شەقامی ئیخوان بێ، لە لێدانی سەربەخۆیی دادوەریی میسر بەولاوە شتێکی تر نییە. وەک چۆن ماوەیەکە پەستان دەکەن بۆ لادانی سەرۆکی سوپا. بۆیەش دەیکەن تا لە پیشەوەری و بێلایەنەتیی سوپا کەم کەنەوە. کەس نازانێ ئەم ئیسلامییەلە چەند کافرانە بیر دەکەنەوە.

بەرگری لە مبارەک و هاوەڵەیلی ناکەم، چییان بەسەر دێ بابێ. مەبەستی من، پێشاندانی هەوڵ و کۆشەوەی ئیسلامییەلە بۆ "گا ئاواکردن بە کونی دەرزیدا". یەکێک لەو ئۆباڵەیلەی ئیسلامییەل دەیخەنە گەردەنی مبارەکەوە ئەوەیە گازی بە هەرزان فرۆشتووە بە ئیسرائیل. بێ شک وشەی "هەرزان" لێرەدا زیادەیە، میسرێک دەرۆزەی دنیا بکا هیچ ناشێ شتێکی خۆی بە هەرزان لە دەست بدا. بۆ پرسی فرۆشتنیش، ئەویش سیستەمێک بڕیار دەدا و گرێبەند دێتە ئیمزاکردن. کاری ژێرەوەی (ژێرەوەی: نهێنی) کارێک نییە تاسەر تێپەڕ ببێ، دەیان ساڵە ئەم گرێبەندە هەیە و دنیا دەیزانی، بۆچی ئیسلامی ئێستە بەدەنگ هاتوون؟

ئۆباڵێکی تر ئەوەیە مبارەک خۆپێشاندەری کوشتووە، ئەمە سەیرترە لەوەی پێشوو، ئاخۆ ورد و درشتی فەرمانەیلی وڵات بەدەستی سەرۆکن؟ باشە ئەگەر مبارەک فەرمانی تەقەی بە پۆلیس و هێزەیلی تەناهی نەدایە، ئاخۆ ئەوانە گوڵبارانی خۆپێشاندەرەیلیان دەکرد؟ ئەدی هێزەیلی تەناهی و پۆلیس بۆ چین بۆ سەرکوتینەوە نەبێ، بۆ کەین رۆژی وا نەبێ؟ وەک رۆژانە دەبینین، لە پێشکەوتووترین وڵاتەیلی دنیادا تاکەیلی تەناهی و پۆلیس بە ئەرکی خۆیان رادەبن لە سەرکوتینەوەی هەر کەسێک کە سەربزێوی بکا، چما داوای گۆڕینی سیستەمی وڵات و رۆیشتنی سەرۆک، داوای ئاوی تەزین؟ باس لە تالانکردنی سەروەت و سامانی وڵات ناکەم، ئەمەیان دەستهاوێژی دەوێ، رەنگە وا بێ و رەنگە واش نەبێ. بۆ ئەمەیان قسەیەکم نییە. ئەوەندە هەیە،

کەسـەیلێک سی چل سـاڵ بە سـەر دوندی دەسـەڵاتێکەوە بن، هیچ شک نییـە لەوەی کەڵک وەردەگرن بە رەوایی و بە ناڕەوایی.

بە کـورتی، ئەوەی ئیسـلامـیـیـەل دەیکەن لە پرسـی لەدادگەدانی مـبـارەک و کوڕەیلی و هـەندێک لە بەرپرسـەیلی فـەرمـانڕانیـیـەکەیدا، تەنیـا بۆ لە رەگەوە هەڵکێشـانی سیستـەمی پێشـووە بە سیاسـەت و بە پێوەندی و بە سـوپا و بە دادوەری و بە هـەموو شـتێکەوە، کە بەلای ئیسلامییەلەوە سیستەمێکە هەموو شـتێکی لادین "علمـانی" بووە. وا نەکا، ئیسـلامی سیـاسی خۆی لە دەسـەڵاتدا نادۆزێتـەوە. ئەوان لە دەرگەی پێشـەوە بۆی بچن، پێی ناگەن. ئیـسـلامـیـیـەل لەلایـان روونە، ئەو شــتــەی پێی دەڵێن تۆلـەرانس، رێی گـەیشتن بە دەسـەڵات لەوان کــوێر دەکــاتەوە. ئـەوەی پێی دەڵێن بەزەیی بە پیــرەمــێـردێکی نەوەت ساڵیدا، ئاگری کینەوەری سارد دەکاتەوە و کینەوەر دەکاتەوە مرۆڤ. رک و کینە بۆ ئیـسـلام رێی گـەیشـتن بە ئامـانج نەک رێی دڵپـاکی و زەردەکـەنی. راسـتت دەوێ، نابێ ئەم کینەوەرییە لەگەڵ بنەوایەلی ئایندا یەک بێتـەوە بەڵام چی دەکەی ئەوان مۆرکی خۆیان لە ئاین داوە.

دەمێنێتەوە سەر گەلی میسر و دادوەریی میسر، ئاخۆ ئەوان لەو دووڕیانەدا چی دەکـەن؟ گـرتنەبەری رێی گـەشـبـینی و ئەوینی و دنیـابینی بە چاویلکەی سـەردەمـیـانـەوە وەک کـە مـیـسـرییــەل پێی هـاتوونـەتە ناسین، یانـەخـۆ ئەو کینەوەرییـەی دەیانبـاتەوە بۆ چاخـی جەهالەت و بیـرکـردنەوەی زاڵـمـانە؟ ئەوە دادوەریی میسر یەک لای دەکاتەوە بەر لەوەی رۆژی هەڵبژاردن بێتە بەرەوە و گەل بۆ بە یەکجاری بڕیاری خۆی لەسەر بدا.

بزاو ژ: ٦٣، ئاب ١٠، ٢٠١١

## کورتەیەکی رابردووی کورد و کوردستان

کوردستان کەی پەیدا بووە و کورد چۆن سەری هەڵداوە؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکی کۆنە، بەڵام تا ئێستە زانیارییەکی راست و دروست بۆ وەڵامدانەوە لەبەر دەستدا نییە. قسەی جیاواز هەیە لەم بوارەدا و هەندێکیان سەیر و سەمەرەشن. یەکێک لەم سەمەرەیلە بۆچوونی شاعیری بەناوبانگی ئێران "ئەبولقاسمی فیردەوسی"یە ۱۰۳۰-۹٤۰ کە لە شانامەکەیدا هاتووە، دەڵێ:

ئەژدەهاکی پاشای ئێران تووشی نەخۆشییەک دەبێ، دوو دوومەڵی وەک دەمی مار لەسەر شانی وەدەبن. پزیشک و نۆشدارەیل ئامۆژگاریی دەکەن کەوا رۆژانە مێشکی دوو لاو بکا بە خۆراک و بژێوی ئەم مارەیلە بۆ ئەوەی برینەیل ژانیان بشکێ. ماوەیەک وا بەردەوام دەبێ بەڵام بەردەستەیلی پاشا نەرم و نیان دەبن و دڵیان بەم خۆرت و لاوە بەستەزمانەیلە دەسووتێ، دەست پێ دەکەن رۆژانە یەکێکیان لێ بەرەڵڵا بکەن. ئیتر وەک خۆی دەڵێ ئەو لاوەیلەی لە سەربڕین رزگار دەبوون لە وڵات دور دەکەوتنەوە و بەریان بە کەژ و کێوەوە دەدا، ژنیان دەهێنا و ماڵیان پێکەوە دەنا. ئیتر بەم ئاوایە کوردی لەمەڕ ئێمە پەیدا بووە. ئەم قسەیە لە زۆربەی سەرچاوەیلی مێژوویی کۆندا دووبارە بووەتەوە، تەنانەت رۆهەڵاتناسەیل و گەڕیدەیلیش ئاماژەیان پێ کردووە. هەڵبەت ئەم قسەیە فیشاڵە و دوورە لە راستییەوە. ئەوەی گەلەیلی لێ پەیدا دەبێ تەنیا ژمارەیەک مرۆڤی هەڵاتوو نییە کە لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە و زاوزێ بکەن.

ئەفسانەیەکی تر هەیە لەمە خراپتر، مێژوونووسی عەرەب مەسعوودی لە کتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)دا دای هێناوە، دەڵێ: لە شەڕێکدا ٤٠٠ کەنیلە "جارية" دەکەونە دەستی سوپای پاشا سلێمان داود و بۆی دێننەوە، بەڵام لە رێگەدا کاتێ بە کوردستاندا رادەبوورن شەیتان زەفەر بەم کەنیشکەیلە دەبا و زۆرەگێیان دەکا. سلێمان پاشا کە پێغەمبەریش بووە،

توورە دەبێ دەڵێ (أكـردوهن الـى الجـبـال والأودية) واتە وێڵ و ئاوارەی دۆڵ و کێـوەیلیـان بکەن. ئەم ژنە سکپـڕەیلە منداڵیـان دەبـێ، دواتر لەناو خـۆیاندا زاوزێ دەکەن و وەچەیان لێ دەکەوێتەوە. بەم شـێوەیە کوردی خـۆمان لە تۆوی شەیتان دروست دەبێ.

هەمان سـەرچاوە، بنەڕەتی کورد ئەمجارە دەباتەوە سـەر عەرەب، بۆ بەڵگەی ئەمەش دەڵێ شاعیرێکی عەرەب گوتوویە:

لعمرك ما الأكراد أبناء فارس

ولكنهم أبناء كرد بن عامر

خاوەنی ئەم بۆچوونە دەڵێ کورد خـۆیان لە بنەڕەتەوە عـەرەبن و لە رووداوی هەرەسی بەنداوی مەئریبدا لەگەڵ غەساسینە لە عـەرەب جیاوەبوونە و خۆیان بە چیا و نەواڵەیدا هەڵپەساردووە، لەگەڵ هـەندێک بیـانییـەلدا تێکەڵ بوونە و زمـانی خـۆیـان لە بیـر چووەتەوە. لـەبەر ئەمـە یان لە رەبیـعـەی کـوڕی نزاری کـوڕی بەکـری کـوڕی وائیلی کـەوتوونەتەوە یان لە مـەزەڕی کـوڕی نزار، ئەمانەش لە تۆوی کوڕانی کوردی بنی مەردی بنی سەعسەعەی بنی هەوازنن.

زۆر قسـەی تریش هەیە لەمانە بێ واتـەتر، ئەمـانە لەبەرئەوەی قسـەی پڕ و پووچ و بێ بنـج و بناوەیەلی مـێـژوونووسـەیلی کۆنـن، کە زۆربەیـان رکیـان لە کورد بووە بە تایبەتی مێژوونووسەیلی عارەب و ئیسلام، بەڵام کەس لە کورد نە لە کۆن نە لە نوێدا بەم قسەیلە هەڵنەفریوە. کورد خەڵکێکی شەڕوان و بوێر بوونە، بەردەوام لە دەسـەڵاتەیلی ستەمکار یاخی بوونە و نەهاتوونەتە ژێرباری زوڵم و زۆریان. بنووس و مێژوونووسەیلی کۆنیش زۆربەیان لە دەرگەی خەلیفە و پـاشـــایـەلدا ژیاون و بە نـانی ئـەوان شـــەو و رۆژیان بەڕێ کـــردووە، بۆیـە ویستـوویانە بە کەیفی دڵی وان رووداو بنووسنەوە و چیرۆک دابهێنن. تەنانەت لە سـەردەمـەیلی دواییـشدا ئەم جـۆرە قسـەیلە دووبارە بوونەتـەوە، بۆ نموونە حـاجی زەینـەلعـابدینی شـێروانی کـە یەکـێکە لە دیرۆکنووسـەیلی فـارس لە سـەتەی نۆزدەمـدا، کتێبێکی هەیە بە ناوی بێستـانی گەشتـەوەری (بستان

السياحة)، به شێوەی خوارەوە باسی کوردی کردووە:

"کورد خوێنڕێژن، ئاژاوەگێڕن، هەڵگیرسێنی ناکۆکی و هەران، دزن، ڕێگرن، خەڵکەیلێکن فرچکیان بە بەدکاری و شەڕفرۆشی گرتووە، بەزەیی دڵی ئەوانی نەناسیوە، لە هەموو مرۆڤایەتییەک داشۆراون، کینەیان لە بیر و هۆشدا هەیە، بەڵام ئازان، واتای ترسیان نەزانیوە، تا ئەوپەڕی رادە مێوانپەروەرن، بۆ ئاوڕووپارێزی و راستوێژی تاکیان نییە. دیمایان گەشە، پێستەیان سپییە، بە هەموو واتەوە شۆخ و شەنگ و بەژن زراون".

لەبارەی بنەچەی کوردەوە، ئەوەی گومان لە راستیی نایەتە کردن ئەوەیە کە لە کۆنەوە گەلێک بەناوی کاردۆخ لە چیایەل زاگرۆسدا نیشتەجێ بووە. زینۆفۆن کە سەرکردەیەکی گریک بووە، دوای شەڕێک لە بەرامبەر فارس لە رۆئاوای دیجلە لە سەرووی بابلەوە، بەرەو وڵاتی خۆی گەڕاوەتەوە. ئەم سەرکردەیە ساڵی ٤٤١ی پێش زاین کتێبێکی لەبارەی ئەم هاتن و چوونەوەیەی خۆی لەگەڵ دە هەزار سوارەی لەشکرەکەیدا نووسیوە، ناوی ئەم کتێبە بەناوبانگە ئاناباسیسە. لەوێدا ئاماژە بەم وڵاتە چیایی و گەلە چیانشینە دەکا و ناویان دەنێ: کاردۆخ. هەروەها باسی شەڕوانی و ئازایەتییان دەکات کەوا چۆن لە ڕێی گەڕانەوەدا بەردەوام لە دواوە پەلاماری لەشکری گریکیان داوە. لەوە دەچێ ئەم کاردۆخە ناوی کۆنی کورد بووبێ و پاشان گۆڕابێ بۆ "کورد"ی ئێستە. زینۆفۆن بە چیایەل کوردستانی گوتووە چیایەل کاردۆ، یان کەردۆ. لەوانەشە کاردۆخ بە زوانی ئەوان بە واتەی "کوردەیل" هاتبێ وەک چۆن عەرەب لە جێی کورد دەڵێن "أكراد".

جێی سەرنجدانە زینۆفۆن لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە رووداوێک دەکات نیشانەی ئەوەیە کورد بۆ پاراستنی ئاوڕووی خێزانیی خۆیان زۆر شێلگیر و دەمارگرتی بوونە وەک حاجی زەینولعابدین نووسیویەتی. زینۆفۆن دەڵێ "دوو پیاومان هێنا تا ببن بە رێناس و چاوساغمان و لەم کێوەیلە هەزار بە هەزارەدا رزگارمان بکەن. یەکێکیان چەندە هەڕەشەی لێ هاتە کردن رازی نەبوو رێمان پیشان بدا، تا دواجار ملیان پەڕاند، ئەوی تریان کە ئەمەی دیت

له ترسانه رازی بوو. کابرای دووەم له ڕێگەدا، گوتی پیاوەکەی پێشوو کچێکی خۆی بەشـوو داوە و له گـوندێک دەژی دەکـەوێتـە سـەر ڕێگەی پێدا بـوورینی ئێوە". کابرای تاین رازی نەبووە ببێ بە ڕێ پێشاندەر. لەبەرئەوەی سەربازەیل گریک، هەرگاو کچ و کوڕی جوانیان تووش بهاتایە بەزۆر رایان دەکێشان و وەک کەنیلە و لووسکە دەیانبردن.

بنەچەی کورد قسـەی تریشی لەسـەرە، هەنـدێک له مێـژوونووسـەیلی تر لەو بڕوایەدان کورد له بنەڕەتدا دەچنەوە سەر میدییەل، که لـه ٧٠٠ ساڵی پێش زایندا دەوڵەتێکیان له خـوارووی زرێبـاری ورمێ واته لـه ناوچەی مـوکـریانی ئێستـەدا دامەزراندووە. گەورەترین سەرکەوتنی مـیدییەل ئەوە بـووە ساڵی ٦١٢ی پێش زاین، پاشا کەیخوسرەوی میدیایی نەینەوای پایەتەختی دەوڵەتی ئاشـووری گـرتووە، بەمــەش مـێـژووی دەوڵەتی ئاشـوور براوەتەوە و ئاو له ئاگردانی نەتەوەی ئاشـوور بووە. بەڵام دەوڵەتی میدیا خـۆیشی له سـاڵی ٥٥٠ پ. ز لەلایەن فـارسـەیلەوە بە کـۆتا هاتووە و رووخـاوە. دوای ئەم هەرەسـەی دەوڵەتەکەیان، هەندێک گرووپی مـیدیایی بەرەو رۆئاوا کۆچیان کردووە، واتە بەرەو ئەو شـوێنەیلەی ئێستـە کوردستـانیـان پێ دێتە گوتن. ئەم گەلە کۆچ و رەو کردووە له کەند و لەند و چیایەل لەیەکتر دابڕاودا تێکەڵ بە هۆز و تیرەی نیشتەجێی ئەو شوێنەیلە بووە و لەناو خۆیدا ئەوانی تواندووەتەوە. بە پێی ئەم سـەرچاوەیلە بێ، دەبێ کـورد نەوەی مــیـدییـەل بن. ڕۆژهەڵاتـناسـی ناودار ڤلادیمێر مینۆرسکی دەڵێ ئەگەر کورد نەوەی میدییەل نـەبن ئەدی ئەم گەلە گەڕناس و مێرخاس و خاوەن هەیبەتەی میدیا چیی بەسەر هات؟

دوای دەوڵەتی مـیدیا، کورد بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ له لاپەڕەیلی مێژوودا دیار نەمـاون، ناو بەناو و بە شـێوەی پچـڕپچـڕ سـەریان هەڵداوەتەوە بەڵام بە شـێـوەیەکی گشـتی دەتوانین بڵـێین دوای کـەوتنی مـیـدیا ئیـتـر کـورد له شارسـتـانیـەتی و گۆڕانی جڤاکی و مـێژوویی دابڕوان و خـەوێکی گرانیـان بەسـەردا هاتووە. بەڵام سـەرەڕای ئەمـەش کـورد هەر مـاون و لەنـاو نەچوون، هۆیەکی سـەرەکی و سـەرسـوڕهێن له مـێـژوودا، کـوردی لـه سـڕانەوە و

لەناوچوون پاراستووە و بە یەکگرتوویی هێشتوویەتییەوە، هۆی زمانە. بەڵام سەبارەت بە نەبوونی ناوەندی فەرمانڕەوایی و ئابووریی کوردییەوە، هەروەها سەبارەت بە دابڕانی هۆز و تیرەی کورد لەیەکتر بەهۆی سەختیی چیایەلی کورستان لە لایەک و نەحەوانەوەی خێڵەیلی کورد لەگەڵ یەکتر لە لایەکی تردا، زمانی کوردی پچڕپچڕ بووە و دیالەکتی جیایای لێ پەیدا بووە، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەو زمانە، لە ڕووی ڕێزمان و فۆنەتیکەوە، هەر وەک یەک زمان ماوەتەوە و خۆی لە پووکانەوە پاراستووە.

باشە ئەگەر میدییەل باووباپیرەی ئێمە بن، ئەدی ناوی کورد لە چییەوە هاتووە؟ وەک بینیمان زینۆفۆن نێزیکەی دوای ۱۱۰ ساڵ لە کەوتنی دەوڵەتی میدیا و بڵاوەبوونی هۆز و تیرەیلی وان بە بەری ڕۆئاوای هەرێمەکەی خۆیاندا، ناوی کاردۆخ یان کاردۆی هێناوە کە لە شوێنی مەبەستی ئێمە بنەجێ بوونە. ڕێی تێ دەچێ وشەی کورد ناوی ئەو گەل و هۆزەیلە بووبێ کە میدییەل زەویزاریان لێ گرتوون، بەمەش نەک تەنیا خاک و ئاو بگرە ناوی ئەوانیشیان وەرگرتبێ. یان ڕەنگە وەک مینۆرسکی دەڵێ ناوی کورد ناوی یەکێک لە تیرە و هۆزەیلی وان بووبێ و پاشان بووبێ بە ناوی تێکڕای گەلەکە.

مێژوونووسەیل و ڕەچەڵەکناسەیل لەو باوەڕەدان کەوا کورد لە ڕەچەڵەکێکی کۆن و ڕەسەنن. ماوەی هەزاران ساڵ خۆیان و نیشتمانەکەیان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی سوپای گەلەیلی وەک ئاشوور، گریک، ڕۆمان، فارس، عارەب و مەگۆل، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پاکیی خوێنی خۆیان و زمانەکەیان ڕاگرتووە. هەرچەندە لە ئەنجامی ئەم دوورەپەرێزییەدا، کورد بە درێژای دیرۆک لە زەلکاوی سستیی سیاسی و کولتووریدا نقوم بوونە و نەیانتوانیوە بەرەوپێش بجووڵێن و بارستی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

ئەمە لەبارەی کورد، بەڵام لەبارەی کوردستانەوە کۆنترین سەرچاوەیەک ناوی هێنابێ کتێبی (سەیرانی دڵان: نزهة القلوب)ی حەمەدوڵڵای مستۆفیی قەزوێنییە لە سەتەی دوازدەدا. بە پێی ئەم سەرچاوەیە، ساڵی ۱۱٦۰ سوڵتان سەنجەر، دوا گەورە پاشای دەوڵەتی سەلجووقی هەرێمێکی نوێی

دامەزراندووە کە پایەتەختەکەی قەڵای سەختی بەهار بووە لە باکوری رۆژئاوای هەمەداندا، هەرێمەکەشی بە ناوی خەڵکی ناوچەکەوە ناو ناوە کە کورد بوون، واتە وڵاتی کوردستان ئەو کاتە پەیدا بووە. ئیتر وشەی کوردستان لەمەوە داکەوتووە و دوای ئەوە لە بەڵگەنامەیلی رەسمیدا ناوی کوردستان سەری هەڵداوە. ئەم وڵاتە کۆمەڵێک ویلایەتی وەک هەمەدان و دینەوەر و کرماشانی لە رۆهەڵاتی زنجیرە چیای زاگرۆس، شارەزوور و شنگار لە رۆژئاوای زاگرۆس گرتووەتە خۆ. پێش سەتەی دوازدەیەم ئەم وڵاتەی کوردستانی ئەمرۆ، چیای جەزیرە یان دیاربەکری پێ هاتووەتە گوتن.

راستییەکی وەشاردی نییە کە ژێگەی جوگرافیایی، رەنگدانەوەی خۆی بەسەر مێژووی گەلەیلەوە هەیە، بەڵام هیچ گەلێک هێندەی کورد ئەم کار تێکردنەی بەسەرەوە بەرچاو نییە. لەم وڵاتەدا، لە کۆنەوە لە نەورایی و دەشتەیلدا کشتوکاڵ پەرەی سەندووە، بەڵام لە چیایەلی نەویدا ژیانی مەرداری و کۆچەری باوی هەبووە. خەڵکی پێدەشتەیل لە سایەی چاندن و وەرزێرییەوە، لە ژیانێکی نیوە جێگیردا ژیاون و خۆشبژێوتر بوونە بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووەیلی چیادا، لەبەرئەمەش بەردەوام کەوتوونەتە بەر پەلامار و هێرش و تاڵان و برۆی ئەو خێڵەیلەی کە لە چیایەلدا ژیاون و بەرێوەچوونیان لە ئاستێکی نزمتردا بووە. ئەم هەلومەرجە بە درێژای چەندین سەتە بووەتە هۆی ناجێگیریی جڤاکیی خێڵی کوردی و هەموو کات ژیان و مانی خێڵ لە مەترسیدا بووە. خێڵاتی کورد لە سۆنگەی زەوی و پاوان و خوێنداربیەوە کێشەیان هەبووە و شەڕی تۆڵەسەندنەوە و دەمارکشتیی خێڵایەتی یان ناوچەیی، زۆری کات خایاندووە و زۆریش خوێنی رژاندووە. ئەمەش رێگر بووە لە پێش هەموویەکبوونی کوردەیلدا.

بەڵام هەندێک کات دەسەڵاتی ئاغا یان بەگی کورد لە دەسەڵاتی خێڵایەتی تێ پەڕیوە، دەسەڵاتێکی ئاینیشی داوەتە پاڵی لە جۆری "شێخایەتی". لەم بارەیلەدا دەسەڵاتی شێخ چەند خێڵێکی تریشی جگە لە خێڵەکەی خۆی گروتووەتەوە و یەکەتییەکی گەورەتری پێک هێناوە لە شێوەی کۆنفیدرالیدا.

ئەمە یەکەتییەکی پتەوتر بووە لە دەسەڵاتی ئاغا و سەرخێڵێکی ئاسایی، رەنگدانەوەشی هەبووە بەسەر راپەڕین و بزووتنەوەیلی کوردەوە لە سەتەی نۆزدەیەم و دواتردا و یەکەتییەکی مامناوەندیی لەناو کوردەیلدا هێناوەتە دی.

دوای ئەوەی کورد ماوەیەک بوو لە مێژوودا بە سستی و پەستی دەژیان، لەگەڵ هێرشەیلی ئیسلامدا سەریان هەڵدایەوە. ساڵی ٦٣٧ی زاین، عەرەبەیلی تازە موسڵمان، هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی ساسانی و شاری تەیسەفۆنی پایەتەختیان گرت. تەیسەفۆن لە باشووری عێراقدا بووە و ئێستە مەدائینی پێ دێتە گوتن. کورد لە مێژووی دەوڵەتی ساسانیدا رۆڵی گرینگیان گێڕاوە. خێڵەیلی کورد لە سەرەتای هاتنی لەشکرەیلی ئیسلامدا، شان بەشانی فارس کەوتنە بەرەنگاربوونەوەی وان بەڵام بە رووخانی دەوڵەتی ساسانی، کوردیش بەرگرییان داویەتییە کزی و خاو بوونەتەوە و بەرگرییان بووەتە بەرگرییەکی لێرە و لەوێ و ناوچەیی.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس سەرکردەی گرتنی مووسڵ بووە، کە ئەو کاتە مووسڵ زۆربەی دانیشتووەکەی کورد بوون. لەشکری عەرەب لەوێوە بەرەو داسن "بادینان" و مەرگە پەلاماریان بردووە. دواتر سوپای عومەری کوڕی خەتاب و خێڵەیلی چۆڵنشینی عەرەب بەرەو ناوچەیلی حەلوان و نەهاوەند و ئامەد هێرشیان کردووە و بە شەڕ ئەو شوێنەیلەیان داگیر کردووە. جا یان خەڵکەکە بە ناچاری موسڵمان بوونە یان باج و سەرانەیان داوە لە برێتیی ئاین نەگۆڕین و موسڵمان نەبوون. لە گرتنی شارەزووردا ساڵی ٦٤٣ عەرەب رووبەڕووی بەرگریی سەختی کورد بوونەتەوە. کورد هەموو جۆرە شەڕێکیان کردووە، تا ئەوەی هەندێک سەرچاوە دەڵێن لاوەیلی کورد شەوانە بە دزییەوە توورەگەیان پڕ کردووە لە دووپشک و لە نێزیک لەشکری عەرەبدا روویان کردووە. ئیتر زۆریان لە دوژمن، بەو شێوەیە لەناو بردووە.

هەرچەندە یەکێک لە هاوەڵەیلی پێغەمبەر کورد بووە بە ناوی گاوان، بەڵام ئەمە دادی نەداوە. کورد بە ئاسانی خۆیان بەدەست عەرەبەوە نەداوە و ئاین گۆڕینیان بەلاوە پرسێکی گران بووە. دەشێ بڵێین کێشەکەش هەر تەنیا

زەحمەتیی ئاین گۆڕین نەبووە، بگرە تالآن و دەستدرێژیی خێڵەیلی عەرەبی چۆڵگەڕ، لە رادەبەدەر و بێ سنوور بووە و کورد بێزار بووە لەم دەسەلآتە بیانییە، کە وەک ئاغا و چینی پلە یەک خۆیان سەپاندووە و خەڵکی تریان بە کۆیلە و پلەژێر زانیوە. لەم هێرش و پەلامارەیلەی خێڵەیلی عەرەبدا، خەڵکێکی زۆر فەوتاون و تالآنکارییەکی بێ رادەش لە کوردستاندا رووی داوە. زۆرجار عەرەب سیاسەتی قڕکردنی سەرلەبەریان لە ئاست دانیشتووەیلی ئەم ولآتەدا بەکار هێناوە، بۆیە حافزی شیرازی دەڵێ:

مزن دم ز حکمت که در وقت مرگ _ ارسطو دهد جان چو بیچاره کرد

واتە: "دەم لە ژیری مەژەنە، ئەو دەمای کە ئەرەستۆ لە مردندا وەک کوردی بێ بەخت گیان دەدا".

لە ساڵی سێیەمی خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفاندا، کورد لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری گەورەوە. لە سەردەمی ئەمەوییەیلدا، چەندین جار هێرش و پەلامار بۆ سەر خەڵکی کوردستان دووبارە بوونەتەوە. حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی کە خوێنڕێژێکی گەورەیە لە مێژوودا، کوشتاری زۆری لە کورد کردووە. ئەوی راستی بێ، کورد لەبەرامبەر شالآوی عەرەبەیلی موسڵماندا سەریان نەوی نەکردووە و رووبەڕوویان وەستاونەتەوە، هەر بۆیەش دووچاری قەلآچۆی گەورە هاتوون.

زۆر جار گوێمان لێ دەبێ دەڵێن کورد بە خۆشحاڵییەوە چوونەتە ژێر سایەی ئەم ئاینە تازەیەوە. یان دەڵێن ئەمە دەرگەیەکی خێر بووە بۆ کورد کەوتووەتە سەر پشت تا لە سیستەمی پێش ئەو کاتە رزگاری ببێ، کە سیستەمێکی دواکەوتوو بووە. ئەمە بە هیچ شێوەیەک راست نییە و خۆڵ لە چاوکردنە. بەر لە ئیسلام کۆمەڵێک ئاین لەناو کورددا هەبوون کە باوەڕیان بە خوای تاک و تەنیا هەبووە، ئەوە شتێکی روونە کە زۆربەی کورد لەسەر ئاینی زەردەشتی بوونە، نەک بتپەرستی کە وەک لەناو عەرەبدا باو بووە. راستی

ئەوەیە کورد توجاران بە خۆشیی خۆیان موسڵمان نەبوونە. جگە لەوەی دەبێ بزانین کە شتێکی ئاساییە هەموو داگیرکەرێک رووبەڕووی بەرگریی کۆڵنەدەرانەی خاوەن وڵات دەبێتەوە.

مێژووی ئەو سەردەمەیلە بۆمان دەگێڕێتەوە: بە درێژای حوکمی ئەمەوی و عەباسی، کورد دەستی لە راپەڕین و شۆڕش هەڵایساندن هەڵنەگرتووە، لەبەرئەوەشە کەوتووەتە بەر سەرکوتینەوە و کوشتار و تاڵان و ئەنفال. خێڵەیلی کورد بەردەوام بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی خێڵەیلی عەرەب بوونەتەوە و نە ژیان و نە ماڵ و نە ژنیان لە دەستدرێژیی ئەم خێڵەیلە پاراستوو نەبووە. هەندێک جار خێڵەیلی عەرەب بە شەڕ بۆیان نەچووەتە سەر، ناچاربوونە بە ژن و ژنخوازی تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵەیلی کورددا بکەن و لەم رێگایەوە دۆسایەتییان بەدەست بێنن. دەڵێن مەروانی دوا خەلیفەی ئەمەوی دایکی کورد بووە. هەروەها ئەبوو جەعفەری مەنسووری عەباسیش. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆر دادی نەداوە، عەرەب بە چاوی دیل و کۆیلە لە کوردیان ڕوانیوە و یەکسانی لە نێوانیاندا نەبووە. ئەبوو موسلیمی خوراسانی کە ناوی کۆنی خۆی "بەهزادان" بووە و سەرکردەیەکی گەورەی ئیسلام بووە، سەرەڕای خزمەتەیلی زۆر و زەوەندی بەم ئاینە، بە فڕوفێڵی ئەبوجەعفەری مەنسوور و لە بانگهێشتنی نانخواردندا هاتووەتە کوشتن، واتە بە پێی پیلانێکی پێشەکی. شاعیرێکی کاسەلێسی عەرەب بە ناوی "ئەبوو دولامە"، لە شیعرێکدا لە جیاتیی (أبا مسلم) بە (أبا مجرم) ناوی ئەم کەڵەپیاوەی هێناوە.

أبا مجرم ما غير الله نعمة
على عبده حتى يغيره العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدرة
ألا ان اهل الغدر آباؤك الكرد

ساڵی ٨٤٥ لە سەردەمی فەرمانڕەواییی واسیق بیللای عەباسیدا، کورد لە زۆر شوێنی کوردستاندا راپەڕیون، بەڵام سەرکردەی عەباسی وەسیفی تورک،

سەرکوتینەوەی ئەم راپەڕینەیلەی کەوتووەتە ئەستۆ. وەسیف لە تالانکاری و بەکۆیلەکردنی سەتان کیژۆڵە و کوڕی رواڵ و منداڵکاری کورددا دەستی نەگێڕاوەتەوە و بە دیلی بۆ تکریتی بردوون. بەڵام سەرهەڵدان هەر بەردەوام بووە، کورد جەزیرە و بۆتان و مووسڵیان لە ساڵی ٨٦٦دا لە دەستی عەرەب دەرهێناوە و خۆیان فەرمانیان تێدا گێڕاون. شاعیرێکی عەرەب بە ناوی "عەجین"ی لە سەرچاوەی دەروونی رەگەزپەرستانەی دزێوی خۆیەوە گوتوویەتی:

ما رأى الناس لهذا الدهر مذ كانوا شبيها

ذلت الموصل حتى أمر الكرد فيها

واتە: کەس لە وێنەی ئەم سەردەمەی نەدیوە، مووسڵ تا ئەو رادەیە زەلیل ببێ کورد فەرمانی تێدا بگێڕێ.

کورد جگە لە شۆڕشەیل خۆیان، یارمەتیی هەر کەسێکیان داوە بە دژی دەوڵەتی ناوەندیی ئیسلام راپەڕیبێ، بۆ نموونە شۆڕشی زنج و راپەڕینەیلی یاقووبی سەفار و شۆڕشەیلی خەواریج و شیعە. زۆر جاریش یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندییان داوە دژی وانەی یاخی دەبوون و لاملییان دەکرد. بۆ نموونە یارمەتیی مەروانی دووەمی ئەمەوییان دا دژی یاخیبوونی برایەکەی. هەروەها پشتیوانییان لە مەئموونی عەبباسی کرد بۆ وەرگرتنی خەلافەت لە ئەمینی برای. لە هەمان کاتیشدا، بەردەوام یارمەتیی دەوڵەتی ئیسلامیان داوە بۆ شەڕەیلی دژ بە ئەرمینیا و ناوچەیل سنووریی رۆهەڵاتی فارس و شەڕی خاچ هەڵگرەیل. لەم شەڕەیلەدا کورد مێرانە راپەڕیون. رەنگە هەندێک لەم راپەڕینەیلەی کوردەیل لە سەرێنی باری خراپی ئابووریی کوردستانەوە بووبێ کە توجاران داهاتی دانەوێڵە و رەزداری و مەڕداری لە برسییەتی رزگاری نەکردوون.

بە کورتی، لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا کورد کەوتە تۆڕێکەوە ئیتر رزگاربوونی بە خۆیەوە نەدی. دەشێ بڵێین لەو مێژووە دوور و درێژەی عەرەب لە

کودستاندا، هەروەها دواتر لە سەردەمی سەفەوی و قاجاری و عوسمانیشدا، خەباتی کورد بۆ ئەوە بووە، بە شێوەیەکی ڕواڵەتی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی بێت بەڵام بە ڕاستی سەربەخۆ و ئازاد بێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا. شۆڕش و ڕاپەڕینەیلی کورد هەندێک جار بە ژێرکەوتن و سەرکوتانەوە و هەندێک جاریش بەوە تەواو دەبوون کە میرنشینی نیوچە سەربەخۆیان ئاوا دەکرد. بە پێی هەندێک سەرچاوە لە سەردەمی عەباسیدا ١٢ میرنشینی کوردی هەبووە، لە هەموویان گرینگتر: هەسەنئاوایی کە دەسەڵاتیان لە شارەزوورەوە تا لوورستان بووە ٩٥٩، دۆستەکی لە کوردستانی ناوەڕاست ٩٩٠-١٠٩٦، مەروانی لە باشووری دیاربەکرەوە تا دەگات بە شاری ڕوها لە باکوری جەزیرەی بۆتاندا ٩٨٤-١٠٨٣، شەدادی لە پشت قەوقاسیاوە تا دەگات بە چۆمی ئاراس ٩٥١-١٠٧٥، هەروەها دەوڵەتی شوانکارە لە ئێران لە سەتەی یازدەیەمدا و دەوڵەتی هەزار ئەسپ لە لوورستانی گەورە ١١٤٨-١٣٣٩ و دەوڵەتی زەندی ١١٦٧-١٢٠٢ و چەندێلی تر.

سەرکردەی گەورە گەورەی کورد لەناو سوپای ئیسلامدا هەڵکەوتوون کە شوێنەواریان لەو مێژووەدا خوویا و پێش چاوە. بەناوبانگترین کەسێک لەم بوارەدا، سەرکردەی بەناوبانگ سەلاحەدینی ئەیووبیە ١١٣٧-١١٩٣ کە کارای هێرشی خاچ هەڵگرەیل بە یەکجاری ببەزێنێ و دەوڵەتی بنەماڵەی ئەیووبی لە میسر و شام و عێراق و کوردستان دابمەزرێنێ. لە نێوانی ١٠٩٥-١٢٩١ واتە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ هێرش و پەلاماری خاچ هەڵگرەیل یەک لە دوای یەک بۆ سەر ڕۆژهەڵات بەردەوام بووە. ڕاستە ئەم پەلامار و هێرشەیلە بە ناوی ئاین و بۆ ڕزگارکردنی خاکەیل پیرۆز لە دەستی "دوژمنەیلی موسڵماندا" بوون، بەڵام ڕاستیت دەوێ شەڕێکی داگیرکەری بووە بۆ وڵات زەوتکردن.

کورد لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی خاچ هەڵگرەیلدا وەک سەربازی ڕێی بەرگری لە ئیسلام بەشدار بووە نەک وەکو نەتەوایەتیی کورد. بەشداریشی تەنیا بەرگری لە ئاینی ئیسلام نەبووە بگرە بەشداری بووە لە شەڕی

پاراستنی بوون و مانی خۆی و خاکەکەی لە زەوتکردنی بیانی. سەلاحەدینیش وەک کەسایەتییەکی ئیسلامی خۆی ناساندووە نەک وەک کەسایەتییەکی نەتەوایەتی. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژەیل بیری لە کوردبوونی خۆی بکردایەتەوە فەرمانڕەوایەتیی شارەزووری لە جەرگەی کوردستاندا نەدەدا بە کابرایەکی مەمالیکی تورک کە ناوی "کشتۆغدی" بوو. ڕاستە سەلاحەدین بەشی زۆری سوپایەکەی کورد بووە و سەرکردەیلی سوپایەکەی لە خزم و کەس یان لە ڕەچەڵەکی خۆی و کورد بوون، بەشێکی گەورەی ڕەشە لەشکر کورد بوون، بەڵام خۆی هیچ گرێدراوییەکی بە کورد و خاکی کوردستانەوە نەبووە. سەرچاوە هەیە دەڵێ سەلاحەدین هەر کاتێ لەگەڵ کوردەیلدا دانیشتایە بە کوردی دەدوا . هەر لە سەردەمی ئەویشدا، لاوانێک لە زانسگەی ئەزهەر بۆ قوتابییەیلی کورد هاتە کردنەوە و ناویان لێ نا لاویانی کوردەیل (رواق الأکراد).

سەلاحەدین لە شاری تکریت لە دایک بووە، بەڵام باووباپیرەیلی وی لە "دوین"ەوە هاتوون کە گوندێکی بێ ناو بووە. مشتومڕێکی زۆر هەیە ئاخۆ دوین لە کوێدا هەڵکەوتووە، ئەرمەنستانە یان کوردستان؟ سەرچاوەیلی ئەو دەمە نووسیویانە دوین لە ئازەربایجان هەڵکەوتووە و وێ دەمێ شار بووە، بە پێی قسەی هەندێک مێژوونووسەیلی وێ دەمی، ئازەربایجان بە زۆر شوێن هاتووەتە گوتن، ڕەنگە بەشێکی کوردستانی خۆشمانی گرتبێتەوە. ئەوەی مایەی لاسەنگبوونی تای تەرازووە بۆ ئەو بۆچوونەی دەڵێ دوین، دوینی بنەپاڵی شارۆکەی پیرمامە لە هەولێر ئەوەیە، کە کۆچ و ڕەوکردنی خێڵ و بنەماڵەی شادی لە دەوروبەری هەولێرەوە بۆ تکریت زیاتر ڕێی تێ دەچێ نەک لە یەریڤانی ئەرمەنستانەوە. بە دوور نایەتە زانین کە دوینی ئەرمەنستان لە سەردەمێکی زووتردا وار و زێدی خێڵ و بنەماڵەی باپیرەیلی سەلاحەدین بووبێ و پاشان کۆچیان کردبێ بەرەو ژێر و ئەم شوێنەی دووەمیان ئاوەدان کردبێتەوە و ناویان نابێ دوین، یان ئەو گوندە تازەیە ناوێکی تری هەبووبێ و دانیشتووەیلی نوێ بە سۆز و هەستی دوینی کۆنەوە ناویان نابێ دوین.

ئەگەر ئەم بۆچوونە بەڕاست بێتە وەرگرتن، جێی سەیر پێ هاتن دەبێ کە دەبینین بنەماڵەی ئەیووبییان هەر لە کۆنەوە لە کۆچدا بوونە و ناوبەناو ژیانیان گواستووەتەوە بۆ هەوارگەیەکی نوێ. کوردستان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا نەیتوانیوە ئەوانە بحەوێنێتەوە کە ویستوویانە ڕۆڵێکی کارا و مێژوویی لە بواری سەربازی یان سیاسی یان تەنانەت ڕۆشنبیریشیدا بلەیزن. ئەمە دیاردەیەکە بنووسی ناودار مەسعوود محەمەد چواندوویەتی بە لەبەرڕۆیشتنی ئابووری (نزيف إقتصادي). وەک چۆن سەلاحەدین و بنەماڵەکەی لە دەرەوەی کوردستاندا هەڵکەوتن و دەرکەوتن، بە هەمان شێوەش دەیان زانا و کەڵەڕۆشنبیری کورد ڕوویان لە دەرەوەی کوردستان کردووە، تەنانەت لەم سەردەمەیلەی دواییشدا مەولانا خالیدی نەخشبەندی و نالی و حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی جێیان لە کوردستان نەبووەتەوە و ڕوویان لە هەندەران کردووە. وا دیارە خواستی سیاسی، بنەماڵەی شادیی هان داوە هەردەم بە دوای هەلدا بگەڕێن تا ڕۆڵێکی مێژوویی شایەن بە خۆیان بگێڕن، کە دواجار لە میسر بۆیان هاتووەتە پێش ئەویش بەرگری بووە لە ئاین و خاکی سەرجەم گەلەیلی ناوچەکە بە کوردیشەوە.

مێژووی کورد ئەگەر لە هاتنی ئیسلامەوە بێتە سەیرکردن تا دەگاتە سەرەتایەلی بە درەنگەوەی بزاوی نەتەوایەتیمان، هەرچەندە پڕیشە لە ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام مێژووەکە خۆی مێژووی ژێردەستی و نەبوونی کەسایەتیی کوردییە. بە درێژای ئەو مێژووە سەلاحەدینی ئەیووبی تاکە کەسایەتییەکی کاریزمایی و ئەفسانەییە کە لەناو کورددا هەڵکەوتبێ و ژینامەی پڕ بێ لە سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی. ڕۆشنبیری ئەم سەردەمەی ئێستەی کورد کاتێ ئاوڕ لەو مێژووە دوور و درێژەی نەتەوەکەی دەداتەوە، حەیفی دەمێنێ کە ئەم قارەمانە لە وڵات و گەلی خۆی تەرە بووە و مێژوویێکی گەشاوەی لەسەر خاکی بیانیدا دروست کردووە. هەرچەندە ئەم ڕەخنەیە بێ ڕەچاوکردنی ئەو کات و سەردەمەیە کە سەلاحەدین تیایدا

گووراوه و هەڵکەوتووه و ژیاوه، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی ئەوەش بە لاو و رۆشنبیری کورد دێتە دان داوا بکەن سەلاحەدین هێندەی بۆ ئیسلام بووە، کەمێکیش بۆ نەتەوەکەی خۆی بوایە. ئەگەر رەخنە لە سەرکردەیەکی مێژوویی وەک ئەو نەیەتە گرتن، ئەدی رەخنە لە کێ بێتە گرتن؟ لە مامە رووتەی پێ پەتی و هوورگ بەتاڵی دوای گاگێرە؟

بەشداریی کورد لە مێژووی ئیسلامدا تەنیا لە بوارەیلی سیاسەت و شەڕدا نەبووە. لەو ١٤٠٠ ساڵەدا بزان و رۆشنبیری گەورە گەورە هەڵکەوتوون کە بەشداریی بێ میناکیان کردووە لە دروستکردنی بناخە و کۆڵەکە و دیوارەیلی ئەو باڵەخانە سەربڵندەی ئیسلامدا. لەناویاندا کەڵەزانای وا دێتە دیتن جێ پەنجەیان بەسەر تەواوی مێژووەکەوە دیارە. ئیمام محەمەدی غەزالی ١٠٥٨–١١١١ گوتوویەتی کولتووری ئیسلام لەسەر شانی چوار کۆڵەکە وەستاوە. لەمانە سیانیان کوردن: شارەزووری و ئامێدیەیی و دینەوەری. ئەمانە وێڕای چەندین ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی زانست و ئاین و مێژوو و زمان، وەک: ئیبنو خەلەکانی هەولێری و ئەبو وەفای ئەیوبی و ئیبنوئەسیری جەزیری و ئەبو عەلی سینا و ئیبن سیرین و ئیبنولحاجیب و ئیبنولستۆفیی هەولێری و شێخ محەمەدی عەبدە و شێخ عەبدولقادری گەیلانی و محەمەد فەیزی زەهاوی و ئەحمەد شەوقی و دەییێل و سەتەیلی تر.

کوردستان هەڵکەوتێکی جوگرافیایی گرینگی هەبووە، کەوتووەتە سەر شارێگەیلی هاتوچۆی رۆهەڵات و رۆئاوا. سوپایەلی چەپاوکار ئەگەر بۆ شەڕی کوردیش نەهاتبن، بە هەندێک دەڤەری کوردیدا تێ پەڕیون و ئازاری بێ ئەندازیان بە دانیشتووەیلی ئەو دەڤەرەیلە گەیاندووە. زێدەباری ئەمە، شارەیلی گەورەی وەک ئەستەنبوڵ و دیمەشق و بەغدا و ئەسفەهان و تاران، لە رێگەی کوردستانەوە بەیەک گەیشتوون کە ئەم شارەیلە پایەتەختی وڵاتەیل و جەرگەی فەرمانڕەوایی و بازرگانی بوون، هەر کێ بۆ گرتنی ئەمانە بهاتایە دەبوو پێشتر کوردستان بگرێ یان هەر نەبێ پێیدا تێ بپەڕێ.

لە سەردەمی هێرشەیلی تەیمووری لەنگدا، کابرا هەتا رێگەیەلی

کـوردسـتـانی نەکـەوتە بەردەست، نەیتـوانی تـەواو ئاخـی ئـەو دەوروپشـتـە ژێرچەپۆکە بکات. ئەم بایەخـە گرینگەی کوردستـان وای کردووە زۆر پێکدادان لەسـەر ئەم زەوییـەدا روو بدەن و خەڵکەکەی تووشـی زۆر چەرمـەسـەرێ ببن. لە سـەردەمی کـۆنیشـدا وا بووە، بـە پێی هەندێک لە مـێژوونووسـەیل، هـەڵکەوتی کوردستـان وای کـردووە لە شـەڕ و شـۆڕی نێوان رۆم و عـەجـەمـدا، ئەم وڵاتە ببـێ بە سـۆنگـەی ژێرکـەوتنی رۆم. کـورد لە جـیـاتـی ئەوەی لە کـۆنـەوە ئەم هەڵکەوتە گرینگەی نیشتمانەکـەیان بۆ ببێ بە سـەرچاوەی خێر و بێر، بۆیان بووە بە سـەرچاوەی دەرد و بەڵا، وەک چۆن لە سـەردەمـی نوێشـدا دۆزینەوەی نەوت و بەکارهاتنی ئاو بۆ پرۆژەی ئابووری، بوون بە هـەش بۆ سـەری کوردی داماو.

بە درێژای مـێـژووی ئـیـسـلام، کـورد باجـێکی گـەورەی دا. ژیان دان و ستاندنە، کورد هەر دای و نەیستـاند. وەک بینیـمان ئەوەی لەسـەر شـانی بوو وەک موسڵمانی راستـەکینە کردی، بە زیادەوەش کردی، بەڵام هـەر وەک کۆیلە و چەوساوەی بندەسـتی گەلەیلی دەوروپشتی خـۆی مایەوە، کە هـەر بە ئامـێر و کەرەسـتـەی ئاینەکە خـۆی، چەوساندیانەوە و بردیانە کـۆڕی شـەڕی بێ ئـامان. دەبێ لە خـوێندنەوەی مێژوودا بەدوای هـۆ و مـایەی ئەمـەدا بگـەڕێین. کـورد لە رووی ئاینەوە زۆربەیان مـوسـڵمـانی سوننـە مەزەبن، ئەو شـتـەی زیاتر کـوردی مێ کرد بۆ چوونە ژێر باڵی ئاینەوە مەزەب بوو. کێشەی مەزەبایەتی لە نێوان شیـعـە و سـوننـەدا بە درێژای مـێژووی هـەردوو دەوڵەتی عـوسـمـانی لەلایەک و سـەفـەوی و قـاجـاری دوابەدوا لەلایەکـەی تردا، بەردەوام بـوو. کـوردسـتـان گۆڕەپانی شـەڕەکە و کوردیش دەسـتـەچیلە و ئاردووی خـۆشـکردنی ئاورەکە بوو.

مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەیەم رووداوەیلی کارەسـاتاویی لەگەڵ خۆیدا هێنا. کوردستـان زۆر هێرش و پەلاماری بۆ هات، لە هـەمووی بەرچاوتر پەلامـار و چەپاوی مـەگـۆلەیل بوو. شـاری دیاربەکـریان تەخت و تاراج کـرد و یەک کەس لە دانیـشتووەیلی ئەو شارە زیندوو نەمـا، پاشـان مێردین و نسـێبین

و شارەزوور یەک لە دوای یەک هاتنە کاول و تالانکردن، سەرکردەی مەگۆل "هۆلاکۆ"، لە ڕێگەدا بەرەو بەغدا شاری کرماشانی تالان کرد و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتووە کوردەکەی کوشت، هەروەها هێرشی کردە سەر هەولێر. فەرمانڕەوای شارەکە خۆی بەدەستەوە دا بەڵام خەڵکەکە بەرگرییان کرد، تا ئەتابەگییێل مووسڵ یارمەتیی سوپای داگیرکەریان نەدا بۆ خستنی، پیرە هەولێری ئێمە نەهاتە گرتن. هۆلاکۆ لە ساڵی ١٢٥٨دا بەغدای گرت و بەمەش فەرمانڕەوایی عەباسییەل بە کۆتا هات، دوای ئەمە کە لە بەغداوە بەرەو تەورێز گەڕایەوە، هۆلاکۆ جارێکی تر دەستی بە کوردستاندا هێنایەوە و شارەیلی دیاربەکر و جزیرەی بۆتان و مێردین و هەکاریی تالان کردەوە، لە هاتنی مەگۆلدا میرنشینەیلی کورد نەیانتوانی بەرگە بگرن و یەک لەدوای یەک هەرەسیان هێنا. پاش هۆلاکۆ، نۆرەی تەیمووری لەنگی تەتەر هات، کە ئەویش لە تالانکاری و کوشتاری خەڵکی کوردستاندا دەستی نەگێڕایەوە. سەرلەبەری شارەیلی دیاربەکر و مێردین و حەسەنکێف و هەولێر و مووسڵ و جزیرەی تالان کرد. تەیمووره شەل کەنیشکەیلی کوردی کرد بە کەنیلەی شەوبوهێرکی خۆی.

چیی ترت دەوێ دوای ئەمە؟ خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هەموو پەلامار و کوشتار و تالان و بڕۆ و وێرانکارییەدا، دەستیان لە ژیانی دێمانی (واتە مانەوە لە دێ و چاندن و زەویداری) هەڵگرتەوە و کەوتنەوە دوای ژیانی پەزداری و کۆچەری، بە سامانێکی کەمەوە کە پێی دەڵێن "زیندەماڵ" دەستیان دایەوە ڕەشماڵنشینی و ئاران و زۆزان کردن و خۆ لە ناحەز ونکردن. ئەم جۆرە ژیانە بۆ چەندین سەتە وای کرد نەریتی ڕەوەندایەتی و کۆچبەری لەناو کورددا نەبڕێتەوە و هەر بەردەوام بێ. نەبوونی بنگەی ئاوەدانیی سەربەخۆ و جێگیر و تەنا، هەردەم کۆسپێکی گەورە بووە لە پێش سەرهەڵدانی نەک تەنیا دەوڵەتی کوردی بگرە هەستی نەتەوایەتیشدا. هێرش و پەلامارەیلی بێ ژمار بە درێژای مێژوو نەیانهێشتووە کورد گوند و شاری هەبێ و گرینگی بە ئابووریی خۆی بدا، لەم چەند دێرەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کورد لەم

مێژوودا چەند شەکەت و ماندوو بووە. گەلێکی وسا چ شارستانییەتێکی پێ دێتە ئاواکردن گەلۆ؟

ئەو ئازارەی گەلی کورد لە سەتەیلی دێریندا بەدەست داگیرکار و هێرشکارەیلەوە چێژای، یان ئەو تالان و برۆیەی چەپاوکارەیلی سوپای خێڵەکییانەی ئیسلام لە کوردستاندا کردیان، ئەگەر بێتە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوەی مەگۆل و تەتەر و تورک کردیان، شتێکە پێزانین و سوپاسی بوێ بۆ ئەوانی بەرێ. کورد دوای ماوەیەک لە داگیرکاریی عەرەب، لەگەڵیاندا ڕاهاتن هەرچەندە عەرەب هیچ جار نەیتوانیبوو کورد بگرنە ناوەخۆیان و بەرزەوتیان بکەن. بەڵام کۆچبەریی ژیانی کوردەواری و پەلامارەیلی مەگۆل و تورک بۆ کوردستان، چارەنووسی ئەم گەلەی بە جارێک بەرەو تاریکی پێچایەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کەوا چۆن هەستی کوردبوون لەلای سەڵاحەدین و سەرکردەیلی تری ئەیووبیدا نەبووە، بەهەمان شێوە سەرکردەی دەوڵەت و میرنشینەیلی کوردیی سەردەمی عەباسیش کە ناوی هەندێکمان بە سەری زمانەوە بردن، هیچیان ئەم هەستەیان نەبووە. هەر ئەوەیە کە خەڵکی کوردەواریی ژێر چەتر و سایەی ئەم دەسەڵاتە کوردییەلە تۆزێک هێز و گوڕیان هاتووەتە بەر و پشووێکیان داوە. توانیویانە بۆ ماوەیەک بە ئاشتی و تەناهی بژین، ئەگینا ناوی کوردبوون لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهاتووە.

کوردستان بە درێژای ئەو سەردەمەیلە، چەندین دەوڵەت و دەوڵەتۆکە و میرنشینی گەورە و بچووکی تێدا بووە، هەندێک جار ژمارەیان گەیشتووەتە پەنجا میرنشین، بەڵام ئەمە بۆ خۆی نیشانەی پارچە پارچەیی خاکی کوردستان و جڤاکی کوردەواری بووە بۆ ناوەندەیلی دەرەبەگانەی ئێرە و ئەوێ. ئەم بارەش بۆ خۆی ڕێگرێکی گەورە بووە لە پێش زاینی دەوڵەتێکی سەرتاسەریی بەهێزدا. ئەم دەوڵەت و میرنشینەیلە لە یەکتر لووتەلا و بەیەکتر ناحەزە، بە هیچ جۆر هێزی ئەوەیان نەبووە لە بەرامبەری داگیرکەردا خۆیان ڕابگرن.

دوای تالانکاریی مەگۆل لە کوردستان، ئینجا نۆرەی دەسەڵات و فەرمانڕەواییی تورک هات. دوو بنەماڵەی دژ بە یەکی تورک بە ناوی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلو واتە بەرخ ڕەش و بەرخ سپی، لە کۆتایەلی سەتەی چواردەوە لە باکوری کوردستان، لە نێوانی وان و دیاربەکر لە ڕۆئاواوە، تا تەورێز لە ڕۆهەلات فەرمانیان گێڕا. ئەمانە یەک لە دوای یەک هاتنە سەرکار، یەکەمیان شیعە بوو و دژایەتییەکی زۆری مەزەبی و سیاسیی لە کوردستاندا هێنایە کایەوە. دووەمیش سوننە مەزەب بوو، لە جێی یەکەمدا هاتە دامەزران، لەلایەن عوسمانییەوە پشتەوانیی لێ دەهاتە کردن و کەوتبووە چەوساندنەوەی بنەماڵەیلی خانەدانی کورد و زوڵم و زۆر لە خێڵەیلی کورد دەکرد بە بیانگەی ئەوەی لەمەوپێش پشتەوانییان لە قەرە قۆینلو کردووە. ئیتر بەم ئاوایە، لە کۆتایەلی سەتەی پازدەیەمەوە، کوردستان لە نێوانی ئەم داگیرکەرە و ئەوی تردا، ئەمدەست ئەودەستی دەکرد و ڕۆژ بەرۆژ باری بژێوی خەڵکەکەی خراتر دەبوو.

بەلام خەریکبوونی تورکەیلی عوسمانی بە پەلاماردانی ڕۆهەلاتی ئەورووپاوە ڕێی بۆ سەرکردەی سەفەوی، شا سمایل خۆش کرد بۆ ئەوەی تیرەی بەرخ سپی "ئاق قۆینلو"ی سوننە لا بدا و دەسەلاتی بنەماڵەی سەفەوی لە تەورێز ڕابگەینێ و خۆشی بکا بە شای ئێران. شا سمایلی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠٥دا لەشکرێکی گەورەی پێکەوە نا کە زۆربەیان قزڵباش "کلاو سوور" بوون. ئەمانە کەوتنە پەلامار و داگیرکردنی ناوچەیلی کوردیی عوسمانی. تا مەراش و دیاربەکر و مووسڵ و هەروەها بەغداشیان گرت. شا سمایل پشتیوانییەکی زۆری لە قزڵباش و تورکمانەیلی ئەنەدۆڵی ڕۆهەلات دەکرد، هەروەها هانی هۆز و خێڵەیلی کوردی دەدا لە دژی عوسمانی ڕاست ببنەوە، بەمەش شا سمایل بۆی لوا ئاژاوەیەکی زۆر لە سنووری عوسمانیدا بنێتەوە.

لە هەمبەر ئەمەدا، سوڵتان سەلیم یاوزی عوسمانی "سەلیمی یەکەم" کەوتە خۆ کۆکردنەوە و لەشکرسازی، پەلاماری سنوورەیلی ئێرانی دا و لەشکری شا سمایلی بەزاند. شاری تەورێزی پایەتەختی گرت و تالانی کرد. ئەوە

شـــەڕی چلدێران* بـوو کـــە لە شــاڵی ١٥١٤ی زایندا ڕووی دا و سنـووریی یەکجارەکیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی کێشا کە تا شـەڕی گەورەی یەکەم ئەو سنووره بەردەوام بوو. سـوڵتان سـەلیمی یەکەم دوای ئەوەی ناوچەیلی تریشی لەبن دەستی سەفەوییەل دەرهێنا، لە زستانی پاشتر کشایەوە ئەنادۆڵ.

* سەرنج: چلدێران کۆی چل دێرە. بیانیی وەک تورک و فارس کردوویانە بە چاڵدێران، دەبێ کـورد شـێوە راسـتـە کـوردییـەکـەی بڵێن. زۆر نـاوچە هـەیە لە کوردسـتان تا ئەمڕۆش وشەی دێریان پێوەیە: دێرە لـووک، دێرە برووشە، دێرە هەریر.

دوای ئەمە بۆ ماوەی سەتەیەک و چاریەکە سەتەیەک، شەڕ لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا درێژەی کێشا. زەویی شـەڕەکەش خـاکی کوردسـتـان بوو. سـوپای شـەڕکەر لە هەردوو لادا بەشـێکی زۆریان کـورد بوون. تاڵان و خـاپوورکاری و سووتاندنیش هەر لە گوند و شارەیلی کوردستاندا دەهاتنە کردن. ڕێککەوتنی زەهاو لە ساڵی ١٨٣٩دا ئەو سنوورەی بە ڕەسمی ناسی کە سوڵتان سەلیم لە شەڕی چلدێراندا دیاریی کردبوو. ڕاستە کوردستانی ئێمە بە درێژای مێژوو سـەربەخـۆییی بەخـۆوە نەدیبـوو، بەڵام پەیمانی زەهـاو (گوڵسـتـان-یشی پێ دەڵێن)، لە مـێـژووی کورددا بە وەرچەرخـانێکی پڕ مـەترسـی دێتە ژمـار. ئەم پەیمانە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە و بۆ تا هەتایە سنوورێکی ڕەسمیی لە نێواندا کێشان.

ڕێککەوتنی نێوان تورک و فارس هەرچەندە کارەسات بوو بۆ کورد و لەسەر حـسـێبی بەرژەوەنـدیی کورد و کـوردسـتـانـدا هـاتە ئەنجـامـدان، بەڵام راست بڵێین، مـەیلەو تەناهییەکیش کەوتە ئەو سنوورەوە و کورد تا ماوەیەک خێریان لێ بینی. دوای ئەوە، شـەڕی گەورە کەم ڕوویان دا، لە ناوچەیلی کـوردسـتـانی باشـوور و بەغدا لـە ناوەڕاستی عـێراقـدا نەبێ کـە شـەڕگـەی ئەمـانەش هـەر کوردسـتان بوو. ژمارەیەک میرنشینی کوردی لە ئەردەڵان و بابان و سۆران و بادینان و جـزیرەی بۆتاندا ســەریان هەڵدا، دەتوانین بـڵـێین کـەم تـا زۆرێک بووژانەوەی ئەم گەلەیان بەدوای خۆیاندا هێنا کە چەندین سـەتە بوو چەرخی

چەپگەڕ بەرەواژی ویستی وی سووڕابوو.

ئێرانییەل نەیانتوانی هەستی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن لەبەرئەوەی شا سمایل دەیویست هەرچی شوێنەواری ئیسلامی سوننی لە ئیمپراتۆریەتەکەیدا هەیە، هەمووی لە ڕەگەوە هەڵکەنێ و بسڕێتەوە. لە ئەنجامدا پێڕەوکارەیلی مەزەبی سوننە تەنیا لە ناوچەیلی سنووریدا خۆیان پاراست. هەروا لە بەڕێوەبردنی ناوچەیلی کوردیدا، ئێرانییەل پشتیان تەنیا بە فەرمانبەر و کاربەدەستەیلی تورک یان فارس دەبەست کە شیعە بوون، وەک بارێکی تاکانە دەتوانین لێرەدا پەنجەی ئاماژە بۆ میرنشینی ئەردەڵان درێژ بکەین کە بە درێژای چەند سەتەیەک لە بەری ڕۆهەڵاتی زاگرۆسدا کارباریان بە دەستەوە بوو. شایەلی ئێران لە سەردەمی سەفەوی و پاشانیش لە سەردەمی قاجاردا بۆ دابینکردنی گوێ بە فەرمانیی ئەردەڵانەیل بۆ دەوڵەتی ناوەندی و دەرنەچوون لەو گوێڕایەڵییە، جۆرێک نەرمییان لەگەڵدا دەنواندن. لە هەمان کاتدا دەیانویست لە ڕێگەی ژن بەشوودان بە میرەیلی ئەردەڵان، ئەم گوێڕایەڵییە بدۆمێنن. فەتح عەلی شای قاجار کچی خۆی دا بە خوسرەو خانی ئەردەڵانی کوڕی ئەمانوڵاخان، کە ئەم کچە ئافرەتێکی توند و زەبربەدەست بوو، دەشێ بڵێین حوکمی ئەردەڵان بە دەستی ئەم خاتوونەوە بوو. دوای مردنی خوسرەوخانیش ئەم حاڵە بۆ کوڕەکەی بەردەوام بوو، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ باڵادەستیی حوکمی قاجار و لەناوچوونی ئەردەڵانەیل.

بە پێچەوانەی سەفەوییەوە، عوسمانییەل زیاتر کارباریان دەدایە دەستی پیاوەیلی ناوچەیی. ڕەنگە ئەمەش لە سۆنگەی چەند هۆیەکەوە بووبێ، یەکەم: نەبوونی هێزی لەشکری کە بەشی ئەوە بکات تەواوی ئەو ناوچەیلی کوردییە داپۆشی. دووەم: مانەوەی مەترسیی هێرشی سەفەوی بۆ ئەو ناوچەیلە سنوورییە. سەرباری ئەمانەش سەختیی کۆکردنەوەی باج و سەرانە لەو ناوچەیلەدا. لەبەر ئەم بارە تایبەتانە، سوڵتان سەلیم ویستی ڕێگەچارەیەکی گونجاو و کردەوەیی بۆ پێوەندی لەگەڵ میرەیلی کورددا بدۆزێتەوە و هەوڵ

بدات بە هەر شێوەیەک بێ لە گوێڕایەڵی بۆ وی دەرنەچن. بۆ ئەم نیازەش بە گوێی ئامۆژگارییەلی مەلا ئیدریسی بەتلیسیی کرد کە کەسایەتییەکی کوردی بزان و بنەماڵە و خوێندەوار بوو. مەلا ئیدریس متمانەی لە هەردوو لاوە، واتە لەلای سوڵتانیش و لەلای میرەیلی کوردیشەوە وەرگرت بۆ ئەنجامدانی کاری خۆی. ئەرکی بەتلیسی ئەوەبوو گوێڕایەڵیی میرەیلی کورد بۆ ناوەندی دەسەڵات مسۆگەر بکات و لە بەرامبەریشدا ئەم میرەیلە لە بەڕێوەبردنی کاربارى میرنشینەیلی خۆیاندا نیوچە سەربەخۆییەکیان هەبێت.

مەلا ئیدریس بەڵگەنامەی ڕەسمیی بەتاڵ (سپی)ی بە مۆری لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە وەرگرتبوو بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ میرەیلی کورددا. پەیمانەکەش ئەمە بوو: یەکەم- میرەیلی کورد سەربەخۆ بن لە بەڕێوەبردنی کاربارى ناوخۆی ناوچەیلی خۆیاندا بە مەرجێک دەوڵەتی سەربەخۆ ڕانەگەیەنن. دووەم- لە کاتی شەڕدا، خۆیان و لەشکرەیلیان بەشداری بکەن شان بەشانی لەشکری دەوڵەتی ناوەندیدا. بە هەمان شێوەش دەوڵەت لە کاتی هێرش و پەلاماری دەرەکیدا ئەوان بپارێزێ. سێیەم- میرەیلی کورد ساڵانە بڕێک داهات وەک دیاری بۆ گەنجینەی سوڵتان بنێرن.

ئەمەش جۆرێک بوو هاوشێوەی سیستەمی فیدراڵیی ئەمڕۆ، بەڵام سوڵتان سەلیمی یەکەم، کاربەدەست یان پاشای عوسمانیی دانا بۆ چاودێریی کاربارى میرنشینەیلی کوردی، ئەو کەسە (میرمیران: أمیر الأمراء)ی پێ دەگوتن. ئەم پاشایەلە بووبوون بە دەسەڵاتداری بێ سنوور و مێردەزمەی کوردستان، تۆوی دووبەرەکییان لە نێوان خێڵ و میرنشینەیلی کورددا دەچاند و بە شەڕیان دەدان. وێڕای ئەمەش لە دوای ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەتلیسی و میرەیلی کورد، لە ماوەی دوای چلدێرانەوە تا دەگات بە پەیمانی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩، کوردستان هەر گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان عوسمانی و سەفەوی بوو.

ئیتر ڕێککەوتنی نێوانی میرەیلی کورد و سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی ١٥٢٠-١٥٦٦ درێژەی نەکێشا یان هەر لە بنەڕەتدا کاری پێ

نەهاتە کردن. ئەم ڕێککەوتنە نە دەوڵەتی ناوەندی ڕێزی لێ گرت و نە میرەیلی کورد. میرنشینەیلی کورد یەک لە دوای یەک کەوتنە بەر هێرش و هاتنە رووخاندن یان ئەوەتا عوسمانی میرەیلیان لە مافی بەڕێوەبردنی میرنشینەیلی خۆیان بێبەش کرد. راستت دەوێ، ئەوانیش هەندێک جار خۆیان لە ئەرکی ناردنی لەشکر بۆ یاریدەی دەسەلاتی ناوەندی لە شەڕەیلدا دەدزییەوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هەندێک جاریش بە شێوەیەکی هەلپەرستانە خۆیان دەدایە پاڵ سەفەوییێل وەک چۆن شەرەفخانی میری بەتلیس لەساڵی ١٥٣١دا کردی "ئەم شەرەفخانە شەرەفخانی دانیاری کتێبی بەناوبانگی شەرەفنامە نییە". میرەیل کورد بە گشتی لە کێشەی نێوان عوسمانی و سەفەویدا هەلپەرست بوون.

هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان لەمبەر و لەوبەری سنووری عوسمانی و سەفەویدا، تا سەرەتایەلی سەتەی نۆزدەیەم درێژەیان بە فەرمانڕەواییی خۆیان دا. یەکەمیان واتە ئەردەڵان میرنشینێکی کۆن بوو، لە سەرەتایەلی سەتەی چواردەیەمەوە سەری هەڵدابوو، وەک گوتمان کاریبووی پێوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا، واتە دەوڵەتی شیعە بپارێزێ هەرچەندە کوردی ژێردەستی ئەم میرنشینە زۆربەیان سوننە مەزەب بوون. راستی بڵێین، ئەردەلانەیل بە هۆی جیاوازیی مەزەب لەگەڵ سەفەوییێلدا، حەزیان دەکرد پێوەندی لەگەڵ عوسمانیدا ببەستن. دوای شەڕی چلدێران، نێزیکبوونەوەیەک لە نێوانی وان و سوڵتان سەلیمدا رووی دا، بەڵام نێزیکییان لە پایەتەختی سەفەوییەوە (تەورێز و پاشان ئەسفەهان) بەردەوام دەیخستنە بەر مەترسییەوە، سەفەویش دەیانزانی لەدەستچوونی بەشێک لە زەویوزار لە رۆهەڵاتی زنجیرە کێوی سەختی زاگرۆسدا، داهاتوویان دەخاتە بەر هەڕەشە و هێرشەوە، بۆیە بەردەوام میرەیلی ئەردەڵانیان دەلاواندەوە و دڵخۆشییان دەدانەوە.

دەسەلاتی ئەم میرنشینە هەندێک جار تا هەولێر و کۆیە و ئامێدی و هەریر و رەواندزیش دەهات، بەڵام ئەردەلانەیل لە ململانەی دوو کەرتەهێزی سەفەوی

و عوسـمـانـیدا، توجـاران نەیانتـوانی بۆ مـاوەیەکی زۆر دەسـەڵاتی خـۆیان لە بەری رۆئاوای زنجـیـرە چیـای زاگـرۆسـدا بهـێـڵنەوە، بە تایبـەتیش لە دوای شـەڕی چلدێرانەوە. دەوڵەتی سـەفەویش دەیزانی پاراسـتنی دەسـەڵات لە بەری رۆئاوای زاگـــرۆســـدا کـــارێکی ئاڵۆزە بۆیە بـە ڕێککەوتنی زەهـاو، ناوچـەی شارەزوور بوو بەشی عوسمانی.

لەمـــبـــەرەیشـــەوە بـابـانـەیل هـەبوون، هـەرچـەندە هێندەی ئەردەڵانەیل کـۆن و ریشـــەدار نەبوون، بـەڵام لە سـەرەتـای سـەتەی هـەژدەیەمـەوە هـێـز و گـۆڕیان ئەستاند و بوون بە هاوکێشی ئەردەڵانەیل لە دیوی عوسـمانیدا. ساڵی ١٧٢١ کە ئەفغانەیل ئێرانیان گرت، ئاژاوە ئێرانی تەنییەوە، بابانەیل دەرفەتیان هێنا و شـاری سنەیان گـرت و مـاوەی ٩ سـاڵ بـەریان نەدا. پاشـان لە بەرامـبـەر هێـرشی سـوپای شـای ئێراندا کـشـانەوە بـۆ قـەڵاچوالان. بە درێژای سـەتەی هـەژدەیەم دەسـەڵاتی عـوسـمـانییـەل لە عێراق لاواز بوو، ئەمـەش دەرفـەتی بۆ بابانەیل رەخـســـاندبوو تا بـە ئازادیی خـۆیان هـەڵسـووڕێن و بەرژەوەندیی مـیرنشینەکەی خۆیان رەچاو بکەن. لە سـاڵەیلی ١٧٣٠ – ١٧٤٧دا نادرشـای هـەوشـار وەک پیاوی زەبر بەدەسـتی ئێران هاتـە سـەر گـۆڕەپان. ئەمـە هـانی بابانەیلی دا رووی خـۆیان بەرەو ئێــران وەربگێـڕن. هـەر ئەم هەلومـەرجـە ناجـێگیـر و لەرزەکـە وای کـردبوو مـیـرەیلی بـابان، برا و برا، یان ئامـۆزا و ئامـۆزا لەگـەڵ یەکتـردا لەسـەر دەسـەڵات بەرۆکی یەکـتر بگرن و هەر رۆژەی دەسەڵات بە دەست یەکێکیانەوە بێت. یەکێکیان ئەمرۆ سوپای ئێرانی دەهێنا و ئەوی تر سـبـەی دەستی سـوپای عوسـمـانیی رادەکێشا بۆ سـەر پایەتەختی بابان هەر بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە فەرمانڕەوا.

سلێــمـــان پاشـــای بـابان کـــەوتە فـــرەوانکردنی سنووری دەســـەڵاتی میرنشینەکەی خۆی، لەمـەدا لاوازیی هاوسێیـەلی بە هەل زانی، لە باشوورەوە تا بەدرە و جەسـان و لە رۆئاواوە تا کۆیە و رەواندزی گرت. لە رۆهەڵاتیشـەوە شاری سنەی خستە ژێر دەست. لە گرتنی سنەدا، کەریم خانی زەند کە شای ئێران بوو و بە ڕەچەڵەک کورد بوو یارمەتیی دا لەبەرئەوەی کەریم خان کەیفی

بە ئەردەڵانەیل نەدەهات. بەڵام کە شەڕی نێوان عوسمانی و ئێران لە ساڵی ١٧٧٤دا دەستی پێ کردەوە، بابانەیل نەیانتوانی چیی تر خۆیان لە ململانە بە دوور بگرن. لێرەدا نابێ وا تێ بگەین کە بابانەیل ئامێر بوون بە دەستی هێزەیلی دژەوە، بە پێچەوانەوە، عوسمانی و ئێرانی لە هێزی زیادبووی بابانەیل دەترسان.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین میرەیلی بابان گشتیان، ئاوڕەحمان پاشای لێ دەرچێ، ئەوانی تر بەردەوام خەریکی گەمە بوون لە نێوانی ڕۆم و عەجەمدا. ئاوڕەحمان پاشا بەدوای ئەوەدا دەگەڕا لە بەڕێوەبردنی کارباری میرنشینەکەی خۆیدا شێوە سەربەخۆییەکی هەبێ و هێندە پاشکۆی بابی عالی نەبێ لە ئەستەنبوڵ. بەڵام وێڕای ئەمە بابانەیل تا ساڵی ١٨٥٠ کە رووخان، لە سیاسەتی هەرێمیدا لەرزەک و گۆڕەک بوون و هەر ڕۆژەی لە کەڵکەڵەی شتێکدا بوون.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەردەڵانەیل هێزی خۆیان زیاتر لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە وەردەگرت کە لێیانەوە نێزیک بوو، بە پێچەوانەی بابانەیلەوە کە هێزیان لەوەدا بوو دەسەڵاتی ناوەندی لێیانەوە دوور بوو و دەستی بە سەریاندا نەدەڕۆیشت.

ساڵی ١٦٨٣ سوپای عوسمانی لە هەنگاریە هاتە دەرکردن. دوای ئەمە وردە وردە ترازووی هێزەیل کەوتە لاسەنگی و عوسمانی نەیانتوانی چیی تر لەمەولا بەرگەی زاڵبوونی هێزی تەکنەلۆجیەی ئەوروپا بە تایبەت لە بواری سەربازیدا بگرن. پاشتر، لە نیوەی دووەمی سەتەی هەژدەیەمەوە کەوتنە بەردەم زنجیرەیەک پەلامار و هێرشی رووسیەوە. رووس زەبری کارییان گەیاندە لاشیپان و کەلەکەی عوسمانی، سوپای رووس پەلی کێشایە ئەنادۆڵی ڕۆهەڵات و کۆمەڵێک ناوچەی گرینگی وەک ئەرزەڕۆم و قارس و بایەزیدی گرت. جگە لە ئەرمەن، خێڵەیلی کوردیش لەم هێرش و پەلامارەیلەدا یاریدەی رووسەیلیان دا. پاڵەپەستۆی ئەوروپە بۆ سەر عوسمانی لە سنووری سیاسی و سەربازی تێ پەڕی. لە کۆتای سەتەی هەژدەیەمەوە بازرگانەیلی ئەوروپا

هاتنه ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە لەپێناو ناردنە دەرەوەی بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیی گەشەسەندووی خۆیان. سەرەڕای ئەمانە هەمووی، دەوڵەتی عوسمانی کەوتە بەردەم پەلاماری ئایدیۆلۆجییەشەوە، نێردەیلی مژدەدەری کاتۆلیک و پرۆتیستانت، مژدەی پێشکەوتنی رۆشنبیری و بازرگانی و سیاسییان دەدا. وێڕای کاتۆلیک و پرۆتیستانت، رووسی ئەرتۆدۆکسیش لەناو کۆمەڵەیلی ئەرمەندا خەریک بوون، لەبەرئەوەی لە سایەی عوسمانیدا موسڵمان و کریستیان هاوشان نەبوون، ئاشوورییەل نەبێ کە ژیانێکی خێڵەکییانە شان بەشانی کورددا دەژیان، ئەرمەنەیل جوتیار بوون و لە پلەی هەرە ژێرەوەی کۆمەڵایەتیدا بوون. بایەخدانی ئەورووپا بە ئاشوور و ئەرمەنەیل، بوو بە مایەی کارەسات بۆ وان لە داهاتوودا.

سەرەڕای ئەو هۆیەلەی سەرەوە، دەوڵەتی عوسمانی گیروگرفتی تریشی هەبوو، بۆ نموونە رێگەوبان زۆر خراپ بوو، ئەمەش بووبوو بە مایەی دواکەوتنی بزووتنەوەی سەربازی لە کاتی پێویستدا. بەهۆی گەورەیی زەویوزاری عوسمانی و دووریی ناوچەیل لە ناوەندەوە، لە کۆتای سەتەی هەژدەیەمدا، دەسەڵاتی ناوەند لە ناوچەیلی دووردا دابووبە کزی و لاوازی. میرەیلی کورد کەمتر لە جاران دەربەستی ئەو ناوەندە دەبوون. میرنشین بووبوو بە میراتێکی بنەماڵەیی. سەرەڕای ئەمەش باجیان نەدەدا، بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی ویستی بیانخاتە ژێر رکێفەوە، هەموویان هەراسان و نارەحەت بوون. لە سەرەتای سەتەی نۆزدەیەمدا چەتەیی و رێگری و چەپاوکاری بووبوو بە کێشەیەکی بەردەوام لە زۆربەی ناوچەیلی کوردستاندا. دەوڵەت دەیویست رێی لێ بگرێ، بەڵام کێبەرکێی نێوان میرەیلی کورد دەرگەی بۆ خێڵەیل واز کردبوو تا بە کەیفی خۆیان ئەم جۆرە کارەیلە بکەن.

لەلایەکی ترەوە، لە ساڵەیلی ١٨٣١ – ١٨٣٢دا برایم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسر، سووریای گرت و کەوتە پێشوەچوون بەرەو ئەنادۆڵ، دەبوایە عوسمانی چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە ناهەموارە بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش دەبوایە سوپای کۆن هەڵوەشێتەوە و میرەیلی دەرەبەگ لەناو بچن، ئەمە

میرنشینەیلی کوردیشی دەگرتەوە.

یەکەمین لەناوبردنی عوسمانی بۆ میرەیلی کورد، لە میر محەمەدی رەواندزەوە دەستی پێ کرد (پاشای کۆر). میر محەمەد ساڵی ١٨١٤ باوکی لا دا و بۆ خۆی چووە شوێنی، پاشان خزم و کەسەیلی خۆی بە مام و ئامۆزاشەوە لا دا و هەلار هەلاری کردن. کەوتە فرەوانکردنی سنووری دەسەڵاتی میرنشینەکەی خۆی، جاری یەکەم لە خێڵەیلی شێروان و برادۆست و سوورچی و خۆشناو و مامەشەوە دەستی پێ کرد. شاری هەریری گرتەوە کە لە کۆندا ناوەندی فەرمانڕانیی سۆران بوو بەڵام پەنجا ساڵ بوو بەدەست بابانەیلەوە بوو. کۆیە و هەولێر و پردێی لە ساڵی ١٨٢٣ و رانیەی لە ١٨٢٤دا گرتەوە. پاش ئەوە بیری گرتنی میرنشینی بادینانی کەوتە سەر، بۆ ئەمەش بیانووی ئەوەی پێ گرتن کە نەیانتوانیوە تۆڵەی کوشتنی سەرکردەیەکی مزووری لە ئێزیدییەل بکەنەوە. هێرشی کردە سەر گوندەیلی ئێزیدیی رۆهەڵاتی مووسڵ و تەفروتوونای کردن، بە هەزاران ژن و منداڵی لێ کوشتن و ئەوانی تریش هەڵاتن بۆ شنگاری رۆئاوای مووسڵ. میر محەمەد ساڵی ١٨٣٣ بادینانی گرت و کۆتای بە دەسەڵاتی میرنشینی وێندەر هێنا. دوای ئەوەی هێرشی برد بەرەو جزیرەی بۆتان کە پایەتەختی بەدرخانەیل بوو، دانیشتووی شارەیل ماردین و نسێبین و حەسنکێفی تۆقاند. عوسمانییەل هێزی تەواویان نەبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی میر محەمەد، بۆیە چاوەڕوانی هەلێک بوون تا سەرکوتینەوەی بۆ بکەن، زۆریش لەوە دەترسان میر محەمەد و برایم پاشای کوڕی محەمەد عەلی لە سووریا دەس تێکەڵ بکەن. ئەگەر ئەمە رووی بدایە بەریان لێ نەدەهاتە گرتن.

ساڵی ١٨٣٤ رەشید محەمەد پاشا کە وەزیرێکی پێشووی عوسمانی بوو، بە خۆی و بە لەشکرێکەوە بەرەو پایەتەختی سۆران لە رەواندزی قایمدا جمی. میر محەمەد گەڕایەوە بۆ رەواندز. سوپای بەغدا و مووسڵیش دایانە پاڵ سوپای عوسمانی و بەرەو رەواندز کشان. وتوێژ کەوتە نێوان میر محەمەد و عوسمانییەلەوە، لەلایەکی تریشەوە قاجار و رووس حەزیان دەکرد یارمەتیی

میر محەمەد بدەن بۆ ئەوەی خۆی نەداتە دەستی عوسمانییەوە، دواجار میر محەمەد بە بەڵێنی عوسمانییەل فریوی خوارد و خۆی بەدەستەوە دا. پێیان گوت دەتبەین بۆ ئەستانبۆڵ و پاشان دەتهێنینەوە بۆ میرایەتیی سۆران لەپێناو پاراستنی سنوورەیلی رۆهەڵاتی عوسمانی لە بەرامبەر قاجارەیلدا، بەڵام درۆیان کرد و میریان لەناو برد، لێرەدا کۆتا بە میرنشینی سۆران هات.

ساڵی ١٨٢٠ بەدرخان بەگ بوو بە میری بۆتان. سەرەتا خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەلدا لا دەدا و نەیدەویست لەگەڵیاندا تووش ببێ. میر بەدرخان پیاوێکی هۆشیار و تێگەیشتوو بوو. بەڵام دۆڕانی سوپای عوسمانی لەبەرامبەر سوپای برایم پاشای میسردا، والاییەکی لە دەسەڵاتی ناوچەکەدا دروست کردبوو، ئەمەش هانی بەدرخان بەگی دا سنووری دەسەڵاتی خۆی فرەوانتر بکا بێ ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانی هەراسان ببێ.

لەلایەکی ترەوە، کێشە کەوتبووە ناو میرایەتیی هەکارییەوە، میر نووروڵڵا بەگ و سلێمانی خزمی شەڕیان بوو لەسەر دەسەڵات. مار شەمعوون لەمەدا لایەنی سلێمانی گرتبوو. مار شەمعوون سەرکردەی ئەو ئاشوورییەلە بوو کە لە ناوچەی تیاریدا دەژیان. ئەم پیاوە جگە لە پایەی ئاینی، لە رووی جڤاکی و سیاسیشەوە لەدوای میر نووروڵڵا بەگەوە دەهات. میر نووروڵڵا بەگ بۆ رووبەڕووبوونەوەی مار شەمعوون داوای یارمەتیی لە بەدرخان بەگ کرد. هەر لەو کاتەدا دووبەرەکی کەوتبووە ناو ئاشوورییەل خۆیان و هۆی ئەمەش بۆ بایەخدانی نێردەیلی مژدەدەر دەگەڕایەوە کە ناوەندی دەسەڵاتی لەناو ئاشوورییەلدا زۆر کردبوو، ئەمەش بووبوو بە مایەی دابڕ دابڕی و ناکۆکی لە ناویاندا.

راستت دەوێ، بایەخدانی نێردەیلی مژدەدەر (البعثات التبشیریة) بە ئاشوورییەل بووبوو بە مایەی نارەحەتی و دڵەڕاوکە لەناو جڤاکی ئیسلامدا، بۆیە بابی عالی چاوی لە هێرش و پەلامارەیلی بەدرخان بەگ پۆشی. دەسەڵاتی عوسمانی حەزی دەکرد لەلایەکەوە ئەم خێڵەیلی ئاشوورییە سەربزێوە سەرکوتینەوەیان بۆ بێتە کردن و لەلایەکی تریشەوە دەیویست

بەدرخـان بەگ لـە كێشـەیەک بئـاڵێ پاشـان لێی دەرنەچێ. ئەوان دەیـانزانی ئەوروپا بـەم كـارەیلـەی بەدرخـان بـەگ هەراس دەبێ، ئەمــەش خـۆی بۆ خـۆی دەبێ بە بیانـگەیەکی بەس بەدەست عوسـمـانییـەوە تا دواتر مـیـر بەدرخـان و میرایەتییەکەی پێ لەناو ببەن.

مـیـر بـەدرخـان سـاڵی ١٨٤٣ بـە سـوپـایەکی "بەپێی سـەرچاوە" ٧٠,٠٠٠ کەسییەوە پەلاماری ئاشـوورییەلی دا و کوشـتیگەیـەکی بۆ نانەوە تاکی نەبێ. ئەوانەی بە زیندوویش دەرچوون وەک کوێلە مـامـەڵەی لەگەڵدا کـردن. پاشـان بای دایەوە سـەر ئاشـوورییـەلی دۆسـتی خـۆی و ئەوانیـشی لە سـاڵی ١٨٤٤دا وێران کرد. وەک پێشـبینـی هاتبووە کردن، بـەریتانیە و فرەنسـە نارەزاییـیـان دەربڕی و ئەمـەش بیانووی دایە دەسـتی عوسمـانی تا پەلاماری بـەدرخان بەگ بدا، بەڵام لەبەرئەوەی بەدرخـان بەگ یەکەتیی خـۆی لەگەڵ مـیرەیلی هـەکاری و مـوکس و وان و بەتلیسـدا بەرفرەوان کـردبوو، هێـرشی یەکەمـی عـوسـمـانی شکا، بەڵام لە هێـرشـی دووەمـدا ١٨٤٦ سـوپای بەدرخـانەیل شکا. ئینجـا مـیـرایـەتیی هەکـاری و بەتلیس بـە کۆتا هـاتن و دوای سـاڵێکیش مـیـرایـەتیی بابان تەواو بوو، کە لەو سەردەمەدا بابانەیل لەوپەڕی لاوازیدا بوون.

نەهێشـتنی مـیـرنشـینـەیلی کوردی، بۆشـاییـەکی لە دەسـەڵاتی ناوەخـۆی کـوردسـتـانـدا هێنـایە گـۆڕێ. دەسـەڵاتی عـوسـمـانی لە توانیـدا نەبـوو ئەو بۆشـاییە پڕ بکاتەوە هەرچەندە هێزی سـوپاییشی هەبوو. پێشـتر بۆ مـاوەی چەندین سـەتە مـیـرنشـینـەیلی کوردی بووبـوون بە مـایەی ڕاگـرتنی تەرازووی هێمنی و تـەبایی لە نێوان خێڵەیل و بنەمـاڵەیلدا، بەڵام ئێسـتە ناکۆکـیی نێوان هێزەیـلی ناوەخۆیی تەنگژەیەکی نایەوە کە دەبوایە چاوگەیەک (مـرجـع) هەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی، ئەم چاوگەیەش تەنیـا شێـخەیلی ئاینی بـوون، شێـخـەیلی تەریقەتی قادری و نەخشبەندی.

سـەرەتای سـەتەی نۆزدەیەم دوو بنەماڵەی شـێخەیلی قـادری لە کوردسـتـاندا بەناوبانگ بوون، یەکەمیـان بنەماڵەی شێخەیلی بەرزنجە لە نێزیکی سلێمانی، ئەوی دووەمـیش بنەمـاڵەی نـەهری لە هەکاری کە خـۆیان دەبردەوە سـەر شـێخ

عەبدولقادری گەیلانی. بە گوێرەی ئسوولی ئەم تەریقەتە، تەنیا ئەوانەی لە بنەماڵەی شێخەیلن دەتوانن شوێنی شێخ بگرنەوە. بەڵام سەرهەڵدانی مەولانا خالیدی نەخشبەندی لە سەرەتای سەتەی نۆزدەیەمدا کێشەی لە نێوان لایەنگرەیلی هەردوو تەریقەتدا نایەوە. نوێخوازییەک لەم تەریقەتە تازەیەدا هەبوو، ئەمەش بوو بەمایەی تەشەنەکردن و پەرەسەندنی. بە پێی ئەم تەریقەتە، مریدەیلی شێخ دەیانتوانی ببن بە شێخ، ئەمەش بواری کارای زیاتر دەڕەخساند بۆ سەر خەڵک لەبەرئەوە ژمارەیەک لە شێخەیلی تەریقەتی قادری هەڵگەڕانەوە و هاتنە سەر ئەم تەریقەتە تازەیە، لە هەموویان گرینگتر شێخ عوبێدوڵای نەهری بوو.

شێخ خالیدی نەخشبەندی بە هۆی ناکۆکیی خۆی لەگەڵ بەرزنجییەلدا، سلێمانیی بەجێ هێشت و چوو بۆ بەغدا. زیاتریش لەبەرئەوەی کە میرەیلی بابان پشتەوانیی بەرزنجییەلیان دەکرد. هەرچەندە مەحموود پاشای بابان ساڵی ١٨٢٠ هەوڵی دا مەولانا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام مەولانا دڵی شکابوو، بە یەکجاری چوو بۆ دیمەشق و لەوێ مایەوە تا مردنی لە ساڵی ١٨٢٧دا. دوای کۆچی دواییی شێخ خالید، سێ بنەماڵەی شێخەیل ڕۆڵی سەرەکییان لە سیاسەتی کوردستاندا گێڕا: نەهری و بارزانی و بەرزنجی.

شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ دەستی پێ کرد. ئەم شۆڕشە وای کرد شێخ عوبێدوڵا وەک یەکەمین سەرکردەی نەتەوەیی لە مێژووی کورددا بێتە ناسین. شۆڕش لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵا لە دژی دەسەڵاتی ئێراندا هەڵگیرسا. بیانووی شۆڕش ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارەیلی ئێران مامەڵەی ناخۆشیان لە ئاست خێڵەیلی کورددا کردبوو، بەڵام ڕاستت دەوێ هۆی ڕاستەکینەی شۆڕش ئەوەبوو وەک شێخی نەهری دەیگوت: "کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆن، چیی تر بەم دۆخە قایل نابن و دەیانەوێ جڵەوی کارباری خۆیان بە دەستی خۆیانەوە بێ".

ڕاپەڕیوەیل، سەرەتا دەستیان بەسەر شاری مەهاباتدا گرت، ئینجا بانە و

سەقز و وارگەی خێڵەیلی مامەش. دوای ئەمە ٢٠,٠٠٠ پیاو لە باشووری گۆلی ورمێوە بەرەو دەرەوەی ناوچەی کوردستان داکشان. هەڵەی گەورەی شێخی نەهری ئەوەبوو جیهادی دژی شیعە ڕاگەیاند. دانیشتووەیلی میاندواو کە شیعە بوون، قاسیدی شێخیان کوشت و ئامادەش نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن. ئیتر پیاوەیلی شێخ کەوتنە کوشتاری سەرلەبەری "قتل عام" و ٢٠٠٠ کەسیان لە پیاو و ژن و منداڵ لەو شارەدا قەلاچۆ کرد ئینجا بەرەو مەراغە هاژوایان.

دوای ئەمە، دوو تابووری تر لە ناوچەی ژێر دەستی عوسمانییەوە هاتنە ناو ئێران، یەکیان بە سەرکردایەتیی محەمەد سادقی کوڕە گەورەی شێخ و ئەوی تر بە سەرکردایەتیی سەعیدی خەلیفەی شێخ. شێخ عوبێدوڵا ڕای گەیاند کەوا دەیەوێ میرنشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، بۆ ئەمەش داوای یارمەتیی لە وڵاتەیلی ئەورووپا کرد. شێخ بۆ ئەم بزاوەی خۆی بیانووی ئەوەی دەهێنایەوە کە دەسەڵاتی ئێران ناتوانێ یان نایەوێ سنوورێک بۆ ئەو تاڵان و بڕۆیە دابنێ کە خێڵەیلی هەرکی و شکاک لە ناوچەی خێڵەیلی لایەنگری ویدا دەیکەن.

دوای چەند مانگێک هێزی شێخ عەبدولقادر لە ٢٠,٠٠٠ پیاوەوە مایەوە سەر تەنیا ١٥٠٠ پیاو، لەبەرئەوەی پیاوەیلی خێڵەیل بە خۆیان و تاڵانییەوە گەڕابوونەوە گوندەیلی خۆیان. شێخ عوبێدوڵا و محەمەد ساقی کوڕی بە ٦٠٠٠ کەسەوە دەوری ورمێیان گرت بەڵام ورمێ بەرگرییەکی وای نواند ورەی هێرشکارەیلی شکاند. لەو کاتەدا ١٢٠٠٠ ئێرانی لە ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتەوە بۆ هاریکاریی ورمێ هاتن و لە ڕێگەدا دانیشتووەیلی غەیرە شیعەیان بێ بەزەییانە کوشت. سوپای شێخ شکا و زۆریان هاتنە کوشتن. شێخ خۆیشی بەدیل هاتە گرتن و لەژێر پاڵەپەستۆی دیپلۆماسیی ئەورووپادا بۆ ئەستەنبۆڵ هاتە ڕەهەندە کردن. پاشان بەرەو مەکە و تا ساڵی ١٨٨٣ لەوێ سەری نایەوە.

ئەو شەڕەیلە ورمێیان بە جارێک شەپەرزە کرد. کردەوەی نابەجێ زۆر ڕووی دا. بەڵام بە ڕاستی پڕۆژەی شێخ عوبێدوڵا پڕۆژەی دانانی نیشتمانێکی نەتەوەیی بوو، کە ناوچەی کوردنشینی هەردوو بەری فارس و تورکیای

دەگرتەوە. بەڵام ئاخۆ هۆی چی بوو سەرەڕای بانگەوازەیلی یەک لەدوای یەکی شێخ عوبێدولا، ئەوروپاییەل گوێیان پێی نەدا و پشتیوانییان لە کێشەی کورد نەکرد؟ رەنگە هۆیەکە ئەوە بووبێ کە شێخ دژی ئەوە بوو ئەرمەن دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێ لە ناوچەی "وان"دا کە ئەوروپە پشتیوانیی ئەمەی دەکرد. شێخ لەم پرسەدا لایەنگری عوسمانی بوو لە دژایەتیکردنی داخوازی ئەرمەندا.

ساڵی ١٨٩١ سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتە دامەزراندنی کۆمەڵە تیپێکی سوپاییی نانیزامی کە ناویان سوارەی حەمیدی بوو. تیپەیلی سوارەی حەمیدی زیاتریان لە خێڵەیلی کورد پێک هاتبوون. سەرۆکی ئەم تیپەیلە زۆربەیان سەرۆک خێڵەیلی کورد بوون، سوودێکی زۆریان پێ دەگەیشت و پلە و پایە و پارە، بۆیان لە مشە بوو. ئەو خێڵەیلەی دەچوونە ناو ئەم پێکهاتەیەوە لە سەربازیی بە خورتی (ئیجباری) دەهاتنە بوورین. هەرچەندە ئامانجی رواڵەتی لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدیدا برێتی بوو لە دابینکردنی شوورەیەکی بەرگری لە هەمبەر هەڕەشەی رووس بۆ سەر دەسەڵاتی عوسمانیدا، بەڵام ئەم تیپەیلە لە ئەنجامدا بۆ ئازاردانی ئەرمەنەیل بەکار هاتن. سەرۆکی تیپەیلی حەمیدی هەموو لە هەموو بوون و شوێنی بەڕێوەبەرەیلی دەزگایەلی دەوڵەتیشیان گرتبووەوە. دەستیشیان کراوە بوو لە هەر شتێکدا دژی ئەرمەنەیل بیکەن.

بەڵام لە رووداوێکدا لە ساڵی ١٨٩٢ ئاگرەکە تەنییەوە و ئەرمەنەیل ژمارەیەک کوردیان کوشت، ئیتر دوای ئەمە و لە ساڵەیلی دواتردا چەندین هەزار ئەرمەنی بێ دەسەڵات بە دەستی سوپای تورک و پیاوەیلی حەمیدییەوە هاتنە کوشتن. لە ئەستەنبوڵ، تەرابزۆن، ئەرزەنجان، بەتلیس، ئەرزەڕۆم، دیاربەکر، عەرەبگیر، مەلاتیە، سیواس، قەیسەری، خەرپووت و ئۆرفە کوشتاری گەورە بۆ ئەرمەن روویان دا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بە ڕاستی سوارەی حەمیدی بۆ کوشتاری ئەرمەن هاتبوونە پێکهێنان؟ ئەوەی راستی بێ رەنگە ئەم پێکهاتە نانیزامییە سەرەتا بۆ ئەوە بووبێ خێڵەیلی کورد لە ساتی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ رووسیەدا، بکەونە خزمەتی

عوسمانییەوە و هۆیەکی تریش ئەوە بووبێ، ڕێ لە رووس بگرنەوە لەوەی ئەم خێڵەیلی کوردە بەلای خۆیاندا رابکێشن. ئەوەی ئاشکرایە، دەوڵەتی رووسیە زۆرجار سەرکردەیلی کوردی لە جۆری بەدرخان بەگ و ئەوانی تر، یان سەرۆک خێڵەیلی کوردی سەر سنووری دەلاواندەوە بۆ ئەوەی لە دژی عوسمانیدا راست ببنەوە. عوسمانیش زۆر وریا بوون و لەم هەوڵەیلە دەترسان. تۆ بڕوانە کورد و دەردی خێڵایەتی کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

بیرۆکەی سوارەی حەمیدی لە بنەڕەتدا زۆر خراپ نەبوو، مەبەست لێی ئەوەبوو لەم ڕێیەوە خێڵەیلی کورد باشتر بێنە ژێر سایەی دەوڵەتەوە، دەستەمۆ بن و سنووری رۆهەلاتیش بەوان پاس ببێ. بەلام ئەو خێڵەیلە هیچ رۆژێک لە رۆژان دەستەمۆ نەبوون. ئەم بارودۆخە نیشانەی لاوازیی عوسمانی بوو، جڵەو بۆ ئەم خێڵەیلە هاتبووە شلکردن تا تالان و کوشتار بە ئارەزووی خۆیان بکەن. ئێش و ئازاری دەستی پیاوەیلی سوارەی حەمیدی تەنیا ئەرمەنیشی نەدەگرتەوە، بگرە کورد خۆشیان و تورکیشی دەگرتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم تیپەیلە لە کاتی شەڕ لە بەرامبەر سوپای رووسدا هیچ ئازایەتییەکیان نەنواند و زۆر زوو بلاوەبوون. سوارەی حەمیدی تا ساڵەیلی شەڕی یەکەمیش مانەوە هەرچەندە دوای ١٩٠٨ واتە دوای نەمانی سوڵتان عەبدولحەمید ناوەکەیان هاتە گۆڕین.

ئەمە باری خێڵەیلی کورد بوو لەو سەردەمەدا، بەلام رۆشنبیرەیلی کورد لە ئەستەنبوڵ و شارەیلی تردا کەوتنە ناو ریزی بزووتنەوەیەکی تازە سەرهەڵداوەوە دژ بە خەلیفایەتیی عوسمانی. ساڵی ١٨٨٩ چوار قوتابی لە کۆلێجی پزیشکیی سەربازی ڕێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی (ئیتیحاد و تەرەقی) دامەزراند کە دوو لەم چوار قوتابییە کورد بوون: عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی. کوڕەیلی بنەماڵەی بەناوبانگی کوردستانیش لەو سەردەمەدا بە تایبەتی نەهری و بەدرخانی، لەناو ئەو بزووتنەوەیلەدا رۆڵیان بینی. شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدولا چووە ریزی هەمان ئەو ڕێکخراوەوە و پاشان هاتە گرتن. مەدحەتی کوڕی بەدرخان بەگیش دوای

هەندێک جموجوڵ و بزووتنەوە لە ناوچەی بۆتان هاتە گرتن. مەدحەت بەگ دوای ئازادبوونی، رووی کردە میسر و لەوێ لە قاهیرە ساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، کە بە یەکەمین رۆژنامەی کوری دێتە ژمار لە مێژوودا. رۆشنبیرەیلی کورد لە ئەستەنبوڵ رێکخراوێکی کوردییان بە ناوی تەعالی و تەرەقییەوە دامەزراند کە ئەمین عەلی بەدرخانی کوڕی میر بەدرخان بەگ و شێخ عەبدولقادری نەهری و جەنەراڵ محەمەد شەریف پاشای خەندانی خەڵکی سلێمانی لە دامەزرێنەیلی ئەم کۆمەڵەیە بوون.

شێخەیلی بارزان لە کوردستانی باشووردا بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولسەلامی بارزان کەوتنە لڤین و بزووتنەوە دژی عوسمانی. لە ساڵی ١٩٠٨ بە دواوە زنجیرەیەک هێرش و پێکدادان لە نێوان بارزانییەل و حکوومەتی عوسمانیدا رووی دا. لە رواڵەتدا بیانووی حکوومەت ئەوەبوو ملیان پێ کەچ بکات بۆ باج و سەربازیی بە خورتی، بەڵام دواتر لە داخوازییەلی شێخ عەبدولسەلامدا دەرکەوت ئەم پیاوە تەنیا سەرکردەیەکی چیایی نییە بگرە لەگەڵ رۆشنبیرەیلی ئەستەنبۆڵدا مینای شێخ عەبدولقادر و عەبدوڕەزاق بەدرخان سەری پێوەندی هەیە. سەرەتای ساڵی ١٩١٤ عوسمانییەل لە مووسڵەوە هێرشیان بردە سەر ناوچەی بارزان، شێخ عەبدولسەلام شکا، ناچار بوو بڕواتە ناوچەی ورمێ و دەیەویست لەوێ چاوی بە سمکۆی شکاک بکەوێ، بەڵام پیاوەیلی شکاک بۆسەیان بۆ شێخ نایەوە و گرتیان و دایانەوە دەستی عوسمانی. لە کۆتای ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام بە فەرمانی سلێمان نەزیف لە مووسڵ هاتە لەداردان، کە ئەوەی دووەمیش هەر کورد بوو.

***

تێبینی: ئەم نووسە نووسێکی مێژوونووسانە نییە. زۆرجار بینیومە لاوەیل و تەنانەت رۆشنبیرەیلی نوێش کێشەیان لە ناسینی مێژووی کورد و کوردستاندا هەیە. کتێبێک لەبەردەستدا نییە حەزی ئەو لاوەیل و رۆشنبیرەیلە تێر بکات. هاوەڵێک داوای کرد نووسێکی وا ساز بکەم جێی خوێندنەوەی دەیان کتێبی بۆ

بگرێتـەوە. بـۆیم کـرد، پاشــان گـوتم بـا لاوەیلی تریش لێی ســوودمــەند بـن. ئەم نووسـە لەم ســەرچاوەیلەی خـوارەوە هـاتـووەتە سـازدان، چیم لە کـوێ وەرگـرتووە نایەتەوە بیرم. ئەمـە پێش شـەش سـاڵ بوو کە ئەم سەرچاوەیلەی خـوارەوەم بەکار هێنا. داوای بووردن دەکەم یەکێک گلەییی لێم هەبێ. کارەکە ڕۆژنامەنووسانەیە.

بزاو ژ: ٧٢، تشرین (١) ١٩، ٢٠١١

بزاو ژ: ٧٤، تشرین (٢) ٢، ٢٠١١

بزاو ژ: ٧٥، تشرین (٢) ١٦، ٢٠١١

بزاو ژ: ٧٦، تشرين (٢) ٢٣، ٢٠١١

سەرچاوەیلی ئەم نوویسە:

* تأريخ الأكـراد الحـديث. ديڤـيد مكدول. * ظـهـور الكرد فـي التـأريخ. د. جـمـال رشيد. * المستضـعفون الكرد وإخوانهم المسلمون. جمال نبز. * الأمير الكردي مير محمد الرواندوزي. جمال نبز. * الكرد. باسيل نيكيتين. * جنوب كردسـتان. هنري فيلد. * تأريخ إمارة سوران. حسين حزني مكرياني. * الأكراد أحفاد الميديين. ڤ. مـينورسكي. * شـەرەفنامـە. مـیر شـەرەفخـانی بەتلیـسی. * مـێژووی کـورد لە سـەتەی ١٦هـەمدا. د. شـەمسی مـحەمـەد ئەسکەندەر. * گەشـتەکەی زینۆفۆن. * خـولاصـەیەکی تاریخـی کورد و کـوردسـتـان. مـحەمـەدئەمین زەکی بەگ. * الإمـارة البـابانيـة. حـسين ناظم بگ. * نناشـد صـلاح الدين أم نحـاسب أنفسنا. حـوار مع الدكتور محسن محمد حسين.

## زامداری ماڵ ئاوا ماڵی ئاوا

بزاو ژ: ٧٣، تشرینی یەکەم ٢٦، ٢٠١١

بە درەنگی درەنگەوە لەگەڵ مەحـموود زامـداردا بووین بە هـاوەڵ و هـاودەمی ڕۆژانە، ئەوە سـاڵی ١٩٩٤ بوو کە حەوتووانەی "گوڵان"مان دەردەکرد. ئەو دەمە توانی ڕۆژنامـەنووسـییانەی وی و توانی بەرگـەی مـاندووەتیـگرتن و پەرۆشـیی ویم "بێگومـان زۆربەی لە قـاڵبی گەپئـامـێزیدا" بـۆ دەرکەوت. تووڕە دەبوو کـە لە

جێی "محرر" له پێناسینی ئەودا دەمنووسی "نووسەرەوە"، دەیگوت تۆ له دایک نەبووبووی من نووسەر بووم ئێستە دەمکەی بە نووسەرەوە؟ بەڕاستیش زامدار نووسەرەوەی هەموو ئەو بابەتەیله بوو کە ڕۆژنامەنووسەیلی ئەو دەمەی حەوتووانەی گوڵان دەیانهێنایەوە بۆ بڵاوکردنەوە، زوانیان نەساز بوو ئەو لاوەیله، دەبوو یەکێک بۆیان ڕاست بکاتەوە. زوانی دەوڵەمەند و ڕەوان و وەک ئاوی کانی روونی مەحموود زامدار، یەکێک بووە لەو شتەیلەی له منداڵییەوە منیان کردبوو بە ئەوینداری کوردی.

پێش ئەوەی زامدار ببێ بە هاوکاری ڕۆژانەی من، بە نێزیکەی بیست ساڵ من بووبووم بە هۆگری وی. بابەتێکی زامدار بە سەردێری "یاد و ئاوات و دەردە کورد" ساڵی ١٩٧٢ لە کۆواری نووسەری کورددا بڵاو بووبووەوە، ڕەنگە دوو سێ ساڵ دوای ئەو مێژووە من هەلم بۆ هەڵکەوتبێ دەستم بکەوێ بیخوێنمەوە. واتە تا ئەمڕۆ دەکاتە نێزیکەی ٣٥ ساڵ. ئەو بابەتە دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو کەمە بابەتەیلەی سەرەتا منیان ڕاکێشایە ناو دنیای خوێندنەوەوە. زامدار جگە لە کوردییە ڕەوانەکەی خۆی لەو وتارەدا، شتێکی تری ورووژاندبوو لەلای مندا، ئەویش ئەوەبوو کە دەبێ نووسین نێزیک بێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان.

لەو یاد و ئاوات و دەردە کوردەدا، چەند رستەیەک وەک زەنگوڵەی پێش کاروان، بەردەوام سی و پێنج ساڵ زیاترە لە گوێمدا زایەڵە دەدەنەوە، زامدار دەڵێ: "کاتێ چاوم هەڵکڵۆفی، خۆمم ناسی، برا و باوک و خوشکمم ناسی، کۆڵان و قارنجاغەم دی، شارە خنجیلەکەمانم ناسی، شەمووله و کەسکوسۆر و منارەی چۆلی و سەلیم قاقا و غازی و حەمە شێت و دەورێش عەلی و کسۆک و یاهووم ناسی، مامە گیو و هەتاو و قاوەخانەی عەبۆ و حاجی مستیلم ناسی. کوردستان گەڕام، سەرتاپای پێوام، هیچ جوانییەکم تێدا نەدی، غەیری کوێرەوەری و مەلای چاو بە کل و شێخی لوقمە باتمانی و زەرگ و شیر و دەف و تەپڵ و مەتاڵ و ئاڵای تەکیە." وێڕای دەیان دیمەنی تر لەو نووسەدا.

ئەوەی زامدار کێشـابووی، بۆ هەسـتی رواڵانە و مێرمنداڵانەی ئەو کاتەی من، لە جلەکـانم و قـەڵەم و کـتـێـبی قـوتابخـانە زیاتر لێـمـەوە نـێـزیک بوون. لەوانەیە چەندان جـار لە سـاڵەیلی دواتردا ئەو دیمەنـەیلە هاتبنـەوە ناو هزر و هەستم. لە داهاتوودا، پێدا پێدا کوردم باشتر ناسی و دەردی کوردم زیاتر بۆ روون بووەوە. زامـدار زامـداری ئەو دەردەبوو کـە خـۆی ناوی لـێ نابوو "دەردە کورد". ئەو دەردەی ناهـێڵێ هەدا بدەی و ئۆقرە بگری، یان وەک زامدار دەڵێ "تۆتکە بگری". کوردسـتـان جێگرەوەی نـیـیـە و بووە بە بارێکی گران لەسـەر مـلان، کـوردەواری گیـرۆدەی هەزاران دەردە و تۆش نـەدەتوانی چارەسـەریان بکەی نەدەشتوانی بەرەوڕوویان ببیەوە، بێگومـان ناشتوانی لەگەڵیاندا رابێی، ئیتر بۆ خۆت هەر بەو دەردەوە دەتلێیەوە تا رۆژێک بەجێیان دەهـێڵی بۆ دوای خۆت وەک چۆن مەحموود زامدار کردی.

ئەو شـتەی تێی نەگەیشتم ئـەو کوردییـە رەوانەی زامدار بوو، بە داخـەوە هیچ جـارێکیش لێیـم نەپرسی. دەبوو لێی بپـرسم ئەرێ منداڵێکی شـاری چۆن ئەم کوردییە پاراوە دەزانێ؟ تۆ هەر دەڵێی لادێییەکی لای گەرمیان یان شارەزووری، یان بناری کۆیە یان کەندیناوەی. من خـۆم چاوم لە گوندێکدا بە ژیان هەڵهێنا دانیشتووەکەی دەوڵەمەندترین و رەسەنترین کوردی دەدوان، تا مابم دایکم وەک کـوردیزانی یەکـەم لەگەڵمـدا دەژی و وەک فـەرهـەنگ و سـەرچاوە بەردەوام بۆی دەگەڕێمـەوە، دەبێ ژیگە و دایکی زامـداریش لەو جۆرەی من بووبـێ یان ئەوەتا خـۆی ئاشـقێکی گەورەی زمـانی کوردی بووە. دەبوو بپرسم ئەرێ زامدار تۆ لە کۆڵانێکی هەولێر و لە ژیگەیەکی شارییانەی نیوە کوردی نیوە تورکمـانیدا لە دایک بووی، نـابێ خـاوەن ئـەوە زووانە رەسـەنە بی، دیارە ئەوە خـۆتی لە زووی زۆر زووەوە بووی بـە شــەیدا و وێڵـی کــوردی و دەردی کــورد و کــارەســاتی کوردستان. ئەوە خۆتی هەم قوتابی و هەم مامۆستای زوانی کوردی.

مــاڵئـاوا زامــداری هەست پڕ لـە برین و زام، چاو لێک بـنێ بۆ خــۆت و بحەسێوە، پێیـەلی ماندووت درێژ بکەوە. دڵنیـابە هەمـوو کوردسـتـان خـۆشی دەوێی، هەولێر تا مـاوە رەنگ و بۆنی تـۆ بەرنادا. هەر و هەر و هەر لە بیرمـان

دەمێنی. تا کوێرەوەری و دەردی کورد مابن کە بێگومان وەک خۆت دەڵێی تا "مەلای چاو بە کل و شێخی لوقمە باتمانی" مابن کە هەر دەمێنن، تۆ لە یادەیلی ئەم شارە و سەرتاسەری ئەم وڵاتەدای. ئەمەش هەندێک لەو نامەیلەی بۆ منت ناردبوون، کە پڕن لە خۆشەویستی و جوێن، جوێنەیلت بۆ من زۆرن بەڵام ئەوانیش هەر خۆشەویستی و هەستی هاوەڵی و هاودەمی و هاودەردین. ببوورە تۆ نووسەرەوە نەبووی، تۆ نووسەرێکی دەگمەن بووی، کورد تا ماوەیەک جێی تۆی پێ پڕ نابێتەوە.

***

کاکە بەدران: سڵاو و رێز و خۆشەویستی و قەوچە ماچێک

نامە پڕ سۆز و شیرینەکەتم خوێندەوە، هەر زۆر دڵم پێ کرایەوە و دوو تنۆکە فرمێسکی یادی ڕۆژانی هاوکورتانی و هاوئالیکی و هاومێخزنجیریم بۆ هەڵڕشت. بەڵام لە ئەنجامدا جۆتکەیەکی کوشندەت لە راستە پەراسووم دابوو، بەو واتا زەڕینەی کە گوایە من لە "دەسەڵاتداران" دەترسێم. نە کاکی برا نە، بە پانیلەی هەر هەموو جاشک و کەرە بەرەڵڵاکانی ئەم کەرستانە پڕ لە قەرسیلە، ئەو خەسڵەتە کەرانەیە زۆر لە من دوورە و ئەوەی منیشی باش ناسیبێ، ئەوا دەزانێ ژیانی من، بە زۆری هەڵشاخان و بەرەنگاربوونی کەرە لێپرسراوی زل زل و کەرە دەسەڵاتداری پاشکۆدار بووە و زۆر لەقەشم بەر کەوتووە و ئازارم بە دەستیانەوە کێشاوە. بەڵام لە چایەری کەرستانێکی ئاوا و لە کەربازاڕییەکی پڕ لە ناڵ و بزماردا، هیچ شوورەیی نییە و کەسیش کورتانی لار نابێ گەر بێو خۆی لە جووتەی ناگەهانی زەمانە بپارێزێ، نەخاسمە کە شیرازەی هەر هەموو بەهایەکی بەرزی مرۆڤانە تێک چووبێ. خۆ تا ئێستاش کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتووم و هەر هەموو لایەکیش من بە بابایەکی بێ گێچەڵ دەزانن و جگە لە زەرەری خۆم، زەرەری کەسم نییە، بەڵام گەر جووتەم لێ نەدرێ من بە ڕووی کەسدا نازەڕم، کە زەڕاندیشم هەر چوار ئیقلیمی کوردستان گوێیان لەو زەڕاندنە دەبێ. بۆیەکە هەر لێرەوە جۆتکەیەکی کوشندە بۆ چەپە پەراسووت دەهاوێژم، تا جارێکی تر ئەوەندە بە کەرە لۆقە، لەقەم لێ نەدەی و

ئەوەندەش بە لەشـمولوشـمـەوە لە کـەرڕەو و پرۆکـەرامی کۆمـیـدیـای کـەرایـەتی دەرنەچیت و پابەند و زیت و کلک لە مست بیت.

کـاکی بـرا: نازانم ئێـوە بۆ بـاسی بێ وەفـایی و کـەرتەرخـەمـیی خـۆتان لە بەرامبەر کـەرە فیداکارێکی گێلۆکەی وەک من ناکەن، کەچی بـە حـەق و ناحـەق دەرحـەقـم دەزەڕن و جـووتەم بۆ رەوانە دەکـەن، نەک ئالیکەجۆ و شـتی تر. ئێ کورە خـواتان هـەبێ خـوا، خـۆ ئەم دنیا حـیزە شـەوەک و رۆژەک نـییـە. خـۆ تا ئاخــریش بەری ئـەم دنیــا بـە فــیت و دەورە هــەر کــەر نایخــوا. هـای کــەرە حەیاتەکە، بە هەمە حاڵ.

براگیـان: ئێستـا وام لە کونجی قـەناعـەتێکی کـەرانە و زۆر کـەرانەش لەنێو ئەم ژیانـە کـەرڕەگـەدا دەژیم و تووشـی دوو نەخـۆشـیی (جـدەو و سلەزەردە)ی کـــەرانـەش هـاتووم: جـــومگـەی مـل ڕەق هـەڵگـەڕان و زەخـــتـی خـــوێن، کـــە گەیشتووەتە (١٩ لەسەر ١١) ئەمـیش لەگەڵ ئەوەکەی تر هـەر لای ئێوە تووشـی هـاتم، کـەچی ئـێسـتـا لـە ئەنجـامی دڵـتـەنگی و دەسکورتی و خـەمـەکـەرانەی رۆژانەی خۆم و جاشکۆڵەکانم ئاوا هەڵبـەز و دابەزم پێ دەکا و زمانی حاڵیشم لەگەڵ بێبەشی برامدا دەڵێ:

پیاو کە پیر بوو، بەختی دەیبەستێ

لە جیاتی کێری زەختی هەڵدەستێ

دەک هـەزار لەعنەت لەم زەمـانە نـەگریسـە، کە گـای تێدا دەچێتـە نێو قـوزی مـاکـەرەوە و مرۆڤی شـەیدا و ڕەند و دڵسـۆزی تێدا لە کیس دەدرێ و هـەناسـە سارد، کەچی جڵەوکێش و کورتان هەڵگری تێدا دەبێ بە بەرزەکی بانان.

کاک بەدران: بۆ (دەردە کورد)ەکەم ئێستـا پاکنووسی دەکەمـەوە، بە ڕاستی دوکـتـۆر خـەزنەدار بە بـاڵابڕینێکی زۆر جـوان و بە نرخـی بۆ نووسـیـوە. من ئامـــادەم بـە تایبـــەتی چـونکە پـڕۆژەکـــە کـــۆنە و هـــی پارە، جــارێکی تـر ئەو کـەرایـەتیـیـە دووبارە بکەمـەوە و بیدەم بە ئێوە تا هـەر هیچ نەبێ بـۆمی تەنزید بکەن، بەڵام بـە مـەرجـێک شـەرت و شـرووت و مرووتم بەسـەرا فـەرز نـەکـەن و

سمی خۆتانی لێ نەدەن، چونکە چ من بەرگەی ئەو جۆرە سمانە ناگرم، جگە لەوەش ئەمە دەقی جیهانێکی سەراسیمە و بەرفراوانی ئەدەبە، نەک جیهانی بەرتەسکی سیاسی، من هەر خۆیشم حەزم لە سیاسەت و میاسەت نییە و ناشمەوێ شوێن سمی هیچ کەس بە ناوچەوانی ئەدەبەکەمەوە بنووسێ. جا نازانم ئەمەیان پەسەند دەفەرموون یان نافەرموون، گەر فەرمووتان ئەوا من مەمنوون، گەر نەشتانفەرموو، ئەوا بۆ نێو توونی بابا و ئاوی ئاموون و با ئەم زەرینە حەزارییەشم وەک ئەوەکانی ترم هەر بنالێنی و ببێتە خۆراکی بە تامی مشکە کوێرەکان.

سڵاوی گەرمی پڕ زەڕینم بۆ هەموو کارمەندانی هاوجووتە هاوکورتانە ڕوح سووکەکان.

هەر شاد بن. براتان: م. زامدار

***

برای ئازیز: کاک بەدران، سڵاوێکی کەرانە

کاکە: پڕۆژەی "حوزنی" پڕۆژەی دەزگایە و بە ڕاستی توانایەکی گەورەی گەرەکە. تاکو بە تەواوی بزەڕێ و قوونانی دەوێ ئەو کووزرە بکوتێ. هەر بۆ نموونە تەنیا دوو کتێبی "ناودارانی کورد" و "ئاترۆپاتین" کە ئێستا لەسەر کورتانم بار کراوە ٦٨٢ لاپەڕەیە و هەر لاپەڕەیەکیش ١٠-٢٠ هەڵەی چاپی تێدایە و ڕێنووسەکەیشی زۆر شڕ و شەپڕێوە و مادەکەشی زۆر وشک و برنگە دوورە لە کەش و هەوای شاعیرانە و کەرانە و ڕۆمانتیکییانە، ڕستە و زاراوە و دەستەواژەکانیش زۆر ڕەق و تەق و زەق و پەقن. دەشبێ زۆر بە وردی و بە ئەمانەتەوە بنووسرێنەوە. جا ئەگەر هەموو پڕۆژە من بیکەم -کە دەیکەم- پێم وایە دەگاتە پتر لە ٥ هەزار لاپەڕە، کە بە ڕاستی ئەرکە و کەرم دەوێ لەبەر ئەو بارە خۆی ڕاگرێ و نقە نەکا. بۆیە قەبڵاندنی مادی و هەر لای خۆتە، چونکە بە ڕاستی شەکەتم دەکا، ئەمما شەکەت. پێویستیشم بەم شتانە هەیە:

١- کارەکە لە نێوان ٥-٦ مانگ دەبێ، تا بە وردی بیکەم و پەلە نەکەم و

خۆشم جارجاره نەختێ بحەسێمەوە. ٢- دوو چاویلکەم پێویستە چونکە چاویلکەکانم لە زەرپین کەوتوون. ٣- دەستەیەک قەڵەمی سۆفت و چەند دەفتەر.

لەگەڵ نوازشت و زەرپین. زامداری براتان

***

برای ئازیز کاک بەدران: زەرپینێکی گەرم

لە بۆ فیستیڤاڵی گەلاوێژ دەعوەت کرابووم، ڕۆژی خەڵات بەخشین چەند کەس و لایەنێک خەڵات کران، لەوانەش دەزگای ئاراس و بەندە بەم کورتانە ڕێزمان لێ گیرا و دایانە من تا بیگەیەنمە لات. تەواو.

ئەرێ برا نازانم لەسەر گفتەکەی خۆت ماوی؟ خۆ گەر نا هێشتا تاقەتی لوشکە و جووتکە و زرمەزلە و زەرپینم ماوە - خوا نەیبڕێ.

لەگەڵ چەپکێک ماچ. زامداری برات

* تێبینی: زامدار مێژووی لەسەر ئەو نامەیلە دانەناوە. وەک بە بیرم دێتەوە نامەی یەکەم ساڵی ١٩٩٥ و دووەم ٢٠٠٠ و سێیەم ٢٠٠٢ بوو.

## هەڵست و بەرهەڵست

لێرەدا "هەڵست"م بۆ دەسەلات و "بەرهەڵست"م بۆ ئۆپۆزسیۆن بەکار هێنا. بەرهەڵستی کوردستان لە سێ لایەن دروست بووە، گۆڕان گرینگترینە لە ناویاندا. گۆڕان بزاوێکی چەپە لە یەکێتی جیابووەتەوە. وەک بەشێک لە بزاوی چەکداریی کوردی، گۆڕان بنکەیەکی هەیە زیاتر بۆ کۆمەڵانی لادێیی و داوەشاو لە رووی ئابوورییەوەی جڤاکی کوردەواری دەچێتەوە، کە ئەو توێک و چینەیلە بنکەی شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکداریی کوردستان بوون لە ڕابردوودا. شتێکی ئاساییە ئەو بنکە جەماوەرییەی گۆڕان پەنا بۆ توندتیژی ببا لە کاتی تەنگژە وەک چۆن مانگی شوباتی رابردوو لە بەردەم لقی چواری پارتیدا لە

سلێـمـانی پـەنای بۆ برد. کـۆمـەڵی ئیـسـلامـیش بـزاوێکی لامل و بنـاوانرۆی ئـاینیـــیـــە، ئـەویش هـەر زیـاتـر لەنـاو چینـەیلی ژێرەوەدا روواوە و پـەلوپۆی هـاوێشـتـووە. چینـەیلی ژێرەوەی جـڤـاک بە هـۆی باری ئابووریی خـراوییانەوە دەشێ لە بەکـارهێنانی توندتیـژیدا سڵ نەکـەنەوە ئەگەر هـەل هـاتە پێشـیـان. ئەوەی جیـایە یەککگرتووی ئیـسـلامـیـیـە، ئەو لەو دووەی تر هێـورترە، بنکەی یەککگرتوو چینەیلی وردە بـورجوازی و بورجـوازییە، ئەم چینەیلە شـارسـتـانن و بەرژەوەندیان لـە ژیانی تەسـەل و شـێنەییدایە، لەبـەرئەوە مـام سـەلامـەتۆکـەن. شڵـەژان و شـێوانی بـاری گشـتی، مـاڵیـان وێران دەکا. یەکـەمین جـاریشـە ئەو چینەیلە شارییە بەو هەراوییە لە کوردستاندا بێنە ناو گەمەی سیاسەتەوە.

یەککگرتوو نەک هـەر لە هـەڵسوکەوتدا هێـورترە لەو دووەی پێشـوو، بگرە وەک لکی کوردی لـە بزاوی ئیـخـوانی مـوسلیـمین، کـە ئـیـخـوان نـەرمـتـرین بزاوێکی سیاسییە لە جڤاکی عەرەبیدا سەری هەڵدابێ لە دوای شەڕی یەکەمی دنیاوە، نەریتێکی تازەی داهێنا لە مێژووی حزبی کوردی، ئەویش ئەوەیە کە حزب بە هیچ جۆر چەکی نەبێ. بە گشتی، ئیخوان بۆی لوا مۆدەیەکی سەردەمییانە لە بزاوی سـیـاسـیی ئـاینیـدا پێـشکێش بکا، کـە هـەم پەسند بێ بۆ جـڤـاکی شـارییـانـەی تازە ســەرهـەڵداوی ئـیــســلام و هـەمــیش دنیــای دەرەکی لێی نەسڵـەمێتـەوە. ئەم پێناسـەیە ئیـخوانی میـسـر و لکەیلی ئیـخوانی لە دنیـا بە گشـتی گرتەوە. تا ئەم دواییـیـە کـە خـەریکە گۆڕان دێنە بەدیکردن لە خـوو و هـەروەهـا لـە وتـاری سـیـاسـیی ئەو بزاوەدا لە قـاهیـرەوە تا دەگات بە هەولێر. ئەوەی لەم سـاڵەیلەی پاشـیدا دێتـە دیتن ئەوەیە، ئەوانە وردە وردە لە کـردەوە و لە ئاخاوتندا، لـە نەرمڕۆییـیـەوە بەرەو توندە تەبیاتی وەردەسـوورێن و پێناسـەی خۆیان دەگۆڕن.

ئەم گۆڕانە لە تەبیـاتی ئیـخـوان بە گشـتی، بەوەی لـەمـەڕ خـۆشـمـانەوە "کـە یەککگرتـووە"، بە بۆچوونی من دەگـەڕێتـەوە بە پلەی یەکـەم بۆ رووداوی یازدەی سێـپـتێـمـبـەری سـاڵی ٢٠٠١ لە ئەمـەریکا. لە دوای ئەو رووداوەوە ئیـسـلامـی سـیـاسـی نەمـا توندتیـژ نەبێ، ئیـسـلامـی سـیـاسـی نەمـا پێ بە پێ بەرەو

سیاسەتی ئەلقاعیدە خواری نەکاتەوە. نەمانبینی سەرکۆنەی گەورەترین و دڕندانەترین کاری تیرۆری بکەن لە عێراق، کە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە بووە بە وڵاتی ترس و تیرۆر و تۆقاندنی ئیسلامییانە.

هاندەرێکی تر بۆ ئەو خوارکردنەوەیە، ململانەی هەڵبژاردنە لە جڤاکێکدا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی هەژار و رەشوڕووتی دەست لەدنیا کێشاوەی بێ هیوان. یەکگرتووی خۆمان ساڵەیلێکە لە ڕێی وتاری مزگەوتەوە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکا کە ئەم وتارە دوو کێشەی زۆر گەورەی تێدایە، یەکیان ئەوەیە لە روانگەی سەردەمییانەوە نییە، دوو، وتارێکە رووی دەمی لە سادەترین و بێ هیواترین خەڵکە. مەلای سیاسیی سەر بە یەکگرتوو لە زووەوە "هەر لە دوای راپەڕینەوە" کوردستانیان بەرەو هەڵدێر بردووە لە ڕێی وتارێکەوە کە بایی سەری دەرزی بەرپرسیارەتیی نیشتمانیی تێدا نەبووە و نییە. یەکگرتوو بەم کارە نەک هەر پێناسەی دێرین و رەسەنی خۆی لە دەست داوە کە دەبێ رووی ئاخاوتنی لە خەڵکی وردە بورجوازی و دەسمایەدار بێ، بگرە حزبەیلی دەسەڵاتیشی ناچار کردووە تا ئەوانیش خۆیان بنوێنن و لە ڕێی وتاری مەلایەلەوە بێنە گۆڕەپانی ململانەی سیاسی و کێبەرکێی هەڵبژاردن و داگرتن "تەعبیئە"ی جەماوەری و پەڕپووت راکێشان و پشت لە شارەزاییی سەردەمییانە و خەڵکی شاری کردن. تا کوردستان بەم رۆژەی ئێستە گەیشت کە هەموو لایەک لە دەستی بچێ زاڵ بێ بەسەر بنکەی خۆیدا، وەک لە رووداوەیلی ئەم دواییەی ناوچەی بادیناندا بینیمان.

ئەوەی دێتە بەرگوێمان ئەوەیە کە ئەندامەیلی یەکگرتوو بە سیاسەتی سەرکردایەتیی خۆیان رازی نین، توندتیژییان دەوێ لەو سەرکردایەتییە. رازی نین ئەو سەرکردایەتییە لەسەر مێزی ئاخاوتن رووبەڕوو ببێتەوە لەگەڵ کێشەدارەکانیدا. ئەمە چنینەوەی بەرهەمێکە کە ساڵەیلێکە خۆیان لە ڕێی وتاری مزگەوت و راگەیاندنێکی بێ جڵەوەوە، بەدەستی خۆیان چاندیان.

یەکگرتوو، پارتی تاوانبار دەکا لە رووداوەیلی بادینان. بەڵام ئاخۆ دەچێتە ئاوەزی کێوە پارتی لە شوێنێکدا کە خۆی تێیدا باڵادەستە تەنگژەیەک بنێتەوە

نەسەری دیار بێ نەبن وەک لە راپۆرتەکەی پەرلەماندا هەستی پێ دەکەین، بە تایبەتیش لەم ساتە هاوساتەی بەهاری عەرەبیدا کە ئاگر هەر شوێنێکی گرتەوە ئیتر بەری نادا. راپۆرتی پەرلەمانی کوردستان دیمەنی دۆزەخێک پێشان دەدا ئەگەر بهاتایە ئەو گێرەشێوێنییە تەواو بچوایاتە سەر. بۆ مرۆڤی گەشبین، ئاوەدانی، خۆشیی ژیان دێنێتە دی. مرۆڤی سەردەمی، وێڵی خۆشییە. ئەوەی لە زاخۆدا رووی دا لە سووتاندن و تالانکردن و تێکدان، کاری کەسەیلێکی مێشک گەنیوی کەللە گواویی دەست لەم دنیا شوشتووی خۆ بۆ دنیایەکی تر هەڵگرتووی دژ بە هەموو پێشکەوتنێکی سەردەمییانەیە کە ئیسلامی سیاسی "یەکگرتوو لە پێشەوەیاندا" لەم چاخە کراوە و پێشکەوتووەی دنیادا پەروەردەی کردوون بۆ وڵات تێکدان و رووی جڤاکی کوردەواری شێواندن.

هەبوونی شوێنی شێلان "مەساج"، دیاردەیەکی سەردەمییانەی سەرتاسەرییە لە دنیادا، دکتۆر خەڵکیان بۆ ئاراستە دەکا وەک چارەسەری دەرد و نەخۆشی. پیشەیەکی مرۆڤییانەیە دەبێ رێزی لێ بێتە گرتن، ئەوە شوێنی فسق و فجوور نییە. ئەوە چ دیمەنێکە ئەوانە بە ئاوەدانی سووتاندن، دەیدەن بەم وڵاتە تازەیەی خۆمان؟ ئاخۆ ئەوانەی ئەو کارە دەکەن یان لە پشتی پەردەوە رێنوێنیی دەکەن، بە راستی مرۆڤن یان بوونەتە ئامێری بێ مێشک بۆ لەناوبردنی گەشایی لە وڵاتێکدا کە لەنوێوە دەیەوێ بێتە سەر نەخشەی دنیا؟

رەنگە هۆیەکی تریش هەبێ بۆ ئەوەی یەکگرتوو پێناسەی خۆی لە دەست بدا و ئەو مام سەلامەتۆکەیەی نەمێنێ کە جاران دڵمانی پێ دەبووەوە، ئەویش رووداوەیلی بەهاری رابردووی شاری سلێمانییە. بەیەکەوەژیان، خوو و رەوشت نێزیک دەکاتەوە و سنوور هەڵدەگرێ لەنێوان بەیەکەوە ژیاوەیلدا. بنکەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی شەیدای توندتیژین و ئەوەش وا یەکگرتوو دەچێتە پاڵیان. بنکەی یەکگرتوو رێی بە سەرکردایەتیی یەکگرتوو نەدا لەگەڵ پارتیدا دابنیشێ، داوای جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوە دەکا و ئەمەش حەزی دووبارەکردنەوەی

رابردوویكی ناخۆشه له پێوەندیی كورد لەناو خۆیدا و بەرەو گەڕێكی ترمان دەباتەوە لە ململانەی بێ واتەی نێوانی هەڵست و بەرهەڵست، كە بێگومان لە كۆتاییدا كورد دەكەوێ و رەنگە تا درەنگێكی تر هەڵنەستێتەوە.

هەولێر ژ: ١٢١١، كانوونی یەكەم ١٤، ٢٠١١

## سوپاس نا بۆ ئەمەریكا

وا هێزەیلی وڵاتەیلی یەككگرتوو زەویی عێراق بەجێ دەهێڵن و ئاڵای ئەمەریكا لە ئاسمانی وڵاتی ئێمە دادەبەزێ. ئەو كۆسپەی چەندین ساڵ بوو رێگر بوو لە پێش تەقینەوەی دۆخی ناوەخۆدا، هەڵدەستێ و مەترسیی تەقینەوەیەكی گەورە سات بە سات نێزیک دەبێتەوە لێمان. ئەمە مەترسییەكی خەیاڵی نییە باسی دەكەین، مەترسییەكی چاوێنییە و دەیبینین. وڵاتەیلی یەككگرتوو تەنیا یەک شتی باشی لە عێراقدا كرد لە ٢٠٠٣وە، ئەویش لادانی سەدام حوسێن و رێژیمەكەی بوو، ئەوی تر هەمووی كرێتی بوو. ئەركێكی رەوشتەكی بوو بەسەر شانی ئەمەریكاوە عێراق بنیات بنێتەوە و بیگەینێ بە دەراوی تەناهی نەک وەک ئەمڕۆ لە بەردەم شەڕی ناوەخۆ و گورگی برسیی هاوسێدا بە بێكەسی بەجێی بێڵێ.

چارەنووس یەكێكە لە دوان، یان شەڕی ناوەخۆ و پاشان لەتلەتی، یانیش گەڕانەوەی سیستەمی دیكتاتۆری. لەتلەتی بەدیتنی من دووره لە روودان، بشبێ ماڵوێرانییە زیاتر لە ماڵئاوەدانی، بەڵام گەڕانەوەی سیستەمی دیكتاتۆری، لێی ئاسانتر نییە. تایفەی شیعە زۆرینەن لەم وڵاتەدا و لە رێی سیپەی هەڵبژاردن بێ یان لە رێی شەڕەوە دەگەن بە سەكۆی دەسەڵات، هەبوونی كۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە پاڵیاندا نەک هەر پشتیوانە بۆ ئەوە، بگرە ئێران لە پەیدابوونی سەفەوییەتەوە بەغدا بە بەشێک لە خۆی دەزانێ.

وڵاتەیلی عەرەبیش لارییەكیان نییە لەمەدا. لەم بارودۆخە هەژاوەی عێراقدا، نابینین "قەتەر"ی وەلی ئەمری عەرەب دەنگێكی لێوە بێ، كەچی لە پرسی رێژیم گۆڕینی سووریەدا ئەوەندە گەرمە، ئەمڕۆ ناگەینێ بە سبەی. هۆی ئەمە

دیاره، سووریە بە پێچەوانەی عێراقەوە وڵاتێکە بە زۆرینەی سوننە مەزەب، دەیان ساڵە سیستەمێکی عەلەوی مەزەبی نێزیک بە کۆماری ئیسلامیی ئێران باڵادەستیەتی، ئەمەش دەق پێچەوانەی باری عێراقە. ئەوەی ئەمڕۆ لەو دوو وڵاتەدا بەڕێوەیە جۆرێکە لە "خانەگۆڕی". ڕێخۆشکەری زیاتریش بۆ ئەم جێگۆڕییە ئەوەیە کە عێراق هاوسێی ئێرانە و سووریە دووریەتی.

بە کورتی ناوچەی عەرەبی لە پاش بەهاری عەرەبییەوە بەرەو دابەشییەکی نوێ دەڕواتەوە کە سەری پێ دەکێشێتەوە بۆ تەقینەوەی شەڕی مەزەبی. لە زۆربەی ئەو وڵاتەیلەی ڕاپەڕین تێیاندا ڕووی دا، ئیسلامی سیاسیی "سوننە مەزەو" گەیشتە دەسەڵات، لەوانی تریشدا لە گوێنە بگا. ئەوەی ئەو گاڵتەجارییەشی زیاتر خۆش کردووە خۆ تێکەڵکردنی تورکیەیە لە دۆزەیلی عەرەبیدا کە زیاتر وەک بەبیرهێنانەوەیەکی ململانەی سەفەوی و عوسمانیی پێش پێنسەت ساڵ و هێروەترە.

پەڕپووت لە خۆتان گەلەیلی عەرەب و ئیسلام، وەک گوتەی بەرینانی عەرەبی دەڵێ "عەرەب وێن تەنبوورە وێن". پێش چەند ساڵێک پەرلەمانتەرێکی شیعە مەزەوی کوێتی لە لەندەن باسی "ئایشێ"ی لە مێژوودا بە سووکی گێڕایەوە، لە وڵاتەیلی ڕۆئاوی عەرەبیدا بە هەڵمەتێک ناولێنانی کچەیلی تازەزاو بە "ئایش" وەڵامیان دا. ئەمە لە چاخێکدا کە کۆلۆنیالیزم بە جۆرێکی تازە دێتەوە ناوچەکە، بە جۆرێک کە ئەمجارە "ئەو داگیرکەرە" هەبوونێکی مایەکیی نییە تا تۆ لێی ڕاپەڕی. ئەمجارە لە ڕێی فرۆشتنی تەکنیکی نوێدەم و چەکی ڕۆئاواییەوە بۆمان دێتەوە. چی سوپا و کەرەستەی بەرگری هەبوو لە عێراق کاول و وێرانیان کرد، لە لیبیەشدا هەر وا، لە سووریەشدا بێگومان هەر ئەوە ڕوو دەدا. ئاخۆ سەیر نییە لەو سێ وڵاتەی چەکدارییان ڕووسی بوو، سوپا بە جۆرێک وێران ببێ کە پێویست بێ لە نوێژەنەوە دەستی پێ بکەنەوە. بۆچی لە تونس و میسر و یەمەن وا ڕووی نەدا؟ یاخۆ بۆچی لە دۆخی تەنیا لیبیە و سووریەدا ڕووس دژن ئەگەر پرس پرسی فرۆتنی چەک و کەرەستەی شەڕ نییە.

گێل لە خۆتان ئێوەش پێکهاتەیلی گەلی عێراق، دەبوو دەست بە داوێنی

ئەمەریکاوە بگرن نەڕوا، بڵێن نەکەی بە جێمان بهێڵی لە بەردەم ڕێی هات و نەهاتدا. بە پێچەوانەوە خۆتان پاڵتان پێوەی نا. چەندین ساڵ شەڕی ئەو سوپایەتان کرد کە ئەرک بوو بە سەر شانیەوە بمانپارێزێ تا دەبینەوە بە وڵاتێکی خاوەن توانستی بەرگری. ئێستە ئێمە چیین لە بەردەم مەترسیی لە ئێران و لە تورکیەوە هاتوو؟ نۆینەیلی تەلەڤزیۆنی شیعە و سوننەی عێراقی دەکەیەوە، دادەچڵەکێی لەپێش ئەم ماکینە نابەرپرسانەیە لەم دۆخە هەستەوەردا. ئەمەریکا لە کوێ و ئێوە لە کوێن؟

ئەدی کورد لەو نێوانەدا چین؟ شاعیرە کوردەکە گوتەنی "لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا". دۆزی کوردی دەیان ساڵە دۆزێکی نەتەوەییە، ئێمە کێشەیەکی ئاینیمان نەبووە لە عێراق لەبەرئەوەی موسڵمانین وەک زۆربەی عێراقییەل. کێشەی مەزهەویشمان نەبووە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی عێراق بە دەستی سوننەوە بووە. بگرە، کوردی عێراق لە بیستنی ململانەی نێوان شیعە و سوننەدا نازانن هەر چی بڵێن. نەک هەر ئەوەندە، زیاتریش هەیە، دوو وڵاتی هاوسێ پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی نوێی کوردی کردووە یەکیان سووریە "لە ١٩٧٥ەوە" ئەوی تر ئێران "لە ١٩٧٩وە" کە هەردووکیان لەگەڵ کورددا لامەزەون. لە سەنگەربەندیی تازەی ئەم ناوچەی عەرەبی ئیسلامییەدا، واتە لە ململانەی نێوان شیعە و سوننەدا، کە زۆر بە گەرمی دەستی پێ کردووە لە مۆرۆکۆوە تا دەگاتە پیشاوەر، ئاخۆ کورد بە بەر پشکی کێ دەکەوێ؟ ئێمە کامیانین شیعە یان سوننە؟ بێگومان هیچیان یان هەردووکیانین.

لەگەڵ سەرهەڵدانی تەنگژەی سووریە و دەست پێکردنی ڕاپەڕین لەو وڵاتەدا کێشە کەوتە ماڵی کوردیشەوە. کێشەیەکی کەم، هەستی پێ دەکەین و ناکەین. سەرکردایەتیی کورد لە بەغدا لایەنی ڕژێمی سووریەی گرت کە بێگومان ئەوە بە داخوازی ئێرانە، بە پێچەوانەوە لە هەولێر پێوەندیی لەگەڵ تورکیادا گەرمتر کردەوە. ئەمە ئەگەر هەتا ئێستە ڕۆڵگۆڕییە لە نێوان سیاسەتوانەیلی کورددا، مەترسیی ئەوەشی لێ دێتە کردن کە سبەی ببێ بە درز لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا".

کورد دەیتوانی ڕۆڵێکی باشتر بگێڕێ لە عێراقی تازەدا، نەک چاودێر بێ بەسەر باردۆخەوە. دروشمی زێڕینی کوردی لە سیاسەتدا لە مێژەوە "دیموکراسی بۆ عێراق، ئینجا شتێک بۆ کورد" بووە. ڕاستە کوردی عێراق ئەمڕۆ مەیلی بەلای جیاوەبووندایە بەڵام جیاوەبوونیش بێ هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی لە عێراق نایەتە دی. وە نەبێ لە تەقینەوەی دۆخی تایفەیی لە عێراقدا ئێمە "بە جارێک" نابەرپرسیار و بێوەی بین، وەک چۆن بێ دەردی سەریش لێی دەرناچین.

ئێستەش کات ماوە، سەرکردایەتیی کورد شارەزاتر و وەشاوەترە لەوانەی تایفەی شیعە و سوننەی عێراق بەڕێوە دەبەن، نیشتمانیتر و بەرپرسیارتریشە "بە بۆچوونی من" لەبەرئەوەی لەوان کەمتر درێژەی دەرەکیی هەیە. دەشێ کورد ڕۆڵێکی کاراتر لەوەی ئێستەی خۆی ببینێ و ببێ بە بەرگر لە پێش تەقینەوەیەک کە ڕۆڵەیلی عێراقی تێدا دێنە کوشتن و ماڵوێرانبوون. خۆشیی عێراقییەل، باش بەسەر ئێمەی کورددا دەشکێتەوە بێگومان، نەک وەک پەندەکەی دەڵێ "مصائب قوم عند قوم فوائد".

"سوپاس نا بۆ ئەمەریکا"، ئەم هەستە ئەمڕۆ لە ناخی هەموو عێراقییەکدایە، دەشێ سبەی "سوپاس با بۆ کورد" جێی بگرێتەوە.

بزاو ژ: ٧٩، کانوونی یەکەم ٢١، ٢٠١١

## کوردستان لەناو دڵماندا، دڵمان لەناو دەستماندا

کوردستان دڵی ئێمەیە بەڵام دڵێکە لەناو دەستماندا. ئەمە زاراوەیەکی کوردییە بۆ دەربڕینی هەستی مەترسی لە چارەنووس. ناهەقیشمان نییە بۆ داهاتووی ئەم مەلۆتکەیەی خۆمان پەژارەمان هەبێ. تۆ کورد نەبی نازانی نرخی ئازادی چەندە. بەڵام بۆچی دەترسین؟ ئاخۆ ترس پرسیارێکە لە جێی خۆیدا؟

بابایەک ڕەنگە بڵێ، هەرێمی کوردستانی عێراق زیاتر لە بیست ساڵە دەسەڵاتێکی خۆیی بەڕێوەی دەبا، ئەم دۆخە بووە بە بارێکی داسەپاو لە

عێراق و ناوچەکەدا، وێڕای ئەوە وڵاتەیلی دەوروبەر بارەگەی دیپلۆماسیی خۆیان دەکەنەوە لە پایەتەختی هەرێمدا، نۆینەیلی تیڤیی عەرەبی ناوی کوردستان دەهێنن لە بەڵاوۆکی دەنگوباسیاندا. وەک جاران بە دەستەواژەی "باکوری عێراق" پێمان ناڵێنەوە ئێوە بەشێکین لە گشتێک. کوردستان و سەربەخۆیی بەرەو ئەوە دەڕۆن بن بە جووتە برا.

بەڵام وێڕای ئەوەش کورد هەر دەترسن، ترسێک هەیە لە ناخدا کە نازانن لە چییەوە دێ. مافی خۆشیانە مەترسی بکەن لە داهاتوو لەبەرئەوەی لە ناوچەیەکدا دەژین جڤاکێکی هەیە رک و کینە دەزێ لە جێی ئەوین و لێبووردوویی. دەراویتەی رک و کینە بە دەمسات لە زیادیدایە و سەرڕێژ دەکا. شیعە و سوننە، کورد و عەرەب، فەلە و موسڵمان، تەنانەت لەناو خۆشیاندا شیعە و شیعە سوننە و سوننە فەلە و فەلە کورد و کورد گشتی لێوانلێون لە کینە لە ئاستی یەکتردا. لە بەیرووت رۆژنامەنووسێکی عەرەبم ناسی، بۆ جاری دووەم کە بینیمەوە راپۆرتێکی پێم نیشان دا، رۆژنامەنووسێکی کورد لێرەوە "نەدیتی و نەناسی" بۆ رۆژنامەکەی ئەوانی ناردبوو، بە جۆرێک کوردستانی ریسوا کردبوو نەیناسیتەوە. رۆژنامەنووسە بەیرووتییەکە گوتی تۆم وەبیر هاتەوە راپۆرتەکەم دایە لا.

من لە گشت رۆژنامەنووسێکی کورد زیاتر رەخنە لە سەرکردایەتیی کوردستان دەگرم، دەماری واش دەگرم کەس پەیان پێ نابا، لەبەرئەوەی کوردستان بەردەوام دڵێکە لەناو دەستمدا. گلەیی دەکەم کە سەرکردایەتیی کوردستان باش وڵات بنیات نانێ، باشیش ناپارێزێ، بە نووسەیلی خۆم هانی دەدەم باشتری بنیات بنێ و باشتری بپارێزێ. رەخنە دەبێ لە خۆشەویستییەوە بێ بۆ بەرامبەر، ئەگینا نایەتە وەرگرتن. بۆ نموونە:

وەک من دەیبینم دوو جۆر سیستەمی سیاسی هەیە لە بواری بەرگری لە سەربەخۆییدا، سیستەمێکیان کۆنە و ئەوی تر نوێ، هەردووکیشیان ئەمڕۆ شان بەشانی یەکتر لە دنیادا لە کاردان. کۆنەکە ئەوەیە وڵات بەهێز بکەی، بەهێزی بکەی لە رووی چەکدارییەوە، لە رووی تەناهیی ناوخۆوە، لە رووی

ئابوورییـــەوە، لـە رووی بەنـدیوارەیەوە (مـــواســـەلات)، لە رووی تێکەڵاویـی دیپلـۆمـاسـی و پێـوەندیی دەرەکـیـیـەوە. هـەمـوو ئـەمـانـە وڵات بەهـێـز دەکـەن بە جـۆرێک کە ناحـەز لێی بسڵـەمێتـەوە و زەفەری پێ نەبا. ئێران، کۆریای باکور، گـــشت وڵاتەیلـی عـــەرەبی لـەم شـێـــوەیەن. ئازادی و دیموکـــراسـی و ژیانی سـەردەمـیـیـانە لە گۆڕێدا نییـە و جڤاک پووشکەش نییـە بەڵام دەرەکی کەسی ناوێرێ پەنجەیان بۆ درێژ بکا لەبەرئەوەی وڵاتی بەهێزن لە رووی چەکدارییەوە. ســووریای بنەپاڵمــان جـۆرێکە لەو وڵاتەیلە، ســەرتاســەری دنیــا "بـە ترس و پارێزەوە" ناحەزایەتیی دەکا، هەرچەندە کە گەلی خۆشی لێی راپەڕیوە.

جۆری دووەمی سیستـەمی وڵاتەیل "ئەمـە هەمووی شیکردنەوەی خۆمـە و لە هیـچ کـوێـیـەکم نەخـوێندووەتەوە"، ئەوەیە جـڤـاک بەهـێـز بکەی. ئەمـــەیان سـیـسـتـەمی دیموکـراسـیـیـە، سـوپای زۆری ناوێ، لێرەدا هـێزی جـڤـاک لە داونەریتی هـاودەمــیــیـانـە و کـولتـووری پێـشکەوتوودایە. فـرەییی حـزبی، هەڵبژاردن و دەستەودەستکردنی ناوبەناوەی دەسەڵات، جوداکردنەوەی دین لە دەوڵەتداری، مـیدیای سـەربەخـۆ، ئازادیی تاکەیل، خـۆشـبـژێوی، رێزگـرتن لە جــیـــاوازیی ئاینی و ئەتنیکی، رێزگـرتن لە مـــافــەیلـی مـرۆڤ، کـــارایـی رێکخـراوەیلی جڤاکی شـارسـتـانی، سەرتاپێی ئەمانە وا دەکەن وڵات سـوپای نەوێ، گەلێکی لە یەکتـر دانەبڕاوی زیندوو هەمـوو شتـە. بۆ نموونە سـویسـرا، تەنانەت ئەوروپا بە گشتی، کەرتـە زەوییەکە، داماڵیوە لە چەک. تەنیا ویستی یەکگرتوو دەیپارێزێ ئەگەر کەوتە مەترسییەوە.

پێـشی چـەند ســاڵێک لە پرسی دەست تێکەڵکردنی وڵاتەیلی یەکگرتووی ئەمـەریکا لە گورجستـاندا، رووسـیـای فیـدراڵ کەڵلەیی بوو. رووسـیا لە جـۆری کۆنی سیسـتـەمی وڵاتەیلە، سـوپایەکی هێندە بەکاری هـەیە دەیتوانی هـەمـوو ئەوروپا بگرێ لە چـەند حـــەوتـووێکدا، رەنگە لـە چەند رۆژێکیـــشـــدا. تانکی رووســیــا بۆیان دەلوا بە پیـاســە بچن بۆ پـاریس و لەندەن و هـیـچ رێگرێک لە پێشدا نەبینن. بەڵام ئاخۆ ئەمە تا سـەر دەچووە سەر؟ ئاخۆ ئەوروپای ئێسـتـە دێتـە داگیرکردن؟ نەخێر، هیچ وڵاتێکیش نایەتە داگیرکردن جڤاکێکی هەبێ

پتەو. جڤاکی نوێدەم بە شێوازی نوێدەمانە دوژمن دەبەزێنێ و لە وڵاتی دەکاتە دەرەوە، بگرە باجی کارە دزێوەکەشی پێ دەبژێرێ. نموونەش هەیە لە مێژوودا بۆی بگەڕێی.

بێینەوە سەر باری خۆمان، کوردستان نە لەمیانە و نە لەویان. نە سوپای بەهێزی هەیە و نە جڤاکی خەملیو.

من رەخنە لە سەرکردایەتیی کوردستان ناگرم لەوەی ناتوانێ سوپای بەهێز و رێگەوبانی پێشکەوتوو و ئابووریی بەهێز بۆ وڵاتە تازە پشکوتووەکەمان دروست بکا. ئەمە کاتی دەوێ نەمانبووە، پارەی دەوێ نەمانبووە، هەلی دەوێ نەهاتووە. بەڵام جڤاکی بەهێز ئاسان دەهاتە دی کاریان بۆ بکردایە. ئێمە ئێستە لە دەیەی سێیەمی خۆبەڕێوەبردنداین و بیست و یەک ساڵمان بەڕێ کردووە، تەمەنێکی درێژە بۆ ئەم دەمەی دنیا.

بە بەراورد لەگەڵ ئەو دوو دەیەیەدا، ئێمە پێنگاوی زۆر بچووکمان ناوە لە پرسی دیموکراسی و دادوەریی سەربەخۆ و رای گشتیی بەهێزی بەرپرسیاردا. شەقامی کوردستان هێندە نەفامە، جڵەوی بۆ شۆڕ بکەی تەنیا بەرد دەهاوێ و بارەگا دەسووتێنێ. میدیای سەربەخۆ نییە، دەمەوەرێک هەیە هیچ ئامانجێکی روونی نییە. دەسەڵات لە ئاست ئەوەی ناتەبایە لەگەڵیدا، شیر و تیر دەسوێ. بە کورتی کوردستان نە جڤاکێکی یەکگرتووی خۆشبژیی متمانە بەخۆی هەیە نە سوپایەکی چەکدار و خاوەن بازوو.

هاوڵاتیی کورد دەبینم پێی وایە ئەمەریکا بەجێی ناهێڵێ، ئەمە قسە نییە، بێگومان دڵی خۆی دەداتەوە کە وا دەڵێ. من باوەڕم نییە هێزێک هەبێ کورد بپارێزێ جگە لە خۆی، ئەمەش تەنیا بە یەکگرتوویی ویست دێتە دی. لەو مەترسییەی بەڕێوەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سات بە سات نێزیکتر دەبێتەوە، بێگومان ئێمە ناتوانین تەماشاکەر بین تێیدا تەنانەت ئەگەر هەوڵیش بدەین.

راستە دروستکردنی جڤاکێکی بەهێز کە لە جێی سوپادا ببێ بە قەڵغانی

وڵات، شتێک نییە لە نێوان بەرشەو و پارشەوێکدا بێتە دی، کاتمان زۆر لە دەست چووە. راستیت دەوێ، کارێکیشە مێری خۆی دەوێ لە گشت بوارەیلدا، بەڵام دەشێ دەسپێکی سادە بدۆزینەوە بۆ تەبایی و یەکگرتوویی. نەریتێک هەبوو جاران، بۆ دەربڕینی نیازپاکی و ئاشتەوایی، چەکدار لوولەی چەکەیلی خۆیان شۆڕ دەکردەوە، وەک نیشانەی ئەوەی هیچ لە گۆڕێدا نییە. ساڵی داهاتوو، بۆ ئەوە دەڕوا ساڵێک بێ لە پاککردنەوەی حسێب لەگەڵ یەکتر لە نێوان هێزەیلی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد دەبێ بابەتی ناوەخۆیان هەڵگرن بۆ وادەیەکی تر، کوردستان گرینگترە لە حیسابات. خۆشەویستێکە لەناو دڵماندا.

بزاو ژ: ٧٩، کانوونی یەکەم ٢١، ٢٠١١

## نیوەی دنیا لەکە

«خوا لە قورئان ناو لەکی هاوردییە»، مام ئەسعەد، پیاوێکی بە تەمەنی گوندەکەی ئێمە بوو، وای دەگوت. ئەم گوندە لەکنشینەی دەشتی هەولێر، زۆربەی دانیشتووەیلەکەی کوێرەوار بوون، ئەوانەی خوێندەوارییان هەبوو چووبوون لە شار دەژیان. مام ئەسعەد نموونەی بۆ ئیسپاتی قسەکەی دەهێنایەوە "الم نشرح لك صدرك"، یاخۆ: "ورفعنا لك ذكرك". ئێمە بەم قسەیلە سەرسام دەبووین، تازەش چووبووین بۆ قوتابخانە، خوێندەوارییەکەمان بایی ئەوەی نەدەکرد بزانین ئەم بەڵگەیلە راستن یان نا.

هەروەها دەیگوت: «لەک لە هەموو دنیادا هەیە، بچی بۆ هەر جێیەک تووشی لەک دەبی». ئێمەی منداڵ بەم قسانە بەختەوەر دەبووین.

ئێستە، ئەودەمەیلەی ئەم جۆرە قسەیلەم دێنەوە بیر، بزەیەک دێتە سەر ڕووم، خۆشحاڵ دەبم بە سادەیی مام ئەسعەد و تەواوی خەڵکی گوندەکەمان. ئەو پیاوە بێ ئەوەی خوێندەوارییەکی راستەکینەی هەبێ، ئەمسەر تا ئەوسەری قورئانی دەخوێندەوە. بێگومان هیچی لێ حاڵی نەدەبوو مەگەر بە

خەیاڵی خۆی دەنگوباسێکی بۆ لەک یان بۆ شتێکی تر تێدا دۆزیبێتەوە.

لە تەمەنی داهاتووی خۆمدا بۆم دەرکەوت قسە و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە لەناو زۆربەی رەشە خەڵکی کوردستاندا لەبارەی لەکەوە هەیە. لەبەرئەوە لە هەر جێیەک بمگوتایە من لەکم، پێ دەکەنین. ئەمەش تا رادەیەک سەغڵەتی دەکردم. بەڵام لەناو لەکەیل خۆشماندا لە هەندێک بۆنەدا ئەو قسە سەیرێلەم دەبیستەوە. جارێکیان لە سەرەتای لاویمدا ژمارەیەک لەو بەسەرهاتەیلەم کۆکردەوە و ویستم لە کۆوارێکدا چاپیان بکەم. یەکێک لە پیاوەیل خێڵەکیی ناسراوی لەک ئاماژەیەکی بۆ ناردم تا شتی وا نەکەم. منیش دەستم لە بیرۆکەکە هەڵگرت نەوەکا کارەکەم ببێ بەمایەی شەرم بۆ لەکەیلی دنیا. زۆربەی ئەو چیرۆکەیلەم لە دایک و باوکمەوە وەرگرتبوو. بەبیرم دێتەوە یەکێکیان چیرۆکی ئەوە بوو چۆن جارێکیان لەک فێڵیان لە خوا کردووە، وا لێرەدا دەیگێڕمەوە:

وەرزی بەهارە، کۆمەڵێک ماڵە لەک لە هەوارێکدا لە رەشماڵ ژیان بەسەر دەبەن. رۆژێکیان بڕیار دەدەن هەوار بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر. رەشماڵ هەڵدەوەشێننەوە و ماڵ لە وڵاخ و چارەوێ بار دەکەن. کتوپڕ نمەی باران دەست پێ دەکا. ئەمەش دەبێ بە مایەی ناڕەحەتی و دڵەڕاوکە بۆیان. دەچن بۆ لای مامۆتک تا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە نەوەکا باران و رەهێڵەی بەهار لە رێگە پەرێشانیان بکات. مامۆتک کێیە؟ پیاوی ژیر و ئاوەزدار لەناو لەکدا پێیان گوتووە مامۆتک. مامۆتک دەچێتە سەر بەرزاییەک و هاوار دەکات: «بارانە مەوارە ئیمە بار نمەکەین»، پاشان رووی بۆ لای خزم و کەسەیلی وەردەگێڕێ و دەڵێ: «شیو و شیو، دەنگ داروچووتان نای». ئەم چیرۆکە گوایە مامۆتک گوتوویەتی "ئێوە دۆڵا و دۆڵ برۆن و دەنگتان نەیەت، منیش خواتان بۆ دەخافڵێنم."

ئەم چیرۆکە بۆ گاڵتەوگەپە ئەگینا لەناو کورددا کەسێک فرە ژیر و وردبین بێ، بەزاراوە پێی دەڵێن "وەک مامۆتکی لەکان وایە". بە درێژای مێژوو، لەک وەک زۆربەی کورد لە ژیانێکی خێڵەکییانەی سادە و دوور لە شارستانەتی

ژیاون و بە زانینی زگماک بیریان کردووەتەوە و جووڵاونەتەوە.

لەک لەکەیەوە لە ناوچەی لوڕستان لە باشووری ڕۆئاوی ئێراندا نیشتەجێن؟ دیار نییە، بەڵام زۆر لەمێژەیە ئەو هەرێمە وار و زێدی سەرەکیی ئەوانە. بەهۆی شەڕ و شۆڕەیلی عوسمانی و ئێرانەوە لەک بۆ زۆر شوێنی تری کوردستان پەرتەیان کردووە و هەرێمی خۆیان بەجێ هێشتووە. لە کوردستانی عێراق، لە سنووری ئێران لە ناوچەی خانەقینەوە گوندی لەکنشین دەبینی تا دەگەی بەکەرکووک و هەولێر، تەنانەت نێزیکی مووسڵیش. مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی لە "کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان"دا دەڵێ: لەک لە کوردستانی تورکیاش هەیە لە نێزیکی شاری ئەدەنە. بێگومان دەبێ لەوێ زمانی ئاخاوتنیان گۆڕابێ بۆ کوردیی باکور (دیالەکتی کرمانجی)، وەک چۆن لە کوردستانی عێراقیشدا وردە وردە شێوەی ئاخاوتنی ڕەسەنی خۆیان لەدەست داوە کە شێوەیەکە لە دیالەکتی سەرەکیی کەڵهوڕی. زۆربەی لەکەیلی کوردستانی عێراق ئێستا بە سۆرانی دەدوێن. لە گوندەکەی ئێمەدا ئەودەمەی من منداڵ بووم، لەناو تەمەندارەیلدا ئاخاوتن بەشێوەی لەکی بوو. پاشان لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوییەی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١–١٩٧٠) لەناو کورددا هێنایە کایە و کردنەوەی قوتابخانە بە ژمارەی زۆر، نەوەی نوێی لەکەیل زاراوەی سۆرانیی وەرگرت.

بە بۆچوونی من، هۆی سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی لەک لە زۆر ناوچەی کوردستان و دوورکەوتنەوەیان لە زێدی بنەڕەتییان، دەگەڕێتەوە بۆ شەڕ و شۆڕەیلی نێوان سەفەوی و عوسمانی وەک پێشتر گوتم، بە تایبەتی بۆ سەردەمی کەریم خانی زەند. هۆیەکی تریش ڕەنگە ژیانی کۆچەری بێ، کە خێڵەیلی لەک سەردەمانێکی زۆری مێژوو بەم شێوەیە ژیاون. ئەمەش وای کردووە هەندێکیان ناچار ببن لە دەرەوەی وڵاتی کوردەواریشدا بگیرسێنەوە. لە کتێبی "داغستانی من"ی نووسەری باڤاری، ڕەسووڵ هەمزەتۆفدا زۆر چیرۆک و دەنگوباس لەبارەی لەکەوە هەیە، بۆ نموونە دەڵێ:

«لە داغستاندا نەتەوەیەکی زۆر بچووک هەیە لەکیان پێ دەڵێن. زمانی لەکی

ئەوپەڕەکەی پەنجا هەزار کەس قسەی پێ دەکەن، ناتوانین ژمارەی لەوە وردتر بدەین چونکە منداڵیان هەیە هێشتا فێری قسە نەبووە، هی واشیان هەیە زمانی باوکیان لەبیر چووەتەوە. لەک کە ژمارەیان کەمە، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر شوێنی دووری ئەم دنیایەدا هەن. نەهاتی و بێ گوزەرانی بەهۆی خاکی چەقێن و بەردەڵانیان، بەم هەموو سەرزەوینەدا پەرت و بڵاوی کردوونەتەوە.»

پاشان دەڵێ: «لە داغستاندا قسەیەک هەیە دەڵێ کە شووتی دەشکێنی، وریابە نەوەکا لەکێکی لێ دەرپەڕێ. دەڵێن دایکە لەکێک کوڕەکەی بۆ وڵاتی بیانی بەڕێ دەکرد، پێی گوت: ڕۆڵە لە وڵاتی دوور کە شلە ساوەر لە دەفری شارستانان دەخۆی، سەیری بنی بکە بزانە کەسی خۆمانی تێدا نییە». قسەی مام ئەسعەدەکەی گوندەکەی خۆمان بێ بەڵگە نەبوو، کە دەیگوت نیوەی دنیا لەکە.

با بێینەوە سەر باسی کەریم خانی زەند (١٧٠٠-١٧٧٩). سەرچاوەیل مێژوویی ڕێکن لەسەر ئەوەی کەریم خان لەک بووە و زۆربەی لەشکرەکەشی پێک هاتووی ئەو لە خێڵانی لەک. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بووبێ لە نهێنیی سەرکەوتنەیلی گەورەی وی. خێڵانی لەک بە شەڕوانی و نەسڵەمینەوە لە دوژمن ناسراون. کەریم خان بۆ ماوەی بیست و هەشت ساڵ فەرمانڕەوای ئێران بووە. هەرچەندە خۆی پیاوێکی نەخوێندەوار بووە بەڵام لە سایەی ژیری و وردبینییەوە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناوە. لە گۆڕەپانی شەڕدا لێهاتووێکی وێرا و گەڕناس بووە و توانیویەتی سەری ناحەزەیلی خۆی بکوتێتەوە. سەرنجڕاکێش لە ژینامەی ئەو پیاوەدا ڕەوشتی "لێبووردووییە" کە بە زاراوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن تۆلەرانس. کەریم خان دوای سەرکەوتنی بەسەر ناحەزانیدا، چاوی لێ پۆشیون. نەک هەر ئەوە بگرە جێگیری و تەناهیشی بۆ دابین کردوون. ئەمەش ڕەوشتێکی بێ وێنەیە بۆ گەورەپیاوەیلی ئەو سەردەمە. هەر بۆیەشە، تا ئەمڕۆ لەناو کورددا لە پاڵ سەلاحەدینی ئەیووبی و مستەفا بارزانیدا، کەریم خان یەکێکە لەو سێ سەرکردە مێژووییەی شانازییان پێوە دێتە کردن.

سەرەڕای تێپەڕینی ٢٣٠ ساڵ، چیرۆک و بەسەرهاتی بەزەیی و دادپەروەری

و لێهـاتوویی کـەریم خـان هێـشتـا بەسـەر زمـانی خـەڵکەوە دەگـەڕێن. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا خەڵک جێگیرییان بە ژیانی خۆیانەوە بینیوە و وڵات لە رووی ئابوورییەوە بـووژاوەتەوە. لە کـتێبـەیلی مێـژوویـیـدا چیرۆکێکی خۆش دێتـە باسکردن وەک نموونە بۆ پەرۆشیی کەریم خان بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتییەلی خۆی. دەڵێ:

ڕۆژێکیان بازرگانێک هانای بۆ دەبا و دەڵێ دز کاروانی منیان تالان کردووە، هێزە فریام کەوە. کەریم خـان تووڕە دەبێ و دەپرسێ: باشە خـۆت ئەو کاتە لە کوێ بووی؟ بازرگان دەڵێ نووستبووم. کەریم خان زیاتر تووڕە دەبێ، دەڵێ: بۆ نووستبووی؟ بازرگان دەڵێ: ئاخر قوربان وام زانی تۆ بە ئاگای. ئەم وەڵامە وا دەکات کـەریم خـان شـەرم بیگرێ سـارد بێتـەوە. فـەرمـان بە کـاربەدەسـتـەیلی دەدات لە کیسەی خۆی "واتە کەریم خان" زیانی بازرگانەکە ببژێرنەوە.

بەلامەوە سەیر بوو، لە کتێبێکی گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا کە لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا هاتووەتە بەرهەوکردن، هێشتا ناوی کەریم خان بەسەر زمـانی خـەڵکەوە مـابێ. کـوڕێکی ئەویندار کـە یارەکـەی لێی تۆراوە، لە خـوا دەپاڕێتەوە کەریم خان نوێنەری خۆی بنێرێ تا ئاشتیان ببێتەوە:

خوای بانی سەر، کەریم خانی لەک

سوارە بنێرێ، بمانخاتۆ یەک

جـارێکی تر بیـرەوەری دەمبـاتەوە بۆ گوندەکەی خـۆمـان، دیمەنی سـادە و سـاکاری مـام ئەسعەد دێتەوە بەرچاوم کە گوتبووی: «کوڕم، پیاوەیلی گەورە زۆریان لەکن». راستی بڵێم، من خـۆم ئەم قسـانەم راسـتەوخۆ لە زمـانی مـام ئەسـعـەدەوە نەدەبیـست. کـوڕێکی هەبوو هاوڕێ و هـاوپۆلـان بوو، ئەو بیـربۆچوونەیلی بـاوکی بۆ ئێـمە دەگێڕایەوە و بێگومـان ئێـمەش خـۆشحـاڵ دەبووین.

منداڵ بووم، تازە ماڵمـان لە گوندەوە گواستبوویەوە شـار. کتێبێکی کوردیم کەوتە دەست کە چوارینەیلی بابەتاهیری عوریانی تێدا کرابوو بە دیالەکتی سـۆرانی. لە کـتێبـەکـەدا دەقـە کـەڵهـوڕییـە رەسـەنەیلەکـەش لە بەرامـبـەر

سۆرانییەکەدا هاتبوونە نووسینەوە. ئەودەمە هێشتا شێوەی ئاخاوتنی باپیر و داپیرم لە گوێمدا دەزرینگایەوە و وەک ئێستا لەبیرم نەکردبوو. دەقی یەکێک لە چوارینەیلەکە بە تەواوی تێ گەیشتم بێ ئەوەی پێویستم بە هاوکاریی وەرگێڕانە سۆرانییەکە ببێ. ئەو ڕۆژە تەواوی چوارینەیلەکەم بۆ باپیرم خوێندەوە، فرمێسک بە چاوەیلیدا هاتە خوار. ئەو لە واتەی هەموو چوارینەیلەکە دەگەیشت و تەواو چووبووە ناو خەیاڵەیلی قووڵی خۆیەوە. بێگومانم لەوەی ئەو سەرچاوەیلەی دەڵێن بابەتاهیر لەک بووە، ڕاستی دەپێکن. "پیاوەیل گەورە زۆریان لەکن."

ڕێکەوتی ژیان چەند سەیرە. گوندمان بەجێ هێشت و ئەو قوتابخانەیەی لە هەولێر تێیدا چوومەوە بەر بەخوێندن، ناوی قوتابخانەی بابەتایەری هەمەدانی بوو. ئەو کاتە بۆ هەستی منداڵانەی من ئەو ناوە ناوێکی زۆر خۆش بوو. کە شەڕی عێراق ئێران دەستی پێ کرد ناوی قوتابخانەکە گۆڕا، بڕیارێک لە بەغداوە دەرچوو دەیگوت نابێ هیچ ناوێکی ئێرانی بەسەر هیچ تابلۆیەکەوە هەبێ لە عێراقدا. تەنانەت لە کتێبەیلی کوردیشدا ئەگەر وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هەبووایە، کە چەندیش زۆرن ئەو وشە هاوبەشەیلە، دەبووایە وشەی عەرەبی بخەنە جێیان.

کۆواری نەوشەفەق ژ: ٦٦، ئادار، ٢٠٠٩

پاشکۆی وتار

هەرچەند ئەو وتارەی سەرەوە لە کۆوارێکی تیرێژ کەمدا بڵاوبووەوە بەڵام دەنگوەدانێکی زۆری هەبوو. گەلێک لە خزم و کەسەیلی خۆم پێوەندییان پێمەوە کرد و سەربردە و چیرۆکی سەیریان بۆم گێڕایەوە. بۆ تەواوکردنی بابەتەکە و تاوەکوش لە بیرم نەچنەوە، وا هەر لە داوێنی وتارە کۆنەکە خۆیدا، هەندێک لەو سەربردەیلە دەنووسمەوە:

کاک محەمەد شەریف گوتی ساڵی ١٩٦١ لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دامەزرابووم، لەکێکی کرماشانیشم لەگەڵدا بوو. گەلێک جار پێکەوە

دادەنیــشــتین. گــوتــی من پارتــی بووم، باســی شــۆڕش و کــورد و پارتـیم زۆر دەکرد، ئەو وەڕس دەبوو بەو باســەیلـە، جاربـەجـارێک دەیگوت "کوڕە تۆ واز لە کورد و کوردستان بێنە، باسی لەکم بۆ بکە".

هـەر بە بۆنەی کرمـاشانەوە، جارێک ڕێم کەوتە ئەو شـارە. "کووچەی لەکەیل" واتە کۆڵانی لەکانیـان نیشان دام. کـەنیشکێکی کرمـاشـانی کە شـاعیـر بوو، زانیی لەکم چەند جـارێک بە گاڵتەوە لـەناو ئاخاوتندا ناوی مـنی هێنا بە لەکی چڵکن. دیارە لەکـەیلی ئەو ناوە زۆریان لادێیی و کـرمــانجن، بەو پێـیــە دەبێ چڵکنیش بن. لەو شۆڕەتەی ئەوان منیش بێ بەش نەبووم.

بەڵام چڵکنی چی؟ با مـن باسی لـەکــتـــان بۆ بکەم. لـەک زۆر باوەڕیـان بە خۆیان هـەیە و پێیان وایە شـتی زۆر گـەورە لە دنیا دەسـتی ئەوانی تێدا هـەیە. باوە لە ناویاندا دەڵێن "بـەو پێغەمـبەرەی ماڵ لە مـەکە، ئەسـحابە نیـوەی لەکە". بەو قـسـەیە، دەبێ ئـەسـحـابەیلی پێـغـەمـبـەر نیـوەیان لەک بووبن. بۆ وا نەبێ ئەگەر نیوەی دنیا تا ئێستەش هـەر لەک مابن؟

من تێ نـاگـەم بۆچیش هێندە گـاڵتـەوگـەپ لەبارەی لەکـەوە دێتـە کـردن. لە دەمی هـەڵبـژاردنەیلی ٢٠٠٩دا، چەند لـەکێک لە ناوچەی گـەرمیـان دەچنە پاڵ بزووتنەوەی گۆڕان، کاک حەمـەسەعید حەسەن لە سوێدەوە شـیعرینەیەکی بۆم ناردبوو نووسـیبـووی "بە مەیلی خۆیان یان بە زەبری چەک، چوونە پاڵ گۆڕان عەشیرەتی لەک".

گوندەکەی لەمەڕ ئێمە گوند نەبوو کوێرە گوندێک بوو. هـەمـوو گوندەیلی ئەو ناوەش هـەر وا بـوون. پێش دوو سـاڵ هـاوسـەرم، پاش چەندان سـاڵ دووری لە وڵات، بە یادی دایک و بـاوکی خۆی و ژیانی جـارانـەوە، سـەردانی گـوندەکـەی خۆیان "ئاودەلۆک"ی کردبوو. کچـەیلەکـەشی لەگـەڵ خـۆیدا بردبوو. گـوندێکی پەڕپووتی دواکـەوتوو بە چـەنـد مـاڵێکی کـەمـەوە، ئەویش لەو دەشـتـە چۆڵ و لەو هـاوینە گـەرمـەدا. بـیـزای کچم سـەرسـامـانە دەپرسێ "بـاشـە ئەدی گوندەکەی باوکم چۆنە؟"، دایکی دەڵێ گـوندەکـەی من لە چاو هـی باوکـتـان پـاریسـە. بە گاڵتـەوە گوتم نەکـەی بیـانـبـەی بۆ گوندەکـەی من با زیاتر بە "لـەکـەیل چڵکن"

ریســوا نەبین. بەڵام با هەر بۆ خــۆیان بڵــێن لەکــەیل چڵکن، ئەو گــونده پەڕپووتەی لەمەڕ من، پاریسێکە بۆ خۆی لە یادمانی ئەوانەی لەوێدا ژیاون. با پێت بڵێم چۆن؟

جەلال قادر عەزیز هەیە خزمی خۆمانە خەڵکی دووشیوان. ئێستە پلەی لیوای هەیە و لەلای سەرکۆمار مام جەلال لە بەغدا ئەرکی بەسەر شانەوەیە. ئێمە منداڵ بووین، ئەو لە شار دەیخوێند. جەلال تازە لاو بوو، بۆ پشووی نیوەی ساڵ گەڕابووەوە ماڵ. ئێوارە گەیشتبووە و بۆ بەیانی بووبووەوە شوان. لە نێزیکی گوند مەڕی دەلەوەڕاند. منداڵ خۆشیان دەویست و چووین بۆ لای. جەلال لەگەڵ گۆپاڵەکەیدا کتێبێکیشی بە دەستەوە بوو. ئێمە تازە فێری خــوێندنەوە دەبووین و ســاڵی یەکــەم و دووەم بووین لە خــوێندن. بەڵگەی زیندوویی ئەو لاوە، ناونیشانی ئەو کتێبە بوو کە بەدەستیەوە بوو. ئێستەش لە بیرم نەچووەتەوە: "لینینی مەزن، وەرگێڕانی محەمەدی مەلا کەریم". ئەوە دەبێ ساڵی ١٩٦٩ یان ساڵی پاشتر بووبێ. لەو ماوەیەی دواییدا جارێک کاک جەلال هات بۆ لام، ئەو بیرەوەرییەلەم بۆی گێڕایەوە. گوتی منداڵێکم هەیە لە ئوسترالیە لە دایک بووە، کوردستانیشی نەبینیوە. بەیانیان لە خەو هەڵدەستێ دەڵێ "باوە لە خەونمدا لە دووشیوان بووین".

هەر لەو دەمی منداڵییەدا لە بیرمە، خەڵکی گوندەیلی ئەو ناوە دەیانگوت "دووشیوان قودسی لەکان". وایان دەگوت لەبەرئەوەی هەر کێ لە خەڵکی دووشیوان لە هەر کوێ بمردایە دەیانهێنایەوە بۆ گۆڕستانی گوند. لە ٨٨ەوە کە دیکتاتۆری عێراق گەیشتە دوا پلەی دڕندەیی و کێویەتیی خۆی، کەس نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ گوند و دوای راپەڕینی ١٩٩١یش دووشیوان کەوتە دیوی عێراقەوە لەبەرئەوەی لە بن هێڵی پانیی ٣٦ەوە بوو. لەوێ دەمێوە لە دیتنەوەی زێدکی باپیران بێبەش بووین، بە داخەوە، باوکم و دایکم و هەموو مامەیلم "حەوت مام" بە گۆڕی دووشیوان شاد نەبوونەوە.

خانووەکەی خۆمانم لە بیرە بە تەواوی، هەر دەڵێی دوێنێ بەجێم هێشتووە. جارێک لە دایکمم پرسی ئەرێ لە کوێی ئەو ماڵە لە دایک بووم. شوێنەکەی پێ

گوتم، کوژبنێک بوو لە ژووره لاکێشەییەکەدا. کە رێژیمی سەدام لە ٢٠٠٣ رما، پاش چەند حەوتوویێک چوومەوە گوند. تازەش چەند ماڵێک گەڕابوونەوە. یەکسەر چوومە سەر ئەو مەتر چوارگۆشەیەی لە بانیدا هاتبوومە دنیا. تەنیا بۆ دیتنەوەی ئەو شوێنەش چووبووم راستت دەوێ، بەڵام سەردانی ماڵەیلی ئەوێشم کرد. نەوەیەکم بینی کەسیم نەدەناسی. هەستێک یان بیرەوەرییەکی دووشیوانیانە کۆمانی نەدەکردەوە، ئەوانە منداڵی دوای وێرانکردنی گوندەیل بوون یان منداڵی پاش ئەودەمەی ماڵی ئێمە لەوێ چووبوو. لە هەر ماڵێک پیرێک یان دووان مابوو، پیری ماندوو بە کۆلەمەرگیی ژیان و ئاوارەبوون لە زێدەوە.

بە خەمێکی زیاتر لە پێش چوون و بە لێوی بەبار گوندم بەجێ هێشت. دیکتاتۆر هیچ شتێک نامێنێ لە وڵات وێران و کاولی نەکا، چڕنووک بە هەموو شتێکەوە دەنێ. بە ئاستەم ئەو شوێنەم دۆزییەوە کە بۆی چووبووم. ئەو کەسەیلەشم نەبینییەوە کە لە خەیاڵدا هەڵم گرتبوون بۆ زیاتر لە ٣٠ ساڵ. دوای وێرانکردنی دووشیوان، ئەوانە بڵاوبووبوونەوە بە شوێنەیلی جۆرەوجۆردا، بێ شکیش جارێکی تر بە کەس کۆ نابنەوە. زۆریشیان هەر نەماون، لە شوێنەیلی دوور هاتوونەتە ناشتن.

## "ئەنفال" رۆژە تاڵەکەی سەحراوی

دوو کەس، ئەم بەسەرهاتەیان بۆ گێڕامەوە، یەکێکیان برای خۆم، ئەو کاتە بەر لە دەست پێکردنی شەڕی دووەمی کەنداو، سەرباز بوو لە بیاوانی باشووری رۆئاوای عێراق.

«شوفێری فەرماندەری یەکە سوپاییەکەی خۆمان بووم،» گوتی.

«رۆژانە بەناو ئەو رێگەوبانە لماوییەکەی بیاواندا هاتوچۆم دەکرد. لە ماڵەیلی عارەبی کۆچەریدا بە مێوانی لام دەدا، یان سڵاوم لێ دەکردن و بەسەر پێوە ئاوێکم دەخواردەوە». درێژەی بە چیرۆکەکەی دا.

«لەگـەڵ پیـرە عـارەبێکی کـۆچەریدا بووین بە ئاشنا. هـەر جـارێکی رێم بکەوتایە هـۆبە و هۆبەسـتانی ئەو، خـوڵکی مێوانداریی دەکردم. کـابرای پیر دەیزانی کوردم، زۆر رێزی لێ دەنام. جارێکیان لە یەکێ لەم هاتوچۆیانەمدا بە دوودڵی و پارێزەوە لێیم پرسی: "مامـە، پرسـیارێکت لێ دەکەم نهێنی بێ لە نێـوانمـاندا، لە باکـور لە نـاو ئێـمـەدا دەنگۆیەک هەیە دەڵێ ئـەو ژن و منداڵ و پیـاوەیلە گـوندییـەی بـەر لە چەند سـاڵێک لە کـردەوەیلی (ئەنفـال)دا گیـران و شوونەون بوون، هێنایانن بۆ ئەم هەرد و سارایەی ئێوە و لێرە لەناویان بردن. ئاخۆ تۆ هیچ لەمبارەیەوە دەزانی؟"

مامە پیرەی رەوەند، پێڵووی خستنە سەر یەکتر و بە ئاخ و کۆوانێکی پڕ لە سـفت و سـۆوە یەک دوو جـارێ سـەری لەقـاند، ئەوجـا گـوتی: "کـوڕم، لە برا کوردەیلی خـۆت دەپرسیتەوە؟ ئەگەر ئێستاش بچیتە ناو ئـەو گردە لمەیلەی ها ئەوێ، لەوانـەیە جلوبەرگ و کـڵاش و گـێـوە کـوردەوارییـەلەکـەی لەمـەڕ خـۆتان بدۆزیتەوە."

تەزووێک بە سـەرتاپێمدا سـەری کرد. کـابرا هیـچی تری نەوت، منیش دەمم نەبزاوت وشـەیەکی تر بخـەمـە سـەر پرسـیـارەکەی پێشـووم، وەک ئەوەی بڵێم: "مامـە گیان، ئەم خـوشک و برایەلەی من بە دەسڕێژی گولـلە یان بەزیندەبەگۆڕ هـاتنـە مـــراندن". دیارە نەمـــدەوێرا خـــۆم بەدەست دیمەنێکی هێنده تاڵ و کـارەسـاتاوییـەوە بدەم. ئیتر ئـەویش لە بنی کـودیلەی دابوو، هیچ پرسـیـارێکی بۆم نەهێشتبووەوە لێی بکەم. بەو چەندە گوتوبێژمان بە کۆتا هات، ڕابووم و ماڵئاواییم لێی کرد. لە هەوارەکەی دەرچووم و پێم پێوە نا. دوای ئەو دیمانەیە بۆ ماوەیەک، شـەوانی شەو لە ناو مۆتەکەی بەربینگر و هیواکوژەکدا، گینگڵم دا و تلامـەوە. شـەوانە دڵم نەدەسرەوت، تا نەهاتمەوە و ئەم هـەواڵەم بۆ ئێـوە نەهێنایەوە." ئەودەم راپەڕین رووی نـەدابوو و ئەم دەنگوباسـەیلە بە چپـە لە نێوان خەڵکدا دەهاتن و دەچوون.

دووەم کەس، کە ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە، دۆستێکی نێزیکمە. ماوەیەکە رووی کـردووەتە هەندەران و نازانم ئێسـتـە لـەنگەری بەخـتی لە چ دەراوێکدا

تەولّی ڕاهێلاوە، یادی بەخێر گێڕایەوە: هەندێ لە خزمەیلم سەرباز بوون لە سارا و بیاوی سەر سنووری عێراق – سەعوودی، بە ڕێککەوت ڕێیان دەکەوێتە ماڵە عارەبێکی کۆچەری و مێوانی دەبن. دوای نان و پات، یەکێ لە گەنجەیلی کورد خۆی پێ ناگیرێ و بە ئاخاوتنێکی عارەبییانەی کەچ، هەواڵی خوشک و برایەل کوردە بە ئەنفالچووەکانی خۆی لە (شێخ)ی خانەخوێ دەپرسێ.

شێخی (بەدوو) بەزاراوێکی شێنەیی و وشەی دانەدانە، سەرپێهاتی ئەو ئەنفالییانەی بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێ: "کوڕیژگە، ئەو کوردەیلەی لەمەڕ ئێوە بە نیوەڕۆی ڕۆژێکی هەتاوین، لەلایەن پیاوەیلی سوپای کۆمارییەوە، لەم سارا لماوییەدا هاتنە زیندەبەگۆڕکردن. ئەو ڕۆژە، بیاوان دیمەنێکی بە ترس و سامی دەنواند، تەنیا کورد و بکوژەیلی وان بە دەرەوە بوون، هیچ گیانلەبەرێکی تر زاتی جوولە و بزاوتی نەدەکرد. کەس نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چی ڕووی دەدا. پیاوەیلی سەدام دوای ئەوەی لە کاری خۆیان بوونەوە، هەیپێیان کرد و ڕۆیشتن." شێخ گوتی.

"پاشان شەو داهات، شەوێکی خەماوەر و گرانبازوو. ئاسمان و زەوین لە ژوانی تەبایی و یەکگرتنێکی بێ میناکدا بوون. پاسێک دوو پاسی شەو بەسەرچوون، ناو بەناوێک دەنگی گریەی منداڵێکم دەهاتە گوێ. گریەی ئەو منداڵە پێداپێدا دەهات و نەدەبڕایەوە. ئەو گریە بێ ئامانە خەوی لێ زڕاندم و بوو بە دڵەڕاوکەم. بە خۆمم گوت: "یان منداڵێکە لە ماڵ دەرکەوتووە و لە تاریکاییدا بزر بووە، یان ئەوەتا ڕووداوێک لەم هاوسێیانە قەومیوە". لەناو نوێنەکەم هەستامەوە و تاوێک دانیشتم، بەڵام چیی تر خۆم بۆ نەگیرا، لە ڕەشماڵەکە هاتمە دەر و بەرەو لای دەنگەکە، بەناو ئەو شەوە بە سامەدا هەنگاوم نا. دەنگەکە نەنێزیک نەدوور بوو، جاربەجارێک دەهات و جاربەجارێکیش دەنیشتەوە. وچانم نەدا و بەردەوام بووم، تا دواجار گەیشتمە سەری و دۆزیمەوە. سەرەتا تاس بردمیەوە. ئای لەو دیمەنە دڵ داچڵەکێنە: منداڵێکی سێ چوار ساڵە لە ناو ئەو لەلانەدا بەدەم گریە و هەنسکەوە، بەناو ئەو شەوە ئەنگوستەچاوە بەترسەدا لەپ دەکوتێ.»

مامە پیرەی عارەب، درێژەی دایێ و گوتی: "منداڵەکەم لە باوەش کرد، دڵنیا بووم لەوەی یەکێکە لە منداڵی ئەو خێزانە کوردەیلەی ئەمڕۆ بە ڕۆژەوە هاتنە زیندەنێژکردن، بەڵام منداڵەکە نەمردبوو و لە چاڵەکەی هاتبووە دەر. ئەوە خۆی بوو نەمردبوو ئەگینا هەزار ڕاسپێری خودێ گیانیان کێشا بوو. باوەشم پێیدا کرد و هێنامەوە. بەخێوم کرد و خۆشم ویست، تا بوو بەو کوڕیژگەیەی بەر لە تاوێک هاتە ژوورەوە، بەخێرهاتنی ئێوە کرد و چای بۆ دانان." مامەی پیر زیاتر درێژەی بە وردایەتیی سەرپێهاتەکەی دا و گوتی: "لەبەرئەوەش کە لە بیاوان دۆزیبوومەوە، ناوم نا "سەحراوی". سەحراوی بوو بەکوڕی لم و بیاو و چۆڵەوانەیلی ئێمە. ئێستا وا بۆ خۆی گەورە بووە. بێگومان ئەم بەسەرهاتەی ئەو شەوەی لە بیر نەماوە، دووریش نییە لە بیری مابێ وەک تارماییەک، یان جاربەجارێ وەک خەونێکی لێڵ بە هزریدا ڕابووڕێ و ئەویش هیچ سەرەودەرێکی لێ دەرنەکا. بێگومان ئێستە ئەو، بیرەوەریی خۆی بۆ ناچێتەوە سەریەک تا بزانێ چی بوو لەو ڕۆژە تاڵەدا رووی دەدا."

سەربازە کوردەکە، دوای هاتنەوەی گوتبووی: "کاتێ خواحافیزمان لە پیرە عارەبی نوورانی و مرۆڤپەروەر کرد و لە دەوارە رەشەکەی دەرکەوتین. چاوم گێرا بەدوای سەحراویدا، بینیم وا لەوێ لە ناو منداڵەیلدا یاری دەکا. لە خۆمەوە، ڕەنگە واش نەبووبێ، ڕەنگی خەمێکم لە جەستەی زراویدا خوێندەوە. بە هەموو پانتاییی چاومەوە تێم روانی، دەمویست دیمەنەکەی بمژم و لە گلێنەمدا هەڵگرم. ئەو دەمە دەسەڵاتم نەبوو هیچ بکەم، هەر هێندە نەبێ کە دڵم هەلاهەلا دەبوو."

سەربازی تاین بیانووی هێنابووەوە و گوتبووی: "ئەو کاتە، حەوتووێک بوو شەڕ دەستی پێ کردبوو، ئێمەش ملی ڕێی کەسنەزانمان گرتبووە بەر، خۆمان لە سەربازی دزیبووەوە و لە مردن هەڵدەهاتین، ئەگەرنا سەحراویم لەگەڵ خۆمدا دەهێنایەوە."

ئای های، سەحراوی. بە داخەوە و چەندان جار بە داخەوە. من نازانم تۆ لە کام ئەنفالدا "وەک غەیرەدینێک" کە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە بە دیل

کەوتبێتە دەست، بووی بە نیشانە: ئەنفالی یەک بوو یان دوو یان سێ. ئەو کاتە چەند ساڵان بوویت: دوو یان سێ یان چوار. هەروەها نازانم و کەسی تریش نازانێ ئێوەی بەگەلە راپێچدراو بۆ بنئاخی سارای چۆڵی ئەوپەڕی دنیا، بە ژمارە چەند بوون. دیار نییە ئەو کاتەی تۆ بە دیل هاتیتە گرتن، لە کام گوندی قەرەداغ یان گەرمیان یان بادینان یان دەشتی کۆیە پێرەوکە دەبووی و دارەدارەت دەکرد.

یاخۆ: ئەگەر تۆ بە دیل نەگیرایەی، ئەوا تۆی چیایی یان بنارنشین یان دەشتەکی، ئاخۆ لە دوارۆژدا بە چریکەی چ ئاوازێک گەرمیی دڵت دادەمرکایەوە: هۆرەی جافەتی یان سیاچەمانەی هەورامان، لاوکی کرمانجی یان قەتاری گەرمیان یانەخۆ شڵەوخانانی لای کۆیە. هەر ئەوەندە دەزانم بڵێم تۆ نهێنییە هەرە گەورەکەی مرۆڤایەتیت لەم سەردەمەدا، تۆ کارەساتە تاڵەکەی گەلی کوردیت. هیچی تریش ناڵێم.

کاتێ بیر لە تۆ و ئەو ساتە خەماوییانەی ئەنفالی کوردستان دەکەمەوە، دەتوانم زۆر بەڕوونی وێنەی ئەو ڕۆژەیلە بهێنمەوە یادم، ئێوە: دایک و باوک، خوشک و برا، داپیرە و باپیرە، خێڵ و خزم و هاوسێ، هەمووتان بەسەر پشتی چارەوێ (مركبة)ی سواری و بارەبەری سەربازییەوە وەک مێگەلی ماڵات، مێگەلی کوردەیل درابوونە پێش و کەس نەیدەزانی بۆ چ چارەنووسێکتان دەبەن. ئێمەش بیرمان لە هیچ نەدەکردەوە، نە زەوی نە ئاسمان بۆ خۆی بە کێشی نەدەکردین، وەک پەپوولە پایزەی دەم با بووین.

کۆواری نەوشەفەق ژ: ٦٧، نیسان، ٢٠٠٩

## پێڕست


مەلا و گەمەی دنیایی ........ 7
وەڵامێک بۆ راگەیاندنەکەی یەکگرتووی ئیسلامی ........ 9
وەڵام بۆ جاهیلێکی تری یەکگرتو ........ 13
تا کار لە کار نەترازاوە ........ 16
ناچین بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک ........ 24
مامەڵە بە خوێنی وشەوە ........ 26
ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەشی کەتنێکی تری ماوە پاش ئەوەی لە پرسی سەردەشتدا قەوماندی ........ 30
با راشکاوانەتر بدوێین ........ 36
کەشتیگەلی ئازادی ........ 43
هەیە و دەیگرم ........ 50
کورد سفر لە گەمەکاندا ........ 53
منیش دەسخۆشی لە سەرنووسیاری هەواڵ دەکەم ........ 58
دیموکراسی بۆ گەلێکی بێ ناسنامە ........ 61
بەرپرسیارەتی لەم ناوچە پیرۆزەدا ........ 65
عێراق: رێککەوتن لەودیو مەحاڵەوە ........ 68
نێچیرڤان بارزانی.. دەوڵەتێک بۆ کورد، کوردێک بۆ دەوڵەت ........ 72
وڵاتێک بەردەوام لەسەر لەپی دێودا ........ 77
سونەی عێراقی، یاریکەرێکی فاشیل ........ 81
میلیشیای بیرکردنەوە ........ 84
گۆڕان و یەکێتی هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە ........ 87
کەرکووک بۆ کوردستان ١ ........ 97

کتێب کۆمەڵگە مێ دەکا ........ 101
کەرکووک بۆ کوردستان ٢ ........ 105
ئیسلام ریسوامان دەکا ........ 108
کوردستان ناوبانگی دەشێوێ ........ 111
تکایە شتێک بخوێننەوە ........ 115
وێنەیەکی عێراقی داهاتوو ........ 118
روونکردنەوەیەک لە بەدران حەبیبەوە ........ 122
مارف خەزنەدار ........ 122
کەرکووک بۆ کوردستان ٣ ........ 125
چۆن دەوڵەت دروست کەین؟ ........ 129
بێکەسیی زمانی کوردی ........ 132
ژنی دووەم فێمینیستە ........ 136
گۆشت: سەرچاوەی نەخۆشی ........ 139
ویکیلیکس بەیەک فلس ........ 143
شەڕی سێیەمی دنیا ........ 146
کۆنگرەی بەڵێنی ئەرێنی ........ 150
کورد دەبێ بتوێتەوە ........ 154
بەرگری لە فەرهاد پیربالّ ........ 157
ئازادی بەرپرسیارەتییە ........ 161
کەرکووک بۆ کوردستان ٤ ........ 164
بەرگرییەک لە مەلا فەرمان ........ 168
شیعرێنە: هەواڵ بەشیعر ........ 171
سەرۆک و میدیای ئازاد ........ 175
کەرکووک بۆ کوردستان ٥ ........ 178
قەڵەمێکی شەڕی ناوەخۆ ........ 181
قوربانیدان بۆ بیرەوەری ........ 184
ململانە نییە گێچەڵە ........ 188

پیتی عەرەبی باشە ..... 195
ئەی حکوومەت لە کوێی؟ ..... 198
کەرکووک بۆ کوردستان ٦ ..... 202
میدیای ئۆپۆزسیۆن: دیوارێک لە حەسیر ..... 206
تونس و کوردستان: ناوکۆیی و ناکۆکی ..... 209
شار: گەورەترین قوربانی ..... 213
دیکتاتۆر دەڕوا، دیکتاتۆر دێ ..... 216
چارەسەر لە کوێدایە؟ ..... 220
مەلا و ئاشتیی کۆمەڵایەتی ..... 223
گۆڕین لە میسرەوە دێ ..... 227
چۆن گەندەڵی دەبڕێتەوە؟ ..... 231
پارتی تا ئێستە لە هیچ شتێکدا سەرکۆنەی نەکردووم لێپێچینەوەشم لەگەڵدا نەهاتووتە کران ..... 235
خۆشحاڵ دەبم گەنجێک کتێبێک دابنێ شایەنی بڵاوکردنەوە بێ ..... 241
کێشەی گەورەی کوردستان ئەوەیە ململانەی حزبایەتی ناهێڵێ بکەوێتە سەر ڕێی خۆی ..... 253
کەمکردنەوەی ئازاری گەلان ..... 267
گۆڕین بەڵام بە توندتیژی نا ..... 271
ڕۆشنبیری دەمامک قەبووڵ ناکا ..... 274
هەولێری ساناهی و تەناهی ..... 278
ئامۆژگارییەک بە خۆڕایی ..... 281
خەونی دێرین و دیرۆکی ..... 285
ساتێک بۆ بەرپرسیارەتی ..... 289
ڕەوشتی ڕەشوڕووتی ئەم وڵاتە بەرز و باڵاترە لە هی میدیای کوردی ..... 293
دیموکراسی دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە ..... 297
تۆلەرانس بە کوردیی خۆمان ..... 300
ئاوەزکەی کۆن و ئاوازەی نوێ ..... 304

بۆچی هەولێر ڕاناپەڕێ؟ 308
با گەشبین بین بۆ کوردستان 311
ئیسلامی نەما توندتیژ نەبێ 315
داهاتوویێک لێڵتر لە دوێنێ 319
ئەو نەخۆشییانەی مردن چارەسەریانە 322
گۆران هیچی نییە بیدۆڕێنێ بۆیە بێباکانە هەڵسوکەوت دەکا 326
هێز سەرکەوتن لەبار دەبا 331
چەند دیمەنێک لە گاڵتەئامێزی 335
دووڕوویی: سیمای سیاسەت 338
دەسەڵاتێک لە چەقی ڕێگەدا 342
بە بۆنەی ئوسامە بن لادنەوە 345
سووریا: کەوتنێک وا لە ڕێدا 349
کە ئەمەریکا دەڕوا ١ 352
کە ئەمەریکا دەڕوا ٢ 356
نەبادا ئیسلام بگاتە دەسەڵات 360
ئازادی، ئازادی 363
ئای لە داخی کورد 367
کۆڵدان لەبەردەم دواکەوتووییدا 370
پێچەوانەش مافی ژیانی هەیە 374
چیتان دەوێ ئەی میللەت؟ 376
لە ناتەباییدا، دەوڵەتێک بۆ کوردستان 379
ئەم ئەزموونە لێقەوماوەی ئێمە 383
سەلاوات لە دیداری دیموکراسی 386
تەمەنێک لەپێناوی هیچدا 390
چەند کافرانە بیر دەکەنەوە 393
کورتەیەکی رابردووی کورد و کوردستان 397
زامداری ماڵ ئاوا ماڵی ئاوا 430

هەڵست و بەرهەڵست ........ 436
سوپاس نا بۆ ئەمەریکا ........ 440
کوردستان لەناو دڵماندا، دڵمان لەناو دەستماندا ........ 443
نیوەی دنیا لەکە ........ 447
"ئەنفال" رۆژە تاڵەکەی سەحراوی ........ 455